حامید گەوهەری

# تراویکەی پیلانەکان
دژ
بە نەتەوەی کورد

ستۆکهۆڵم ٢٠١٣

ناوی کتێب : تراویلکەی پیلانەکان- دژ بە نەتەوەی کورد
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەگر: کەمال گروێسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
چاپی یەکەم: چاپخانەی زانکۆی کارۆلینسکا، ستۆکهۆڵم، سوید
Universitetsservice digitaltryck
ISBN 978-91-637-1781-9

# پێڕست


پێشەکی 5
دەزگاکانی هەواڵگری ئێران و ئەرکی ناپیرۆزیان 11

**دوای ٦٠ ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تالەبانی 17**
دەستپێکی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ و ... 18
بەڕێز جەلال تالەبانی سەرکۆماری عێراق دژ بە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ و... 36
فەسڵی یەکەم : لە دایکبوون لە خانەقای شێخ ١٩٤٠- ١٩٣٣ 38
فەسڵی دووەم : دەرچوون لە یەکەم ئەزمون ١٩٤٨- ١٩٤٠ 47
فەسڵی سێیەم : گەڕان بە دوای بیرێکی تردا ١٩٥٣- ١٩٤٨ 128
فەسڵی چوارەم : ئومێدی سۆفی لە بارەگای شێخ دا ١٩٥٧- ١٩٥٥ 136
فەسڵی پێنجەم : داستانی زەلکاوی مەخۆف ١٩٦٠- ١٩٥٨ 145
فەسڵی شەشەم : دوارۆژی بەردەم حەقیقەت ١٩٦٣- ١٩٦١ 192
فەسڵی حەوتەم : پەیمان لەگەڵ ئیبراهیم لە ئاگردا ١٩٦٦- ١٩٦٤ 253

**ڕای پسپۆڕان سەبارەت بە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ و کێشەکانی... 306**
عەزیز محەمەد 307
فەلەکەدین کاکەیی 316
دوکتۆر مەحمود عوسمان 324
حەبیب محەمەد کەریم ئەلرەحمانی 330
دوکتۆر عیزەدین مستەفای ڕەسوڵ 334
محەمەد مەلا قادر 339
دوکتۆر شەفیق قەزاز 347
موحسین دزەیی 355
سەید کاکە 362
ئەحمەد مستەفا ئاغای حەوێزی "دڵزار" 367
عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری 370
سەعدی ئەحمەد پیرە 388
ئازاد جوندیانی 395
عەدنان موفتی 400
نازم عومەر دەباغ 407

| | |
|---|---|
| **پسپۆڕانی کوردستان لە کتێبی دوای ٦٠ساڵ و پیلانەکانی ...** | **410** |
| عەبدوڵڵا حەسەن زادە | 411 |
| دوکتۆر عومەر شێخموس | 420 |
| هاشم کەریمی | 424 |
| ئەمیر قازی | 427 |
| دوکتۆر حوسێن خەلیقی | 431 |
| عەلی قازی | 434 |
| فەرەج شەهابی | 439 |
| دوکتۆر گوڵموراد مورادی | 445 |
| عومەر عەسری | 454 |
| دوکتۆر حەسەن شەتەوی | 461 |
| محەمەد ڕەزا ئەسکەندەری | 469 |
| نەجمەدین غولامی | 480 |
| ناسر ڕەزازی | 483 |
| عەزیز ماملێ | 489 |
| جەلیل گادانی | 500 |
| **پێوندییەکانی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول** | **509** |
| دوا وتە | 524 |
| پاشبەند | 529 |
| بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر | 576 |

# پێشەکی

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کۆماری ئیسلامی ئێران سیاسەت و تاکتیکەکانی خۆی سەبارەت بە عێراق و باشوری کوردستان گۆڕی. هەوڵیدا لە سیستمی نوێی عێراقدا جێ پەنجەی دیاربێت و بەهۆی شیعەکانەوە کە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، سیستمێکی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لەوێ دامەزرێنێت. لە کوردستانیش نەهێڵێت نەتەوەی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی بگات کە پتر لە سەدەیەکە لەو بەشەی کوردستاندا خەباتی بۆ دەکات و بە سەدان هەزار شەهیدی بۆ داوە.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێشتر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە چەکدارەکان و خەباتکارانی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە مەترسییەک بۆسەر دەسەڵاتی خۆی دەزانی و بەهۆی سیخور و پیاوکوژەکانییەوە تیرۆری دەکردن، ئەم جارەیان بە گەشەسەندنی ئەزمونی باشوری کوردستان، لەو ترسەوە کە نەکات نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بە ئامانج و ئارەزووەکانی بگات و وەک نەتەوەکانیتری جیهان، ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی، لە چەندان ڕێگەوە، دژی ئەزموونی باشوری کوردستان و ناشیرین کردنی سیمای سەرکردە کوردەکان، بەتایبەتی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی هەوڵدەدات. دەیهەوێت لەو ڕێیەوە مێژوو و هێما نەتەوایەتییەکانمان بشێوێنێت، دەستکەوتی بزوتنەوەکانمان کەم بایەخ بکات و بە لکاندنیان بە هێزی دەرەکی و بێگانە، لاوان و نەوەکانمان لە دەوری سەرکردە و بزوتنەوەکانی کوردستان دوور بکاتەوە.

لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان، بەتایبەتی تەلەڤزیۆنی سەحەری دوو کە بۆ فریودان و چەواشەکارییی، ڕۆژانە چەند کاتژمێرێک لە تارانەوە بە زمانی کوردی پرۆگرام بڵاودەکاتەوە، لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت، لە مینبەری مزگەوتی گوند و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زاری ژمارەیەک مەلای نەزان و خزمەتکاری بێگانە و سەرئەنجام کۆمەڵێک سیخوڕەوە، دەستی کردوە بە چەواشەکارییی و دژی دەستوری هەرێمی کوردستان و سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی خەڵک لە هەڵبژاردنێکی

ئـازاد و ڕاسـتەوخۆدا، دژی مـاف و ئـازادیی و ئارەزووەکـانی نەتـەوەیی، نەتـەوەی کـورد و دژی پاراسـتنی مافـەکانی مـرۆڤ و مـافی ئافرەتـان لە باشـوری کوردسـتاندا پروپاگەنـدە دەکـات. بەپێچەوانـەی یاسـا و ڕێسـا نێودەوڵەتییەکان و ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی وڵاتی دراوسێ، بە پارە حیزبی بەناو ئیسلامیی دامەزراندوە و بە سنورەکاندا چەکدار و مادەی هۆشبەر ڕەوانـەی باشوری کوردستان دەکات کە زیان بە دانیشتوان و ئەزموونی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بگەیەنێت و بە بیانووی جۆراوجۆر دەستدرێژی دەکاتە سەر خاکی کوردستان و بە تۆپی دورهاوێژ خانووبەرە و کێڵگـەی هاووڵاتیـانی ئـەو بەشـە وێـران و خەڵکەکـەی شـەهید و ئـاوارە دەکات. بۆ جارێک بیر لەوە ناکاتەوە کە گەلی کورد چیتر لە داگیرکەر قەبووڵ ناکات و تا بەدەستخستنی هەموو مافەکانی درێژە بە خەبات دەدا و بە قسەی پروپوچ و پیلانی دوژمنانی هەڵناخەڵەتێت.

لەو چەند ساڵەی دواییشدا دەزگاکانی هەواڵگری "وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعـاتی سـوپای پاسـدارانی" کۆمـاری ئیسـلامی دەسـتیان کـردوە بە پیلانێکـی نـوێ و بـە ڕێگـەی نوسـینەوە هـەوڵی ناشـیرین کردنـی بزوتنـەوەکانی کوردستان و بەدناوکردنی سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوانە دەدەن و کاریان گەیاندۆتە جێیەک کە دەست لە هێما نەتەوەییەکانیشمان ناپارێزن. پێشەوا قازی محەمەد بە نەزان و ساویلکە و سەرۆک مستەفا بارزانی بە تێکدەر و خایین بە کۆماری کوردستان دەناسێنن و هەرلەو کاتەشدا فرمێسکی بەدرۆ بۆ کورد هەڵدەڕێژن، وەک بڵێی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی مرۆڤکوژ، لایەنگری مافی کورد و کۆماری کوردستانن، بەڵام هەر چەند ماوەیەی کۆمەڵێک لاوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بـەتاوانی هەوڵـدانی مـەدەنی بـۆ ئـازادی و مـافی مـرۆڤ دەسـتگیر و گوللەباران دەکەن!

بەرلە نوسینی ئەم کتێبەی بەردەستتان و بەدوای بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەمی کتێبی "دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی" کە لەودا مێژوو و ڕووداوەکانی کوردستان چەواشە کراوە و بە سوکایەتی کردن بە سەرکردەکان و شەهیدانی کوردستان کە گەلی کورد بەشوێن

ڕێباز و ئامانجی ئەوانەوەن و لە چوارچێوەی بیر و هزر و کردەوەکانیاندا دەیانەوێت بە مافەکانیان بگەن، خەباتی نەتەوەی کورد دەشێوێنن.

هێشتا لە خوێندنەوەی کتێبی دوای ٦٠ساڵ نەبووبوومەوە کە بەهۆی دۆستانەوە دوو کتێبیتری ئیتلاعاتی ئێرانم پێگەیشت کە بەناوی قانعی فەردەوە بڵاوکراونەتەوە. بە خوێندنەوەیان سەرسام بووم. هەستم بە پرۆژەیەکی بەرین و مەترسیهێنەر کرد بە دژی نەتەوەکەم و تێگەیشتم وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و حیسابکراو هەوڵدەدەن زەینییەتی نەوەی نوێ کورد سەبارەت بە ڕابردووی نەتەوەکەی بگۆڕن و زەینی نوسەران و لێکۆڵەرانی بیانی، سەبارەت بە سەرکردە کۆن و نوێیەکانی کوردستان ئالۆز بکەن.

لەبەر ئەوە بڕیارمدا بەم کتێبە و بە بەڵگە و شاهیدی زیندوو، وەڵامی وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسداران، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی دیکتاتۆر و پیاوکوژ و قەڵەم بەدەستانی ئیتلاعات بدەمەوە و نەوەکانمان هوشیار بکەمەوە کە فریوی دوژمن نەخۆن، لە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و ڕزگارکردنی نەتەوە و نیشتمانەکەیان سارد نەبنەوە و ڕێچکەی باوکەکانیان بەرنەدەن.

ئێمە پیلانی خۆتێکەڵاوکردنی کۆماری ئیسلامیمان لە شەڕی ناوخۆی باشوری کوردستاندا بینی کە بۆ تێکدانی ئەزمونی باشور، یارمەتی بە لایەنێک بە دژی لایەنێکیتردا. ئێمە بەو کێشە و بارودۆخە دەزانین کە کۆماری ئیسلامیی لە عێراق بۆ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک پێکیهێناوە. ئەمەشمان لەبیرە کە چۆن یەکەکانی سوپای پاسداران گەیشتنە کۆیە بۆ لێدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕادیۆکەیان پێداخست. ئێمە ئاگاداری تۆپبارانەکانی باشوری کوردستان و ڕەوانەکردنی چەکداری ئیسلامیی بۆ تێکدانی دۆخی خەڵک لە گوندەکانی سەرسنوری دەستکرد هەین. ئێمە بە کۆبوونەوە نهێنییەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەناو خۆ و دەرەوەی وڵات، لە وڵاتانی دەوروبەری دەزانین و لەوەش دەگەین کە چۆن بە پارە و چەک و ڕەوانەکردنی تیرۆریست یارمەتی بە

ڕاگرتنــــی ڕژێمـــــی گەنـــــدەڵی بەعـــــس لە ســــوریا دەکەن کە لەلایەک پێوەندییەکانیان لەگەڵ تیرۆریستەکانی ناوچەکە نەپچڕێت و لەلایەکی تر کورد لە کوردستانی ژێردەستی سوریادا لە ژێرچەپۆکیدا بهێڵێتەوە.

ئەوەی ئـێمە لەم هەلـومەرجەدا کەمتـر لێـی دەزانـین، دەسـتپێکردنی تاکتیکی نوێی کۆماری ئیسلامییە لەسەر کورد و ئەزموونەکەی لە باشوری کوردسـتان کە بە قەڵەم و نوسـین کەوتـووەتە شـەڕی دەرونیـی کـوردان و ئاژاوەیـان بــۆ دەخوڵقێنێـت، هەرلەو کاتەشـدا بــۆ فریــودانی لاوان و خوێندکاران و دڵسۆزانی کورد، بە کەسانێک هەڵدەڵێت کە ڕۆڵ و ڕێباز و پەیڕەویان نییە لە گۆڕەپانی خەباتی بە کردەوە و لە ئەزموونی باشوری کوردسـتان و بزوتنەوەکانماندا. بەو تـاکتیکەوە دەیەوێت نەوەی نـوێ لە خزمەتکردن بە نەتەوەکەی سارد بکاتەوە و گومان لە خەڵکدا سەبارەت بە سـەرکردەکانیان پێکبێنێت، کێشـەکانی کوردستان قـوڵتر بکـاتەوە، شـەڕی براکوژیی لەنـاو ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکاندا هەڵگیرسێنێ و سـەرئەنجام ئەزمــوونی کوردســتان لەنـــاوبەرێ، ئەگەرنــا پرۆســەکە بوەســتێنێ، تــا هەلومەرجێکی نوێی بۆ دەرەخسێت.

بـۆ گەیشتن بەو ئـاواتە نامرۆڤانەیە، وەزارەتـی ئیتلاعـات ژمـارەیەک لە کاربەدەسـتانی خـۆی لە پۆسـتەکانی وەزیـر، سـەفیر، نـوێنەری پەرلـەمـان و بەڕێـــوەبەری ڕۆژنـــامە و گۆڤارەکانـــدا جێگیرکـــردوە. هەرکـــام لەوانە لە پۆستی خۆیاندا دەبێ دژایەتی هەر بۆچوونێک بکەن کە کۆمـاری ئیسـلامیی هەسـتی پێبکـات، تـا زیـان بە دەسـەڵات و سیسـتیمەکەی نەگـات. لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەر مۆرەیەک بـۆ ئەو مەبەسـتە کەڵکوەردەگرێت. هەروەک لە دوو سـاڵی ڕابـردوودا، قەڵەم بەدەسـتانی ئیتلاعـات و لەناویانـدا کـوردێکی نـاڕەسـەن بە نـاوی عیرفـان قـانعی فەرد کە لە ژێـرەوە پـرۆژەی بـۆ ئـامادە دەکەن و بەنـــاوی ئەو پەیتاپەیتـــا کتێـــب و وتـــار بە دژی نەتەوەکەمـــان بـڵاودەکەنەوە و ڕێگەیـان بـۆ کـردۆتەوە کە بەنـاوی لێکـۆڵەر سـەر لەهەر کەلـێن و قوژبنێـک دەربهێنێـت و بە پـارە و گیرفـانی پـڕ، ئەم وڵات و ئەو وڵاتی دنیای پێدەکەن. بە داخەوە بەشێک لە خۆشمان کە بـۆ سـەرکەوتنی کـورد تێدەکۆشـن، بەشێوەی ناڕاسـتەوخۆ هاوکـاریی جاشـەکانی وەزارەتـی

ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین کە پلانەکانی لەسەر نەتەوەکەمان سەربخات.

لە درێژەی ئەم نوسینەمدا ئاماژە بۆ ئەو هەڵوێستە نوێیەی وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی دەکەم. هەروەها سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز بەرەوبیروڕای بەڕێز جەلال تاڵەبانی و چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی، مافناس، مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی مەدەنی و لێکۆڵەری سیاسیی ڕادەکێشم و دواتر لاپەڕە شێوێندراوەکانی کتێبی "دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی" و لە کتێبێکی تردا، ناوەڕۆک و چەواشەکارییەکانی دوو کتێبیتری قانعی فەرد بۆ خوێنەران روون دەکەمەوە. کتێبی یەکەمیان بریتییە لە "سیاسەتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" کە دوکتۆر نادر ئنتسار، مامۆستای زانکۆ لە "ئالاباما"ی باکوری، ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی نوسیویەتی و بە ڕواڵەت عیرفان قانعی فەرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و دووەم کتێب وتووێژێکە لەنێوان عیسا پژمانی کۆنە سیخوڕ و خزمەتکاری محەمەد ڕەزا شا و قانعی فەرد سیخوڕی ئێستای کۆماری ئیسلامی، بە ناوی "تندباد حوادث- ڕەشەبای ڕووداوەکان" کە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن بڵاوکراوەی زانست "نشر علم" بڵاوکراوەتەوە.

بەم جۆرە قانعی فەرد لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٩- ٢٠١١ دا بەڕواڵەت ئەو سێ کتێبە و چەند کتێبی تری بڵاوکردوەتەوە کە دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەم. ئەوە لە کاتێکدایە کە سەدان نوسەر لەناو خۆی ئێراندا، شکاتی ئەوە دەکەن کە وەزارەتی ئیرشاد، ئیزنی چاپی کتێبیان پێ نادات.

پێویستە ڕابگەیەنم کە بۆ نوسینی ئەم کتێبەم لە بەڵگەنامە مێژووییە بڵاوکراوەکان و کۆمەڵێک شاهیدی زیندوو لە ڕۆژهەڵات، باکور، باشور و ڕۆژئاوای کوردستان کەڵکم وەرگرتووە. بێلایەنی خۆم لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان و وتەی شاهید و وتووێژەکەرەکان پاراستوە و شریتی دەنگی ئەوانم لای خۆم ڕاگرتوە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم، پڕبەدڵ سوپاسی برای بەڕێزم کاک کەمال گروێسی بکەم کە وتەی بەشێک لە وتووێژکەرانی لەسەر شریتەوە خستە سەر کاغەز و تایپی کردن و کتێبەکەی بژار کرد. هەروەها سوپاسی ئەم ماموستا بەڕێزانە دەکەم کە بەشداریی وتووێژەکانیان کرد، یان بەنوسینی وتار، یارمەتیان کردم لە ئاشکرا کردنی پیلانەکانی دوژمن و ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەو شەڕە نەرمەدا کە بە دژی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا هەڵیگیرساندوە. لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی کاک دڵشادملحم شەمسەدین دەکەم کە لە گواستنەوەمدا بۆ شوێنی دیدارەکانمدا یارمەتی کردوم.

حامید گەوهەری
ستۆکهۆڵم: ٢٠١٢

## دەزگاکانی هەواڵگری ئێران و ئەرکی ناپیرۆزیان

دەزگاکانی هەواڵگری "ساواک، ڕوکنی دووەم، ساواما و وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران" پتر لە نیو سەدەیە لە ئێران، عێراق، تورکیا و تەنانەت لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبیدا بە دژی نەتەوەی کورد هەڵدەسوڕێن کە کورد لە ژێردەستەیی و کۆلۆنیدا ڕابگرن و بۆ ئەو مەبەستەش لە هیچ تاوانێک سڵیان نەکردوە. ئەو ئەرکە ناپیرۆزە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی دا خرایە ئەستۆی ڕوکنی دووەمی سوپای ئێران و دواتریش دەزگای ئەمنیەت و ئیتلاعاتی ئێران "ساواک".

ڕێکخراوی ئەمنیەت و ئیتلاعاتی ئێران "ساواک" ساڵی ١٩٥٦، لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران، بە هاوکاریی دەزگای ئەمنیەتی ئیسرائیل "موساد" و دەزگای ئیتلاعاتی ئەمریکا "سیا" دامەزرا. یەکەم ئامانجی ئەو دەزگایە، دۆزینەوە و گرتنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی تودەی ئێران بوو، بەڵام دواتر گرتن و لەناوبردنی هەموو ڕکەبەرەکانی حکومەتی شای کرد بە ئامانج، وەک: خوێندکاران، سەندیکاکانی کرێکاران، نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و سانسۆر کردنی نوسینەکانیان، بزوتنەوە سیاسی و مەدەنییەکان و هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران بۆ لەناو بردنیان و هەڵوەشاندنەوەی پلانەکانیان بە دژی شا و حکومەتەکەی.

شا لە ساڵی ١٩٦٣وە دەزگا ئەمنییەکانی ئێران و بەتایبەتی ساواکی بەرین کردەوە بۆ ٥٣٠٠ مەئموری ئاشکرا و هەزاران مەئموری نهێنی کە کاریان کۆکردنەوەی زانیاریی بوو لە ناو خەڵک و ڕێکخراو و شوێنە گشتییەکان و خوێندنگەکان، سەربازگەکان و بازار... تد.

سەرۆک، جێگر و مەئمورەکانی ساواک بە گشتی لە فەرماندەکانی سوپا، ڕوکنی دووەمی سوپا، شارەبانی و ژاندارمەریی دابین دەکران و هەروەک گوتم ئەرکی پێسپێردراوی ئەو دەزگایە، دۆزینەوە و لەناوبردنی هەموو ئەو ڕێکخراو و کەسایەتیانە بوو کە دژایەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆریان

دەکرد. بە گوێرەی زانیاریی، ساواک بۆ ئەو مەبەستە لە هەموو جۆرە ئامێرێکی شکەنجە کەڵکیوەردەگرت.

بە وتەی "جێسێ جۆن لێف" Jesse J. Leaf، کارناسی پێشوی دەزگای ئیتلاعاتی ئەمریکا "سیا"، ساواک بە تێکنیکەکانی شکەنجەی سیا مەئمورەکانی پەروەردە دەکرد. لەو بواردا لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران فیلمێک دۆزرایەوە کە پێوەندیی هەبوو بە شێوازی شکەنجە کردنی ئافرەتان.

دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک" ساڵی ١٩٥٩، پەلاماری ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیدا و ١٢٠ کادیری ڕێبەریی و ئەندامی ئەو حیزبەی دەستگیرکرد. لە ساڵی ١٩٦٩دا سەرەڕای پەلاماردانی ئەندامانی بەشدار لە بزوتنەوەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات و گرتن و کوشتنی ڕێبەرانی ئەو کۆمیتەیە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی بزوتنەوەکەی لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرت و بۆ ماوەیەکی زۆر لە زیندانەکانی جەڵدیان و قەڵای "فەلەکولئەفلاک" و شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیندانی کردن.

دەزگای ساواک لەنێوان ساڵانی ١٩٧١- ١٩٧٦دا، ٣٦٨ ئەندامی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێرانی کوشت و لە ساڵی ١٩٧٦وە تا ساڵی ١٩٧٩، پتر لە ١٠٠ زیندانی سیاسی ئیعدام کردو هەزارانیشی شکەنجەدان. غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، جلیل گادانی، عەبدوڵا عیزەت پوور و هەزاران خەباتکاری کوردی لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران، بەدەست مەئمورانی ساواک شکەنجە کراون و بە هەزارانیش لە شوێنی ژیانیان دوور خراونەتەوە، یان بێسەرو شوێن کراون.

دەزگای ساواک لە شۆڕشی ئەیلولدا گەورەترین خیانەتی بە گەلی کوردمان لە باشوری کوردستان کرد و ڕێگەی خۆشکرد کە شای دیکتاتۆر، بە پلانێکی بەرینی جیهانیی و ناوچەیی، ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ سەدام حوسێن و حیزبی بەعس ڕێککەوێ و زۆر ناجوامێرانە لە پشتەوە خەنجەر لە پشتی

نەتەوەی كورد بدات و بۆ ماوەیەک شۆڕشی ئەیلول بوەستێنێت. ئێستا دوای ٣٧ ساڵ، عیسا پژمانی خایین و ناسراو، ئەو ناجوانمێرییە بە پلانی خۆی دەزانێ و كەسێكیش بە ناوی عیرفان قانعی فەرد دەستپەروەردەی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران، شانازیی بەو تێكشكانەی نەتەوەی كورد دەكات، خافڵ لەوەی كە كورد لە ماوەی كەمتر لە ساڵێكدا هەستایەوە و لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵاندا، پەرەی بەدەستكەوتەكانی شۆڕشی ئەیلولدا.

بە هەرحاڵ بە دوای تەیمور بەختیار دامەزرێنەری ساواكدا، حەسەن پاكرەوان، نێعمەتولا نەسیری و ناسر موقەدەم سەرۆكەكانی دواتری ساواک بوون. ساواک بەرلە سەركەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران لەلایەن شاپور بەختیار دوایین سەرۆكوەزیرانی ڕژێمی پاشایەتی هەڵوەشایەوە[١].

دوای سەركەوتنی شۆڕش، ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی ئێران دەزگای ساواكیان بە ئەرک و بەرپرسایەتییەكی بەرینتر لە پێشوو زیندوو كردەوە و ١٩٨٣/٨/١٨ حاڵەتی یاساییان پێبەخشی. مەجلیسی شورای ئیسلامی لە سەردەمی سەرۆكایەتی عەلی ئەكبەر هاشمی ڕەفسنجانی لە ١٦ ماددە و ١٨ تەبسەرەدا، یاسای بۆ دانا و ساواكیان لە ئیدارەیەكەوە گەیاندە وەزارەتخانە و ناوی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی كۆماری ئیسلامیی ئێران "ساواما"یان لەسەردانا. لە ماددەی یەكەمی یاسای دامەزراندنی وەزارەتی ئیتلاعاتی كۆماری ئیسلامی ١٩٨٣/٨/١٨ دا هاتووە:

**- ماددەی یەكەم: بە مەبەستی بەدەستهێنان، گەشەپێدانی ئیتلاعاتی ئەمنییەتیی، ئیتلاعاتی دەرەكی، بەرگریی ئیتلاعاتیی، دژی سیخوڕی و بەدەستخستنی زانیاریی پێویست لە دۆخی دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەكی و بۆ پێشگیریی و بەرەنگاربوونەوە بە دژی پیلانەكانیان لە بەرامبەر شۆڕشی ئیسلامیی وڵات و سیستمی كۆماری ئیسلامیی ئێران، وەزارەتی ئیتلاعاتی كۆماری ئیسلامیی ئێران دادەمەزرێت[٢].**

وەزارەتی ئیتلاعات لە یەكەم هەنگاویدا، هەموو كۆنە ساواكییەكانی سەردەمی محەمەدڕەاز شای كە لە ئێران مابوونەوە، گەڕاندەوە بۆ ئەو وەزارەتخانەیە و ئەرک و بەرپرسایەتی نوێی پێسپاردن. لە فەرماندەكانی سوپا، ڕوكنی دووەمی سوپا، ئیتلاعاتی شارەبانی و ژاندارمەریی

سیستمێکی پێکهێنا کە سەدان قات لە ساواک ترسناکتر و بێبەزەتره. بەرپرسانی نوێی وەزارەتی ئیتلاعات هەموو بەڵگەنامەکانی ساواک، ئیداره و زیندانەکانیان خستە دەست خۆیان و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خومەینی ڕێکخراوەکانیان بوژاندەوه.

لەم بارەیەوە فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکیدا کە مانگی ئاوگوست- سێپتەمبەری ۱۹۸۳دا بڵاویکردەوە و نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی ئێران لە پاریس، دەقەکەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی و من لە کتێبی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا، ۱۹۷۸- ۱۹۸۸"دا بڵاوم کردەوه، ئاماژە بۆ جۆرەها ئەشکەنجە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکات و دەنوسێت ئەو ئەشکەنجانەی خوارەوە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەن:

١- ئەشکەنجەی جەستەیی:
- لێدانی زیندانیی بە مست و زللە.
- لێدان بە باتۆن.
- لێدان بە کابڵی تێلدار لە جەستە و دەست و پێی زیندانیی.
- سوتاندن بە ئاگری جگەرە (هەندێک جار بە ئاگری جگەرە دروشمی بڕی خومەینی لەسەر جەستەی زیندانیی دەنوسن.).
- دەرزی کردن بەژێر نینۆکی زیندانییدا.
- سوتاندنی جەستەی زیندانیی بە ئاسنی سورکراوە لە ئاگردا.
- بەستنی دەستەکانی زیندانی بە شێوەی خاچ لە پشتیەوە کە پێیدەڵێن کەلەپچەی قەپانیی.
- ئەشکەنجەی کارەبایی - بەتایبەتی ئەو جۆرەی کە پێیدەڵێن "ئاپولۆ". زیندانییەکە لەسەر پارچە ئاسنێک لەسەر کورسی دادەنێن و کڵاوێکی ئاسنی لەسەر دەکەن.
- زیندانیی بە بنمیچی ژورەکەوە هەڵداوەسن و لێیدەدەن.
- بەرزکردنەوە و بەردانەوەی زیندانیی بە توندیی، لە کاتێکدا کە بە بنمیچەوە هەڵواسراوە.
- وەستاندنی زیندانیی لەسەر پێ بۆ ماوەی چەندان کاتژمێر، یان بەستنەوەی بە تەنافی بادراو لە کورسی.

٢- ئـەشکـەنجـەی دەرونیی:
- بردن بۆ لـە سێدارەدان و جێبەجێکردنـی بـە درۆ.
- بردنـــی زینــدانی بــۆ جێیــەک کــە زیندانییــەکانی تــری لــێ ئـەشکـەنجـە دەدەن.
- بردنـــی زینــدانی بــۆ جێیــەک کــە ئەنــدامانی تــری بنەماڵـەکــەی لــێ ئـەشکـەنجـە دەدەن.
٣- ئـەشکـەنجـەی تایبـەت بـە ئافرەتان:
- هـەڵواسینی زیندانـی بـە مووی سـەری و لێدانی بـەو شێوە هـەڵواسراوییە.
- دەستدرێژییکردن بۆ ئافرەتان (لـە ڕاستییدا خومـەینی لـەو باوەڕەدایـە کە ئافرەتی زیندانیی کۆیلەی پاسدارەکانن!)
جۆری ئـەشکـەنجـەدان لـە زیندانێکەوە بـۆ زینـدانێکی تـر و لـە ئـەشکـەنجـە دەرێکەوە بۆ ئـەشکـەنجـەدەرێکی تـر دەگۆڕێت و جیاوازییـان لـەگـەڵ یـەکتر هـەیـە.

بـەهـەر حاڵ سـەعید حجاریان، محـەمـەد محـەمـەدی گوڵپایـەگانـی، ئـەحـمـەد پورنـەجــاتی، ڕۆحــوڵا حوســێنیان، مســتـەفا پــوورمحـەمـەدی، مــحـەمـەد شــەریعـەتمـەداری، عـەلــی فـەلاحیــان، قوربــانعـەلی دوری نـەجـەف ئابــادی، عـەلی یونسی، غـوڵامعـەلی ئێژەیـی لـە پۆستی بـاڵای ئـەو وەزارەتخـانـەیـەدا کاریـان کـردوە و بـەشـێک لـە بـەڕێـوەبـەرانـی بـاڵای ئـەو وەزارەتخـانـەیـە بـە پۆستـی وەزیـر، سـەفارەت، ئـەنـدام پـەرلـەمـان و بـەڕێـوەبـەریی دەزگاکـانـی ڕاگـەیاندن "ڕادیـۆ و تـەلـەڤزیـۆن، ڕۆژنـامـە، گۆڤـار و سـایتـەکان ئینتـەرنێت" گـەیشتن و ئـەرکی تایبـەتیان پێسپێردرا.

لـە ماوەی تێکۆشـانیدا، وەزارەتـی ئیتلاعـات دەستـی هـەبـووە لـە کوشتـاری بـەکۆمـەڵی خـەڵکـی کـورد لـە شـار و گونـدەکانی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستـاندا، لـە تیرۆری کـەسایـەتییـە کورد و ئێرانییـەکـان لـە نـاوخۆ و دەرەوەی ئێرانـدا، لـە زنجیـرە قـەتڵـەکـانـی نـاخۆی ئێـران کە بـە "قتلهـای زنجیـرەای" نـاوبـانگی دەرکــرد، لـە ئیعــدامـی دەیــان هـەزار زینــدانیی سیاســیی، لـە گــرتن و ئـەشکـەنجـەدانـی ئـایـەتوڵا شــەریعـەتمـەداری، ئیعـدامـی مـەهـدی هاشـمی لـە بـەلاوەنـانـی ئایـەتوڵا مونتـەزری لـە پۆستـی جێنشینـی ئـایـەتوڵا خـومـەینی، لـە دروســتکردنـی گــۆڕی بـەکــۆمـەڵ بــۆ زیــاتر لـە ١٩٠ هـەزار بیرجیــاواز لـە

گۆڕستانی "خاوەران"، لە پێکهێنانی گروپی تیرۆریستیی "بەهایی کوژ" بۆ کوشتنی لایەنگرانی مەسلەکی شێخ محەمەد بەهائەدین، گرتن و تۆقاندنی خەڵکی ئاسایی و... تد. "محەمەد محەمەدی نیک" ناسراو بە محەمەد ڕێ شەهری یەکەم وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی بوو و ئێستا حەیدەر موسلحی ئەو پۆستەی لە ئەستۆیە.

سەدان هەزار مەئموری تایبەت و بەسیج لە خوێندنگە و زانکۆکان، دەزگاکانی ئیدارییی، بازاڕ، سەربازگەکان، گوندەکان و.... تد، لە ناوخۆی وڵاتدا و یەکەی قودسی سەربە ئیتلاعاتی سوپای پاسداران بە هاوکاریی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی لە دەرەوەی وڵات، بەرپرسی دۆزینەوە و لەناوبردنی گروپە سیاسییە نهێنییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبە کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و ناوی "سەربازان گمنام ئیمام زمان"یان لەسەر ئەو مەئمورە نهێنییە تیرۆریستانە دەناوە.

---

١- بۆ ئەم نوسینە لە گوگلی فارسی کەڵکوەرگیراوە.

٢- یاسای پەسەندکراوی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران.

# دوای ٦٠ساڵ

# ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی

نوسینی
عیرفان قانعی فەرد

## دەستپێکی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ و بەیاننامەکانی لەقاودانی پیلانەکانی نوسەری کتێب و کۆماری ئیسلامی ئێران

لە دەستپێکی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا نوسراوە: **(بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە لەژێر چاودێریی بەڕێزان دوکتۆر کەمال فوئاد و عومەر نازم دەباغ ئامادە کراوە.)** بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە یەکەم لاپەڕەی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا نوسیویەتی: **(پێشکەش بە هەموو مێژوونوسان و لێکۆڵەرانی مێژوو کە بە سەداقەت و ڕاستییەوە باس لە مێژوو دەکەن.)**

کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، ساڵی ١٣٨٨- ٢٠٠٩، لە لایەن بڵاوکراوەی زانست "نشر علم" لە تاران بڵاوبووەتەوە و بە ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی و مێژووی زارەکی عێراق ناسێنراوە. بەرگی یەکەمی کتێبەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی لە دایکبوونی بەڕێز جەلال تاڵەبانی و پەیوەستە بە ساڵانی ١٩٣٣- ١٩٦٦.

لە پێناسەی کتێبەکەدا نوسراوە، ٣٥٠٠ بەرگی لێ چاپ بووە و لە کتێبخانەی میللی ئێران بە ژمارەی ١٢٩٩٠٤٢ تۆمار کراوە.

دوای ٦٠ ساڵ لە حەوت فەسڵ و ١٠٥٦ لاپەڕە پێکهاتووە. لە کۆی ئەو ژمارەیە، تەنیا ٢٢٩ لاپەڕەی پەیوەستە بە وتەکانی جەلال تاڵەبانی کە باس لە ژیان و بیرەوەرییەکانی خۆی دەکات. ٨٢٧ لاپەڕەکەیتری ئەم کتێبە لە ڕووی بەڵگەنامەکانی ساواک، ڕوکنی دووەم، ڕاپۆرت و وتەی مەئمورانی دەزگای هەواڵگریی ڕژێمی پێشوی ئێران و دەزگاکانی ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادە کراوە.

دوکتۆر کەمال فوئاد و عومەر نازم دەباغ نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تاران، لە لاپەڕەی ١١ی بەرگی یەکەمی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ دا، بە سەردێڕی **(چەند وتەیەک دەربارەی کتێب)** نوسیویانە:

ئەم کتێبە، لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە دەربارەی ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی کە ڕۆڵی دیاری هەیە لە مێژووی ئەم سەردەمەی کوردستان و عێراقی مۆدێرن و یەکێکە لە کەسایەتییە خاوەن پێشینە زەقەکانی مێژووی ئەم سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕەنگە بتوانین بڵێین لە ڕۆژی لە دایکبوونییەوە، لە ١٩٣٣ تا ئەمڕۆ، جیهان

مێژوویەکی پڕلە کێشەی بەخۆیەوە بینیوە و بێگومان ئەو گۆڕانکارییانە، کاریگەریان هەبووە لەسەر باردۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، عێراق و کوردەکاندا. نوسینی ڕووداوەکانی کەوتن و هەستانەوە و بەسەرهاتەکانی ژیان و بیروەرییەکانی جەلال تاڵەبانی بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو زنجیرە هەڵکشان و داکشانانە ناکرێت. دەربارەی ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەییە، باسکردن لە چەند خاڵ دورلە قازانج نیە.

١- چوارچێوەی سەرەتایی و سەرەکی ئەم کتێبە، لە پرسیارەکانی نوسەر لە جەلال تاڵەبانی پێکهاتووە و لە حەوت ساڵییەوە، تا گەیشتن بە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار دەگرێتەوە.

٢- سەرەڕای باس لە ژیان و چالاکییەکانی تاڵەبانی و بەرلە ئاماژە کردن بۆ وەڵامەکانی، بە کورتی و لە ڕووی توێژینەوە، باس لە مێژووی نوێی کوردستان و ڕووداوە گرنگ و تایبەتییەکانی عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کراوە.

٣- لە پرۆژەی توێژینەوەی ژیان و بیرەوەرییەکانی تاڵەبانی دا، جگەلە بەڵگەنامە و سەرچاوە مەوجودەکان و بەڵگەنامە ڕەسمی و جێی باوەڕەکان، کەڵک لە سێ دید و بۆچوونی جیاوازیش وەرگیراوە کە لە مێژوونوسیی نوێ و نوسینی مێژووی زارەکیدا، کاریگەری باوە: لە ڕوانگەی ١٤٩ دۆست، هاوشاریی، هاوخەباتی، یان نەیاری حیزبی. لە ڕوانگەی ٩٦ کەسایەتی ناسراوی سیاسی سەردەمی جیهان. لە ڕوانگەی ١٨٦ ڕۆشنبیر، مامۆستای زانکۆ و ڕۆژنامەنوس.

٤- بەرگی یەکەمی ئەم پرۆژە سێ بەرگییە، لە ژانویە "کانونی دووەم"ی ٢٠٠٦ وە دەست پێکراوە و لە دیسێمبەر "کانونی یەکەم"ی ساڵی ٢٠٠٨ کۆتاییهاتووە و لە ١٧ وڵاتی جیهان، لەوانە **(ئێران، عێراق، تورکیا، ڕوسیا، لوبنان، کویەت، میسر، ئۆستراليا، چیک، سویسرا، سوید، هولەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بریتانیا و ئەمریکا)** بەڕێوەچووە.

٥- پێویستە بگوترێت لەم کتێبەدا نوسەر بە تەواوی پرنسیپی بێلایەنی و سەربەخۆیی لە نوسیندا پاراستووە و بە گوێرەی سەرچاوە زارەکییەکان، نوسراوە و توێژینەوەکان، زانستی نوسینی لەبەرچاو گرتووە. ئاکامی لە هیچ وتە و بۆچونێکی گومانـاوی وەرنەگرتوە. بە وتەیەکی‌تر نوسەر لە نوسین و توێژینەوەی ئەم بەرهەمەدا، بە تەواوی ئازاد و سەربەخۆ بووە و

جەلال تالەبانی و چاودێرانی پرۆژەكەی لە ڕەوتی ئامادەكردن و چاپی كتێبەكەی ئاگادار كردووەتەوە و ناوبراو (مەبەست لە مام جەلالە. نوسەر) هیچ ڕۆڵێكی لە توێژینەوەكە و شێوازی باسەكانی توێژینەوەكەدا نەبووە.

٦- وتەی كەسانی جیاواز، سەرەڕای سنوردار بوونیان، لە هەندێک جێی كتێبەكەدا نوسراون و بۆ دەرخستنی ڕاستبوونیان، هەندێک جار ئاماژە بۆ ئەرشیڤی بەڵگەنامە مێژووییەكان، بەڵگەی مێژوویی و حیزبی و سەرچاوە ئەسڵییەكان كراوە.

٧- لە كۆتایی كتێبەكەدا ئاماژە بۆ سەرچاوە كەڵكلێوەرگیراوەكان، بە زمانەكانی عەرەبی، كوردی، فارسی، ئینگلیزی و فەرەنسەیی كراوە. هەروەها لە سەرەتای كتێبەكەشدا، ئاماژە بۆ ڕووداوە گرنگە مێژووییەكانی سەردەمی كوردستان و عێراق كراوە.

٨- وەرگێڕانی ئەم كتێبە بە هەموو زمانەكان، هاوكات و بەشێوەی یەكسان بەڕێوەدەچێت. هیچ زمانێک وەپێش زمانێكی تر ناكەوێت.

٩- هەموو شریت، فیلم و وێنەی كەسانی وتوویژكراو، جگەلە ئەرشیڤی دەزگای بڵاوكەرەوەی ئەم كتێبە، لە كیشوەرەكانی ئێران، عێراق، ئەمریكا و توركیا، لە نوسینگەی سەركۆماری عێراق، ئەرشیڤی جەنابی تاڵەبانی و مەكتەبی سیاسیی یەكێتی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، وەک ئەرشیڤی مێژوویی ڕاگیراون.

١٠- وتووێژە زارەكییە كەڵكلێوەرگیراوەكان لەم كتێبەدا، پتر كەسایەتی ناوچەیی و دەرەكی بوون. تێبینی ئەم خاڵە پێویستە كە وتەی زۆربەی كەسانی‌تر، دەربارەی بابەتە نوسراوەكان لەم كتێبەدا، بەهۆی دووپات كردنەوە و جێی متمانە نەبوون، بەلاوە نراون و وتەی ژمارەیەكی‌تر، بەتایبەتی كەسایەتییە جیهانییە ناسراوەكان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، پتر لە بەرگی ٢ و ٣ دا كەڵكیان لێوەرگیراوە. هەندێک لە نامە و ڕاپۆرت و بەڵگەنامەكانیش لەگەڵ بەرگی ٣ دا بڵاودەكرێنەوە.

١١- ئەم كتێبە لە 3 بەرگدا ئامادە كراوە. بەرگی دووەم، بیرەوەریی و ڕووداوەكانی ساڵانی ١٩٦٧ تا ١٩٨٨ دەگرێتەوە و بەرگی سێیەم باس لە ڕووداوەكانی ١٩٨٩ تا ٢٠٠٥ دەكات.

دوكتۆر كەمال فوئاد- مامۆستا عومەر نازم دەباغ

(پاشبەندی ١)

بەڕێزان دوکتۆر کەمال فوئاد و عومەر نازم دەباغ، بەم نوسینەیان لەلایەک ئاوای پاکیان بەدەست قانعی فەرددا کردوە و بە بێلایەن ناساندنی ئەو لە خاڵی شەشەمدا کە جەلال تاڵەبانی و چاودێرانی پرۆژەکەی لە ڕەوتی ئامادەکردن و چاپی کتێبەکەی ئاگادار کردوەتەوە، بەرپرسایەتی دەقە نوسراوەکانی دوای ٦٠ ساڵیان لە ئەستۆی قانعی فەرد هەڵگرتووە و خستویانەتە ئەستۆی مام جەلال و لەلایەکیتر بە نوسینی ئەوە کە جەلال تاڵەبانی هیچ ڕۆڵێکی لە توێژینەوەکە و شێوازی باسەکانی توێژینەوەکەدا نەبووە، ئەویشیان لە بەرپرسایەتی دەرهاویشتووە.

دوکتۆر کەمال فوئاد و عومەر نازم دەباغ بەو نوسینەیان، خۆیان کردوە بە بەرپرسی یەکەمی شێواندن و پێچەوانە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی کوردستان لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ دا. ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەو بەڕێزانە بەرپرسایەتی خۆیان لە ئامادەکردنی کتێبەکەدا بەدروستی بەڕێوەنەبردوە و لەوە دەچێت بەرلە چاپی کتێبەکە، ئەویان نەخوێندبێتەوە. لەبەر ئەوەشە کە قانعی فەرد لە چەند جێگەی کتێبەکەدا، دوکتۆر کەمال فوئاد و عومەر نازم دەباغ چاودێرانی پرۆژەی ئامادەکردنی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، بە کەسایەتی شەرافەتمەند، خۆشناوی سیاسی، فەرهەنگی و سیمای دیاری بزوتنەوەی کورد دەناسێنێت.

کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، بۆ یەکەم جار لەژێر ناو و نیشانی بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق، ساڵی ٢٠١٠ لە ٢٢وەمین پێشانگای کتێبی تاران بڵاوکرایەوە. عیرفان قانعی فەرد بە دوای بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەدا، ڕۆژی ٢٠١٠/٥/١٢ کۆبوونەوەیەکی لەژێر ناوی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی جەلال تاڵەبانی لە کتێبخانەی میللی ئێران پێکهێنا. لە کاتێکدا نزیکەی دوو ملیۆن کورد لە تاران دەژین، تەنیا ١٨ کەس بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد کە لەوانەش تەنیا چەند کەسیان کورد بوون کە ئەوانیش چەندان ڕەخنەی توندیان لە کتێبەکە گرت. دوای بڵاوبوونەوەی لەناو خەڵکدا، کتێبەکە کاردانەوەی توندتری لێکەوتەوە.

لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئەوروپا و باشوری کوردستان بە دەیان کەس بە نوسینی وتار و کۆکردنەوەی تۆماری ئیمزا، ڕەخنەیان لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ گرت و ئەویان بە سەرچاوەیەکی چەواشەکاریی بە

دژی کورد و سەرکردەکانی وەک پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی و هەروەها شێواندن و چەواشەکردنی مێژووی بزوتنەوەکانی کورد لە قەڵەمدا.

لە هەمانکاتدا عیرفان قانعی فەرد بە یارمەتی هەندێک لە لایەنگرانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی و بەتایبەتی سیخوڕە ڕەگازۆکەرانی ئێران لە ڕیزەکانی یەکێتیدا، دەرگای زۆریەک لە تەلەڤزیۆنە فارسی زمانەکانی ئەوروپا و ئەمریکای وەک تەلەڤزیۆنی بی بی سی، تەلەڤزیۆنی دەنگی ئەمریکا، تەلەڤزیۆنی سەڵتەنەتخوازەکانو تەلەڤزیۆنی ئێرانییە ناسیۆنالیستەکانی بۆ کرایەوە کە بچێت، لەژێرناوی بەربەرەکانی دژی جیاوازییخوازی و دڵسۆز بە یەکپارچەیی خاکی ئێران، سوکایەتی بە کورد و ڕێبەرانی بکات. تەنانەت وتووێژەکانی قانعی فەرد کێشرایە نێو مانشێتی ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێت و لاپەرەکانی گۆڤاری "لڤین"ی لە باشوری کوردستان پێ ڕازایەوە کە بە دەیان وتار وەڵامی درایەوە. یەکێک لەو وتارانە هی من بوو کە ڕۆژی ٢٠١٠/٨/١٤ لەژێر ناوی **"عیرفان قانعی فەرد، ئەو پیاوەی گۆڤاری لڤین بە شەیتانی سیاسەتی دەناسێنێت"** لە ڕۆژنامەکانی کوردستان و سایتەکانی دژبە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بڵاوکرایەوە. بنوارنە ئێمزای ئەم چوارده نوسەر و ڕۆژنامەنوس و کەسایەتییە کوردانەی کە لە تارانەوە دژی بێحورمەتی کردنی قانعی فەرد بە پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا، هەڵوێستیان وەرگرت. ناوی ئەو ١٤ کەسایەتییە بریتی بوو لە:

محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، سدیق ئیسلامیان، محەمەد ڕئوف تەوکولی، محەمەد عەلی سوڵتانی، هاشم سەلیمی، ڕەزا سۆهرابی، قوتبەدین سادقی، محەمەد کەمانگەر، کامبیز کەریمی، عەتاوڵا قادری، ئەحمەد قازی، عەتا نهایی، بەهرام وەلەدبەگی و فەریدون نوری. (پاشبەندی ٢)

قانعی فەرد کێیە کە مام جەلال لەلایەک ئیزنی پێداوە بیرەوەرییەکانی بۆ بنوسێت و لەلایەکی ترەوە بە وتەی سەلام کۆچەریی ڕۆژنامەنوسی دانیشتووی چوارقورنە، ٢٧ جار لەگەڵی دانیشتووە و دەرگای بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی بۆ والا کردوە کە بەبێ ئیزن سەردانیان بکات. بە پارەیەکی بێ حیساب بە وڵاتانی

جیهاندا بگەڕێ و سوکایەتی بە کورد بکات؟. لێرەدا خاڵێکی جێی پرسیار ئەوەیە کە ئایا شێواندنی بیرەوەرییەکانی مام جەلال لەلایەن خودی عیرفان قانعی فەردەوە ئەنجامی گرتووە، یان بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک لەلایەن دەزگاکانی هەواڵگری ئێرانەوە بەڕێوەچوون؟ دەقی نوسراوی کتێبەکە پێشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە لە ناوی قانعی فەرد کەڵک وەرگیراوە، ئەگەرنا کتێبەکە جگەلە وتەکانی مام جەلال، ئەوانی تر ڕاپۆرت و بەڵگەنامە نهێنییەکانی ساواک و ڕوکنی دووەمی سوپای پێشووی ئێران و وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامین و لە لایەن کۆمەڵێک مەئموری جیاواز و بە پلەی جیاوازەوە نوسراون و بەرپرسانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر ناوی قانعی فەرد لە کتێبی مام جەلال دا بڵاویان کردونەتەوە. لە هەردوو حاڵەتدا قانعی فەرد بەرپرسە و ئەو لە بەرگی مرۆڤێکی بەباو کورددا خەیانەتی بە کورد کردوە. من لە وتاری "عیرفان قانعی فەرد، ئەو پیاوەی کە گۆڤاری لڤین بە شەیتانی سیاسەتی دەناسێنێت"دا، ڕۆژی ٢٠١٠/٨/١٤ بەم جۆرە قانعی فەردم ناساند:

١- بە وتەی شارەزایەک کە ناوی لای من پارێزراوە، ناوبراو لە مانگی خەزەڵوەر "سێپیمبەر- ئۆکتۆبەری ١٩٧٦ لە گوندی سەردۆش لە ناوچەی مەریوان لە دایکبووە. کوڕی بورهان و نەوەزای تاهر بەگی سەردۆشە. تاهر بەگ لە سەردەمی ڕژێمی گەندەڵی پەهلەویدا بەکرێگیراوی ئیتلاعاتی ڕژێم بووە و لە پێوەندیی لەگەڵ کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی لە دەرەوەی سنوری ئێران واتە لە عێراق هاوکاریی سەروان "قوسەیریی" کاربەدەستی ئیتلاعاتی ئێرانی کردوە و زانیاریی بۆ ڕژێم کۆکردوەتەوە. بورهان بەگی باوکی کارمەندی فەرمانداریی شاری مەریوان بوو. لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا ١٩٧٩ لەگەڵ ڕەحمان بەگی "گوێزە کوێرە" هاوکاریی موفتی زادەی کردوە و دواتر کە موفتی زادە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستگیرکرا، بەرەو حکومەت و سوپای پاسداران بایدایەوە و هاوکاریی ڕژێمی کرد. دوای شەڕی مەریوان و سنە، لە مەریوانەوە چووە بۆ کرماشان و لەوێ نیشتەجێ بووە. عیرفان خوێندنی ناوەندیی و دواناوەندیی لە سنە تەواکردوە و بەشی زمان و ئەدبیاتی فارسی لە تاران خوێندووە. ساڵح سەرداریی لە وتارێکیدا لەژێر ناوی "عرفان قانعی فرد،

عامل دەست پرورده جمهوری اسلامی" کـه لـه سایتی "آزادی بیان" دا بڵاوکراوەتەوە و سیامک دهقانی لە وتارێکی تردا کە لەژێر ناو و نیشانی "جاش چییە و عرفان قانعی فەرد کێیە" کە لە سایتی "سیاسی خبری بروسکە"دا بڵاوبووەتەوە، دەڵێن: قانعی فەرد لە سەردەمی خوێندنیدا ئەندامی "بسیج دانش آموزی سوپای پاسداران" بووە و کێشێکی زۆری بۆلای فەرماندەکانی سوپای پاسداران و لەوانە موحسین ڕەزایی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران و سەرۆکی ئێستای شورای دیارییکردنی بەرژەوەندەکانی کۆماری ئیسلامی هەبووە. لەسەر حیسابی کۆماری ئیسلامیی لە زانکۆ وەرگیراوە و دەرەتانی بۆ ڕەخساوە کە وەک لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنوس خزمەتی کۆماری ئیسلامیی بکات.

٢- مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان: بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە. گۆڤاری لڤین لە ژمارەی ١٣٤ی دیمانەیەکی رۆژنامەوانی بڵاوکردۆتەوە، تێیدا بێحورمەتی و بێرێزی لە هەمبەر سەرکردەکانمان دەکاتت. ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە مەلا مستەفای بارزانی دامەزرێنەری رێکخراوەکەی ئێمەیە، هەروەها قازی محەمەدیش کەسایەتیەکی کورد و ئایینیە، بە پێویستمان زانی، دەنگی نارازیبوونو گلەیینامەی خۆمان بە هەموو لایەك بگەیەنین، چونکە پێمان وایە وەرگرتنی زانیاری لە کۆمەڵێك سەرچاوە، کە هەمیشە رۆڵیان لە تێکدانی کێشەی کورد هەبووە و ویستوویانە قەت رۆژی رووناك بە رووی کورددا نەکرێتەوە، شتێکی نا دووروستە و تەنها خزمەت بەو کەسانە دەکات کە زانیاریەکانیان هەڵبەستوونە، ئێمە دەزانین هیچ یەك لە ساواک و حزبی بەعسی ئێراقی و تەواوی ئەو وڵاتانەی مافی کوردیان هەمیشە خواردووە، ناکرێ بکرێنە بەڵگە بۆ لێدانی کەسایەتیەکانی کورد، بەتایبەتی کە ئەو سەرکردانە هەمیشە خەباتیان لە دژی ئەو وڵاتانە کردووە، کە ویستوویانە مافی گەلی کورد بسڕنەوە. بە هەمان شێوە بەڵگەنامەی ئینگلیزەکانیش ناکرێ لەو حاڵەتەدا پشتیان پێ ببەسترێت، خۆ هەموو ئەوانەی مێژوویان خوێندۆتەوە، رۆڵی ئینگلیز لە تێکدانی دۆزی کورد باش دەزانن کە ئەوانیش دەستیان هەبووە لە تێکدانی کێشەی کورد و بەشێك بوون

لەوانەی کوردستانیان کردۆتە چوار پارچە. بۆیە پێمان وایە هەڵەیەکی گەورەیە، کەسایەتیەکی وەك قازی محەمەد کە خۆی و ماڵو خانەوادەکەی لە پێناوی کورد دانا، کەچی بە بێ حورمەتی ناو ببرێت، یان مەلا مستەفای بارزانی دامەزرێنەری یەکێتی زانایان، کە بە هەزاران کەس لە عەشیرەتو خانەوادەکەی شەهید کرانو مێژووەکەیان مێژووی بەرخۆدانی کوردایەتیەو، هەر لە پێناوی کورد لە بری کۆشكو تەلارو خۆشی، چیاو ئەشکەوتو ئاوارەییو دەربەدەری هەڵبژارد، لە پێناوی ژیانی کورد، مەرگو ئاوارەیی بۆخۆی هەڵبژارد. گلەییشمان ئەوەیە، تۆ پێت وابێت هەموو مێژوونووسە کوردەکانو تەواوی ئەوانەی دیکە کە لەسەر کوردیان نووسیوە، هەڵەیان کردووەو، بۆ خاتری دەسەڵات نووسیویانەتەوە، تەنها ئەو دەزگا موخابەراتیانە ڕاستیان نووسیوە کە دەستیان لە تێکدانی دۆزی کورد هەبووە، لەکاتێکدا زۆرێك لەو مێژوونوسانە وەختێك مێژووی کوردیان نوسیوەتەوە کە کورد هیچ دەسەڵاتی نەبووە، سەرباری چەندان مێژوونوسی بێگانە کە نوسراوەکانیان بەتەواوی پێچەوانەی بۆ چوونەکانی ئەو برادەرەن. بۆیە داوا لەو بەڕێزە و خودی گۆڤارەکەش دەکەین، داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکەن و مێژووی بەرخۆدانی کورد، بە پشت بەستن بە زانیاری کەسانی دیکە، سەرەوژێر نەکەنەوە کە ئەمەش وا دەکات، مرۆڤی کورد ڕابردووی خۆی بسڕێتەوەو، متمانەش بە داهاتوو نەکات کە دواجار کەسێکی نا مەسئول بەرامبەر بە خاكو نیشتیمانو گەلەکەی لێ دەردەچێت، چونکە هەموو سەرکردە و کەسایەتیەکان و سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤار و بزوتنەوە کوردیەکان بەلای تاکی کوردەوە دەکەونە ژێر پرسیار و بەهیچ شێوەیەکیش خزمەتی ئەزموونی ئێستای کوردستان ناکات و زیان بە ڕابردووی گەلەکەمان دەگەینێت. لە هەمان کاتیشدا پێمان وایە، ئەو ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەی لە هەرێمی کوردستان فەراهەم بووە، پێویستە نووسەرانو ڕۆژنامەنووسان بۆ خزمەتی گەلو نیشتیمانەکەمانی بەکار بێنن، نەك خوانەخواستە بە پێچەوانە ببێتەوە، کە ئەمەش وادەکات، زۆر مەسەلەی نەتەوایەتیمان ببنە قوربانی ئەو یاسایەی ڕۆژنامەگەری، کە ئێستاکە هەیە.

مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان[١]
٢٠١٠/٨/١٠ (پاشبەندی ٣)

٣- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا عیرفان قانعی فەرد بە "قەڵەمی خۆفرۆشان" وەسف دەکات کە "تەقە لە هێما نەتەوەییەکان دەکەن". لەو بەیاننامەیەی حزبی دیموکرات کە کۆپییەکی بۆ "رووداونێت" هاتووە، ئاماژە بەنەیاران و دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی کورد دەدات و دەڵێ "رێژیمەکانی تاران زیاتر لە هەمووان فێڵ و تەڵەکە و پیلانی رەنگاورەنگیان دژ بە نەتەوەی کورد و خەباتی رەوای لە کوردستانی ئێران و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان بەکارهێناوە". هەروەها دەڵێ "یەکێك لە سیاسەتە دیارەکانی حاکمانی تاران، سووکایەتیکردن بەهێما و سیمبۆلەکانی ئەم خەباتە و ئەم نەتەوەیە و هەوڵدانە بۆ چەواشەکردنی بنەماکانی شوناسی نەتەوەیی و بیری ئازادیخوازانە لە کوردستان".

ئاماژە بەوەش دەدات کە لەم پێناوەدا لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیدا، ناوی کەسانی وەکو رەشید یاسمی و عیسا پژمان بەگوێی خەڵك ئاشنایە و لە دەورانی کۆماری ئیسلامیشدا سیمای جۆربەجۆر و کەسانی رەنگاورەنگی کورد زمانی پەروەردە کردووە و بەزمانی ئەوانەوە هەوڵی داوە کە هەم رەوایی خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کورد بباتە ژێر پرسیار و هەم چەواشەکارانە و فریوکارانە وا نیشان بدا کە ئەوانە نوێنەرانی راستەقینەی خەڵکن و دەنگە راستبێژەکانی نێو خەڵکی کوردن کە حەز و مەیلی زۆریان بەرەو لای ویلایەتی فەقیە هەیە و هەر جۆرە تێکۆشان بۆ رزگاری کوردستان و کورد بە بەسراوە بەبیانییەکان نیشان بدەن.

بەیاننامەکەی حزبی دیموکرات ئەوەش دەڵێ "کەسانی وەك ئیحسان هۆشمەند و عیرفان قانعی فەرد و تد، ناوە جۆربەجۆرەکان و بە ناوەرۆکی یەکسانەوە، بەپێی ئەرکی پێسپێردراوی رێژیمی کۆماری ئیسلامی یان خۆویستانە و بۆ نزیکبوونەوە لە بارەگای ویلایەتی فەقیە، هەوڵیان داوە کە مێژووی کورد و کوردستان و خەباتی ئەم نەتەوەیە ببەنە ژێر پرسیار و لە واقیعدا ئەوان سەربازانی کۆماری ئیسلامی بوون و هەن و لەژێر ناوی خوێندنەوەی مێژوو و گوتاری جیاوازدا سێرەیان لە بەهاو نرخە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کورد گرتووە و بەردەوام ویستوویانە لە رێگای هەوڵدان بۆ شکاندنی رەمز و هێما نەتەوەییەکان بوون و کەرامەتی نەتەوەیی کورد ورد و خاش بکەن، تاکو نەتەوەیەکی داڕماو و رووخاو

بخەنە بەردەست ئاغا و باڵادەست و رژێمەکەیان، تاکو نانێك و ناوێکیان بداتێ".

زیاتر ئاماژە بەناوی عێرفانی قانیعی فەرد دەدات و دەڵێ "ماوەیەکە کەسێك بە ناوی عیرفان قانعی فەرد لە درێژەی سیاسەت و رێگەی ناسراوی کۆماری ئیسلامیدا بەهەمان زمان و مێتۆد خەریکی کاری بەناو لێکۆڵینەوە و سیخوڕی لەسەر کورد و خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە و لە رێگای ماڵپەڕی تابناك و موحسینی رەزایی دەبیری کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، کار بۆ ئەو کۆڕە دەکات کە رەفسەنجانی بەرپرسیەتی و لە ماڵپەڕی تابناکی سەر بە موحسینی رەزایی کۆنە بەرپرسی سپای پاسدارانی رێژیمدا چەندین بابەتی دژ بە خەباتی کورد و بۆ سووکایەتی پێکردن بەهێما و سیمبۆل و تێکۆشان و گیانفیداییەکانی نەتەوەی کورد بڵاو کردووەتەوە". هەروەك باسکرا، ئەم کارەی قانعی فەرد شتێکی نوێ نییە و درێژەی سیاسەتی پێڕەوکراوی دوژمنانی کورد و بەتایبەت کۆماری ئیسلامییە و ئەو تەنیا مۆرەیەکی ئەرك پێ ئەسپێردراوە و هیچی دیکە بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا و لەم بابەت و باسانەدا رەنگە تا رادەیەك نوێ! بن و پیلانی تازەی دوژمن بن دوو شتن، یەکەم:

چەند ساڵێکە رژێمی کۆماری ئیسلامی لە رێگای ناوەندە لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانییەوە ئەو کەسانە پەروەردە دەکات و ئەوانە بەقەولی خۆیان بە زمانی زانست دەدوێن و لە پشتی دەمامکی ئاکادیمییەوە دەیانەوێ کەس و لایەنی ساویلکە بەوە هەڵخەڵەتێنن کە ئەمانە قسەکانیان زانستی و ئاکادیمین، ئەوە نییە لە زانستگا بەناوبانگەکاندا خەریکی لێکۆڵینەوەن! بەڵام لە ناوەرۆکی بابەتەکانیاندا ئەوپەڕی نازانستی بوون و بێ بەڵگەییان دیارە و بۆ قسەکانیان هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی نایەننەوە مەگەر قسە و لێدوانی دوژمنانی کورد نەبێ و لە راستیدا قسەی جەللاد و بکوژەکان دێننەوە بۆ سەلماندنی تاوانباری قوربانییان و ناوی دەنێن کاری زانستی و ئاکادیمی! بۆ وێنە ئاغای قانعی فەرد بابەتێکی لە رێکەوتی ٣٠ی خاکەلێوەی ١٩٨٩ لە مالپەڕی تابناك بڵاوکردووەتەوە کە لە پێشەکی ئەو ماڵپەڕەدا بۆ بابەتەکە، بە روونی دیارە کە ئەرکیان پێداوە لەسەر حیزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران شتێکی چەواشەکارانە ئامادە بکات و ئەویش بەوپەڕی خۆبەدەستەوەدەرییەوە مێژوویەکی خەیاڵی پڕ لە درۆ و هەڵە و تۆمەت و سووکایەتی بەنیسبەت کورد و حیزبی دیموکرات و دوکتۆر قاسملووی شەهید و شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق و زۆربەی کەسایەتییەکانی کورد ئامادەکردووە و لە زمانی سیخور و کەسانی نەناسراو و سەرچاوەی نادیارەوە چی درۆ و فریوکارییە دەهۆنێتەوە.

دووەم: وەکو رەوتی هەمیشە و ئەمجارە و لەم قۆناخەدا بەشێوەیەکی خەستترو چڕتر، ئەم جۆرە کەسانە هەوڵدەدەن کە لە رێگای پشتیوانیکردن لە کەس و لایەنێك، هێرش بۆ سەر کەس و لایەنی دیکە بکەن و لە ڕاستیدا بەو شێوازە جیایی و دژایەتی لە نێوان تێکۆشەران و لایەنە چالاکەکانی کورددا دروست بکەن و بەم مێتۆدە نوێیە! ئاژاوەکانیان دەنێنەوە. هەر لەو پێناوە دایە کە قانعی فەردەکان جارێك پشتیوانی لە مێژووی کوردستانی ئێران دەکەن و هێرش دەبەنە سەر مێژووی کوردستانی عێراق و جارێکی تر و بەبیانوویەکی دیکەوە پێچەوانەکەی بەڕێوە دەبەن. جارێك سووکایەتی بە پێشەوای نەمرو جاری دیکە سووکایەتی بە بارزانیی نەمر دەکەن و لە پشتی سەرکردەیەکی کوردەوە سەنگەر دەبەستن و دەسڕێژی رق و کینەیان بەسەر رێبەری مەزن دوکتور قاسملووی نەمردا دەبارێنن. ئەوان لە پشتی کەس و لایەنێکەوە سەنگەر دەبەستن و تەقە لە کەس و لایەنی دیکە دەکەن و سبەی رۆژ سەنگەر دەگوازنەوە و لە شوێنی دیکەوە تەقە لە سەنگەری پێشوو دەکەن تاکوو کورد و کوردستان تووشی ئاژاوەیەکی سیاسی و فیکری بکەن و ئەرباب و ئاغاکانیان بێخەم دانیشن کە کوردیان بە کوردەوە خەریك کردووە(٢). (پاشبەندی ٤)

٤- فەرەج شەهابی: (بورهانی باوکی ئەم عیرفانە، هاوکلاسم بوو، بەیەکەوە لە یەک مەدرەسە خوێندومانە. ئەوەندەی کە لەبیرم بێ لەمن گەنجتر بوو. ئەو کلاسێک خوارتر بوو، بەڵام لەیەک مەدرەسەدا دەرسمان خوێندوە. ئەودەم ئێمە لەدەست ئەو پیاوە وەزاڵە هاتبووین و ئیمکانی ئەوە نەبوو ئێمە دوو کەس پێکەوە قسە بکەین و ڕۆژی دواتر قسەکەمان بەهۆی بورهانەوە لە ساواک نەبێ. هیچ کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە

بکات. هەموو ئەو کەسانەی هاودەورەی ئەو سەردەمی مەدرەسەی ئێمە بوون، ئەوەی دەزانن. ئەو تەنیا خۆی نەبوو، خەڵکیتریشی لەگەڵ بوو، بەڵام ئەو لە هەموویان فەعالتر بوو، هەموو کلاسەکانی لەژێر چاوەدێریدا بوو. جا تاهیر بەگ، باوکی ئەم عیرفانەی ئاوا پەروەردە کردبوو. هەربۆیە، دامەزراندنەکەی لە فەرمانداری زۆر ڕاحەت بوو. دوایش کە لە سنە دادەمەزرێ و شوغڵی پێ دەدرێت، ئەبێ ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە کە جمهوری ئیسلامی لە سەرەتادا خەتاگەلێکی کرد کە کەسگەلێکی وەکوو ساواکییەکانی ڕژێمی شای ئیعدام کرد و کوشتنی. دوایە بیری لێکردەوە کە ئەو کارەی غەڵەت بووە، ئەوانەی بانگکرد، ئەوانەی دانا، قەولی پێدان کە هیچیان لێناکات و ئەوان دەتوانن لەسەر کارەکەی خۆیان بەردەوام بن. نموونەی سەروان قوسەیری ڕوکنی دوو بوو. هەموو کەسێک دەیناسی و ئەویتریش هەر بەو جۆرە کارەکانیان پاراست. زۆر مومکینە جمهوری ئیسلامی بە بورهانی گوتبێ کە نارەحەت نەبێ و بۆ ئەملا و ئەولادا نەچێ، ئەگەر کاریشی پێنەدەن، لە ماڵەوە دابنیشێ ژیانی خۆی بکا، پارەی خۆشی وەرگرێت[٣].)

٥- (بۆ ئەوانەی کە سیستمی سیخوڕی و بەکرێگیراوی لە کوردستان دەناسن، زەحمەت نیە کە زۆر زوو ناوی سیخوڕ و بەکرێگیراوی وەک عیرفان قانعی فەرد لە ڕێگای سوپای پاسداران و ماڵپەرەکەی "بازتاب" بناسنەوە. دۆسییەی قانعی فەرد لەگەڵ کارنامەی هیچ سیخوڕ و بەکرێگیراوێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی جیاوازیی نیە. بێجگە لەوە ئەم کەسە لەجیاتی چەکی بەکرێگیراوی لە شان کردن و شەڕ کردن لەگەڵ پێشمەرگە و هێزەکانی گریلا لە چیاکان، یان ئەشکەنجەدانی گیراوانی سیاسی کورد لە زیندانەکان، ئەرکێکی دیکەی خراوەتە سەرشان، ئەویش کاری بەناو نوسین و چەواشەکاری لە شۆڕشی ئازادیی کوردستان و درۆ هەڵبەستن و شیواندنی مێژووی سیاسی کوردستانە. عیرفان قانعی فەرد تا ساڵی ٢٠٠٣ تەنیا سیخوڕێکی ئاسایی سوپای پاسداران بوو. دوای ڕوخانی سەدام حوسێن لە عێراق و کرانەوەی دەستی پاسداران لە عێراق، ڕێگای کوردستانیش بۆ ئەم سیخوڕە کرایەوەو ناوی کەوتە ناو ناوان. قانعی فەرد لە ڕێگای موحسین ڕەزایی و دۆستەکانی لە باشووری کوردستان و ڕێگە

خۆشکەریی سەلاح موهتەدی، بەناوی نووسەر و لێکۆڵەوەرەوە، چاوی بە ژمارەیەک لە ڕێبەرانی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوت و ئەوانیش بەبێ هیچ ڕێزلێنانێک لە خۆیان و پارتەکەیان، زۆر بە گەرمی پێشوازییان لەم سیخوڕە کردو تەنانەت یەکێک لەوان گوایە تا دەرەوەی مەقەڕی سەرکردایەتی بەپێشوازییەوە ڕۆیشتووە. لە شەو و ڕۆژێکدا سیخوڕ قانعی فەرد بوو بە نووسەر، لێکۆڵەر، مێژوونووس و زۆر شتی دیکە. بەڵام وەک هەر زوو دەرکەوت. ئەو تەنیا سیخوڕێکی بە وەفای موحسین ڕەزایی و سوپای پاسداران بوو و هیچی دیکە. تەنانەت دوای گەڕانەوە لە باشووری کوردستان ئاکامی سەفەرەکەی لە شێوازی ڕاپۆرتە سیخوڕێکدا بڵاوکردەوەو هەروەک چۆن لە سیخوڕێک دەوەشێتەوە، کۆڵێک جنێو و بێڕێزی حەواڵەی خانەخوێیەکانی کرد. سی ساڵ لەمەوبەریش بورهان قانعی فەرد باوکی عیرفان قانعی فەرد یەکێک لە فەرماندەو بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی لە مەریوان بوو. عیرفان قانعی فەرد ئێستاش سەنگەری باوکی چۆڵ نەکردوە، تەنیا شێوازی سەنگەرەکەی گۆڕیوە. ئێستا کە باوی نووسین، ئینتەرنێت و تەلەفزیۆنی مانگیلەیە، قانعی فەرد لە هەمان سەنگەری باوکیەوە ئەمجار بە چەک و گوللە نا، بە چەواشەکاری گەڵاڵەکانی سوپای پاسداران، لە دژی تەڤگەری کورد بەڕێوە دەبا. قانعی فەرد وەک سیخوڕێکی لێزان، لە دزیی، دەستبڕی و پارەخواردنیشدا دەستێکی باڵای هەیەو لەبەر ئەوەی پشتی بە سوپای پاسداران و موحسین ڕەزاییشەوە قایمە، تا ئیستا سەرەڕای دزیی و قۆڵبڕینە ئاشکراکانی کەس توخنی نەکەوتووە. قانعی فەرد بایی هەزاران دۆلار کتێبی چاپ و بلاوکردنەوەی "نیگای سەبز"ی لە تاران خواردوە و سەرەڕای ئەوەش ئاغای" تەهماسبی" خاوەنی نیگای سەبزی ناچار کرد کە لە ئێران ڕابکات و لە ئەڵمان ببێتە پەنابەر. قانعی فەرد لە درێژەی کتێب دزینەکانیدا کتێبی کابرایەک بە ناوی "بەلخکانلوو"ی بەناوی "مافیای قودرەت" بە ناوی خۆیەوە چاپکرد. ئیستاش شکاتنامەکانی بەلخکانلوو لە قانعی فەرد لە ئینتەرنێتدا هەن. ساڵی ٢٠٠٣ قانعی فەرد کتێبێکی بە ناوی وتوویژ لەگەڵ هونەرمەندی ناوداری ئێران محەمەد ڕەزا شەجەریان بڵاوکردەوە. هەر دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە شەجەریان لە ڕۆژنامەی هەمشەهریدا ڕایگەیاند کە هیچ کاتێک وتوویژی لەگەڵ قانعی

فەرددا نەکـردوە و تەنیـا جارێـک بەسـەرپێی لە جێگـایەک دیـویەتی و ئەوەی لەو کتێبەدا نووسراوە هەمووی درۆیە. قـانعی فەرد وەک نێردراوی سـوپای پاسـداران لەم سـاڵانەی دواییـدا چەنـدین وتـووێژی لەگەڵ "بەنیسەدر"، "ڕەزا پەهلەوی"، زیندەیاد "شێخ عێزەدین حوسێنی"، عیسا پژمـان و عەبـدوڵلا حەسـەنزادە، ئەنجـام داوە و هەمووشـیانی لە تـاران و لەژێـر سانسـۆڕی کۆمـاری ئیسـلامیدا چـاپ کـردون. تەنهـا وەک نمـوونە عەبـدوڵلا حەسـەنزادە دوای چـاپ بـوونی وتـووێژەکەی، لە نووسـینێکیدا قـانعی فەردی بەدرۆ خسـتەوە و بلاویکـردەوە کە قـانعی فەرد لە زمـانی ئەوەوە درۆی هەڵبەستووە. یانی سوپای پاسداران و ئیتلاعات بەپێی زەوق و سـەلیقەی خۆیـان وتووێژەکـان بـڵاودەکەنەوە. ئەمە بە ڕێکەوت نـیە کە عیرفان ئەندامی "ناوەندی ئەسنادی کۆماری ئیسلامیی ئێران" و هاوکاری هەرە نیزیکـی "ڕوحـولا حوسـێنیان" سـەرۆکی ئەم ناوەنـدەیە کە پێشـتر جێگری وەزیری ئیتلاعـاتی ئێران بووە. دیسان بە ڕێکەوت نیە کە هەموو نووسینەکانی قانعی فەرد لەسەر کورد و کوردستان لە سایتی "تابنـاک"ی موحسـینی ڕەزایـی دەبیـری" مەجمەعـی تەشخیسـی مەسڵەحەتی نیـزام"، بڵاودەبـنەوە. ئەرکێکـی دیکەی عیرفـان قـانعی فەرد کە لە لایەن سـوپای پاسداران پێی ئەسپێردراوە درۆ و بوختان هەڵبەستن بۆ ڕێبەرانـی کوردە. قـانعی فەرد دەنووسـێ حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران خۆیـان قاسـملویان بە کوشـتدا. قـانعی فەرد سـەبارەت بە مەلا مسـتەفا بـارزانی دەنووسێ کە سیخوڕی ئینگلیس بووە و بە پێی فەرمـانی ئەوان هـاتووە بۆ تێکدانی کۆماری کوردستان لە مهاباد[٤].)

٦- دوکتۆر حوسێن خەلیقی: (عیرفان قانعی فەرد ڕاسپێردراوە کـە تـا ئـەو جێیەی دەتوانێ، مێژووی کـورد و دیمەنی سەرکردەکانی کـورد بشێوێنێ و لە بەرامبەردا مووچەی خزمەتەکەی لە کۆماری ئیسلامی وەربگرێ. چونکـە خۆی خـاوەن کەسایەتی نیە و بڕوای بەبوونی خۆی وەک تـاکێکی سـەربە نەتەوەیـەکی شۆڕشـگێڕ نیـە، وەک زەنگوڵـە دەبـێ لـە مـل کـەس یـان ئۆرگانێکی دژی مافەکانی کورددابێ تـا دەنگێکی لێوە بێ. هەربۆیـە ڕووی لە دوژمن و پشتی لە نەتەوەکەی کردوە[٥].)

٧- عەبدوڵڵا حەسەن زادە: (بۆخۆی دەیەوێ واپێشان بدات کە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژووییە و خۆی بە کابرایەک دەناسێنێت کە گوایە کاری زانستی دەکات و خەریکی کاری لێکۆڵینەوەیە و دوکتۆرای تەواو کردوە و دوکتۆرایە، بەڵام بەشی زۆری ئەو قسە و نوسینانەی بۆمن جێگەی متمانە نین، چونکە زۆر شتی ژاراویی و ناڕاستیان تێدایە و بۆچوونێکی وا لام دروست بووە کە بە چاوی گومانێکی زۆر تەماشای نوسینەکانی بکەم و وەکو بڵێی بە ڕاسپاردە بێ و لەلایەن هەندێک لە دەزگاکانی دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ ناوخراپی بزتنەوەی کورد و کەسایەتییەکانی گەلی کورد ڕەوانە کرابێت.[٦])

٨- عومەر شێخموس: (لە ڕاستیدا هەرچەندە قانعی فەرد داوای گفتوگۆیەکی لەگەڵ من کرد و من سەبارەت بە ژیان و خەبات و تێکۆشانی مام جەلال هەندێک زانیارییم دایە، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوە و زۆریشمان هەوڵدا کە مام جەلال گفتوگۆی لەگەڵ نەکات و ڕێگەی نەدا کە ئەو کتێبە بنوسێ، بەڵام نەیتوانی ڕێگای پێبگرێت. دواتر ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و نوسی من بە مەبەستی نوسینی بیرەوەریی لەگەڵی دانەنیشووم. ئەو داوای لەمن کرد کە تێزی دوکتۆرا دەنوسێت و بەشێکی لەسەر ژیانی منە. لە ناوەڕۆکەکەی نارازی بوو[٧].)

٩- ئەمیر قازی: (قانعی فەردە هاتووەتە نێو کێشە و مەسەلەکەوە و بە هەموو شێوەیەک بە هاوکاری دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێم هەوڵدەدا کە ئەو ڕەوابیت و پێوەندییەی کە ڕیشەی تاریخی هەیە لە خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی کوردستان، بتوانێ ئەو تاریخە پێکبەستراوە، لێک هەڵبپچڕێت و بتوانێ سەند و مەدرەک و بەڵگەی بۆ پەیدابکا کە لە بایەخ و لە ئەهمیەت و لە واقعییەتیان کەم بکاتەوە و بە قازانجی ڕژێم و بە قازانجی مەسڵەحەتی ئێران ئەوەندی بۆی دەکرێ، ئەو ڕەوابیت و پێوەندییە نەتەوەییە لەبەیندا ئاڵۆز بکا[٨].)

١٠- ئەحمەدین غولامی: (تا ئەو جێیەی من نوسینەکانی قانعی فەردم خوێندوەتەوە، بۆم دەرکەوتووە ناوبراو پیاوی کۆماری ئیسلامییە و

هاوکاری سوپای پاسداران و موحسین ڕەزایی دەکات. قانعی فەرد کەسێکە کە ڕۆژانە تاوان و جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە چاوی خۆی دەبینێ و دەزانێت کۆماری ئیسلامی ئێران جگەلە گرتن و شکەنجە و ئیعدامی ڕۆڵەکانمان، بە بلاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکانیش، دەستی بە ژنوسایدێکی ترسناکی ڕۆڵەکانی کورد کردوە و ئەگەر ئەم کەسە ویژدانی هەبێت، بۆ جارێکیش لە نوسینەکانیدا پەنجە بۆ ئەو هەموو تاوانەی کۆماری ئیسلامی ڕادەکێشێ کە تا ئێستا یەک وشەی لەو بارەیەوە نەنوسیوە و ئەرکی پێسپێردراوی دژایەتی کردنی نەتەوەی کوردە. ئەمە زۆر ڕوونە کە قانعی فەرد پیاوی کۆماری ئیسلامیی و ئەوەش لە هەموو نوسین و وتووێژەکانیدا دەبیندرێت[٩].)

١١- دوکتۆر حەسەن شەتەوی: (عیرفان قانعی فەرد خۆفرۆشی ناسراو لەهەر دەرفەتی پێشهاتوو، بە ئەمری فەرمانەدەکانی خوی و بە زەبری پوول و پارە وەک هەر جاشێکی تر تینەتی خراپ و نییەتی خائینانەی بەرامبەر بە تێکۆشەران و سەرکردەکانی ڕاستەقینەی کورد و بە تایبەتی پێشەوا و بارزانی خوی نەپارستووە. ئەم خۆفروشە بە ڕاسپاردە و بەپێی بارودۆخ و لەژێر ناوی لێکۆڵەری سیاسیی و میژوویی بە مەبەستی خۆفرۆشانە و نییەتی خەرابکارانە بەردەوام خەریکی تیرۆری کەسایەتی سەرکردەکانی خەباتی ڕزگارییخوازی گەلی کوردە، هەوڵی جیددی دەدات بە چەواشەکاری و شێواندنی میژوو و واقعیاتی کورد و کوردستان.

قانعی فەرد کە بە دزیی کردن و بروانامەی تەزویری زانستی، خوی بە پسپۆر و لێکۆڵەری بواری سیاسیی و میژوویی دەناسینی، تاکوو ئیستا بە تەزویر کردنی بەڵگە و بە داخەوە بە یارمەتی ئابووری و پاڵپشت و حیمایەتی چەند لایەنی کوردی و سوپای قودس، لە خزمەت نەیاران و دوژمنانی کورد، خوی لە هیچ کاریکی تێکدرانە و ئاژاوەگێڕانە نەپاراستووە. کۆکردنەوە و لە چاپدانی بیرەوەرییەکانی جەلال تالەبانی نمونەی ئاشکرای ئەم جورە کارانەی قانعی فەرد بووە کە هەڵڵای لێ ساز بوو و بە داخەوە کەس بەرپرسایەتی ئەم چەواشەکاری و ئاژاوەگێڕییەی ناوبراوی لە ئەستوو نگرت. هەرچەندە پشت پەردەی ئەم سیناریۆیە بۆ زور کەس ئاشکرا بووە. [١٠])

١٢- مەلا عومەر عەسری: (من قانعی فەردم نەدیوە، بەڵام کەسی باوەڕپێکراوی خۆم کە بینیویەتی و قسەی لەگەڵ کردوە و نوسراوەکانی خوێندوەتەوە، شاهیدی ئەوەن کە ئەو ئینسانە کابرایەکی دژی کوردە. کوردفرۆش و نۆکەری بێگانەیە. بە قەناعەتی من بەکرێگیراوە. فریوخواردوە. ئەو بە پلان لە دژی کورد و ڕێبەرانی کورد و بزوتنەوەی کورد قسە دەکات و دەنوسێت[١١].)

١٣- هاشم کەریمی: (لەو جاسوسانەی ئێستا وەکوو قانعی فەرد هەم لەگەڵ ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئیرتباتی هەیە و هەم لەگەڵ "سابتی" کە خۆی پلەداری گەورەی ئەمنییەتی ساواک بووە لە زەمانی شادا. قانعی فەرد لەگەڵ ئەو موساحەبەی کردوە، دیارە ئەو کابرایە لەگەڵ دەزگای ساواکی زەمانی شاش ئیرتیباتی هەیە. قسەی عیسا پژمانێک کە خۆی کابرایەکی سازمانی ئەمنییەتی شا بووە، لەسەر بزووتنەوەی میللەتی کورد لە کوردستان، هیچ بنەما و بەڵگەیەکی ئەساسی نیە و قینە لە کورد. جگەلەوە ئەوانە دەیانەوێت بە جۆرێک بزوتنەوەکانی کوردستان لەکەدار بکەن[١٢].)

١٤- دوکتۆر گوڵموراد موورادی: (چاکم لەبیرە، لە دەفتەری کارەکەم لە "هایدبۆرگ" ئەو ڕستەیەم وەک ئامۆژگاری بە قانعی فەرد گوت. ئەودەم میوانم بوو، بۆخۆشم لە ئوسترالیاوە بانگهێشتی ئەڵمانیام کردبوو و ئەویش هێشتا لەو زەلکاوە نەکەوتبوو، گوتم: لاوانی ڕووناکبیری ئێمە و یەک لەوان تۆ خۆت، کوڕی خۆم، داهاتووی کوردستانن و ئێمەی کورد، هەرچی دۆست بۆخۆمان کۆ بکەینەوە کەمە، بەڵام دوژمنێکمان هەبێ، زۆرە. هیوادارم کە قەڵەمەکەت بۆ خزمەتی نەتەوەکەت وەگەڕخەی، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەم بەو شێوەیە کە دەمویست وەدیی نەهات[١٣].)

١٥- محەمەد ڕەزا ئەسکەندەری: (کۆماری ئیسلامی هێندێک کەسی بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی هەڵبژاردوە، ئەو کەسانە ئەندامی سوپا نین، بەڵام کەسی بە توانان، ئەوانەی تواناییان هەیە، پێویست ناکا خوێندنی بەرزیان هەبێ، ئەوان دەبێ توانای کاریان هەبێ، جا عیرفانی

قانعی فەرد یەک لەوانەیە کە توانایی کاری هەیە. عیرفان بۆ ئەو کارەی پێی ئەسپێردراوە، کەسێکی بە توانایە. ئەو کەسە، بە درێژایی چەند ساڵ هەوڵیدا خۆی بناسێنێت، پێوەندی بە حیزبە کوردییەکانەوە گرت. هاتووچۆی مەقەرەکانیانی کرد. ئەو بەبێ یارمەتی حیزبە کوردییەکانی باشووری کوردستان نەیدەتوانی ئەم کارە بکا. بەداخەوە دەبێ بڵێم حیزبەکانی باشوری کوردستانیش لەو پێوەندییەدا نەخشیان هەبوو کە قانعی فەرد بگەیەننە ئەوێ و...تد[١٤].)

---

١- مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
٢- بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕووداونێت- هەولێر، ٢٠١٠/٨/١٩.
٣- وتووێژێکی تایبەت.
٤- لە یوتوب وەرگیراوە.
٥- وتووێژێکی تایبەت.
٦- لە ژمارەی ٦ هەتا ١٤ هەمان سەرچاوە.

## بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق دژ بە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ و ئیمزای خۆی دەوەستێت

بە دوای ئەو کۆمەڵە نوسین و ڕەخنەگرتنە و سەدان وتاری تردا، مام جەلال یان بە هەڵەی خۆی زانی، یان لە ڕووی ناچارییەوە بە بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیەی خوارەوە بەرپرسایەتی کتێبی دوای ٦٠ ساڵی لەسەر شانی خۆی لابرد و تەنانەت حاشای لە ئێمزای خۆشی لەسەر کتێبەکەی کرد. لەم بارەیەوە سکرتاریەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئەم بەیاننامەی خوارەوەی سەبارەت بە کتێبەکەی مام جەلال بڵاوکردەوە و لەودا ڕایگەیاند:

٢٠١٠/٨/٢٦

ڕوونکردنەوەیەک لە سکرتاریەتی سکرتێری کشتییەوە:

هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دیدارە ڕۆژنامەنوسییەکەیدا لە ٢٠١٠/٨/١٣دا زۆر بەڕوونی و ڕاشکاوی ئاشکرایکرد، قانعی فەرد کەسێکی ڕاستگۆ نییە، بۆیە ئەو ئیمزایەش کە لەسەر کتێبە گومانلوییەکەی (قانعی فەرد)ە، هەڤاڵ مام جەلال ئیمزای نەکردووە، چونکە نوسینەکانی پڕن لە هەڵە و قسەی هەڵبەستراو.

(هەر کەسێک هەڤاڵ مام جەلال بناسێت و شارەزای بێت دەزانێت بێ خوێندنەوەی ورد، هیچ شتێک ئیمزا ناکات، چ جای کتێبێکی لەوجۆرە، بەڵکو ناوبراو وەک هەموو شتەکانی تری، تەکنەلۆژیاشی بۆ مەرامەکانی بەکارهێناوە و ئیمزای بەڕێزیانی تەزویر کردووە کە ئێستا ئەو جۆرە تەزویرانە بووەتە شتێکی ئاسایی، جگە لەوەش ئەو کەسە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێزیان کردووە، ئیدی چاوپێکەوتن ئیمزای بۆچییە!

دووبارە بۆ ڕای گشتی و ڕاگەیاندنەکانی دەخەینەڕوو، بڕوا بەهیچ نووسین و بڵاوکراوەیەکی ئەو کەسە نەکرێت، بەڵکو وتەکانی هەڤاڵ مام جەلال لە دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکەیدا هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای هەمیشەیی بەڕێزیانە دەرحەق بە سەرکردەکانی کورد، ئیدی پێویست ناکات ئەو قسە ناڕاستانەی ناوبراو، بوترێتەوە و بکرێتە بنەما.)

بۆ زانیاری پتر لە کاری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و قانعی فەرد، بنوارنە بەشە جیاوازەکانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەباتی. هەروەکوو گوتم کتێبەکە لە حەوت فەسل پێکهاتووە. ژمارەیەک لە لاپەڕەکانی بۆ وتەکانی مام جەلال تەرخان کراوە و لاپەڕەکانی ئەوانی تری بە ڕەواڵەت بۆ مێژووی زارەکی. لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیمدا لەگەڵ عومەر نازم دەباغ، ناوبراو گوتی:

**- (مام جەلال لە بەرامبەر ئەو بەشە بەناو زارەکییەدا بەرپرس نییە، بەڵام ئێمە لە بەرامبەر وتەکانی مام جەلال دا بەرپرسین و وەڵامی ڕەخنەکان دەدەینەوە.)**

لەبەر ئەوە من ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەم لەسەر هەردوو بەشی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، بە جودا و بە بەڵگە و شاهیدی زیندوو بڵاودەکەمەوە. (پاشبەندی ٥)

# فەسڵی یەکەم

## لە دایکبوون لە خانەقای شێخ
## ١٩٣٣ -١٩٤٠

## لە دایکبوون لە خانەقای شێخ ١٩٤٠- ١٩٣٣

فەسڵی یەکەمی کتێبی دوای ٦٠ساڵ، لە لاپەڕەی ٣٧ وە دەست پێدەکات تا لاپەڕەی ٩٧ و ساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٤٠ دەگرێتەوە و ٦٠ لاپەڕەیە. لەو ٦٠ لاپەڕەیە، سێ لاپەڕەی بۆ وتەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی تەرخان کراوە. لەودا مام جەلال باس لە ساڵ و شوێنی لە دایکبوون و سەردەمی منالّیی خۆی دەکات و دنوسێت:

**- (لە هاوینی ١٩٣٣ لە گوندی "کلکان" لە بناری چیای کۆسرەت لە نزیک "دوکان" لە دایکبووە. یەکەم وێنەیەک کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، دیمەنی جوان و دڵڕفێنی گوندی کلکان و خانەقای تاڵەبانی‌یە لە کۆیە.)**

لە درێژەی باسەکەیدا مام جەلال پەنجە بۆ چوونی بۆ خوێندنگە و تاڵیی و شیرینیەکانی ئەوکات و بەجوڵە بوونی و بەشدارییکردنی لە شەڕە گەڕەکی منالانی هاوتەمەنی ڕادەکێشێت و ناوی چەند دراوسێی ماڵەکەیان بە خوێنەران دەناسێنێت.

بەشەکەی تری کە دەبێتە ٥٧ لاپەڕە، بەناو لەلایەن عیرفان قانعی فەردەوە ئامادەکراوە، ناوبراو لە مێژووی ساڵانی دەستپێکی سەدەی ٢٠ و بزوتنەوەی بارزانییەکان دەدوێت و لە لاپەڕەی ٤٦ دا دەنوسێت:

**- (... کەمال ئاتاتورک ساڵی ١٩٣٣ لە تورکیا حوکمی دەکرد و لە حیزبی میللەتدا بوو. برایانی بارزانی چەند بزاڤی بەربڵاو و چالاکیی چەکدارانەیان هەبوو. ڕەنگە پێشینەی ئەو چالاکییانە بگەڕێتەوە بۆ ڕاپەرینی عەبدولسەلام بارزانی لە سەردەمی عوسمانییەکان و ساڵانی ١٩١٣- ١٩١٤. نفوزی شێخەکان لە بارزان خاڵی گرنگی سەدەی ١٩یە کە دەگەڕێتەوە بۆ تاجەدین بارزانیی یەکەم شێخی بارزان. دوای ئیعدامی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩١٤ لە لایەن کاربەدەستانی تورکیا، برا ١٨ ساڵەکەی ئەو بەناوی شێخ ئەحمەد کۆنترۆڵ و سەرۆکایەتی و دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی هۆزی بارزانی بەدەستەوە گرت و لە سەردەمی لاوەتییەوە بە پلەی شێخایەتی گەیشت. لەوە دەچوو، ئەو سیاسەتێکی نوێی هەبێت و لە ساڵی ١٩٢٧دا بە پلانێک، ویستی**

کریستیان، ئیسلام و یەهودیەت یەکبگرن و بنەمای ئایینی گشتیی خەڵکی کوردستان پێک بهێنن.).

ڕەنگە بەشێک لە خوێنەران، بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان بە بەڵگەنامە مێژووییەکان ڕاناگات، بە تێبینییەوە سەرنج نەدەنە ئەم نوسینە تێکدەرانەیەی قانعی فەرد و ڕەنگە هەندێکیش بە خوێندنەوەی ئەو درۆیانە، بڵێن ئەمە بیرێکی باشە کە ئایینی گشتیی کوردستان لە سێ ئایینی کریستیان، ئیسلام و یەهودیەت بێت، بەڵام ئەوە زۆر لە ڕاستی دووره و شێخ ئەحمەد هەرگیز ئەو ڕایەی نەبووە. هەرچەندە بارزانییەکان ڕێزی تەواویان هەیە بۆ ئایینی ئیسلام و ئایینە جیاوازەکانیتر، بەڵام لە کۆنەوە ئایین و سیاسەت و دەسەڵاتیان لێک جیاکردوەتەوە و ئایین و حکومەت بە دوو دیاردەی لێک جیاوازی دەناسن و دژی تێکەڵکردنی ئەو دوو دیاردەیەن لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا.

ئاشکرایە کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی حیسابکراو ئەو تۆمەتەی بۆ شێخ ئەحمەد هەڵبەستووە کە دەوڵەتە ئیسلامییەکان، حیزبە سیاسییە ئیسلامییەکان و ئیسلامییە وشکەکانی کوردستان دژی شێخ ئەحمەد، مستەفا بارزانی و بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوروژێنێت. ڕاستی مەسەلەکە بەم جۆره بووە، نەک ئەوەی قانعی فەرد نوسیویێتی:

لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بە فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤، شیخ عەبدولسەلامی دووەم و سێ لە هاوڕێیانی لە موسڵ لە سێدارە دران. دوای کۆتایی جەنگ، ئینگلیزەکان ئاسوریيەکانیان لە باکوریی کوردستانەوە هێنا بۆ ناوچەی بادینان و لەوێ نیشتەجێیان کردن. لەم بارەیەوە سیسیل جۆن ئیدمۆندز کارگێڕی ئینگلیزەکان لە باشوری کوردستان لەو سەردەمدا دەڵێت:

- (ئاسورییەکان بەچەشنی حوشتری داستانێک کە سەری لە خێوەت بردبووە ژوورەوە و دەیوەست خاوەنەکەی دەربکات، دەیانویست بۆخۆیان جێی خەڵکی ئەو گوندانە بگرنەوە و بەهۆی بوونی ئەو کەمایەتییە

**ئـاییـنی و ڕەگـەزییـە، دەزگـای ئیـداری ئینگلیـز تونـدوتیژییـەکیپتری لێـرە بەنیسبەت ناوچە نائارامەکانیتر گرتبووەبەر[1].)**

لـە بـەهاری ١٩٢٠دا، ئاسـورییەکان بـە هانـدانـی ئینگلیزەکـان هێرشـیان کـردە سـەر کوردەکـان و "فـارس ئاغـا زێبـاری" بـە بنەماڵـە و خـزم و عەشیرەتەکەیەوە ڕایکرد و پەنای بۆ سمایل ئاغای سمکۆ لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان برد. لە ناوچەی بـارزانیش شـەڕێکی قورس و خوێنـاوی لـەنێوان ئاسـورییەکان بـە سـەرۆکایەتی "پـەترۆس" و بارزانییـەکان ڕوویـدا. لـەو شەڕەدا یەکێک لە فەرماندەکانی بارزانیی بە ناوی "سەعیدی وەلی بەگ" شەهید بوو.

ئەم جارەیان، دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بـە هانـدانی ئینگلیزەکـان ڕۆژی ١٩٢٨/٣/٩ ویسـتی ئاسـورییەکان بـەرێت لـە ناوچـەکانی برادۆسـت، ڕەواندز، ئاکرێ و نەهلە نیشتەجێیان بکـات و بـەرە بـەرە یەهودییـەکان و نەستورییەکانیش بەرن و لە ناوچەی بارزان نیشتەجێیان بکەن و بـە هـۆی ئەوانەوە بەسەر ئەو ناوچانەدا زاڵ بن.

بەپێچەوانەی نوسینی عیرفان قانعی فەرد کە دەڵێت: (**شێخ ئـەحمەد بـە پلانێک لە ساڵی ١٩٢٧دا ویستی کریستیان، ئیسلام و یەهودیەت یەکبگرن و بنەمای ئاییـنی گشتیی خەڵکی کوردستان پێک بهێنن.)**

شێخ ئـەحمەد هۆزی بـارزانی دژی ئـەو پلانـەی ئینگلیـز ڕاپەڕاند. جگەلـە شـێخ ئـەحمـەد و کوردەکـان، عەرەبـەکانیش ئـەو هەڵوێسـتەیان بـە مەترسـییەکی گـەورە بـۆ سـەر ناوچـەکانیان زانـی. لـەو پێوەندییـەدا ژمارەیەک ئەفسەری کورد وەک: جەمال عـارف، مـەحمود جـەودەت و لـەناو عەرەبەکانیشدا وەک مەهدی ئەحال و ژمارەیەکی تر، پشتیوانیان لـە شێخ ئەحمەد کرد. هەڵوێستی شێخ ئـەحمەد و پشتیوانیی کردنی ئەفسـەرە کـورد و عـەرەبـەکان، بـە نێـوبژیی کردنـی خـەلیل شـەوقی و جـەمال عـارف و عەبـدولرەحمان ئەتروشـی و کۆکردنـەوەی ئێمـزا لەلایـەن سـەرۆک هـۆزە کوردەکانەوە و ئاراستە کردنی بە مەلیک فەیسـەڵ و پەرلـەمانی عێـراق و هەروەها هەڕەشەی شێخ ئـەحمەد، هەوڵی دەوڵـەتی ئینگلیـز و عێراقـی بـۆ هێرش بردن بۆسەر ناوچەی بارزان پوچەڵ کردەوە[2].

وەکو دەزانین ئەم هەڵویست و ئاکام وەرگرتنە و پاشەکشەی ئینگلیز و عێراق لەو پلانە، بە شۆڕشی دووەمی بارزان دەناسرێت.

لە درێژەی ئەو نوسینەیدا قانعی فەرد لە لاپەڕەی ٤٧ دا، دەڵێت: (حکومەتی عێراق ساڵی ١٩٣٠ ویستی بەسەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و ناوچە سەخت و دژوارەکانی بارزاندا زاڵ بێت کە بارزانییەکان لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان. ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە دەسپێکی ڕاپەرینێک بوو بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان و لەو کاتەدا بێگومان مستەفا بارزانی، برا چووکەکەی شێخ ئەحمەد ڕۆڵی هەبوو، بەڵام شێخ ئەحمەد سەرۆکایەتی ڕاپەرینەکەی دەکرد. هەرلەو ساڵەدا لە شاری سلێمانیش ڕاپەرینێکی هاوشێوە بەڕێوەچوو کە لەناو کوردەکاندا بە ڕاپەرینی ٦ی سێپتەمبەر دەناسرێت و لەودا بە داخەوە خەڵکێکی زۆر کوژران و برینداربوون. ئینگلیزەکان و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراق، تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد. ئەو بزاڤە گەلییە پتر خوازیاری ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بوو. لەو سەردەمدا هێشتا مەسەلەی برایەتی و دۆستایەتی عەرەب و کورد و یەکێتی کرێکارانی کورد و عەرەب بە شێوەیەکی جیددی نەکەوتبووە بەرباس و تەنانەت باس لەو دروشمانەش نەدەکرا. زۆربەی دروشمەکان باسیان لە ئازادیی و خودموختاریی کوردستان دەکرد و لەژێر کاریگەریی بزاڤ و بزوتنەوەکانی پێشووی کوردستاندا بوون. دواتر بیری پێشکەوتنخواز و چەپ خزایە ناو سیاسەتەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پێکهاتە سیاسییەکان شێوازێکیتریان گرتەبەر و کۆتاییان بە بزاڤی سوننەتیی بارزان هێنا، چونکە حکومەت سەرکردەکانی بارزانی دەستگیر کرد و بارزانییەکانی بۆ سلێمانی دورخستەوە و زەوی پێسپاردن کە خەریکی کاری کشتوکاڵ بن و لە ڕاستیدا ئەوان دیلی حکومەت بوون. تا ساڵی ١٩٤٣ ئەو دۆخە بەردەوام بوو. لەو ساڵەدا مستەفا بارزانی لە بێ ئاگایی مەئمورەکانی حکومەت کەڵکی وەرگرت و لە کوردستان ڕایکرد و دووبارە خۆی گەیاندەوە بارزان. بێگومان ڕاپەرینی ٦ سێپتەمبەری ١٩٣٠ی سلێمانی و شێخ مەحمود بەرزەنجی و ڕاپەرینی بارزان کاریگەریی زۆری کردە سەر هەستی ناسیۆنالیستیی خەڵکی کۆیە و هەولێر و ناوچە کوردنشینەکانی تر.)

سەیر نییە کە قانعی فەرد یان باشترە بڵێم ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بەناوی قانعی فەردەوە لێرە لە بەرامبەر بزوتنەوەی ئازادیخواز و دیموکراتیی نەتەوەی کورددا، لایەنگریی لە بزوتنەوەی چەپ و کۆمونیزم دەکات. مەبەست ئەوەیە کە نەوەی نوێ لە خەبات بۆ بەدەستخستنی مافە نەتەوەییەکانی دوور بکاتەوە. دەزانێت بە دوای هەرەسهێنانی سیستمی سۆسیالیستیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەوروپادا، چەپ و کۆمونیزم لاواز بوون و ناتوانن لە قۆناخی ئێستادا لە ئێران و وڵاتە داگیرکەرەکانی تری کوردستاندا، سەرکەوتن بەدەست بێنن. بەم زانیارییەوە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە هەوڵدەدات، ئەگەرنا کۆماری ئیسلامی دوژمنی سەرەکی و سەرسەختی چەپ و کۆمونیزمە و لە مێژووی ٣٣ ساڵەی حوکمڕانی خۆیدا، هەزاران مرۆڤی خاوەن بیری چەپ و کۆمونیستی بەبێ دادگایی کردن گوللەباران کردوە. ئەوە لەو تاکتیکەی کۆماری ئیسلامی دەچێت کە سەبارەت بە سوننەکانی ئێران بەڕێوەدەبات. لە لایەک لە ئێران بەتوندی هەوڵی خاشەبڕکردنی ئایینی سوننە دەدات و تەنانەت ناهێڵێت نزیکەی سێ ملیۆن مرۆڤی سوننە لە تاران مزگەوتێکیان هەبێت و لەلایەکیتر، لە لوبنان، فەلەستین، ئاسیای باشور و وڵاتانی عەرەبیدا، بە لێشاو یارمەتی سوننەکان دەدات کە دژی دەسەڵاتدارانیان ڕاپەڕن.

ئەم جارەیان قانعی فەرد بە کردنەوەی کەوانەیەک بە ژمارە (٤٢)، لە لاپەڕەی ٨٦ی پاشکۆی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ دا، بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەیەکی ساواک بە دژی شێخ ئەحمەد، مێژووی بزوتنەوەی کورد و هەڵوێست و کردەوەکانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا دەشێوێنێت. لەو ڕاپۆرتەی ساواکدا نوسراوە:

- (شێخ ئەحمەد سەرۆکی ئایینی هۆزی بارزانە. ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ مستەفا بارزانی دژی عێراقییەکان شەڕی کردو شکاو ڕایکردە ئێران و دوای ساڵێک دووبارە گەڕایەوە بۆ عێراق. بارزانییەکان لە شەڕێکدا کە ساڵی ١٩٥٢ دژی عێراق بەڕێوەیان برد، بە تەواوی تێکشکان و شێخ ئەحمەدیان دەستگیر و سێ ساڵیان لە بەسرە زیندانی کرد. ئەو زۆر بەستراوەیی بە ئایینەوە هەبوو و ڕێزی زۆری لە نەریتە ئیسلامییەکان دەگرت و خەڵکی

باکوری عێراقیش لە ڕادەبەدەر باوەڕیان پێی هەبوو. ساڵی ١٩٦٢، لە بروسکەیەکیدا بۆ دەوڵەتی قاسم، دژی کاری تێکدەرانە هەڵوێستی گرت و ئەمەکناسیی خۆی بە دەوڵەت ڕاگەیاند و جنێوی بە حیزبی پارتی دیموکرات دا. لەو ساڵەدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و داوای لە کوردەکان کرد کە لە ڕیزی شۆڕش جیابنەوە کە قاسم بیانبەخشێت، بەڵام ساڵی ١٩٦٣ سەرلەنوێ پاڵی بە مستەفا بارزانییەوە دا. دەوڵەتی عارف نامەیەکی بۆ شێخ ئەحمەد نوسی و پێیڕاگەیاند ئەگەر بەبێ مەرج خۆی بەدەستەوە بدات، دەیبەخشێت کە شێخ ئەحمەد ئەم جارەش هاوکاریی دەوڵەتی عێراقی کرد. شێخ ئەحمەد لە بەرفرانباری ١٩٦٨، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە نەخۆشییەکی درێژخایەن کۆچی دوایی کرد[٣].) (پاشبەندی ٦)

بۆ زانیاریی خوێنەرانی ئازیز، شێخ ئەحمەد سەرەڕای ناردنی هێزێک بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانیی بۆ یارمەتی کردنی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٣١دا، بە نامەیەکیش سەرۆک هۆزەکانی ئاگادارکردەوە کە یارمەتی شێخ بدەن. مەلا مستەفا بە دوو هێڵی "باڵەک"و "دۆڵی پیاو"دا بۆ یارمەتی شێخ مەحمود بەڕێکەوت. هەردوو هێز دوای بڕینی چەند کەمین، خۆیان گەیاندە سلێمانی، بەڵام بینیان ئینگلیزەکان شێخ مەحمودیان لە دەربەندی بازیان بەدیل گرتووە و شۆڕش تێکچووە. مستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ بارزان و لەژێر فەرمانی شێخ ئەحمەددا درێژە بە ژیان و خەبات دەدات. بە نوسینی "عەبدولعەزیز عوقەیلی" لە کتێبی "یەکەم پەلاماری سەربازیی"دا، حکومەتی عێراق بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی R.A.Fی ئینگلیز ڕۆژی ١٩٣٢/٢/١٩ پەلاماری گوندی بارزان و گوندەکانی دەوروبەری دا. لە درێژەی ئەو شەڕەدا کە "عەقید حاجی سڕی ئەحمەد" سەرۆکایەتی دەکرد، ڕۆژی ١٩٣٢/٤/٣ لە گوندەکانی "مامیسک، ژاژۆک، ڤاژی، بیرسیاف، بنی بیاو، کۆرکی و بانی" لە نێوان مێرگەسور و شێرواندا، شەڕێکی سەخت بەڕێوەچوو. لەو شەڕەدا حکومەت جگە لە ژمارەیەکی زۆر بریندار، ٢٥٣ کەسیشی لێکوژرا و ژمارەیەکیش لە لایەن بارزانییەکانەوە بەدیل گیران. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٣٤ی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە سەعید ناکام لە

عەرەبییەوە کردویەتە کوردری، بارزانییەکان ٣٤ بریندار و ١٢ شەهیدیان هەبوو.

لە بەردەوامیی ئەو شەڕ و پەلاماردانانەدا، سەرئەنجام شێخ ئەحمەد و ژمارەیەک خێزانی بارزانییەکان بە هاودەنگی لەگەڵ تورکیا، ڕۆژی ٢١ و ١٩٣٢/٦/٢٢ چوونە ناو خاکی تورکیا، بەڵام حکومەتی تورکیا لە بەهاری ساڵی ١٩٣٣دا شێخ ئەحمەدی گرت و دایەوە بە حکومەتی عێراق. چونکە حکومەتی عێراق ئەوکاتە نەیدەویست سەرلەنوێ بارزانییەکان بە دژی خۆی ڕاپەرێنێت، بە گەرمی پێشوازیی لە شێخ ئەحمەد کرد و بەڵێنی پێدا بارزان و ناوچەکە ئاوەدان بکاتەوە و بە حورمەتەوە شێخ ئەحمەدی ناردەوە بۆ بارزان. دوای ماوەیەک، داوای لە شێخ ئەحمەد کرد سەردانی موسڵ بکات. ئەو چوو، بەڵام لەوێ ڕایانگرت و دواتریش مەلا مستەفایان بەفێڵ کێشایە موسڵ و تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ لەوێ ڕایانگرتن. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و ژمارەیەک لە بارزانییەکانیان گواستەوە بۆ بەغدا. ئەوە هەلێکی باشبوو بۆ شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا کە پێوەندیی لەگەڵ شێخ مەحمود دامەزرێنن، بەڵام حکومەت گومانی لەو پێوەندییە کرد و شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی لە بەغداوە دورخستەوە بۆ بەسرە(٤).

ئەمەش کە قانعی فەرد بەگوێرەی ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی سەردەمی شا "ساواک" ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت شێخ ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣١دا ڕایکردە ئێران و دوای ساڵێک دووبارە گەڕایەوە بۆ عێراق، ڕاست نییە و شێخ ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣١دا نەچووەتە ئێران. جگەلەوە بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٥٢دا بە دژی حکومەتی عێراق ڕانەپەڕیون و شێخ ئەحمەدیش لە ساڵی ١٩٦٢دا، نە بروسکەی بۆ کەریم قاسم سەرکۆماری عێراق ناردوە و نە دژی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەیاننامەی بڵاوکردوەتەوە. ئەو ڕاپۆرتانەی ساواک و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ شێواندنی مێژووی نەتەوەی کورد و بزوتنەوەکانی و بنەماڵەی بارزانی و ئاڵۆزکردنی مێشکی نەوەی نوێ ئامادەکراون. چونکە شێخ ئەحمەد دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی بۆ عێراق، ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٤ گیرا و گواسترایەوە بۆ زیندانی بەسرە و تا

کودەتای چواردەی تەموز لە زینداندا بووە و ڕۆژی ۱۹٥۸/۷/۲۱ لە زیندان ئازاد کراوە.

لە سەردەمی زیندانی بوونیدا، نوری سەعید بەهۆی باوەڕپێکراوێکی خۆی، داوای لێکرد کە نامەیەکی پەشیمانی بۆ "وەسی عەبدول ئیلا" بنوسێ و پشتیوانی خۆی لە حکومەتی بەغدا ڕابگەیەنێت و بەڵێنیش بدات کە پیاوانی هۆزەکەی دڵسۆز بن و داوای بەخشینی گشتیی بکات کە شێخ ئەحمەد وەڵامی دایەوە:

- (دەزانم بڕیاری خنکاندنتان بۆم دەرکردوە. من ئێستا و هەموو کاتێک ئامادەم بەرەوپیری بچم. هیچ لەوانەی کردومن پەشیمان نیم، چونکە ئەوە ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانیی بووە و هەرگیز بەخۆم ڕەوا نابینم کە داوای لێبوردن لە یەکێکی بەکرێگیراوی ئینگلیز بکەم. من داوای لێبوردن لە خوا نەبێ لە کەس ناکەم[٥].)

---

۱- کورد تورک عەرەب، سیسیل جۆن ئیدمۆندس، وەرگێڕانی حامید گەوهەری لاپەڕەی ,٥٠۸

۲- دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هۆزی بارزان، محەمەد عەلی سوڵتانی، سازمان اسناد و کتابخانەی میلی جمهوری اسلامی ایران، تارا، ۱۳۸۳.

۳- چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک، بەرگی یەکەم، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، لاپەڕەی ۹٦.

٤- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ۱۹۳۱- ۱۹٥۸، مەسعود بارزانی، وەرگێڕانی سەعید ناکام لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، چاپخانەی خەبات، دهۆک ۱۹۹۸.

٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ۲۱۱.

# فـەسڵـی دووەم

## دەرچوون لـە یـەکـەم ئـەزموون
## ١٩٤٠ -١٩٤٨

## دەرچوون لە یەکەم ئەزمون ١٩٤٨- ١٩٤٠

فەسڵی دووەمی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، لە لاپەڕەی ٩٨ وە دەست پێدەکات و لە لاپەڕەی ٢٩٩ کۆتایی دێت و ٢٠١ لاپەڕەیە. لەو ژمارەیە، ١١ لاپەڕەی بۆ گێڕانەوەی وتەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی تەرخان کراوە و ١٩٠ لاپەڕەی، ڕاپۆرتی ساواک و ڕوکنی دووەم و گێڕانەوەی وتەی بە ڕواڵەت کەسایەتی جۆراوجۆر و عیسا پژمانە.

مام جەلال لەو ١١ لاپەڕەیەدا باس لە سەردەمی منداڵیی و مێرمنداڵیی خۆی دەکات و دەڵێت بە بەردەوامی لە ماڵیاندا باسی سیاسەت کراوە. دەنوسێت لەبیرمە سەربازە ئینگلیزەکان هاتن بۆ کۆیە و دەڵێت دوو ڕووداوی گەورە و گرنگ لە دەیەی چلدا، کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر بیر و مێشکم. یەکێک لەوانە ڕاپەرینی بارزان بووە لە ساڵی ١٩٤٥دا. ئەوکاتە مام جەلال لە پۆلی پێنجەمەوە چووە بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی و تەمەنی ١٢ ساڵ بووە.

ڕووداوە گرنگەکەی‌تر، دامەزرانی کۆماری کوردستان بووە لە مهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد کە قانعی فەرد لە نوسینەکانیدا، بە کۆماری مهابادی دەناسێنێت. مام جەلال لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:

**- (بەرلە بیستنی ناوی قازی محەمەد، ناوی یەکێتی سۆڤیەت و ڕوسیای مەزنم بیستبوو وەک پشتیوانێکی کوردان و لەو بارەیەوە شیعری هێمن و هەژار، کاریگەریی زۆریان لەسەر ئێمە هەبوو.....)** ئەم جارەیان دەڵێت:

**- (شاری کۆیە لە مێژووی سەردەمدا پێوەندییەکی تایبەتی هەبوو بە شاری مهابادەوە و بە تێکچوونی کۆماری مهاباد زۆر نارەحەت بووم و کاتێک پێشەوا قازی محەمەدیان لە سێدارەدا، گریام و دەمگوت خۆزگە قازی محەمەد لەگەڵ بارزانی مهابادی بەجێدەهێشت.)**

دواتر پەنجە بۆ سەردەمی مێرمنداڵیی خۆی ڕادەکێشێت و دەڵێت: **(زۆرم پێخۆشبوو کە باش فێری زمانی عەرەبی بم و دەڵیت لە خوێندندا بە بەردەوامی پێشبرکێم لەگەڵ هاوتەمەنەکانم دەکرد و لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ ناوی: وریا عەلی کانی مارانی، جەمیل خۆشناو، فەوزی عومەر و جەلال تاهر دەکات و دەڵێت هەمیشە چاودێر "موبسر- مراقیب"ی پۆلەکەمان بووم.)**

سەبارەت بە هونەرمەندان دەڵێت: **(گوێم بۆ دەنگی گۆرانیبێژە ناسراوەکانی عەرەب، وەک عەبدولوەهاب، نازم غەزاڵی، ئومولکولسوم، زوهیر حوسێن و سەباح ڕادەگرت.)**

مام جەلال لەم بەشەشدا وەک بەشی یەکەمی دوای ٦٠ ساڵ، وتەکانی لە دەوری بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی و مێرمنداڵیی و لاوییەتی دایە و خۆ لە باسی سیاسیی و سیاسەت نادات.

قانعی فەرد ١٩٠ لاپەڕەکەی تری ئاوێتەی سیاسەت کردوە و جگە لە ئاماژە کردنێکی کورت، دەربارەی ئەندام بوونی مام جەلال لە ئەنجومەنی خوێندکارانی خوێندنگە KPX و بە ئەندام وەرگیرانی لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا و وەرگرتنی دیپلۆم و گیرانی و دورخستنەوەی بۆ موسڵ و چوونی بۆ زانکۆی یاسا، لە لاپەڕەکانی تردا بە ویستی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری قازی محەمەد، شێخ ئەحمەد، مستەفا بارزانی و بنەماڵەی بارزانی دەدات. درۆیان بۆ هەڵدەبەستێت و مێژووی بزوتنەوەکانی کوردستان دەشێوێنێت.

لە لاپەڕەی ١٣٨ ی دوای ٦٠ ساڵ دا، قانعی فەرد پەنجە بۆ ئاڵۆزبوونی سنوری دەستکردی باکوری کوردستان لە مانگی ژوئینی ساڵی ١٩٤٣ ڕادەکێشێت و دەنوسێت:

**- (هەرچەندە تورکیا لە ژوئینی ١٩٤٣، لە هێڵی سنوری ڕۆژهەلاتیدا لەگەڵ ئاڵۆزیی و ڕاپەڕینی کوردەکان ڕووبەڕوو بۆوە کە شێخ سەعید بیرۆکی "خەنسی - نوسەر" لە کوردە خەباتکارەکانی تورکیا سەرۆکایەتی دەکرد و بە یارمەتی مستەفا بارزانی هێزێکی گەورەی پۆلیسی عێراقی لە هێڵی سنوردا کوشت، بەڵام تورکیا توانی بەپەلە هۆزە سەربزێوەکان سەرکوت بکات و بیرۆکی یان بیرۆخ دەستگیر بکات.)**

ئەو نوسینەی عیرفان قانعی فەرد جگە لەوەی مستەفا بارزانیی و بارزانییەکان هاوکاریی شێخ سەعیدیان کردوە لە بزوتنەوەی باکوری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٢٥دا، نەک ساڵی ١٩٤٣، ئەوانیتری ڕاست نین و بە مەبەست تۆمارکراون. لە وەرگێڕانی کتێبی "کوردەکان"دا[1] ئاماژەم بۆ ڕاپەڕینی شێخ سەعید کوڕی عەلی ئەفەندی خەنسی، ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی لە باکوری کوردستان کردوە و ڕووداوەکەی بەم جۆرە بووە:

- ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران بە تێکهەڵچوونێک دەستی پێکرد کە ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٨ لە ماڵی عەبدولرەحمانی برای شێخ سەعید لە گوندی پیران لە باکوری کوردستان سەریهەڵدا. لەو تێکهەڵچوونەدا دوو ئەفسەری تورک بە ناوەکانی "حەسەن حوسێن ئەفەندی" و "مستەفا عاسم" و ١٥ ژاندارمی تورکیا کوژران.

دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرکوتکردنی هێزی پێشمەرگەی کورد لە لەشکرەکانی ٢ و ٣ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٧ی پیادە و لەشکرەکانی ١ و ١٤ ی سوارە و گوردانەکانی ٣ و ٤ ی ژاندارمە و بەشێک لە لەشکرەکانی ٧ و ٩ و ١٤ ی پیادە و هێزی هەوایی کەڵکیوەرگرت. بەپێ ڕاگەیاندنی "ئیسماعیل هاکی" یەکێک لە بەشداربووانی بزووتنەوەکە، ژمارەی هێزەکانی دوژمن ٢٠٠ هەزار چەکدار بوون.

دەوڵەتی فەرەنسا بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزوتنەویە، دەستی بەسەر سوریادا گرت و ڕێی بۆ سوپای تورکیا خۆشکرد کە بە خاکی سوریادا گەمارۆی کوردەکان بدات. جگە لەوە، دەوڵەتی تورکیا ٨٠٠٠ لیرەی تورکی بۆ گرتن، یان کوشتنی شێخ سەعید تەرخان کرد. شێخ سەعید، شێخ عەبدوڵڵا، شێخ غالب، ڕەشید ئاغا، محەمەد ئاغا، تەیمور ئاغا و ٢٦ کەسی تر، بەهۆی خیانەتی یەکێک لە ئەندامانی بزووتنەوەکە بەناوی "قاسم جبرانلی"، لەسەر پردی "موراد چایی" بەدیل گیران.

دەوڵەتی تورکیا ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٣٠، شێخ سەعید و ٤٦ کەس لە سەرکردە کوردەکانی لە شاری دیاربەکر لە سێدارەدا.

مەودای نێوان لە سێدارەدانی شێخ سەعید، واتە ١٩٢٥ تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٤٣ کە قانعی فەرد ئاماژەی بۆ دەکات، دەبێتە ١٨ ساڵ و شێخ سەعید ناتوانێت ١٨ ساڵ دوای شەهیدبوونی، دژی حکومەتی تورکیا ڕاپەرێت. هەروەک گوتم ئامانجی قانعی فەرد لەو نوسینە، شێواندنی مێژووی ڕووداوەکانی کوردستانە.

لە لایەکیتر، عیرفان قانعی فەرد لە لاپەڕەی ١٤٢ ی دوای ٦٠ ساڵدا، بە ڕاشکاوی سوکایەتی بە سەرۆک مستەفا بارزانی دەکات و دەڵێت تەنانەت بە مەلا ناوبردنیشی، زوڵمێکە لە مافی ڕوحانییەتی سوننە دەکرێت و دواتر لە زاری عیسا پژمانی تاوانبارەوە دەنوسێت:

**- (ئیدارەی دووەمی سوپای ئێران زانیاریی تەواوی هەبوو لەوەی بارزانی لەو سەردەمدا پێوەندیی بە سەرهەنگ ئیدمۆندس نوێنەری ئینگلیزەکان لە سلێمانی گرتووە و دواتر سیخوڕی بۆ ئینگلیزەکان کردوە.)**

ئەو درۆیە بە ڕادەیەک بێشرمانەیە کە بۆ هیچ کوردێکی بەشەرەف قەبووڵ ناکرێت، چونکە لە ساڵی ١٩١٤ وە تا ساڵی ١٩٥٨ کە عێراق لەژێر دەستی ئینگلیزەکاندا بوو، "سیسل جۆن ئیدمۆندس" کارگێری سیاسیی سوپای ئینگلیز لە عێراق و لە کوردستان تەنانەت بۆ یەک جاریش، چاوی بە مستەفا بارزانی نەکەوتووە. ئیدمۆندس بەشداریی هیچ شەڕێکی ناوچەی بارزانی نەکردوە و بەرپرسی ناوچەی بادینانیش نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیدمۆندس لە کتێبەکەیدا "کورد تورک عەرەب" کە من وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، لە هیچ جێیەکدا ئاماژەی بۆ ناوی مستەفا بارزانی نەکردوە، بەڵام بە ڕاشکاویی ناوی هەموو ئەو کەسانەی نوسیوە کە هاوکارییان لەگەڵ کردوە.

قانعی فەرد بەمەبەست و بۆ پێچەوانەکردنی ڕووداوی بزوتنەوەکانی کورد لە باشور و باکوری کوردستان، لە لاپەڕەی ١٣٩- ١٤٢ دا دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی بارزان و باس لە ڕاکردنی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانی و گەڕانەوەی بۆ بارزان دەکات بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و دژی دوو ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز و هێراڵد تریبۆن" دەوەستێت کە مستەفا بارزانییان بە شەڕکەر و پاڵەوان ناساندوە. لەم بارەیەوە وتەی عیسا پژمانی تاوانبار بە نمونە دەهێنێتەوە و دەڵێت: **(باس لە پاڵەوانیی و ئەفسانە بوونی بارزانی لە یارییە سیاسییەکاندا درۆیە. دەزگا ئەمنییەکانی عێراق و ئێران هیچ زانیارییەکیان لەسەر کەسایەتی و گەورەیی ئەو نییە.)**

محەمەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی مێژوویی هۆزی بارزان، وەڵامی قانعی فەرد و فێرکراوەکانی دەداتەوە و دەنوسێت: **(مستەفا بارزانی پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو. زمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی باش دەزانی و ئاشنایی لەگەڵ زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی هەبوو. کەسایەتییەکی دروستکار و ڕاست بێژ بوو. بەبێ پێچ و پەنا و بە ڕاشکاوی قسەی دەکرد. باوەڕی زۆری بە نەتەوەکەی هەبوو. تێگەیشتوو و**

**بە مەنتقەوە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبووەوە و تا ئەو جێیەی بۆی بکرایە، دەیویست کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکات.[٢])**

لە ڕاستیدا ساواک، ڕوکنی دووەم و پیاوەکانی وەک عیسا پژمان، تا مستەفا بارزانی لە ژیاندابوو، دوژمنایەتی ئەویان کرد و ساتێک لە دژایەتی کردنی نەوەستان. بەدوای کۆچی دوایی کردنیشیدا ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و قانعی فەرد و دوژمنانی نەتەوی کورد، دوژمنایەتی ڕێبازی بارزانی دەکەن. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی بە یارمەتی گەیاندن بە بزوتنەوەکانی شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران، سیستەمی بزوتنەوە ناوچەییەکانی کوردستانیان بەرەو سیستەمی بزوتنەوەی گشتی و سەرتاسەریی کوردستان برد کە گرێدانی ئەو بزوتنەوانە بە یەکتر بە قازانجی داگیرکەرانی کوردستان نییە و دەبێت دژایەتی ئەو بیرە بکەن کە داهێنەرەکەی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی بوون.

دواتر لە لاپەڕەی ١٥٣ی دوای ٦٠ ساڵ، قانعی فەرد دەنوسێت:

**- (لە ساڵی ١٩٤٤دا ئیبراهیم ئەحمەد لە ئیسماعیل حەقی شاوەیس و ... دەبیسێت کە کۆمەڵەی ژێکاف لە کوردستانی ئێران دامەزراوە و نامەیەکی لەلایەن قازی محەمەدەوە لە مهاباد دەدەنێ. ئیبراهیم ئەحمەد و قازی محەمەد بەڕێگای نامە گۆڕینەوە، پێوەندی پێکەوە دەکەن و دواتر کۆمەڵە بە هاوکاریی ئیبراهیم ئەحمەد، لقی خۆی لە سلێمانی دامەزراندوە.)**

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ڕۆژی ١٩٤٢/٨/١٦ دامەزراوە، نەک ساڵی ١٩٤٤. بەرلە بە ئەندام وەرگرتنی قازی محەمەد، کۆمەڵە دوو لقی لە سلێمانی و هەولێر هەبوو. عوسمان دانیش لە سلێمانی و محەمەدی مەلا عەلی لە هەولێر بەرپرسی ئەو لقانە بوون. ئیدارەی ناوەندیی کۆمەڵە ناوی ئەو دوو ئەندامانەی خۆی لە نامەیەکدا بە ئیمزای عەبدولرەحمان زەبیحی مودیری بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە، بە مێژووی ١٩٤٤/١٢/٢٣ ئاراستەی سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز کردوە.[٣]

هەروەها کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پێوەندیی بە مەلا مستەفا بارزانیی و ڕەفیق حیلمییەوە هەبووە. ئیدارەی ناوەندیی کۆمەڵە لە نامەیەکدا بە مێژووی ١٩٤٤/١٢/٥ بۆ سەرکۆنسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لە

تـەوریز، ئامـاژە بـۆ پێوەنـدیی کۆمەڵـە لەگـەڵ ڕەفیـق حیلمـی دەکـات و لـە نامەیـەکی تریشـیدا لـە ئۆکتوبـەری سـاڵی ١٩٤٣ دا بـۆ مسـتەفا بـارزانی، پشـتیوانی لـە شۆڕشـی بـارزان دەکـات. جگەلـەوە هاشـمۆف سەرکۆنسـوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە راپۆرتی ١٩٤٥/٣/١٨یدا دەنوسێت:

**- (چالاکییەکانی ژێکاف لە کوردستانی عێراق لەژێر دەستی مەلا مستەفا دایە.[٤])**

جگەلەوە، ئیدارەی ناوەندیی کۆمەڵە، لە گۆڤاری نیشتماندا، بـە خـەتێکی درشت نوسیویێتی: **(ئـەم جەنگـەی سـەروکی گـەورەی کـورد "مـەلا مسـتەفا بارزانی" هەلیآیبساندووە اختلالیکی میللی کوردە.[٥])** (پاشبەندی ٧)

لەبەر ئەوە نوسینی قانعی فەرد سەبارەت بە گۆڕینـەوی نامە لەنێوان پێشەوا قازی محەمەد و ئیبراهیم ئەحمەددا و هەروەها دامەزراندنی لقی کۆمەڵەی ژێکاف لە سلێمانی، لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە ڕاست نییە. ئەگەر قازی محەمەد پێوەندی بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە گرتبا، ناوبراو لە نوسینەکانیدا ئامازەی بۆ دەکرد و ئەوە ئیدعایەکی ناڕاستە.

قـانعی فـەرد لـە لاپـەڕەی ١٦٠ی کتێبـی دوای ٦٠ سـاڵ دا، ئامـاژە بـۆ پەیامێکی مستەفا بارزانی بۆ گەلی کورد دەکات و دەنوسێت بارزانی لە پەیامەکەیدا بۆ خەڵک لە ساڵی ١٩٤٥ دا دەڵێت: **(من دژی عـەرەب، فـارس و تورک شەڕ ناکەم، هەموویان برای ئێمەن. من دژی ئەو دەوڵەتانە شەڕ دەکەم کە دوژمنی منن و زوڵم لە ئێمە دەکەن.)**

ئەم جارە قانعی فەرد ئاماژە بۆ هێرشی فرۆکە شەرکەرەکانی عێراق و ئینگلیز بۆسەر گوندەکانی ناوچەی بارزان و وێران کردنیان دەکات و دەنوسێت حکومەتی تورکیاش لە سنورەکان نزیک بۆوە. هەرلەو لاپەڕەیەدا بە روونی پەنجە بۆ پاشەکشەی بارزانی ڕادەکێشێت و دەنوسێت: **(حکومەتی عێراق لە سێپتەمبەری ١٩٤٥، داوای یارمەتی لە هۆزە کوردەکان کرد کە دژی بارزانی، هاوکاریی حکومەت بکەن. بارزانی لە باشور و ڕۆژهەڵات و باکوری تورکیاوە، هەستی بە هەڕەشە کرد و خۆی لە داودا بینی. بەرلەوەی کە کات بە فیڕۆ بدات، هەوڵیدا هێڵی بەرەی شەڕ بشکێنێ و لە سەرەتای ئۆکتوبەردا ڕابکات بۆ ئێران و خۆ بگەیەنێتە مهاباد. لە ڕاستیدا حەمدی پاچەچی لە جیاتی نوری سەعید لەژێر**

کاریگــەریی ئینگلیــزدا، بڕیاریــدا بــارزانی لــە گۆڕەپــانی هاوســەنگییە سیاسییەکانی کوردستان پاک بکاتەوە.[٦])

دواتر دەڵێت: (هەردوو لایەنی کورد و حکومەت دەستیان کرد بـە هێـرش. گروپێـک بـە فەرمانـدەیی ئەفسـەرە کوردەکـان لـەژێر نـاوی "ئـازادی" و گروپێکی ناوچەیی. مستەفا بارزانی فەرماندەیی هـەردوو گروپـی دەکـرد. لیژنەی ئازادی لقی کۆمەڵەی هیوا بوو کە بـارزانی سـەرۆکایەتی دەکـرد. میرحاج، نوری ئەحمەد تەها، عیزەت عەزیز، مستەفا خۆشناو و محەمـەد مـەحمود قودسـی و... لـەو لیژنەیـەدا بـوون. ڕاپـەرینی ١٩٤٥ی بـارزان جیـاوازیی هـەبوو لەگـەڵ ڕاپـەرینی شـێخ ئەحمـەد لـە سـاڵی ١٩٣١ دا. داخوازی شێخ ئەحمەد لەوکاتەدا، پاراستنی دەسەڵاتی هۆزی بارزان بـوو لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەم جارەیان بارزانی داوای سەربەخۆیی کوردەکانی دەکرد و هەرچەندە شێخ مەحمودیش ئەو ئامانجەی هەبوو لە چوارچێوەی ناوچەکەیـدا. ڕاپـەرینی بـارزان بـۆ یەکـەم جـار پشـتگیریی حیزبـە نەتەوەییەکانی بەرەو خۆی ڕاکێشا و سیمای ناسیونالیزمی هەبوو، بـەڵام هەڵسوکەوتی عەشیرەتەکانی تر بوونە هۆی شکانی.[٧])

لە کۆتایی ئەو نوسینەیدا قانعی فەرد دەڵێت:

- (لـە ١٠ی ئاگۆسـتی ١٩٤٥ دا، سـەرلەنوێ لـە بـارزان خـوێن ڕژا. لـە ڕۆژی١٩٤٥/٤/١٠ دووبـارە بارزانییـەکان ڕاپـەرین و چەنـدجار لـەنێوان ئینگلیزەکان بە سەرۆکایەتی "میجەر" و کاپیتان "ستاک" دا تێکهەڵچون ڕوویدا. ئینگلیزەکان دەیانویست بارزانی لە شەڕی چەکدارانە دورکەنەوە و بچێتـە ناوچەیـەکی دەرەوەی کوردسـتان کـە بـارزانی قەبـووڵی نـەکرد. دەوڵەتی عێراقیش ویستی بـە شێوەیەکی جیددیتر بـەرەنگاری بـارزانیی بێتـەوە. جـەنگ دەسـتی پێکـرد و هێزەکـانی عێـراق بـە فڕۆکـە پـەلاماری ناوچەی بارزانیان دا و سوپای عێراق بە پشتیوانی هێزی هەوایی ئینگلیز و دەرەبەگە کوردەکانی لایەنگری حکومەت، هێرشیان کردە سەر بارزان و بارزانی کوردستانی بەجێهێشت.[٨])

قانعی فەرد لە لاپەڕەی ١٦٩ ی دوای ٦٠ ساڵ دا دەڵێت:

- (لە ئەنجامی ئـەو شـەڕ و پێکدادانـەدا، بـارزانی ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/٧ لـە سنور پەڕییـەوە و گەیشـتە ئێـران و تێکـەڵاوی ڕووداوەکـانی مهابـاد بـوو. تەنانەت یەکێک بوو لە کەسانی بە نفوزی بزاڤی نوێی مهابـاد. نوێنـەری

ساواک لەم باوەڕە دایە کە لە سەرەتادا چەند ئەفسەری کورد چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە بارزانیی لە نافەرمانیی و چەتەگەرییەوە بەرەو بزووتنەوەی حیزبیی پاڵ پێوەنێن، بەڵام بەهۆی کاروانێکی ڕەوانەکراو بۆ باکوری عێراق گیران و لە ناوچەی باکوردا گوللەباران کران.)

لە درێژەی نوسینەکەیدا ڕادەگەیەنێت: (بە دروستی لەوکاتەدا کە هێشتا حکومەتی کوردستان ڕانەگەینرابوو، بارزانی و هێزەکانی لەلایەن هێزەکانی هەوایی ئینگلیزەوە هێرشیان کرایەسەر و هەرلەو ساڵەدا حکومەتی عێراق ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١٣ ڕایگەیاند کە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی ڕایانکردە ئێران و حکومەت هێرشەکانی وەستاند.)

هەروەکوو ئاماژەم بۆ کرد ئامانجی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تێکەڵکردنی هەندێک ڕووداوی ڕاست لەو نوسینەدا، هەڵبەستنی تاوانی بێشەرمانەی دز و چەتەیە بۆ مەلا مستەفا بارزانی کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو ئازادیی، بەختەوەریی، ڕزگاریی و کۆتاییهێنان بە زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی بەختکردوە. هەروەکوو خوێنەرانی بەڕێز دەزانن دەستەواژەی چەتە کە ئەمڕۆ لەلایەن قانعی فەردی خۆفرۆش و بێویژدانەوە بەکار دەهێنرێت، پێشتر لە سەردەمی ڕژێمی گۆڕکراوی پەهلەویی و دەزگاکانی "ساواک و ڕوکنی دووی سوپای ئێران"، بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەباتکارانی کورد بەکار دەهێنرا کە بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای نەتەوەی خۆیان خەباتیان دەکرد و ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران بە پەیڕەویی کردن لە ڕژێمی کۆنەپەرستی پەهلەوی، دەستەواژەی چەتە بۆ خەباتکارانی بەشێک لە هەرێمەکانی ئێران، بەتایبەتی هەرێمی سیستان و بلوچستان بەکار دەهێنێت. ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە، پاکانە کردنە لە تاوانی مرۆڤکوژانی سوپای پاسداران و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی، بەڵام بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ خەباتکارانی ماندوویی نەناس کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەیان بەختکردوە و بە شاهیدیی مێژوونوس و ڕۆژنامەنوسانی ڕاستینی سەردەمی خۆی و ئێستای جیهان، بە خەباتکارانی مەزن و

کۆڵنەدەر دەناسرێن، تاوانێکی گەورە و پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچاوانی نوسەر و بڕیاردەرانی.
قانعی فەرد بە پلانی ئاغاکانی، وتەی نوێنەرانی ساواک دەگێڕێتەوە کە گوایە چەند ئەفسەری کوردی سوپای عێراق چوونەتە لای پارتی دیموکراتی کوردستان کە بارزانیی لە نافەرمانیی و چەتەگەرییەوە بگێڕنەوە سەر ڕێگای کاری حیزبی!!! لە حاڵێکدا نە ئاماژە بۆ ناوی ئەو ئەفسەرانە دەکات و نە مێژووی کوژرانیان. بێئاگا لەوەی کە لەو سەردەمەدا هێشتا پارتی دیموکراتی کوردستان دانەمەزرابوو. ئەو ئەفسەرانەی کە ساڵی ١٩٤٥ لە سوپای عێراق ڕایانکرد و پاڵیان بە بارزانییەوەدا، لەو لیژنەیەدا بوون کە بارزانی بەناوی پارتی ئازادی "لیژنەی ئازادی" دایمەزراند و سەرۆکایەتی کرد. ئەوان تا دواکاتی ژیانیان پشتی سەرۆک و نەتەوەی خۆیان بەرنەدا و سەرئەنجام چوار لەو ئەفسەرانە بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەیان بۆ عێراق، لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی "فەیسەڵ"ەوە لە سێدارە دران.

عیرفان قانعی فەرد بە جۆرێک ڕووداوە مێژووییەکانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵی شێواندوە کە هەر خوێنەرێکی وردبین بە ئاسانی دەتوانێ لەو نوسینانە بە دژی خۆی و مام جەلال کەڵکوەرگرێت کە ئەوەش یەکێکە لە ئامانجەکانیان کە کێشە بخەنە ڕیزی نەتەوەی کورد و دوژمنایەتیان لەناودا پێکبهێنن. بۆنمونە لە نوسینەکانی پێشوتریاندا بەناچاریی ڕایانگەیاند:

**- (بارزانی ناوبانگی دەرکرد و توانی بزوتنەوەی عەشیرەتی و ناوچەیی بەرەو خەباتی ڕزگارییخوازانەی نەتەوەیی بەرێت و بە دامەزراندنی لیژنەی ئازادی و داواکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان بزوتنەوەی عەشیرەتی بەرەوە خەباتی حیزبایەتی و بەکۆمەڵ و خاوەن پرۆگرام پاڵپێوەنا.)**

ئەوان لە لاپەڕەی ١٦٣ ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ دا، باس لە دامەزرانی لیژنەی ئازادیی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانیی دەکەن و لە هەمانکاتدا هەوڵدەدەن بەهێنانی ناوی ڕێبەری کۆمەڵەی هیوا ڕۆڵی بارزانی لەو دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە کەم ڕەنگ نیشان بدەن.

لە ڕاستیدا مستەفا بارزانی لە شۆڕشی بارزاندا بیری لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ ڕێبەریی کردنی بزوتنەوەی کورد کردەوە تا بە ڕێگەی حیزبی سیاسیی و بڕیاردانی بەکۆمەڵ و بە پلان و بەرنامە، داکۆکیی لە نەتەوەی کورد بکات و بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەوڵبدات. لە ئەنجامدا بە بەشداریی عیزەت عەبدولعەزیز ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی ئامێدیی، مستەفا خۆشناو ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی بێتواتە، عەبدولحەمید باقر ئەندامی عەشیرەت خەڵکی خانەقین، محەمەد مەحمود قودسیی ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی سلێمانیی، ئەحمەد ئیسماعیل خەڵکی هەولێر، شەوکەت نوعمان خەڵکی ئامێدیی، حەفیزوڵا ئیسماعیل خەڵکی ئاکرێ، ڕۆژی ١٩٤٥/١/١٥ "پارتی ئازادی"ی لە گوندی بارزان دامەزراند کە بەناوی لیژنەی ئازادیی ناوبانگی دەرکرد.(٩)

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی بارزان دانەمەزراوە کە ئەو ئەفسەرە خەیاڵییانە گوللەباران بکات کە قانعی فەرد جاسوسی ئیتلاعات و جاسوسەکەی تری ساواکی شا باس لە گوللەباران کردنیان دەکەن لە کوردستانو هەتا ئێستا هیچ کەس و لایەن و تەنانەت حکومەتی عێراقیش ئاماژەی بۆ دیاردەیە نەکردوە.

لە درێژەی شێواندنەکانیاندا لە لاپەڕەی ١٧١ دا دەڵێن: **(قازی محەمەد بەناچاریی پێشوازیی لە بارزانی کرد و بە هاوپەیمانی خۆی وەریگرت و لە باشوری ڕۆژهەڵاتی مهاباد نیشتەجێی کرد و هەڤاڵانی لە مهاباد هێشتەوە. قازی محەمەد نەیدەتوانی کارێکیتر بکات، چونکە لەگەڵ کارێکی بە ئەنجام گەیشتوو ڕووبەڕووی ببووەوە.)**

بە پێچەوانەوە، قازی محەمەد پێشوازیی لە بارزانی نەکردوە. لە ١٩٤٥/١٠/١١دا کە بارزانییەکان بە ڕێگەی کێلەشین، مەرگەوەڕ و چیای دالانپەردا خزانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تازە خەریکبوو قازی محەمەد بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەربگیرێ و سەرۆکایەتی کۆمەڵەی پێ بسپێرن. لەبەر ئەوە حوسێن فروهەر "زێڕینگەران" سەرۆکی ئەوکاتەی کۆمەڵە بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ژێکاف چوو بۆ شنۆ و لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵە و دانیشتوانی ناوچەکە، بەگەرمی پێشوازییان لە مستەفا بارزانیی و هەڤاڵانی کرد.

هەروەها بارزانی لە باشوری ڕۆژهەلاتی مهاباد نیشتەجێ نەبوو، بەلکوو لەگەڵ چەند پێشمەرگە لە گوندی "نێرکێ" لە ناوچەی تەرگەوەر دابەزی کە فەرماندەی سوپای سۆڤیەتی لێبوو. بە تەنیا شێخ ئەحمەد و چەند پێشمەرگە لە مهاباد بوون و هەڤالانیتری بارزانی لە ناوچەکانی شنۆ، تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەوروبەری نەغەدە نیشتەجێ بوون.(١٠)

قانعی فەرد لە لاپەڕەی ١٨٤- ١٨٥ی دوای ٦٠ ساڵدا دەنوسێت:

- (ناتوانین ڕۆڵی بارزانی لە پێکهاتە و پەیکەری دامەزراندنی کۆماری مهاباد لەبەرچاو نەگرین. کاتێک کۆماری مهاباد دامەزرا، هێزەکانی بارزانی هاوبەشییان تێداکرد و ستونی ئەسڵی هێزی سەربازیی مهابادیان پێکهێنا. دەکرێ بڵێین بارزانی بەرلە ڕۆیشتنی بۆ ڕوسیا، ڕۆڵی گرنگی لە مەسەلەی بەرگریی سەربازیی مهاباددا گێڕا. بارزانی و ئەو ژمارەیەی کە لەگەڵ ئەو لە عێراق ڕایانکردبوو، هەرچەندە بەشدارییان کرد لە سوپای کۆماری مهاباد، بەڵام دواتر بارزانی بەبێ ئاگاداریی قازی محەمەد، بە بەرگی سەربازیی و پلەی ژەنەڕاڵییەوە چوو بۆ سەربازگەی ڕوسەکان لە تەورێز و بە کردەوە قازی محەمەدی فریودا و خیانەتی پێکرد. بەڵگەنامەکانی ڕوکنی دووەمی سوپای ئێرانیش ئەم وتەیە دەسەلمێنن کە بارزانی بەهۆی ئێرەیی کردنی زیادە لە ڕادە بە پێشەوا، لەمپەری دەخستەبەر کار و بەرنامە و پێوەندیەکانی لەگەڵ ئێرانییەکانی دەرەوەی کۆماری مهاباد و دژی قازی محەمەد سیخوڕی دەکرد و هەواڵی ناڕاستی بڵاودەکردەوە.)

مەبەستی تێکدەرانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شیوەیەکی زەق لە دێڕ دێڕی ئەم نوسراوانەدا، بە قەڵەمی قانعی فەردی خۆفرۆش دەردەکەون. ئامانجی ئەو تێکدەرانە، چاندنی تۆوی تووڕەییە لەناو لاوانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بە دژی مستەفا بارزانی و لە ڕاستیدا بە دژی فیدرالیەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، کوڕی بارزانیی گەورە کە بەهاوکاریی و هاوپەیمانیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە و بە بەردەوامی لە بەرەوپێشچوون دایە بۆ دانپێداهێنانی جیهان بە ماف و ناسنامە و دەسەلاتی کورد، چونکە نەتەوەی کورد بە ٣٠-٤٠ ملیۆن نفوز و زیاتر لە نیو ملیۆن خاک و سەرچاوەی دەوڵەمەندی

سەروشتی سەرئەنجام بە سەربەخۆیی دەگات و دەستی داگیرکەران و تاڵانچیان و مرۆڤکوژان، یەکێک لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتەکەی کورت دەکاتەوە.

بەرجەستە بوونی ڕۆڵی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە بوارەکانی سیاسیی، فەرهەنگیی و سەربازیی لە کۆماری کوردستاندا لە کەس شاراوە نییە. لەم بارەیەوە دەیان بەڵگە هەیە، بەڵام بارزانییەکان ڕۆڵی گرنگیان نەبوو لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا.

مستەفا بارزانی بۆ ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمار بانگهێشتکرابوو. دوای کۆتایی ڕێوڕەسمەکە، گەڕایەوە نێرگێ و لەوێوە چوو بۆ شنۆ و لەوێ نیشتەجێ بوو. دوای گەڕانەوەی، قازی محەمەد داوای لە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی کرد، لە بەرامبەر ئەو یارمەتیانەدا کە ڕوسەکان بە کۆماری ئازەربایجانی دەکەن، ئێوەش بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا کە ڕەنگە بە دوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە کوردستاندا سەرهەڵبدەن، وەرن و پاڵپشتیی کۆماری کوردستان بکەن. بارزانی لە بەرامبەردا بە چەند پێشنیاز، ئامادەیی خۆی و هێزەکەی بۆ هاوکاریی ڕاگەیاند. دوای هاودەنگیی کردنی پێشەوا و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ پێشنیاز و داخوازییەکانی بارزانی، مەلا مستەفا ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٨ بە شێوەیەکی ڕەسمیی گەڕایەوە بۆ مهاباد و لە لایەن ڕێبەرانی حیزبیی و حکومەتی کۆماری کوردستانەوە پێشوازیی کرا. ڕۆژنامەی کوردستان دەربارەی هاتنی بارزانی بۆ مهاباد نوسی:

اخبار نیو خۆمان مەلا مصطفی بارزانی

جنابی آغای مەلا مصطفی قائدی کوردی بارزان **روژی ٩-١٢-١٣٢٤** ساتی ٥ پاش نیوەرو واردی مهاباد بو. وەختی گەیشتە نیو باغان ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی پیشوازیان لی کرد وەختی جنابی مەلا مصطفی لە چومی پەریوە بە احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتە دا کمیتەی مرکزی هەنگاویان توندتر کرد و لە قەراغ چومی پیک گەیشتن، برای خوشەویست صدیق حیدری مراسمی بەخیر هاتنی بە جی هینا و

هەمو اندامەکانی کمیتەی مرکزی بە مەلا مصطفی ناساند و ئەویش دەستی لە نیو دەستی هەموان نا و لە نهایتی خوشی دا بو کانگای حزبی دیموکرات هاتن و لە سالونی انجمنی فەرهەنگی دانیشتن و لە ساتی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان بە پی [ القادم یزار] تشریفی بو کانگا هاتوو ملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرمو، لەو وەختە دا محمد افندی خطاب بە حضرتی پیشوا خطابیک کە وینەی احساساتی قلبی مەلا مصطفی بو کە خصوص خو دە پیناو نانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە ریی سەربەستی کوردستان خویندەوە و جنابی پیشواش وەلامی دانەوە و ئەوانی بی اندازە بە حکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد، پاشان حضرتی پیشوا تشریفی بردە سالونی تایبەتی خوی ئەنجا مەلا مصطفی بە حضوری شرفیاب بو و ماوەی دو سات پیکەوە خەریکی گفتوگو بون. مەلا مصطفی پیاویکی سیاسی و زعیمی کوردی بارزانە لە ریی سەربەستی کوردستاندا زوری مەینەت کیشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ایل و عشیرەتی ویان بە گوناهی آزادیخواهی دەربەدەر و لە نیشتمانی خوشەویستیان وەدەر ناوە. ذاتی نیوبراو بیجگە لەوەی قائدیکی بەرزە پیاویکی زانا و تی گەیشتوە متمدن و نیشتمان پەرستە و تەمەنی لە حدودی چل پینج سال دایە.(١١) (پاشبەندی ٨)

ڕۆژنامەی کوردستان دەقی ئەم وتارەی بارزانیی لە ژمارەی ٢٣ دا بڵاوکردەوە. ئەوە یەکەم وتاری بارزانی بوو لە کۆماری کوردستاندا کە باس لە ناوەڕۆک و جەوهەری ئەو ڕێککەوتنە دەکات لەنێوان پێشەوا قازی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە لایەک و مستەفا بارزانیی و شێخ ئەحمەد و ڕێبەرانی پارتی ئازادی لە لایەکەیتریدا لەسەری ڕێککەوتبوون: بۆ سەربەخۆیی کۆمار، ئازادکردنی بەشەکانیتری کوردستان، بە ئاشتی و دیموکراتی بەڕێوەبردنی کۆمار، خزمەتکردن بە فەرهەنگ و بەرزکردنەوەی ئابووریی و بژیوی خەڵکی کورد هەوڵبدەن. محەمەد مەحمود قودسیی وتارەکەی بارزانی خوێندەوە:

پیشەوای معظم گەورە بەریزەکانم

بە ناوی کوردی وریا بووەوە لەژێر ماوەی پەیرەوی کونی زەبربەدەستی، بــە نــاوی ســەرکردەی شورشــی گــەل لــە بــارزان، شورشــی بەرهەلســتی ســەرگەردانی، شورشــی نەهیشــتنی ظلــم و اســتبداد، روژبــاش پیشکەشــی دانیشـتوانی ئــەم کۆبوونەوەیــە دەکــەم، کــە آلای پیروزیــان لــە سیەیەکی نیشــتمانیی گــەورەدا بلینــد کــردەوە بــە نــاوی خــوینی پــاکی گــەلی کوشـکەرانەوە کـە لـە مەیـدانی آزادیـدا پیشکەشـیان کـردوە، هاوارتـان دەکەینی کە ئەم بەرە پیروزە بە آزادیو سەربەخویی پی بگەیینن. بـە نــاوی فرمیسـکی چـاوی بیوەژنــان و آە و نــالینی هەتیوانــەوە هاوارتــان دەکەینی کە پەیمانی حقوقی گەل بدەن، اقتصادیان بپاریزریت، پشتی فەرهەنگ بگرن بە پەروەردە کردنیکی گیانی دیموکراتیەوە، پاریزگاری لە دیموکراتی بفرمون کە کەرەکەی پیش خستنی گەل و سەربەخویی نیشتمان و رویشتنە بەری وەیە لە گەل کاروانی گـەلانی آزادی بـەرەو تـەواوەتی و مروانی.

بی گومان لەبیر ناکریت کە حکومەتی کوردستانی آزاد هیشتا لە یەکەم قوناغیەتی وە کوششی ایوەی پی دەویت، بو سەرکەوتنی کوردستانی مەزن و رزگاربونی و یامـەرتی گـەلی شـی پـی ویسـتە ئـەو بەشـانەی نیشـتمانی مەزنمان کـە لـە ژیر دەستی بیگانـەدان، گـەلی کوردسـتانی مـەزن چـاوی بریوەتــە یارمــەتی ئــەو آلایــە کــە لەســەر ئــەم حکومەتــە دەشــەکیتەوە، دەیــەویت بیتــە ژیـر سـیبەریەوە، لــە پیاوەکـانی حکومــەت دەخـوازن کــە براکانیان لەو پیوەندی آسنینە رزگار بکەن کە تیدا دەنالینن.

پیشەوای معظم : گەورەکانم.

ئەو سیاسەتە حکیمە جوانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەری رویشت و سەربەخۆیی نیشتمان و آزادی کوردی وەرگرت، آمادەیە کە بچیت بە هاواری نیشتمانی گەورەوە، و گەلی کورد سەرتاپا رزگار بکا.

لـەم کاتـەدا، لـە هـەمو کـانی دلمانـەوە و یاریـدەی راسـتیمانەوە بـەرەو گەروەترین شخصیەتی کورد، ئـەو شخصیـەتەی کـە گـەلی کـورد بـە بیـری بەهیزی و سەرکردیەکی حکیمانەوە بە ریگای دیموکراتیدا برد و گەیاندیە سـفرەی آزادی، بــە کوششـیکی عبقـری و عزمیکــی قـایم وە ســەرکردەی

**دیموکرات، پیشەوای معظمی کوردستان جنابی قاضی محمد، خومان پیشکەش دەکەین.**

**با هەمو پیکەوە هاوار کەین بژی سەرکردەی مخلیصی کوردستان، بژی گەلی کورد پشت بەست بە دیموکراتی، بژی پارتی آزادی کوردستان و پارتی گەل، بژی پارتی دیموکرات، بژی نیشتمانی مەزنمان بە سەربەخو و آزادی، بژی یەکەتی سوفیاتی مەزن هەتا بی گەلانی خوش بەختی آزادی و سەربەخو بی.**[١٢](پاشبەندی ٩)

ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژەی نوسینەکانیدا دەربارەی هاتنی بارزانیی بۆ مهاباد و دیدار و سەردانەکانی دەنوسێت:

[زعیم مەلا مصطفی] بارزانی

لە ژمارە ٢١ روژنامەی کوردستان وەلامی تشریف هینان و چلونەتی وارد بونی زعیم مەلا مصطفی مان بە عەرضی خویندەوارانی خوشەویست گەیاند ئەوا لە ژیرەوە هیندی لە چلونەتی مانەوەی ئەم پیاوە لە مهاباد بو آگاداری خویندەواران دەنوسین:

**روژی جمعە ١٠-١٢-١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/١)**

ئەندامانی حزب و اشراف و آغایانی شاری مهاباد و روئسای عشیر یەک بە دوای یەکدا چونە خو پێ ناسینی میوانی خویان. هەر کە کاتی نویژی جمعە هات زعیم مەلا مصطفی لە گەل اندامیکی هەیئەتی مرکزی حزب تشریفی بردە مزگەوتی جامعە و فریضەئی خدای مەزنی لە گەل هەمو مسلمانانی شاری مهاباد دا لە سەر خو لابرد و دوایی لە ناو قەلەبالغیکی زور دا گەرایەوە یانەی فەرهەنگی، مرکزی حزب.

**روژی شەممو ١١ - ١٢ - ١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/٢)**

بەیانی ١١-١٢-١٣٢٤ زعیم مەلا مصطفی و ئەفسەرانی و یەکیک لە ئەندامانی هیئەتی مرکزی آغای احمد الاهی تشریفیان چووە هیزی کوردستان و هەر کە گەیشتنە ئەوی لە لایەن قەرەولی تایبەتیەوە رسمی تعظیمی بو کرا و سەرکردانی هیز بە سەرکردەی فرماندەی هیزی مرکزی محمد نانەوازادە پیش وازی کرا و یەکە یەکە سەر کردەکانی پی ناسرا

نزیکەی نیو سەعاتیک لە گەل سەرکردەکاندا رای بوارد و لە دواییدا یەکە یەکە چوە لای سەرکردەکان لە جیگای خویاندا وە پیروزبایی خوی پیشکەش کردن و داوای لی کردن کە هەموو بە گیانیکی پاکی نیشتمان پەروەرانەوە ببنە سپری نیشتمان و پیش خذمەتی پیشەوای معظم. کانگای هیزی بەجی هیشتە و بە بزوکی (ئۆتومبیل- نوسەر) حضرتی پیشەوا روی کردە دەبیرستان و لەوی قوتابیەکان هەمو کو ببونەوە لە دوای زیارەتی ماموستاکان و رەئیس هیئەتی فەرهەنگ آغای رشید آغای همزە آغا تشریفی بردە لای شاگردەکان وە لیرەدا ئەفسەر عبدالرحمن طیب مفتی چەند آموژگاری و پیروزبایەکی بە ناوی زعیم ملا مصطفی وە پشکەش کردن لە دوایدا زعیم ملا مصطفی روی کردە ادارەی شارەوانی و مامورانی ئەو ادارەیەشی زیارت فرمو هەر وەها تشریفی بردە ادارەی دژبانی و لە دوای ئەوە روی کردە مدرسەی گەلاویژ وە بە هوی آغای احمد الاهیەوە ماموستایانی ناسین و یەکە یەکە بە پولەکاندا گەرا وە لە هەمو پولیک ئەفسەر محمد محمود بە ناوی زعیم مەلا مصطفی وە اظهاری خوش وەختی و آمۆژگاری بو شاگردەکان دەکرد: لە دواییدا تشریفی بردە مدرسەی کوردستان دیسان لە گەل ماموستایان خوناسیان کرد و بە ناو پولەکاندا گەرا و لە هەر پولیک سرودیک دەخویندرایەوە. انجا زعیم مەلا مصطفی گەرایەوە مرکزی حزب.

شەوی یەک شەممو ١٢ - ١٢ - ١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/٣)

زعیم مەلا مصطفی تشریفی بردە چاپخانەی کوردستان وە لە لایەن مدیری چاپخانە آغای قادری مدرسی بە هوی آغای احمد الاهیەوە خو ناسینیان کرد وە لە دواییدا لە لایەن محمد محمودەوە چەند آموژگاریەک بە کارگەرانی چاپخانە کرا و سپاسی مدیری چاپخانەی بە ناوی زعیم مەلا مصطفی وە کرد.

روژی یەک شەممو ١٢- ١٢- ١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/٣)

بەیانی لە گەل ئەفسەران و آغای احمد الاهیی تشریفی بردە لای رئیسی هیئەتی رئیسەی میللی کوردستان جنابی سید حاجی باباشیخ و لە دوای

سەعاتیک گفتوگوی گیانی بە گیانی بە خوشیەوە زعیم ئەویی بە جی هیشت و گەرایەوە مرکزی حزب.

روژی دوشەممو ١٣- ١٢- ١٣٢٤ (١٩٤٦/٣/٤)

بەیانی دیسان زعیم مەلا مصطفی و ئەفسەرانی لە گەل آغای کریم احمدین تشریفی بردە ادارەی شارداری لە لایەن آغای میرزا غنی خسروی رئیس شارداریەوە پیش وازی کرا و نزیکەی نیو سەعاتیک لەوی رایبوارد وە لە گەل مامورانی ئەم ادارەیە معارفەی فرمو و لە دواییدا تشریفی بردەوە مرکزی حزب. سەعات ١٠ اوارە دیسان خوی و ئەفسەرانی محمد محمود، عبدالرحمن طیب مفتی تشریفیان بردە خذمت پێشەوای معظم لە یانەی فرهنگی وە دیسان نزیکەی نیو سەعاتیک گفتوگوی تایبەتیان بوو و گەرایەوە جیگای خوی.(١٣)(پاشبەندی ١٠)

بە دوای ئەو دید و سەردانانەی لە کۆماری کوردستاندا، مستەفا بارزانی پلەی ژەنەراڵیی پێبەخشرا و ئەفسەرە هاوڕێیەکانیشی پلەی باڵای سەربازیان وەرگرت. ٢٢٠٠ بارزانیی پرچەک کران. لەوانە ١٥٠٠ کەسیان لە سێ بەتالیۆندا ڕێکخران و هەرسێ بەتالیۆنیان ڕەوانەی بەرەی شەڕیی سەقز کرد. ٧٠٠ کەسیش وەک ئیحتیات ڕاگیران و چەند ئەفسەرییش لە دەستەی ئەرکاندا لەگەڵ بارزانی مانەوە.(١٤) دواتر بەتالیۆنێکیتریان پێکهێنا و ڕەوانەی ناوچەی سەردەشتیان کرد.

قانعی فەرد سەرئەنجام دەیسەلمێنێ کە بارزانی پلەی ژەنەراڵی هەبووە و لە لاپەڕەی ١٩٤- ١٩٥ ی دوای ٦٠ ساڵ دا بە دوو شێوە باس لە پلەی ژەنەراڵیی بارزانی دەکات. لە جێیەک دەنوسێت:

- **(بارزانی بە یارمەتی ڕوسەکان چوو بۆ تەورێز و فەرمانی وەرگرتنی پلەی شانازیی ژەنەراڵی وەرگرت.)** و لە لایەکی تردا دەڵێت: **(لە ٣١ ی مارسدا حکومەتی مهاباد بە ڕاسپاردە و فەرمانی ڕوسەکان، چوار ژەنەراڵی دەستنیشانکرد کە یەکێک لەو چوارانە بارزانی بوو.(١٥))**

ئەوە گرنگ نییە کە قانعی فەرد سەرئەنجام پێ لەو ڕاستییە بنێت کە بارزانیی لەخۆیەوە بەرگی سەربازیی نەپۆشیەوە و خۆی بە پلەداری کۆمار نەناساندوە. لە ڕاستیدا پلەدار بوون و نەبوونی بارزانی هیچ شتێک لە کەسایەتی ئەو وەک سەرکردەیەکی مەزنی کورد کەم ناکاتەوە. بۆ زانیاریی قانعی فەرد و فێرکراوانی ڕوسەکان و ئازەربایجانییەکان لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، دژی ڕاگەیاندنی کۆمار بوون. ئەوان دەیانویست کۆماری کوردستان بەشێک بێت لە کۆماری ئازەربایجان و بەشێوەی کۆمارە خودموختارەکانی سۆڤیەت کار و باری فەرهەنگی بەڕێوە ببات کە ڕێبەرانی کۆمار کوردستان قەبووڵیان نەکرد. هاوپەیمانییەتی پێشەوا و بارزانییش بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕایەوە کە کۆماری کوردستان سەربەخۆ بێت و پشتیوانیی خۆیی هەبێت.

هەرلەو چوارچێوەیەدابوو کە کارناسە ڕوس و ئازەربایجانییەکانی باکوری ئازەربایجان، شانبەشانی پیشەوەریی و ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان کاروباری ئەو کۆمارەیان بەڕێوە دەبرد تا لە پرۆسەی کارکردندا، بەرپرسانی کۆماری ئازەربایجان پەروەردە بکەن، بەڵام لە کوردستاندا مەسەلەکە پێچەوانە بوو، ڕوسەکان دەستیان لە کار و باری کۆماری کوردستان وەرنەدەدا.

هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بارزانی لەسەردەمی کۆماردا، هەرگیز سەردانی تەورێزی نەکردوە. قانعی فەرد لە لاپەڕەی ١٩٥ ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ دا واپێشاندەدات کە ئەو وتەیەی لە مام جەلال، یان خوالێخۆشبوو غەنی بلوریان وەرگرتبێت. تا ئەو جێیەی من ئاگادارم قانعی فەرد داوای بینینی مامە غەنی کرد، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد و لە کتێبەکەشیدا کە من بۆ ناوبراوم کۆکردۆتەوە، چەندان جار ئاماژە بۆ ژەنەڕاڵ بوونی بارزانی دەکات. بۆ دڵنیا بوونی قانعی فەرد و فێرکراوانی لە ژەنەڕاڵ بوونی مستەفا بارزانی بنوارنە ئەم ڕاپۆرتەی ڕۆژنامەی کوردستان:

دەنگ و باسی نیوخو

چوونی وەزیری جەنگ بو جبهە

روژی ١٣٢٥/٤/١٤- ١٩٤٦/٧/٥ سەعاتی ٨ بەیانی جەنابی آغای محمد حسین خانی سیفی قاضی وەزیری بەرزی هیز و جەنابی ژنرال مایور مصطفی بارزانی دەگەل عدیەک پیشمەرگە بو جبهە عزیمتیان کرد.(١٦) (پاشبەندی ١١)

بەهەر حاڵ هاتنی بارزانییەکان بۆ ڕیزی کۆماری کوردستان، سەرۆک هۆزەکانی کێشایە ژێر ئاڵای کوردستان و فەرمانی پێشەوا و لە ڕاپەڕبوون ڕزگاریکردن. بە نوسینی ویلیام ئیگڵتن جۆنز نوسەری کتێبی "کۆماری کوردستان ١٩٤٦"، ڕێبەرانی کۆمار لەشکرێکیان پێکهێنا کە ژمارەی ١٢٧٥٠ کەس بوو. لەو ژمارەیە ٢١٠٠ پێشمەرگەی بارزانیی و ٧٠٠ پێشمەرگەی هەرکیی بە سەروکایەتی زێرۆ بەگ پیادە بوون و ئەوانی تر لەژێر دەستی دەرەبەگەکاندا بوون و ئەوان سەرۆکایەتییان دەکردن و پێشمەرگەی سوارە بوون.(١٧)

ئەم جارەیان قانعی فەرد لە درێژەی نوسینەکەیدا لە لاپەڕەی ١٨٥دا دەڵێت: (دوای ماوەیەک بارزانی پێوەندیی نێوان محەمەد ڕەشیدخانی بانە و قازی محەمەدی تێکدا، بەڵام دواتر ئاشتبوونەوە و باوەڕیان بە قسەکانی بارزانی نەکرد. ئەگەر گروپێک لە عەشایر، یان حیزبییەکان دەچوونە لای بارزانی، بارزانی زاری گلەیی دەکردەوە و دەیگوت: "ئێمە لێرە میوانین، بەڵام بە برسییەتی ڕاگیراوین. شێخ ئەحمەد لە نەغەدە و من لێرە لە مهاباد و خەڵکیش سواڵ دەکەن." لە بەرامبەر ئەو قسانەدا، قازی محەمەد بێدەنگ بوو، چونکە دەرەتانی لەوە زیاتری نەبوو کە ئەو میوانە نەخوازراوانە تێر بکات. لەبەر ئەوە بارزانی ناڕازی و زار بە گلەیی بوو. قازی محەمەد لە توندڕەویی و بێحورمەتی کردنی بارزانی بە یاسا و ڕێساکانی ئێرانیش ڕازی نەبوو. بارزانی بە کردەوە گرفتی بۆ کۆمای مهاباد و ئاڵۆزیی بۆ حکومەتی ناوەندی پێکدەهێنا.)

تەنها دێڕێکی ئەم نوسینە ڕاستە کە پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی بە ڕادەی پووشێک ڕێزیان بۆ یاسا و بڕیارەکانی ڕژێمی شا نەبوو. پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بەو واتایە بوو کە ئەوان دەسەڵاتی دیکتاتۆریان قەبووڵە!!! پێشەوا و بارزانی سەرۆکایەتی نەتەوەیەکیان

دەکرد کە دژی دەسەڵاتی پەهلەوی ڕاپەریبوون و کۆماری کوردستانیان سەرۆکایەتی دەکرد. لە چەند لاپەڕەی دواییدا پەنجە بۆ نامەیەکی ڕەشید خان بۆ پێشەوا ڕادەکێشم کە سەبارەت بە دەستخۆشی کردن لە بارزانی و خەڵاتکردنی هەڤاڵانی نوسیویەتی.

لە لاپەڕەی ١٨٦ی دوای ٦٠ساڵ دا، قانعی فەرد ئاماژە بۆ بونیادنانی بیری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد دەکات و لەم بارەیەوە دەنوسێت: (بارزانی دەیویست سەرۆکایەتی سیاسیی هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراق بکات. بۆ ئەو مەبەستە کاتێک لە مهاباد بوو، بیری لە دامەزراندنی حیزبێک کردەوە کە هاوشان و هاوناوی حیزبی قازی محەمەد بێت، بەڵام قازی محەمەد دژایەتی کرد و گوتی "بارێکی گران و بەرپرسایەتییەکی قورسمان لە ئێران لەسەر شانە و برۆ لە کوردستانی خۆتان حیزب دامەزرێنە." قازی محەمەد هەلی بۆ ڕەخسا و نازناوی پێشەوای پێبەخشرا و ئەو دوو کەسە لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستان. تەنانەت ژمارەیەک لەو باوەڕەدابوون کە ڕۆژێک دوای ئەو باسە، قازی و بارزانی پێکەوە کۆبوونەوە و بەو ئامانجە گەیشتن کە حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە لە مهاباد دامەزراوە، لەبەر چەند هۆ، پێویستە هەڵبوەشێتەوە. بۆ نمونە پێکهێنانی ئاڵۆزیی سیاسیی لە مهاباد لە لایەن ئێران، تورکیا و عێراقەوە کە بڵێن گوایە ئێمە خەریکی پیلان و دامەزراندنی کۆماری کوردستانین لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا. ئەم حیزبە دیموکراتە هی هەموو کوردانە و ئەگەر پێویستتان بە یارمەتی هەبێت، یارمەتیتان دەدین. بارزانی قەبووڵی کرد و حیزبی پارتی هەڵوەشاندەوە.)

دواتر لە لاپەڕەی ١٨٧ دا: دەڵێت: (بارزانی بە ڕاسپاردەی ڕوسەکان هەمزە عەبدوڵڵای ناردەوە بۆ کوردستانی عێراق کە حیزب و بزاڤە سیاسییەکان "ڕاپەرین و ڕزگاریی" ڕازی بکات کە ڕێکخراوەکانیان هەڵبوەشێنن و تێکەڵی پارتی بن و لە چوارچێوەی حیزبێکدا بارزانیی سەرۆکایەتیان بکات.)

ئـەوەی قـانعی فـەرد لـە زاری پێشـەوا قـازی محەمـەدەوە دەیگێڕێتـەوە، بەتەواوی درۆیە. لـە هـیچ نوسـراوەیەکدا باسـی لـێ نەکـراوە و هـیچ ئەنـدامێکی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، کۆمـاری کوردسـتان و پـارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەیان بۆ ئەو ناکۆکییە هەڵبەستراوەی دوژمن نەکردوە. ئامانجی ساواما لەو نوسینە، چەواشە کردنی مێژووی کۆماری کوردستان و پێکهێنانی ئاژاوە و ئاڵۆزییە لەنێوان کوردەکاندا. ڕاستیی ڕووداوی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بەم جۆرەیە:

- بەرلەوەی کە مستەفا بارزانیی و هەڤاڵانی بە کردەوە بەشداریی بکەن لە کۆماری کوردستاندا، لە مانگی فیبروار "شوبات"ی ساڵی ١٩٤٦ لە شنۆ کۆبوونـەوە کـە بـەگوێرەی هەلومـەرجی ئەوکاتـە، لـە جیـاتی لیژنـەی ئـازادیی، حیزبێکـی دیمـوکرات چەشـنی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بـۆ باشوری کوردستان دامەزرێنن. بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتـی بوون لـە مسـتەفا بـارزانی سـەرۆکی لیژنـەی ئـازادیی، همـزە عەبـدوڵڵا، میرحـاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، مستەفا خوشناو، محەمەد مـەحمود قودسـی، خیروڵا عەبدولکەریم و عیزت عەبدولعـەزیز. ئەوانـە بونیادنـەرانی پـارتی دیموکراتی کورد بوون بۆ باشوری کوردستان و بـۆ ئـەوەش نـاوی "کورد"یان بۆ دیاریی کرد کـە خـەڵک بـە جیـاوازیی ئـەو دوو حیزبـە بـزانن، بـەڵام لـە ڕاگەیاندنیدا خۆیان پاراست تا لەگەڵ ژمارە کەسایەتییەکیتر لە باشوری کوردستان قسە بکەن و دامەزراندن و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکەیان بـۆ دوای ئـەو ئامـادەکارییانـە و هەلومـەرجی نـوێ ڕاگـرت. لـەم بارەیـەوە "ڕەسوڵ ڕەزگەیی" نوسـەری مێـژووی کۆنگرەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە وتارێکیدا دەڵێت:

**- (لە زستانی ١٩٤٦، لـە کۆمـاری کوردستاندا، سـەرۆک بـارزانی، همـزە عبداللـە، میـر حـاج احمـد، نـوری احمـد، مسـتەفا خوشـناو، محمـد محمـود قدسی، خیراللـە عبدالکریم، عزت عبدالعزیز، پەیرەو و پرۆگروامی پارتییان دانا، بۆ هەمان مەبەست همزە عبداللـەیان نـاردە کوردستانی عێـراق کـە سێ ڕاسپاردەی پێ بوون :**

**یەکـەم: دەسـتکاری لـە پـەیرەو و پرۆگـرام نـەکرێت کـە لـە مهابـاد دارێژراوە.**

دووەم: حزبە کوردستانییەکان بەگژ حکومەتی ناوەندیدا نەچن تا خۆیان جێگر دەکەن.
سێهەم: شێخ لەتیف و کاکە زیاد بکرێنە جێگری یەکەم و دووەم.

دوای پاشەکشەی سوپای سۆڤیەت لە ئێران کە قۆناخی یەکەمی ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١ بە چۆلکردنی شارەکانی "شاهی و میانە" دەستی پێکرد و لە ١٩٤٦/٥/٩ دوا سەربازی سۆڤیەت ئێرانی بەجێهێشت، هەردوو کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان کەوتنەبەر هێرش و پەلاماری سوپای ئێران. بە دوای ئەو ڕۆژەدابوو کە لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد و ئەندامەتی محەمەدحوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەید عەبدوڵڵا گەیلانی، عومەرخانی شەریفی، ڕەشید بەگی جیهانگیریی، زێرۆ بەگی بهادوریی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات و قازی محەمەد خزری نوێنەری خەڵکی شنۆ، چوون بۆ تەورێز و ڕۆژی ١٩٤٦/٤/٢٣ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی میللیی ئازەربایجان سەید جەعفەر پیشەوەری سەرۆکوەزیران، حاجی میرزا عەلی شەبستەری سەرۆکی پەرلەمانی میللیی ئازەربایجان، سادق پادگان جێگری سەرۆکی فیرقەی دیموکرات، دوکتۆر سەلامولا جاوید وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئازەربایجان و محەمەد بێریا وەزیری فەرهەنگی حکومەتی میللیی کۆبوونەوە و لەسەر حەوت خاڵ بۆ هاوکاریی و بەرگریی کردن لە هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان ڕێککەوتن. لەو کۆبوونەوەیەدا فەرماندەیی بەرەی شەڕی "هەوشار"یشیان کە پێشتر ئازەربایجانییەکان بەرگریان لێدەکرد، بە بارزانی سپارد. لەمبارەیەوە و لەجیی خۆیدا ئاماژە بۆ ڕاپۆرتی پیشەوەریی بۆ باقرۆف دەکەم.
سوپای ئێران ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٥ "قەزوێن"ی گرتەوە.[١٨] ڕۆژی١٩٤٦/٤/١٧، گروپێکی ٨٠٠ کەسیی لە هێزەکانی پیادە و سوارەی سوپای ئێران لە جادەی "تیکان تەپە" و "ساینقەلا"، لە گوندەکانی "ئێنجە" و "قەلا- بۆرون"ەوە پەلاماری هێزەکانی فیداییەکانی ئازەربایجانیاندا.[١٩] ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٩، چەند یەکەیەکی سوپای ئێران بە فەرمانی سەرتیپ هومایونی بە چەکی سوک و قورس لە سێ لایەنەوە هێرشیانکردە سەر پێشمەرگەکانی کوردستان لە بەرەی "قاراوا" کە دەست بەسەر گوندی

"سەرا" لە جادەی نێوان سەقز بۆ بۆکان بگرن.[٢٠] دوای ئەوە لەگەڵ ژمارەیەک جاشی خۆماڵیی، هێرشیانکردە سەر پێشمەرگەکانی کۆمار لە ناوچەی سەردەشت.[٢١]

خیانەتی سۆڤیەت، ئەمریکا، ئینگلیز، تورکیا و ئێران بە گەلی کورد و هێرشی سوپای ئێران بۆسەر ئازەربایجان و کوردستان، بەرەبەرە هەردوو کۆماری بەرەو هەڵدێر برد. فیرقەی دیموکرات و حیزبی دیموکراتیان ناچار کرد لە هەڵوێست و ئامانجی خۆیان سەبارەت بەسەربەخۆیی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان، پاشەکشە بکەن.

بەو تێبینییەوە بارزانیی و ڕێبەرانی لیژنەی ئازادی بەو قەناعەتە گەیشتن کە ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژ ١٦ ی ئاب، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بۆ دامەزراندنی حیزبەکەیان دیاری بکەن، بەلام هەروەکوو گوتم بۆ ئەوەی کە ئەو دوو حیزبە یەک ناویان نەبێت لە کوردستاندا، ناوی حیزبەکەیان نا "پارتی دیموکراتی کورد". بەم جۆرە جگەلە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، باشوری کوردستانیش بوو بە خاوەنی حیزبی دیموکراتی کورد. هەروەها کوردەکانی ڕۆژئاوا و باکوری کوردستانیش دواتر، حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند.

لە لاپەڕەی ٢٠٤- ٢٠٥ ی دوای ٦٠ سال دا، قانعی فەرد لە پێوەندیی لەگەڵ شەڕەکانی ناوچەی سەقز "قاراوا، مامەشا و میرەدێ" دەڵێت: محەمەد ڕەشیدخانی بانە بۆ قازی محەمەدی نوسی ئیزن بدە هێرش بکەین، بەڵام قازی محەمەد وەڵامی دایەوە "نابێت" و بە ڕوونی دیار بوو کە قازی لەبواری سیاسیدا سنوریان بۆ داناوە و هاوپەیمانەکان نەیاندەهێشت هەنگاوێک بچێتە پێشەوە. حەمە ڕەشیدخان ئاگری لە بانە بەردا و سەربازگەی تالان کرد و هاتە سەقز و تا دیواندەرەش چوو، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز نەیانهێشت پتر بچێتەپێش، ئێستاش ئەم پرسیارە ماوە کە ئایا لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێککەوت؟ لە درێژەدا دەنوسێت: .... بەلام بارزانی زیاتر چووە پێشەوە. دەیویست بەشی هەبێت لە چەکی ڕوسەکان و ١٢٠٠ چەکی پێگەیشت و بەرەو باشور، ڕوو بە سەقز بەڕێکەوت و لە بەرامبەر گروپێکی بچوکی سەربازدا ڕاوەستا کە پێشتر هاتبوونە دەوری

مهاباد و ئەوێیان بەجێهێشتبوو، بەڵام ئێرانییەکان دەستیان نەکردەوە و ئەمەش ناوی بارزانی بەرز کردەوە و ئەویش توانی بەسەر ناوچە شاخاوییەکانی سەقز، بانە، سەردەشت، میرەدێ دا زاڵ بێت و گەمارۆیان بدات و بۆ ماوەیەک ڕێی لە جوڵە و هاتنەپێشەوەی هێزەکانی ئێران گرت.
سەرلەشکر ڕەزمئارا بازرەسی ناوچەی کوردستان هێرشی کردە سەر بەرزاییەکانی سەقز و دەستی بەسەر سەنگەری بارزانییەکاندا گرت. ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٣ فەرماندەکانی سوپای ئێران لەگەڵ بارزانی ڕێککەوتن و بارزانییەکان شوێنەکەیان بەجێهێشت و بەم جۆرە ئیزنیاندا هێزەکانی ئێران، سەربازگەکانیان بخەنە ناو گەمارۆی خۆیان.

ئەم نوسینە ئاڵۆزە چۆن واتایەک دەبەخشێ؟ بارزانییەکان کەنگێ و لە کوێ ١٢٠٠ چەکی ڕوسەکانیان پێگەیشت؟ بارزانییەکان کەنگێ لە دەوری سەقز دامەزران؟ ڕەزمئارا کەنگێ بارزانییەکانی شکاند و کەنگێ بارزانییەکان ناوچەکەیان بەجێهێشت؟ ئامانج لە هەڵبەستنی ئەم درۆیانە چییە؟ هەرچەندە لە دەیان کتێب، گۆڤار و ڕۆژنامەدا ئاماژە بۆ ئەو ڕووداوانە کراوە، بەڵام بۆ زانیاریی ئەوانەی لێی ئاگادار نین، دووبارە ڕوونیان دەکەمەوە، تا خەڵک فریوی ئەو چەواشەکارییانە نەخوات کە تەنیا بە ئامانجی تێکدەرانە و چەواشەکردنی مێژوو و زیان گەیاندن بە ورەی شۆڕشگێڕانەی نەوەی نوێ نوسراون:
- لە لاپەڕەکانی پێشودا ئاماژەم بۆ ڕێککەوتنی پێشەوا قازی و سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد و سەرکردەکانی لیژنەی ئازادی کرد و گوتم بارزانی ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٨، بە شێوەیەکی ڕەسمیی گەڕایەوە بۆ مهاباد و بە دوای ئەو دید و سەردانانەیدا کە ئاماژەم بۆ کردن، پلەی ژەنەڕالیی پێبەخشرا و ئەفسەرە هاوڕێیەکانیشی پلەی باڵای سەربازیان وەرگرت. ٢٢٠٠ بارزانی پڕچەک کران و لەوانە ١٥٠٠ کەسیان لە سێ بەتالیۆندا ڕێکخران و هەر سێ بەتالیۆنیان ڕەوانەی بەرەی شەڕیی سەقز کرد. ٧٠٠ کەسیش وەک ئیحتیات ڕاگیران و چەند ئەفسەرییش لە دەستەی ئەرکاندا لەگەڵ بارزانی مانەوە.

کۆمـاری کوردسـتان سـێ بـەرەی شـەڕی هـەبوو. سـەقز، سەردەشـت و دواتـریش هەوشـار. بـەرەی هـەرە مەترسـیدار، بـەرەی سـەقز بـوو. بـەرەی هەوشار لە زەنگانەوە بەدەست فیداییـەکانی کۆماری ئازەربایجانـەوە بـوو کـە دوای ڕێککـەوتنیان لـەگـەڵ ڕێبـەرانی کۆمـاری کوردسـتان، بـە کۆمـاری کوردسـتانیان سـپارد و بـارزانیی فەرمانـدەیی دەکـرد. بـەرەی سەردەشـت هەرلە سەقز و میرەدێوە لـە گـەمارۆی هێزەکـانی بارزانیدابوو. لـە یەکـەم هـەنگاوی بەشـدارییکردنی بارزانییـەکان لـە کۆمـاری کوردسـتاندا، بـەتالیۆنێکی بارزانییـەکان ئـەرکی پاراسـتنی بـەرەی سـەقزی پێسـپێردرا. ئـەوان لـە ڕووبـەڕووی هێـزە ئێرانییەکانـدا سـەنگەریان گـرت کـە نـەهێڵن دەستدرێژی بۆسەر ناوچە ڕزگارکراوەکان بکەن.
ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٨ لیژنـەیـەک بـە نوێنـەرایـەتی کۆمارەکـانی کوردسـتان و ئازەربایجان بـۆ وتـووێژ لـەگـەڵ کاربـەدەستانی ئێـران چوونـە تـاران. ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١٩ کە نوێنـەرانی کورد و ئازەریی لـە تـاران خـەریکی وتـووێژکردن بـوون، چەنـد یەکەیـەکی سوپای ئێـران هەلیـان قۆسـتەوە و بـە فـەرمانی سەرتیپ هومایونی بە چەکی سوک و قورس لە سێ لایەنـەوە هێرشیانکردە سـەر پێشـمەرگەکانی کوردسـتان لـە بـەرەی "قـاراوا" کـە گونـدی "سـەرا" لەسەر جادەی سـەقز بـۆ بۆکـان بگـرن کـە لـە لایـەن پێشـمەرگەکانی هێـزی بارزانییەوە زەبری قورسیان لێدرا و پاشەکشەیان پێکردن.
لەو شـەڕەدا ٨٠ چەکداری سوپای ئێران کوژرا و ١٢٠ کەسیشیان بـەدیل گیـرا. پێشـمەرگەکان دیلـەکانیان بـە ڕێگـای "حـەمامیان" دا گواسـتەوە بـۆ مهابـاد. خـەڵکی گونـدەکانی سـەر ڕێگـا و شـاری مهابـاد بـە بینینـی ئـەو دیلانە، سەریان سوڕما بوو. هەستی نەتـەوەییان دەجولا و شانازییان بـە بـوونی خۆیـان و لێهـاتوویی بارزانییەکانـەوە دەکرد و فرمێسکی خۆشییان هەڵدەڕشت.(٢٢) ژەنەڕاڵ حەمە ڕەشید خان فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرا لـە نامـەیەکدا ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٢ بۆ پێشەوا قازی محەمەدی نوسی:

بابـەت: سوپاس کردن لـە قارەمانـەتی هێزەکـانی بـارزانی
١- بـە کـەمالی ڕوو سوری و سەربەستی و سـەربەرزی کـردەوەی خـارەق العادەی هێزی بارزانی و ئەفسەر و سەرکردەکانتان بـە عـەرز دەگەیـەنم. هەرچەنـدە بـە نوسینی ژمـارە ١٤٦- ١٣٢٥/٢/١١- ١٩٤٦/٥/١ موختەسـەری

ئەوم تقدیم بە ستادی کل کردوە بەڵام بۆ ئەوەی پیشەوای بەرزیش لە رشادەتی ئەم برا بەقیمەتانەم ئاگادار بکەم ئەوە نمونەیەکی قابیلتیان عەرز دەکەم.

٢- لە ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٩ سەعاتی ١١:١٠ پیش نیوەرو دوژمن بۆ جیهەت سەرا لە ناکاو هجومی کردە سەر قاراوا کە لەژێر نظارەتی بەکر ئاغای حەویزی دا بوو و لە جیهەتی سەرا هجومی استحکاماتی سەرای کرد کە لەژێر نظارەتی میرحاج دابوو. جیهەتی تریشیان ڕووی کردبووە ئەو شانەی کە جناحی ڕاستە کێوی بالوقای پی دەڵێن و لەژێر نظارەتی مستەفا خۆشناودا واقع بوو. لەو وەختەی کە دوژمن لە هەموو لایەکەوە خەریکی تقدم (پێشرەوی) و ئاگرباران بوو، پێشمەرگەکانی هێزی بارزانی یەک بە یەک بە نهایەتی حەماسەتی و نەشڵەژان گوێیان لە اوامری فەرماندە و قیادی خۆیان ڕاگرت و بە وێنەی نظامی مودەربی دەوڵەتی و صرفا تەتبیقی ئەو پروگرامانەیان دەکرد کە لە تەرف قیادە و سەرکردە و افسران دەبێژرا بە اندازەیەک لە ئیقدام و فنونی جەنگ و نیشان گرتن و هەڵمەت بردن شارەزا بوون کە قەڵەم لە نوسینی عاجزە.

٣- سەرکردەی بارزانی، ئاغای میرحاج، ئاغای بەکر ئاغای حەوێزی، ئاغای مستەفا خۆشناو و وەهاب ئاغای ناوە فوق العادە سەربەرزیان کردم حقیقتەن خزمەتی ئەو چوار زابتە گنجە بە هەموو مەعنایەکەوە تقدیر دەکرێ. ئەوە لە شەرەفیکی سیاسەتی خاوین دین و هەر چواریان شایستەی سوپاس و خەلات کردنن و ڕێوڕەسمی سەربازی حوکم دەکات بە بارەگای مەزنی کۆمار بناسرین و سوپاس لە پالەوانەتیان بکری. لەبەر ئەوە داوا دەکەم چۆنیەتی ئەو عەمەلیاتە سەرکەوتوو لە دۆسیەی پێشمەرگایەتی ئەواندا ڕاگرن. بە پێویستی دەزانم کە جەنابتان بە شێوەی ڕەسمی ئەم فەرماندانە خەڵات بفەرموون.

٤- جێگرەکانی ئەو فەرماندانە، بەرێزان محمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساکۆ و خۆشەوی خەلیل کە ئەوپەری نیشتمانپەروەریان پیشاندا، خەڵات کردنیان پیویستە. لەبەر ئەوە داوای دانی پلەی باڵا بۆ

ئـەو پاڵـەوانـە حـەماسـە خولقينـەرانـە دەكـەم، كـە لـە عـەمـەلياتـی ئـەوان سوپاس بكرێ.

٥- لـەم بارەيـەوە لـەگـەڵ زەعيمـی گـەورە مـەلا مسـتەفا قسـەم كـردووە، بـەرێزيـان لـەگـەڵ ڕای من هاودەنگن.

فـەرماندەی هێزی بۆكـان و سـەرا[٢٣](پاشبـەندی ١٢)

بـەدوای شـــەڕی قـــاراوادا و گـەڕانـــەوەی ليژنـــەی نوێنـەرايـــەتی كـــورد و ئـازەربـايجـان لـە تـاران و بێ ئـەنجام بـوونی وتووێژەكـان، سوپای ئێـران بـە هێزێكـی زيـاتر و پۆشـتـەترەوە لـەگـەڵ ژمـارەيـەك جاشـی خۆمـاڵيی خـەڵكی بـانـە، هێرشـيكردە سـەر پێشـمـەرگەكانی كۆمـار لـە نـاوچـەی سەردەشـت، كـەچی ئـەمجارەش بـە ژمـارەيـەك كـوژراو و برينـدارەوە پاشەكشـەی كـرد. ڕۆژنامـەی كوردسـتـان در شـمـارە ٢٣يـدا بـە سـەردێڕی (هێرشـی ارتجـاع)، دەربـارەی ئـەو شـەڕە نوسی:

هيرشی ارتجاع

بـەرانبـەر راپورتيكی روژی ١٣٢٥/٢/٢٨- ١٩٤٦/٥/١٨ گـەيشـتووە لـە بـەشـی سـەردەشت هوردووی فارسە مرتجعـەكان كـە عدەييك بانـەيـان دەگـەل بـوون هيرشيان بو عدەی حسن آغای هـەنـارە و زيرو بـەگ و گـەوركـەكان هيناوە لـە نـەتيجـەی دفاعدا مرتجعـەكان زۆر خـراپ شكاون و تلفـاتيكی زوريـان داوە: ٣٠ كـەس لـە هيرشكـەران بـە ديل گيراون دوو آغا و دوو نوكـەريان كوژراون و ١٤ قبضە تفـەنگ ٤ قبضـە طپانچـە و يـەك دوربين و شـەش ئـەسپ بـە غنيمت گيراون و بـە شيرزەيی گـەرانـەوە دوواوە. بـەوەرا ديارە كـە خـودا دەگـەلمـانـە بكوشن پيروز دەبن.[٢٤] (پاشبـەندی ١٣)

دوای ئـەو هێرشـەی، سـوپا ئێـران لـە هـەڵوێسـتی دوژمنكارانـەی پاشـگەز نـەبووە و بۆ زەبروەشاندنی لـە پێشـمـەرگەكانی كوردسـتان، جـارێكی تـريش هێرشی كردەوە سەر پێگـەی پێشمـەرگە لـە نـاوچـەی سەردەشت كـە ديسان بـە تونـديی شكا و پاشەكشـەی كـرد. لـەم بارەيـەوە ڕۆژنامـەی كوردسـتان بڵاويكردەوە:

خەبەر گەیشتوە کە شەوی چوار شەمویە پیشمەرگەکانی ارتجاع (مەبەست لە چەکداری دوژمنە- نوسەر) بە مەداری نزیکی سەردەشت کە پوستی کوردستانی لی دەبی پەلاماری دەدەن و پۆستەکە دەور دەدەن و بە خەیالی خاوی خویان بە دەرفەتی دەزانن و پەلاماری بولبلی آزادی گەورک کە کاک اللە آغا فەرماندەیان دەبی دەدەن لە پاش شەریکی زور هیزی ارتجاع و کورانی بە زور هاتوی ایران ٤٤ کەسیان لی دەکوژری و نزیکەی ٤٠ کەسیان بریندار بووە و زور بە شپرزەیی دەشکین و هەلدین. لە هیزی کوردستان ٥ کەس بریندارە و سعید بەگ پیاوی حمدی وسین آغا بە درجەی شهادت گەیشت و گیانی پاکی دەگەل گیانە پاکەکانی شهدای آزادی بو بە هاودەم، دیسان هیزی حق هیزی دروزنی ارتجاعی رەپی ناوە و تا ویستا خبریکی تر نەگەیشتوە.[٢٥]

دوای ئەو شەڕە، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆمار و ژەنەڕاڵ بارزانی بڕیاریاندا لە پێشمەرگەکانی ئیحتیاتی هێزی بارزانی، بەتالیۆنێکی تر پێکبهێنن و ڕەوانەی ناوچەی سەردەشتی بکەن کە دوژمن نەتوانێت لەو ناوچەیەدا زیان بە خەڵک و پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە بگەیەنێت. ئەو بەتالیۆنە بە فەرماندەیی بەکر عەبدلکەریم حەوێزیی لە ناوچەی سەردەشت جێگیرکرا.

دوای شکانە یەک لە دوای یەکەکانیان لە کوردستان، ڕژێمی ئێران پەنای بۆ وتووێژ لەگەڵ سەرکردەکانی کورد برد کە بە ڕواڵەت لە ڕێی ئاشتییەوە پێویستییەکانی سوپا لە ناوچەی سەقز، بانە و سەردەشت دەستەبەر بکات. هەر لەو کاتەشدا دەیویست هێز و توانای پێشمەرگەکانی کۆمار هەڵبسەنگێنێت، تا نەخشە بۆ هێرشەکانی دواتری بکێشێت. بەو مەبەستە داوایان لە حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان کرد کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەربازییەکان، لەگەڵ حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان کۆببنەوە. ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی ١٩٤٦/٥/٢٦ بە سەرۆکایەتی جەعفەر ئاغای کەریمی و ئەندامیەتی سەرهەنگ دووەم عیزەت عەبدولعەزیز و رائد ئیبراهیم سالح لە ماڵی سەرتیپ هومایونی لە سەقز پێکهات. ڕۆژنامەی کوردستان دەربارەی ئەو وتووێژە و ئەنجامەکەی نوسی:

روژی یەک شەممو ١٣٢٥/٣/٥ (١٩٤٦/٥/٢٦) هیئت نمایندگانی حکومتی کوردستان گەینە سقز لای روژئاوا سرلشکر رزم آراش لەگەڵ سی نفر نمایندگانی آذربایجان:

١- آغای جودت وەزیری کار ٢- آغای علی زاده مفتیش مخصوسی جنابی پیشەوەری ٣- آغای آذرابادگان فەرمانداری مراغە لە تارانەوە واردی سقز بون سعاتیک لە شەو چو بو جلسە لە منزلی سرتیپ همایونی تشکیل بوو مذاکرە تا سی سعات و نیو طولی کیشا:

٢- سەهنگ ٢ عزت عبدولعزیز بو کردنەوی جلسە بە زمانی کوردی بیاناتیکی زور باشی کرد کە جملە بە جملە بە زمانی فارسی ترجمە دەکرا بنای ئەو بیاناتە لەسەر ئەوە بو کە زور جی ی خوشوەختیە لەگەل برایانی آذربایجانی دا دوستیکی محکم و برایەتیکی تەواومان بو حاصل بوە و لەم جلسەشدا وادیارە کە برایانی فارس مەیلیان لەسەر حسنی تفاهمە کە تقاضایان کردووە ئەمە بینە سقز و آغای سرلشکریش بو مذاکرات لە تارانەوە هاتوتە ایرە تا ایستا کە دوو برای آذربایجانی و کورد دەستیان پیک دا بو هیوامان هەیە کە لەگەل برایانی فارسیش دا لەسەر اصلی برایەتی موافقت حاصل ببی و ببیتە سی برا.

٣- آغای سرلشکر رزم آرا لە پاش بیاناتی برای خوشەویست سرهنگ ٢ کاک عزت منظوری جلسەی بیان کرد کە: چونکو بەم زوانە دوبارە مذاکرات بەینی دەولەتی مرکزی تاران و نمایندەگانی آذربایجان و کوردستان دەست پیدەکری تەوە لەبەر ئەوە کە مذاکرە لەسەر اصلی حسن تفاهم قرار بگری وا بە چاک زانرا کە ئەم مجلسە لیرە تشکیل ببی و کاریکی وا بکەین لە تەواوی جبهەدا تا دوای مذاکرە آرامی برقرار بیت.

٤- سرهنگ ٢ کاک عزت جوابی داوە کە اصلی هاتنی ایمە لەسەر اعتبار نامەیەکە بە ایمە دراوە و ئەوەیە کە ثابت بکری شەڕی قاراوا برواری ٩ ی بانەمەر(٢٨ ی ئاپریل) هەوەل جار حملە لە طرف ئیوە بوە جا لەسەر ئەم اصلە چەندین دلیلی بیان کرد لەوانە یەکیک ئەوە بوو: بە هەموو

قاعدییکی حزبی هەمیشە تلفات لە عدەی مهاجم زیاتر دەبی چون لە عدەی نظامی ایران لەو شەرەدا تلفاتیکی زور بوە و لە عدەی ئەمە یەکیک خوینی لە قامکی نەهاتوە ئەوە خوی دلیلە کە عدەی نظامی ایران حملەی کردوە بویە لی یان تلف بو اما هی ایمە چون لە سنگری خویان دا بون گوللە نەیگرتون. دەلیلیکی دی ئەوەیە لە اسیران خوتان کە لە مهاباد و تەوریزن بپرسن تا لیتان معلوم بیت کە نظامی ایران حملەی کردوە. سەرتپ همایونی گوتی: من عدەیەکم بو شمالی سقز ناردوبو اما نەچوبونە خاکی مهابادەوە لەو صورەتەدا ئەوە بە حملە محسوب نیە. سرهنگ ٢ کاک عزت لە جوابی دا ووتی: سقز و مهاباد لە یەک جوی نین هەردوک خاکی کوردستانن هەرکوی کوردی لی یە ایمە بە هی کوردی دەزانین لەو بەیبەدا برای خوشەویست کاپیتان سعید زادە لەسەر دو سی مطلبی دی لە قبیل فرینی طیارە و هیندی شتی دی پیلەی بە سرتیپ همایونی گرت چون سرتیپ همایوتی دەلیلی حەقی بەدەستەوە نەبوو ناچار لە مجلس دەرکەوت ایدی نەهاتەوە لە آخردا آغای سرلشکر رزم آرا اقراری کرد کە لەوەدا عدەیەک لە سقزەوە نیردراوە بوسەر عدەی کوردستان هیچ قسەی تیدا نیە موضوع حملە بەو جورە لە جلسەی رسمی دا معلوم بو کە خطای نیروی ایران بوە.

٥- موضوع برقەراری آرامی لە جبهەدا لە پاش گفتوگویەکی زور و مطابعەی نخشەجاتی نظامی ایران باتفاق آرا قەرار کرا تا تەواو بونی مذاکرە هیچ لایەک حەقیان نیە بچنە پیشەوە دەبی هەرکەس لە هەر جی یەک هەیە رابوەستی و هیچ لاش حەقیان نیە تەقە بکەن ضمناً سرلشکر رزم آرا تقاضای کرد کە هیزی کوردستان چوار هەزار گەز لە دەوری سقز دوور کەون و سی هەزار گەزیش لەسەر جادەی بەینی بانە و سقز بکشینەوە و بولای خوارەوە تا نظامیانی ایران بتوانن بە آزادی بو عدەی بانە و میرەدی آذوقە بەری بکەن و لە مقابل دا امضایان دا کە طیاراتی ئەوان هەر بەسەر جادەدا حەقی حەرەکەتی ببی و علاوە سی نەفەر نمایندەی خوتان هەمیشە لە سقز و بانە و سەردەشت دا هەبی و ناظر کاری ئەوان بن کە عدە و مهمات بو ئەو سی نوخطە لە طرف دەولەتی ایرانەوە بەری نەکری ئەمما ئەگەر عدەیان بو عوض کردنی نفراتیک کە

وادەی خزمەتیان تەواو بوە بیت مانع نەبن. ئەم موضوعە بە مقاماتی بەرزی مەرکەزی خومان عەرض کرا لە جواب دا فەرمویان کە لەسەر اصلی احترام دوو طەرەفە ایمە هەرچەندە بکشیتەوە دواوە نظامیانی ایرانیش هەر بەو قەرارە دەبی بکشیتەوە دواوە تەنیا غەیرە ممکنە و هەر جی یەک کە اشغلمان کردوە هەر لە دەست ایمەدا دەبی و جادەش بەجی ناهیلین هەر بەو جورە لە جلسەی رەسمی دا بە آغای سرلشکر رزم آرا جواب دراوە.

٦- لە مدت ٣٨ سعات دا کە ایمە لە سقز بووین فەرماندەی نظامیان ایران چەند جار هاواریان بو ایمە نارد کە ئەوا لە میرەدی شەرە و وەرن مەهیلن ئەوا جادەی بەینی سقز و سنە هیزی کوردستان داگیری کرد بچن بیان گیرنەوە ئاوا بوو بوئەوەی نەهیلین تەقە بکری نوینەرەکانی کوردستان لە ماشین دا کە بەیداغی شهامەتی کوردستانی لەسەر دراوە لە سقزەوە بەسەر جادەی بانەدا هاتینە حرکت و لە پشت سەری ئەوانەوە ماشینی نظامیان ایران کە یەکیک لە نمایندەگان و دوو سەرهنگی ایرانی تیدابوو لەژیر پنا و حمایەتی بەیداغی بەرزی کوردستان دا هیواش بە دووای ایمەدا دەهاتن لە آیچی لە تەموغە لە بەلەجار و لە اغلب کیو بە چاوی خویان عدەی منظم پیش مەرگان و سەرکردانی کوردیان دەدی کە چون لە کمالی شهامت و بی باکی دا ئەو جی یانەیان داگیر کردوە و منتظرن بە محض صادر بوونی فەرمان قلب دوژمن هەلدرن

یەکیک لە نوینەرەکان ابراهیم صلاح[٢٧]

سوپای ئێران بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی، ئەم جارە بە هێزێکی زیاتر و بە پشتیوانیی تانک، تۆپ و فڕۆکە، هێرشیکردە سەر دوو بەرەی شەڕی مامەشە و میرەدێ و لە شەڕێکی سەخت و دژواردا کە سێ جار شکا و زیانێکی زۆری لێکەوت، نزیکەی ٥٠٠ چەکداری کوژران و ٢٠٠ چەکداریش بریندارببوون، لەگەڵ تێکشکانی دوو تانک و کەوتنەخوارەوەی دوو فڕۆکە و لەدەستدانی چەندان تفەنگ و بە ڕادەیەکی زۆر تەقەمەنی. لەو دوو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی محەمەد ئاغای شقوی لە میرەدێ و خۆشەوی کوڕی خەلیل خۆشەوی لە مامەشە شەهید بوون و دە

پێشمەرگەش برینداربوون کە یەکێک لەوان محەمەدی قادریی مامەش بوو. ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارێکیدا بە قەڵەمی سەید محەمەد حەمیدی سەرنوسەر، دەربارەی شەڕی بەرەی سەقز نوسی:

بەهوی دەنگ و باسی کە لە جبهە گەیشتووە بو جاری چەندەم روژی ١٣٢٥/٣/٢٥- ١٩٤٦/٦/١٥ مرتجعین و سەربازانی بلەوەزەکان لە جبهەی سقز بە پیادە و تانک و توپەوە پەلاماریکی زور سەختیان بو هیزی دیموکراسی کوردستان هیناوە و هیزی کوردستانیش لە بەرامبەر ئەم دەست دریژیەدا پاریزگاری کردووە و جەنگ حالتیکی راستەقینەی وەخو گرتوە. ئەمجا ناچار لە لایەن هیزی کوردستانەوە پەلاماری متقابل براوە دوای جەنگیکی زور سەخت هیزی فاشیست بە کوژراو و زیانیکی زورەوە لە نهایەتی ریسواییی دا هالاتووە و زیانی کە داویانە بە ترتیبی ژیرەوەیە:

١- لە میزانی هەزار کەس کوژراو و بریندار

٢- دوو تانک شکاوە

٣- دوو فروکە شکاوە و سوتاوە

٤- مقداریکی زور تفەنگ و فیشەک و مسلسل وەچەنگ کەوتووە لە لاین هیزی کوردستانەوە تەنیا ١١ کەس بریندار بوون.

هەموو دونیا دەزانی کە ماوەی سی مانگە هیزی کوردستان لە دەوروبەری سردشت و بانە و سقز بو پاریزگاری سنوور دانیشتوون. لەم ماوەدا تا ئەورو سەربەخو لەلایەن هیزی کوردستانەوە چکولەترین دەست دریژیک نەکراوە بەلام ئەو بی شەرمانە دەگەل ئەوەش لەم مدەتەدا بی ووچان دەگەل کوردستان و آذربایجان خەریکی گفتوگوی ریک کەوتن بوون[٢٨] پەلاماری هیزی دیموکراسی کوردستانیان دا.. تد.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٠ یدا ڕایگەیاند، ڕادیۆی کوردستان ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٦- ١٩٤٦/٦/١٦ بڵاویکردەوە کە پێشەوا قازی محەمەد سەرۆککۆماری کوردستان لە تەورێزەوە چووە بۆ "سەرا" و لەگەڵ سەرتیپ ڕزمئارا وتووێژی کردووە و ئێستا خەریکی بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەکانی بەرەکانی شەڕە.

دوای ئــەو ســەردانەی، ڕۆژی ١٩٤٦/٦/٢٠- پێشــەوا لــە نــوێژی هەینییــدا وتارێکیـدا. ڕۆژنامــەی کوردسـتان لــە ژمـارەی ٦٢ یـدا دەقـی وتارەکــەی پێشەوای بڵاوکردووەتەوە.

لـە بەشێکی ئـەو وتارەیدا پێشـەوا ئاماژەی بـۆ شـەڕی ١٩٤٦/٦/١٥ کرد و گوتی ئێران نزیکەی سێ هەزار سەربازی پیادەی ناردبووە سەر مامەشـە و بە هەشت تۆپ و دوو فڕۆکە و دوو تانکەوە پشتیوانیی دەکردن، فەرماندەی ئێمـە لـە مامەشـە، مسـتەفا خوشـناو لـە هێرشـی سـوپای ئێـران ئاگـادار دەکاتـەوە و ئـەویش فـەرمانیان پێدەدا تـا دەگەنـە سـەر سـەنگەرەکانیان، دەسـت نەکەنـەوە. ٣٠ پێشـمەرگە لـەوێ دەبـن و کـە دوژمـن دەگاتـە نـاو سەنگەرەکانیان، ئیتـر لێیانـدەدەن و ژمارەیـەکیان دەکـوژن. پـەنجا هـەزار فیشەکیان لێ دەگرن، دوژمن دەشکێت، بەڵام دووبارە هێرش دەکاتـەوە، لـە هـەمان کاتـدا نزیکـەی ٣٠ کـەس لـە پـۆلی سـەرکردە میر حـاج ئەحمـەد بـە یارمەتییانەوە دێن و شەڕێکی قارەمانانەیان لەگەڵ دەکەن و یەکەیەکیان لـێ بـە دیـل دەگـرن، بـەڵام چونکـە ژمـارەی پێشـمەرگەکان لـە ٧٠ کـەس تێنەدەپـەڕی، کەسـیان نابێـت کـە دیلــەکان دوربخاتــەوە. دووبــارە بــە بەدەستخستنی چەند تفەنگ و کوژراوێکی زۆر، دوژمن دەشکێت و بۆ جاری سـێیەم دوژمــن هێــرش دەکاتــەوە، لەبەرئــەوەی کــە پێشــمەرگەکان ژمارەیـەکیان بریـندار دەبـن، بـە ناچـاریی بـۆ ڕزگـارکردنی پێشـمەرگە برینــدارەکان پاشەکشــە دەکــەن و گــردی مامەشــە بەجێــدەهێڵن. لــە ســەربازەکان ٥٠٠ کــوژراو و ٢٠٠ کەســیان برینــدار و دوو تانــک و دوو فڕۆکەیان سوتاو و شکاوە.

هـەروەها پێشـەوا ڕایگەیانـد کـە دوژمـن لـە بـەری میرەدێشەوە پەلاماری پێشـمەرگەکانی دا کــە سـوارەکانی ئاغـای ئەحمــەدخانی فـاروقی فریـای پێشمەرگەکان دەکەون و لـە هەر دوو بەرەی شەڕ، دوژمن زیانێکی زۆری لێ دەکـەوێت. لـە بـەرەی شـەڕی میرەدێ، محەمـەد ئاغـای شقوی شـەهید بـوو. پێشـەوا سوپاس و دەستخۆشیی لـە پێشمەرگەکانی هێزی بـارزانیی کـرد و گوتی لە یارمەتیدانی ئابووری ئەو پێشمەرگانە، کۆتایی ناکرێت.

جگە لە محەمەد ئاغای شقوی کە لە شەڕی میرەدێدا شەهید کرا، لـە نـاو برینـدارەکانی شـەڕی مامەشەشدا، پێشـمەرگەیەک بـە نـاوی "خۆشـەوی

خـەلیل خۆشـەوی" شـەهید بـوو. هـێمن سـەبارەت بـە شـەهیدبوونی ئـەو پێشـمەرگەیە کۆپلـە شـیعرێکی لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان ژمـارە ٦٢ دا بڵاوکردۆتەوە و لە بەشێکیدا دەڵێت:

دوێنێ ایواری چومە سەیر و گشت
تا بانگی شەوان گەرام کیو و دەشت
شەو هات، تاریکی پەیدا بوو کەم کەم
دلی داگرتم وردە وردە خەم
بە سەر دنیادا کشا پەردەی رەش
هەلاتن یەک یەک ئەستیرەی گەش گەش...

لـە وتـووێژی پێشـەوا قـازی محەمـەد لەگـەڵ سـەرتیپ ڕەزمـارا لـە ١٩٤٦/٦/١٥، پێشەوا قازی هاودەنگیی کرد لە ڕێی کاربەدەستانی کۆماری کوردستانەوە، ئازوقە و خواردەمەنی بۆ یەکەکانی سوپای ئێران لە بانە و سەردەشت بچێت و ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ڕەزمئارا واژۆ کرد:

**١- ڕێ بە هێزەکانی سوپای ئێران دەدرێت کە لە سەقزەوە بۆ هێزەکانیان لە میرەدێ و بانە و سەردەشت ئازوقە ببەن.**

**٢- هێزەکـانی سـوپای ئێـران مافیـان نیـە چـەک و تەقەمـەنی بـۆ ئـەو ناوچانە ببەن و ئەفسەر و سەربازی ئەو جێیانە بگۆڕن، مەگەر بە هۆی نەخۆشیی و برینداربوونیانەوە.**

**٣- نوێنەرێک لە حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەو ئازوقانەی حکومەتدا، لە ڕێگاکاندا دەبێت.**

**٤- ئەگـەر سـوپا ئـەو پەیمانـە پێشـێل بکـات، ئـەوا کوردەکـان مافیـان دەدرێتێ کە پێش بە هەموو هاتوچۆ و ڕاگواستنێک بگرن و ڕێگا بگرن.**(٢٨)

بۆ ئەو مەبەستە محەمەد نانەوازادە فەرماندەی هێزی ناوەندیی کۆماری کوردستان، ڕاسپێردرا کە چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە بکات. ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ٦٩ ی سەرەڕای ئاماژەکردنی بۆ مێژووی ژیـانی نانـەوازادە، ڕایگەیانـد بـۆ مانگێـک دەچـوو کـە وەزارەتـی هێـزی پیشمەرگە بەرپرسیاریی دابوو بە نانەوازادە کە چاودێریی بکات بەسەر

ناردنی ئازوقە و خواردەمەنی سوپای ئێران لە سەقزەوە بۆ یەکەکانی لە بانە و سەردەشت کە لە گەمارۆی پێشمەرگەدا بوون.

ڕۆژی دوو شەممە ١٣٢٥/٤/٢٤- ١٩٤٦/٦/١٤، محەمەد نانەوازادە بە حامید مازوچی سەرۆکی دیژبانی ناوەندیی کۆمار لە مهاباد فەرماندەدات لەگەڵ ژمارەیەک بارهەڵگری خواردەمەنی لە سەقزەوە بچێت بۆ بانە و سەردەشت. خۆشی بە فڕۆکە دەچێت بۆ سەردەشت و بەیانیی ڕۆژی دوایی، سێ شەممە ١٣٢٥/٤/٢٥- ١٩٤٦/٦/١٥ دەگەڕێتەوە بۆ بانە. لە بانە چاوی بە مازوچی دەکەوێ و دواتر سواری فڕۆکە دەبێت کە بگەڕێتەوە بۆ سەقز، بەڵام فڕۆکەکەی لە نزیک گوندی "سنجو" لە بەرزاییەکانی کەلیخان دەکەوێتە خوارەوە و دەستبەجێ ئاگر دەگرێت. فڕۆکەوانەکە بە پاراشوت خۆی ڕزگار دەکات، بەڵام نانەوازادە لە ناو فڕۆکەکەدا دەمێنێتەوە و دەسوتێت.

ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٢٦- ١٩٤٦/٦/١٦، سەروانێک و دوو پلەداری سوپای ئێران، تەرمی نانەوازادەیان هێنایەوە بۆ مهاباد. کاتژمێر ١٩:٠٠ ی ئەو ڕۆژە، بە بەشداریی نزیکەی دە هەزار کەس، تەرمی نانەوازادەیان لە گۆڕستانی مەلا جامی بە خاک سپارد.

جادەی سەقز بۆ بانە بە تەواویی لەژێر چاودێریی پێشمەرگەدا بوو. هیچ کەسێک جگە لە خەڵکی ناوچەکە، بە بێ بڕیاری ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، نەیدەتوانی لەو جادەیە نزیک ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەرپرسانی کۆماریش بەو جادەیەدا هاتوچۆیان بکردایە، ئوتۆمبێلەکانیان دەپشکنین. بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر دیسیپلینی پێشمەرگەکانی کۆمار لەو ناوچەیەدا، سەرنج بدەنە ئەم ڕووداوەی خوارەوە:

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ناوەڕاستی مانگی مای ساڵی ١٩٤٦، پێشمەرگەکانی بازگەی مامەشە لە کاتژمێر ١٢:٠٠ دا ئوتۆمبیلی سەدری قازی ڕادەگرن. سەدر دەڵێت: من برای پێشەوا قازیم و لێیان دەپرسێت: ئەگەر منتان بناسیایە، هەر سەیری ئوتۆمبێلەکەمتان دەکرد؟ پێشمەرگەکان دەڵێن بەڵێ! چونکە ئێمە دەبێت بە توندیی دەستوری فەرماندەکەمان جێبەجێبکەین. سەدر بە بیستنی ئەو قسەیە، بە خۆشحاڵییەوە ناوی فەرماندەکەیان دەپرسێت. ئەوانیش دەڵێن فەرماندەی ئێمە بەکر عەبدولکەریمە "لە هێزی بارزانییەکان". سەدری قازی

سوپاسیان دەکات و ئەم نامەیەی خوارەوە دەنوسێت و دەیدات بە یەکێک لە پێشمەرگەکان کە بیگەیەنێت بە فەرماندەکەیان:

- پێشمەرگەکانی کوردستانم بینی. لە خۆشیان لە پێستی خۆمدا نەدەگونجام، باوەڕ بکە بیست ساڵ جوانتر بوومەوە. نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک سوپاسی خۆمتان ئاڕاستە بکەم. دیسیپلین و ئەرکشناسیی پێشمەرگەکانی کوردستان جێی سوپاس و پێزانینە. پێمخۆشبوو لە نزیکەوە بە خزمەتتان بگەم، بەڵام چونکە دەبێ بچمە بۆکان و مهاباد، هەلی ئەوەم بۆ نارەخسێت. ئوتۆمبێلەکەم دەنێرمە لاتان، دیتنی ئێوە بۆ من زۆر جێی خۆشحاڵییە.

**سەدری قازی**(٢٩) (پاشبەندی ١٤)

لە لاپەڕەی ٢٢١- ٢٢٦ ی دوای ٦٠ ساڵ دا، عیرفان قانعی فەرد پەنجە بۆ هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، گیرانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی، چوونی مەلا مستەفا بارزانی بۆ تاران ڕادەکێشت، سەرەڕای هەڵبەستنی کۆمەڵێک درۆ و گوتنی قسەی ناشیرین بە سەرۆک بارزانی، بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەیەکی ڕوکنی دووەمی سوپای ئێران دەنوسێت:

- (بارزانی لە تاران جگەلە خۆهەڵکێشان و غەیبەت کردن لە پێشەوا، شتێکی تری بە زماندا نەهاتووە. ئەو بەڵێنی داوە کە ئەگەر هێزەکانی ئێران بۆ تێکدانی کۆماری کوردستان بێن، هاوکاریان دەکات.)

دواتر دەنوسێت: (بارزانی ئامادە نەبوو خۆی بەدەستەوە بدات، گوتی تا نەگەڕێتەوە لای شێخ ئەحمەد مەرجەکانی ئێران بۆ چوون بۆ هەمەدان قەبووڵ ناکات و ئامادەش نییە یەکێک لە ئەفسەرەکانی ئێرانی بەناوی ئەبولحەسەن تفریشیان بداتەوە بە ئێران.)

هەروەها لە لاپەڕەی ٢٢٦ دا دەنوسێت: (بارزانی لە تاران زۆر دژی قازی محەمەد قسەی کرد و قازی بەگرتدا. ئەگەر بارزانی سەفەری تارانی نەکردبایە، قازی نەدەگیرا.)

قانعی فەرد بە شێوەی ڕاستەوخۆ ناڵێت ئەو قسە پوچ و دور لە ڕاستییانەی لە کێ وەرگرتووە کە بێگومان هی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامین، بەڵام بە دانانی ژمارە و ئاماژە بۆ کردنی لە پاشکۆی ئەم

بەشەی کتێبەکە دا، ناوی چەندان کەسی نوسیوە کە خوێنەر سەری لێ بشێوێت و بۆی دەرنەکەوێت، کێ ئەو قسە پروپووچانەی گوتووە. هەرلەو پێوەندییەدا لە لاپەڕەی ٢١١-٢٢٢ دا دەنوسێت:

- (مەئمورێکی ساواک لەم باوەڕە دایە کە بارزانی چاوی بە ڕەزمئارا و سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی وەزیری جەنگ و قەوامولسلتەنە کەوتووە. کۆمەڵێک پێشنیازی بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی قازی محەمەد و هەڤاڵانی ئاراستە کردوە. هەروەها داوای کردوە خۆی و چەکدارەکانی لە مهاباد بمێننەوە و بودجە و چەکی پێویستیان بۆ دابین بکەن. پەیتا پەیتا داوای دەکرد بە خزمەت شا بگات، بەڵام شا قەبووڵی نەکرد و بارزانی نەیتوانی بە خزمەت شا بگات. شا نەیدەویست بە بینینی ئەو ژەنەڕاڵە بەدەڵە، ئەویش کە لە عێراقەوە ڕایکردبوو و پەنای بۆ کۆماری مهاباد هێنابوو، دان بە بوونی ئەو و کۆمارەکەیدا بنێت و عێراق لە خۆی بڕەنجێنێت. شا باش دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکات.)

هەموولایەکمان دەزانین کۆماری کوردستان ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧ هەرەسی هێنا. بارزانی هەرگیز لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا سەردانی تارانی نەکرد و بۆ یەک جاریش چاوی بە بەرپرسانی حکومی و سەربازیی ڕژێمی پەهلەوی نەکەوت. بارزانی دوای هەرەسهێنانی کۆمار و پاشەکشەکردنی بارزانییەکان لە مهابادەوە بۆ نەغەدە و گیران و دەستبەسەرکردنی پێشەوا قازی محەمەد لەلایەن سوپای ئێرانەوە، بە پێشنیازی سەرلەشکر هومایونی فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ و ڕاسپاردەی شێخ ئەحمەد چوو بۆ تاران، نەک لە سەردەمی کۆماردا. ئەم چوونەشی بۆ ئەوە بوو کە پێش بە شەڕ و تێکهەڵچوونی عەشیرەتە خۆبەدەستەوەدەرەکانی کورد و سوپای ئێران دژی بارزانییەکان بگرێت و ڕێگە بدەن، بارزانییەکان تا کۆتاییهاتنی سەرما و سۆڵەی زستان، سنوری دەستکردی ئێران بەجێهێڵن. ڕووداوەکە بەکورتی بەم جۆرە بوو:

- (ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٢ سوپای ئێران بە هاوکاریی ژمارەیەک دەرەبەگی ڕاکردو و تالانچی، شاری تەورێزی خستە دەست خۆی و لە یەکەم هەنگاودا دادگایەکی سەحرایی سەربازیی پێکهێنا. سەرهەنگ زەنگەنە کە ناوی بە

مرۆڤێکی توند و بێبەزە دەرکردبوو، کرا بە داواکاری سەربازیی تەورێز و سەدان سەرباز و ئەفسەری سوپای نەتەوەیی و فیدایی بە حوکمی دادگای سەحرایی لە سێدارەدان. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، ژمارەی گوللەباران کراوەکان گەیشتە سێهەزار کەس.(٣٠)

بەرلە هێرشی سوپای ئێران بۆسەر تەورێز، حکومەتی ئازەربایجان بەرەی شەڕی هەوشاری بە حکومەتی کوردستان سپارد و لەلایەن هەردوو حکومەتەوە، مەلا مستەفا بارزانی فەرماندەیی ئەو بەرەشی دەکرد. ڕۆژێک بەرلە هێرش بۆسەر ئازەربایجان، واتا ڕۆژی ١٩٤٦/١٠/٢٠ میرجەعفەر باقرۆف لە نەخجەوان چاوی بە پیشەوەریی، پادگان و غولام یەحیا فەرماندەی فیداییەکان کەوت. لەو دیدارەدا پیشەوەریی گوتی:
- (دۆخێکی دژوار و مەترسیهێنەری سیاسیی بۆ ئازەربایجان پێکهاتووە. ئێمە لە پلەی یەکەمدا دەبێ گەشە بە توانایی جەنگیی هێزەکانمان بدەین. ئینگلیزەکان و گروپە کۆنەپەرستەکانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی قەوامولسەڵتەنە دەیانەوێ دەستکەوتەکانمان لەناو بەرن. من ڕادەگەیەنم کە ئەگەر ئەو هێزە شەیتانییانە هێرش بکەنە سەر ئازەربایجان، لە هەلومەرجی ئێستادا ئێمە ناتوانین پێشیان بگرین.)
پیشەوەریی کەمیی چەک و کەرەستەی سوپای ئازەربایجانیی بەهۆی سەرەکی ئەو دیاردەیە ناساند و گوتی: (گومان لەوەدا نییە کە کاتی هێرشکردن بۆسەر ئازەربایجان، پلانەکەیان لە زەنگانەوە بۆ مەراغە بەڕێوەدەبەن.) ئەوشی گوت: (لە بەرەی زەنگاندا بەهۆی نەبوونی لەمپەری سروشتی، هێزەکانمان لە دەشتاییدا سەنگەریان گرتووە.)
پیشەوەریی ڕایگەیاند: (ژمارەیەک کورد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانیی هەن کە دەتوانن پشتیوانیی لە دیموکراتەکان بکەن کە ژمارەیان لە ١٥٠٠ چەکدار تێناپەڕێت.(٣١))

سوپای ئێران دوای داگیرکردنی ئازەربایجان، بەرەو کوردستان هات. ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماردەران، بەشێک لە هێزەکانی لە بەرەی سەقز لە سەرا هێشتەوە و خۆی لەگەڵ حەمەدەمین میرخان فەرماندەی بەتالیۆنی یەکەم، بەرەو میاندواو چوو کە بەرەیەکیش

لــەوێ بكاتــەوە. لــە میانــدواو بــۆی دەركــەوت كــە فیداییــەكانی كۆمــاری ئازەربایجــان بــەرگریان لە ســوپای ئێــران نــەكردوە و ســەركردەكانی ئازەربایجانیش ڕایانكردوە بۆ باكۆ.

بارزانیی حەمەدەمین میرخان دەنێرێتەوە سەرا، خۆشی دەگەڕێتەوە. لە سەرا میرخان ڕەوانەی مهاباد دەكات كە ئاگای لە خێزانە بارزانییەكان بێت. بەشێك لە هێزەكانی لە بەرەی شەڕی سەرا دەهێڵێتەوە كە بەرپەرچی هاتنەپێشەوەی دوژمن بدەنەوە و چاوەڕوانی فەرمان بن. بەشەكەی تری دەنێرێتە دێهاتی نێوان بۆكان و مهاباد كە خێزانە بارزانییەكان ببەن بۆ مهاباد و لەوێ كۆیان بكەنەوە.(٣٢)

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٦ بارزانی دەگاتە مهاباد و چاوی بە پێشەوا قازی محەمەد و لێپرسراوانی حیزبی دیموكرات و كۆماری كوردستان دەكەوێت و بۆی دەردەكەوێت كە هیچكام لە لێپرسراوانی مهاباد نیازی بەرگرییان نیە و هەموویان خۆیان بەدەستەوەدەدەن. دوای ئەوە بارزانی دەچێتە لای پێشەوا قازی و لێی دەپرسێت: **(دەتەوێ چی بكەیت؟)** پێشەوا لە وەڵامدا دەڵێت: **(دەمەوێ خۆم فیدا بكەم، بۆ ئەوەی خوێنی خەڵكی مهاباد نەڕژێت، خۆم بەدەستەوە دەدەم، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە پێوەندییم بە ژەنەراڵ هومایونییەوە كردوە.)** لەو كاتەدا كە فرمێسك لە چاوی پێشەوادا قەتیس ببوو، بە بارزانیی دەڵێت:

**- (جگە لە پیاوەكانی خۆت، پشت بە كەس مەبەستە. زۆرن ئەوانەی سوێندیان بۆ من خوارد بوو، كەچی ئێستا بۆ خزمەتكردنی سوپای ئێران پێشبڕكێیانە. هەروەها دەمەوێت لە سەرۆك هۆزەكان وریا بی و بڕوایان پێ نەكەیت. تكاش دەكەم بە زووترین كات مهاباد بەجێبهێڵە، تا لێرە لەگەڵ لەشكری ئێران بەگژ یەكدا نەچن.)** بارزانی دەڵێت:

**- (قازی هەستایە سەرپێ و بە گریانەوە ماچمی كرد و گوتی: لە خوا دەپاڕێمەوە بتپارێزێ و سەركەوتوو بیت. با ژیانی من فیدای هاونیشتمانەكانم بێ و ببێت بە هۆی دورخستنەوەیان لەو بەڵایەی هەڕەشەیان لێ دەكات. ئەوەی گوت و ئاڵای كوردستانی لەسەر مێزی كارەكەی هەڵگرت و گوتی: ئەمە ڕەمزی كوردستانە دەتدەمێ، وەك سپاردەیەك لات بێت، چونكە پێموایە تۆ لە هەموو كەس باشتر پارێزگاریی دەكەیی.(٣٣))**

بنەماڵەکانی بارزانییەکان لە ناوچەی مهابادەوە دەبەن بۆ نەغەدە و شنۆ و لە گوندەکانی نزیکیان کۆیاندەکەنەوە. شێخ ئەحمەد دەگاتە شنۆ. کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردەکان دەکات، بڕیاردەدەن دوو هێڵی بەرگریی لە نێوان نەغدە و مهاباد و دوو هێڵی بەرگرییش لە دۆڵی "باراندوز" و دۆڵی "قاسملوو" دابنێن، تا بۆشیان بکرێت بەهۆی سەرما و سۆڵەی زستان، خۆیان لە تێکهەڵچوونی هێزەکانی جاش و سوپای ئێران بپارێزن. دیارە سوپای ئێرانیش ئەزمونی شەڕی لەگەڵ بارزانییەکان هەبوو، خۆی لە قەرەیان نەدەدا.

پاشەکشەی بازانییەکان لە مهاباد، گەڕانەوەی سوپای ئێرانی بۆ ئەوێ و ڕوخانی کۆماری کوردستانی بە دواوە بوو. پێش ئەوەی مهاباد بکەوێتە دەست دوژمن، لیژنەیەک لە سەرۆک خێڵەکان و دەوڵەمەندەکانی شاری مهاباد، وەک سەیدعەلی حوسێنی، میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، کەریم ئاغای قونقەڵا، عەلی ئاغای کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش، عەلی ئاغای دێبوکری "ئەمیر ئەسعەد" سلێمان کوڕی مارف ئاغای مامەش، مام حەسەنی مەنگوڕ و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی کە نوێنەری پێشەوا قازی بوو، ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٤ بۆ پێشوازییکردن لە سەرتیپ هومایونی دەچنە میاندواو.(٣٤)

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٦ قازی محەمەد، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و حاجی سەید بابا شێخ پەیمانی تەسلیم بوونی کۆماری کوردستان و دورخستنەوەی بارزانییەکانیان لە مهاباد مۆرکرد. ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧، پێشەوا قازی و سەرکردەکانی کۆماری کوردستان، تا نزیک گوندی "گوێکتەپە" لە ١٢ کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی مهاباد، بە پێشوازیی سوپای ئێرانەوە چوون و هێزەکانی سوپای ئێرانیان بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ "غەفاری" هێنایەوە بۆ مهاباد و لەو ڕۆژەدا (١٩٤٦/١٢/١٧)، سوپای ئێران مهابادی داگیرکردەوە کە ساڵێک پێشتر لەوێ پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی هەڵکردبوو. هۆی ئەو پێشوازیی کردنەی پێشەوا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ڕێگە لە دێبوکرییەکان بگرێت، بەرلە هاتنی سوپا خۆیان بگەیەننەوە مهاباد و خەڵک قەتڵی عام بکەن. پێشەوا بەو هەنگاوەی نەیهێشت کارەساتی تەورێز لە مهاباد دووپات بێتەوە.

دوای پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ ناوچەی نەغەدە و شنۆ و گوندەکانی نزیکیان سوپای ئێران، پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و ژمارەیەک لە وەزیران و کاربەدەستانی حزبیی و حکومیی لە مهاباد، سەقز و بۆکان دەستبەسەر کرد. کاتێک پێشەوا قازی و هەڤاڵانی لە زیندانی ڕژێمدا بوون، سەرلەشکر هومایونی فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ داوای بینینی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی کرد. هومایونی و سەرگورد غەفاری بە یەکەوە لەماڵی "قوڵیخان"ی نەغەدە، چاویان بە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا، هومایونی لە شێخ ئەحمەدی پرسی: **(دەتانەوێت چی بکەن؟)** شێخ ئەحمەد گوتی: **(نامانەوێت لەگەڵ سوپای ئێران بە شەڕ بێین، تەنیا ئەوەندەمان دەوێت کە وازمان لێ بهێنن، تا دەگەینە بەهار، ئەوسا خاکی ئێران بەجێدێڵین، حکومەتی عێراق ڕازیی بێت یان نا.)** هومایونی لە وەڵامیدا گوتی: **(باشترە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران باس بکەن.[٣٥])**

شێخ ئەحمەد پێشنیازی هومایونی قەبووڵکرد و بڕیاریدا مستەفا بارزانی بچێت بۆ تاران. بارزانیی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢١ بەرەو تاران کەوتەڕێ. عیزەت عەبدولعەزیز، نوری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد، حەمەدەمین میرخان، جەمیل تۆفیق بامەڕنی و خالید زراری لەگەڵ خۆی برد و سەرگورد غەفاریش لەگەڵیان ڕۆیشت.

لە تاران زۆر بە ڕێزەوە پێشوازییان لە بارزانی و هەڤاڵانی کرد. بە پێچەوانەی عیرفان قانعی فەرد، چاوی بە محەمەدڕەزاشا، قەوامولسلتەنە سەرۆکوەزیران و سەرۆکی سوپای ئێران کەوت. دوو ڕێیان لە بەردەم بارزانییەکان دانا. یان دانانی چەک و نیشتەجێ بوونیان لە ناوچەی هەمەدان، یان بە پەلە بگەڕێنەوە بۆ عێراق. بارزانیی گوتی: **(من ناتوانم بڕیار بدەم، تا نەچمەوە بۆ لای شێخ ئەحمەد کە ئەو دەسەڵاتدارە.)**

حکومەتی ئێران دەیویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، مستەفا بارزانی بە بارمتە بگرێت، بۆ ئەوەی کە شێخ ئەحمەد و بارزانییەکانی پێ تەسلیم بکات. بەو مەبەستە لیژنەیەکی نارد بۆ لای شێخ ئەحمەد. لیژنەکە پێی ڕاگەیاند: **(یان بە پەلە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، یان چەک بن و ئامادەی گواستنەوە بن بۆ هەمەدان، ئەگەرنا مەلا مستەفا بارزانی ناگەڕێتەوە.)**

وەڵامی شێخ ئەحمەد ئەوە بوو کە دوای کەوتنی سەرما و توانەوەی بەفر، لە بەهاردا ئێران بەجێدێڵین. دەربارەی مستەفا بارزانییش، گوتی: (ئێمە سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین، هەر یەکێک لە بارزانییەکان مستەفایەکن.) حکومەتی ئێران بە بیستنی هەڵوێستی شێخ ئەحمەد، ناچاربوو ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٩ بارزانی و هەڤاڵانی بگەڕێنێتەوە بۆ نەغەدە.[٣٦]

قانعی فەرد ئەم جارەیان لە لاپەڕەی ٢٣٧ ی دوای ٦٠ساڵ دا، دەربارەی پێشەوا قازی محەمەد دەڵێت:

- (قازی محەمەد کەسێکی کەمزان و ناسیاسیی بوو. خوێندنی ئاکادیمی نەبوو، وانەی ئایینی و شەریعەتی خوێندبوو. پێشتر پێشنوێژ بوو، بەڵام لایەنگرانی باس لە زانیاریی ئەو دەکەن. لە ڕاستیدا لە حوجرەی فەقێیان شەریعەتی خوێندبوو، تەنانەت سەفەریشی بۆ ئەوروپا نەکردبوو. زانیاریی لەسەر جوغرافیای ئێران و بارودۆخی حکومەتە خودموختارەکانی جیهان نەبوو. خودموختاریی هۆی سەرەتایی دەوڵەتی کورد بوو. گرفتی سەرەکی کۆماری مهاباد دەگەڕایەوە بۆ ئەو نیازە کە بە ڕوسەکانیان هەبوو. بوونی لەشکری سور، تەنیا شانسی مانەوەیان بوو. چونکە نزیکی و پەیوندیی بە ستالینەوە هەبوو، زلهێزەکانی ڕۆژئاوا پشتی ئێرانییەکانیان گرت.)

قانعی فەرد و فێرکراوانی لە دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێمدا هەوڵدەدەن بەو نوسینانە، شانازییەکانی نەتەوەی کورد، لە دیمەنێکدا بنەخشێنن کە خۆیان دەیانەوێت. وتەکانی قازی محەمەد لە ڕێوڕەسمە جیاوازەکاندا و وتووێژەکانی لەگەڵ ڕۆژنامە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمی ئێران و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ وتەی سیاسەتمەدارانیتری ئێران و بەرگریی کردنی لێبڕاوانەی لە نەتەوەی کورد، پێشاندەری بیری پێشکەوتنخواز و مرۆڤانەی پێشەوای کوردن و نیازیان بە سەلماندن و لێکدانەوەیە، نەک بەڵگەی ئاکادیمین کە هەزاران جاسوسی وەک قانعی فەرد و موحسین ڕەزایی خاوەنی بەڵگەی بێبایەخی زانکۆن و بە فەرمانی دەزگاکانی ئیتلاعات پێیاندەدرێت!

هەڵکەوتەی جوغرافیایی و دابەشبوونی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان لەلایەن ئیستعماری ئینگلیز، بەسەر چوار دەوڵەتی دیکتاتۆردا، لە هەموو بارێکەوە نەتەوەی کوردی توشی ئازار کردوە. ئەم دەوڵەتانە بە درێژایی مێژوو دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کوردیان کپکردوە و لە بەرامبەر هەر داواکارییەکی دیموکراتیدا، بە گرتن و شکەنجەدان و کوشتن وەڵامیان داوەتەوە. بە بەردەوامی مامەڵەیان لەسەر کردوە، پەیمانی هاوکاریی ناوچەییان لەسەر مۆر کردوە و هێڵیان لەناو خاک و ڕۆڵەکانیدا کێشاوە و دایک و منداڵیان لەسەر خاکی خۆی لێک جودا کردوەتەوە. ناچاریان کردوە بۆ بەرگریی لە گیانی، پەنا بۆ چیا بەرێت و چەک هەڵبگرێت. لە بەرامبەریدا بە چەکی قورس و بۆمببارانی فڕۆکە، شێتانە پەلاماریان داوە و جگەلە پروپاگەندەی ناڕاست، کەسی خۆفرۆشیان لە نەتەوەی خۆی بۆ دەستنیشان کردوە کە شانازییەکانی نەتەوەیی و مێژووی پڕلە سەروەریی خەباتیان لەبەر چاوی نەوەی نوێ، بێگانە بکەن. ئەمە چارەنوسی گەلێکی چل ملیۆنییە لە دنیای دیموکراسیی ئەمڕۆدا.

قازی محەمەد ٦٧ ساڵ لەمەوبەر کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. لەو سەردەمەدا سەرتاپای کوردستان، ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دۆخی نەخوێندەواریدا بوو. لە سێ ملیۆن کوردی ژێردەستی ئێران لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ٣٠٠،٠٠٠ کەسیان لە شار و ٢،٧٠٠،٠٠٠ کەسیشیان لە گوندەکان ژیانی نیوە کۆچەرییان هەبووە.(٣٧)

لە کۆی ئەم ژمارەیە، تەنیا نزیکەی ٥% ی کوردان خوێندەوار بوون و ئەوانی تر بەتایبەتیی ئافرەتان خوێندەوارییان نەبووە. گوندەکانی کوردستان خوێندنگە و بنکەی تەندروستیی و پزیشکیان نەبوو. بۆ نمونە لە شارێکی وەک مهاباد کە کۆماری کوردستانی لێ دامەزرا، تەنیا خوێندنگەیەکی هەبوو.

قازی محەمەد لەو سەردەمەدا کە کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، زۆربەی سەرکردە و حاکم و دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەخوێندەوار بوون، یان خوێندنی سەرەتایی و ئایینییان هەبووە. ئێستاش لە دنیادا زۆرن کە وڵات بەڕێوەدەبەن و خوێندنی ئاکادیمییان نییە، نمونەکەی "یۆران پەرشۆن" سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدە کە بە ساڵان

سـەرۆکایەتی گـەورەترین پـارتی دەسـەڵاتداری سـوید و حکومـەتی هەرە دیموکراتیی جیهانی لە سوید کرد، بەبێ ئەوەی کە زانکۆی تەواو کردبێت. ئایا خومـەینی، حەسـەنی و خلخـالی خوێنـدنی ئاکادیمیـان هەبـوو، یـان خـامنەیی ڕێـبەری کۆمـاری ئیسـلامی خوێنـدنی ئاکـادیمی هـەیە؟ ئەمـڕۆ چەند لە مەلا حاکم و دەسەڵاتدارەکانی ئێران خوێندنی ئاکادیمیان هەیە؟

بـۆ ئـەوەی قـانعی فـەرد و فێرکراوانـی بـە ڕادەی زانیـاریی پێشـەوا قـازی محەمـەد بـزانن، باشـترە ئاوڕێـک لـە لاپـەڕەکانی ڕۆژنامـەی کوردسـتان و وتارەکـانی پێشـەوا لـە سـاڵی ١٩٤٦ بدەنـەوە، یـان ئـەم وتـارەی ڕۆژی ١٣٢٥/٥/٤ی پێشەوا قازی محەمەد بخوێننـەوە کـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان لـە ژمـارەی ٧٢، ڕۆژی ١٣٢٥/٥/٨- ١٩٤٦/٧/٣٠یـدا بڵاویکردۆتـەوە. وتـەکانی پێشـەوا لـەو سـەردەمەدا لـە ڕووی ڕۆشنبیریی و سیاسییەوە، ئـەمڕۆ زیـاتر لەو سەردەمە بایەخیان هەیە کە دەڵێت:

- **(ئەی خۆشەویستەکانم، کاتێک میللەتی کورد بەختیار دەبێت کە ئێمە واز لە بەرژەوەندی شەخسیی بهێنین ... هەر وەک کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین، با کاری میللەتیش هەروا جێبەجێ بکەین، کاری شەخسی پێش کاری گشتی نەخەین. دروستکار ئەو کەسەیە کە چاوی لە پارە، پایە و سامان نەبێت، جا تکام وایە کە چیتر چاوتـان لـە بەرژەوەندی شەخسی نـەبێت، قوتابخانـە لـە دێهاتەکانـدا بکەنـەوە، نەخۆشـخانە دروستبکەن، یارمەتی هەژاران بدەن و کارگە دروستبکەن ... ژیان کورتـە، پارە نـاوی مرۆڤ بڵند ناکات، بەڵکوو خزمەت بە میللەت و نیشتمان، ئەستیرەی سەر شـانی مرۆڤـە...)** ئەوانـە چەنـد کۆپلـەیـەکن لـە وتـە هەدەم بەنرخـەکانی پێشەوا. (پاشبەندی ١٥)

ئەوە هێز و توانابیەکی فیکریی و هۆشیاریی گەورە بووە کە پێشەوا لە بنەماڵـەیەکی ئایینی و لەناو جەرگەی سیستمی دەرەبەگایەتی و دوا کەوتوویی کۆمەڵگایەکی سەد ساڵ لەمەوبەری کوردستاندا پەروەردە بووە و ئەو پیاوە پێشکەوتنخوازەشی لێ دەرچووە! دانانی ڕێکخراوی ئافرەتان لە کۆماری کوردستاندا لەلایەن هاوسەری پێشەوا و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی لەناو گەورەکاندا، ئاستی پێشکەوتنخوازیی و لێهاتوویی پێشەوا و هەوڵدانی بۆ والا کردنی دەرگای ئازادیی بە ڕووی ئافرەتانی کوردستاندا دەردەخەن.

**(کورد لە ژیاندا سێ شتی گەورەی پێویستە، یەکەم: خوێندن. دووەم: پەروەردەی باش. سێیەم: فیداکاریی.)** ئەوە وتەی سەرۆککۆماری کوردستان بووە، پێش ٦٧ ساڵ.

ئەوە زیرەکیی پێشەوایە کە ٦٧ ساڵ لەمەوبەر باس لە "وزەی ئەتۆمیی" بۆ هاونیشتمانانی ئەو سەردەمەی کردوە و موژدەی پێداون کە ڕۆژێک دێت شارەکانیان بە وزەی ئەتۆم ڕوناک دەبێتەوە، ئاخر چەند مەلای دەسەڵاتداری ئەمڕۆی ئێران کە ئێستاش لە چاڵی "جەمکەران"دا بڕیار لەسەر بودجەی حکومەتەکەیان دەدرێت، سەریان لە ئەتۆم دەردەچێت؟[٣٨]

لە لاپەڕەی ٢٤٠ ی دوای ٦٠ ساڵدا قانعی فەرد لە وتەکانی پێشووی خۆی سەبارەت بە چوونی بارزانی بۆ تاران لە سەردەمی کۆماردا و بەگرتدانی پێشەوا پەشیمان دەبێتەوە و دەنوسێت: **(بارزانییەکان لە ١٧ی دیسێمبەری ١٩٤٦ دا سەرەتا چوون بۆ نەغەدە. لە نەغەدە، بارزانی بیستی قازی محەمەد بەبێ شەڕ و بەربەرەکانی پێشوازی لە سوپای ئێران کردوە و لە مهاباد خوێن لە لوتی کەس نەهاتوە. بارزانییەکان نەغەدەیان بەجێهێشت و لە بەرزاییەکانی نزیک نەغەدە، شنۆ، دەشتەبێڵ، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ جێگیربوون. بارزانی مانگێک لەو بەرزاییانە مایەوە. بە بارینی بەفری قورس و سەرمای زۆر، دەترسا ڕێگەیان لێ بگرێت و لەناو بەفر و سەرمادا بمێننەوە. ژمارەیەک لە لایەنگرانی قازی محەمەدیش کە لە ڕۆژانی زیندانیی بوونیدا، هێشتا پێوەندیی خۆیان لەگەڵ بارزانی پاراستبوو، تا بەڵکوو بتوانێ قازی محەمەد لە زیندان ئازاد بکات ....)**

دواتر پەنجە بۆ نوسینی یەکێک لەو ئەفسەرانە ڕادەکێشێت کە لەگەڵ بارزانییەکان بووە و لە لاپەڕەی ٢٤٣ دا دەنوسێت: **(بارزانییەکان نەیاندەویست دژی سوپای ئێران شەڕ بکەن، بەڵام سوپای ئێران بەپێچەوانەوە بەهۆی تیپی ورمێ و لەشکری پێنجی سنە و لەشکری سێی تەورێز و هێزە پرچەککراوەکانی سوپا لە مهاباد و یەکەکانی تۆپخانە، لە زەوی و ئاسمانەوە بە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان، هێرشیان کردە سەر بارزانییەکان. سەرکردایەتی سوپا دەیویست بەهەر نرخێک بووە، کێشەی**

بارزانییەکان لە ئێران دور بکاتەوە. زیانێکی زۆریان بە بارزانییەکان گەیاند. ڕەزمئارا بە فڕۆکە چوو بۆ ورمێ کە سەردانی هێزەکانی بکات.).
لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: (بە درێژایی جەژنی ئێرانییەکان "مەبەست جەژنی نەورۆزە- نوسەر"، سوپا دژی بارزانییەکان درێژەی بەشەڕدا. بۆمببارانەکان توند و خەستتر بوونەوە. هەندێک جار، فڕۆکەکان بە مەودایەکی کەم لەگەڵ زەوی، بە دۆشکە، ژمارەیەکی زیاتریان لە ژن و منالّی بارزانییەکان دەکوشت. شێخ ئەحمەد نامەیەکی بۆ فەرماندەی ئێرانییەکان نوسی کە "دیلەکانمان گەڕاندۆتەوە، دەست لە بۆمببارانی ئێمە هەڵگرن." هەرچەندە ئەو خوازیاری نەرمو نیانیی ئێرانییەکان بوو، بەڵام ڕاونان و ڕاکردن درێژەی هەبوو. سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی وەزیری جەنگ بوو. ڕۆژنامەی ئیتلاعات نوسی: "بارزانی بە دوو هەزار کەسەوە کە هەزاریان پڕچەکن لە سنوری ئێران دەرچوون و گەیشتنە سەردەشت و پێویستە چەک بکرێن." ڕەزمئارا سەرۆکی ئەرکانی سەرکردایەتی جەنگ سەبارەت بە بۆمببارانی بارزانییەکان دەڵێت: "بارزانییەکان ئێرانیی نین، لە باکوری کەرکوک نیشتەجێن و ژمارەی ئەو هۆزە دە هەزار کەسە. دوو هەزار بنەماڵە پێکدێن. سەیر ئەوەیە کە دەڵێن:

١- خەڵکێکی خەباتکار و قانعن و لە کەڵکوەرگرتن لە زەوی و لەمپەرە سروشتییەکاندا بێهەوتان.
٢- لە کەڵکوەرگرتنی زۆر لە تەقەمەنی خۆدەپارێزن و هەتا دوژمن نەگاتە مەودای کەمتر لە ٢٠٠ مەتری تەقە ناکەن.
٣- زۆر زوو خاڵی لاوازی دوژمن لە بەرەی شەڕدا دەدۆزنەوە کە ئەم کارەیان سەرسامهێنەرە.
٤- چونکە بە بەردەوامی لە چیا و دۆڵ و دارستانەکاندا شەڕ دەکەن، بە جۆرێک کارامەییان لە شەڕدا هەیە کە هیچ سوپایەک بە ڕادەی بارزانییەکان شەڕکەر نین. بە نەترسیی و ئازایانە هێرش دەبەن و بە ڕادەیەک لە شەڕدا خۆڕادەگرن کە لە مەودای سی مەتری لە زرێپۆشەکان دەدەن و زۆرجار، زرێپۆش بەسەریاندا دەرۆیشت. ئێمە ڕوو بە ڕووی کەسانێکین کە بە پێشوازیی مەرگەوە دەچن." ئەم شەڕ و پێکدادانە لەناو

خاکی ئێران و لە مارسی ١٩٤٧ بەڕێوەچوو. کاتێک قازی محەمەد لە زیندان بوو، گومان دەکرا پلەکردن لە ئیعدام کردنیدا بەهۆی شەڕی چەکدارانەی دژبە بەرژەوەندە نەتەوەییەکان و یەکێتی خاکی ئێران بووبێت کە حکومەت گومانی دەکرد، بارزانیی پێوەندیی بە قازی محەمەدەوە هەیە و کوشتنی ئەو کۆتایی بەشەڕ و خوێنڕشتن دەهێنێت).

لە لاپەڕەی ٢٤٤ ی دوای ٦٠ ساڵ دا دەنوسێت: (ڕەزمئارا ڕایگەیاند ئێمە لەگەڵ یەکەکانی سوپای عێراق لە خاکی خۆیاندا، پێوەندیی تەواومان هەیە و بێگومان بە زوویی کاری بارزانییەکان یەکسەرە دەکەین. دەوڵەتەکانی عێراق و تورکیا لە سنورەکانی خۆیاندا، لەو شەڕەدا هاوکاریی هێزەکانی سوپای ئێرانیان کردوە. تورکیا لە هەرێمی باکوریدا ڕێگەی لە بارزانییەکانی بەستووە و فڕۆکەکانی ئەو دوو دەوڵەتانە بەسەر سنورەکاندا دەفڕن و دەوڵەتی عێراق دوو تیپی لە سنوری ئێران دابەزاندوە. سەرلەشکرەکەیان "ئەمیر قوە سەید عەلی حجازی" لە حاجی ئۆمەران چاوی بە سەرلەشکر همایونی کەوتووە و سوپای ئێران و عێراق بە بێتەل لە پێوەندیی تەواو دان. چەکدارەکانی شێخ ڕەشیدیش لە ناوەند کۆبوونەتەوە بۆ یارمەتیدانی سوپای عێراق." دواتر بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی بارزانییەکان و هاوکاریی کردنی دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق، ڕۆژی ٢٠ ی مارسی ١٩٤٧، سەرلەشکر فەزلوڵڵا همایونی لە حاجی ئۆمەران چاوی بە سەرتیپ سەید عەلی حجازی ئەمیر هێزی عێراقییەکان کەوت.)

سەرئەنجام لە لاپەڕەی ٢٤٥ ی دوای ٦٠ ساڵ دا، قانعی فەرد دەنوسێت:

- (دوای دوو مانگ شەڕ و پێکدادان لەگەڵ ئێران، سەرئەنجام شێخ ئەحمەد بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بارزان، بەڵام مستەفا بارزانی خۆی بەدەست حکومەتی عێراقەوە نەدا، چونکە لەوانە بوو گوللەبارانی بکەن. لە مانگی ئاپریلدا بارزانییەکان گەڕانەوە سنوری عێراق، نوێنەری دەوڵەتی عێراق و بارزانییەکان وتووێژیان کرد. ڕادیۆ "خاوەر نزدیک" ڕایگەیاند ساڵح جەبر سەرۆکوەزیرانی عێراق گوتویەتی دەوڵەتی عێراق بارزانییەکان وەردەگرێتەوە و براکەشی خۆی بەدەستەوە دەدات. سەرئەنجام بەشەڕ گەڕانەوە عێراق. فەرماندەی لەشکری چوار ڕایگەیاند

بـارزانـی لــە خــاکی عێـراق دایــە و بەرەبــەرە لــە ١٠ تـا ١٥ ی ئاپریـل گــەیشــتنەوە ســنوری عێــراق. هــەموو مرۆڤــە بەتەمەنــەکان و ژن و منالْەکانیان کە سزای ئیعدامیان بۆ دیاری نەکرابوو، گەڕانەوە عێراق. شێخ ئەحمەد بەتەنیا لە فیکری گەڕانەوە بۆ عێراقدا بوو کە بچێتەوە ناوچەی بارزان و دواتر داوای بەخشینی هۆزەکەی لە دەوڵەت بکات. هێزەکانی ئینگلیز و عێراق زۆریان حەز بە گەڕانەوەی بارزانییەکان نەدەکرد و بەڵێنیان بە تەندروستیی و ئەمنییەتی ئەوان نەدا. کەسانی پیر، نەخۆش، ژنان و منالان لەگەڵ ژمارەیەک ئاژەڵ و بەشێکی زۆر کەم کەرەستەی ژیان لە سنور پەڕینەوە و پەنایان بۆ عێراق بردەوە. ژمارەیان پترلە ١٥،٠٠٠ کەس بوو. شێخ ئەحمەد بە زیندان مەحکوم کرا. پارتیی و کۆمونیستەکان لە کۆیە یارمەتیان کۆ دەکردەوە و ڕەوانەی بەغدایان دەکرد تا شێخ ئەحمەد و هەڤالانی لە زیندان ئازاد بکەن. دیارە لە ساڵی ١٩٤٥دا سزای ئیعدامی پاشملەیان بۆ شێخ ئەحمەد بڕیبووەوە و لەگەڵ ٥٠٠ بارزانی لە خوێندنگەیەکدا زیندانی بوو. محەمەد خالید و براکانیشی سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپابوو، بەڵام تەنیا چوار ئەفسەریان لێ ئیعدام کردن و ئەوانی‌تریان دورخستەوە. شێخ ئەحمەد هەواڵی بۆ ئەفسەرەکان نارد کە نەگەڕێنەوە بۆ عێراق، چونکە ئیعدامیان دەکەن، بەڵام جگەلە سەرهەنگ میرحاج ئەحمەد هەموویان لەگەڵ پەناخوازەکان و خۆبەدەستەوەدەرەکان گەڕانەوە بۆ عێراق.)

لێرەدا پێویستە پرسیارێک لە قانعی فەرد و فێرکراوانی بکەم. ئایا ئەو وتانەی ڕەزمئارا و یەکگرتنی سێ دەوڵەتی دیکتاتۆر و داگیرکەری ئێران، عێراق و تورکیا و کەڵکوەرگرتنیان لەو ژمارە زۆرەی سوپا بە تانک و فڕۆکە و عەشیرەتە خۆبەدەستەوەدەرەکانی دێبوکریی، مەنگوڕ و مامەش، بۆ پاشەکشە پێکردن بە بارزانییەکان و هاوسەر و منالْەکانیان، ئازایەتی مستەفا بارزانی و بارزانییەکان ناگەیەنێت کە تۆ دەنوسی، دەوڵەتانی ئێران و عێراق زانیارییان لەسەر ئازایەتی مستەفا بارزانیی نەبوو؟ ئەو دەوڵەتەی تۆ پشتت پێبەستوە، دژی کورد و مافەکانییەتی و کەسی وەک تۆیان بە بەرنامە وەرگرتووە کە خیانەت بە نەتەوەکەت بکەی تا کورد بە ئامانج و ئارەزووەکانی نەگات. بە ڕاستی جێی شەرمە!

بە هەرحاڵ، ترسی حکومەتی ئێران لە بارزانییەکان سەبارەت بە چەک دانەنان و بەجێنەهێشتنی ئێران، سوپای ئێرانی توشی زنجیرە شەڕێکی دژوار کرد. هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، سوپای ئێران تاقیکردنەوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ بارزانییەکاندا هەبوو، دەیزانی ناتوانێت بە شەڕ و بەبێ زیانی گەورە، بە سەریاندا زاڵ ببێت. لەو زنجیرە شەڕانەدا کە بە هێرشی هێزەکانی ئێران و یارمەتی دەوڵەتانی عێراق و تورکیا و سەرۆک خێڵە جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکانی بۆ سەر بارزانییەکان لە نەڵۆسە، گۆجاڕ، مەرگەوەڕ و چەند بەرزاییتری ناوچەی شنۆ کران، بارزانییەکان زەبری قورس و جەرگبڕیان لە سوپای ئێران دا.

بە نوسینی نەجەفقوڵی پسیان لە کتیبی "لە مهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس" کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم، سەرگورد کەلاشی، ستوان یەکەم سەید محەمەد ئیمامی، ستوان یەکەمی فڕۆکەوان غوڵام حوسێن نەجەفی، ستوان ڕەزا قەرەباغی و ئەفسەرێکی تر کە پسیان ناوی نەنوسیوە، گروبان یەکەم عەلی ئیفتخاری لەگەڵ دوو پلەداری ژاندارمەری و ٣٤ سەرباز کوژران و ٤٢ کەسیان لێ بریندار بوو. ٩٤ ئەفسەر و پلەدار و سەربازیان بە دیل گیران. ١٨ جاش کوژراو و ٦ جاشیش بریندار بوون. لە بەرامبەردا بارزانییەکانیش ٢٦ پێشمەرگەیان شەهید بوون. دیارە لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا، خۆشەوی خەلیل خۆشەوی، ڕۆژی ١٩٤٦/٦/١٥ لە شەڕی مامەشە شەهید کرابوو.
پێویستە ئەوەش بڵێم لەو شەڕانەدا "تەفریشیان" و شەش ئەفسەری تری سوپای ئێران کە کاتی خۆی چووبوونە لای کۆماری ئازەربایجان و لە بەرەی شەڕی سەقزەوە لەگەڵ هێزەکانی بارزانی کەتبوون، بەشداریی ئەو شەڕانەیان کرد.
بەهەر حاڵ ناوی ٢٦ پێشمەرگە شەهیدەکانی هێزی بارزانی لە شەڕەکانی ناوچەی شنۆدا بریتی بوون لە:
- سلێمان مەلا ژاژۆکی، ساڵح مستەفا بنبنیەیی، برایم مەلا حەمید بنبنیەیی، عومەر ئەحمەد وەسان بارزانی، برایم ناوخۆش سفتی، حاڵ بایزدین کانی پوتی، ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢، لە شەڕی نەڵۆسەی ناوچەی شنۆ.

- محەمەد میرزا کاکشار، باقی کانی بۆتی، ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢٣ لە گوندی سێڵوێی ناوچەی شنۆ.
- حاجی محەمەد هۆستانی و شوالی شەندۆ شانەدەری ١٩٤٧/٣/١٤ لە گۆجاڕیی ناوچەی شنۆ.
- سوڵتان مەرعاناغا بیرسیافی، عەلی عومەر بیرسیافی، سولەیمان فەقێ دیریشکی، حەسەن سولەیمان مێرگەسوری، ئەحمەد عوسمان ئەسقیلی، ڕۆژی ١٩٤٧/٣/١٨ لە بەرەی شەڕی ناوچەی شنۆ.
- ئەحمەد کەکال بیرسیافی، عەبدوڵڵا شەقلاوەیی، خەلیل ئاکرەیی، حەمو نەبی ڕێزانەیی، خاجە خال مەلا ڕزەیی، شەوکەت نعمان ئامێدی و میرخان دوری ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٣ لە بەرەی مەرگەوەڕیی ناوچەی شنۆ.
- پیر هەسەن سێلکی، سەعید محەمەد سێلکی، سمایل خانی بارزانی و عەلی بێداروني، ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٥، لە بەرزاییەکانی نێرگی "بەری زەرد"ی ناوچەی شنۆ.

جگەلەو ٢٦ شەهیدانە، ڕژێمی عێراقیش ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩، چوار ئەفسەری هێزی بارزانیی لە کۆماری کوردستاندا بە ناوەکانی: مستەفا خۆشناو، خێروڵا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی و عیزت عەبدولعەزیز لە سێدارەدا.[٣٩]

سەرئەنجام بارزانییەکان دوای نزیکەی ساڵ و نیوێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەهیدبوونی ٣١ ئەفسەر و پێشمەرگە و لە دەستدانی نزیکەی دوو هەزار کەس لە منداڵ و ژن و پیاو بە نەخۆشیی تایفۆئید لە ساڵی ١٩٤٦ دا، ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٠ بەگوێرەی بڕیاری سەرکردەکەیان گەیشتنە سەر سنوری دەستکرد و لە ڕوباری گادەر پەڕینەوە[٤٠] و بۆ خوڵقاندنی حەماسەیەکی تر کە مێژووی گەلی کورد شانازیی پێوە دەکات، بە شێوەی کاتیی ئێرانیان بەجێهێشت.

لە لاپەڕەی ٢٢٨ ی دوای ٦٠ ساڵ دا قانعی فەرد ئاماژە بۆ دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد و سەیف و سەدری قازی دەکات و دەنوسێت:
**(لە کۆتایی ژانویەی ١٩٤٧ دا دادگایی کردنی قازی محەمەد و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای لە دادگایەکی سەربازیی دا دەستی پێکرد. بە پێداگریی دادوەری دادگا سەرهەنگ فیروزی سەدری قازی برای**

قـازی مـحـەمـەد کە بـۆ وتـووێژ چووبـوو بـۆ تـاران نێردرایـەوە بـۆ مهابـاد و دادگـایی کردنـی هـەر سـێیان دەسـتی پێکـرد، بـەڵام ڕایانگـەیانـد دەبـێ دادگای پێداچوونـەوە هـەبێت کە دادگـایی کـردنـەکە دووبـارە بکـاتـەوە. لـە ڕاسـتیدا لـە یەکەم ڕۆژەکـانی مـانگی مـارس ئوتوبوسـێک ئـەفسـەرە پلـەبـەرزەکانی لـە تـەورێزەوە هێنایە مهاباد. ئـەوانـە بـە گوێرەی فـەرمـانی تـاران، قـازی مـحـەمـەد، سـەدری قـازی و سـەیفی قازییـان لـە دادگـای پێداچوونـەوەی سەربـازییدا موحاکمە کرد. هەرچـەندە لـەو حـوکمـە ئاگـادار بـوون کە دەبێـت بیـدەن، بـەڵام کـاتی دەسـتپێکردنی کارەکـەیـان، بـە بـەردەوامـی لـەگـەڵ سـەرکردایـەتی سـوپا لـە پێوەندییـدابوون و ئـەوەی پێیـاندەگوترا، بـەڕێوەیـان دەبرد. قەوام بـە گوێرەی پێوەندییـەک کە لـەگـەڵ برای قـازی مـحـەمـەد هـەیبـوو سـەبـارەت بـە کێشـەی کوردسـتـان، دەیویست ئـەوانـەی لـە دەسـتدا هـەبێـت. کـاتی دادگـایی کـردنـەکە هێشـتا دژی بـارزانییـەکـان دەسـت بـەشـەڕ نـەکرابـوو. بـۆ پـوچـەڵ کـردنـەوەی نفـوزی مـەعنـەوی قازی مـحـەمـەد، سـەرۆک عـەشیـرەتـەکانی کوردسـتان بـانگهێشـتی تـاران کـران کە شـا چـاوی پێیـان بکـەوێت. ژمـارەیـەک لـە هـۆزی مـەنگـوڕ، مامـەش و ڕۆحـانییـەکان داوای ئیعدام کردنی قازییان لـە شا کرد. ... دوای حـەوت ڕۆژ لـێ پێچیـنـەوە، سـەرهـەنگ پارسـی تـەبـار دادیـار و سـەرهـەنگ فیوزی کە هێشتا چـەند ڕۆژ لـە ساڵی نـوێی زاییـنـی تێنـەپـەڕیبـوو، دادگـای سـەربـازیی سـەحرایی سـەردمی شـەڕیان بـۆ دانـان و سزای ئیعـدامیان بـۆ دیارییکردن.)

لـە درێژەی ئـەم بـاسەدا، لـە لاپـەڕەی ٢٣٠ ی دوای ٦٠ ساڵ دا دەنوسێت:

- (قـازی مـحـەمـەد کە چـوو بـۆ سـوپا "مـەبـەسـتی لـە دادگـایـە- نوسـەر" هـەڵوێسـتی خـۆی گـۆڕی و زانـی ئیعـدامی دەکەن، ئـەو وەک قارەمـانێکی ئـەفسـانـەیی هـیـچ دوودڵیـی نـەکـرد و بـە شـانازییـەوە مردنـی لـە پـەنـای نـەتـەوە و خاکی وڵاتـەکەی "مـەبـەست ئێرانـە- نوسـەر"، لـە جیـاتی ڕاکـردن هـەڵبـژارد، چونکە مردنـەکەی لـەخۆوە نـەبوو کە لێی بترسێت. دادگا ئاکامی کارەکەی ڕەوانـەی تـاران کرد و بـە فـەرمـانی نـاوەند، دوای پازدە کـاتژمێر، سەرلـەبـەیانیی ڕۆژی ١ ی ئاپریلی ١٩٤٧ حوکمـەکەیان بـەڕێوەبرد.) دواتـر دەڵێت:

**- (حوکمی ئیعدامی قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی لە شەوی ٣١ی مارسی ١٩٤٧دا بەڕێوەچوو.)**

قانعی فەرد ئیزنی نەبووە باس لە شێوەی موحاکمەی قازییەکان و بەڕێوەچوونی دادگای سەحرایی سەردەمی شەڕ و پرسیار و وەڵامەکانی پێشەوا قازی و هەڤاڵانی بکات. چونکە باس لە بەڵگەکانی دادگا لە ئەرشیڤی رژێمی کۆماری ئیسلامیدا، دەربارەی محاکمە کردنی قازییەکان، هەموو هەوڵەکانی دەزگای هەوڵگریی ئێرانی لەم کتێبەدا سەبارەت بە تیرۆری کەسایەتی پێشەوایانی کورد پوچەڵ دەکاتەوە. بە چاوخشاندن بە بەڵگەی دادگایی کردنی قازییەکان، بە ئاسانی هەوڵی دەزگاکانی جاسوسیی کۆماری ئیسلامی و پیاوەکانی وەک قانعی فەرد ڕوون دەبێتەوە. لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم بۆ زانیاریی پتری خوێنەرانی بەڕێز لێرەدا پەنجە بۆ جۆری دادگایی کردنی پێشەوا قازی و هەڤاڵانی ڕابکێشم:

کاتی زیندانیی بوون و دادگاییکردنی پێشەوا قازی و هەڤاڵانی، جگەلەو سەرۆک عەشیرەت و ئەو ژمارە مەلایانەی کە بۆ بینینی شا بانگهێشت کرابوون، ژمارەیەک لە سەرۆک خێڵە هاوپەیمانەکانی کۆماری کوردستان و ژمارەیەک لە دەوڵەمەندەکانی شاری مهاباد، هەندێکیان بە خواستی خۆیان و ئەوانی تریش بەهۆی گوشاری حکومەتی ئێران، بە نامە و تێلگراف بۆ محەمەد ڕەزاشا و قەوامولسلتەنە، داوای سزادان و لە سێدارەدانی قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازییان کرد. محەمەد ڕەزا سەیفی قازی لە کتێبی "اسرار محاکمە قاضی محمد و یارانش"دا ناوی ئەو ژمارەیەی کە لە بەڵگەنامەکانی "سازمان اسناد ملی ایران" دا بوون، بڵاوکردوەتەوە.

ڕۆژی ٦ ی ڕێبەندان لیژنەی دادگاییکردنی قازییەکان بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ غولام حوسێن عەزیمی، دادوەر سەرهەنگ حەسەن کوفانیان، دادیاریی سەرگورد جەعفەر سانعی و لەژێر چاودێریی سەرهەنگ هوشەنگ خەلعەتبەریی گەیشتە مهاباد و دادگاییکردنی قازییەکان دەستپێکرد. سەروان "کەیومەرس ساڵح" هەواڵنێری گۆڤاری مانگانەی سوپا بە ناوی "مهنامە ارتش" کە بەشداربووە لە دادگایی کردنی

قازییەکاندا، دەڵێت: دادگای سەربازیی سوپای ١٢ تاوانی بۆ پێشەوا قازی و ٣ تاوان بۆ سەیفی قازی و ٤ تاوانیشی بۆ سەدری قازی دانابوو. تاوانەکانی قازی محەمەد بریتی بوون لە:

١- بازرگانییکردنی نەوت لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەت بە بڕی ٥١% بۆ سۆڤیەت و ٤٩% بۆ کۆماری کوردستان، بە بێ ئاگاداریی و ڕەزامەندیی حکومەتی ناوەندیی.
٢- گۆڕین و دەستکارییکردنی نەخشەی وڵاتی ئێران و جیاکردنەوەی پێنج پارێزگای ورمێ، کرماشان، سنە، تەورێز و ئیلام.
٣- دانان و دروستکردنی ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان بە ئارمی چەکوش و داس، بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت.
٤- دروستکردنی پارە بۆ حکومەتی کوردستان بە ناوی کوردستان و بە شێوەی ڕۆبڵی سۆڤیەت و وێنەی قازی محەمەد لەسەریان.
٥- کێشانی نەخشەی کوردستانی گەورە بە هەر چوار پارچەکانی کوردستانەوە، ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا.
٦- هێنانی بێگانە بۆ ئێران و خستنە ژێردەستی بەشێک لە خاکی ئێران بۆ نمونە مەلا مستەفا بارزانی.
٧- هەڕەشەکردن لە شاهەنشای ئێران، دەوڵەتی ئێران و ڕاگەیاندنی شەڕ و هاندانی خەڵکی کوردستان دژی شاهەنشا ئاریامیهر.
٨- پەیماندان بە حکومەتی سۆڤیەت دژی حکومەتی ئێران و هاوکارییکردنی هێزە داگیرکەرەکانی سۆڤیەت لە خاکی ئێراندا.
٩- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان.
١٠- ناردن و هاتوچۆ بۆ دەرەوەی وڵات و سەردانی سۆڤیەت و دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ باقرۆف سەرۆککۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت.
١١- مۆرکردنی پەیماننامەی بازرگانیی بە بێ پرس و ڕای تاران، لەگەڵ بێگانە و ناحەزانی ئێران.
١٢- گرتن و کوشتنی کارمەندانی دەوڵەت و ڕوخاندنی خانووەکانیان و سوتاندنیان و سوتاندنیماڵەکانیان، بەتایبەت کارمەندە غەیرە کوردەکان.

هـەواڵنێری "ماهنامـەی ارتـش" دەنوسێت: قـازی محـەمـەد جگـە لـەو سـێ تـاوانـانـەی خـوارەوە، تاوانـەکانـی تری زۆر بـە توندیی بـەرپـەرچدایـەوە:

١- چوونـی بۆ بـاکۆی ئـازەربـایجان و چاوپێککەوتنـی لـەگـەڵ بـاقرۆف.

٢- بوونـی ئـاڵا، بـەڵام نـەک وەک چـەکوش و داس لـە شێوەی ئـاڵای سۆڤیـەت.

٣- هـاتنـی مـەلا مستـەفا بـارزانـی بـۆ مهابـاد، ئـەوەش نـەک کەسـێک هێنـابێتی، بـەڵکوو خـۆی هـاتووە، چونکـە ئـەو کوردستـانـە مـاڵـی هـەموو کوردێکە و هەر کوردێک حەز بکات لەهەر بستە خاکێکی خۆیدا بژی، مافی خۆیـەتی، چونکە ئەوە مافی خاوەن ماڵە.(٤١)

دوای تێپەڕبوونـی نزیکەی سێ مـانگ بـەسەر دادگاییکردنـی قازی محـەمـەد و هەڤاڵانیـدا، سـوپای ئێـران دادگـای پێداچوونـەوە بـە سـەرۆکایـەتی سـەرهەنگ ڕەجـەب عـەتایی و سـەرهەنگ ڕەزا نیکـوزاد دادوەر، سـەروان حوسێن سوڵحجو سەرۆکی دادگا و سەروان نـەبەوی پارێزەری بۆ دانان.

کیومـەرس سالْح دەنوسێت: دەستـەی دیـارییکراوی دادگـا ڕۆژی ١٣٢٦/١/٤-١٩٤٧/٣/٢٥ لـە تارانـەوە بـەرەو تـەوریز و میانـدواو هـات و ڕۆژی ١٣٢٦/١/٧-١٩٤٧/٣/٢٨ گەیشتنـە مهاباد. شەوێک لـە سـەربازگە پشوومـاندا و بـەیانیی ڕۆژی دوایی دادگا دەستیپێکرد. سـەرەتا قـازی محـەمـەدیان هێنـا و هـەمان تـاوانـە ١٢ مادەییەکـەیان بـۆ خوێنـدەوە. دیسـان قـازی وتـەکانـی پێشـووی دووپات کردەوە.

لـە خوێندنـەوەی تاوانـەکانیـدا، قـازی محـەمـەد زۆر ئـارام بـوو، زۆر بـە ڕێزەوە و بـە هێمنیی وەڵامـی پرسیـارەکانـی دەدایـەوە. بـە هـۆی پێداگرتنـی قـازی محـەمـەد لـەسـەر بـەرپـەرچ دانـەوەی تاوانـەکانـی، دادوەر بـەسـەریدا نـەڕانـدی و زۆر بـە تورەییـەوە قسـەی لـەگـەڵ قـازی محـەمـەد کـرد. قـازی محـەمـەدیش بـە تورەیی وەڵامیدایـەوە و پێیگوت: **(شما هم خورده دیگران را نشخوار میکنید! شما اگر دین ندارید و خدا را هم نمی شناسید و ایمان به حساب و کتاب آخرت ندارید، لااقل زره‌ای جوانمرد باشید.)** پێیگوت ئـەم درۆ و بوختانـەتان چـۆن بـۆ مـن دروستـکردووە، ئـەگـەر ڕاسـت دەکـەیت بـەڵگـەیـەک وەدەر خـەن. لـە وەڵامـی وتـەکانـی قـازی دا، دادوەر بـۆ بێڕێزیـی کردن پێی، گـوتـی: **(کردان سگ صفت)**، بـەڵام تـورەیی و هـەڕەشـەی دادوەر

نەیتوانی کار لە قازی بکات، بەڵکوو زیاتر هانیدا و هەڵپرژایە سەر دادوەر و پێیگوت:

**- (سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕوو ئێوەن کە هیچ سنورێک بۆ خۆتان و بۆ خەڵک و یاسا دانانێن. ئاخر بێشەرەف، تۆ دەتوانیت بڕیارێک کە ئەو بێشەرەفەی تر داویەتی، جێبەجێی بکەی و لەوەش زیاترت لە دەست نایەت و من لە زووەوە خۆم بۆی ئامادەکردووە و بە باوەشی ئاواڵاوە و ئەمە بە ڕەحمەتی خوا بۆ خۆم دەزانم کە بە بێ تاوانیی، لە ڕێی ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم. شانازیی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیەوە دەکەم!)**

دوای ئەوە قازی هیچ وەڵامێکی بە پرسیارەکانی دادگای نەدایەوە و سوێندی خوارد کە وەڵام نەداتەوە و گوتی ئەم نامەردە هەر تاوانێک کە دەیەوێ، با بیکات. دادوەر بۆ ئەوەی قازی محەمەد بهێنێتەوە سەر خۆی و لە بڕیارەکانی پاشگەزی بکاتەوە، پشوودانێکی ڕاگەیاند. دوای پشوودان زۆر هەوڵیاندا کە قازی وەڵامی پرسیارەکانی سەرهەنگ نیکوزادی دادوەر بداتەوە، بەڵام قازی محەمەد گوتی:

**- (ئێستا کە بڕیارە من لە سێدارە بدرێم، بە خاتری ئەو سۆز و بەڵێنەی کە من بە میللەتەکەمم داوە، بڕیارمداوە لەگەڵ گەلەکەمدا بژیم و بۆ ئەوان بمرم، ئیتر چۆن بەڵێنی خۆم و سوێندێک کە خواردوومە بیشکێنم. بە هۆی ئەوهەموو بێشەرەفییەی سەرهەنگەوە کە کراوە بە دادوەر. من ئامادە نیم وەڵامی ئەو بدەمەوە، مەگەر کەسێکی تر پرسیارم لێ بکات!)**

کاتێ ڕونبووەوە قازی محەمەد ئامادە نییە قسە بکات، دەستەی دادوەران کەوتنە ڕاگۆڕینەوە لەناو خۆیاندا و دوای پشووی نیوەڕۆ، بە ناچار بڕیاریاندا لە شوێنی نیکوزاددا، سەرهەنگ ڕەجەب عەتایی کە سەرۆکی دادگا بوو، بکەن بە دادوەر.

پرسیارەکان لە قازی محەمەد دووبارە لە یەکەمەوە دەست پێکرایەوە. قازی محەمەدیش سەرلەنوێ ڕەدی کردنەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە:

**(بۆچی بەبێ پێوەندیی گرتن بە حکومەتی ناوەندییەوە، گرێبەستی بازرگانی نەوتتان لەگەڵ ڕوسیە بەستووە؟)** قازی پێکەنی و گوتی:

**- (کامە نەوت؟ ئێمە کام بیر و کۆمپانیای نەوتمان لەبەردەستدا بووە، تا بازرگانیی پێوە بکەین؟ سەیرە، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بە ناڕەوا تاوان**

بدەنە پاڵ ئێمە، تاوان و بوختانێکمان بۆ هەڵبەستن کە لانیکەم وێ بچێت! ڕەنگە ئێوە ئاوی ئەم ڕوبارەی کە بەناو شاری مهابادا دەڕوات بە نەوت بزانن؟ بە ڕاستی ئێوە زۆر نەزانانە و بێسەروبەرانە ئەو هەمووە تاوانەتان بۆ ئێمە هەڵبەستووە کە هیچکامیان ئەساسیان نییە!)

هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە گوایە قازی محەمەد ڕێگەی داوە، یان داوای لە بێگانە کردوە بێتە ناو خاکی ئێران، وەک مەلا مستەفا بارزانی، قازی محەمەد هەروەک سێ مانگ بەرلە ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە و گوتی:

- (مەلا مستەفا لە کوردستان بێگانە نەبوو و نییە! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە! لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس ئەوی نەهێناوە، بارودۆخ وایکردووە ئەو بێت بۆ بەشێکی تر لە ماڵەکەی خۆی، واتە لە بەشێکی ماڵەکەی خۆیدا هاتووە بۆ بەشێکی تری ماڵەکەی و وەسەلام.)

ئەم جارە سەرهەنگ عەتایی یەکە یەکە پرسیارەکانی دووپات کردەوە و قازی محەمەدیش وەک پێشوو دووبارە هەموو تاوانەکانی ڕەدکردنەوە. لەو کاتەدا دیسان سەرهەنگ نیکوزادی دادوەر کە قازی محەمەد زۆر بە توندیی لە بەرامبەریدا وەستابوو، وەکو مار خۆی دەخواردەوە، پارچە قوماشێکی لە هەگبەکەی دەرهێنا کە ڕەنگی سور و سپی و سەوز بوو و چەکوچ و داسێکی لەسەر کێشرابۆوە و بە قازی محەمەدی گوت: (ئەدی هەموو حکومەت و پەرچەم و تەشکیلاتت ئەوە نییە؟) قازی محەمەد لە بەرامبەر ئەو کردەیەی سەرهەنگدا گوتی:

- (یەکەم، ئەوە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئاڵای ئێمە چەکوچ و داسی تێدا نیە! دووەم ئەو هەڵسوکەوتەتان نیشانی کەم عەقڵی و بێشعوری تو دەگەیەنێ! دڵنیابن ئێوە دەستتان بە ئاڵای کوردستان ناگات کە بێڕێزی پێبکەن. ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەو خانوویەی کە من تێدا دادگایی دەکرێم، ئاڵای کوردستان هەڵدرێ و بشەکێتەوە! ئاڵای کوردستانم بە مەلا مستەفا بارزانی سپاردووە و لەسەر شانی ئەو، لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو وڵات بۆ ئەو وڵاتی دەبا، تا ڕۆژێک لە تەواوی بەرزایی و بڵێندایییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە! دڵنیا بن ئەو ڕۆژە دێت!)

ئینجا سەرهەنگ داوای لە قازی محەمەد کرد و گوتی: **(هەرچەندە ئەم بابەتە لە دەرەوەی بەرنامە و ئیشی دادگایە، بەڵام ئەگەر بکرێ، هەندێک لەسەر تایبەتمەندییەکان و خووڕەوشتی مەلا مستەفا بارزانیی بدوێ.)** قازی محەمەد گوتی:

**- (لە مەلا مستەفا بارزانی گەڕێ، تۆ خۆت گوتت کە مەلا مستەفا کەسێکی بیانییە و ئەمە لە دەرەوەی ئیشوکاری دادگایە)،** بەڵام دیسان سەرهەنگ داوای لێکرد. قازی محەمەد گوتی:

**- (ئەگەر بە تەواوی باسی مەلا مستەفات بۆ بکەم، لەوانەیە بڵێی لایەنگیریی و خۆشەویستی و دەمارگرژیی کوردانە، گرتوویەتی.)** سەرهەنگ عەتایی سوێندی خوارد کە من بڕوام بە ڕاستگۆیی تۆ هەیە. هەرلەو دادگایەدا بۆم ڕوون بۆتەوە کە هەرچی گوتووتە و دەیڵێی، لە ناخی دڵتەوەیە و بە باوەڕەوە گوتووتە. ئینجا قازی محەمەد گوتی:

**- (من ناتوانم هەموو تایبەتمەندییەکانی بارزانی بۆ ئێوە باس بکەم. ئێوەش هەرگیز ناتوانن بە تەواوی بارزانی بناسن. ئەگەر منیش بڵێم، ئێوە هەرگیز پەسەندی ناکەن کە دوژمنتان بەو هەموو کردەوە و تایبەتمەندییە باش و جوانانە بناسن و لە ڕیزی دوژمنایەتی ئێوەشدا بێت!)**

دادوەر داوای لێکرد بە ڕادەی زانیاریی خۆی مەلا مستەفایان پێ بناسێنێت، هەرچی لە بارەیەوە دەیزانی بیڵێت. قازی محەمەد دیسان پێی لەسەر ئەوە داگرت و گوتی:

**- (نە من و نە کەس ناتوانێ بارزانی وەک خۆی بە ئێوە بناسێنێت. حەزدەکەم لەو باسە بگەڕێین!)** بەڵام دیسان داوای لێکرد بۆیان باس بکات. قازی محەمەد گوتی:

**- (باشە، بەڵام تەنیا لە چەند ڕستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانییەت و شوجاعەت و نەبەزیی و سەخاوەت و نەترسیی لە مێژوودا کەسانی مەزن بووبێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی. ئەوەی موسوڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕ و ڕاستیی و پاکیی و دڵسۆزیی بۆ خودا و ئایین و خەڵکی هەژار و داماوی میللەت بوویانە، بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە، هەروەکوو**

سەعدی دەڵێت: "هر آنچە خوبان همە دارند، او بەتنها دارد". جا حەز دەکەن باوەڕ بکەن و پێتان خۆش بێ یا حەز دەکەن پێتان ناخۆش بێت.)

هەموو ئەوانەی لە دادگادا بوون، سەریان لەو تاریفەی قازی محەمەد سوڕما. قازی محەمەد دیاربوو هەموو ئەو قسانەی لە ناخی دڵییەوە و بە باوەڕەوە دەگوت و هیچ گومان لەوەدا نەبوو ئەو تاریفانەی کە لە مەلا مستەفای کردن، نە بە خاتری دڵخۆشیی مەلا مستەفا بوو و نە بە خاتری هەیئەتی دادگا. عەتایی لێی پرسی ئەو هەموو توڕەییەتان لە جەنابی سەرهەنگ نیکوزاد چ بوو؟ چونکە ئێمە بیستومانە لەم وڵاتەدا کەس بە ڕادەی تۆ لەسەرەخۆ و ئارام و هێمن نییە. قازی محەمەد گوتی:

- (من ئەو مافە بە کەس نادەم ئیهانە بە گەلەکەم بکات و ئێستا من لە پێناوی ئەو میللەتەدا حوکمی لە سێدارەدانم پێدراوە، تازە من بە خاتری چی حازر بم ئیهانەی هەر خوێڕی و ناپیاوێک قەبووڵ بکەم! من تەنیا "مقابلە بە مثل" وەڵامی ئەوم داوەتەوە، نە زیاتر. ئەمە کاری خودایە کە دەبێ خوێڕی و بێسەروپێیەک بێت و ئیهانە بە میللەتی کورد بکات. ئەمە لێهاتوویی و لێزانی ئێوە نییە. ئینجا من چم دەوێ تا قەبووڵیی هەر بێحورمەتییەک بکەم؟ سەعدی دەڵێ: "هر آنکس دەست از جان بشوید، هر آنچە در دل دارد بگوید" ئەگەر من بێ نەزاکەتیم زانیبا، زۆری ترم لە دڵدا بوو پێی بڵێم! تازە ئەوەی من لە خودام داوا کردوە، پێی داوم. واتە مەرگ و شەهید بوون لە پێناوی ئایین و گەلەکەمدا و هیوادارم بە ڕویەکی سورەوە بچم بۆ بارەگای خودای گەورە و مێهرەبان.)

لە کۆتاییدا دادگا ئەو تاوانانەشی خستە پاڵ قازی محەمەد کە گوایە ئەم دێڕە شیعرە: (اگر سراسر پشت بر دشمن دهیم، ازآن بە کە یکی بە کشتن دهیم) بۆ کۆمەڵێک ئەفسەر و کادیری کۆمار خوێندوەتەوە و ئەوانیش کردوویانە بە دروشمی خۆیان، بەڵام قازی محەمەد لە وەڵامدا گوتی: (جاری یەکەمە من ئەو شیعرە دەبیسم)، دوایی دادوەر خۆی گوتی نانا، ئەو شیعرە سەدری قازی گوتویەتی و قازی محەمەد شیعرێکی تری بەرامبەر هێزە چەکدارەکانی کۆماری کوردستان گوتووە و گوتوویەتی

ئـەرتـەش و حکومـەتـی ئێران وەک دێڕە شیعری: **(پیر مـردی زنـح مـی نـالیـد، پیره زن صندلیش هم می مالید.)**

سەروان کیومـەرس ساڵح دوای خانـەنشین بوونـی، لـەژێر نوسـی گۆڤـارێکی تـردا نوسـیویەتی: ئـەو کاتـەی هـەواڵنێری ماهنامـە ئـەرتـەش بـووم، وەک هەواڵنێر، لە زۆربەی دادگاکانـی سەربـازیی و مەدەنیدا بەشداربووم، بەڵام هـەرگیز کەسێکم بـە ڕادەی قـازی محەمـەد بـە جـەرگ و بـوێر نـەدیوە. هەرگیز لـە کـاتـی دادگاکردنیـدا نـەترسا و زۆر بـەبێ بـاکی قسـەی دەکـرد و وەڵامـی پرسـیارەکانی دەدایــەوە، وەک ئــەوە دەچــوو لــە کــۆڕی جــەژن و داوەتدا دانیشتبێت.

هەرلـە سـەروبەندی دادگـایی کردنـی قـازی محەمـەد بـۆ جـاری دووەم کیومـەرس ساڵح لـە ماهنامـەدا دەنوسێ: **(تـەوای هـەلومـەرج و ڕووداوەکـانـی دادگایی کردنـەکەی وەکو خۆی نوسیوە.)** دیارە هـەر بـەو هۆیـەشـەوە دواتـر بــە تــاوانی ئاشـکراکردنی نهێنییــەکانی سـوپا و دژی ئـەمنیــەت بــوون، مهنامـەکـەیان بڵاونـەکردەوە و سـەروان کیومــەرس ساڵحیشـیان دادگـایی کردووە.

لــە درێـژەی نوسـینەکەیدا سـەروان کیومــەرس سـاڵح دەنوسـێ: **(کاتێـک سەرهەنگ نیکوزاد ئیهانەی بە قازی محەمەد و گـەلی کـورد کـرد و قـازی محەمەدیش زۆر بەتوندی وەڵامی دایەوە، قازی محەمەد گوتی: پێشینیانی ئێمە، ئێوەیان زۆر باشتر لە ئێمە ناسیبوو. یاخوا خودا لەو شاعیرە خۆش بی کە گوتویەتی....!)**

سەروان ساڵح دەڵێ: **(شیعرێکی زۆر بە واتا و بـەرز و گـەرمی خوێنـدەوە کـە بـە فارسـی بـوو و ڕەگ و ڕیشـەی عەجـەم و شیعەی دەرهێنـا. حـەزم دەکرد ئەم شیعرە بنوسمەوە و بزانم شیعری کێیە، بەڵام کات، کاتی دادگا بوو و نەمتوانی شیعرەکەی پێ دووبارە بکەمەوە.)**

لـــە دوای خوێندنـــەوەی شـــیعرەکە، قـــازی محەمـــەد گـــوتی هـــەزاران ڕەحمەتیان لێ بێ. دیسان سەرهەنگ عەتا پرسیاری لـە قـازی محەمـەد کرد و پرسی: **(لەو کاتەوە کە مەلا مستەفا بـارزانی لـەو نـاوە ڕۆیشـتووە، هیچ پێوەندییەکتان لەگەڵیدا هەبووە، ئەگەر بووە، لە چ ڕۆژێکدا و چۆن بووە؟)**

قازی محەمەد گوتی: (تا بارزانی گەیشتە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە تەماس و پێوەندیمان پێکەوە هەبوو، بەڵام لەوەتی ئەو دورکەوتووەتەوە، هیچ پێوەندییەکمان نەماوە و ئاگام لێی نییە!)

دیسان لێیان پرسی: (ئایا دەکرێ بڵێی ئەوکاتەی لەگەڵ مەلا مستەفادا پێوەندیت هەبوو، مەلا مستەفا چی پێڕاسپاردی، چ نەخشەیەکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو؟) لە وەڵامدا قازی محەمەد دەڵێت: (مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵدا من لەگەڵی بچم، تا نەخرابوومە بەندیخانەوە پێیگوتم کە من دڵ بەبێ تاوانیی خۆم خۆش نەکەم! مەلا مستەفا وێنەی ڕاستینی ئێوەی عەجەمی بۆ کێشام و حاڵی کردم کە ئێوە چۆنن و چین و کێن!!)

سەرهەنگ عەتایی لێی پرسی: (دەکرێ بڵێی ئەو وێنەیەی کە لە ئێمە بۆی کێشایەوە، چی بوو و چۆن بوو؟) قازی محەمەد گوتی: (بە ڕاستی مەلا مستەفا ئێوەی لە هەموو کەسێک باشتر ناسیوە، ئەو پێیگوتم: هیچ گەل و میللەتێک وەک عەجەم نییە، عەجەم کاتێک دەسەڵاتی هەبوو، لە خۆی بێبەزە و بێویژدانتر و زاڵمتر نییە، بەڵام ئەگەر ژێردەست بوو، کەس ناتوانێ و نازانێ وەک عەجەم خۆی مەزلوم بکا و بپاڕێتەوە. لە کاتی بەهێزییشدا هەرچی لە دەستی دێ، دەیکا و لەکاتی بێدەسەڵاتییشدا بە هەر چییەک خۆی دەرباز کا، دەیکا و دەڵێ جا تۆ بە هیوای ئەوە مەبە کە تاوانێکت نە کردووە، عەجەم لێت خۆش ببێ.)

دیسان سەرهەنگ عەتایی پرسی: (پەشیمان نیت کە لەگەڵی نەڕۆیشتی؟) قازی محەمەد وەڵامیدایەوە (ئەگەر خوای گەورە ئەو شێوە مەرگەم بە خۆبەهیلاکدان دانەنێ، نا پەشیمان نیم، چونکە بەڵێنم بە میللەتی کورددابوو لەگەڵیان بژیم و لە پێناویاندا بمرم! دڵنیام ئەگەر من ڕۆییبام و ئەمنتان نەکەوتایە دەست، کەسانی زۆرتان لە خەڵکی مهاباد و میللەتی کورد بە تۆڵەی من دەکوشت، جا بۆیە خۆشحاڵم بەوەی یەکەم کە من بێتاوان دەکوژرێم و دووەمیش بە بەڵێنی خۆم وەفام کرد و هیوادارم ڕوسوری دنیا و قیامەت بم لە لای خودا و لە لای میللەتەکەی خۆم.)

پرسیار: ئایا کاتێک تۆ زیندانی بووی، بارزانی لە دەرەوەی مهاباد، هیچ نەخشە و پلانێکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو یان شتی تر؟

قازی محەمەد گوتی: (بەڵێ، بارزانی خەبەری دامێ کە هەر شەوێک دەڵێی من دەتوانم ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانم بنێرم و بێنە ناو پادگان و بە هەر جۆرێک بێت لە بەندیخانە ڕزگارت بکەم! مەلا مستەفا زۆری مەبەست بوو لە بەندیخانە نەمێنمەوە و نە کوژرێم.)

پرسیار: ئەی بۆچی ئەو کارەت نەکرد؟

وەڵام: (من خۆم نەمویست.)

پرسیار: لەبەرچی؟

قازی محەمەد وەڵامی دایەوە: (لەبەر چەند هۆیەک بوو.)

سەرهەنگ عەتایی پرسی: هۆیەکان چی بوون؟

قازی محەمەد گوتی: (سەرەتا لەبەر ئەو پەیمان و بەڵێنانەم بوو کە گوتم، دووەمیش بۆ ئەوە بوو زیاتر لەوە خوێن نەڕژێت، بەتایبەت لە پێناو مانەوەی مندا و نیگەرانی کوشت و کوشتار بووم!)

سەرهەنگ عەتایی گوتی: بە ڕاستی نیگەرانی خۆت بووی یان بارزانییەکان یاخود نیگەرانی سەربازانی ئێمە بووی؟

قازی محەمەد گوتی: (نەوەڵا، نە نیگەرانی خۆم بووم و نە نیگەرانی سەربازانی ئێوە، بەڵکوو نیگەرانی کوردەکان و لاوە بارزانییەکان بووم، دەنا من ئەوەم بۆخۆم داناوە و دەمزانی هەر دەکوژرێم، ئەمەیان ئاواتی منە!)

سەرهەنگ عەتایی گوتی: دەکرێ بڵێی بۆ ئەوەندە نیگەرانی بارزانییەکانی؟

قازی محەمەد لە وەڵامیدا گوتی: (لەبەر چەند هۆیەک!)

سەرهەنگ عەتایی: ئەو هۆیانە چین؟

قازی محەمەد: (چونکە مەلا مستەفا و بارزانییەکان هیوای دواڕۆژی میللەتی کوردن و منیش ئالای کوردستانم بە ئەوان سپاردووە، ئەوان پارێزگاری ئەو ئالایە بکەن تا ڕۆژی خۆی. ئالای کوردستان لای ئەوانە، نەک ئەوە کە سەرهەنگ نیکوزاد تفی لێ کرد و پێی لەسەر دانا! هیوام بە خودایە ڕۆژێک بێت، ئەو ئالایە بە دەستی بە توانا و بە هێزی بارزانی لەسەر ئەم خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم و هەموو شوێنە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە.)

سەرهەنگ عەتایی: دوایین پرسیار، ئایا بە ڕاستی خۆت نەچووی یا مەلا مستەفا لەگەڵ خۆی نەیبردی و نەیویست لەگەڵیدا بیت؟

قازی محەمەد: **(وا دیارە ئەوانەی کە من تا ئێستا گوتوومە، باوەڕت پێیان نییە.)**

سەرهەنگ عەتایی: نا، حەز دەکەم ڕاستییەکەیم پێ بڵێی.

قازی محەمەد: **(سەرهەنگ پێتڕادەگەیەنم کە تۆش ئیهانە نەکەی! یانی چی ڕاستییەکەیت پێ بڵێم؟ نا من بۆکوێ دەڕۆم، ئێرە خاکی کوردستانە ؛ باب و باپیرانم لێرە ژیاون؛ خۆ من پیشەورەیی ژن سیفەت نیم وڵات و میللەتەکەم بەجێ بهێڵم و هەڵێم!)**

سەرهەنگ عەتایی لە ترسی قازی محەمەد کە دووبارە تووڕە نەبێتەوە و وەک نیکوزاد ئەویش ڕیسوا نەکا بە پەلە داوای لێبووردنی کرد و سوێندی خوارد کە مەبەستی ئیهانە کردنی نەبووە، بەڵکوو قسەیەک بووە و هاتووە. قازی محەمەد گوتی:

**- (ئەگەر قسەیەکم گوتبێ و ئێوە پێتان خۆش بووە، ئەوە دیارە زۆریانم بەپێچەوانە پێگوتون، دەنا دڵنیام ئەوەی گوتوومە هەمووی وایە!)**

سەرهەنگ عەتایی: بە ڕاستی داوات لێدەکەم وەڵامی ئەم پرسیارەشم بدەیەوە کە بۆچی ئەوەندە هۆگریت بە میللەتەکەت و وڵاتەکەت هەیە، بۆچی و چۆن بوو ئیجازەت بە بێگانەدا بێتە ئەم وڵاتە و ببێتە سەرباری گەلەکەت؟

قازی محەمەد: **(دیارە ئەوەندە ئەو وشەیە دووبارە دەکەنەوە، مەبەستتان هێزەکانی ڕوس و ئینگلیزە!)**

سەرهەنگ عەتایی: نا مەبەستم مەلا مستەفا بارزانییە!

قازی محەمەد بە پێکەنینەوە گوتی: **(دەمێکە وەڵامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە، دووبارە کردنەوەی پێناوێ، پێمگوتن بارزانی نەمن هێناومە و نە بێگانە و غەیرە کوردە! مەلا مستەفا کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و مەلا مستەفای بارزانییش وەکوو ئینسانێک لە بەشێکی ماڵەکەی خۆی هاتووەتە بەشێکی ترەوە! هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێن و لایەکی مڵک و ماڵی خۆیدا دانیشێ و ئەوە مافی خۆیەتی. ئەوەش باش بزانن کە من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم، دەنا من چەند ئوتۆمبێلم لەبەر دەستدا هەبوو، هەرکات و ساعاتێک مەیلم بووایە،**

دەمتوانی بڕۆم و لە خاکی ئێران دەربچم، زۆر باشیش لە سەرئەنجامی کارەکەی خۆم ئاگادار بووم. ئێوەشم زۆر باش دەناسی، هەر وەک بارزانی گوتی ئێوەی عەجەم لە کاتی زەلیلیدا کەس نازانێ و ناتوانێ وەک ئێوە بپارێتەوە و مەزلومییەتی خۆی نیشان بدا، بەڵام لە کاتی دەسەڵاتدارییدا، کەس لە عەجەم زاڵمتر و بێبەزەیی و کەللەڕەقتر و دڵ ڕەشتر نییە!!)

بەم شێوەیە دادگایی قازی محەمەد کۆتاییهات. ئینجا نۆرە گەیشتە محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و زۆر بە هیمەت و ویقار و لە سەرەخۆیی و بوێری هاتە ژورەوە و هەر پێی وانەبوو ئەمە دادگایە.(٤٣)

قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە دادگایەکی ڕوکەشییدا بە فەرمانی ڕاستەوخۆی محەمەد ڕەزاشا، نەک ئینگلیزەکان کە قانعی فەرد نوسیویێتی، بە مەرگ سزادران و ڕۆژی ١٣٢٦/١/١٠- ١٩٤٧/٣/٣١ هەر لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستانیان لێ ڕاگەیاندبوو، لەسێدارەدران. لەشکری چواری ورمێ کاتژمێر ٨ ی بەیانیی ئەو ڕۆژە ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی سەبارەت بە لەسێدارەدانی قازییەکان بڵاوکردەوە:

سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ورمێ "ڕوکنی دووەم" ژمارە ١٩١٢٥- ١٣٢٦/١/١٠ (١٩٤٧/٣/٣١) کاتژمێر ٨ ی بەیانیی

ڕاگەیاندن

لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٠- ١٩٤١ دا محەمەد قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و محەمەد حوسێن سەیفی قازی لە مهاباد دەستیان دایە زنجیرەیەک هەڵخەڵەتاندن و چالاکیی دژی ئاساییش و ئارامیی ناوچەکە و بەرە بەرە کاری پیاوکوژانەی خۆیان پەرەپێدا کە هەندێک ڕووداوی داخهێنەری وەک هێرشکردنە سەر شارەبانیی مهاباد و کوشتنی پێنج پاسەوان، تاڵانکردنی شارەبانیی و لەناوبردنی بەڵگە و دەستهاوێژیی و پیاوکوژییەکانی خۆیان، کوشتنی "مەحمودیان" بازرگانی مهاباد و "قازی زادە" بەڕێوەبەری ئیدارەی ئامار کە هەموویان بوون بە قوربانیی زیادەخوازیی ئەوان. هەروەها تاڵانکردنی گوندەکان و ڕووداوی تری ناوچەکە.

محەمەد قازی بە هاوکاریی براکەی بە ناوی سەدری قازی کە بە ڕواڵەت نوێنەری خەڵکی مهاباد بوو لە پەرلەمانی ئێراندا، بەڵام لە ڕاستیدا

ماکەی بەڕێوەبردنی سەرەکیی نەخشەی گڵاوی دابەشکردنی بەشێک لە ئێران بوو. هەروەها سەیفی قازی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی ناپیرۆز و گڵاوی خۆیان، سەرۆکی هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکانیان لە مهاباد دەرکرد و لە ڕۆژی ۲٤ ی سەرماوەز (۱۵ ی دیسێمبەری ۱۹٤۵) دا ئاڵای سێ ڕەنگی شێر و هەتاوی ئێرانیان لەسەر بینا حکومەتییەکان داگرت و ئاڵایەکیان بە ناوی ئاڵای کوردستان لە جێی هەڵکرد.

محەمەد قازی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ۱۳۲٤- ۱۹٤٦/۱/۲۲دا خۆی وەک سەرۆککۆماری کوردستان ڕاگەیاند و کۆمەڵێک خیانەتکاری ڕابوردوو خراپی بە ناوی وەزیری حکومەتی خودموختاری کوردستان لەسەر ئیشوکار دانا کە هەموویان هاوکاری نزیکی خۆی بوون، ئینجا بۆ بەربەرەکانیی کردنی هێزەکانی دەوڵەت، تاقمێکی چەکدار لە خەڵکی مهاباد و بارزانییەکانی پێکهێنا و ژمارەیەک چەک و تەقەمەنی لە ناو دانیشتووان و خێڵەکاندا دابەشکرد و ناردنی بۆ سەقز و سەردەشت. ئەوەش بوو بە هۆی زۆر ڕووداوی خوێناوی. هەرچەندە هێزی دەوڵەت چەند جارێک لە کوردستان داوای فەرمانبەرداریی لێیان کرد، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو. هەروەها بەڕێوبەرانی خاوەن ڕێزی دەوڵەت لە تاران گەلێک هەوڵیاندا لەو بیرە نابەجێیە دوریانبخەنەوە، بەڵام سودی نەبوو، هەمان ڕێبازی خۆیان درێژە پێدا. دانیشتووانی شار و خێڵەکانیان هاندا کە بەربەرەکانی هێزەکانی حکومەت بکەن و بە نوسینیش فەرمانی هێرشبردنە سەر هێزە سەربازییەکانی سوپایان دەدا، بەڵام بە خۆشییەوە بە بیری گڵاوی ئەوانیان زانی و گوێیان نەدانێ. ئینجا هێزە سەربازییەکان پێشڕەوییان کرد و هەموو پلانی خیانەتکارانیان پوچەڵ کردەوە. لە ئەنجامدا ئەم خیانەتکارانە دەستبەسەر کران و کەوتنە بەر دەستی داد. دۆسییەیان ڕەوانەی "دادگای سەربازیی سەردەمی شەڕ" کرا و هەر سێکیان بە لەسێدارەدان سزادران، دادگای پێداچوونەوە، هەروەها خاوەنشکۆ شاهەنشا حوکمەکەیانی پەسەند کرد و لە کاتژمێری ٦ ی بەیانیی ڕۆژی ۱۰ ی خاکەلێوە (۳۰ مارس) سزاکە جێبەجێکرا.

فەرماندەی لەشکری چوارەم و هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان

سەرلەشکر همایونی[٤٣] (پاشبەندی ١٦)

لە بەشێكی تری نوسینەكەیدا قانعی فەرد لە لاپەڕەی ٢٤٧ ی كتێبی دوای ٦٠ ساڵدا ئاماژە بۆ پاشەكشەی بارزانییەكان بۆ سۆڤیەت دەكات و دەنوسێت "زرار سلێمان كە خۆی لەگەڵ بارزانی بووە، دەڵێت: (لە ١٩٤٧/٥/٢٧دا بارزانی لەگەڵ ٤٩٧ لایەنگریی بەرەو باكوری توركیا چوو، بەڵام بەرەو دالانپەر پاشەكشەی كرد و گەڕایەوە بۆ سنوری ئێران. ڕۆژی ٢٨ی مای ١٩٤٧ دووبارە هاتەوە بۆ كوردستانی ئێران. چونكە سوپای ئێران بارزانی و هێزەكانی ڕاونا، ئەوان بەرەو شنۆ و دواتریش زێوە و قوتور چوون. بە ڕێگەی "پلدشت"دا خۆیان گەیاندە ماكۆ و چوون بۆ جوڵفا. دیارە چوونیان بۆ ڕوسیا لە ٦/١٢ تا ١٩٤٧/٦/١٨ی خایاند. دوای گەیشتنیان بۆ ماكۆ بەیانیی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٦، چوار چەكداری عومەر خانی جەلالیی هاتنە لای بارزانی و پێیانگوت لای هۆزی جەلالی بمێننەوە و دژی حكومەت شەڕ بكەین، بەڵام ڕۆژی ٦/١٨، برازای عومەر خان ئاگاداری كردنەوە كە عومەر لەلایەن حكومەتی ئێرانەوە ئەو پێشنیازەی پێكردون كە نەتوانن ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ لە ئاراس بپەڕنەوە.) لە درێژەی نوسینەكەیدا دەڵێت:

- (لە ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ كە لەژێر دەسەڵاتی مامەشەكاندا بوو، بۆ پەڕینەوە لە روبای ئاراس لە نزیک چیای ئارارات كەڵكی وەرگرت و بە بیانوی جۆراوجۆر، ١١ ئاغای ناوچەكەی كوشت. لە كاتێكدا دەروازەی پردی چوونیان بۆ خاكی سۆڤیەت بۆ كراوە بوو و هێزە سەربازیی و ئەمنییەكانی سۆڤیەت چاوەڕوانیان بوون، لە ڕوبار پەڕینەوە و پەنایان بۆ سۆڤیەت برد و بە شەو بە ئوتۆمبیلی سەربازیی چوون بۆ نەخجەوان.)

لە كۆتاییدا، قانعی فەرد دەڵێت باس لە داستانێكی حەماسیی و هەست بزوێن دەربارەی سەفەری ئەو و پیاوە ئازاكانی لە چیاكان بۆ ڕوسیا دەكەن، چوونی بارزانی بۆ ڕوسیا بەو جۆرە بوو كە سوپای ئێران لەو سەردەمەدا زۆر بە توانا نەبوو، شتێكی وەک پاشەكشەی دە هەزار یۆنانییەكانی گەزنفۆن بوو كە لە بۆشایی كەڵكیان وەرگرت و بە كەڵكوەرگرتن لە خاكی ئێران چوون لە داوێنی سۆڤیەتەوە.

سەرەتا پێویستە دەربارەی كوشتنی ئەو ئاغا مامەشانە كە ژمارەیەیان ١٢ كەس بوو نەک ١١ كەس، بڵێیم ئەوانە ڕۆژی ١٩٤٧/٢/٢٣، بە دوای

هەرسهێنانی کۆماری کوردستان و هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر هێزەکانی بارزانی لە سێڵوێ کوژران، نەک لە کاتی ڕێڕەوی بارزانییەکان بۆ ڕوسیا. هەروەکوو مەسعود بارزانی لە کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٣١- ١٩٥٨"، لاپەڕەی ١٧٤دا ئاماژەی بۆ کردوە، لەو تێکهەڵچوونەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی: محەمەد میرزا کاکشار و باقی کانی بۆتی شەهید و دوو پێشمەرگەش بەناوەکانی حالی کەلۆکی و دەروێش خانۆ بێدودی بریندار بوون. تێکەڵاوکردنی ئەو دوو ڕووداوە چەواشەکاریی ئیتلاعات بۆ مەبەستی تایبەت.

هەروەها بڕیاری خۆبەدەستەوەنەدان و حەماسەی ڕێڕەوی بارزانییەکان بەنێو سوپا و جاشە بەکرێگیراوەکانی سێ دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، تورکیا و ئێراندا و پەڕینەوەیان لە ڕوباری ئاراس ڕاستییەکی مێژوویی بوو کە بارزانییەکان لەودا پشتی محەمەد ڕەزاشایان تێدا شکاند و ئابڕوی سوپای ئێرانیان تێیدا برد و دەیان یەکەی پڕچەکی سوپای ئێران بە پشتیوانی زرێپۆش، تۆپخانەی کێوی و فڕۆکە، نەیانتوانی لە بەرامبەر ٥٠٠ پێشمەرگەی کوردستاندا بوەستن. هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداوە لەگەڵ ڕووداوی پاشەکشەی دە هەزار یۆنانییەکانی گەزنفۆن، زەوی تا ئاسمان پێکەوە جیاوازن.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە پێشمەرگە بۆ مافی زەوتکراوی نەتەوەکەی دەجەنگی و یۆنانییە گەزنفۆنەکان بە زۆرەملیی فەرماندەکانیان هێنرابوونە مەیدانی شەڕ کە ورە و توانای شەڕکردنیان نەبوو. بەڵگەیەکی ئەوکاتە، وتەکانی قانعی فەرد و فێرکراوانی بە تەواوی پوچەڵ دەکاتەوە، بەڵام بەرلە دەرخستنی ئەم بەڵگەیە، سەرنج بدەنە چۆنیەتی ڕووداوی پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ئاراس.

بە دوای ئەو کۆمەڵە شەڕانەی ناوچەی شنۆ کە پێشتر ئامـاژەم بۆیان کرد، بارزانی ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٧ گەڕایەوە بۆ باشوری کوردستانو ژن و منداڵ و بەساڵداچووەکانی لەوێ بەجێهێشت و خۆی لەگەڵ ٥٠٠ پێشمەرگە، بەناو سوپاکانی تورکیا و عێراقدا کە لە ئاسمانەوە چاودێریی دەکران بە کەمترین دەرەتانی سەربازیی و ئابووریی گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەناو ئەو سوپایەدا تێپەڕین کە لە ڕاپۆرتی خوارەوەدا

دەیبینن و بارزانی و هاوڕێیانی ئەفسانەی ئاراسیان خوڵقاند، بەڵام سەرەتا ئاماژەیەک بۆ محەمەد عەلی پەیدا، یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجاندا بۆ خوێندن ڕەوانەی باکۆ کرابوو. ناوبراو دوای تەواوکردنی خوێندن گەڕابۆوە بۆ ئێران و دەستبەسەر کرابوو و لە زیندانی "بەرازجان" هاوبەندیی نەمر غەنی بلوریان بوو. پەیدا دەربارەی کۆڕەوی بارزانییەکان و هەستی مرۆڤدۆستی و کەسایەتی بارزانی دەڵێت:

- (کاتێک بارزانییەکان لە ڕوباری ئاراس پەڕینەوە، هیچکامیان پێڵاویان لەپێدا نەبوو. قاچ و لەشیان زامدار و نەخۆش و برسی بوون و ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو. کاتێک مرۆڤ لە نزیکەوە دەیبینین، مووی لەشی ڕاست دەبووەوە و هەموو گیانی دەلەرزی. ئێمە لە لایەن حکومەتی ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە جلوبەرگ و پێڵاومان بۆ بردن. جووتە پێڵاوێکی ڕەختە و باشمان دایە دەست مەلا مستەفا بارزانی، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد و بە تووڕەییەوە پێڵاوەکەی بۆ هاویشتین و گوتی "یان لە هی پێشمەرگەکانم بۆ بێنن، یان دەبێ هی ئەوانیش لەمە بێت." ئەوە لە حاڵێکدابوو کە بارزانی و هەڤاڵانی لە جیاتی پێڵاو، ئاغابانووەکانیان لە قاچەکانیان بەستبوو.[٤٤])

ڕاپۆرتی گۆڕانکاریی سەربازیی ڕۆژانی ٦ تا ١٧ ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (٤٧/٥/٢٧ تا ١٩٤٧/٦/٨)

ژمارە ٥

دۆخ و ڕووداوی گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ کیشوەری شاهەنشاهی

مێژوو ١٣٢٦/٣/٦ (١٩٤٧/٥/٢٧) لەسەر نەخشە ١- ٢٥٢٠٠٠

کاتژمێر حەوتی ڕۆژی ٢٦/٣/٦ سەرکردایەتی لەشکری ورمێ ئاگادار کرایەوە کە ژمارەیەک لە بارزانییەکان کاتژمێر دووی ئەو ڕۆژە هاتوونەتە "جرمێ" و بیست سەر مەڕیان بە تاڵان بردوە. لەلایەن ئەمیر هێزی عێراقییەکانیشەوە ئاگادار کراین بارزانییەکان ڕایانکردوەتە تورکیا و ڕەنگە بێنەوە ناو خاکی ئێران. کاتژمێر ١٣:٠٠، کوڕەکانی نوری بەگ هاتنی بارزانییەکانیان لە شەش کیلۆمەتری باشوری "ئەنبە" پشتڕاست کردەوە و کاتژمێر ١٤:٠٠ ئاگاداریان کردینەوە کە بارزانییەکان خەریکی

پێشـڕەووین. لەو ڕاپۆرتـانە دەردەکەوێـت کە بارزانییەکـان لە سـنوری تورکیاوە بە "بەردەسورچاییی"دا خزاونەتە ناو خاکی ئێران و ژمارەیان نـزیکەی ٤٠٠ کەسـە. دەسـتبەجێ داوا لە سـەروان "عەدل زەڕابـی" و ڕەشیدبەگ کرا، بێنە سەرکردایەتی لەشکر و فەرمانیان پێدرا لەگەڵ ١٠٠ چەکدار بچن بۆ "مەوانا". ناوبراو کاتژمێر ١٨:٠٠ ی ئەو ڕۆژە لە ورمێوە وەڕێکەوت و کاتژمێر ٢٢:٠٠ لە "لەرنێ" و کاتژمێر ٠٥:٣٠ لە کەلی "گردە بلیج" دابەزی و هەر ئەوکاتە کاروانێکی پێکهاتوو لە دوو گوردانی پیادە (گوردانی ئیسفەهان و گوردانی دووی ئازەربپاد"، چوار زرێپۆشی جەنگی، دەستەیەکی تۆپخانە بە دەزگایەکی بێتەل، بە فەرمانـدەیی سەرهەنگ "سەردادوەر" مەئمور کرا کاتژمێر ٤:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٧ ئامادە بێت.).

کـاتژمێر ١٤:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٦/ هەڵفرینێکـی شناسـایی بەسـەر بەرزاییەکانی سنور و گوندەکانی ناوچەکەدا ئەنجامی گرت، بەڵام بەهۆی بوونی هەوری زۆر، شناساییەکە نیگاتیف بوو. ئەو کاروانە کاتژمێر چواری بەیانیی ڕۆژی ٢٦/٣/٧ بە هەژدە بارهەڵگر بەرەو "لەرنی" چوو تا کاتژمێر ١٧:٣٠ لە لەرنـی جێگیـر بـوو. کاتژمێر ٠٥:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٨ بەرەو مەوانا چوون و ناوچەکەیان گرت. ئەو کاروانە بە زوویی دەچێتە "بزنیان" و ڕێگا لە بارزانییەکان دەگرێت کە بەرەو باکور نەچن.

کـاتژمێر ١٢:٠٠ی ڕۆژی ٢٦/٣/٧، نـوری بەگ هـاتە تێلگرافخـانە و کاغەزێکی مەلا مستەفای پێبوو. داوای کردبوو لەنێوان ئەو و دەوڵەتدا ناوبژیوانی بکات. هەروەها نامەیەکی هاوشێوەی مەلا مستەفا گەیشتە سەرکردایەتی لەشکر و وەڵامی درایەوە بەبێ مەرج بچێتە ورمێ و خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام لە نامەکەی دەرکەوت ئامانجی خافڵاندن و کات کوشتنە و بۆ فەرماندەی کاروانەکە دووپات کرایەوە کە بەپەلە بچێتە مەوانا و پێوەندیی پێوە بکەن، تا بەڵکوو ئاکام ببەخشێت.

لە دوا هەڵفرینی شناساییدا کە ڕۆژی ٢٦/٣/٦ لە نێوان "تلوع و ئەنبە" ئەنجامی گرت، نزیکەی پازدە سەربەزێو لە بەرزاییەکان لەناو سەنگەردا بیندران کە خۆیان حەشاردابوو، بەڵام بە کۆمەڵ نەبوون و هەرچەندە فڕۆکەکە بە مەودایەکی کەم بەسەر زەویدا دەفری، تەقەیان لێ نەکرد.

دوا زانیاریی لەو کاروانە، لە کاتژمێر ٢١:٠٠دا ئەوە بوو کە مەلا مستەفا کاتژمێر ٢٠:٠٠ی ڕۆژی ٣/٧/ ئەنبەی بەجێهێشتووە و چووەتە "خانەگێ-

خانەقا" و ژمارەیەک لە چەکدارەکانی ڕەوانەی "نازلو چایی" کردوە. بەم جۆرە بۆ لەشکر ڕوون بووەوە کە ئامانجی بارزانییەکان چوون بەرەو باکور و پێکهێنانی هاودەنگیی لەگەڵ عەشایرە جیاوازەکانی باکور و ڕۆژئاوای ورمێیە.

بەیانی ڕۆژی ٢٦/٣/٨ کاروانی ڕەوانەکراوی تەرگەوەڕ کە لە "مەوانا" جێگیر بوو، ڕایگەیاند مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ کاروان ناردووە و دەیەوێت خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام دەبێ ئەفسەرێک و سەرۆک عەشیرەتێک بۆ پێوەندیی دیاریبکرێن. بە جوانی ڕوونە کە ئامانجی مەلا مستەفا کوشتنی کات و خۆدزینەوە بووە و دەیانەوێت بەرەو باکور بچن کە تا کاتژمێر ١٢:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٨ هەموو بارزانییەکان لە "نازلوچای"یەوە بەرەو باکور چوون. هەواڵی گەیشتو لە کاتژمێر ٠٩:٣٠ ی ئەو ڕۆژە، باس لەوە دەکات کە بارزانییەکان چوونە "سێروێ و سێرۆک". ئەو هەواڵە لە لایەن کاروانی تەرگەوەڕەوە گەیشت و سەرگورد "سوڵح جو" سەرپەرەستی شکاکە سوارەکان پشتڕاست کراوە. هەروەها گوتویەتی بارزانییەکان دەیانەوێت لە سێرویێوە بچن بۆ "هۆسین". ئەو هەواڵانە بە کاروانەکانی جێگیر لە ماکۆ، قەرەزیائەدین، خۆی، قوتور، سیەچشمە و شاپور و سەرهەنگ "فولادوەند" ڕاگەینرا و هۆشیار کرانەوە.

کاتژمێر ٠٨:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٩ گوردانی ٢ی سەرهەنگ بەهادور و دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم لە "خۆی"ەوە بەرەو قوتور چوون و مەئمور کران لەگەڵ گوردانەکانی ٣ی هەنگی ١٠ی قوتور، ڕێگاکانی هاتوچۆی شیوەکانی قوتور بگرن. هەروەها بەزوویی یەکەی بەهێزکردنیان پێدەگات.

کاتژمێر ١٢:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٩ گوردانی ٢ی هەنگی ٣٢ لە شنۆوە گەیشتە ورمێ و کاتژمێر ١٦:٠٠ ی ئەو ڕۆژە چوو بۆ شاپور. بارزانییەکان ڕۆژی ٣/٩ دەستیان بەسەر بەرزاییەکانی "گۆلی شێخان" و "کەرتەش" و گوندی "سێروێ"دا گرت و ژمارەیەکیشیان ڕەوانەی گوندی "سینا" کرد. هەروەها لەو ڕۆژەدا بە ژمارەیەک چەکدار بە سەرپەرستیی ئەسعەد، دەستیان بەسەر بەرزاییەکانی "گولی جییان"دا گرتووە کە بۆ پاشەکشە کردنیان گرنگایەتی هەبووە. لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو سێ ڕۆژەدا، بەیانیی و ئێواران هەڵفرینی شناسایی کراوە و زۆربەیان بەهۆی خراپی کەش، ئاکامیان نەبووە و لە کەشی باشیشدا چونکە بارزانییەکان بە شەو

پێشڕەوی دەکەن و لێهاتوویی تەواویان لەخۆ حەشارداندا هەیە، فڕۆکەکان بە زۆریی نەیانتوانیوە بیاندۆزنەوە. بەگشتی بەو زانیارییانەی کە تا کاتژمێر ٢٢:٠٠ی ڕۆژی ٢٦/٣/٩ گەیشتوەتە دەستمان، ئاشکرایە کە ئامانجی بارزانییەکان چوونە بۆ سنوری باکور و ناو چیاکانی ماکۆ بۆ فریودان و کوشتنی کات.

بارزانییەکان ڕۆژی ٩ ی مانگ لە "سێروێ" و "بەردوک"ەوە چوون دەستیان بەسەر "بەردوکی خواروودا گرت و بەرەو بەردوکی سەروو دەچن. لە بەرزاییەکانی ڕۆژئاوا و باکوری گوندی "ئاخچەگۆل" بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەنێوان بارزانییەکان و شکاکەکانی ژێر ئەمری سەرگورد "سوڵح جو" تێکهەڵچوون ڕوویدا. شناسایی هەوایی کاتژمێر ٩:٣٠ تا ١٢:٠٠ی ڕۆژی ٣/١٠، باس لە چالاکیی سوارەکانی عەشایریی لە بەرزاییەکانی باکور و ڕۆژئاوای "گونبەد" دەکات، بەڵام شوێنەوارێک لە بارزانییەکان نەبیندرا. فەرماندەی سوپا کاتژمێر ١٨:٠٠ ی ڕۆژی ٣/٩، دوای لێکۆڵینەوەی دۆخەکە، پلانێکی بەشێوەی خوارەوە دارشت و دوای ئەوەی کە بە پێشگای خاوەنشکۆ گەیشت، پلانە پێشنیازکراوەکە و بڕیاری لەشکر لە کاتژمێر ٢٤:٠٠ ی ڕۆژی ٢٦/٣/٩ بەهەموو یەکەکانی سوپا ڕاگەینرا و بەڕێوەچوو.

١- بەستنی ڕێگەی بارزانییەکان لە شیوی خۆی، قوتور و سنور، بەهۆی کاروانێکی پێکهاتوو لە: چوار گوردانی پیادە، گوردانەکانی ٣ی هەنگی ١٠، گوردانی ٢ی بەهادور، گوردانی ٢ی هەنگی ٣٢، گوردانی ئاسن، یەکەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم کێوی، چوار زرێپۆشی جەنگی و دەزگایەکی بێتەل.

٢- ڕاونانی بارزانییەکان لە لایەن کاروانی تەرگەوەڕ کە پێکهاتووە لە: گوردانەکانی ئیسفەهان و ٢ی ئازەرپاد، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلیمی کێوی، دوو زرێپۆشی جەنگی و دەزگایەکی بێتەل بە فەرماندەیی سەرهەنگ "سەردادوەر". سەرتیپ بێگلەریی جێگری لەشکر، فەرماندەیی ئەو دوو کاروانانەی لە ئەستۆیە. سەرهەنگ "قزڵیاغ" لەگەڵ ئەندامی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەرکانی ئەو کاروانە دیارییکراوە.

٣- هەنگی سوارەی فەوزیە جگەلە یەکەیەکی سوارە کە بە دۆشکە بەهێز کراوە، لە شاپور جێگیرکراوە و دەزگایەکی بێتەلی گەڕۆکیان لە شاپور پێیە و مەئمورن جگەلە چاودێریی گشتیی ناوچەکە و شکاکەکان، بە گوێرەی پێویست بۆ عەمەلیات ئامادەبن.

٤- کاروانی ماکۆ پێکهاتوو لە گوردانەکانی هەنگی ١٢ی کرماشان و گوردانی ٢ی هەنگی ٢٧، لەگەڵ دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژی ئیسفەهان، یەکەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلیمی کرماشان و دەزگایەکی بێتەل، بە فەرماندەیی سرهەنگ "موزەفەری"، مەئمور کراوە چاودێریی بەسەر ناوچەی پلدەشت و سنوری بازرگان بکەن کە پێشتر شناساییان کراوە.

٥- لە سیەچشمە، گوردانێک لە هەنگی بەهادور و دەزگایەکی بێتەل دانراوە. لە قەرەزیائەدین گوردانی ٢ ی هەنگی ١٢ و هەنگی سوارەی کوردستان جگەلە یەکەیەکی گەڕۆکی سوارە، بە ئیحتیات لە خۆی جێگیر کراوە. سەرتیپ زەنگەنە فەرماندەی تیپ، فەرماندەیی کاروانەکانی ٣ و ٤ی لە ئەستۆیە و سەرگوردی ئەرکان بەهادور لەگەڵ ئەندامی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکانی ئەو کاروانانە دیاریی کراوە. گوردانی سرگورد "زرەپوش" کاتژمێر ١٢:٠٠ ی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٠ بە بارهەڵگر ڕەوانەی خۆی کرا و چوار زرێپۆشی جەنگی نێردرایە قوتور. بەهەموو ئەو یەکەیانە و فەرماندەکانیان ڕاگەینرا لە کاتژمێر ١٢:٠٠ ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١١ وە کار لەسەر ئەو پلانە بکەن.- لە گۆشەیەکی پلانەکەدا نوسراوە، بە داخەوە مەلا مستەفا سەبری نەکرد- سەرتیپ بێگلەریی و سەرهەنگ "نەیساری" ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٠ بەرەو مەئموریەتی دیارییکراو چوون و سەرتیپ زەنگەنەش کاتژمێر ١١:٠٠ ی بەیانی ورمێی بەجێهێشت.

فەرمانی تەواوکەریی دوایی، پەیوەست دەبێت بە جێگیربوون لە هێڵی قوتور و بەهێز کردنی گوردانی سەرگورد زرەپوش بۆ سێ گوردان. بارزانییەکان کاتژمێر ٠٣:٠٠ی ڕۆژی ٢٦/٣/١٢ تا کاتژمێر ١٤:٠٠ی ئەو ڕۆژە هاتنە "هەبلۆران" و لەوێوە بەرەو "ئەشنەک" و "بەشخوران" دەچن.

ڕۆژی ٢٦/٣/١٣، لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی هەتاو هاتنە "ڕاویان" و لەوێ چەند کەسێکیان لە خەڵکی ناوچەکە دەستگیر کرد کە لەلایەن کاروانەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ ڕەوانە کرابوون و چەند ئەسپ و هەندێک خواردنیان لەو گوندانە کۆکردەوە و بەرەو "حەبەشی خواروو" و "موخین" بەڕێکەوتن و دواتر روویان لە "کەڵت" کرد. ڕۆژی ٢٦/٣/١٥ گەیشتنە "سەگمەن ئاوا" و لەو ڕۆژەدا هەرچەندە یەکە جێگیرکراوەکان لە هێڵی قوتور بە شوێنیان کەوتن، بەڵام نەیانـدۆزینەوە و ئاکامیان وەرنەگرت. لەبەر ئەوە، گوردانەکانی ٢ و٣ی ئازەرپاد و گوردانی "کسر خدمت"ی هەنگی ٩ کە ڕۆژی ٢٦/٣/١٢ ڕەوانەی خۆی کرابوون، بردرانە "شوت" کە لەوێ پێش بە بارزانییەکان بگرن.

ڕۆژی ٢٦/٣/١٥ تیمسار فەرماندەی سوپا لە لەشکری ورمێوە بەرەو ماکۆ هات و بە سەرهەنگی ئەرکان غەفاریی ڕاگەینرا لە شنۆوە بێتە ورمێ. کاتژمێر ١٨:٠٠ ڕۆژی ٢٦/٣/١٦ گەیشتە ورمێ و دەستبەجێ بەرەو ماکۆ ڕەوانە کرا و لە هەمان ڕۆژدا سەرۆکایەتی ئەرکانی عەمەلیاتی ماکۆی پێسپێردرا.

ڕۆژی ٢٦/٣/١٦ کاروانی قەرەزیائەدین کە بریتی بوو لە: یەکەی سوارە و دەستەیەک دۆشکە لە هەنگی سوارەی کوردستان، بە فەرماندەیی فەرهادخان، بەرەو چیای "سەگار" چوون و بە کاروانی سیەچشمەش فەرماندرا دەستەی پێشقەڕاوڵی خۆی بۆ دامەزراندنی پێوەندیی، بنێرێتەوە پێشەوە. یەکەکانی هێڵی قوتور و گوردانی سەرگورد زرەپوش بە بارهەڵگران ڕەوانەی ماکۆ کران و گوردانی ٢ی بەهادور و گوردانی ٣ی ئاسن بە فەرماندەیی سەرهەنگ فولادوەند مەئموری ڕاونانی بارزانییەکان کران. گوردانەکانی ئیسفەهان، گوردانی ٢ی کرماشان و گوردانی ٢ی هەنگی ٢٧ ڕەوانەی "ساری باشکەند"، "کەشمەکەش تەپە"، "موسا ئاقبلاغ"، "خەندەرو" و "قزلداغ" بران کە لەو ناوچانە جێگیربن و دەستەی پێشقەڕاوڵی خۆیان بۆ دامەزراندنی پێوەندیی، بنێرنەوە پێشەوە.

لەو ڕۆژەدا سەرتیپ زەنگەنە چاوی بە فەرماندەی تیپی بایزید "مەبەستی تیپێکی تورکیایە- نوسەر" لە بازرگان کەوت و کێشەی بارزانییەکانی پێڕاگەیاند. بارزانییەکان کە بە ڕۆژ لە بەرزاییەکاندا

خۆیـان حەشـار دەدا و شـەوانە بە دونـدی چیاکانـدا دەڕۆیشـتن، چـوونە "بلـەسوری گەورە و بچـوک و سێرپاگڵ" و لـەوێـوە بـە "یـەک مـاڵـە"دا کە لـە سـێ کیلـۆمەتری "نـاوەر" بە باشـوری شـێخ "مەملـو"دا گەیشـتنە محـاڵی سیەچشمە. سەرهەنگ زەلتـاش لـەگەڵ چەنـد پلـەداران، بـە ١٥٠ تفەنـگ و ژمـارەیەک فیشـەک چـوو کە چەک بـدات بـە تـایفەی میلانـی و چەکداریان بکات.

ڕۆژی ٢٦/٣/١٧ بارزانییەکـان بـە شـەو چـوونە دەوروبەری "قەرەدەرە" و چونکە گومـان دەکـرا بەرەو "کەرەلەڕ" بچـن، بە ناچـار دەبێـت بە هێڵـی بازرگـان- مـاکۆ، خەنـدور، قزلـداغ دا بـڕۆن و کاروانەکـان بەو شـێوەیەی خوارەوە هێڵەکەیان گرتوە.

بەپێـی بڕیـار سـەرهەنگ نەیسـاری لـەگەڵ دوو گـوردانی پیـادە، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم، یەکەیەکی سوارە و دەستەیەکی دۆشکەی سـەحرایی لـە "کـوڵتێ"ی سـەروو، خەریکـی کارەکانیـانن. سـەرهەنگ "لەشکری" لـەگەڵ گوردانێک و یەکەیەکی سوارە و دوو زرێپۆشی جەنگی لە بەرزاییەکانی سەگار. گوردانێکی پیادە، دەستەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلیم، دوو زرێپۆش لـە سیەچشمە. گوردانێکی پیـادە، دەستەیەکی تۆپخـانەی ٧٥ مـیلم، دوو زرێپۆشـی جەنگـی لە هێڵـی "سـاری ئوجـاق" و "کشـمش تەپە". گوردانێک لـە بەرزاییەکانی سـەنگەر. گوردانێـک و دەستەیەکی تۆپخـانەی ٧٥ میلمی کێوی لـە خەندوەر. دوو گوردانی پیادە و دەستەیەکی تۆپخـانەی ٧٥ مـیلم، یەکەیەکـی سـوارە، سـێ زرێپۆشـی جەنگـی لـەگەڵ سـەرهەنگ "سـەردادوەر" لـە شـوت. فەرمانـدەیی سـەبارەت بەو بڕیـارە و هێـزە جێگیرکراوەکان، بیری لـەوە کردوەتەوە کە بەرلـە دەرچوونی بارزانییەکان، ئەگەر لـەو هـێڵەدا بینـدران، سـەرکوتیان بـکەن، ئەگەرنـا لـە نـاوچەی "کەرەلەڕ" گەمارۆیان بدەن. بەهۆی دوریـی نـاوچەی عەمەلیات لـە ورمـێ، سەرکردایەتی عەمەلیات لـە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٦وە لـە مـاکۆ دانـدرا و بڕیـار و فەرمانەکـان لـەوێـوە بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ بـە یەکەکـان دەگـات و ڕووداوەکانی عەمەلیات ڕاستەوخۆ ئاراستەی سەرکردایەتی سوپا دەکرێن.

سەرۆکی سەرکردایەتی لەشکری ٤ی ئازەربایجان

سەرهەنگ ستاد "ئەرکان" فیوزی[٤٥] (پاشبەندی ١٧)

جگەلەوە، شا و فەرماندەکانی سوپای ئێران بۆ کوشتن و لەناوبردنی بارزانییەکان پەلیان بۆ هەموو لایەک دەهاویشت لە پڕچەک کردنی جوتیارانەوە بگرە تا کۆنسوڵەکانی سۆڤیەت. ئەوە لە کاتێکدابوو کە بۆیان دەرکەوتبوو کە بە یارمەتی سوپاکانی تورک و عێراق نەیانتوانیوە پێش بە بارزانییەکان بگرن، ئەم جارەیان پەنا بۆ یەکێتی سۆڤیەت برد تا بە هاوکاریی ئەوان بەسەر بارزانییەکاندا زاڵ بن. لەم بارەیەوە "محەرەمۆڤ" سکرتێری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ماکۆ لە ڕاپۆرتی ژمارە ٤٥ ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٤دا دەنوسێت:

- (سەرلەشکر هومایونی بە ئێمەی ڕاگەیاند: لە بەیانیی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٩ حوزەیراندا تێکهەڵچوونێک لەنێوان سوپای ئێمە و دەستەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە کێوەکانی گوندی شوت لە ٢٥ کیلۆمەتری ماکۆ ڕوویدا کە هەردوولا کوژراویان هەبوو. شەوی ٩ لەسەر ٦/١٠ دەستەکانی مەلا مستەفا بارزانی گەمارۆی سوپای ئێمەیان شکاند و دەرباز بوون و بە ڕێگای پردی "قزڵداغ"دا بەرەو ماکۆ و ناوچەی گوندی "خاسین" لە ٢٠ کیلۆمەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی ماکۆ چوون. دەستە چەکدارەکانی مستەفا بارزانی بەرەو سنوری یەکێتی سۆڤیەت ملیان ناوە، بەڵام هێشتا بەتەواوی نازانین بەرەو کوێ دەچن. بۆ یەکێتی سۆڤیەت یان بۆ تورکیا دەڕۆن؟ سوپای ئێمە بەدوایانەوەن و هیوادارین لەم ڕۆژە نزیکانەدا لەناویان بەرین. لەو کێوانە، ئەو جێیەی ئێستا تێیدان و پاڵیان پێوەداوە، لەبەر گەرما و زۆربوونی مار ناتوانن زۆر بمێننەوە و ئەگەر بێتو ماوەیەکی زۆر لە گەمارۆی ئێمەدا بن، بۆخۆیان دەمرن. جگەلەوە، ناتوانن لەوێ خواردن بۆخۆیان بەدەست بهێنن. پاشان هومایونی لەمنی پرسی: داخۆ داواکارییەکەی بە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت گەینراوە؟ وەڵامەکەی دەویست بزانێ چییە. ئەو دووپاتی ئەوەی کردەوە کە سەبارەت بە ڕێگەنەدانی دەستە چەکدارەکانی مەلا مستەفا بارزانی بۆناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت، دەیەوێ چاوی بە نوێنەرانی سوپای سۆڤیەت بکەوێت. من لە وەڵامیدا گوتم داواکارییەکەیم بە دەوڵەتی خۆم گەیاندوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە مەبەستی لە پڕچەککردنی جوتیاران چییە؟ هومایوتی گوتی: جوتیارەکان بۆ خۆپاراستنیان لە هێرشی بارزانییەکان پڕچەک دەکرێن.[٤٦]

تەماشای ئەو هەمووە هێزە بکەن کە بۆ چەککردن و سەرکوتکردنی ٥٠٠ بارزانی ڕەوانەکراون، کەچی لە بەرامبەریاندا خۆیان بۆ ڕانەگیرا و بە خۆدزینەوەیان لە مەیدانەکانی شەڕ، ڕێگەیان بۆ بارزانییەکان خۆشکرد کە ئەو ڕێگا پڕتەنگ و چەڵەمەیە ببڕن و خۆ بگەیەننە ئاراس و بپەڕنەوە. لەو ڕاپۆرتە شەرمهێنەرانەدا باس لە تێکهەڵچوونی یەکەکانی سوپا لەگەڵ بارزانییەکان نەکراوە کە تەنیا لە شەڕێکدا ٣١ کوژراو و ٣٥ بریندارایان هەبووە.

لەم بارەیەوە پێشمەرگەکانی بەشدار لەو شەڕانەدا بە وردی ئاماژە بۆ شەڕەکان و بە تایبەتی شەڕی پردی ماکۆ دەکەن کە سوپای ئێران بە هێزێکی زۆر گەمارۆی دابوون. پێشمەرگەکان توانیان بە دانی چوار شەهید، دەیان ئەندامی سوپای ئێران لەسەر پردی ماکۆ بکوژن و لە ئاراس دەرباز بن.

لە بەهاری ساڵی ٢٠١٢دا ٣٨ هەڤاڵی بارزانی کە بەشداریی ئەو شەڕانەیان کردبوو و هاوڕێی بارزانی بوون لە یەکێتی سۆڤیەت، لە ژیاندا مابوون. من لە نزیکەوە چووم ئەوانەم لە شار و گوندەکانی کوردستان دۆزییەوە و سەبارەت بەو ڕووداوانە و گەلێک ڕووداوی تر پرسیارم لێکردن. بەشێکیان بەهۆی تەمەنی زۆریان کەمتر ڕووداوەکانیان لەبیر مابوو، بەڵام چەند کەسێکیان، بەتایبەتی کازم مستەفا شانەدەری بەهۆی یادداشت کردنی ڕووداوەکان بە ڕۆژ و جێگە، بە وردی لەو ڕووداوانە دوا و یادی یازدە شەهیدی ئەو ڕێڕەوە مێژووییەیان کردەوە کە لە شەڕەکاندا گیان لەدەستدا و ناوەکانیان بریتی بوو لە: تێلی عەبدولکەریم خەڵکی گوندی کەلێت لە باکوری کوردستان، عەریف عەبدولرەحمان خۆشناو خەڵکی گوندی ئاژگە، عەریف عەزیز خەڵکی ناوچەی سۆران، تەمەر مستەفا خەڵکی گوندی سپینداری "مزوری"، تەها عەزیز خەڵکی گوندی گوزی "مزوری"، حاجی خەڵکی گوندی گوزێ "مزوری"، ساڵح حوسێن گوزی "مزوری"، حەمۆ خەڵکی گوندی هیزان "مزوری"، مەلا محەمەد مێرگەسوری "شێروانی"، مەل محەمەد ئەمین لێری فەرماندەی پێشمەرگەکان "شێروانی" و ساڵح عەبدوڵا لێری "شێروانی".

دەرچوونی بارزانی و پێشمەرگەکانی بەنێوان سێ سوپای ئێران، عێراق و تورکیادا و پەڕینەوەیان لە ئاراس نەک هەر یەکێکە لە شاکارە

بێهاوتاکانی مێژووی بزوتنەوەی پارتیزانی لە کوردستان و مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بوو، بەڵکوو یەکێکە لە ڕووداوە هەرە دەگمەنەکانی مێژووی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی. ئەربابانی قانعی فەردەکان و بەڕێوەبەرانی سناریۆی چەواشەکاریی مێژووی کوردستان زۆر باش ئاگاداری پاشماوەی بەڵگەنامەکانی دەزگای هەواڵگری ڕژێمی شا و ئاکامی ئەو مەئمورییەتەی سوپای ئێرانن کە لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی شای ئێراندا بە ئەنجام گەیشت. بنواڕە ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە:

وەزارەتی بەرگری
نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا
ژمارە ٢/٢٠٤٣ مێژوو ١٣٢٦/٣/٢١ (١٩٤٧/٦/١٢)
تیمسار سپەبود شابەختی

بە ئەمری شاهەنشا بە ئیوە ڕادەگەیەنین، هەر وەک ئاگادارن بارزانییەکان ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٦ (١٩٤٧/٥/٢٨) خزاونەتە ناو خاکی ئێران و بە ڕاگەیاندنی پەیتا پەیتامان بە لەشکری چوار بۆ ڕاونان و سەرکوتکردنیان، لەشکر تەنیا توانی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩ (١٩٤٧/٦/١٠) توشی سەربزێوەکان بێت. ژمارەی ئەندامانی لەشکر دە بەرامبەری ژمارەی سەربزێوەکان بووە و چەکی هەمەجۆرە و ئۆتومبیل و شتی تریان پێبووە و بارزانییەکان بەتێکرا پیادە بوون و هیچ چەشنە ئامێر و کەرەسەیەکی گواستنەوەیان پێنەبووە. خاوەنشکۆ شاهەنشا کە بەو کارەساتەی زانی، فەرمووی: (دەبێ لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا کۆتایی بەو مەسەلەیە بهێنرێت.). ویستی بەڕێزیان هەرگیز بەجێنەگەیشت و تەنانەت ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩ (١٩٤٧/٦/١٠) سەربزێوەکان لە ناوچەی "شوت" توشی لەشکر دەبن و لە تێکهەڵچوونێکدا کە لەشکر ڕایگەیاندووە، ٣١ کەسی لێ کوژراوە و ٣٥ کەسیشی بریندار بووە و بارزانییەکانیش توانیویانە بەرەو باکور درێژە بە ڕێگاکەیان بدەن. چونکە ئەو مەسەلەیە گەلێک گرنگ و سەرنجڕاکێشە، شاهەنشا ئەمری فەرموو کە کۆمیسیۆنێک بە سەرۆکایەتی ئێوە و ئەندامەتی سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزەن، سەرتیپ

وسوق پێکبێت و بچنە ناوچەکە و لەوێ بە وردی لە هەموو ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و روون بکرێتەوە:

١- بۆچی لەشکر لەکاتی خۆیدا فەرمانەکەی بەجێنەگەیاندووە؟

٢- بۆچی کاروانەکان بەو هەموو چەک و کەرەستانەیانەوە، سەرنەکەوتوون؟

٣- کێ لەو عەمەلیاتەدا کەمتەرخەمی کردووە؟

٤- هۆی دوا عەمەلیات چی بووە و کەمتەرخەمیی لە بەڕێوەبردنیدا کردووە؟

ئەو ڕووداوە ئابروو کەرامەت و پلە و پایەی سوپای ئێرانی لەلای دراوسێکان و تەنانەت لەلای عەشایری ناوچەکەش دابەزاند و دەریخست سوپای ئێران تا چ ڕادەیەک لاواز و بێدەسەڵاتە. زۆر زوو ئاکامی لێکۆڵینەوەکەتان ڕابگەیەنن تا بە خزمەت شاهەنشا بگات.

سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران

سەرلەشکر ڕەزمئارا[٤٧] (پاشبەندی ١٨)

ئەمە ڕای محەمەد ڕەزاشا و سەرکردایەتی سوپای ئێران بوو سەبارەت بە لێوەشاوەیی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر لە بەڕێوەبردنی شەڕی پارتیزانیدا، بەڵام بۆ ئەوەی بزانین بوونی بارزانی لە بوارەکانی سیاسیی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورددا چۆن کاریگەرییەکی هەبووە، باشترە ئاوڕێک لە ژیانی بارزانی و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەتی بدەینەوە.

باقرۆڤ بەو ناسینەی کە پێشتر بە ڕاپۆرتی پیشەوەریی و ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان لە مستەفا بارزانی و بارزانییەکان هەیبوو، دەیویست بۆ مەبەستی سیاسیی و سەربازی بۆ تورکانی ئازەربایجانی باکور لە باکۆ کەڵک لە بارزانی و هەڤاڵانی وەربگرێت کە بارزانی قەبووڵی نەکرد و ئەوەش وایکرد کە بارزانی و هەڤاڵانی وەبەر دڵڕەقی باقرۆڤی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بکەون، بە چەشنێک کە ئیزنیان پێنەدان کە حاڵ و وەزعی خۆیان بە ڕێکخراوە جیهانییەکان بگەیەنن و دەستبەجێ ئەوانیان لە ئۆردوگایەکی نزیک "تاشکەند" نیشتەجێ کرد و لەوێوە بەنهێنی بڵاویان کردنەوە، بەشێکیان ڕەوانەی شار و گوندەکانی

کۆماری "ئۆزبەکستان" کرد. بارزانی دوای مردنی ستالین هەڵی قۆزتەوە و خۆی گەیاندە خرۆشۆف و بەسەرهاتی خۆی و هەڤالانی پێراگەیاند و گوتی: **(بۆ ئەوەی خۆم بگەیەنمە لای تۆ، شەڕی حەوت حکومەتم کردووە.)** خرۆشۆف داوای لێدەکات ناوی حکومەتانی پێ بڵێت. بارزانی دەڵێ: **(ئەمریکا، ئینگلیز، عێراق، تورکیا، ئێران، ئازەربایجان و ئوزبەکستان.)** خرۆشۆف تاوانەکە دەخاتە سەر بێریا و باقرۆڤ. بارزانی بەم شێوەیە خۆی و هەڤالانی ڕزگار دەکات و دەچێتە ئاکادیمیای حیزبیی لە مۆسکۆ و هەڤالانیشی وەبەر کار و خوێندن دەنێت کە لەجێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

---

١- کوردەکان، نوسینی حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی، حامید گەوهەری، لاپەڕەکانی ٧٠ و ٧٣. هەولێر، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێران، ٢٠٠٧.

٢- دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی مێژوویی هۆزی بارزان، محەمەد عەلی سوڵتانی، سازمان اسناد و کتابخانە ملی جمهوری اسلامی ایران، لاپەڕەی ٥٩.

٣- کۆمەڵــەی ژیانــەوەی کوردسـتان، حامیـد گەوهــەری، لاپــەڕەی ٥٥. دەزگــای ئــاراس، هــەولێر ٢٠٠٤.
٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٥٧.
٥- گۆڤــاری نیشــتمان- زمــان حــاڵی کۆمەڵــەی ژێکــاف، ژمــارە 2، مــانگی خــەزەڵوەری ١٣٢٢ – ئۆکتوبەری ١٩٤٣، لاپەڕەی ,١٨
٦- دوای ٦٠ساڵ، عیرفان قانعی فەرد، نشر علم، تهران، لاپەڕەی ١٦١، ساڵی ,١٣٨٨
٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ,١٦٣
٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ,١٦٣
٩- کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، لاپەڕەی ١٩٠، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای وەرگێڕ، هەولێر ٢٠٠٧.
١٠- کۆمــاری کوردســتان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧، حامیــد گەوهــەری، هــەولێر، چاپخانــەی شەهاب، ٢٠١١، لاپەڕەی ,٢٧٠
١١- روژنامەی کوردستان ، ژمارەی ٢١، لاپەرەی ٤، شەممو ١١ رەشەمەی ١٣٢٤، ١٩٤٦/٣/٢.
١٢- هەمان سەرچاوە، ژمارەی ٢٣، لاپەڕەی ٣، ڕۆژی چوارشەممە ١٣٢٤/١٢/١٥- ١٩٤٦,/٣/٦
١٣- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢٦، لاپەرەی ٣، دوشەممو ٢٧ رەشەمە ١٨ مارس ١٩٤٦ و ژمارەی ٢٧، دوو شەممو ٥ خاکەلیوەی ١٣٢٥، ٢٥ مارسی ,١٩٤٦
١٤- بارزانیی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، نوسینی مەسعود بارزانیی، چاپخانە (خەبات) دهۆک ,١٩٨٨
١٥- دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی، لاپەڕەی ١٩٤، قانعی فەرد.
١٦- ڕۆژنامەی کوردستان لاپەڕەی یەکەم، ژمارە ٦٦.
١٧- کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦ دا، William Eagleton Jr، لاپەڕەی ٩٢ و ٩٣، ساڵی ١٩٦٣.
١٨- بەرزبوونــەوە و کــەوتنی فیرقــەی دیمــوکراتی ئازەربایجــان، جــەمیل حەســەنلی، وەرگێڕانــی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٢٠١، هەولێر، دەزگای وەرگێڕان،
١٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٠٢.
٢٠- کۆمــاری کوردســتان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧، حامیــد گەوهــەری، هــەولێر، چاپخانــەی شەهاب، ٢٠١١، لاپەڕەی ,٣٣٥
٢١- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٩، لاپەڕەی ٤، دوو شەممو ٦ جوزەردان ١٣٢٥، ٢٧ مە، ١٩٤٦.
٢٢- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ١٥٤ و ١٥٥، نوسینی مەسعود بارزانی.
٢٣- لەبەر ئەوەی نامە دەستنوسەکەی حەمە ڕەشید خان لە کتێبی دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دۆکومێنت)، کۆکردنەوەی مەحمود مەلا عزەت دا بە تەواویی نەدەخوێندرایەوە، لەبەر ئەوە بەشێک لە نامەکەم لە وەرگێڕاوی فارسی وەرگرتووە. بڕوانە لاپەڕەی ١٠٢ و ١٠٣، کتێبی قازی محەمەد و کۆمار لە ئاوێنەی بەڵگەنامەدا، نوسینی بەهزاد خۆشحاڵی
٢٤- ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٤٩، لاپەڕەی ٤، شەممو ٤ جوزەردان ١٣٢٥، ٢٣ مە ١٩٤٦.
٢٥- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٥٠، ٢ شەممو ٦ جوزەردان ١٣٢٥، ٢٧ مە ١٩٤٦.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٥٣، ٢ شەممو ١٣ جوزەردان ١٣٢٥، ٤ ژوئین ١٩٤٦.
٢٧- هەمان سەرچاوە، ژمارە ٦٠، لاپەڕەی ١، ٤ شەممو ٢٩ جوزەردان ١٣٢٥، ٢٠ ژوین ١٩٤٦.

٢٨- قـازی محـەمـەد و کۆمـار لـە ئاوێنـەی بەڵگەنامەکانـدا، لاپـەڕەی ٢٤٨، نوسـینی بـەهزاد خۆشحالی، هەمەدان ,١٣٨٠

٢٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٣٧ - ٢٣٨، نوسینی بەهزاد خۆشحالی، هەمەدان ١٣٨٠.

٣٠- دەستپێکردنی شەڕی سارد لە ئازەربایجان لە ١٩٤٥- ١٩٤٦، پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی، AR SPIHMDA , f.1, s. 89, i. 157, v. 161.

31- Rossow. The Battle of Aserbaijan, 1946, v. 13-115

٣٢- بـارزانی و بزوتنـەوەی ڕزگـارییخوازی کـورد ١٩٣١- ١٩٥٧، لاپـەڕەی ١٦٨، نوسـینی مەسـعود بارزانی.

٣٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٦٨، نوسینی مەسعود بارزانی.

٣٤- از مهاباد خونین تا کرانەهای اراس، لاپەڕەی ٨، نوسینی نجفعلی پسیان، ١٣٢٨ (١٩٤٨).

٣٥- بـارزانی و بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد ١٩٣١- ١٩٥٨ ، لاپـەڕەی ١٧١، نوسـینی مەسـعود بارزان.

٣٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ,١٧٢

٣٧- چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیی، لاپەڕەی ١٠، نوسینی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو.

٣٨- ڕۆژنامـەی کوردسـتان، ئورگـانی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، ژمـارە ٧٢، لاپـەڕەی ٣ ، ٨ گەلاویژی ١٣٢٥، ٣٠ ژوئیە ١٩٤٦.

٣٩- بـارزانی و بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپـەڕەی ١٥٦، نوسـینی مەسـعود بارزان.

٤٠- هەمان سەرچاوە.

٤١- مهنامەی ارتش ژمارە ٦٦- مسلسل ١٥٣. من ئـەو بابـەتـەم لـە دەقـی بڵاوکراوەی "دادگـایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی" وەرگرتووە کە ساڵ ٢٠٠٩ لە ١٦ لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە

٤٢- هەمان سەرچاوە ژمارە ٧٥- ١٣٢٦ (١٩٤٧).

٤٣- بڵاوکراوەی لەشکری ٤ی ورمێ.

٤٤- ئاڵەکۆک نوسینی غەنی بلوریان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٥٠.

٤٥- لە کوردستانی عێراقەوە تا ئەوبەری ڕوبای ئاراس، مورتەزا زەربەخت، لاپەڕەی ٧٩-٨٨، چاپی تاران.

٤٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٩٤-٩٥

٤٧- ڕاگەیاندنی ئەرکانی سوپای ئێران

# فەسڵی سێیەم

## گەڕان بە دوای بیرێکی تردا
## ١٩٤٨ـ ١٩٥٣

# گەڕان بەدوای بیرێکی تردا ١٩٥٣- ١٩٤٨

فەسڵی سێیەمی دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی پەیوەستە بەساڵانی ١٩٤٨- ١٩٥٣ و ٦٥ لاپەڕەیە. لەو ژمارەیە ١٣ لاپەڕەی گێڕانەوەی وتەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانییە. دیارە لە هەندێک لاپەڕەی تریشدا، قانعی فەرد ئاماژە بۆ وتەی مام جەلال و بیرەوەرییەکانی دەکات.

مام جەلال لەو بەشەدا پەنجە بۆ پێکهاتنی سەندیکای خوێندکارانی عێراق لە ژانویەی ساڵی ١٩٤٨ ڕادەکێشێ و دەڵێت: (ڕۆژی ٢٧ی ژانویەی ١٩٤٨، سەندیکای خوێندکارانی عێراق لە کولیجی پزیشکی، ددان پزیشکی و ددانسازیی بەغدا پێکهات. زۆربەری خوێندکاران لایەنگری بیری چەپ و نەتەوەیی بوون.) لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: (پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٤٨ بە بیری چەپ لە کۆیە چالاک بوو. ئەندامانی پتر لایەنگری بیری چینی کرێکار و زەحمەتکێش بوون.) هەورەها دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٤٨دا کارێکی نوێ و بێهاوتایان ئەنجام داوە کە ئەویش ڕاکێشانی مەلا ئەحمەدە کوێرە و عەبدولرەحمانە ڕوتە و جۆلا جوبار بووە کە لە بۆنە ئایینییەکاندا، مەولودییان دەخوێندەوە و فێرمان کردن لەگەڵ مەولودیی خوێندنەوەکەیاندا و پێهەڵگوتن بە پێغەمبەر و مێعراج، یەک دوو بەیتیش شیعری بزوێنەری سیاسیی بخوێننەوە و لە مەولودییەکانیشدا بیری چەپ و سیاسیی خۆمان بەڕێوەدەبرد.).

دواتر باس لە ناچالاک بوونی بزاڤی دیموکراتی دەکات لە ساڵی ١٩٤٩دا لە عێراقدا و لە مەترسیی گیرانی خەڵک و زیندانی و ئەشکەنجەی چالاکانی پارتی دەدوێ و دەڵێت: (منیش لە مەترسی دەستگیرکردندا بووم، بەڵام چونکە باوکم شێخ بوو و لە کۆیە خانەقامان هەبوو و بنەماڵەی تاڵەبانی نفوزیان هەبوو و تەنانەت یەکێک لە تاڵەبانییەکان فەرماندار بوو، من دەستگیر نەکرام.)

دەڵێت: (ساڵی ١٩٥٠ خوێندنی ناوەندییم تەواوکرد و بۆ خوێندنی دواناوەندیی و وەرگرتنی دیپلۆم چوومە هەولێر و دوو ساڵ بۆ پارتی کارم کرد.) دەڵێت: (چەند ئەندامی پارتی، لەوانە عەونی یوسف و براکەی،

جەلیل هۆشیار و ڕەشید عەبدولقادر لە هەولێر گیران.) ئەم جارەیان دەڵێت: (بە ئەندامی سەرپەرستی پارتی لە هەولێر هەڵبژێردرام و هەر ئەو ساڵەش لە کۆیە دەستگیرکرام و بۆ موسڵ دوریان خستمەوە. لەگەڵ عومەر مستەفا دەبابە و عومەرە سور و خوالێخۆشبوو عەمید باتاس و عەونی یوسف ئێمەیان بردە موسڵ و لە هۆتێلێک دایاننااین. بڕیاربوو مانگانە ١٠٠- ١٥٠ فلس پارەمان بۆ خەرجی بدەنێ، بەڵام یەک دوو مانگ تێپەڕی و هیچ پارەیەکیان نەداینێ و ئێمەش ڕەخنەمان گرت و چووینە لای پارێزگاری موسڵ و خوالێخۆشبوو محەمەد قەزاز کە کورد و یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوە سیاسییەکانی سلێمانی بوو کە دواتر کرا بە وەزیری ناوخۆی عێراق.)

قەزار گیراوەکان ئازاد دەکات و مام جەلال دەگەڕێتەوە و ساڵی ١٩٥٢ دەچێتە زانکۆی بەغدا. دەڵێت: (دەمویست لە بەشی پزیشکیدا بخوێنم و ببم بە دوکتۆر و نومرەکانیشم باش بوون. بۆ ڕاگرتنم دوو بەڵگەیان دەویست کە یەکەمیان شوناسنامەی عێراقی بوو و ئەویتریان بەڵگەی نەبوونی پیشنەی سیاسی "عدم سو پیشینە"، لەبەر ئەوە دەستبەجێ چووم بۆ کۆلیجی یاسا کە شیخ وەهاب تاڵەبانی دۆستی بەرپرسەکەی بوو. منیان قەبووڵکرد کە دواتر ئەو دوو بەڵگەیەیان بۆ بەرم کە هەرگیز بەرگەی دووەمم وەرنەگرت.)

دواتر دەڵێت: (بۆ ڕێورەسمی مردنی ستالین پارتی منی نارد بۆ بەغدا و چوومە سەفارەتی سۆڤیەت و بەشداریی ڕێوڕەسمەکەم کرد و بە نوێنەرایەتی پارتی نامەیەکی سەرەخۆشیم ئاراستەکردن. ئەو بەشدارییکردنەم بۆمن زۆرگرنگ بوو، لە گیران نەترسام و لە دەفتەری یادداشتی یادکردنەوەیدا ناوی خۆم نوسی.) ئەم جارەیان دەڵێت: (خوێندنم لە زانکۆدا، زمانی عەرەبی بەهێز کردم و لە بواری سیاسییدا گەشەی تەواوی پێبەخشیم و کەسایەتییە عەرەبەکانم ناسی.)

ئەم جارەیان باس لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکرات دەکات و دەڵێت: (پارتی دیموکرات لە ڕۆژانی ٢٥- ٢٧ /١٩٥٣/١١دا کۆنگرەی سێیەمی خۆی پێکهێنا و لەو کۆنگرەیەدا من بەئەندامی کۆمیتەت ناوەندیی هەڵبژێردرام، بەڵام چونکە تەمەنم کەم بوو، قەبووڵم نەکرد و لە جیاتی

خۆم جەلیل هۆشیارم ناساند کە دۆستم بوو و تازە لە زیندان ئازاد کرابوو. لە کۆنگرەی ١٩٥٣دا ١٨ ساڵە بووم و لە سەرەتای چوونم بۆ کۆمیتەی ناوەندیی بڕیاردرا من بنیادە دیموکراتییەکانی ئافرەتان، لاوان، جوتیاران و ...تد دامەزرێنم و سەرپەرستیان بکەم.) دەڵێت: (لە بەغدا گەڕامەوە بۆ کوردستان و کۆنگرەی خوێندکارانم پێکهێنا. یەکەم بەرپرسی شەهید ئەحمەد عەبدوڵا بوو کە بەڕاستی مرۆڤێکی زانا و تێکۆشەر بوو و منیش بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرام و یەکەم نوسراوەی خۆم دەربارەی پێداویستییەکانی یەکێتی خوێندکاران بڵاوکردەوە.) دواتر باس لە دامەزراندنی یەکێتی لاوانی کوردستان دەکات و پەنجە بۆ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لاوان ڕادەکێشێت کە مام جەلال خۆی و هەژار موکریانی، بەکر ئیسماعیل کۆیی، حیلمی شەریف، حەیدەر محەمەدئەمین دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لاوان بوون.

دەڵێت: (ئەو چالاکییانەم ڕێگەیان بۆ خۆشکردم کە ساڵی ١٩٥٤ بە ئەندامەتی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردرێم. لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٥٣ ناوی پارتی لە پارتی دیموکراتی کوردەوە گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و پرۆگرامی پارتییش بە تەواوی گۆڕا و لە یەکێک لە ماددەکانیدا نوسرا، ئێمە لە ئایدیۆلۆژی مارکسی- لێنینی کەڵکوەردەگرین و دەبێ خاڵ بە خاڵ پەیڕەوی لێ بکەین و دروشمەکەمان کرا بە کۆماری دیموکراتی گەلی عێراق کە لەودا حکومەتی فیدراڵی کوردستان پێکبێت.)

دەنوسێت: (هەمزە عەبدوڵا ڕەزای خوای لێبێت، لە سەرەتادا بەرپرسایەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی لە ئەستۆ بوو. لەو باوەڕەدا بوو کە هێزی چالاک لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، عەشایری کوردستانە و چونکە ڕوسیا ئەو تئۆرییەی هەڵگرتبوو، ئەویش بە چاوبەستراوی پەیڕەویی دەکرد و تیۆرییەکەی لە "ڤیچەفیسکی" خەڵکی سۆڤیەتی وەرگرتبوو. ئێمەش لایەنگرانی چەپ دژی ئەو بۆچوونە بووین و دەمانگوت چینی عەشایری کوردستان هێزێکی پاشکەوتوو و نەزانە و دەمانگوت کوردەکانیش وەک هەموو دنیا چینی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە و کارگەر، دەرەبەگ، ڕووناکبیر و...تد و عەشایریش بەشێکە لە دەرەبەگەکان و بە کەمیی لەنێویاندا نیشتمانپەروەر دەبیندرێت، بەڵام هێزی سەرەکی و

جولێنەری کۆمەڵگا لە بزاڤی نەتەوە ژێردەستەکاندا، هێزی کرێکارە. لەو سەردەمەدا ئەم تیۆرییە ناسراوبوو و بە دروستی ئاوا فێر ببووین کە پرۆلتاریا چینی پێشڕەوە. لەو سەردەمەدا کوردستان پرۆلتاریای نەبوو و خوێندکاران ئەو ڕۆڵەیان لە ئەستۆ بوو، چونکە زانا و هۆشیار بوون و تیۆرییان دەزانی.)

لە بەشێکی تردا ئاماژە بۆ هەڵبژاردنی عێراق دەکات و دەڵێت: (ساڵی ١٩٥٣ بەشداریی هەڵبژاردنمان کرد، بەڵام تەنیا مەسعود محەمەد هەڵبژێردرا. من لە هەڵبژاردنیدا ڕۆڵی بەرچاوم هەبوو.) لە کۆتایی ئەو بەشەدا پەنجە بۆ حوکمڕانی دوکتۆر محەمەد موسەدیق لە ئێران ڕادەکێشێ و دەڵێت:

- (لە ئێرانیش حکومەتی گەلیی موسەدیق لە حوکمدا بوو. بزاڤێکی فیکری کە بە هێڵی موسەدیق دەناسرا و ئێمە خۆشحاڵ بووین پێی و لەو سەردەمەدا یەکێک لە سەرکردەکانی ئێمە بە ناوی دوکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم لە تاران دەژیا و بە دوکتۆر جەعفەر ڕەحمانی دەناسرا. بەهۆی ناوبراوەوە ئێمە پەیوندیمان بە حیزبی تودە و سۆڤیەتەوە هەبوو. لەو سەردەمدا هێشتا مەلا مستەفا لە حاڵەتی دورخراوەییدا بوو لە سۆڤیەت. لەو ساڵەدا پارتی لە بەغدا زۆر چالاک بوو و بۆ یەکەم جار گفتوگۆیەکی نارەسمیمان لەگەڵ حیزبە پێشڕەوەکانی عێراق هەبوو. هەندێک جاریش بە زمانی عەرەبی وتارمان لە ڕۆژنامەی "الاهالی"دا بڵاودەکردەوە. لەوکاتەدا دوو ڕووداوی گرنگ ڕوویدا. یەکێک لەوانە مەرگی ستالین بوو و ئەویتریان ڕاکردنی محەمەد ڕەزاشا بوو بۆ بەغدا و ڕوخانی حکومەتی موسەدیق. ئەم شیعرەی هێمن‌مان لەبەر بوو کە دەیگوت: بڕۆ ئەی شای خایین، بەغدا نیوەی ڕێیەت بێت.).

لە لاپەڕەی ٣٠٣ ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا، قانعی فەرد ئاماژە دەکات بۆ چەندان بابەتی وەک: نەدانی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە ڕوسیا، ڕوخانی حکومەتی قەوام، مانگرتنی کرێکارانی نەوتی عێراق لە کەرکوک، تیرۆری مەهاتما گاندی لە هیندستان، کۆتاییهاتنی قەیەمییەتی ئینگلیز لە عێراق، دەرچوونی هێزەکانی ئینگلیز لە فەلەستین، دامەزرانی وڵاتی

ئیسرائیل، تیرۆری مەلیک عەبدوڵا لە مزگەوتی ئەلئەقسا، گەشەسەندنی بیری دامەزراندنی حیزبی بەعس لە عێراق، بێکاریی و برسییەتی و نائارامی لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥١ لە ئێران، سەرکەوتنی کۆمونیزم لە چین، برسییەتی و بێکاریی لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیعدامی فەهد سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعی عێراق و هەڤاڵانی و یادکردنەوەی نەورۆز لە هەولێر لە ساڵی ١٩٤٨ و گێڕانەوەی هەندێک بیرەوەریی بەربڵاو لە مام جەلال و خوێندنی لە هەولێر، پەیوەست بوونی لقی کوردستانیی حیزبی شیوعی بە پارتی دیموکرات و گەشەسەندنی ناسیۆنالیستی کورد، هەڵبژاردنی بەهائەدین نوری بە سکرتێریی گشتیی حیزبی شیوعی و...تد. ناوبراو لە کەوانەی سەرچاوە وەرگرتنی ئەو ئاگادارییانەدا، ناوی چەندان کەسی نوسیوە و بۆ خوێنەر ڕوون نییە کە ئەو وتانەی لە کێ وەرگرتووە.

ئەم جارەیان ئاماژە بۆ وتەی مام جەلال دەکات و لە لاپەڕەی ٣٣٥دا دەنوسێت: (لە ساڵی ١٩٥٠- ١٩٥١ دا کۆبوونەوەیەک لە ماڵی عەلی حەمدی خەڵکی خانەقین لە ناوچەی "دواسی" لە بەغدا کرا، لە کۆیە و هەولێرەوە، ژمارەیەکی زۆر هاتن و بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد. کەریم تۆفیق، محەمەد شوان، مام، عومەر دەبابە، عەلی حەمدی، نوری شاوەیس، ساڵح یوسفی، ئەحمەد تەها و هەمزە عەبدوڵا کە مۆری بارزانیی لە دەستدابوو.

... لەوێ هەمزە عەبدوڵا مۆرەکەی بۆ حیزب گەڕاندەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا مەشروباتی ئەلکهۆڵییان لەسەر مێز دانابوو و من سەرم سوڕما کە لە کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا ئەم بەزم و ڕەزم و حاڵ و هەوایە، چۆن واتایەک دەبەخشێت. گوتیان: "لەبەر هێزەکانی حکومەتە کە نەکا پەلاماری کۆبوونەوەکە بدات و ئەگەر هاتن، دەڵێین کۆبوونەوەیەکی شەوانەیە و خەریکی خواردنەوەین.". بەو شێوەیە کۆنگرەی دووەم پێکهات. لەو کۆنگرەیەدا، عومەر دەبابە خۆی کاندید نەکرد و بەر لە هەڵبژاردنیش هەمزە عەبدوڵا مۆرەکەی گەڕاندبۆوە. زۆریان لەگەڵ عومەر دەبابە هەوڵدا خۆی کاندید بکات، بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە و ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە نوسەری حیزب و چەند کەسیش لە ئەندامانی کۆن و نوێ بە سەرکردایەتی حیزب زیادکران. کۆنگرەی دوو شیوازێکی تایبەتی هەبوو. لەو سەردەمەدا ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی بوو.

بارزانی لە هەمزە عەبدولا توڕە بوو، چونکە دژبەرەکانی هەمزە عەبدولا بە گوێی بارزانیدا خوێندبوویان کە ناوەڕۆک و سەروتارەکانی خەبات جیاوازیی لەگەڵ بلاوکراوە کۆمونیستییەکان نیە و بەگشتی یەکن و ڕۆژ بە ڕۆژ هەمزە عەبدولا پتر ڕوو لە کۆمونیزم دەکات. هەمزە عەبدولا، بارزانی هۆشیار دەکردەوە، بەلام بارزانی ناوبراوی لێخست. هەرچەندە دوای ڕۆیشتنی بارزانی بۆ ڕوسیا، بە بەردەوامیی لەنێوان هەمزە عەبدولا و ئیبراهیم ئەحمەددا لەسەر کورسی شەڕ و کێشە هەبوو. هەرکام لەوانە حیزبیان بەرەو خۆیان ڕادەکێشا. هەژار موکریانی دێڕێک لە بارزانی دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: "چ بکەم ئیبراهیم ئەحمەد کەسێکی هەلپەرستە و ناموسی خۆشی لە بەرامبەر بەرژەوەندیی خۆیدا فرۆشت. کەسێکی تر ناناسم، ئەگەر بڵێم ئەو دەرەبەگە، دەڵێن من دیکتاتۆرم.".

ساڵی ١٩٥١ کۆنگرەی دووەمی پارتی لە بەغدا پێکهات و نزیکەی ٣٠ کەس بەشدارییان تێدا کرد. کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا و هەمزە عەبدولا لە حیزب جودا بووەوە و بەرەی پێشڕەوی پارتی دیموکراتی پێکهێنا و چەند کەسێکیش لە خەڵکی سلێمانی لە دەوری کۆبوونەوە. لە کۆنگرەی دووەمدا کە ساڵی ١٩٥١ پێکهات، ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا[١] و لە هاوینی ئەو ساڵەدا ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانییەوە دورخرایەوە بۆ کەرکوک. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە پارتی دەبێت لە فەلسەفەی مارکسیزم کەڵکوەرگرێت و ئەو حیزبە، حیزبی کارگەران و جوتیاران و کاسبکاران و...ی کوردستانە و دروشمی مافی چارەنوس و کۆماری دیموکراتی بۆ کوردستان و عێراق بەرز کردبۆوە.)

لە درێژەی ئەم باسەدا، قانعی فەرد ئاماژە بۆ خەبات و چالاکییەکانی ئیبراهیم ئەحمەد لە کەرکوک دەکات و دەنوسێت:

- (مام جەلال لە ساڵی ١٩٥١ دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کورد هەڵبژێردرا و لە لاپەڕەی ٣٣٨دا لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دەدوێت و دەڵێت ٣٥- ٤٠ کەس بەشدارییان تێیدا کرد.)

بەگشتی قانعی فەرد زۆربەی لاپەڕەکانی ئەو بەشەی بۆ وتە و باسکردن دەربارەی مام جەلال و کار و چالاکییەکانی تەرخان کردوە. بۆ ئەو مەبەستە ناوی ژمارەیەک کەسایەتی لە پاشکۆی ئەم بەشەدا نوسیوە کە

گـوایە ئەو زانیارییـانەی سـەبارەت بە مـام جەلال و ئیبـراهیم ئەحـمەد لەوان وەرگرتـووە، بەڵام چـونکە ناوەکـان و وتەی ئەوانـی لەیەکتـر جـودا نەکـردوەتەوە، خـوێنەر نـاتوانی بزانێـت کە ئەوانـی لە کـام یەک لەو کەسایەتییانە وەرگرتووە.

پاشـکوی ئەو بەشـەی کتێـبەکەی پتـر بـۆ ژیـان و بەسـەرهاتی کـاک سـارمەدین سـادق وەزیـری، دوکتـۆر مـحەمەد مـوکری و شـێوەی ڕاکردنـی محەمەد ڕەزاشا لە ئێرانەوە بۆ بەغدا لە ۱۹٥۳/۸/۱٦ تەرخان کردوە.

١- پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی دامەزرانییەوە هەتا ئێستا پۆستی سکرتێری گشتیی نەبووە، ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بوو، نەک سکرتێری گشتیی پارتی.

# فەسڵی چوارەم

## ئومێدی سۆفی لە بارەگای شێخ دا
## ١٩٥٥ -١٩٥٧

## ئومێدی سۆفی لە بارەگای شێخ دا ١٩٥٧- ١٩٥٥

فەسڵی چوارەمی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، لە لاپەڕەی ٣٦٧ وە دەست پێدەکات و لە لاپەڕەی ٤٤٩ کۆتایی دێت و ٨٢ لاپەڕەیە. لەو ژمارەیە، ٣٥ لاپەڕەی بۆ گێڕانەوەی وتەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی تەرخان کراوە. لەو بەشەدا مام جەلال باسی تێکۆشانی خۆی لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەکات و لە سەرەتادا دەڵێت:

- (لە هاوینی ساڵی ١٩٥٥دا بە پاسپۆرتی کەسێکی تر بەناوی محەمەد موسا سادق کە وێنەکەیم گۆڕی، چووم بۆ سوریا و لەوێ پێوەندیم بە کۆمیتەی ئامادەکاری فیستیڤاڵی عێراقەوە گرت. لەوێوە بە سواری کەشتی بە بەندەری "لازقیە" و بەندەری "ڕۆمانیا"دا چووم بۆ وەرشۆ. لە ڕاستیدا تەنیا ئێمە و حیزبی شیوعی عێراق چووبووین بۆ وەرشۆ و کەسێک لە حیزبەکانی تر نەهاتبوو. ئێمە شەش کەس بۆ ناساندنی گەلی کورد خەباتمان دەکرد. سێ چوار کەسیش لە حیزبی شیوعی عێراق لەگەڵ ئێمە بوون کە دەیانگوت شێوەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئێمە کوردی نییە و عێراقین. ئێمە دەمانویست وەک وڵاتانی تر، گروپێکی سەربەخۆمان هەبێت کە لە وەرشۆ قەبووڵیان نەکرد و گوتیان چونکە کورد دەوڵەتی نییە، ئێمە ناتوانین ئێوە وەک گروپێکی تایبەت قەبووڵ بکەین، بەڵام ئێوە دەتوانن وەک دەستەیەکی کوردی، لە گروپی عێراقدا چالاک بن و خەڵات وەرگرن و خەڵاتەکان دابەش بکەن لەناو گروپەکانی تردا و لەوانیش خەڵات وەربگرن. ئێمە لەگەڵ دوو دیاردە ڕووبەڕوو بووین. ببووین بە شەش کەس و کەسێکی ترمان پێویست بوو کە گروپێکی هەڵپەڕکێ پێک بهێنین. واتە بە شەش کەس گروپی هەڵپەڕکێ پێک نەدەهات و کوردەکانی حیزبی شیوعی عێراقیش ئامادە نەبوون هاوکاریی گروپی ئێمە بکەن. کچێکی باڵا بەرزی عەرەب هەبوو بە ناوی "بوشرا جەلیل پەرتەو" کە لە گروپی حیزبی شیوعی عێراق بوو. لە سەردەمی خوێندندا لەگەڵی ئاشنا ببووم. ئەو خوێندکاری بەشی دەرمانسازی بوو و من خوێندکاری بەشی یاسا. هەردوومان ئەندامی کۆمەڵەی تۆپی سەرمێز "پینگ پۆنگ"ی زانکۆ بووین و لە پێشبڕکێدا کەسی یەکەم بووین. ئەو قەبووڵی کرد بێت لە گروپی ئێمەوە و گوتی من ئامادەم لە گروپی ئێوەدا بم....)

مام جەلال باس لە دیداریێکی خۆی لەگەڵ شاعیر و نوسەری تورک "نازم حیکمەت" دەکات و لە لاپەڕەی ٤١١دا پەنجە بۆ گروپەکانی ولاتی چین و پۆلۆنیا ڕادەکێشێ و دەڵێت لە سۆڤیەتەوە بە قەتار چووەتە "پێکەن"ی پایتەختی ولاتی چین "سین" و گەڕاوەتەوە بۆ مۆسکۆ لە هۆتێل "مترۆپۆل" نیشتەجێ بووە. لەوێوە هەوڵی دۆزینەوەی مەلا مستەفا بارزانی دەدات و لە لاپەڕەی ٤١٥-٤١٦ دا دەڵێت:

- (چوومە نوسینگەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیست لە مۆسکۆ و لە دەرگامدا، بەڵام ڕێیان نەدام. گوتم فلان کەسم و هاتووم ژەنەڕاڵ بارزانی ببینم و لە کوردستانەوە هەواڵم بۆ هێناوە و دەمەوێ پەیام و ئامۆژگاریی لێوەربگرم و بۆ ولاتیان بەرمەوە. بە عەرەبی قسەم دەکرد و ئەوان وەرگێڕیان بۆ هێنام. دیارە چەند وشەیەکی ئینگلیزیشم دەزانی. گوتیان لە هۆتێل چاوەڕوان بم، تا وەڵامم دەدەنەوە. دە ڕۆژ مامەوە و هیچ وەڵامم وەرنەگرتەوە. بەتەواوی نائومێد ببووم و مێشکم پڕلە فیکر و خەیاڵ بوو. تا ڕۆژێک لە شەقامی "گئورگی" تووشی دوو کەس بووم کە لەهجەی عەرەبی عێراقیان هەبوو. دەنگی یەکێک لەوانەم زۆر بۆ ئاشنا بوو. بێژەری ڕادیۆ مۆسکۆ بوو بەناوی "محەمەد هاشم نەجەفی" و بە کۆمونیستە دێرینەکانی عێراق دەناسرا. ماوەیەک لە ئێران، لە ئابادان و ئەهواز کاری دەکرد و دواتر هاتبوو بۆ مۆسکۆ و لەوێ ببوو بە بێژەری ڕادیۆ. هەنگاو بە هەنگاو بە دوایان کەوتم و تەنیا ڕووناکی و ئومێدم بوو. دوای چەند خولەکێک چوومە لایان و سڵاوم کرد. پرسی: تۆ کێی؟ بەپەلە وەڵامم دایەوە و گوتم: من فلان کەسم و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقم. دواتر بە شێوازێکی تێکەڵاو لە ترس و گومانەوە، گوتی: من ئەو کەسە نیم کە تۆ باسی لێدەکەیت. منیش بەبێ ترس و بە پێداگری گوتم: بەڕێزم گومان لەوەدا نییە کە من هەموو شەوێک دەنگی تۆ دەبیسم و ئینشاڵڵا بژی، بەڵام پیاوی چاک بە، من چەند ڕۆژێکە غەریب و بێکەس لەم ولاتەدا دەگەڕێم تا بەڵکوو کەسێک بدۆزمەوە کە ڕەنگە بتوانێت دەنگم بە بارزانی بگەیەنێت. تۆم دۆزییەوە، بۆچی بەم جۆرە هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکەیت؟ بە کورتی بە پێداگریی زۆر، وابزانم بەزەیی پێمدا هات و قسەکەی گۆڕی و پرسی لە کام هۆتێل دەمێنییەوە؟ ئادرێسی لێوەرگرتم و بەڵێنیدا بە زوویی پێوەندیم پێوە بکات. منیش خۆشحاڵ لەوەی کە سەرئەنجام ڕێیەکم دۆزیوەتەوە.

ڕۆژی دووەم لە ژوورەکەم بووم کە تەلەفۆن زەنگی لێدا و بێدەنگیی هۆدەکەمی شکاند و زانیم کە هاتووە و دەیەوێت بێتەلام. بەخێرهاتنم کرد و گوتی: بەخێر بێیت بۆ یەکێتی سۆڤیەت و گوتی هەرچەندە بارزانی لێرەیە، بەڵام ڕوسەکان ناهێڵن تۆ بیبینیت، بەڵام هەر شتێکت هەبێت، من دەتوانم پێی بگەیەنم. نامەیەکم نوسی کە دواتر لە کتێبەکەی مەسعود بارزانیدا بڵاوکرایەوە و لەگەڵ چەند وێنەی مەسعود و ئیدریس بارزانی کە بە بارزانیی بگەیەنێت.)

دواتر باس لە گەڕانەوەی بۆ عێراق و دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە و مانەوەی حەفتا ڕۆژ لە زیندان بە تاوانی چوونی بۆ سۆڤیەت و قسەکردنی لەسەر ڕادیۆ مۆسکۆ دەکات. هەروەها لە دەرکرانی خۆی لە زانکۆ دەدوێ بەتاوانی بەشداریی نەکردنی لە خولی خوێندندا بۆ ماوەیەکی زۆر و دەڵێت: (ئەوکاتە ٢٢ ساڵم بوو و خوێندنی ساڵی ١٩٥٥-١٩٥٦ م لەدەستدا و گەڕامەوە بۆ کۆیە و درێژەم بە خەباتی حیزبی دا.)

مام جەلال بە خوێندنەوەی دوو کتێب بە ناوەکانی "پیاوی ئاسیا و حکومەتی هاوبەش" و "دیموکراسی نوێ" دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیر و تیۆریی ماوتسی تۆنگ.

ساڵی ١٩٥٧ بەنهێنی و بە پاسپۆرتێکی بەدەڵ سەرلەنوێ بۆ بەشداریی کردن لە فستیڤاڵی لاوان و خوێندکاران دچێتە مۆسکۆ و دەیەوێ بارزانی ببینێت. دوای هەوڵێکی زۆر ڕۆژی سێیەم یان چوارەم دوو کەس بە بەرگی کوردیی دێنەلای. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (پرسیان تۆ کوردی عێراقی؟ لەگەڵ گروپە عێراقییەکان هاتووی؟ گوتم بەڵێ. گوتیان ئێمە هاتووین یەکێک لە هاوڕێیانی ئێوە ببینین و منیش پرسیم ئەو کەسە کێیە؟ گوتیان جەلال حیسامەدین!. ئاوی زارم قوتدا و لە خۆشیان، گوتم: خۆمم و خۆم لێونبوو و پرسیم: ئێوە بارزانین؟ من منیان کرد بە هەندێک ڕوانینی دەوروبەریان، گوتیان: نا ئێمە بارزانی نین، بەڵام ناوی نهێنی خۆت بڵێ. منیش ناوی نهێنی خۆم گوت، کە زانیان ڕاست دەکەم، خۆیان بەمن ناساند. یەکیان ئەسعەد خۆشەوی و ئەویتریان شێخ عەلی خزمی بارزانی بوو. گوتیان بارزانی ئێمەی ناردوە کە تۆ بەرینەلای. لە خۆشییان خەریکبوو جەڵتە لێمبدات، پێکەوە ڕۆیشتین و سواری شەمەنەفەری ناوشار بووین. میترۆی مۆسکۆ جوانی و شکۆی خۆی هەبوو و پتر لە هۆڵی ڕازاوەی زەماوەند دەچێت. زۆر جوان بوو، بەڵام من

مێشکم لە جێیەکی تر بوو. دوای چەند وێستگە منیان بردە کۆڵانێک و دوای هەندێک گەیشتینە بەر ساختمانێک و بە ئاسانسۆر سەرکەوتین و لە زەنگی دەرگاماندا. لەپڕ مەلا مستەفا بارزانی خۆی دەرگای کردەوە. سمێڵی خۆی تاشیبوو. بە توندی باوەشم پێداگرت و لە خۆشییان لەهۆش چووم. دەروێشێکی تەواو و کەماڵی بارزانی بووم. منیان لەسەر قەنەفەیەک دانا و ئاویان بە سەروروومدا کرد، تا هاتمەوە سەرخۆ. لە سۆفییەک دەچووم کە بەتاسەوە شێخەکەی دەبێنێت. مەولانای ئەو شەمسە بووم و تا چەند خولەکێک زمانم گیرابوو. سەرئەنجام دانیشتین و باسی هەموو شتێکم بۆ کرد. لە هەر گۆشەیەک بابەتێک. وێنەم بۆ بردبوو کە زۆری خۆشحاڵ کرد. وێنەی شێخ ئەحمەد کە لە زیندان بوو، وێنەی مەسعود، سابیر کە کوڕێکی تری بارزانی بوو و تا ئەوکاتە من نەبینیبوو و دواتر لەگەڵ لوقمانی برای لەلایەن سەدام حوسێنەوە کوژران. چونکە هاوسەری مەلا مستەفا بارزانی بە دوای گەڕانەوەی لە ئێران دووگیان بوو و بارزانی نەیدەزانی کوڕی بووە. شێخ ئەحمەد ناوی سابیری لەسەردانابوو و زۆریش لە بارزانی دەچوو. مەسعود بارزانییش لەو سەروبەندەدا مێرمناڵ بوو و لە ماڵی باپیری لە موسڵ دەژیا. بە بینینی وێنەکان زۆر خۆشحاڵ بوو. هەواڵەکانی کوردستانم بۆ گێڕایەوە و بە وردی سەرنجی دەدایە. بەرەبەرە ئێوارەدا هات و دەیانویست سفرەی شیو پان بکەنەوە کە سەید عەزیز و دوکتۆر مورادیش هاتن. دوای سڵاو و چاکوخۆشی، ڕووم لە دوکتۆر موراد کرد و گوتم: پیاوی چاک ئێرە پۆلۆنیایە؟)

مام جەلال لە بەشێکی تری بیرەوەرییەکاندا دەڵێت: (سۆراخی بارزانیم لە دوکتۆر موراد کرد، گوتی بارزانی لە پۆلۆنیایە. بە دوای ئەو دیدارە لەبیرنەکراوەدا هەموو ڕۆژێ بەدوای پرۆگرامی فیستیڤاڵەکە، سواری شەمەنەفەری ناوشار دەبووم و دەچوومە لای بارزانی و پێکەوە باسمان لە هەموو شتێک دەکرد. ئەویش باسی بارودۆخی خۆی کرد و گوتی کاتی پەرینەوە لە ئاراس و هاتنیان بۆ سۆڤیەت، ڕوسەکان جوانیان لەگەڵ جوڵاونەتەوە و ساڵی دووەم جەعفەر باقرۆڤ هەموویانی بۆ ئاسیای ناوەندی تەبعید کردوە و لە جیاتی مەشقی سەربازی دابەشیکردون بەسەر کەڵخۆزەکاندا "کێڵگە هاوبەشەکان" کە هەر ١٠- ١٥ کەس لە جێیەک بن و

بارزانییان ناچارکردوە کار بکات و ژیانی خۆی لە یەکێک لەو کێڵگە هاوبەشانەدا دابین بکات.

بەڵام بە دوای مردنی ستالین و ئیعدامی باقرۆڤ دا، بارزانی نامەیەک بۆ مۆسکۆ دەنوسێت و بە دوایدا دەنێرن و کۆیان دەکەنەوە. ژمارەیەکیان دەنێرن بۆ زانکۆ، هەندێکیشیان کاری کشتوکاڵ دەکەن. ئەفسەرانی وەک سەید عەزیز و میرحاج لە زانکۆ درێژەیان بە خوێندندا. سەید عەزیز شەمزینی کتێبێکی بە ناوی "بزاڤی ئازادیخوازانەی کوردستان" نوسی کە تێزی دوکتۆراکەی بوو لە بەشی مێژوو لە زانکۆی لێنینگراد. یەکێکی تریان حەسۆ میرخان قارەمانێک بوو کە لە شۆڕشی سێپتەمبەردا شەهید بوو. ناوبراو لە خوێندنگەی حیزبیدا دەیخوێندی و کەسێکی زۆر گەورە و ئەهلی خوێندن بوو.

لەوێ مەلا مستەفا بەهاودەنگی لەگەڵ ڕوسەکان منی بینی و دوای چەند دیدار لەگەڵ ئەو، چاوم بە چەند کاربەدەستی یەکێتی سۆڤیەت کەوت. منیان بردە نوسینگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیست و چونکە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بووم، بە بەردەوامی پرسیاری هەواڵەکانی کوردستان و لێکدانەوەکانیان سەبارەت بە کوردستان لێدەکردم. دەیانپرسی ئێمە لە چۆن بارودۆخێکدااین و منیش بە وردی هەموو شتێکم بۆ ڕوون کردنەوە و ئەوانیش بینینێکی تایبەت بە تێکەڵاو لەگەڵ ڕێزیان بۆ کێشەی کورد هەبوو.....)

دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا، مام جەلال پێوەندی لەگەڵ ئەحمەد محەمەد ئەمین ئاغای دزەیی دەگرێ و دەچێتە گوندەکەیان و دواتر پێکەوە دەچنە کەرکوک و لەوێ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پێکدەهێنن. بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا دەچێتە بەغدا و پەیامەکانی بارزانی بە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود دەگەیەنێت و ئامـاژە بۆ وشەیەکی نهێنی لەنێوان بارزانی و شێخ لەتیف دەکات و شێخ بەوە زۆر خۆشحاڵ دەکات. هەروەها دەچێتە لای هەمزە عەبدوڵا و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لەو سەردەمەدا هەمزە عەبدوڵا لە پارتی جیابووەوە و گروپێکی بەناوی "پێشڕەو" دامەزراندبوو. بەشوێن ئەومدا نارد و پەیامی بارزانیم پێگەیاند و گوتم بۆ ئەوەی کە باوەڕ بکەیت، من "لچڤێسکی"شم بینی کە تۆ هەمیشە دەتگوت باوکی کوردانە. بەو وتەیەم سەری سوڕما و زاری کرایەوە و گوتی: بە ڕاستیتە، ئەوت بینی؟ گاڵتە ناکەی؟ منیش گوتم بەڵێ

ئەوم بینی و دەبێ بگەڕێیتەوە باوەشی حیزب. تۆ لچڤێسکیت لە ئێمە کردبوو بە مرۆڤێکی شاخ و باڵدار، کەچی ئەو کەسێکی گرنگ نییە و تەنانەت سەید عەزیزیش گاڵتەی پێدەکات. دیارە ئەو قسانە کاری خۆیان کرد و ئەو دووبارە گەڕایەوە ڕیزی پارتی دیموکرات و بە گەڕانەوەی ئەو بۆ باوەشی حیزب، پارتی دیموکراتی کوردستان "یەکگرتوو" پێکهات.)

لە بەشەکەی تری ئومێدی سۆفی لە بارەگای شێخ دا کە ٤٧ لاپەڕەیە، قانعی فەرد سەرەتا ئاماژە بۆ ڕووداوەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەکات و لە دید و بۆچوونی بەڵگەنامەکانی ساواک، ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی و ژمارەیەک کەسایەتییەوە ڕووداوەکان هەڵیدەسەنگێنێ، بەڵام لە ڕیزی ناوەکانیان کە لە بەشی سەرچاوەکاندا بە کۆمەڵ نوسراون و دیار نیە وتەکان هی کام سەرچاوە وەرگیراون.

هاوپەیمانی نێوان عێراقو میسر، پەیمانی چەند لایەنەی نێوان ئینگلیز، تورکیا و پاکستان. ڕووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی نوری سەعید و عێراق، پەیمانی بەغدا لەنێوان ئێران، عێراق، تورکیا و پاکستان لە ساڵی ١٩٥٥دا، کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەکانی میسر و ئینگلیز، دامەزرانی پارتی دیموکرات کورد لە سوریا، کۆچی دوایی شێخ مەحمود و... تد. ئەم جارەیان ئاماژە بۆ سەفەرەکەی مام جەلال بۆ سۆڤیەت دەکات و لە لاپەڕەی ٣٩٣ دا دەنوسێت:

- (لە کوردستانی عێراقیش جەلال تاڵەبانی بە بیانوی بەشدارییکردن لە کۆنگرەی خوێندکارانی جیهان، بەنهێنی و بە پاسپۆرتی بەدەڵ چوو بۆ سوریا و لەوێ بە یارمەتی سەرهەنگ "محەمەد زلفۆ" بە پەنابەری سیاسی وەرگیرا و چوو بۆ ڕوسیا، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی بینینی بارزانی بوو.) دواتر لە لاپەڕەی ٣٩٧- ٣٩٨دا دەنوسێ:

- (لەم سەردەمەدا بارزانی ببوو بە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و درۆ نیە کە ئەگەر بڵێم لە پلەی پەرستندا بوو. ڕەنگە ئەو دیاردەیە ئێستا جێی پێکەنین بێت، بەڵام ئەوە عەقڵیەتی ئەوکاتی کۆمەڵگای کۆن و سوننەتی و بۆ ئێمە جێی ڕێز بوو و بۆ لاوان ڕاپەڕینی کورد گرنگ بوو. ئەفسانەیەک لە زەینی ئێمەدا بوو بە ناوی بارزانی پێی دڵخۆش بووین.

بارزانی بۆ ئێمە هێما و ئەفسانە بوو. داستانێک بوو بەبێ پێهەڵگوتن. چۆن داستانێکی مەزن و هەست بزوێن دەربارەی ئەو دەگوترا کە چۆن و بەچ شێوەیەک لە ڕوباری ئاراس پەڕیوەتەوە و چووە بۆ ڕوسیا. هەندێک جار پارتی کارتێکی بە وێنەی بارزانی لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە و پارەی پێ کۆدەکردەوە. بۆ نەوەی نوێ ئەو فیکرە جێی گرتبوو کە بارزانی پاڵەوانی داستانەکانە و بۆ کوردان ئازادی دێنێت و ڕزگارکەرە. ئەو بارزانییەی کە وەک جوانمێرێکی قارەمان بە سواری ئەسپی سپی دەگەڕێتەوە تا کوردەکان ڕزگار بکات. لەو سەردەمەدا عەلی عەسکەریش مامۆستا بوو. من پێناسەکەم دەستکاریی کرد و چووم لە ڕیزی پارتی دیموکراتەوە کە بارزانی ڕێبەری ئەفسانەیی ئەو بوو. شەوق و زەوقێکی سەیر. شێخ ئەحمەد کە بۆ ناسریە دورخرابۆوە، گەڕایەوە بۆ کەرکوک و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. کاتێک ناویان دەبرد، شادیمان دەکرد و لە خۆشیان هەڵدەپەڕین، چونکە بارزانی بۆ ئێمە لاوەکان لەو سەردەمەدا ببوو بە ئەفسانەیەک.)

قانعی فەرد لە کەوانەی ٨٤ی سەرچاوەکانی ئەم بەشەدا، نوسیویەتی ئەم وتانەی لە دوکتۆر عەتی، شێرکۆ بێکەس، کەریم شارەزا، پیرۆت تاڵەبانی وەرگرتووە، بەڵام جۆر و جیاوازیی بۆچوونی ئەوانی لەیەکتر جودا نەکردۆتەوە کە خوێنەر خاوەنی وتەکان لەنێوان مام جەلال و کەسێکی تردا بناسێت.

دواتر لە لاپەڕەی ٤٠١- ٤٠٢دا، قانعی فەرد بەبێ ئەوەی کە بنوسێت ئەم وتانەی لە کێ وەرگرتووە، ڕادەگەیەنێت: (عەبدولڕەحمان زەبیحی و هەژار کە هەردوو بە کەسایەتی ئەهلی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردستانی ئێران دەناسران، لە دیمەشق لە بواری ئابووریدا لە دۆخێکی نالەباردا بوون. هەندێک جار لە قاوەخانە چایان دروست دەکرد. مام جەلال بەهۆی ئەندام بوونی لە پارتیدا، تا ڕادەیەک باری ئابووریی باشبوو. مام جەلال، زەبیحی و حەمید دەرویش تا ماوەیەک لە سوریا مانەوە و مام جەلال پەنابەری پلە یەکەمی سیاسی بوو و موچەشی وەردەگرت و ٢٠٠ لیرەشی بە یارمەتی دەدا بە هەژار و زەبیحی. ئەوان لە قاوەخانە کۆدەبوونەوە و پێکەوە باسی سیاسەتیان دەکرد. مام جەلال بیرێکی توندڕەوانەی حیزبی هەبوو و ڕۆژێ پێنج جار دەتۆرا و ئاشت دەبۆوە. خوێندکاری بەشی یاسا

بوو لە زانکۆ. کەسێکی نائارام و نەسرەوتوو بوو. نەیدەتوانی بوەستێت و زۆر بە وزە و بەجوڵە بوو. لەگەڵ هەموو کەسێک، عەرەب، تورک، کورد و فارسان پێوەندی هەبوو.)

لە درێــژەی ئەو باســەدا قــانعی فەرد بە فارســییەکی شــێوێندراو، بە کەوانەی (٨٧)، لە زمانی دوکتۆر کەمال فوئادو دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵەوە دەڵێت: (لەگەڵ ئێمە مناقشەی دەکرد کە دەبێ لە سوریا کار بکەین و وەک حیزبەکانی تر حیزبێک بۆخۆمان دامەزرێنین. لە کۆمەڵەی خۆیبــوون، ژمــارەیەک کــوردی تورکیــا هــاتبوون لە دیمەشــق و قامیشــلو بڵاوببوونەوە. یەکێک لەو بنەماڵانە، بنەماڵەی بەدرخان بوو لە دیمەشق کە مام جەلال هەوڵیدەدا پشتیوانی لە پارتی دیموکراتی سوریا بکەن تا بەڵکوو بتوانن لە ئەزموونی ئەوان کەڵکوەرگرن.)

بەگشتی دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئێران و بەکرێگیراوانی وەک قانعی فەرد لەم بەشەدا ویستویانە ڕووداوەکانی جیهان، عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا، لە ڕوانگەی دید و بۆچوون و بەڵگەنامەکانی ساواک، ڕوکنی دووەمی سەردەمی شا، وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپای پاسداران شی بکەنەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە کەسایەتی مام جەلال، دەرخواردی مێشــکی لاوان و نەوەی نوێیــان بــدەن و زەینییەتــی ئەوان بەرەو ئەو توێژینەوانە ڕاکێشن کە کۆماری ئیسلامی ئێران مەبەستییەتی.

# فەسڵی پێنجەم

## داستانی زەلکاوی مەخۆف
## ١٩٥٨ـ ١٩٦٠

## داستانی زەلکاوی مەخۆف ١٩٦٠- ١٩٥٨

فەسڵی پێنجەمی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، لە لاپەڕەی ٤٥١ وە دەست پێدەکات تا لاپەڕەی ٦٠٨ و ١٥٧ لاپەڕەیە. لەو ژمارەیە، ٢١ لاپەڕەی بۆ گێڕانەوەی وتەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی تەرخان کراوە. لەم بەشەدا مام جەلال سەرەڕای شیکردنەوەی بەشێک لە مێژوو و ڕووداوەکانی کورد و پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٠ بە پێچەوانەی بەشەکانی پێشوی کتێبەکەی، لەگەڵ ئاماژە کردنی بۆ ژیان و خەباتی بارزانی، بۆ ئەوەی کە وتە، نوسین و وتووێژەکانی خۆی و ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٩٦دا کەم ڕەنگ نەکاتەوە، زیرەکانە هەوڵیداوە هەمان وتە کۆنەکانی دووپات بکاتەوە، وەک ئەوەی بارزانی وەک سەرۆک عەشیرەت هەڵسوکەوتی لەگەڵ شۆڕش کردوە، بارزانی پێوەندی بە ئەمریکا، ڕوسیا و ئیسرائیلەوە هەبووە و بارزانی باوەڕی بەکاری حیزبایەتیەوە نەبوو و... تد. کورد گوتەنی هەم لە ناڵی داوە و هەم لە بزمار. لەبەر ئەوە، بە پێویستی دەزانم بە گوێرەی بەڵگەنامەکان، ڕاستی ئەو ڕووداوانە بۆ خوێنەران ڕوون بکەمەوە و دواتر بگەڕێمەوە سەر ئەو بەشەی کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەناوی عیرفان قانعی فەردەوە لە لاپەڕەی ٤٥٤- ٥٧٣ دا نوسیوییەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا مام جەلال لەم بەشەدا وەک چوار بەشەکانی پێشوو، باس لە تێکۆشانی خۆی لە پارتی دیموکراتی کورددا دەکات و لە لاپەڕەی ٥٧٤ دا دەڵێت:

- (.... ڕادیۆیەکەم کردەوە و زانیم کودەتا کراوە و حکومەتی عێراق ڕوخاوە. دەسبەجێ بەرگەکانم گۆڕی و لە ژیانی نهێنی هاتمەدەر و خۆم ئاشکرا کرد. سەرەتا چوومە ماڵی کاک محەمەدی حاجی تاهیر کە خەڵکی کۆیە و بەرپرسی پارتی بوو لە سلێمانی. چەند کەسێکم کۆکردەوە کە بە پشتیوانی لە حکومەتی نوێ خۆپێشاندان بکەن. چووینە سەربازگە و ئەوانیشمان ناچارکرد کە پشتیوانی خۆیان ڕابگەیەنن. لە ڕاستیدا نازانم ئینگلیزەکان قسەیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد کرد یان نا، بەڵام ئەو ڕێبەری ڕۆحی و دەروونی بارزان بوو. پێیاندەگوت خودای بارزان. بەپێی تەریقەتی نەقشبەندی خاوەنی بارزان بوو. قسەکانی لەلای مریدەکانی

وەک ئایەتی قورئان و وەحی بوو. بارزانی قیت لە بەرامبەریدا دەوەستا و قسەی نەدەکرد و دانەدەنیشت و هەموو بە گوێیان دەکرد. شێخ ئەحمەد لە سەردەمی خۆیدا چەندان جار لە شوێنی خۆی دورخرابووەوە و ئینگلیزەکانیش چەندان جار دەستگیریان کردبوو. هەتا ڕۆژی ١٤ ژوئیە و سەرهەڵدانی عەبدولکەریم قاسم، شێخ ئەحمەد لە زینداندا بوو. بە دوای ئەو ڕۆژەدا، ڕەنگە بۆ پێکهاتنی ئاشتی و.... قسەیان لەگەڵ کردبێت.)

مام جەلال لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (چونکە بە دوای ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم دا، من هەڵوێستم لە بەرامبەر محەمەدڕەزا پەهلەوی شای ئێراندا گرت کە غەنی بلوریان و ژمارەیەک لە کوردەکانی ئێرانی زیندانی کردبوو، هەروەها ئێمە لە نوسراوەکانماندا بۆ ئازادکردنی ناوبراو بە بەربڵاوی بەرهەڵستی دەبووینەوە و هەر ڕۆژەی لە ڕۆژنامەیەکدا دەماننوسی و بەیاننامەمان بڵاودەکردەوە و تۆماری ئیمزامان کۆدەکردەوە. سەرهەنگ مەنسورپوور وابەستەی سەربازیی ئێران لە بەغدا، لە ڕێوڕەسمێکدا بە حاڵەتێکی نارەحەت وەک بڵێی حەق بەو بێت، بە ئێمەی گوت: "بۆچی وا بێڕەحمانە هێرش دەکەنە سەر محەمەدڕەزا پەهلەوی شای ئێران، وەڵا محەمەدڕەزا پەهلەوی دۆست و لایەنگری کوردانە." مەنسورپوور زۆر لەسەر پیاوەتی محەمەدڕەزا دەدوا. ئێمەش لە وەڵامیدا گوتمان ئەی بۆچی قازی محەمەدی ئیعدام کرد؟ دەسبەجێ وەڵامی دایەوە و گوتی هەڵەی کردوە! هەروەها دەربارەی دەستگیرکردنی کوردەکان پرسیارمان لێکرد، گوتی: "ئەوانە کۆمونیستن و هەرگیز بە تاوانی کورد و کوردستان نەگیراون".) لە درێژەی وتەکانیدا مام جەلال لە لاپەڕەی ٥٧٥ دا دەڵێت:

- (لە کاتی کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یان کۆمیتەی ناوەندی بووم. ئێوارەی ئەو ڕۆژە، بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە کە لە کتێبەکەمدا "کردستان و حرکت القومیە الکردیە" دا بڵاوم کردوەتەوە و گوتوومە ئەو کودەتایە دەستپێکی ئازادیی عێراق دەبێت لە چنگ پاشای کۆنەپەرست و زنجیرەی ئیمپریالیزم و ئینشاڵڵە سەرەتایەک بێت بۆ بەدیهاتنی ئازادی و دیموکراسی و ڕای خەڵک و پەیمانی بەغدا. ئێمەی کورد بە هەموو هێز و توانامانەوە پشتیوانی و پارێزگاری لە کۆماری تازە پێکهاتووی عێراق دەکەین. هەروەها گروپێکمان

بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد پێکهێنا کە بۆ پیرۆزکردنی بچێت بۆ بەغدا. ناوبراو لەلایەن هەمووانەوە وتارێکی درێژی لە ناوەڕاستی حەوشەی وەزارەتی بەرگری لە بەغدا خوێندەوە و پیرۆزبایی لە ژەنەڕاڵ قاسم کرد و پشتیوانی خەڵکی کوردی پێڕاگەیاند. هەروەها پەنجەی بۆ برایەتی کورد و عەرەب ڕاکێشا و گوتی: چۆن و بۆچی ئینگلیز کوردستانی عێراقی خستەسەر عێراق و چۆن بوو بڕیاری دانی مافی بە کوردان بەجێنەگەیاند. ئێستا کە کۆماری نوێی عێراق لە دامەزراندندایە، ئینشاالله مافی خودموختاریی و خودگەردانی دەدرێت بە کوردان و لە ڕاستیدا دیموکراسی پێکدێت.)

لە درێژەی وتەکانیدا، مام جەلال دەڵێت: (لەمەوبەدوا بەغدا بوو بە شوێنی هەڵسوڕانی ئێمە و داوای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری ڕزگاری مان کرد و منیش لە هەردوویاندا کارم دەکرد و پشتی بزاڤی دیموکراتی حکومەتم دەگرت. لە ١٤ ی ژوئیەی ١٩٥٨ دا ئێمە هەوڵماندا کە لێبوردنی گشتی بۆ بارزانییەکان ڕابگەیەنرێت. ژەنەڕاڵ کەریم قاسم فەرمانیدا زیندانییە سیاسییەکانی بارزانیی ئازاد بکرێن و قەراربوو شێخ ئەحمەد بگەڕێتەوە بۆ بارزان و تەنانەت چەند خانووبەرەیان بۆ دروست کرد و موچەیان بۆ بنەماڵەکان بڕییەوە. حیزبی ئێمە داوای گەڕاندنەوەی بارزانی کرد بۆ عێراق و ئەویش قەبووڵی کرد. گوتی زۆر باشە! فەرموون ئەو دەتوانێت بگەڕێتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد و حاکم جەوهەر عەزیز دزەیی چوونە لای تاهیر یەحیا بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی پۆلیسی ناوخۆ کە پاسپۆرتی بۆ وەرگرن و ئەویش ڕەوانەی عەبدولسەلام عارف وەزیری ناوخۆی وڵاتی کردن..... عەبدولسەلام پێشنیازی کرد بارزانی بە میسردا بگەڕێتەوە و لەگەڵ عەبدولناسر بدوێ و پێوەندیی نێوان عەرەب و کوردەکان هەموار بکاتەوە و هەر بەڵێنێک بدەن بە ئەنجام بگات. لیژنەی پێشوازییکردن لە بارزانی چوو بۆ "چێک" و ئەوانیش لەوێوە چوون بۆ میسر. بارزانی، میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی، بەڵام عەبدولناسر لە سیاسەتێکی تایبەت نەدوابوو و تەنیا دەرباری سیاسەتە گشتییەکان قسەیان کردبوو. بارزانی بەدوای ئەوەدا گەڕایەوە بۆ بەغدا و ئێمەش بۆ پێشوازییکردنی چووین بۆ فڕۆکەخانە. عەبدولکەریم قاسم خانووبەرەکەی

نوری سەعیدی بۆ تەرخان کرد و مانگانە ٥٠٠ دیناری بۆ بڕییەوە و حورمەتێکی زۆری لێگرت.)

لە لاپەڕەکانی ٥٧٧- ٥٧٨ دا ئاماژە بۆ ڕووداوەکانی دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت دەکات و دەڵێت: (بارزانی گەڕایەوە و قاسم پێشوازی لێکرد و گوتی: بەخێر بێیتەوە و پێڵاوەکانت لەسەر چاوم و دەبێ وەک ڕێبەرێکی گەورەی کورد هەڵسوکەوت بکەیت، نەک وەک ڕێبەری کۆنە عەشیرەتێک و دەبێ کۆتایی بە هەموو ناکۆکییەکانت لەگەڵ عەشیرەتەکانی تری وەک هەرکی، زێباری، سورچی، برادۆست و .... بێنیت. برایەتی بکە و ئەو ناکۆکییانە لەناو بەرە. بۆخۆت بچۆ لایان و دڵیان بەدەست بهێنەوە. بارزانی لەگەڵ ئەو سیاسەتە بوو، قەبووڵی کرد، بەڵام لەو سەردەمەدا شێخ ئەحمەد گەورە ڕێبەر بوو لە سیاسەتی بارزان دا. کەسانێک دەوربەری شێخ ئەحمەدیان گرتبوو کە بارزانییان خۆش نەدەویست، بەتایبەتی شێخ سلێمان کوڕی عەبدولسەلام بارزانی کە باوکی لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی لە موسڵ ئیعدام کرابوو. کوڕی براگەورەی شێخ ئەحمەد بوو. کەسێکی زانا و زیرەک بوو. شێخ ئەحمەد ڕێزی دەگرت. لە یەکێتی سۆڤیەت نێوانی لەگەڵ بارزانی تێکچوو بوو، چونکە لەو سەردەمەدا ئەو لایەنگری باقرۆف بوو، دوریان نەخستبووەوە بۆ ئاسیای ناوەندی. دەیگوت: بارزانی پێکهێنەری ناکۆکی بووە لەگەڵ ڕوسەکان و کەسێکی نەگونجاوە بووە و ئێمەی توشی کێشە و گرفت کردوە. بە کورتی لە یەکێتی سۆڤیەت بە تەواوی دژی بارزانی هەڵدەسوڕا و بارزانیش دژی ئەو بوو. شێخ سلێمان و کەسانی دەوروبەری، شێخ ئەحمەدیان هاندەدا و دەیانگوت: بارزانی دەیەوێ لەگەڵ عەشیرەتەکانی وەک زێباری ئاشتبێتەوە. "حەمایل خان" دایکی مەسعود بارزانی کچی مەحمود ئاغای زێباری باوکی هوشیار زێباری، ژنێکی بەئاگا و تێگەیشتوو بوو. لە ڕاستیدا ژنێکی خاوەن ڕێز بوو لە بنەماڵەی زێباری. بارزانی بە گوێرەی ڕێککەوتن لەگەڵ قاسم، چوو بۆلای سورچی و هەرکییەکان و ئاشتی کردنەوە و تەنانەت مەحمود ئاغای هەرکی بانگهێشت کرد بۆ بەغدا. چونکە مەسعود لە ساڵانی ١٩٤٧- ١٩٥٨ لە ماڵی ئەوان گەورە ببوو و ئەرکی لە ئەستۆی بارزانی بوو. شێخ سلێمان کە بەو مەسەلەیەی زانی، چوو بۆلای شێخ ئەحمەد و هێندەی بە گوێدادا کە

باوەڕی پێهێنا. بە بەردەوامی دەیگوت: فەرموو! بارزانی لەگەڵ دوژمنی گەورەی بارزان دەستیان داوەتە دەستی یەک و یەکیان گرتووە و دووبارە لەیەکتر نزیک بوونەتەوە. بۆ ماوەیەک شێخ ئەحمەد لەگەڵ دژبەرانی بارزانی کەوت.

بارزانی لەلایەک نەیدەویست درێژە بە ناکۆکییەکان بدات و لەلایەکی تردا عەشیرەتەکان دەیانویست هەلێک بەدەست بێنن کە دەنگیان بە حکومەت بگات و چونکە خۆیان لەو بە کەمتر نەدەزانی، نەیاندەویست بارزانی ببێتە گەورەی کوردان و بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بناسرێت. لە ڕاستیدا ئەوان یارمەتییان بە سیاسەتی بارزانی نەکرد. بەرەبەرە پێوەندی نێوان بارزانی و کەریم قاسمیش تێکچوو. عەشایەری کوردستان لەم بوارەدا ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو و سەرلەنوێ بەرەو قاسم گەڕانەوە و ئەویش کەڵکی لێوەرگرتن. عەشیرەتەکانی کوردستان ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە تێکچوونی پێوەندی نێوان قاسم و بارزانی. لە سەرەتادا جبارییەکان "مەبەستە لە زێبارییەکانە" و عەشیرەتەکانی تر، چووبوونە لای قاسم و باسیان لە هەژاریی خۆیان کردبوو. قاسمیش چەکی دانێ و ئەوانیش کە کێشە و دوژمنایەتیان لەگەڵ بارزانی هەبوو، بوون بە لایەنێکی گرنگ لە تێکدانی پێوەندیی نێوان قاسم و بارزانی....تد.)

مام جەلال سەبارەت بەوە کە بارزانی وەک عەشیرەت هەڵسوکەوتی کردوە و کێشەی عەشیرەتی هەبووە لەگەڵ عەشیرەتەکانی تر، لە لاپەڕەکانی ٥٧٧- ٥٧٨ دا دەڵێت: (بارزانی گەڕایەوە و قاسم پێشوازیی لێکرد و گوتی: بەخێر بێیتەوە و پێڵاوەکانت لەسەر چاوم و دەبێ وەک ڕێبەرێکی گەورەی کورد هەڵسوکەوت بکەیت، نەک وەک ڕێبەری کۆنە عەشیرتەتێک و دەبێ کۆتایی بەهەموو ناکۆکییەکانت لەگەڵ عەشیرەتەکانیتری وەک هەرکی، زێباری، سورچی، برادۆست و .... بێنیت. برایەتی بکە و ئەو ناکۆکییانە لەناو بەرە. بۆخۆت بچۆ لایان و دڵیان بەدەست بهێنەوە.)

ئەم جارەیان لە لاپەڕەی ٥٨٥ دا سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بارزانی سەرۆک عەشیرەت بووە نەک سەرکردەیەکی سیاسی کە باوەڕی بە ڕێکخراو و ڕێکخستن هەبێت و لەو بارەیەوە دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩ لە زانکۆ درێژەم بە خوێندن دەدا و ئێواران دەچوومە لای بارزانی و لە ماڵەکەی کارم دەکرد. منی خۆشدەویست و چونکە بۆ بینینی ئەو ساڵێک لە خوێندن دورکەوتبوومەوە و چووبووم بۆ مۆسکۆ، ئەوەی لە چاودا مابوو و وەک کوڕی خۆی تەماشای دەکردم. بە گوێرەی داب و نەریتی عەشیرەتیی کوردستان، عەشیرەتەکان ڕێگەیان بە هیچکەس نەدەدا کە لە ژوری خێزانەکانیان نزیک بێتەوە، بەڵام من بۆیان ببوومە مەحرەم و تەنانەت ئەگەر حەزم لە خۆراکێک بووایە، بۆ نموونە دەمگوت ئەمڕۆ من خۆم بە ساوار بانگهێشت دەکەم. هەزار ڕەحمەتی خوای لێبێت. پڕ بەزاری پێدەکەنی و دەیگوت خەڵک بانگهێشت دەکرێت، بەڵام تۆ خۆت، خۆت بانگهێشت دەکەی. دەمگوت ئەزبەنی من بەتەنیا لە ماڵی ئێوە خۆم بانگهێشت دەکەم.)

یەکەم: ئایا مام جەلال لەوێ بووە کە قاسم بەو شێوە ناسیاسیانە ڕووبەڕووی بارزانی بووەتەوە؟ ئایا مرۆڤێکی سیاسیکار باوەڕ بەو وتەیە دەکات کە کەریم قاسم لە هەلومەرجی ئەوکات و کاتی بەخێرهێنانەوەی بارزانی بۆ عێراق کە سەرکردەی نەتەوەیەکی جێی ناکۆکیی دەسەڵاتدارانی عێراق بوو، لە یەکەم دیدار و پێشوازییکردنیدا بڵێت:
- (پێڵاوەکانت لەسەر چاوم و دەبێ وەک ڕێبەرێکی گەورەی کورد هەڵسوکەوت بکەیت، نەک وەک ڕێبەری کۆنە عەشیرەتێک؟)

داڕێژەرانی ئەو بەشە دەیانەوێ پەیامێک بە نەوەی نوێ بگەیەنن کە گوایە بارزانی وەک سەرۆک عەشیرەت ڕووبەڕووی کێشەی کورد بووەتەوە، نەک وەک سەرۆکی پارتی دیموکرات و گەلی کورد لە باشوری کوردستان. لەکاتێکدا کێشەی بارزانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و داگیرکەرانی کوردستان زۆر دوور بووە لە کێشەیەکی عەشیرەتی و ناوچەیی. بارزانی ڕێبەرێکی دیموکرات، ئاشتیخواز و هەڵگری بیری سەربەخۆیی و ڕزگاریی کورد و کوردستان بووە. ئەو ساڵی ١٩٤٦ ویستویەتی کوردستان سەربەخۆ بێت و بە دیموکراتی بەڕێوەبچێت. سەرنج بدەنە بەڵگەنایەکی کۆماری کوردستان کە لە لاپەڕەی ٣ی ژمارەی ٢٣ ی ڕۆژنامەی کوردستانی ١٩٤٦دا بڵاوکراوەتەوە.

بــارزانی بەرلە دامەزرانـــی کۆمــاری کوردســـتان، ئـــاڵاهەڵگری بیـــری نەتەوەیـی و نیشـتمانیی بـووە و پـارتی ئـازادیی لـە سـاڵی ١٩٤٥ و پـارتی دیمـوکراتی کـوردیی لـە سـاڵی ١٩٤٦دا بـۆ ئەو مەبەسـتەی دامەزرانـد کە بـــزوتنەوەی ڕزگـــارییخوازانەی گەلـــی کـــورد بە بڕیـــاری بە کـــۆمەڵ بەڕێوەبچێت، نەک سەرۆکێک بە تەنیا بڕیاری لەسەر بدات.


لە ڕاستیدا ئەو گـوتنە ئەگەر هـی مـام جەلال بێـت یـان کەسـێکی تـر، شتێکی تازە نییە کە قانعی فەرد و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بیڵێنەوە. هەرچەندە مام جەلال خۆی ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە کە بارزان گوندە و بارزانییەکـان بە واتـای ئاغـایەتی کـردن، هـیچ جوتیـار و ئاژەڵـدارێکیان نەبووە کە ئاغایەتیان بەسەردا بکەن! تایفەیەکن وەکوو تایفەی تاڵەبانی لە ناوچەی کۆیە، بەو جیاوازییەی لە گوند ژیاون و لە سالانی کۆندا بیری گوندایەتیان هەبووە، بەڵام لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانییەوە ماڵئاوایان لە پێوەندییەکانی عەشیرەتی کردوەو دژی پێوەندییەکانی ئاغا و ڕەعـیەت و چەوسـاندنەوەی جوتیـاران بـوون و کێشـەی عەشـیرەتەکانی زێبـاری، سورچی، برادۆست، هەرکـی و... تـد لەگەڵ بارزانییەکـان بـۆ ئەو دیـاردەیە دەگەڕێـتەوە. ئەوە بـوو کە بـارزانی بە دامەزرانـدنی پـارتی ئازادی "لیژنەی ئـازادی" لە ساڵی ١٩٤٥دا، بـزوتنەوەی کـوردی لە شێوازی عەشیرەتییەوە گـۆڕی بـۆ شـێوازی ڕێکخسـتن و سەرکردایەتی بە کـۆمەڵی حیزبـی، بەڵام مـام جەلال، ئیبـراهیم ئەحمەد و چەنـد کەسـیتر کە دواتـر ئامـاژەیـــان بـــۆ دەکەم، بە مەبەســـتی سیاســـیی و بـــۆ ئەوەی کە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت و دەرکردنـی هەمزە عەبدوڵا و هەڤـاڵانی لە پارتی لە کۆنگرەی چوارەمدا، بتوانن دەست بەسەر پارتی دیموکراتدا بگرن، ناوی سەرۆک عەشیرەتیان لەسەر بارزانی دانا کە چینی خوێندەوار و ڕووناکبیری کوردستانی لێ دوور بکەنەوە.

جـگەلەوە، بـارزانی هـیچ نـاکۆکییەکی لەگەڵ عەشـیرەتەکانی هەرکـی، زێباری، سورچی، برادۆست و.... نەبوو کە قاسم داوای لێبکات ناکۆکی خۆی لەگەڵ ئەوان لەنـاو بەرێت؟ بەڵکوو ئەو عەشیرەتانە کە لە دراوسێیەتی بارزاندا بوو، ببوون بە داردەستی دوژمن و بارزانییـان بە کۆسپێک لەسەر ڕێگەی خۆیـان دەبینـی. بە کورتی سیستمی ژیـانی ئـازادی بارزانییەکـان کە دوور بـــوو لە چەوســـاندنەوەی دەرەبەگـــایەتی، ئەو عەشـــیرەتانەی

هاندەدا دژایەتی بارزانییەکان بکەن و لە شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی بارزاندا چەک بۆ دوژمن هەڵگرن و بە دژی نەتەوەی خۆیان بکەونە پێش سوپای عێراق و ژن و منداڵی بارزانییەکان بکوژن. هەر ئێستا نمونەی ئەو جۆرە کەڵک لێوەرگرتنانەی دوژمنانی نەتەوەی کورد لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەبینین کە چۆن بەشێک لە خێڵی مەنگوڕیان بە پارە و چەک هێنا و لە مهاباد نیشتەجێیان کردن کە دەرحەق بە نەتەوەی کورد تاوان بکەن.

بەداخەوە ئەوجۆرە گوتنانە بەساڵان بوونەتە بنێشتەخۆشکەی ڕێکخراوە سیخورییەکانی دوژمن و دەیان ساڵە نوسەر و قەڵەم بەدەستانی ساواک، ڕوکنی دووەمی سوپای ئێران لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشا و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، بە دژی نەتەوەکەمان و سەرکردەکانمان بەکاریان دەهێنن و مێژووی بزوتنەوەکانی کوردی پێ چەواشە دەکەن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم وتەیەکی موحسین دزەیی یەکێک لە وەزیرەکانی پێشوی حکومەتی عێراق، سەبارەت بە تۆمەتی عەشیرە بوونی بارزانی بگێڕمەوە کە لە چاوپێکەوتنێک تایبەتدا لەگەڵ بەڕێزیان، گوتی:

- (عەشیرەتێك نییە کە پێی بڵێین عەشیرەتی بارزان. بارزان دێیەکە کە شێخانی بارزانی لێی دادەنیشتن. چەند هۆزێکیش لە دەوروبەیان بوون وەک مزوری، بەرۆژی، شێروانی، دۆڵەمەری کە لە دەوری کۆبوونەوە و تابعی تەریقەتی بارزان بوون و پێیان دەڵێن بارزانی و بە واتای عەشیرەت، عەشیرەت نەبوون و بە درێژایی مێژووی ژیانیان موڵکیان نەبووە کە ئاغایەتیان پێکردبێت یان وەکوو موڵکدار تەسەروفیان کردبێت. شتێکت بۆ دەگێڕمەوە کە کاربەدەستێکی باڵای حکومەتی بەعس لە سەردەمی سەدامدا بۆ منی گێرایەوە و گوتی دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا بڕیاریەک دەرچوو لە کۆشکی جمهورییەوە کە دەست بەسەر هەموو موڵک و ماڵی بارزانیدا بگیرێ. دوای ماوەیەک لە تاپۆی عامەوە بە نامە وەڵام درایەوە کە بارزانی هیچ موڵک و ماڵێکی نییە و شتێکی نییە کە دەستی بەسەردا بگرن. ئەو کاربەدەستەی حکومەت گوتی




خەڵکەکە زۆر سەرسام بوون، لەبەر ئەوە میری فەرمانیدا دەستبەجێ نامەکە بدڕێنن تا کەس نەیبینێت کە بارزانی هیچ موڵک و ماڵی نییە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ موڵک و ماڵی بارزانی، جارێک مودیری تاپۆی ڕەواندز کە ئەوکاتە هەموو ناوچەکە سەربە ڕەواندز بوو، چوو بۆلای شێخ ئەحمەدی بارزان و هەموو ئەوراقی لەگەڵ خۆی برد و پێی گوت دەمانەوێ موڵکەکانی بارزان بەسەر تۆدا تاپۆ بکەین، شێخ ئەحمەد لێی تورە بوو و گوتی ئەو موڵکانە هی من نین و هی ئەو خەڵکەن و دەبێ ئەو ئەوراقانە بسوتێنن. لەبەر ئەوە بوو کە عەشیرەتەکانی دەوروبەری بارزان دژایەتی بارزانییەکانیان دەکرد[1].)

گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەتەوە بۆ عێراق، وەک پەڕینەوەکەی لە ئاراس، کارێکی دژوار بوو. بارزانی بە ڕابەری نەتەوەی کورد لە جیهاندا ناسرابوو. بۆیە کاتی بەدەسەڵات گەیشتنی خرۆشۆف لە سۆڤیەت، سیاسەتی ستالینیی یەکێتی سۆڤیەتی سەبارەت بە بارزانی و هەڤاڵانی گۆڕی. هەر بەم هۆیەوەشەوە بوو کە سەرۆکی ڕۆمانیا، چیکۆسلۆڤاکیا و میسر پێشوازیان لە بارزانی کرد و کەریم قاسمیش ئامادە بوو پێشوازی لە بارزانی بکات. ئەم چەند بەڵگەیەی خوارەوە ڕەنگە وەڵامێک بێت بۆ ئەوانەی کە دەڵێن: (**ئیبراهیم ئەحمەد، بارزانی گەڕاندەوە بۆ عێراق.**)

دوای سەرکەوتنی کودەتای تەموز لە عێراق، بارزانی لە ١٩٥٨/٨/٢١دا مۆسکۆی بەرەو ڕۆمانیا بەجێهێشت. میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەویشی لەگەڵ خۆی برد، سەرۆکی ڕۆمانیا پێشوازی لێکرد، لە بۆخارستەوە بەهۆی باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بروسکەیەکی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشی لێکردو داوای کرد ڕێگای پێبدرێت خۆی و هاوڕێیانی بگەڕێنەوە بۆ عێراق. بارزانی لە بوخارستەوە چوو بۆ پراگ. لەوێش سەرۆکی چیکۆسلۆڤاکی "ئەنتۆنی

نۆڤۆتینی" پێشوازیکرد. لە پەراگەوە بارزانی ئەم برسکەیەی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد:

پایە بەرز و خۆشەویست زعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم قارەمانی شۆڕشە پیرۆزەکەی عێراق

بەناوی برایانی کوردی کۆچێنراو لە حکومەتە سۆشیالیستەکان دا، سڵاوتان لێدەکەم و پیرۆزبایی شۆڕشی گەلی عێراقی تێکۆشەر دەکەم کە ئێوە و هاوڕێ قارەمانەکانتان بردتان بەڕێوە، ئیمپریالیزمی نەحلەتی و پاشایەتی پیستان لەنێو بردو گەلی عێراقتان بە کوردو عەرەبەوە لە زوڵم و ژێردەستی ڕزگار کرد. بەم کردەوەیەتان لاپەڕەیەکی نەمرتان لە مێژووی گەلی عێراق بەتایبەتی و مێژووی ڕزگاری جیهاندا بەگشتی تۆمار کرد. بە جاڕدانی کۆماری عێراق ئامانجێکتان پێکا کە گەلی عێراقی قارەمان لە شۆڕشە بەناوبانگەکەی ١٩٢٠ەوە بۆی تێکۆشاوە و ئەم سەرکەوتنە بەدەستی ئێوە هاتەدی. کوردە ئازادەکانی عێراق شانبەشانی برا عەرەبە تێکۆشەرەکانیان بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە تێکۆشاون. شۆڕشەکانی بارزان پارچەیەکن لە زنجیرە خەباتی گەلی عێراق دژی ئیمپریالیزم و شایەتی پیس لە نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا. لە ئاکامی ئەم خەباتە سەخت و درێژەدا، لە ڕۆژانێکا ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەماندا بەهۆی کلک و بەکرێگیراوە خاینەکانەوە فەرمانڕەوا بوو، ناچارکراین نیشتمان بەجێهێڵین و لە دەرەوە لە خاکی دەوڵەتە سۆشیالیستە ئازادەکانا درێژە بە تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و کلکەکانی بدەین. ئێمە بڕوای پتەومان هەیە کە ئیمپریالیزم و کلکەکانی هەر دەبێ ببەزن و لە نیشتمانمان دەربکرێن، وەکوو لە وڵاتی برا عەرەبەکانمان میسر و سوریا و یەمەن و ئەوانی دی دەرکرا و هەڵات. ڕۆژی ١٤ ی تەمووز بەرەبەیانێکی ئاوات و تاسەمانی هێنایەدی بۆ هاتنەوە نیشتمانی خۆشەویست و پارێزگاری لە کۆمارە ساوایەکەمان، سەرمان لە باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی برادا لە کۆمارکانی ڕۆمانیا گەلی و چیکۆسلۆڤاکیای گەلی لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕابوونی شۆڕشدا تا پاسەپۆرمان بدرێتێ بۆ گەڕانەوەی نیشتمان، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان وەرنەگرتۆتەوە. بەم داوایەمان ڕوو لە بەڕێزتان دەنێین و تکایە یارمەتیمان بدەن بۆ گەڕانەوە

نیشتمانی خۆشەویست و هاوبەش بوونمان لە خزمەتی کۆمارەکەمان وێڕای هاونیشتمانە دڵسۆزەکان. لە کۆتاییدا لە خوا دەپاڕێمەوە سەرکەوتوو بن لە پاککردنەوەی وڵات لە کلکەکانی ئیمپریالیزم بە تەواوی و چاککردنەوەی ئەوانەی سەردەمی دوابڕاو و لە گەلی عێراقی تێکدابوو. وڵات بەرەو بەرزی و شارستانێتی بەرن، بۆ خۆتانی بەڕێز و هاوکارە قارەمانەکانتان داخوازی لەش ساغی و خۆشیم.

بژی کۆماری عێراقی نەمر، بژی سەرکردەکانی شۆڕشی عێراقی پیرۆز

قارەمانان زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم و هاوکارە ئازادەکانی.

بژی برایەتی کورد و عەرەب لەژێر سێبەری یەکێتی عێراق دا

تکایە ئاگادابن من ئێستا لە کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا لە شاری "لیدز"م لەگەڵ هاوکاران میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی(٢).

براتان خزمەتکاری گەلی عێراق

مستەفا بارزانی پراگ ١٩٥٨/٨/٢٩ (پاشبەندی ١٩)

وەڵامی عەبدولکەریم قاسم بۆ بارزانی:

بە شادییەوە بروسکەکەتانمان وەرگرت. ئێمە هەموومان بەخێرهاتنەوەی گەڕانەوەتان دەکەین بۆ عێراقی خۆشەویست. هەموو پێویستییەکمان بەجێهێناوە بۆ دەرچوونی بەخشینتان و ئاسان کردنی سەفەرتان خۆت و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی و ئەو هاونیشتمانانەی لەگەڵتانن، سەرلە بالیۆزخانەی عەرەبی یەکگرتوو بدەن لە پراگ- چیکۆسلۆڤاکیا- بۆ سازکردنی گەڕانەوەتان.(٣)

زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم

سەرۆکی وەزیران ١٩٥٨/٩/٢ (پاشبەندی ٢٠)

لە هەمان ڕۆژدا وەزارەتی دەرەوە بروسکەیەکی بۆ باڵیۆزی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو نارد کە لە پراگ ئاسانکاریی بۆ گەڕانەوەی بارزانی و هاڕێیانی بکەن. بەم بۆنەیەوە بارزانی لە بروسکەیەکی تردا بۆ قاسم نوسی:

بەڕێز سەرکردەی مەزنی گەل زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم

بەناوی خۆم و بەناوی هەموو برا کوردە تێکۆشەرەکانەوە، دیسان پیرۆزباییتان لێدەکەم و پیرۆزبایی لە گەلی عێراق دەکەم بە کورد و عەرەب، بۆ ئەم شۆڕشە. ئەو شۆڕشەی ڕێگەی بۆ گەل کردەوە کە بەسەر شەقامی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتیدا هەنگاو بنێ.

من و هاوکارەکانم بەناوی گەلی کوردەوە پەیمانتان دەدەینێ کە درێژە بە خەبات بدەین بۆ پشتگیریی ئەم کۆمارە و پاراستنی بە هاوخەباتی لەگەڵ برا عەرەبەکانی خۆماندا، دژی هەموو هەڵپەیەکی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانی.

مـن خـۆم و هاوکارەکـانم بە سەرباز دادەنێم، لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەران بۆ پاراستنی کۆمارە ساوایەکەی خۆمان، کۆماری کورد و عەرەب لەژێر سەرکردایەتیی ئێوەدا.

ئەی زەعیمی بەڕێزی گەل، ئەم دەرفەتە بە هەل دەزانم تا پاکترین سوپاسی خۆم و سوپاسی هاوکارە کۆچێنراوەکانم لە وڵاتە سۆشیاکیستەکان بە ئێوە پێشکێش بکەم، کە ڕێگە دراین بگەڕێینەوە بۆ نیشتمانی خۆشەویستمان تا بەشداربین لە شەرەفی پاراستنی کێشەی گەورەی گەل، کێشەی پاراستنی کۆمار و پێشخستنی.(٤)

بژی فەرماندەی ڕزگارکەر عەبدولکەریم قاسم

بژی برایەتیی کورد و عەرەب هەتا هەتایە

بژی کۆماری عێراق کۆماری کورد و عەرەب

مستەفا بارزانی ١٩٥٨/٩/١٠ (پاشبەندی ٢١)

بارزانی بە دوای چوونی بۆ میسر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر، ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ گەڕایەوە بۆ بەغدا و لە کوردستان و لە هەموو ناوچەکانی عێراقەوە دەستە دەستە خەڵک گەیشتنە بەغدا بۆ سڵاوکردن لە بارزانی و پیرۆزبایی گەڕانەوە پڕلە سەرکەوتنەکەی بۆ نیشتمانی خۆشەویست. بارزانی لە باخچەی هۆتێل "سەمیر ئەمیس" لە بەغدا ئەم وتارەی پێشکەش بە دەستە نێردراوەکان کرد:

ڕۆڵە هاونیشتمانییەکانی خۆشەویستم

ئێوە ئاگادارن کە من و هاوڕێیانم ناچارکراین خاکی نیشتمان بەجێ بێڵین لەبەر خەباتی چەکدارانەمان دژی تاقمی فەرمانڕەوای ڕزیوی

سەردەمی دوابڕاو و ئاغا ئیمپریالیزمەکانیان. بە درێژایی ئەم دوازدە ساڵە لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و کلکەکانی ڕامانبوارد، ئاواتمان پێکهاتنی ئەو ئامانجە بوو کە گەلی عێراق بۆ سەربەخۆیی و ئاشتی دوایی کەوتووە.

ئێمە هەر لەگەڵ بیستنی هەواڵەکانی شۆڕشی پیرۆزی عێراق لە یەکەم ڕۆژیدا ویستمان بگەڕێینەوە تا شەرەفی بەشداری پاراستنی کۆمارمان پێ ببڕێ. من لە کاتێکا سوپاسی پیاوانی شۆڕش دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخساندم، لەبەر دەمی گەلدا بەڵێنتان دەدەمێ کە خۆم و هاوکارەکانم لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەران بین بۆ دەستەوەکەری لە کۆماری ساوامان و پێشکەوتن و گەشەکردنی هەموومان بە کورد و عەرەبەوە یەکڕیز لەژێر ڕابەرایەتی ڕۆڵەی گەل زەیم عەبدولکەریم قاسم دا ڕاوەستین.

بژی کۆماری عێراق

بژی برایەتی کورد و عەرەب[٥] (پاشبەندی ٢٢)

لە درێژەی وتەکانیدا مام جەلال لە لاپەڕەکانی ٥٨٠- ٥٨١ دا ئاماژە بۆ ناکۆکی نێوان پارتی دیموکرات و حکومەتی شای ئێران، سیاسەتی قاسم بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی سەربەخۆ، دژایەتی نێوان ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و عەبدولسەلام عارف و قاسم و ماددەی سێی دەستوری عیراق سەبارەت بە هاوبەشی عەرەب و کورد وەک دوو نەتەوە لە حکومەتی نوێی عێراق و قەبوولکردنی مافی کوردان لە چوارچێوەی یاسای عێراقدا دەکات و دواتر لە کودەتای عەبدولوەهاب شواف یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای عێراق لە موسڵ دەدوێ کە ویستی موسڵ لە عێراق جودا بکاتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ئەوە درۆیە کە بارزانی بۆ سەرکوتکردنی شواف ١٠٠٠ کەسی ناردبێت و کوردەکان بۆخۆیان لەسەر ویستی خۆیان و داوای قاسم بەشداریان کرد لە سەرکوتکردنی شواف دا.)

دواتر لە لاپەڕەی ٥٨٤دا پەنجە بۆ ناکۆکی نێوان ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی ڕادەکێشێ کە بەلایەنی حیزبی شیوعی عێراقدا

کەوتبوون وەک هەمزە عەبدوڵا، نژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق و ساڵح حەیدەری و دەڵێت:

- (بارزانی کۆمیتەیەکی بێلایەن و سەربەخۆی لە سەید عەزیز شەمزینی، موراد ڕزمئاوەر، عەونی یوسف و دوو کەسی تر پێکهێنا کە دادوەریی بکەن و لە هەموو ئەندامانی حیزب دەنگ وەربگرن بۆ پێکهێنانی کۆنگرە. لەو دەنگ وەرگرتنەدا لایەنی ئێمە زۆرینەی دەنگەکانی هێنایەوە و ئەوان جگەلە ناوچەی سلێمانی کە ١٥- ٢٠ دەنگیان وەرگرت، دەنگێکی بەرچاویان نەبوو. لە ڕاستیدا هیچ کەس دەنگی پێنەدان. تەنانەت دەتوانم ناوی هەموویان بڵێم. بۆ نمونە دوکتۆر مەحمود عوسمان، شەهید شەهاب، شێخ نوری، قادر حاجی تاهیر، محەمەد کەریم فەتحوڵا، سەروەتوڵا و...تد، لەو کەسانە بوون کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران.)

مام جەلال لە لاپەڕەکانی ٥٨٨- ٥٨٩ دا ئاماژە بۆ پرۆژەی وڵاتانی عەرەبی دەکات کە خەریکبوون بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر، لە وەڵاتانی عەرەبی یەکێتی پێکبهێنن و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (باس لە یەکێتی عەرەب درێژەی هەبوو. کوردەکان دەترسان بە پێکهاتنی یەکێتی عەرەب، مافەکانیان لە دەست بچێت و ئەو بڕە ناسیۆنالیزمە کوردەش لەناو خۆیاندا بتوێننەوە. لەوکاتەدا هێشتا پێشمەرگەمان نەبوو. بارزانی سەرۆکی حیزب بوو و ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و لە بواری سیاسیی و ڕێکخراوەیدا دەکرێت بڵێین سەنتەری بەڕێوەبردنی کارەکانی حیزب بوو. هەرچەندە ئەگەر بۆ مێژووش بێت، دەکرێ ئاماژە بۆ ئەم خاڵە بکەین کە بارزانی زۆری باوەڕ بە حیزب و ڕێکخستنی حیزبیی نەبوو و ئەو زیاتر ڕۆڵی ڕێبەرێکی هەبوو. هەموو کارەکانی حیزب لەسەر شانی ئیبراهیم ئەحمەد بوو. منیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووم. بە دوای ١٤ ژوئیەی ١٩٥٨ دا، قاسم ئیزنی چالاکیی بە ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا و ئازادبوونی ئەو ڕێکخراوە دیموکراتیانە، بەرە بەرە ناکۆکی لەناو کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا پێکهێنا. ئەو ناکۆکییە پەرەیسەند و لەتبوونی حیزبی لێکەوتەوە. ئێمە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەبوایە ڕێگە بە یەکێتی لاوان، خوێندکاران، ئافرەتان و... بدەین کە بەشێوەی سەربەخۆ لە شارەکاندا

خەبات بکەن. نامەیەکمان بۆ حکومەت نوسی کە ئیزنی چالاکیی بەو ڕێکخراوانە بدات. لە مەکتەبی سیاسیدا دوولایەن بووین. لایەنێک ئێمە و لایەنێکیش پەیڕەوانی کۆنی حیزبی شیوعی عێراق کە ساڵی ١٩٥٧ هاتبوون وەک حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نژاد ئەحمەد عەزیز و خەسرەو تۆفیق کە هەموویان لایەنگری حیزبی شیوعی عێراقییە کۆنەکان بوون و بە شێوەی کوێرکوێرانە بەرگریان لە سیاسەتی حیزبی شیوعی عێراق دەکرد. حیزبی شیوعی عێراق دژی چالاکی ئەو ڕێکخراوانە بوو و دەیانویست ئەوان تێکەڵی حیزبی شیوعی بن و لە دەرەوەی ئەو حیزبە و بەناوی کوردستان خەبات بکەن و بەشێک بن لە عێراق. ئەو سیاسەتەی حیزبی شیوعی عێراق بەرە بەرە پەرەیسەند. من یەکەم کەس بووم کە زۆر بە توندی دژی ئەو سیاسەتە هەڵوێستم گرت. ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و عەلی عەبدوڵاش دژ بوون، بەڵام من ئاڵاهەڵگری ئەو دژایەتی کردنە بووم و لە مەکتەبی سیاسیدا بەتوندی دژی ئەو سیاسەتە ڕاوەستام.

بە توندی بەرگریم لەو ڕێکخراوە دیموکراتییانە دەکرد کە بوونیان پێویستە و دەبێ بەتەواوی کوردستانی بن، بەڵام ناکۆکییەکان پەرەیان سەند. پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی بەرە بەرە گەشەیان کرد و ناو و ناوبانگیان دەرکرد. ئەم لایەنەی ئێمە لە مەکتەبی سیاسیدا دەیگوت: پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، پارتییەکی پێشڕەوە، بەڵام حیزبی شیوعی دژی ئەو بۆچوونەی ئێمە بوو و دەیانگوت پارتی دیموکراتی کوردستان دەتوانێت حیزبێکی بۆرژاوایی و سەرمایەداری بچوک بێت و حیزبی کرێکاران و جوتیاران نییە. ئەو مەسەلە وایکرد کە وتارێکی لەسەر بنوسن و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی بکەنەوە و بێگومان ئێمەش بە تیکڕا دژی ئەو سیاسەتە بووین و ڕەنگە لە پلەی یەکەمدا من دژبەری سەرەکی بووم. ئەو ٤- ٥ کەسە چوون بۆلای بارزانی و گوتیان مام جەلال هەموو کارەکانی ئێمەی تێکداوە و گرفتمان بۆ پێکدەهێنێت و پێشنیازیان کرد کە من لە حیزب وەلا بنێن و ئەوکارەشیان کرد. ئەو هەڵوێستەیان بە گوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزب نەبوو، لەبەر ئەوە نامەیەکیان نوسی و بارزانیشیان ڕازی کرد کە ئەویش ژێری واژۆ بکات و ناوی لە ڕیزی ئەو ٦-٧ کەسەدا بێت و نامەکەیان بەمن ڕابگەیەنن.

ئێمە ۱۵ کەس بووین و بۆ بەلاوەنانی من ۸- ۹ دەنگ پێویست بوو.... ئەوان ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزبیان خستبووە دەست خۆیان و هەر ئەو وتارانەیان بڵاودەکردەوە کە حیزبی شیوعی عێراق بڵاوی دەکردەوە و دەیاننوسی حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و جوتیارانە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەبێ پارتیی خاوەن موڵکان بێت. ... یەکێتییەکانی لاوان، ئافرەتان، خوێندکاران و ...تدیان هەڵوەشاندەوە.

بە دوای ئەو کارانەیاندا، ناکۆکییەکی زۆر لە پارتیدا سەریهەڵدا، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق خۆی بە پێشڕەوی نەتەوەی کوردستان دەزانی و ڕای گشتی بە زۆرییەوە، دژی ئەو سیاسەتە بوون و لە ئاکامدا چونکە من یەکەم کەس بووم کە بە توندی دژی ئەو بۆچوونانە وەستابووم، زۆربەی خەڵکەکە لە دەوری من کۆببوونەوە و پشتیوانییان لە من دەکرد. هەرچەندە من بەڕواڵەت بەلاوەنرابووم، لە بەغدا ژورێکم لە هۆتێلێکدا هەبوو و ڕۆژانە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵک بۆ بینینی من دەهاتن و دەیانگوت: "ئێمە لەگەڵ تۆین و گوێ بۆ ئەو قسە کۆنانە شل ناکەین. لە یەکەم کۆبوونەوەی حیزبدا هەموو شتێک جێبەجێ دەکرێت و ئێمە ئەو کێشانە چارەسەر دەکەین." منیش دەمزانی کە بەوجۆرە دەبێت. لەبەر ئەوە کێشەکەم بە جیددی وەرنەگرت.)

ئەو کێشانەی کە مام جەلال ئاماژەیان بۆ دەکات لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکرات لە ۱۹۵۹/۱۰/۳ کە بە بەشداریی ۱۳۰ ئەندام و بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی لە بەغدا پێکهات، بەشێوەی خوارەوە چارەسەرکران، بەڵام دواتر کێشەکان بە شێوازێکی تر سەریانهەڵدایەوە کە لەجێی خۆیدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشم:

بە پێی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕەسوڵ ڕزگەیی لە وتارێکیدا بڵاویکردۆتەوە، پێشاندەدات هەمزە عەبدوڵا، حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نژاد ئەحمەد و خەسرەو تۆفیق کە هەوڵیاندەدا، پارتی دیموکرات لە ڕێبازی حیزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بگۆڕن بۆ حیزبێکی ئایدیۆلۆژی چەپ و مارکسی، لە ڕیزەکانی حیزب دەرکران. کۆنگرە بڕیاریدا گۆڕانکاری لە ڕێبازی پارتیدا بکرێت و بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی پێشووی خۆی کە سودوەرگرتن بوو لە فیکری مارکسییەت، نەک بەشوێنکەوتن و بەڕێوەبردنی تیۆری مارکسیزم.

لەو کۆنگرەیەدا ناوی پارتی دیموکرات کورد گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق. هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی، کۆمیتەیەکیشیان بەناوی کۆمیتەی چاودێر بۆ پارتی هەڵبژارد و مستەفا بارزانی بە سەرۆک و ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات هەڵبژێردران.[٦]

سەبارەت بەو وتەیەی مام جەلال کە دەڵێت: **(ئەگەر بۆ مێژووش بێت، دەکرێ ئاماژە بۆ ئەم خاڵە بکەین کە بارزانی زۆری باوەڕ بە حیزب و ڕێکخستنی حیزبیی نەبوو و ئەو زیاتر ڕۆڵی ڕێبەرێکی هەبوو.)**

بەپێچەوانەوە، مێژوی سیاسیی پارتی دیموکرات پێشانیدا کە بارزانی باوەڕی بە حیزب و کاری ڕێکخستن و بە کۆمەڵی سیاسیی هەبوو، بەڵام وەک ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەردەبابە، عەلی عەسکەری، نوری ئەحمەد تەها، حیلمی عەلی شەریف، جەمیل بەگ و لایەنگرانیان نەیدەڕوانیە حیزب. بارزانی نەتەوەی کوردی بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لە حیزب پێ مەزنتر بووە و حیزبی بە ئامرازێک بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەی کورد و بەدەستخستنی ئامانج و ئاواتی نەتەوەی کورد ویستووە، نەک بۆ پلە و پایە و ئامانجی بەرتەسکی حیزبایەتی. بە داخەوە، مام جەلال بە درێژایی خەباتی سیاسیی و سەربازیی خۆی، ئەو وتەیەی سەبارەت بە بارزانیی و دواتریش ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی دووپات و چەند پات کردوەتەوە، بەڵام لە هەموو مامەڵە سیاسییەکاندا، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پێ سەلمێندراوە. لەبەر ئەوە لە لاپەڕەی ٩٩٠ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا بە ڕاشکاوی ددان بەو ڕاستییە دادەنێ کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم، بەڵام سەرنج بدەنە ئەم وتەیەی مام جەلال کە سەبارەت بە پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکرات و چارەسەرکردنی کێشەی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵا، نژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق و ساڵح حەیدەری دەڵێت:

**- (بارزانی کۆمیتەیەکی بێلایەن و سەربەخۆی لە سەید عەزیز شەمزینی، موراد ڕزمئاوەر، عەونی یوسف و دوو کەسی تر پێکهێنا کە لە هەموو ئەندامانی حیزب دەنگ وەربگرن بۆ پێکهێنانی کۆنگرە.)**

ئەمە واتای باوەڕ پێبوون بە کاری حیزبی و کاری بەکۆمەڵی حیزبایەتی و بە دیموکراتی بەڕێوەبردنی حیزبە، نەک دروستکردنی فراکسیۆنی نیوە ئاشکرا لە حیزبدا کە ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتی دەکرد. لە درێژەی وتەکانیدا مام جەلال لە لاپەڕەی ٥٩٢ دا سەرەتا دەڵێت:

- (لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا هەندێک ئاڵۆزیی کەوتە نێوان حیزبی شیوعی و ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم و بە هۆی کوشتاری خەڵک لە موسڵ و کەرکوک و.... خەڵکیان بە تەناف لە پشت ئۆتومبیلی سەربازیی دەبەست و بە جادە و شەقامەکاندا دەیانکێشا. .... لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ ماوەی دوو ڕۆژان شەڕێکی خوێناوی لە کەرکوک ڕوویدا و لەلایەن چەند کەسی ئاژاوەگێڕەوە، بە شێوەیەکی دڕندانە هێرش کرایە سەر برا تورکمانەکانی ئێمە و چەند کەسیان لێ تیرۆر کردن.) ئەم جارەیان هەرلەو لاپەڕەیەدا دەڵێت:

- (ئەوکاتە بارزانی بەهۆی ئەزموونێکەوە کە لە پێوەندیی لەگەڵ ڕوسەکان هەیبوو، دژی ڕوسەکان بوو. لەبیرمە ساڵی ١٩٥٧ کە لەلای بووم، ئامۆژگاری دەکردم کە هەوڵبدەم لەگەڵ ئەمریکا پێوەندی دامەزرێنین. من گومانم لە وتەکەی کرد و لای خۆم گوتم ڕەنگە بارزانی بیهەوێ ڕادەی بەستراوەیی فیکری من بە سۆسیالیزم هەڵبسەنگێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا بەدڵ دەیویست پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا دامەزرێنێت. کاتێک گەڕایەوە، هەوڵیدەدا بەشێوەیەک پێوەندی بە ئەمریکاوە بگرێ و ئیتر باوەڕی بە ڕوسیە نەمابوو. دەیگوت ئەگەر ئەمریکا یارمەتی بەکورد بکات، کورد بەجێیەک دەگات، ئەگەرنا هەوڵەکانی بێسود دەبن. دیارە بارزانی لەلای خەڵک خۆی لەو باسە دەپاراست و دەیگوت لەوانەیە ڕاسپاردەی شێخ ئەحمەد بووبێت کە کوردەکان تەنیا بە یارمەتی ئەمریکا بە ئازادی دەگەن، لەبەرئەوە بچن و خۆتان بگەیەننە ئەمریکا. بە شێخ ئەحمەدیان دەگوت خودای بارزان و پەیڕەوانی لەو باوەڕەدا بوون کە کەسێکی زانا و تێگەیشتووە و بە نهێنییەکان دەزانێت. ئەو دیاردەیە جێی سەرنج بوو و وەک فەرمانێک وەردەگیرا کە بەهەر شێوەیەک بگونجێ، پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا دامەزرێنن، تا بەڵکوو کورد ڕزگاری بێت و بە ئازادی بگات.... تا ئەو ساڵە هیچ پێوەندییەکی بە دەوڵەتانی ئێران و ئیسرائیلەوە نەبوو. هەر وتەیەک لەم بارەیەوە بە زار و بە نوسراوە دورە لە ڕاستی، بەڵام

بارزانی تا ساڵی ١٩٦١ پێوەندی باش و بەهێزی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە هەبوو. ئێمە کە لە بەغدا بووین، بە دوای کۆنگرە و بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی ڕۆژنامە، ڕوسەکان بە ڕەسمی ئێمەیان بە سەرپەرەستی پارتی دەناسی و تەنانەت یارمەتی ئابووریان دەکرین. مانگانە ٥٠٠٠ دیناریان دەدایێ و من خۆم دەچووم لە سەفارەتی سۆڤیەت پارەکەم وەردەگرت. هەر بەو ڕادەیەش پارەیان بە بارزانی دەدا. بە دوای ئەوەدا تەنانەت بارزانییان بۆ جەژنی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٠ بانگهێشت کردە سۆڤیەت، ڕێزێکی زۆریان لێگرت و تەنانەت یارمەتییەکی باشی ئابووریان پێکرد و دڵنیایان کردەوە کە پشتگیریی و هاوکاریی زیاتری پێ بکەن.)

بەهەر حاڵ دواتر دەرکەوت، کۆنگرەی چوارەم نەیتوانیوە کێشەکانی ناوخۆی پارتی چارەسەربکات. ئەگەر لایەنێک توانی بە یارمەتی بارزانی هەمزە عەبدوڵا و هەڤاڵانی لە پارتی دەربکات، بەڵام ئەو لایەنە کە ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتی دەکرد، هەرلە سەرەتاوە پارتی لەنێوان خۆی و بارزانیدا بەشکردبوو. لە ڕاستیدا لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد بارزانییان بۆ ئەوە دەویست کە خۆیانی پێ بەهێز بکەن. هەروەکوو چۆن پێشتر بە فرۆشتنی وێنەی بارزانی پارەیان کۆدەکردەوە، ئەم جارەیان دەیانویست لە خۆی سود وەرگرن و ئەگەر بۆیان بلوێ لە بارزانی باڵی سەربازیی پارتی پێکبهێنن و بۆخۆیان سەرۆکاتی پارتی بکەن، نەک بارزانی، بەڵام بەهۆی خۆشەویستیی بارزانی لە بوارەکانی سیاسیی، سەربازیی، دیپلۆماسی لەناو خەڵکی کوردستاندا، دەرەقەتی بارزانی نەهاتن. لەبەر ئەوە بەدور لە چاوی بارزانی، لەناو پارتیدا فراکسیۆنێکی نیوە ئاشکرایان پێکهێنا و هەروەکوو مام جەلال ئاماژەی بۆ دەکات، مەکتەبی سیاسیی پارتی لەژێرەوە خەریکی کاری دیپلۆماسی و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ سۆڤیەت و دواتریش لەگەڵ ئێران بوو. وەرگرتنی پارەی مانگانە (٥٠٠٠) دینار لە ساڵی ١٩٥٩دا لە سەفارەتی سۆڤیەت لە بەغدا لەلایەن مام جەلالەوە و پێوەندی گرتنی مام جەلال لەگەڵ سەرهەنگ مەنسورپوور بەستراوەی سەربازیی ئێران لە بەغدا کە لە لاپەڕەی ٥٧٤ دا ئاماژەی بۆ کردوە و بە سەرۆک عەشیرەت ناوبردنی بارزانی، پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد و

تاڵەبانی بە کردەوە و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان نەک نەتەوەی کورد، لە باڵی مستەفا بارزانی جیا بوونەوە کە ئەو شێوە کارکردنە، فری بەسەر کاری حیزبایەتی و کاری بە کۆمەڵی حیزبییەوە نییە و هەڵقوڵای کاری دەرەبەگایەتییە!!

هەرلە لاپەڕەی ٥٩٣- ٥٩٤ دا مام جەلال دەڵێت: (قاسم لە خۆوە بیانووی بە بارزانی دەگرت و دەیویست بڵێت بارزانی سەربە ئینگلیزەکانە، لە حاڵێکدا ئەوە دوربوو لە ڕاستی. قاسم وتەکانی بەوە دەبەستەوە کە گوایە لە دۆسیەی شەخسی بارزانی لە وەزارەتی بەرگریی عێراق، چەند نامەیەکی بارزانی هەیە کە سەردەمێک بۆ دەوڵەتی ئینگلیزی نوسیوە و گوتوویەتی: من دۆست و دڵسۆزی "لەندەن"م و دەمەوێ ئێوە یارمەتی بە ئێمە کوردەکان بکەن و دوژمنایەتی ئێمە نەکەن. قاسم ئەو نامانەی هێنابووە دەر تا بڵێت بارزانی سەر بە ئینگلیزەکانە و بەو جۆرە بە ویستەکانی بگات. بە تەواوی ڕوون و پێویست بوو کە ڕەنگە بارزانی ئەو نامانەی بۆ بریتانیا نوسیبێ، بەڵام ئەو دژی حکومەتێک بوو کە بریتانیا پشتیوانی لێدەکرد. ڕاپەڕینی بارزانی بە دژی حکومەتی مەلیک و شای عێراق بوو کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە پشتیوانی دەکرا. هەروەها دژی سوپای ئینگلیز شەڕی کردبوو. ئینگلیزیش لەگەڵ سوپای عێراق و بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵی ئینگلیزی "ڕنتن"، دژی بارزانی شەڕی کردبوو. ڕەنتن لە شەڕدا دەستی بریندار بوو و دواتر بڕیانەوە.)

مام جەلال خۆی وەڵامی ئەو پێوەندییەی بارزانی داوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نوسینی نامەیەکی بەم جۆرە لەلایەن بارزانیەوە، دڵسۆزیی ئەو بە چارەسەریی کێشەی کورد بە ئاشتی و ڕادەی بەرزی دیپلۆماتی ئەو پێشاندەدات کە لەکاتی دەستەویەخە بوونی لەگەڵ سوپای ئینگلیز، داوایان لێبکات کە دەست لە کورد کوشتن هەڵگرن و وەک ئەو عەرەبانەی دورگە کە هەرکامەیان بە یارمەتی ئینگلیزەکان حکومەتی خۆیان پێکهێنا، یارمەتی بە نەتەوەی کوردیش بدەن کە لە چەوسانەوە ڕزگاری بێت.

بارزانی هەرگیز بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا، ئیسرائیل و یا هەر دەوڵەتێکیتری جیهان، جگەلە داگیرکەرانی کوردستان، لاریی نەبووە و لەو باوەڕەدا بوو ئەگەر دنیای دەرەوە بەتایبەتی ئەمریکا یارمەتی بە کورد نەکات، نەتەوەی کورد ناتوانی بەهێزی خۆی، خۆی لە چنگ داگیرکەران ڕزگار بکات. هەموو بەڵگەنامەکان لەوە دەدوێن کە پێوەندی بارزانی لەگەڵ ئێران لە ڕووی ناچارییەوە بووە. بەو تێگەیشتنە کە پێشمەرگە لەکاتی شەڕی چەکدارانەدا پێویستی بە جێیەک بۆ پاشەکشە و بۆ دابینکردنی چەکەمەنی، خواردەمەنی و پزیشک و دەرمان هەیە. دوای ڕاکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بۆ ئالان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٤، پێوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەدەوە گواسترایەوە بۆ بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات. لە لاپەڕەکانی کۆتایی ئەم کتێبەدا، ئاماژە بۆ پێوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ دەولەتانی جیهان دەکەم.

سەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، بارزانی بە نهێنی و دوور لە چاوی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی ئەو پێوەندییانەی دانەمەزراندوە، بەڵکوو هەموو پێوەندییەکانی بە بڕیاربوون و بە لایەنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتییەوە بەڕێوەچوون. سەیر ئەوەیە کە پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل لە سەرەتادا بەهۆی خودی مام جەلال و بەدوور لە چاوی بارزانی دامەزراوە.

بۆ یەکەم جار بەڕێزیان لە گەشتێکیدا بۆ ئەوروپا کە لە نیوەی دووەمی مانگی ئاپریلی "نیسان" ١٩٦٣دا ئەنجامی گرت، بەهاوکاریی میر کامەران بەدرخان، لە مانگی یونی "حوزەیران"دا لە پاریس چاوی بە شەمعون پیرس کەوت و بە دوای ئەو دیدارەشدا، پێوەندیی شۆڕش و ئیسرائیل بە دوور لە چاوی بارزانی، بە چوونی وەفدێک بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامەتی عومەر مستەفا دەبابە و سەید عەزیز شەمزینی بەڕێگەی ئێراندا بۆ ئیسرائیل ئەنجامی گرتوە. بەڵام سەبارەت بە پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی پارتی و بارزانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، چەند نموونەیەک دێنمەوە کە بەڵگەنامەکانی فیلمی دیکۆمێنتی "لەبەر ئەوەی ئێمە کوردین" وەرمگرتوون:

- گرنگترین ئەو کارانەی مەلا مستەفا بارزانی لە ماوەی مێژووی خەباتە دوور و درێژیدا ئەنجامی داوە، هەوڵی بە نێودەوڵەتی کردنی مەسەلەی کورد بووە، ئەویش لە میانەی کارکردن بۆ گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و بەدەستهێنانی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەسەلەیە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێ لەو وڵاتە مەزنانە بوو کە لەوەتەی سالانی دووەمین جەنگی جیهانییەوە بارزانی ڕووی تێکرد، هەر لەکاتی ئەو ڕاپەڕینەی بارزانی لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥دا سەرکردایەتی کرد، سەرۆکی کورد هەوڵ و کۆششی بۆ ئەوە بوو پشتگیریی سیاسیی ئەمریکا بۆ بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی بەدەست بێنێت، ئەویش لە ڕێگای کۆششکردن بۆ دیدەنیی دیپلۆماتکارانی ئەمریکی، ئەوانەی لە کۆمیسارێتیی ئەمریکا کە لە بەغدا کاریان دەکرد. ئەوە بوو کە چاوی بە یەکێک لەوانە کەوت لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا لە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٤٤دا. دوای ئەو گفتوگۆیانەی لەنێوان ئەو و گەورە بەرپرسانی عێراق ئەنجام درا، کۆمیسارێتیی ئەمریکی بارزانی و سەردانەکەی بۆ بەغدا بەم شێوەیە وەسف کرد:

"کەسێکی کورتە باڵایە، بەڵام کاریگەرە، لە ڕواڵەتی دەرەوەیدا بەویقارە، ڕەنگی پێستەکەی لە ڕەنگی دارگوێز دەکات، لووتی چەماوەیە، مووی سمێڵ و برۆکانی ڕەشێکی تاریکە، جلوبەرگی نەتەوایەتی کوردیی پڕلە زیندەگی دەپۆشێ، جەمانەیەکی سوور دەکاتە سەری، هەستێکی وا دەکەی کە هاوڕێیەکی دڵسۆزە و پیاوێکی بەڕێز و خاوەن بڕیارە، چوست و چالاکە کە، هاتە بەغدا وەکو پاڵەوانێکی لە جەنگ گەڕاوە دەچوو، تا سەرۆکی دەستەیەکی یاخیبوو.(٧)")

- بارزانی لە هەوڵەکانیدا بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزیی ئەمریکا بۆ بزاڤی نەتەوایەتیی کوردی لە ماوەی ڕووداوەکانی کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ بەردەوام بوو، لە کاتی دیدارەکەی لەگەڵ "جۆرج ئەلن"ی باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران.(٨)

- بارزانی پتر لە یازدە ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت مایەوە، بەڵام ئەمەیان کاری نەکردە سەر بۆچوونەکانی سەبارەت بە بەدەستهێنانی پشتگیریی

ئەمریکا بۆ مەسەلەی کورد لەکاتی شۆڕشی ئەیلولدا، بەڵکو هەر لە دەستپێکردنی شۆڕش، ئارەزوومەندیی ئەو پشتگیرییە بوو. بارزانی بەپێی قسەی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی "دانا ئادمز شمیدت" کە لە ساڵی ١٩٦٢دا چاوی پێکەوتبوو، دەڵێت: " بارزانی زۆری بەلاوە گرنگ بوو کێشەکەی بخاتە بەردەم جیهانی ڕۆژئاوا. دوا هیوای ئەوە بوو لە شەڕەکەیدا لە پێناو مافی چارەی خۆنوسینی سیاسی بۆ کورد یارمەتیی ئەمریکا بەدەست بێنێت.[٩]

- لە میانەی دیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی "دانا ئادمز شمیدت" بارزانی گوتی: ئێمە ئارەزوو دەکەین کە هەموو زامنکارییەک پێشکەش بکەین، ئەگەر ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا مەرجی ئەوە بخاتە سەر کورد کە لە هەمبەر یارمەتیدانیان بۆ ئێمە، پابەندی ئەوە بین کە پەنا بۆ هیچ ورووژاندنێکی کوردی ئێران و تورکیا نەبەین...[١٠]

- لە حوزەیرانی ١٩٦٤دا نوێنەرانی شۆڕشی کورد هەریەک لە: "شەوکەت ئاکرەیی و لوقمان بارزانی" کوڕی سەرۆک بارزانی چاویان بە بەرپرسێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە قاهیرە کەوت و پێیان ڕاگەیاند کە مەلا مستەفا بارزانی داوای لێکردوون هەردووکیان بەرەو ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بچن بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد بخەنە بەردەم بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام دیاربوو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕێنوێنی خۆی بە باڵیۆزکەی خۆی لە بەغدا دابوو سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر نوێنەرێکی شۆڕشی کوردی ئەگەر بیەوێ بچێتە واشنتۆن، ئەوە بوو ئەو بروسکەیەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٤ کە بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکای لە بەغدا ناردبوو، ئەمەی تێدا هاتووە:

"نە لە توانای شەوکەت ئاکرەیی و نە لە توانای لوقمان بارزانیدا هەیە بەرژەوەندییەکانی کورد لە واشنتۆن بخەنەڕوو، بەپێچەوانەی ئەمەش ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی لەنێوان کورد و حکومەتی عێراقدا هەیە، ڕەنگە بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەڵبچێت کە زەرووری نییە، بەتایبەتی ئەگەر لێرە لە واشنتۆن وتوویژ لەگەڵ نەتەوەخوازانی کوردی ناسراو ئەنجام بدرێت.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە نوێنەرانی کورد سەردانەکەیان بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان هەر تەنها ئەوە نییە کە جێگەی خۆشحاڵی نابێت، بەڵکو ئەوان بەرەورووی داتەپێنیش دەبنەوە[١١]."

- ڕۆژی ١٩٦٥/٤/١٢، شەمسەدین موفتی نوێنەری شۆڕشی کورد لە تاران لەگەڵ مەسعود بارزانی سەردانی باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە تاران کرد و نامەیەکی مستەفا بارزانییان بۆ حکومەتی ئەمریکا پێبوو. هەروەها نامەیەک، یان ڕاسپاردەیەکی زارەکیش کە تیایدا داوای لە حکوومەتی ئەمریکا دەکرد بۆ یارمەتیدان و پێشکەشکردنی پشتگیریی ماڵی و سەربازی بۆ کورد، بەتایبەتیش چەکی قورس، لە باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران لە بروسکەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٦٥/٤/١٢ بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای لە واشنتۆن ناردووە ئاماژە بۆ ئەو دیدارە دەکات کە لەگەڵ یەکێ لە بەرپرسانی باڵیۆزخانە ئەنجامیداوە و باڵیۆزەکە دەڵێت: "موفتی لە کاتی دیدارەکەدا گوتی: بارزانی ئارەزوومەندە کەناڵێکی پێوەندیی ڕاستەخۆی لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکاندا هەبێت لە جیاتی پێوەندیکردن لە ڕێگەی ئێرانییەکانەوە، ئەوانەی متمانەیان پێ ناکات کە بیروبۆچوونەکانی ئەو بەوردی بگوازنەوە[١٢].

- لە شوباتی ١٩٦٧دا دوکتۆر مەحمود عوسمان نامەیەکی لە بارزانییەوە بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان گواستەوە. نامەکە بۆ "جۆنسۆن" سەرۆکی ئەمریکا بوو. لەم نامەیەدا بارزانی داوای لە ئیدارەی ئەمریکا کردبوو تەدەخول بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا ویستی هەرلەسەر سیاسەتی پێشووی بەردەوام بێت، ئەوە بوو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جارێکی دیکە ئەوەی دووپات کردەوە کە "لەسەر ویلایەتەیەکگرتووەکانە تەنیا لە لایەنی مرۆییەوە لە مەسەلەکە بڕوانێت.[١٣]

- ئەلکساندر کیسیۆڤ Aleksander kisilev بەرپرسی کاروباری دەرەوەی ئەوکاتی دەزگای هەواڵگری حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت "کا.گ.ب" دەڵێت: (بارزانی بۆ پشتگیری لە کورد و گواستنەوەی کێشەکەی بۆناو کۆمەڵگای

نێودەوڵەتی بۆخۆی منی بینی و داوای یارمەتی لێکردین و گوتی هیوادارم یەکێتی سۆڤیەت لە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، کەسایەتی خۆی بەکار بهێنێت بۆ بەرگری کردن لە کورد و دۆخە عادڵانەکەی کورد.[١٤])

- پرۆفیسۆر لیۆنید مێدڤیدکۆ Leonid Medvedko بەرپرسی ئەوکاتی بیرۆی پراودا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێت: (من شەرەفی ئەوەم هەبوو نامەی بارزانی کە ئاراستەی نەتەوەیەکگرتووەکان و شەخسی خرۆشۆفی کردبوو لە ساڵی ١٩٦٥دا بگەیەنم. بارزانی لە نامەکەیدا داوای کردبوو خرۆشۆف یارمەتی بکات لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا.[١٥])

- بێرنادر دۆرین Bernard Dorin بالیۆزی فەرەنسە لەو سەردەمدا لە ئێران دەڵێت: (ڕاگرتنی بەلانس لەنێوان سۆڤیەت و ئەمریکا لەلایەن بارزانیەوە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە هەردوولایەن دەیانکێشایە لای خۆیان و ئەو بەهەر لایەکدا کەوتبا، کێشەی بۆ دروست دەبوو.[١٦])

- دوکتۆر مەحمود عوسمان کەسایەتی سەربەخۆی سیاسیی و ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەڵێت: بارزانی لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ سۆڤیەت پێوەندی باشی هەبوو، لەگەڵ عەرەبەکاندا پێوەندی شایستەی هەبوو.[١٧]

- عەزیز محەمەد سکرتێری پێشوی حیزبی کۆمونیستی عێراق: بارزانی تەوازونی هەبوو لەنێوان سۆڤیەت و رۆژئاوادا و هەردوولایەن دەیانویست بارزانی بەلای خۆیاندا بشکێننەوە، بەڵام بارزانی خۆی ڕاگرتبوو.[١٨]

- کریس کۆچیرا نوسەر و رۆژنامەنوسی فەرەنسی: (خاڵێکی گشتی هەیە کە خەڵک کەمتر پێیدەزانن، ئەویش مانۆڕی سیاسی بارزانی بوو لەگەڵ ئێران. شای ئێران هەڵوێستی بارزانی لەگەڵ ئێران لە سەردەمی کۆماری کوردستان و شەڕەکانی ناوچەی شنۆ و ماکۆ و ڕەوەکەی بارزانی بۆ سۆڤیەت لەبیر نەکردبوو. لەبەر ئەوە بە تاوانی کوشتنی سەربازی ئێرانی حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردبوو. دوای شۆڕشی تەموز شا دەیویست

پێوەندی بە بزوتنەوەی کوردەوە بگرێت و بارزانیش پێیوابوو بۆ یارمەتی وەرگـرتن لە ئەوروپا پێویستە بەشێوەی تاکتیکی کەڵک لە ئێران وەرگرێت.[١٩])

- عیسا پژمان نوێنەری ساواک لە عێراق لە سالانی ١٩٥٥-١٩٧٠: (مەلا مستەفا هاوکات لەگەڵ جەمال عەبدولناسر و سۆڤیەت پێوەندی هەبوو، کاتێک داوام لە شا کرد کە پێوەندی بە مەلا مستەفاوە بکەین، گوتی نا، ئەو شەڕی بە دژی ئێمە کردوە و ئەفسەر و پلەدار و سەربازی ئێمەی کوشتوە.[٢٠])

- عیسا پژمان: (داوام لە شا کرد و گوتم ئەگەر سەرکردەکانی پارتی دیموکراتمان بەدەستەوە بێت و کەڵکیان لێوەربگرین، دەتوانین بە دەستی ئەوان پێش بە سەرکەوتنەکانی بارزانی بگرین، تانانەت ئەگەر شەڕی ناوخۆشیان لەناودا ساز بکەین. ئەوجار شا قەبووڵی کرد و گوتی درێژە بە کارەکانت بدە کە ئەویش کێشەی کوردی ئاڵۆزتر کرد و کێشەی نێوان مەکتەبی سیاسی و بارزانی قوڵتر کردەوە.[٢١])

مام جەلال ئەم جارەیان لە لاپەڕەکانی ٥٧٧- ٥٧٨ دا باس لە کێشەی نێوان شێخ سلێمان بارزانی و مستەفا بارزانی دەکات و دەڵێت: (لە یەکێتی سۆڤیەت نێوانی لەگەڵ بارزانی تێکچوو بوو، چونکە لەو سەردەمەدا ئەو لایەنگری باقرۆف بوو، دوریان نەخستبووەوە بۆ ئاسیای ناوەندی، دەیگوت: "بارزانی پێکهێنەری ناکۆکی بووە لەگەڵ ڕوسەکان و کەسێکی نەگونجاو بووە و ئێمەی توشی کێشە و گرفت کردوە." بە کورتی لە یەکێتی سۆڤیەت بە تەواوی دژی بارزانی هەڵدەسوڕا و بارزانیش دژی ئەو بوو.).

کێشەی شێخ سلێمان لەگەڵ بارزانی بە سەرکەوتنی سیاسەتی مستەفا بارزانی لە بەسەر سیاسەتی باقرۆف، بێریا و ستالین دا و دەستبەردار بوونی سۆڤیەت لە ئازار دانی بارزانی و هەڤالانی بە دوای مردنی ستالیندا و بەدەسەڵات گەیشتنی خرۆشۆف و گۆڕانی سیاسەتی سۆڤیەت

سەبارەت بە بارزانییەکان و سەرئەنجام گەڕانەوەی شێخ سلێمان لەگەڵ بارزانی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨دا بەکۆتا هات. ئەمە ڕاستە، بارزانی سەبارەت بە مافی خۆی و هەڤاڵانی و نەتەوەکەی سەرۆکێکی چاونەترس، نەبەز و نەسرەوتوو بوو، ملی بۆ خواستەکانی باقرۆف ڕانەکێشا و نەیهێشت باقرۆف خۆی و هەڤالانی بکات بە داردەستی کۆمونیزم و تورکەکانی ئازەربایجانی ئێران و نەچووە ژێر فەرمانی باقرۆف و بێریا. لەم بارەیەوە پرۆفسیۆر ئەناتۆلی سودۆ پلاتۆڤ Anatoly Sudoplatov لە فیلمی دیکۆمێنتی "پێشڕەو"دا دەڵێت:

- بڕیاری دانی مافی پەنابەریی سیاسی لە دەست کاربەدەستانی ئازەربایجاندا نەبوو و دەبووایە لە مۆسکۆ وەربگیرێت. باوکم سودۆ پلاتۆڤ لە مۆسکۆ مەئمورکرا بچێتە باکۆ و چاوی بە مستەفا بارزانی بکەوێت و مافی پەنابەریی سیاسیی لە یەکێتی سۆڤیەت بە بارزانییەکان ڕابگەیەنێ. باقرۆف سکرتێری گشتی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان خۆی بەخاوەنی ئازەربایجانی گەورە دەزانی، ئەو پلانێکی چەوتی بۆ بارزانییەکان هەبوو، دەیویست درێژە بە شۆڕشی ئازەربایجانی ئێران بدات و خەریکبوو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بۆ ئەو مەبەستەی بەکار بێنێت. ستالین گوتی مانەوەی بارزانییەکان لە قەفقاز ژیرانە نیە و بۆ ئەوەی کە پێوەندیمان لەگەڵ ئێران تێکنەچێ، بەتایبەتی لەوکاتەدا کە پێوەندی باشیان لەگەڵ ئێران هەبوو، سەرەتا ویستیان بارزانییەکان ڕەوانەی سیبریا بکەن، بەڵام خەڵکی سیبریا بۆخۆیان بە دژواری بەرگەی سەرمای ناوچەکەیان دەگرت، لەبەر ئەوە بڕیاریاندا بارزانییەکان بەسەر ڕوسیادا بڵاو بکەنەوە. ستالین پێشنیازی ئاسیای ناوەڕاستی کرد، چونکە پانتایی زۆرە و کەش و هەواکەشی لە کوردستان نزیکە و بە پێشنیازی ستالین لە تاشکەند جێگیریان کردن. سەرەتا بڕیاربوو ڕۆژی ١٩٤٩/٣/١٤ بارزانی بەرن بۆ مۆسکۆ، بەڵام لە جیاتی بردنی بۆ مۆسکۆ، سواری فڕۆکەیان کرد و بۆ دوڕگەی "قەرە قەرپاخ" لە دەریاچەی "ئاراڵ" دوریان خستەوە و ڕۆژ ١٩٤٩/٣/١٥ش ١٦ ئەفسەری بارزانیان بردە گۆشەیەکی تری "قەرم" و هاوڕێکانیشیان بەسەر گوندەکانی ئۆزبەکستان دا بەشکرد، بەڵام ئەوان بێدەنگ نەبوون و دروشمی "یان مردن یان بارزانی"یان بەرز

**کردەوە. سەرئەنجام هەلومەرجی نێونەتەوەی ستالینی تەسلمی خواستی بارزانییەکان کرد و بارزانیان گەڕاندەوە لای هەڤالانی.[٢٢]**

مێژوو سەلماندی بە مردنی ستالین و ئیعدام کرانی باقرۆف و بێریا بە فەرمانی مۆسکۆ، بارزانی توانی بەنهێنی لە ئوزبەکستانەوە بچێت بۆ مۆسکۆ و چاوی بە خرۆشۆف بکەوێ و ژیانێکی نوێ بۆ خۆی و بۆ هەڤالانی دەستەبەر بکات. ئەوە بوو کە شێخ سلێمان لەگەڵ ٤٦٠ پیاو، ٢٠٨ ئافرەت و ٢٢٥ منداڵی بارزانییەکان گەڕانەوە بۆ کوردستان.

جگەلەوە، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ١٩٤٧- ١٩٥٨ لە ماڵی مەحمود ئاغای هەرکی لە موسڵ نەبووە و لەم بارەیەوە هەڵە کراوە، چونکە هەروەکوو بەڕێز مام جەلال دەزانێت، مەسعود بارزانی لە ماڵی مەحمود ئاغای زێباری باپیری بووە، نەک لە ماڵی مەحمود ئاغای هەرکی. لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی بەڵگەنامەکان، گومان لەوەدا نییە کە بارزانی ڕێبەرێکی ئاشتیخواز بووە و بەدرێژایی تەمەنی ویستوویەتی کێشەی نەتەوەی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بە ئاشتی چارەسەر بکات.
بە بەردەوامی دەستپێشخەر بووە لە ئاشتی و نزیکایەتی لەگەڵ ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی دژی نەتەوەی کورد پاڵیان بە دوژمنەوەدابوو. چەندان جار مام جەلال، بارزانی بەوە تاوانبار دەکات کە نزیکایەتی لەگەڵ عەشیرەتەکان کردوە. تەنانەت ئەو هەستە ئاشتیخوازانەی بارزانی دووجار بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بووەتەوە لە ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٧٠ دا. وتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییەن کە دوای ڕێککەوتنی بارزانی و حیزبی بەعس لە ١٩٧٠/٣/١١ و گەڕانەوەی دووبارەی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی بۆلای بارزانی و شۆڕشی ئەیلول، گفتوگۆیەک کە لەنێوان مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە بەشێوەی خوارەوە لە ساڵی ١٩٧٠ دا ئەنجام درا:

بارزانی: ئێستا نە خراپەی تۆ و نە چاکەی تۆ لەگەڵ منا نییە، لەگەڵ قەومی تۆیە، لەگەڵ قەومی خۆتا ئەگەر خیانەتت فرێدا مومکنە خزمەت بکەی، ئەگەر خیانەتیشت هەرپێیە ئیتر خیانەتی تریش بکەی کەیفی خۆتە و لە زەرەری میللەکەتە. ئەوەی لەسەر شانی ئێمەیە موقابیل ئەم شەعبە ئەوەمان زانی کە عەفوو بدەین کە مەجال ندەدین بە کەسێک بڵێ خەتای ئەمانە بوو، ئێمە کوردبووین و ئیشدەکەین، بەلام مەجالی ئێمەیان نەدا، یان ئێمە حەز دەکەین ئیش بۆ میللەتی خۆمان بکەین و مەجالی ئێمەیان نەدا. ئەوە تەسەور مەکەن، با زۆر خۆمان لە بەرامبەر مەسڵەحەتی میللەتدا بە هیچ نەزانین، ئەوەی مەسڵەحەت بێ ئێمە خزوعی بۆ دەکەین، حەقمان نییە چ لە مەسڵەحەتی میللەتی خۆمان بێ خزوعی بۆ نەکەین لەهەر حالێک، مەسڵەحەت چ بێ، زۆر کەم ئەڵێین ئەوانەی ڕۆیشتن و کوڕی فلان و فلان کە حەیاتی خۆیان بەخشی، گەیشتینە ئەم حاڵە، لە سایەی ئەوانەوە ئێستاش لە لوتفی ئیلاهی و لە سایەی ئەو کوڕە ئازایانەوە کە بە هەزاران حەیاتی خۆیان بەخشی، گەیشتینە ئەم حاڵە، ئەم حاڵەتەی ئەگەر میللەتی کورد بۆخۆی ببێ و ئیشی خۆی بکات و مەجال بە دوژمن نەدا، مومکنە بۆخۆی ئەو ئەساسە کە هەیە لەسەری بینای لێ بکات، ئەگەر خۆشی نەبێت، جا ئەمێنێتەوە لەسەر میللەت خۆی هەموو شت و هەموو ئەساس و ڕێگا و عەقلیەت و دروستت بکات. ئەوەی لەسەر ئێمەش بوو، ئێمە بەقەدەر عەقڵی خۆمان، واجیباتی خۆمان کرد. یەکەمیان ئیتفاقی ئازار لەسەر ئەساسی حوکمی زاتی بۆ شەعبی کوردم زامن کرد. دووەم عەفوی عاممماندا تا میللەتی کورد بێتە سەرئیشی خۆی و مەجالی بدرێتێ. ئیتر سێیەمینیان ماوە لەسەر لیاقەتی خۆی. جا خۆتان ئێستا بەچی قەناعەت دەکەن، بەچی ڕازی ئەبن و دڵتان چ دەخوازێ، من لە غەیری حەقی کورد شتێکی ترم نییە.

ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە دڵمان هەر ئەوە دەخوازێ، ئەوەی تۆ بەباشی ئەزانی ئێستا موراعات نەبێ، ئێمە ئەو برادەرانە کە هاتووین قەولمان بەوانی دیکە داوە کە دەرفەت بێت لە ٢٠ ڕۆژدا لە ١٥ ڕۆژدا کۆیان کەینەوە و ڕەئی نێوان خۆمان و جەنابتانیان پێ ئەڵێین کە بیکەن بە قەرارێک جا کێ دێ لەگەڵمان دێینە خزمەتت و چۆن ئەفەرمووی وا

ئەکەین، کێ نایە، چ کەلێ سەختە بیگرێ، ڕێی پیاوەتی ئەگرێ با بیگرێ و ڕیگای شەڕ و دوژمنایەتیش ئەگرێ، با بیگرێ.

بارزانی: جەلال نەهاتە ئێرە ، ئەو هاتە ئێرە و گەڕاوە. ئەو لە ئەورووپا بەیانێکی دەرکردوە و خەبەری بۆ ئێمە ناردوە کە ئەو بەیانە بەبێ ئاگاداریی ئەو دەرکراوە، ئەدی کێ نوسی؟

ئیبراهیم ئەحمەد: وەڵاهی وەبیلاهی وەتیلاهی، هەرچی سوێندە و ئینسان بڕوای پێ ئەکا لە ئەرزدا، نە ئاگامان لێبووە و نە ڕەئیمان تیایدابووە.

عومەر دەبابە: نە پێمانخۆش بووە.

ئیبراهیم ئەحمەد: چەند لای ئێوە قسەی پێوتراوە، ئێوە نەقدتان کردوە، ئێمە جنێومان پێداوە و زەلامێکمان بەتایبەت ناردوە تا جنێویان پێبدا. بەڵێ ئەگەر ئەمە سیخوڕی پێ نەکردون، ئەگەر ئەمە دوژمنایەتی کوردی پێ نەکردون، کێ پێی کردون؟ ئەمە قازانجی چی تێدایە؟ دەسەڵاتی ئێوە چییە ئەو ئیش تێک بدەن. لەوە خەرپتر ئیشەکە تێک نەدەن، ئەوەی ئێمە قەرارمان پێداوە بچێ خەڵکەکە کۆ بکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەیە ئەو کەسەی کە لە ئیجماعەکە دەربچێ، لە ئەورووپا بێ لە ئاسیا بێ لە ئەفریقا بێ، وەکو دوژمنی کورد سەیری بکەین بەو حیسابەی کە هەتا ئێستاش لەگەڵ ئێمە بووە. ئێمە وامان کرد ئەگینا بە هەموو کەسمان گوتبوو، ئەوەی ئەورووپا بۆ ئەوەی شتی وا بێجێ و ناشیرین و پڕ زەرەر ڕونەداتەوە و نەیکەین و بەدڵ و گیانەوە نایکەین و زۆر زۆر جارێکی دیکەش بەناوی هەموو برادەرانەوە ئەو هەلەی بۆ کوردستان ڕەخساوە، ئەوە فەخرێکە ئیتر بەهەموو حیسابێکەوە بە هەموو مەسئولیەت و غەڵەت و گوناح و خراپەیەوە، ئەو خوێنە لە کورد جارێکی دیکە بەدەستی کورد نەڕژێ، کێ هات لەگەڵمان دێ و کێ نەیەت چ ڕێگایەک بەباش دەزانێ بۆخۆی حەز دەکات، دەبێتە جاش ئەبێ بە ڕەئیس ئەبێ بە بەعس ئەبێ بە هەرچیەبێ. دەسەڵاتی هیچمان نییە و زۆریش لە کەس

ناکەین لەم ئیشەیا. ئەمانەوەی بە ئیختیاری خۆیان هەرکەس خۆی بە ئێمەوە بەستوە بە حیساب تا ئێستە، ئێمە ڕەئی خۆمانی پێدەڵێین. ئێمە خۆمان و ئیشی خۆمان بەو نەوعە لێک ئەدەین، کێ ڕازییە و لە ڕێی کورددایە حیسابی خۆی لە ڕێی کورددا لەگەڵ ئێمە بووە، ڕێی کورد ئەمەیە، ئەوە نەبووە. مایە ئەو کەسەی کە دێتەوە بۆ خزمەت بە کورد بکات و دیاریش نەکەوێ بۆ کورد تۆ چیت کردوە و ئەو کەسەش چ ناپیاوەتییەکی کردوە و بۆ ئەوەی کردوە، ئەگەر چی بڵێم هەندێ چاکەی هەیە فەقەت هەندێ خراپەشی لێ دروست دەبێ و منافساتی تری لێ دروست دەبێ و شتی لێ دەبێتەوە و وەختی ئەوە نییە. ئێمە بە هەموومانەوە کەمین، جا چ پارچە پارچەش بین. بە هەموومان ئەوەی لە دەرەوەشە کۆیان بکەینەوە و بەشی ئەو ئیشانە ناکات کە لەسەر کوردە بیکات و ئەو ئەرکەی لە پێشمانە و ئەو ڕەنجەی لەسەر شانمانە و ئەو غەڵەتەی کە پێی ئەکرێ، چاکی بکات. لەبەر ئەوە لای ئێمە ئەوە هەیە و ئەوەش ڕەئی من نییە بە تەنیا، ئەگەرچی من قسەکان دەکەم. ئەو سوپاسەشت ئەکەین بۆ ئەو فورسەتەی بۆ ئێمە هەڵتان خست. سوپاسی ئێوە و سوپاسی ئەو هەموو برادەرانەش ئەکەین کە دەستیان هەبوو لەو فورسەتەی هەڵیان خست ئەوە نەمێنێ، وە لاموایە هەموو کوردێکی دڵسۆزیش سوپاس دەکات و سوپاسی ئەو هەمووە کەسانەش دەکات کە ئیشیان کردوە لە نەهێشتنی ئەو کەلێنە کە مومکنە دوژمن بێگومان لێی دەهاتە ژورەوە و دەیەوێ لێی بێتە ژورەوە.

ئەوەی عەرزت ئەکەم ئەوەیە نە جەلال و نە غەیرە جەلال و نە هیچ ئینسانێکی دیکە ئەگەر ئەو ڕێیە نەگرێت نە ئەمن و نە عومەر و نە غەیری عومەر بەلای منەوە ئەگەر ئەو ڕێیە نەگرێ، نە کوردە نە پیاوە نە ئینسانە. خۆی چ ڕێیەک دەگرێ، بیگرێ یەعنی ئەو ڕێیە نەگرێ کە خزمەتی کوردی تیایە، لەم ڕۆژانە نەیەتە سەر ئەو ڕێیە ڕاستە، بەلای منەوە پیاو نییە و ڕاست نییە و ساغ نییە و هەرچی پێی وتراوە ڕاستە و بە قەڵسی و ئیسرار کردویەتی.

ئەمە قسەکانی منە تا ٢٠ ڕۆژێکی پێناچی، هەتا ئەوەندە بەپەلە بووین، دەبوایە دوانزە و چواردەی مانگ بهاتنایە، ئێستا ئیشەکە بڕابووەوە و وەدواکەوتنیشی نەناز بوو و نە تەعارف. موجامەلات و شتی

تر بوو. ترسێکیان هەبوو کە هەندێ جیهات پێی ناخۆش بوو، گوتیان دوو جاش لە سەرەوە تەقەیەک دەکات و کەلێنێکمان دیسان ئەخاتە بەینەوە. کاک عومەر شاهیدە، برادەران لەگەڵم بوون لە ئوتۆمبیلەکە، کاک عومەر بۆخۆی ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی، ئوتومبیل هی خۆمانە، بە کاک عومەرم وت لە ڕیگادا زۆر هێواش لێ بخوڕە، بۆخاتری خوا لەگەڵی عەلی بەگا، خوا نەکا تایەی ئوتومبیلەکە دەربچێ و توشی شتێک بین، دەڵێن موئامەرەیە، با بەسلامەتی بچین و بە سەرکەوتویی و سەلامەت بگەڕێینەوە. نوری ئەحمەی تەهام لە چایخانەکە دیت، گوتی ئەگەر ئەو ئیشە سەری گرت، دەعوەتتان دەکەم، گوتم: دەعوەتەکە بکە و بیخۆین، گوتی بۆ؟ گوتم: ئەو ئیشە سەرکەوتنی تێدا نییە و چۆن دەفەرموێ ئێمە وادەکەین. گوتی دە دینارم بە دزییەوە بدەنێ ئەیکەم بە دەعوەت بۆتان.
ئێمە ئەگەر و مەگەری ناخەینێ، چونکە ئێمە بۆ ئەگەر نەهاتووین. ئەوانەش کە لەگەڵ ئێمە بوون، ئەوە ئێمە پێ لەم واقیعە ئەنێین و دێنە ژێر ئەم ئالایەوە و لەژێر ئالای شۆڕش و پێشەوا مەلا مستەفا ئیش ئەکەین، ئەگەر کوڕی کوردن ئەوە ڕێی کوردایەتی ئەوەیە و ئەگەر هیچن بۆخۆیان چدەکەن هیچ حیسابێک بۆ ئەو ئیشە نیە، با شتێک بنوسرێ، تا کەس ئیدعای شتی تر نەکات.

عومەر دەبابە: کێ ڕازییە ئەوە حیسابە و کێش ڕازی نیە کەیفی خۆیەتی.

ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە خۆمان لەوێ لەو کۆنفرانسەی کە ئێمە قەرارمان وەرگرتووە و لەسەر ئیقراری خۆمان کە بێن دانیشین لێرە و ئەمەمان وەرگرتووە، ئەوەی پێی ئەڵێن مونەزەمات و شتی وا تاقمێک بەخۆیان دەزانن، ئەگەر نەهاتن.
تێبینی: کاسێتی ئەو دیدارەی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە بەدەنگ لای من پارێزراوە.(٢٣)

بەشەکەی تری کتێبی دوای ٦٠ ساڵ کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بەناوی عیرفان قانعی فەرد ئامادەی کردوە، سەبارەت بە کێشەی نێوان

ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی، لە لاپەڕەی ٤٩٨ دا دەنوسێت: **(هەرچەندە لە یەکەم ڕۆژەکانی گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق لە سۆڤیەتەوە، هەندێک ناکۆکی سیاسیی لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی سەریهەڵدا کە دواتر بە ناکۆکی پارتی و بارزانی ناسرا، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی پارتی لەبەر مامەڵەی سیاسی و هێشتنەوەی کورسی و سەقامگیرکردنی خۆیان، بەشیوەی کاتی بێدەنگ بوون. ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت: "گەورەترین هەڵەی من لە ژیاندا ئەوە بوو کە یارمەتیم کرد بە گەڕانەوەی بارزانی لە تەبعیدی سۆڤیەت بۆ عێراق بە دوای کودەتای قاسم دا.")**

هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، هەرچەندە ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە داوای گەڕانەوەی بارزانی لە عەبدولکەریم قاسم کرد، بەڵام هەروەکوو لە وەڵامی وتەکانی مام جەلال دا ڕوونم کردەوە، کەریم قاسم هەفتەیەک بەدوای سەرکەوتنی کودەتادا، لە ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢١ شێخ ئەحمەدی لە زیندان ئازادکرد و لەگەڵ شێخ ئەحمەد ڕێکەوت کە مستەفا بارزانیی و بارزانییەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق. هەروەها مستەفا بارزانی خۆی بەدوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، لە ڕۆمانیا و پراگەوە بروسکەی ئاراستەی کەریم قاسم کرد و لەگەڵ پیرۆز کردنی سەرکەوتنەکەی، داوای گەڕانەوەی کرد بۆ عێراق کە کەریم قاسم پێشوازیی لێکرد.

لە ڕاستیدا کەسایەتی سیاسیی و نەتەوەیی و ناوبانگی نێوەنەتەوەیی بارزانی لەوە بەرزتر بوو کە کەریم قاسم بتوانێ پشتگوێی بخات، یان بۆ ناسینی ئەو پێویستی بە داخوازی ئیبراهیم ئەحمەد هەبێ. لەو تێڕوانینەوە بوو کە کاتی گەڕانەوەی بۆ عێراق، بارزانی بە هەر وڵاتێکدا تێدەپەڕی، سەرۆکی ئەو وڵاتە پێشوازیی لێدەکرد، بە کەریم قاسمیشەوە. تەنیا کارێکی ئیبراهیم ئەحمەد کردی، چوونی بوو بۆ پراگ بۆ پێشوازیی کردن لە بارزانی کە خەریکبوو لە پلەی قارەمانی نەتەوەیەکدا دەگەڕایەوە ناو گەلەکەی و گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە نەبوو. تەنانەت بەبێ چوونی ئەو بۆ پراگ، بارزانی خۆی دەگەڕایەوە. لە درێژەی نوسینەکەیدا قانعی فەرد

دەڵێت: **(ئیبراهیم ئەحمەد پێیوابوو کە ناوی بارزانی بۆ شۆڕشی کورد گرنگە، بەڵام کاتێک بۆ یەکەم جار لە پراگ بارزانی بینی، تێگەیشت بارزانی ئەو ڕێبەرە ناسیۆنالیستە نییە، بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو.)**

بەپێچەوانەوە ئیبراهم ئەحمەد خۆی بە کوردێکی ناسیۆنالیست نەدەزانی کە چاوەڕوانی ناسیونالیست بوونی لە بارزانی هەبێت. ئەو کەسێکی چەپ و هەڵگری بیری ماوتسی تۆنگ بوو تا کوردێکی نەتەوەیی. کێشەی ئەو لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم، لەو چوارچێوەیەدا بوو کە ئەو لە لایەک دەیویست پێشڕەوی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بێت و لە لایەکی تردا سەرۆکایەتی بزوتنەوەی کرێکاران و جوتیارانی کوردستان بکات، هەروەک چون دواتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو دوو باڵەی چەپ و نەتەوەیی پێکهات.

لە ڕاستیدا ئیبراهیم ئەحمەد بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەتەوە بۆ کوردستان، کەسایەتییەک نەبوو کە بتوانێ خەڵک لە دەوری خۆی و پارتی دیموکرات کۆبکاتەوە، ئەوە بارزانی بوو کە ئەوی لە "ئەحەی بلەڕەش"ەوە گەیاندە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و دوای تێکچوونیشی لەگەڵ بارزانی ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا پەنجەم بۆ ڕاکێشا.

قانعی فەرد لە لاپەڕەی ٤٩٩- ٥٠٠ دا، لە ژیانی بارزانی لە سۆڤیەت دەدوێ و سەرلەنوێ وەک بەشەکانی پێشوو، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ساواک دەنوسێت: **(لە سەرەتادا بارزانی و هەڤاڵانی ڕەوانەی باکۆ کران و لەوێ خرانە ژێر چاودێری سەرکردە ڕاکردووەکانی فیرقەی دیموکرات، لەوانە پیشەوەریی و غوڵام یەحیا و پەناهیان. لەوێش ڕوسەکان بەهۆی جۆراوجۆر سەرنجی پێنەدان. بارزانی بە بەردەوامی تاوانی بیری دەرەبەگایەتی و پێوەندیی لەگەڵ ئینگلیزەکان لێدەدرا. هەڤاڵانی بارزانی بەرەبەرە تێکەڵاوی کاری جۆراوجۆر بوون و هەندێکیان لەگەڵ کچە ڕوسان هاوسەرگیرییان کرد. تەنانەت ئیزنیان نەدەدا بە بارزانی هاتووچۆی ناوچەکانی تر بکات. بارزانی کە بە بەردەوامی خەریکی ژیانی ڕاحەت و سیاسەت و ئاژاوەگێڕیی بوو، ڕەخنەی لەو**

بارودۆخە دەگرت و بۆ سیبریا دوریان خستەوە و دوای ئەوەی زمانی قوڵە بوەوە، ڕەوانەی ناوچەی پێشویان کردەوە. یەکێک لە ئەندامانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە پەنای بۆ ڕوسیا بردبوو، لەو بارەیەوە دەڵێت: بارزانی بە دوای شکانی مهاباد توانی خۆی بگەیەنێتە ئەوبەری ئاراس و لە مەترسی دور بکەوێتەوە. چەند جار ویستمان چاومان بە بارزانی بکەویت، بەڵام ڕوسەکان نەیانهێشت.)

بەهەرحاڵ کودەتای ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، ستروکتوری ناوچەکەی بەتەواوی گۆڕی. بەرزبوونەوەی هەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و هەوڵدان بۆ تێکخستنەوەی وڵاتانی سوریا، عیراق و میسر وەک پلانێکی ناسیونالیستی لەلایەن جەمال عەبدولناسر سەرکۆماری میسر، لایەنگریی حکومەتی نوێی عێراقی لە سیاسەتی سۆڤیەت، پەسەند کردنی ماددەی سێ لە یاسای عێراقدا کە عەرەب و کوردی وەک دوو نەتەوە بە خاوەنی عێراقی نوێ دەناساند، کێشەیەکی مەزنی دەرونی بۆ محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی، شای ئێران دروست کرد. لەبەر ئەوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدەدا سەرە داوێک بدۆزێتەوە بۆ تێکدان و شێواندنی دۆخی نوێی عێراق.

یەکێک لە مەترسییە سەرەکییەکانی ڕژێمی شای ئێران لە عێراق، کوردەکان بوون. لەو بارەیەوە عیرفان قانعی فەرد لە لاپەڕەکانی ٥١٢-٥١٣ی دوای ٦٠ ساڵ دا دەنوسێت:

- (ساواک لە کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەبوو. لە لایەک لەناو خەڵکدا وەک قارەمانێکی نەتەوەیی باسی لە بارزانی دەکرد و لە لایەکی تردا، وەک سالانی پێشوو باسکردن و هێنانی ناوی قازی محەمەد یاساخ بوو. ڕاپەڕینەکانی کوردیان بە یاخی بوون و جیاوازییخواز دەزانی و مەحکومیان دەکرد. لە بەرەکەی تردا لە کوردستانی عێراق نوێنەری ساواک بە شوێن ئەو هێزانەدا دەگەڕا کە بتوانێت بۆ گەیشتن بە مانجەکانی کەڵکیان لێوەربگرێت. یەکێک لە ئامانجەکانی ساواک دیدار و وتووێژ کردن بوو لەگەڵ بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەوکاتە لە ڕۆژی یەکەمی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، هەموو لایەک بە کۆمونیست و عەشیرەتەکانەوە دەیانویست خۆیان بە بارزانی هەڵواسن

و خۆیانی لێ نزیک کەنەوە، چونکە ناو و پلەی بارزانی هەست بزوێن بوو. .... سەرەتا کۆمونیستەکان نامەیان بۆ بارزانی نوسی و گوتیان جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد کەسانی بۆرژوان. ڕەنگە ئەوانە بەو فیکرە کە بارزانی کۆمونیستە و زۆر لە کۆمونیزم فێربووە، دەیانویست کەڵکی لێوەربگرن، بەڵام بارزانی کەسێکی نەتەوەیی بوو و تەنیا ئازادی دەویست. ئەو هەرگیز بیری لە حیزب نەدەکردەوە. هەرلەو کاتەشدا پێشبڕکێ دەستی پێکرد، بەڵام بارزانی لە بازاڕی درۆی سیاسەتدا دەیویست بەتەنیا خۆی وەک ڕێبەرێکی بێهەوتای کوردەکان بمێنێتەوە، چونکە ئیتر شێخ مەحمود و قازی محەمەد و نەیارانی تری لە کوردستاندا نەمابوون و بەتەنیا تاوی دەدا کە وەک سەرۆک بمێنێتەوە و... تد.)

بە درێژای مێژووی خەباتی بارزانییەکان، مستەفا بارزانی دژی هیچکام لە سەرکردەکانی پێشووی کورد نەوەستاوە. لە خەبات و خۆڕاگریدا پشتی بە ئەزمونی بزوتنەوەکانی شێخ عەبدولقادر، شێخ عوبەیدیلا، شێخ سەعید، سەید ڕەزا، سمکۆ، شێخ مەحمود و پێشەوا قازی محەمەد بەستووە. بارزانی بەپێچەوانەی وتەی خۆفرۆشانی کۆماری ئیسلامی، هەرگیز لە هیچ کات و زەمانێکدا خۆی بە ئەلتەرناتیڤی شێخ مەحمود و پێشەوا قازی نەزانیوە و بەگوێرەی هەلومەرج و بە شێوازی سەردەمیانە پەیڕەو و درێژەدەری خەبات و تێکۆشانی ئەوان بووە. ڕێزگرتن لەو سەرکردانە لە خوێن و خسڵەتی بارزانییەکاندایە و ئێستاش سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نەوەکانی مستەفا بارزانی پەیڕەوی لەو سیاسەتە دەکەن و تەنانەت خەبات و تێکۆشانی مام جەلال و سەرکردەکانی تری کوردستانیشیان لەبەرچاوە و ڕێزی لێدەگرن. بەپێچەوانەوە، ئەوە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بوون کە بە بیانوی ڕۆشنبیریی، هێڵێ کۆتاییان بەسەر ئەو سیاسەت و مەزنایەتییەدا کێشا و بزوتنەوەی کوردستانیان بەخۆیان بەستەوە و سەرۆک و بزوتنەوەکانی بەرلە خۆیان نەفی کرد، وەک ئەوەی کە بزوتنەوەکانی کوردستان لەوانەوە دەستی پێکردبێت.

مەلا مستەفا بارزانی جگەلە شێخانی بارزان و شێخ ئەحمەد، لە سەرکردەکانی بەرلە خۆی فێرببوو کە چۆن خزمەتی نەتەوەی کورد بکات!

و ئەو ڕێبازەشی بۆ نەوەکانی بەجێهێشت کە بۆ سەرخستن و بە ئامانج گەیاندنی نەتەوەی کورد و ئازادکردنی کوردستان لە چنگ داگیرکەران نەوەستن، بخوێنن، خۆیان پەروەردە بکەن، زانیاریی کۆبکەنەوە و خزمەتکاری ڕاستینی نەتەوەی کورد بن. لە ڕاستیدا کێشەی ڕژێمی محەمەد ڕزاشا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو ڕێبازەیە و دەیانەوێت نەیهێڵن و کوێری بکەنەوە، نەهێڵن کورد لە دەوری یەکتر کۆبنەوە و دەیانەوێ یەکڕیزی کورد بشێوێنن، مێژووەکەی چەواشە بکەن و ئەگەر بتوانن ئەزمونی باشوری کوردستان بشکێنن، ئەگەرنا لە بزاڤی بخەن و بیوەستێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی سەرکردەیەکی زانا و دوربین بوو، بە تیۆری و لە پراکتیکدا لە سۆسیالیزمی سۆڤیەت گەیشتبوو. دژی هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت کۆماری کوردستان بوو. دەیزانی باقرۆف و بێریا، جەعفەر پیشەوەریی سەرکۆماری ئازەربایجان کوشتوە. هەروەها لە نزیکەوە هەستی بە بارودۆخ و ژیانی کوردەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و ڕادەی چەوساوەیی ئەوان کردبوو. دوازدە ساڵ لە سۆڤیەت ژیابوو، بە توێژینەوەی خۆی و هەڤاڵانی و بنەماڵەکانیان توانی هەڤاڵانی لە چنگ ستەمی سۆسیالیزمی سۆڤیەت ڕزگار بکات.

بە واتایەکی تر هەرلە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە و بەتایبەتی دوای چوونی بۆ سۆڤیەت، سیاسەت و کردەوەی ڕوسەکانی لەژێرچاو گرتبوو. ڕێبەرێکی دورئەندێش بوو، دەیزانی بە دوای جەنگی دووەمی جیهانییدا، بەلانسی زلهێزەکانی جیهان بەکام لادا دەشکێتەوە. سۆڤیەت پێشڕەو دەبێت و ڕۆڵی گۆڕانکارییەکانی دەگرێتە ئەستۆ، یان ئەمریکا؟ لەو ڕوانگەیەوە بوو کە بارزانی وەک ڕاستگۆترین کەسایەتی و ڕێبەری کوردان، کاتی گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، درۆی لەگەڵ خەڵکەکەی نەکرد و بیروبۆچوونی خۆی نەشاردەوە و نەتەوەی کوردی بە بەهەشتی بەرینی سۆسیالیزمی سۆڤیەت و چین "سین" فریو نەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، مام جەلال و بەڵگەنامەکانی ساواک و ڕوکنی دووەم بە ڕاشکاوی ددان بەوە دادەنێن کە لەو سەردەمدا، بارزانی خۆی بەتەنیا لە پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی و حیزبە قەومییەکانی تری عێراق مەزنتر بووە، پارتی دیموکراتی کوردستان بە باڵی چەپ و ڕاستیەوە

شانازیان بەوەوە دەکرد کە بارزانی سەرۆکیان بێت، جگەلە ئیبراهیم ئەحمەد کە لە لاپەڕەکانی پێشودا لە زاری مام جەلالەوە بیستمان کە کەسێکی توندرەو، نەحاواوە و هەڵگری بیر و تیۆری ماوتسی تۆنگ بووە و ویستوویەتی سۆسیالیزمی چینی بێنێتە کوردستان. لە ڕاستیدا ئیبراهیم ئەحمەد دووچاری ئەو گومانە ببوو کە ئەو خۆی ماوتسی تۆنگە و بارزانی چیانکایچک. لە جێی خۆیدا پتر لەو بابەتە دەدوێم.

لە لاپەڕەی ٥١٤دا قانعی فەرد پەنجە بۆ خاڵێکی تر سەبارەت بە مام جەلال ڕادەکێشێت: **(لەو سەردەمەدا مام جەلال کەسێکی نەناسراو بوو، بەڵام وەک ئەوانی تر حیزبی بوو و لە پلەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیدا، لەناو خەڵکدا سیمایەکی ناسراوبوو. سەرەڕای نزیکبوونی لە ئیبراهیم ئەحمەد، لای نارازییەکانیش خاوەن ڕێز و حورمەتی تایبەتی بوو. ئەو بە بنەماڵە شێخ بوو. لە شێخەکان فێرببوو کە هەرچەندە دوژمنی کەمتر هەبێت، لە سەرکەوتن نزیکترە. ئێستاش لە سیاسەتی کورددا شوێنەواری زۆربەی شێخەکانی تێدا دەبیندرێت. ڕەنگە ئەوە بە هەڵکەوت بێت کە سێ سیمای مەزنی ناسیۆنالیزمی کورد لە سەدەی بیستەمدا: شێخ مەحمود بەرزەنجی، مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە بنەماڵەی شێخەکان بوون و دیارە ژمارەیەکی تریش هەن....تد.)**

قانعی فەرد لە لاپەڕەی ٥١٧دا بە پەیرەوی لە سیاسەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هاودەنگە لەگەڵ پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان، دەنوسێت:

**- (کوردەکان بە دوای کودەتای ١٩٥٨دا لە کەرکوک گەشەیان سەند و توانای مافخوازییان پەیداکرد. ئەوکاتە باس لە فیدراڵی نەدەکرا و هیچکەس نەیدەزانی خودموختاری چییە، بەڵام هەموو داوایان دەکرد. لە بەرامبەردا بەگشتی داواکارییەکانیان بەرز کردەوە. دیارە دوای دەستپێکردنی شەڕ لە ساڵی ١٩٦١دا بە سەرۆکایەتی بارزانی، قاسم بە پشتگیری جاشەکان، بە فڕۆکە هێرشی کردەسەر نزیکەی ٥٠٠ گوندی کوردان و نزیکەی ٨٠ هەزار کەسی ئاوارە کرد. لەو سەردەمەدا حکومەت دەیویست کەرکوک لە کورد پاک بکاتەوە و چەندان گروپی عەرەبی لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هێنایە ئەو شارە و لەوێ نیشتەجێی کردن.)**

هەمــوو دۆســتان و دوژمنــانی کــورد دەزانــن کە کەرکــوک شــارێکی کوردستانییە. بە دوای ساڵی ١٩٥٨دا، جگەلەو کوردانەی خەڵکی ئەو شارە بوون و لەوێ دەژیان، کورد لە هیچ شوێنێکی ترەوە نەچووەتە کەرکوک کە لەوێ گەشە بکات و ژمارەیان بچێتەسەر و توانای مافخوازیی پەیدا بکەن. کورد لە کەرکوک و شوێنەکانی تری کوردستان هەر ئەوەیان دەوێت کە لە شۆڕشەکانی پێشودا هەوڵیان بۆ داوە، هەرلە بزوتنەوەی ئەیالەتەکانەوە تا پەیمانی سیڤەر و بزوتنەوەکانی دوایی، تا کۆماری کوردستان کە بارزانی و پێشەوا قازی محەمەد لەسەری ڕێککەوتن کە کۆماری کوردستان سەربەخۆ بێت، بە شێوەی دیموکراتی بەڕێوەبچێت، گەشە بە پلەی ژیان و ئابووریی خەڵک بدات و هەوڵبدات بەشەکانی تری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەران ڕزگار بکات. گەلی کورد هەر ناوێک لەسەر داخوازەکەی بنێت، ئەوەی دەوێت کە خۆی و وڵاتەکەی لەژێر دەستی داگیرکەران ڕزگار بکات. ئەوە لە کەرکوک و لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستان دروشمیەتی و بۆ ئەو ئامانجەش خوێنی داوە و ئامادەشە کە خوێنی بۆ بدات.

قانعی فەرد سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر پلانی ساواک لە باشوری کوردستان و پەنجە بۆ بەشێک لەو دیاردانە ڕادەکێشێت کە بەڕێز جەلال تاڵەبانی باسی لێکردون وەک نوسینی ڕۆژنامەکەکان سەبارەت بە غەنی بلوریان و دەرکردنی هەمزە عەبدوڵا لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکرات و دواتر لە لاپەڕە ٥٤١ دا دەنوسێت:

**- (عەشیرەتەکانی لۆلان بە سەرۆکایەتی شێخ ڕەشیدی لۆلان دوژمنی لەمێژینەی بارزانی، عەشیرەتی هەرکی بە سەرۆکایەتی فەتاح بەگ، عەشیرەتی برادۆست بە سەرۆکایەتی مەحمود خەلیفە و ژمارەیەکی تریش بە ئامانجی شەڕ بە دژی بارزانییەکان پڕچەک کران و ئامادە کرابوون. شەڕ سەرلەنوێ وەک ساڵی ١٩٤٥ سەریهەڵدایەوە. دواتر دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەتەوە بۆ عێراق لە ١٩٥٨/١٠/٦ و بە پشتیبەستن بە بەڵگەنامەکانی ساواک دەڵێت: قاسم ڕەزامەندی لەگەڵ ئەو دیدارەی بارزانی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر نەبووە.)**

ئەگەر خوێنەری کتێبی دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی هەندێک ورد سەرنج بداتە نوسینەکان، ئالۆزیی نێوان نوسینەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بۆ دەردەکەوێت و تێدەگات ئەم کتێبەی مام جەلال بەهۆی کەسێکەوە نەنوسراوە و لە زۆر جێدا تەنانەت ئالۆزیی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. ئەوە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە وەردەگرێت کە ڕاپۆرتەکانی ساواک لەلایەن سیخوڕێکەوە نەنوسراون و چەندان سیخوڕ بە پلەی جیاواز ئەو ڕاپۆرتانەیان نوسیوە، بەڵام لە هەموویاندا باس لە بەربەرەکانی و شەڕی عەشیرەتەکانی دەوروپشتی بارزان لەگەڵ بارزانییەکان دەکرێت. لەبەر ئەوە پێویستە هەندێک ڕوونتر پەنجە بۆ شوێن و پێگەی بارزانییەکان و کێشەی عەشیرەتەکان دژی بارزانییەکان ڕاکێشم.

ناوچەی بارزان کەوتووەتە باشوری کوردستان و لە سنوری پارێزگای هەولێردایە. یەکێکە لە سێ ناحیەکانی مەڵبەندی مێرگەسور: (**مێرگەسور، بارزان و شێروان**) لە خۆرهەڵاتی قەزای ڕەواندز، خۆرئاوای قەزای ئامێدی و باشوری قەزای ئاکرێ هەڵکەوتووە و لە باکورەوەش دەگاتە باکوری کوردستان. دانیشتوانی ناوچەکە بە کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتەوە خەریکن و ژمارەی گوندەکانی ٤٠٠ گوندن. ڕێژەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری شۆڕشی ئەیلول لە کۆتایی شەستەکاندا، ٣٥ تا ٤٠ هەزار کەس بووە و ئێستا نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەسە. ناوچەیەکی شاخاوییە و ڕوباری زێی گەورەی بەنێودا دەڕوات و دەچێتە گەلی بێخمە و لە خواروی موسڵ تێکەڵاوی ڕوباری زێ دەبێ. هەروەها ڕوباری "ڕۆکوچک" لە باکورەوە دێت و بە ناوچەکەدا تێدەپەڕێ و لە نزیک "ڕێزان" تێکەڵاوی زێی گەورە دەبێ. لە چیا بەرزەکانی کوردستان، چیای شیرین بەسەر بارزان دا دەڕوانێت و چیای "بۆتین"، "پیران"، "قەلەندەر"، "برادۆست"، "زەردەنە" و "کوڕی هۆری" دەوریان تەنیوە.

بارزان مەڵبەندی شێخەکانی بارزانە کە بارزانییەکان ناوی خۆیان لەو گوندە وەرگرتووە. ئەو شێخانە لە بەرەبابی فەرمانڕەواکانی ئامێدی

بـوون. مەسـعودی باپیریـان هـاتووە لە گونـدی "هەڤنکـا"ی نزیـک گونـدی بــارزان نیشــتەجێ بــووە و لـەوێ کچێکــی بـە هاوســەریی وەرگرتــووە و کـوڕێکی لێـی بـووە بە نـاوی سـەعید کە نەوەی ئەویـش شـێخ تـاجەدین زانـایەکی نـاوداری ئـایینی بـوو. گەلێـک مریـد لـە دەوری شـێخ تـاجەدین کۆببـوونەوە و ئەویـش تەکیـەی بـارزانی دامەزرانـد و هەمـوو ژیـانی لـەوێ تێپەڕانـد. پـاش ئەو، شـێخ عەبـدولرەحمانی کـوڕی و بە دواتـریش شـێخ عەبــدوڵای کــوڕی جێیگــرتەوە کە بە دینــداری و خۆپــارێزی ناوبــانگی دەرکردبـوو. ئەو شێخ عەبدولسـەلامی کـوڕی نـاردە "نەهـریە" تـا لـەسـەر دەسـتی شـێخی گەورە "سـەید تەهـای نەهـری" زانیـارییە ئایینییەکـانی وەربگرێـت و ئەویـش بە دوای کـۆچی باوکیـدا کاروبـاری تەکیـەی بـارزانی بەدەستەوە گرت و ژمارەی مریدەکانی زۆر زیـادی کـرد. شێخ عەبدولسـەلام خوێنـدنگەیەکی ئـایینی لە گونـدی بـارزان دانـا کە لە هەمـوو ناوچەکانـدا دەنگی دایەوە و ژمارەیەکی زۆر بۆ خوێندن ڕویان تێکردوە و پێوەندیی زۆر گەرمیشی لەگەڵ سەید تەهای نەهری هەبووە.

مەولانـا خالیـد نەقشـبەندی لە گەشـتەکەی خۆیـدا بـۆ نـاوچەی بـارزان سـەردانی تەکـیەی بـارزانی کـردوە و شـێخ عەبدولسـەلامی بە خەڵـیفە وەرگرت و لـەگەڵ خۆی بردویەتە نەهری بۆ بینینی سەید تەهـا کە ئەویـش ببوو بـە خـەڵیفەی مەولانا خالید.

شـێخ عەبدولسـەلام سـاڵی ١٨٧٢ کـۆچی دوایـی کـرد. سـێ سـاڵ بەرلە کۆچکردنـی، کتێبێکی بـە نرخـی لـەسەر فقهی ئیسلام بڵاوکردەوە. پـاش ئەو شـێخ مـحـەمەدی کـوڕی شـێخایەتی وەرگـرت. ئەو خوێنـدنی لای بـاوکی تـەواوکردبـوو و لـە بـڕوا و خۆپارێزیـدا زۆر بەناوبانـگ بـوو. لـە سـەردەمی شــێخ مــحـەمەددا تەکــیەی بــارزان ببــوو بە پەناگــای زۆرلێکــراوان و لێقەوماوانی هۆزەکانی دەوروپشتی بارزان، تا وایلێهات سەرۆک هۆزەکـان لـەلای کاربەدەستانی عوسمانی شکاتیان لـە شێخ محەمەد کرد و حکومەتی عوسمانی شێخی گرت و ساڵێک لـە شاری بتلیس زینـدانی کـرد و شێخ دوای گەڕانەوەی بـۆ بـارزان، زۆری دەوام نەهێنـا و سـاڵی ١٩٠٣ کـۆچی دوایـی کـرد. شـێخ مـحەمەد کـاتی کـۆچی دوایـی، پێـنج کـوڕی بەناوەکـانی شـێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد، محەمەد سدیق، بابۆ و مەلا مستەفا هەبوو.

لە سەردەمی شێخایەتی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دا کۆمەڵێک چاکسازیی و گۆڕانی بنەڕەتی لە ناوچەکە و لەناو بارزانییەکاندا پێکهات. ئەگەر بەرلە شێخ عەبدولسەلام تێکڕای بارزانییەکان هاوبیری شێخانی بارزان نەبوون، لەوکاتەوە بەتێکڕا پشتگیریی و دڵسۆزی خۆیان بۆ شێخ دەربری و هۆزەکانی "شێروانی"، "دۆڵەمەری"، "مزوری"، "بەرۆژی"، "نزاری"، "گەردی" و "هەرکی بنەجێ" ملیان بۆ پێشەوایەتی شێخ عەبدولسەلام دانەواند و لەوکاتەوە ناوی بارزانی، ئەو هۆزانەشی گرتەوە.
چاکسازییەکانی شێخ عەبدولسەلام بریتی بوون لە: تێکدانی ڕێوڕەسمی ئاغایەتی، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا، نەهێشتنی مارەیی و بەشودانی زۆرەملی، ڕێکخستنی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی یەکسان، دروستکردنی مزگەوت لە هەموو گوندەکاندا بۆ نوێژکردن و شوێنی کۆبوونەوە و چارەسەرکردنی گێروگرفت و پرسە کۆمەڵایەییەکانی گوند، دانانی لیژنە لە گوندەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گوندەکان، ڕێکخستنی گروپی چەکدار لە هۆزەکاندا و دیارییکردنی لێپرسراو بۆیان. شایانی باسە کە ئەحمەد ئاغای "بیرسیاڤ" خاڵی بارزانی دەوری باڵای هەبوو لە پشتگیریی و پاراستنی ئەو چاکسازیانە و خۆی و هۆزەکەی هێزێکی بنەڕەتی بوون لەدەست شێخ عەبدولسەلام دا.

هەرچەندە سەردەمی پێشەوایەتی شێخ عەبدولسەلام کورت بوو، بەڵام ئەو بە لێهاتوویی و لێزانی تەواو لە کاری دین و دنیادا سەلماندی کە دەبێ خزمەتی خەڵک بکرێ و لەو ڕێیەوە توانی لەگەڵ زۆربەی هۆزەکاندا پێوەندی نزیک پێکبێنێت. شێخ هەستی بەو ستەمە کرد کە نەتەوەی کورد بەدەست عوسمانییەکانەوە دەیچێژێ. بۆ ئەو مەبەستە بەشوێن ڕێیەک کەوت کە گەلی کورد لە زوڵم و ستەم ڕزگار بکات. لە یەکەم هەنگاودا بۆ بینینی سەرۆک و گەورەی هۆزە کوردەکان دەستیکرد بە گەشتێک. شێخ دەورێکی بناخەیی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری چاکسازیی سیاسی لەنێو خەڵکی کوردستانداو لە نزیکەوە پێوەندیی بە کۆمەڵەی "تەعالی تەرەقی کورد"، "کۆمەڵەی هیڤی"، "کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد"، شێخ مەحمودی حەفید، شێخ عەبدولقادری نەهری و سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ"وە کرد. شێخ لە بەهاری ساڵی ١٩٠٧دا بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد کە لە

"بریڤکان" و لە ماڵی شێخ نورمحەمەد بریڤکانی پێشەوای تەکیەی قادری پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر سەرۆک هۆز و گەورەکانی کورد لە بروسکەیەکدا داوایان لە "بابی عالی" لە ئەستەمبوڵ کرد کە ئەم داخوازانەی کورد جێبەجێ بکات:

١- زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا بکرێت بە زمانی ڕەسمی.

٢- خوێندن بە زمانی کوردی بێت.

٣- قایمقام و مودیر ناحیە و کاربەدەستانی ناوچە کوردییەکان دەبێ زمانی کوردی بزانن.

٤- چونکە ئایینی دەوڵەت ئیسلامە، بڕیارەکانی بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەربکرێن.

٥- باجەکان "باجی خزمەتە میرییەکان" وەکوو خۆی بمێنێ بە مەرجێک بۆ چاککردنی ڕێگاوبان و کردنەوەی خوێندنگە لە ناوچە کوردییەکاندا خەرج بکرێت.

"دەمولۆجی" لە کتێبەکەیدا "ئەمارەتی بەهدینان"دا دەڵێت: وێنەی ئەم بروسکەیە نێردرا بۆ شێخ عەبدولقادری عوبەیدیلای نەهری و بۆ ئەمین عالی بەدرخان و بۆ فەریق شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشا کە ئەم وێنە ناردنە پێچەوانەی بیری مۆرکردوەکانی بروسکەکە بوو، چونکە دەیانویست لە ڕەسمیەتی خۆی دەرنەچێ، بەڵام بە ویستی شێخ عەبدولسەلام بەو شێوەیەی لێهات.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووان سوێندیان خوارد کە ئەم داخوازییانە بپارێزن و وازی لێنەهێنن و لە جیاتی هەمووان، شێخ عەبدولسەلام بروسکەکەی مۆر کرد. کاتێ "بابی عالی" ئەو بروسکەیەی وەرگرت، ئەوی بە دەرچوون لە فەرمانی میریی و داوای جیابوونەوە دانا و لە کۆتایی ١٩٠٧دا هێزێکی پۆشتەی لە سوپا بە فەرماندەیی فەریق "محەمەد فازل پاشای داغستان"ی نارده سەریان. هیچکام لە سەرۆک هۆزەکان بەربەرەکانیان نەکرد و تەنانەت هەندێکیان پاڵیان بە داگیرکەرانەوە دا و هەموو قورسایەکە کەوتە سەر بارزان. شێخ عەبدولسەلام فەرمانی بەرگری دا و بۆ ماوەی دوو مانگ، بارزانییەکان بەرگریان کرد، تا

سەرئەنجام شێخ ناچاربوو ناوچەکە بەجێهێڵێت و پەنا بۆ "مارشەمعون"ی ئاسوری بەرێت. داغستانی گەیشتە بارزان و گوندەکەی سوتاند و مستەفا بارزانی تەمەن سێ ساڵانە لەگەڵ دایکی بەدیل گرت و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەندیخانەی موسڵدا ڕایانگرتن.

شێخ عەبدولسەلام ساڵی ١٩٠٨ گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، پیاوەکانی کۆکردەوە و لە پشت چیای شیرین کە دەکەوێتە باکوری گوندی بارزان، پەلاماری ئەو هێزەی تورکانیدا کە لە ناوچەکەدا بوو و زیانێکی زۆری بە سوپای عوسمانی گەیاند. لە ئاکامی ئەو سەرکەوتنە مەزنەدا، حکومەت داوای وتووێژی لە شێخ عەبدولسەلام کرد و لە ئاکامی ئەو وتووێژەدا، شێخ دیلەکانی عوسمانی ئازاد کرد و ئەوانیش قەرەبووی زیانی بارزانییەکانیان کردەوە.

بەڵام ساڵی ١٩١٣ "سلێمان نەزیف" والی موسڵ سەرلەنوێ پەلاماری ناوچەی بارزانیدا و دیسان شێخ ناوچەکەی بەجێهێشت و ئەم جارەیان ڕوی کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چوو بۆلای سەید تەهای محەمەد سدیق نەهری لە گوندی ڕاژان لە نزیک ورمێ. بابی عالی خەڵاتێکی زۆری بۆ گرتن یان کوشتنی شێخ دیاریکرد. لە ڕاژانەوە شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ" چوون بۆ تفلیس و چاویان بە نێردراوی قەیسەری ڕوس "تزار" کەوت و ئەویش بەڵێنی پێدان کە پشتگیری لە کورد بکەن بۆ ڕزگاربوونی لە دەست تورکانی عوسمانی. لە گەڕانەوەدا کە ماڵئاوایی لە سمکۆ کرد، لە گوندی "گەنگەچین" میوانی سۆفی عەبدوڵا خاوەنی گوندەکە دەبێت. سۆفی شەو لە خەودا، شێخ و سێ هاوڕێکانی دەگرێت و لە "سێرو" دەیانداتە دەست تورکان و خەڵاتی خۆی وەردەگرێت. عوسمانییەکان ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ شێخ و سێ هاوڕێکانی لە سێدارە دەدەن.

بە شەهیدبوونی شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی بارزان لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا جێی ئەو دەگرێتەوە. شێخ ئەحمەد کە دوا شێخی بارزانییەکانە، لەسەر ڕێباز و ڕێنوێنییەکانی شێخ عەبدولسەلام دەچێتە

پێشـــــەوە و مەلا مســـــتەفا پەروەردە دەکـــــات کە درێـــــژە بە خەبـــــاتی ڕزگـاریخوازانەی کـورد بـدات. لەنـاو شـێخەکانی بارزانـدا مەلا نازنـاوی کەسـانی خوێنـدەوار بـوو، وەک چـۆن لە نـاوچەی موکریـان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بە خوێندەوارەکانیان دەگوت میرزا.[٢٤]

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی وەزیری پێشوی عێراق.
٢- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨- ١٩٦١ ، مەسعود بارزانی، ئەویش لە خەلیل ئیبراهیم حوسێن، شۆڕشی شەواف لاپەڕەی ١٨٤ وەریگرتووە.
٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٨٦.
٤- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨- ١٩٦١ ، مەسعود بارزانی، لاپەڕەی ٥٠، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٢
٥- ئەرشڤی پارت دیموکرات

٦- وتاری کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، نوسینی ڕەسوڵ ڕزگەیی.
٧- بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، لاپەڕەی ١٦٠عەزیز حەسەن بارزانی، دەزگای سپیرێز بۆ چاپ و بڵاکردەوە، دهۆک ٢٠٠٢. لە کتێبی کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر لاپەڕەی ١٩١- ١٩٦ وەرگیراوە.
٨- دانا ئادمز شمیدت، گەشتی پیاوانی ئازاد بۆ کوردستان، لاپەڕە ١٥٤- ١٥٧، وەرگێڕان و تەعلیقی: جەرجیس فەتحوڵا، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردەوە. لە کتێبی کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر لاپەڕەی ١٩١- ١٩٦ وەرگیراوە.
٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٧.
١٠- دانا ئادمز شمیدت، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٩٣.
11- Telegram from the Department of state to the Embassy in Iraq Washing ton. June 5, 1964.
لە کتێبی کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر لاپەڕەی ١٩١- ١٩٦ وەرگیراوە.
12- Telegram from the Embassy in Iraq to the Department of state. Tehran, April 12, 1965. å
هەمان سەرچاوە.
13- Memorandum from the executive Secretary to the Department of state (Read) to the presidents Special Assistant (Rostow) Washing ton, February 16,1967, Subjecto Letter from Kurdish in Surgent Leader Barzani to the President.
هەمان سەرچاوە.
١٤- ئەلکساندر کیسیۆڤ Aleksander kisilev بەرپرسی کاروباری دەرەوەی دەزگای هەواڵگری حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت "کا.گ.ب" لە فیلمی دیکۆمێنتی "لەبەر ئەوەی ئێمە کوردین".
١٥- پرۆفیسۆر لیۆنید مێدڤیدکۆ Leonid Medvedko بەرپرسی بیرۆی پراودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمان سەرچاوە.
١٦- بێرنادر دۆرین Bernard Dorin بالیۆزی فەرەنسە، هەمان سەرچاوە.
١٧- دوکتۆر مەحمود عوسمان کەسایەتی سەربەخۆی سیاسیی و ئەندامی پەرلەمانی عێراق، هەمان سەرچاوە.
١٨ - عەزیز محەمەد سکرتێری پێشوی حیزبی شیوعی عێراق، هەمان سەرچاوە.
١٩- کریس کۆچیرا نوسەر و ڕۆژنامەنوسی فەرەنسی، هەمان سەرچاوە.
٢٠- عیسا پژمان مەئموری "ساواک" لە عێراق، هەمان سەرچاوە.
٢١- هەمان سەرچاوە.
٢٢- پرۆفسیۆر ئەناتۆڵی سودۆ پلاتۆڤ Anatoly Sudoplatov لە فیلمی دیکۆمێنتی "پێشڕەو".
٢٣- گفتوگۆ لەنێوان مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە، ساڵی ,١٩٧٠
٢٤- ئەم بەشە لەم سێ کتێبانە وەرگیراوە:
ئا- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، ١٩٣١- ١٩٥٨ نوسینی مەسعود بارزانی، وەرگێڕانی سەعید ناکام لە عەرەبییەوە بۆسەر زمانی کوردی، ١٩٩٨.
ب- کتێبی بارزانی- لە مهابادی خوێناویەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس، نەجەفقولی پسیان، وەگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین، ١٩٩٦.
پ- کتێبی اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان، گردآوری و پژوهش: محمد علی سلطانی، سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، ١٩٨٣.

# فەسڵی شەشەم

## دوارۆژی بەردەم حەقیقەت
## ١٩٦١ -١٩٦٣

## دواڕۆژی بەردەم حەقیقەت ١٩٦٣- ١٩٦١

فەسڵی شەشەمی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، لە لاپەڕەی ٦١٠ وە دەست پێدەکات و لە لاپەڕەی ٨٣١ کۆتایی دێت و ٢٢١ لاپەڕەیە. لەو ژمارەیە، ٦٦ لاپەڕەی بۆ گێڕانەوەی وتەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی تەرخان کراوە. لە سەرەتای ئەم بەشەدا مام جەلال باس لە جیابوونەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە مەلا مستەفا بارزانی دەکات و لە لاپەڕەکانی ٧٥٢- ٨٥٣دا دەڵێت:

- (دەتوانم هۆی جیابوونەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و ژەنەراڵ لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگێنم... بەگشتی ئەوانە دوو کەسایەتی تەواو لێک جیاواز بوون. مامۆستا ئیبراهیم کەسایەتێکی خوێندەوار و ئەهلی کتێب بوو. لە سەردەمی خوێندنیدا لە زانکۆ دەستی بە چالاکیی سیاسیی و فەرهەنگی کرد و دواتر کە بوو بە پارێزەر، لە هەموو ژیانیدا هەڵگری بیری چەپ بوو و تا ڕادیەک مارکسیزمی بەرز دەنرخاند. لە پارتیدا زۆری هەوڵدا کەڵکوەرگرتن و سودبردن لە مارکسیزم لە پرۆگرامی حیزبدا بگونجێنێت کە ئێمە سودی لێوەربگرین. جگەلەوە زانیاری تایبەتی هەبوو لە مێژوو و سیاسەتی کۆمەڵگای چین "سین" و بە ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی وڵاتی چین دا بوو. پێیوابوو و تەنانەت هەندێک جاریش دەیگوت ئەگەر مارکسیزم لە چینەوە بگاتە کوردستان، لەگەڵ ژیان و بارودۆخی ئێمە دەگونجێ و یەکدەگرێتەوە، تا ئەوەی لە ڕوسیا بۆ ئێمە هاتووە. زانیاری زۆری سەبارەت بە ڕاپەڕین و مێژووی وڵاتی چین هەبوو و تەنانەت لە دەیەی ١٩٤٠دا کە گۆڤاری "گەلاوێژ"ی بڵاودەکردەوە، زنجیرە بابەتێکی دەربارەی وڵاتی چین وەردەگێڕایەوە سەر زمانی کوردی و بڵاویدەکردەوە. بۆ ئەوەی کە لەلایەن حکومەت و دەزگا چاودێرەکانی حکومەتەوە کێشەی بۆ ساز نەبێت و پێش بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەی نەگرن، زۆر زیرەکانە بابەتەکانی هەڵدەبژارد. باسی "چین چانک"ی دەکرد، لە ماوتسی تۆنگ دەینوسی. زۆربەی وەرگێڕاوەکانیشی لە بڵاوکراوە ئەمریکییەکانی وەک کتێبی ناسراوی "ئادگارسنۆ" بەناوی "ئەستێرەیەکی سور بەسەر چین"دا china Red star over وەردەگرت. لەو ڕێیەوە زانیاری زۆری سەبارەت بە وڵاتی چین بە خوێنەرانی گۆڤارەکەی دەگەیاند و پەنجەی بۆ دیاردەی دیموکراسی نوێ و بزاڤی نیشتمانی و

نەتەوەیی ڕادەکێشا و بۆ ئەوەی کە گوندییەکان و جوتیاران ببن بە هێزی ئەسڵی خەبات و کرێکاران هێزی بنەڕەتی و خوێندکارانی زانکۆ ڕۆڵی مۆتۆڕی بزاڤەکە بەڕێوەبەرن، لە مێشکی خۆیدا خەریکی گەڵاڵە کردنی بوو.

لە بەرامبەردا بارزانی ۱۸۰ پلە لەگەڵ ئەو جیاوازی هەبوو. بەتەواوی مرۆڤێکی تر بوو. بارزانی فەرماندە یان ڕێبەرێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار نەبوو. نەچووبوو بۆ خوێندنگە و زانکۆی نەبینیبوو و زانیاریی و ئاگاداری لە خوێندنی ئاکادیمی نەبوو. تەنانەت خوێندەواریشی نەبوو. بەگشتی کەسایەتییەکی عەشیرەیی کوردستان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن سیمایەکی خەڵکی و خەباتکار بوو. شێوەی بیرکردنەوەی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد جیاواز بوو، لە ڕاستیدا خاوەنی دوو شێوە بیرکردنەوەی تەواو لێک جیاواز بوون. هەرچەندە بارزانی بە ساڵان لە یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەڵام بەتوندی دژی کۆمونیزم و حیزبی شیوعی عێراق بوو. ڕەنگە ئەزموونی مانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت بەرەو ئەو بیرەی پاڵپێوەنابێت. هەرچەندە بە دوای گەڕانەوەیدا ڕوسەکان بە بەردەوامی پشتیان دەگرت، بەڵام بارزانی لەو فیکرەدا بوو کە تا دەستی بە ئەمریکا نەگات و ڕای ئەمریکییەکان بۆلای خۆی ڕانەکێشێت، ناتوانێ بە شێوەیەکی جیددی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. تەنانەت لە یەکەم دیدارماندا لە ڕوسیاش لەنێوان قسەکانیدا بەمنی گوت ڕێگەیەک بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا بدۆزینەوە و هەوڵ بدەین کەناڵێکی پێوەندی پێک بهێنین. ...تد.)

دواتر مام جەلال دەچێتە سەر پێوەندی نێوان بارزانی و ئیسرائیل و بەبێ ئەوەی کە نموونەیەک لەو پێوەندییە بهێنێتەوە، لە لاپەڕەی ۷٥٤دا دەڵێت:

- (دەربارەی پێوەندی بارزانی لەگەڵ ئیسرائیل کتێب و لیکدانەوە و بابەتی زۆر بڵاوکراوەتەوە و پێویستی بە دووپات کردنەوەی من نییە و شتێکی شاراوە نییە لە مێژووی سەردەمدا، بەڵام لە ڕوانگەی منەوە بۆ ئەوە بووە کە بەهۆی ئیسرائیلەوە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا دامەزرێنێت، چونکە بارزانی گرنگایەتی دەدا بەو پێوەندییە و بە توندی پێداگری بۆ دەکرد و لەو فیکرەدا بوو کە ئەگەر دەستی بگاتە ئەمریکا، یان ئەمریکا

پشتیوانی لێبکات، ئیتر سەردەکەوێت و ئەگەرنا ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. دوای شکانی قازی محەمەد و کۆماری کوردستان لە مهاباد، بارزانی چوو بۆ تاران و هەندێک دەڵێن چاوی بە محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران کەوتووە و لە سەرەتادا باسەکە ئەوە بوو کە جێیەکی لە ئێران بدەنێ. لەو سەفەرەیدا لەگەڵ سەفیری ئەمریکاش گفتوگۆی کردوە کە قەبووڵی بکەن خۆی و هاوڕێیانی بە پەنابەری ئەمریکا وەربگیرێن. بە دوای ئەو ناکۆکی ئایدەلۆژیە لە نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، دووەمین مەسەلە ئەسالەت و ناوداربوونی بنەماڵەی بارزانی بوو. ئیبراهیم ئەحمەد لە بنەماڵەیەکی ئاسایی بوو، جێیەکی تایبەتی لەناو کۆمەڵگادا نەبوو و تەنیا مامێکی ئەفسەری سوپا بوو، ئەگەرنا زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەی کاسپ و دوکاندار بوون و لە چینێکی ئاسایی کۆمەڵگا بوون و کاری سادەیان هەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد هەمیشە خۆی بە کوڕە هەژار دەزانی و خۆی بە "ئەحەی بلەڕەش" دەناساند و شانازی بەو ناوە لە پرۆلتاریاچووە دەکرد. ئەو جیاوازییە لە زەینی بنەماڵە و ئەسالەتیدا زۆر دیاربوو. لە بواری سیاسیشەوە کاتێک پارتی بەنهێنی لە کوردستان خەباتی دەکرد و ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتی ئەو بوو، لە ڕاستیدا سەرەتا لەم باوەڕەدا نەبوو کە ئەگەر ڕۆژێک سەرۆکایەتی پارتی لە بارزانی بکات، ئەو قەبووڵی بکا، بەڵام خواست و پێشبینییەکەی دروست نەبوو، بارزانی دەستبەجێ قەبووڵی کرد کە لە یەکێتی سۆڤیەتەوە پلەی ڕێبەری سیمبولیکی هەبێت. ڕەنگە ئیبراهیم ئەحمەد دەیویست ئێمە باشتر بارزانی بناسین و بزانین ئەو هێز و دەسەڵاتی دەوێت؟ کاتی چوونم بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە منیان ویست، لە بارزانی بپرسم کە ئایا ڕازی دەبێت بەناوی ڕێبەری پارتی بیناسێنین و ناوی بەرین، یان نا، ئەویش گوتی بەتەواوی ڕازییە و بارزانی ئەو پلەیەی خۆشدەویست.

بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد بۆ یەکەم جار لەکاتی گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت لە چێکوسلاڤیا یەکتریان بینی، چونکە ئیبراهیم ئەحمەد بۆ پێشوازیی کردنی چووبوو. لە هەمان دیداردا لە "پراگاول" دەرکەوتبوو کە ئەو دوو کەسە خاوەنی دووجۆر بیرکردنەوەی تەواو جیاوازن و لە هێڵێکدا ناگونجێن. کاتی گەڕانەوەی، ئیبراهیم ئەحمەد

نامەیەکی لە ڕاپۆرت چووی ئاراستەی حیزب کرد و ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی کرد و نوسیبوی: "بارزانی مرۆڤێکی هوشیار و سیاسی نییە، بەم جۆرەی چاوەڕوان دەکرا لە دانیشتنەکانی و لە مانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت سودی نەبردووە و ئێستاش لەسەر بیروبۆچوونە کۆنەکانی خۆی پێدادەگرێ و کەسێکی دوربین نییە و...تد." بەگشتی ئیبراهیم ئەحمەد بۆچوونێکی باشی لەسەر بارزانی نەبوو و لە نوسینەکەشیدا روونی نەکردبۆوە. بارزانیش بۆچوونێکی شیاوی لەسەر ئەو نەبوو، لەبەر ئەوە لە یەکەم ڕۆژەکانەوە، ئەو جیاوازییە دەنگ و بۆچوون و شێوەی بینینی لە تەواو دیاردەکاندا ڕەنگی دابۆوە. کاتێک ئیبراهیم ئەحمەد بۆ پلەی سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژێردرا، بارزانی ڕازی نەبوو، بەڵام چونکە بە دەنگی زۆربە هەڵبژێردرابوو، چارەی نەبوو.)

ئەم جارەیان مام جەلال لە لاپەڕەی ٧٥٦دا دەڵێت: (بارزانی کاتێک گەڕایەوە زۆر باوەڕی بە ژیان، سروشت و پرۆگرام و پرنسیپی حیزبی نەبوو، هەرگیز باوەڕی بە کۆنگرە و بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی و پەیڕەوی کردن لە پرۆگرامی حیزبی نەبوو. ئەو تەنیا کەسایەتییەکی کورد و مرۆڤێکی گەورە بوو، بەڵام بەڕاستی کەسایەتی حیزبی نەبوو. تەنانەت زۆربەی کاتەکان لەگەڵ حیزب و ئەوانەی دەوروبەری، وتەی غەیرە جیددی و هەڵسوکەوتی ناشیرین و ناپەسەندی هەبوو، هەندێک جار تەنانەت بوونی حیزبی بە زیان دەزانی، ڕەنگە ئەو شێوە ڕوانینە لە حیزب، هۆیەکی گەورەی ناکۆکی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد بووبێت.)

ئەگەر وتەکانی مام جەلال لەو بەشەدا سەبارەت بە جیاوازیی و کێشەکانی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی بخەینە ڕیزێکەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە جیاوازیی و کێشەکانیان بە گوێرەی گێڕانەوەی مام جەلال، بەگشتی لەو هەشت خاڵانەی خوارەوە سەرچاوەیان وەرگرتوە:

١- ئیبراهیم ئەحمەد هەڵگری بیری چەپ و ماوویی بووە و ئارەزووی هەبووە کۆمونیزمی نمونەی چین لە کوردستان دامەزرێنێت.

٢- ئیبراهیم ئەحمەد کەسایەتییەکی خوێندەوار و ئاکادیمی بووە و بارزانی نەخوێندەوار.

٣- ئیبراهیم ئەحمەد کوڕی بنەماڵەیەکی هەژار بووە. بنەماڵەکەی کاسپ و دوکاندار بوون و خۆی بە "ئەحەی بلەڕەش" ناساندوە کە لە ناوەکەی لە ناوی پرۆلتاریا چووە و بارزانی لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن.

٤- ئیبراهیم ئەحمەد کە سکرتێری گشتی پارتی بوو!!! سەرەتا لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئەگەر ڕۆژێک داوای سەرۆکایەتی پارتی لە بارزانی بکات، ئەو قەبووڵی بکا، بەڵام خواست و پێشبینییەکەی دروست نەبوو، چونکە بارزانی پلە و پایەی خۆشدەویست و دەستبەجێ قەبووڵی کرد.

٥- بارزانی مرۆڤێکی هوشیار و سیاسی نەبووە، بەم جۆرەی چاوەڕوان دەکرا لە دانیشتنەکانی و لە مانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت سودی وەرنەگرتبوو و لەسەر بیروبۆچوونە کۆنەکانی خۆی پێیداگرتوە و کەسێکی عەشیرەیی و نەخوێندەوار و فەرمانده و ڕێبەرێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار دوربین نەبووە.

٦- ویستویەتی پێوەندی بە ئیسرائیل و ئەمریکاوە هەبێت.

٧- دوای شکانی قازی محەمەد و کۆماری کوردستان لە مهاباد، بارزانی چوو بۆ تاران و هەندێک دەڵێن چاوی بە محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران کەوتووە و سەرەتای باسەکە ئەوە بوو کە لە ئێران جێیەکی بدەنێ. لەو سەفەرەیدا لەگەڵ سەفیری ئەمریکاش گفتوگۆی کردوە کە قەبووڵی بکەن خۆی و هاوڕێیانی بە پەنابەری ئەمریکا وەربگیرێن.

٨- بارزانی باوەڕی بە پرۆگرام و پرنسیپی حیزبی نەبوو، هەرگیز باوەڕی بە کۆنگرە و بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی و پەیڕەویکردن لە پرۆگرامی حیزبی نەبوو. ئەو تەنیا کەسایەتییەکی کورد و مرۆڤێکی گەورە بوو، بەڵام بەڕاستی کەسایەتی حیزبی نەبوو. تەنانەت زۆربەی کاتەکان

لەگەڵ حیزب و ئەوانەی دەوروبەری، وتەی غەیرە جیددی و هەڵسوکەوتی ناشیرین و ناپەسەندی هەبوو، هەندێک جار تەنانەت بوونی حیزبی بە زیان دەزانی.

مام جەلال بە لێدوان سەبارەت بەو هەشت خاڵانەی سەروو، وەک بنەمایەکانی کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی، دەیەوێت بەرپرسایەتی ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول و بەتایبەتی ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠ لە ئەستۆی خۆی و ئیبراهیم ئەحمەد هەڵگرێ و بیانخاتە ئەستۆی بارزانی و بەم جۆرە هەڵەکانی خۆی لە چاوی نەوەی نوێ بشارێتەوە، ئەو هەڵانەی کە زیانی زۆر و قەرەبوو نەکراویان بە بزوتنەوەی کورد گەیاند. لە حاڵێکدا بە گوێرەی بەڵگەنامە حاشا هەڵنەگرەکان و شاهیدانی زیندوو، کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی تەنیا بۆ دەسەڵات بووە و هیچی تر. بەو واتایە:

١- ئارەزووی ئیبراهیم ئەحمەد سەبارەت بە گۆڕینی بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان بۆ بزوتنەوەیەکی شێوە چینی، پتر خەون بووە تا واقعیەت چونکە باشوری کوردستان بەشێک بووە لە خاک و دەسەڵاتی عێراق.

٢- بارزانی بەو ڕاستییەی زانیوە کە ئیبراهیم ئەحمەد شۆڕشگێڕی سەر کاغەزە و بە کردەوە کۆمەڵگای کوردەواری باش نەناسیوە. بارزانی هەوڵی پەروەردە کردنیدا، بەڵام هەروەکوو مام جەلال بۆخۆی لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ دەکات، بیری توند و چەپڕەوانەی ئیبراهیم ئەحمەد ڕێگەی لێگرتوە.

٣- سەرهەڵدان و پەرەسەندنی گروپە چەپە ماوییەکان لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا، یەکێک بوو لە نەخۆشییەکانی ڕۆشنبیرانی دەیەکانی ٦٠ی سەدەی پێشوو کە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی وڵاتاندا زیانی گەورەیان بە بزوتنەکانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەیاند. کارەساتی کامبوجیا و بە دەسەڵات گەیشتنی گروپی چەپڕەوی پۆلپۆت کە بە ملیۆن

مرۆڤی بێتاوانی کوشت، نمونەی ئەو بیرکردنەوەیە بوو. ڕێبەرانی ئەو گروپانە پتر لە چینی ناوەندیی کۆمەڵگا و وردە بۆرژوای شار بوون کە بۆ ئەوەی خۆیان بە پرۆلتاریا پێشاندان، بەشێوەی جۆراجۆر پێشبڕکێی یەکتریان دەکرد. لەو ڕوانگەیەوە، شانازیی کردنی ئیبراهیم ئەحمەد بەناوی لە پرۆلتاریا چووی، دەگەڕایەوە بۆ کورت بینی و دیدە چەپڕەوانەکەی، هەروەکوو جۆری دابەشبکردنی چینەکانی کۆمەڵگا و ئەم گوتنەی کە ڕۆشنبیران ماتۆری بزاڤی کۆمەڵگان، دژی گۆڕانی کۆمەڵگا بووە و باس لە بیری ئالۆزی ئەو گروپانە دەکات.

٤- ئیبراهیم ئەحمەد هەرگیز سکرتێری گشتیی پارتی دیموکرات نەبووە، لە حیزبێکدا کە پۆستی سەرۆک هەبێت وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، پۆستی سکرتێری گشتی نییە. ناوبراو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو و ئەو پۆستەشی بە دوای دەرچوونی هەمزە عەبدوڵا لە پارتی، بە یارمەتی بارزانی بەدەستهێنا، مام جەلال لە وتەکانی پێشوویدا ئاماژەی بۆ ئەو مەسەلەیە کردوە. هەروەها ئەوە ڕاست نیە کە بارزانی پۆستی سەرۆکایەتی پارتی پێخۆش بووبێت. هەرچەندە خۆی دامەزرێنەری پارتی بوو و لە کۆنگرەی یەکەمی پارتییەوە لە ساڵی ١٩٤٦ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرابوو، بەڵام کاتی گەڕانەوەی لە سۆڤیەت بە تکا و ڕجا کردیانەوە بە سەرۆکی پارتی کە پارتی پێ زیندوو بکەنەوە. چونکە لەو سەردەمدا بارزانی بەهۆی پیشینەی خەباتکارانەی و ڕۆڵی بەرچاوی لە بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان، لە لایەن زۆربەی خەڵکی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بە سەرۆکی بزوتنەوەی کورد دەناسرا. لەم بارەیەوە مامۆستا عەزیز محەمەد سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی عێراق لە وتووێژێکیدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

**- (بە هەندێک لە برادەرانی ئەوانم گوت ئێمە ئەگەر کەسێک دێنین بۆ حیزبەکەمان، پێی دەڵێین دۆست و دواتر دۆستی یاریدەدەر بە پارە و دوای ماوەیەک دەیپاڵێوین و دواتر دەبێتە ئەندام، بەڵام بارزانی وانەبوو. ئێوە لە ڕۆژی ئەوەڵدا بارزانیتان هێنا و کردتان بە سەرۆک کە حیزبەکەتانی پێ بکەن بە حیزب.)**

٥- بە ڕاستی جێی سەرسوڕمانە کە مام جەلال بە دوای ٦٠ ساڵ ئەزموون و ئاشکرابوونی زۆربەی شانازییەکانی بارزانی بۆ گەلی کورد و دوژمنانی، پشتی بەو وتەیەی ئیبراهیم ئەحمەد سەبارەت بە بارزانی بەستوە. لە بەشی پێشودا ئاگاداری وتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە بووین کە لە بەرامبەر بارزانیدا دانیان بە چەوتی خۆیان لە سیاسەتدا نا، بەڵام سەرنج بدەنە وتەی ئەم سەرکردە و کارناسە سیاسیانە کە دەربارەی بارزانی دەیڵێن:

- عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق: بارزانی کەڵەپیاوێک بوو، نەک لە بارزترین سەرکردەکانی میللەتی کورد، بەڵکوو هەرە بارزترینیان بوو.[١]

- پاڤێل دیمچێنکۆ Pavel Dymchenko ژۆرنالیست: من لە کاری ڕۆژنامەوانیدا سەرۆکی زۆرم بینیوە. ناسر و چەند سەرۆکێکی لوبنانی، زەعیم قاسم و موبارک، بەڵام پێویستە بڵێم بارزانی یەکێکە لە هەرە گەورەکان و سەرقافڵەی هەمووان. ئەو کەسانە ڕوخساری سەدەی بیستەمن، ئێستاش بەم پیرییەم شانازی بەوەوە دەکەم کە شەرەفی ناسینی خەڵکی وەک بارزانیم هەبووە.[٢]

- محەمەد محەمەدی مەلا کەریمی: لام وایە مەلا مستەفای بارزانی هەتا هەتایە وەک یەکەمین پێشەوای کورد لە سەدەی بیستەما ناوی بە زیندوویی ئەمێنێتەوە. مەلا مستەفای بارزانی، لەگەڵ لەچاوگرتنی قارەمانەتی و جەنگاوریی بارزانییەکان و لەگیان بووردووییان لە هەر جەنگێکا بووبێ بەرێشیانەوە یا خۆیان بۆی چووبن، لە ساڵانی کەمی ژیانیا لە سایەی کۆماری مەهابادا، وەک ڕمزێکی ئازایەتی و دوژمن بەزێن، لەناو هەموو گەلی کورد و لە گەلێ کۆڕ و کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی جیهانا ناوبانگی دەرکردووە. لە ساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٥دا لە پاڵ هەرکام لە قارەمانەکانی خەباتی نەتەوەیی گەلانی جیهانا ناوی ڕیز ئەکرێ. ئەگەر ماوتسی تۆنگ ڕەمزی خەباتی گەلی چین، هۆشی مین ڕەمزی خەباتی گەلی ڤێتنام، نەهرۆ ڕەمزی خەباتی گەلی هیند،

موسەدیق ڕەمزی خەباتی گەلی ئێران، عەبدولناسر ڕەمزی خەباتی گەلانی عەرەب، کاسترۆ ڕەمزی خەباتی ئازادی بەخشی گەلی کوبا، ماندێلا ڕەمزی خەباتی گەلی باشوری ئەفریقا بوون، مەلا مستەفای بارزانییش ڕەمزی خەباتی گەلی کورد بوو.(٣)

- محەمەد محەمەدی مەلا کەریمی: گۆڕانی ئەوزاعی عێراق و ناچاریی قۆستنەوەی وەزعی دەستدانە چەکی هەندێ لە سەرۆک خێڵەکانی کوردستانی عێراق کە لەژێر دروشمی درۆی داوای مافی کورد و لە ڕاستیدا بۆ تێکدانی پرۆژەی ڕاماڵینی دەرەبەگی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیارانا و بۆ بەربەرەکانێ کردن و ڕاگرتنی شاڵاوی بزووتنەوەی جەماوەر بەسەرکردایەتی هێزە دیموکراتەکان و لە دوایشا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی قاسم و شۆڕشی تەموز هەستابوونەوە کە لە ئەنجامی سیاسەتی دووفاق و چەوت و چەوێڵ و دژبە دیموکراسیی قاسمدا، هەلیان بۆ ڕەخسابوو، مەلا مستەفا دوای ئەوەی ڕژێم بە زۆر و زۆرداری ئۆباڵی ئەو یاخیبوونەی سەرۆک خێڵ و دەرەبەگە کوردەکانی خستە ئەستۆی و تێوەی گلاند و کەوتە دژایەتیکردن و شەڕ پێفرۆشتنی بەناحەق، توانی وەک قارەمانی مەیدان دەرکەوێ و لە جیاتی ئەوەی ڕیشی خۆی بداتە دەستی ئەو سەرەک خێڵ و دەرەبەگە کۆنەپەرستانە، خۆی ببێ بە سەرقافڵەی ڕاپەڕین و داواکاری ڕاستەقینەی مافی گەلی کورد و جڵەوی بزووتنەوەکەی بگرێتە دەستی خۆی و دروشمە کۆنەپەرستەکانیان فڕێ بداتە لاوە و بەوە جارێکی تر ئیسپاتی کردووە کەوا سیاسەتمەدارێکی کارامە و لێهاتووە، ئەوە بوو زۆر لەو یاخیبووانە، ئەوانەیان نەبێ ڕەگێکی تەڕی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییان تیادابوو، وردە وردە و یەک لە دوای یەک لە دەوروبەری تەکینەوە و بوون بە جاش و ڕووی چەکیان کردە گەلەکەیان.

لە ١٩٦٤یشا بە قووڵی هەستی بە باری نالەباری ژیان و گوزەرانی گەلەکەی کرد کە لەژێر قورسایی وەزعی گرانی ساڵی ١٩٦٣دا گەیشتبووە حاڵێکی ئیجگار ناخۆش و سەغڵەت، بێ سڵکردنەوە ڕێکەوتنەکەی شوباتی لەگەڵ میری مۆر کرد و بەوە هەزاران گیراوی پێ ئازاد کرد و دەرفەتی پشوویەک و هەناسەدانێکی بەڕەحەتی بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخساند.

ئەمەش هەروا نموونەیەکی تری بەرز و باڵای سیاسەتمەداری و بلیمەتی و لێهاتوویی بارزانیی نەمر.[٤]

- پرۆفیسۆر لیۆنید میدڤیدکۆ Leonid Medvedko ژۆرنالیست: لە عەرەبیدا وشەیەکی ناسک هەیە کە پێیدەگوترێ ڕەئیس. بارزانی ڕەئیسێکی ڕاستەقینە بوو. وەرگێڕانی وشەی ڕەئیس بە پرزیدێنت یان سەرۆک کۆمار هەڵەیە، چونکە ڕەئیس لە وشەی "ڕەئس"ەوە دێت و واتای سەر دەدات. بارزانی بەرلە هەموو شتێک ڕەئیسە، چونکە مێشکێکی زۆر باشی هەبوو. سەری مرۆڤ پێویستی بە مێشک هەیە و سەنتەرێکی بەهێزیشی دەوێت بۆ بەڕێوەبردن و هەست پێکردن، ئەوەش دیارنیە کە لە مێشکدایە، یان لە ڕۆحدا، ئەو سەنتەرە لەکاتی مەترسیدا ئیشارەت دەدا. بارزانییش لەکاتی مەترسیدا هەستێکی زۆر بەهێزی هەبوو، پێشبینی شتی دەکرد. بارزانی هەستی شەشەمی هەبوو. باڵندەکان لە کاتی کۆچکردندا هەمیشە سەرقافڵەیەکیان هەیە کە بە ڕوسی پێیدەڵێن "بژاک"، کێ دەبێتە سەرقافڵە، ئەوەی هەستی لە هەمووان بەهێزتر بێت. ئەو باڵندەیە لەوانەیە هەرگیز نەچووبێتە میسر، بەڵام کە ڕێگای میسری گرتەبەر، قەت بەهەڵە قافڵەکەی نابات نێو زەلکاوێکەوە، بەڵکوو دەیگەیەنێتە شوێنی مەبەست. لە سەریدا نەخشەیەکی ڕێنوێنی کردن هەیە و ئەوە ڕاز و مەعەمایەکی زۆر گەورەیە. لەنێو مرۆڤایەتی و لەنێو ڕەئیسە ڕاستەقینەکاندا خەڵکی وا هەڵدەکەون کە بارزانی یەکێک بووە لەو ڕەئیسانە.[٥]

- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار": زۆر جار گوتومە، بڕوای تەواوم وابو: هەر کەسێکی زۆر بە غیرەتیش، هەر دڕندەیەکی وەک شێر و پڵنگیش ، هەرگا هەست بە خەتەری مەرگ دەکا، جۆرێک ترس، جا با زۆر کەمیش بێ، دایدەگرێ. کێیە لە بەرانبەر مردندا هیچ نەبێ کەمێک تێک نەچێ؟ خوا لە هەمو ئافەریدەیەک دا کەم یا زۆر ترسێکی داناوە، بەڵام مەلایکەی ترس بە دەست مەلا مستەفا لەبیر چوە. ترس بەلای ئەودا نەهاتبو. لە وەتاغی دیوەخانی بەغدا، لە ناو دۆست و ئاشنایان دا چەند ڕوگەش و خاترجەم بو، لە جەنگەی گوللە و ئاگربارانداا هەر ئەو پیاو بو، نە ڕەنگی

دەگۆڕا، نە قسەی تێکەڵ دەبون، نە وەیدەزانی مێشێکیشی لە دەورەیە. بەڵێ بەهۆی بەخێوکرانی لە کۆمەڵگای شێخانی بارزاندا لە خودا دەترسا، لە ئابرو نەمان و ناوزڕان دەترسا، بەڵام ترس لە مەرگ و دوژمن؟ هەرگیز. هەر ئەوم دیت گاڵتەی بە مردن بێت. ئازایەکی خەیاڵی لێهاتبو. کە ئەو مابەینە لە نزیکەوە دەگەڵی بوم، بڕوام هێنا کە هێشتا کەس نەیتوانیوە و کەسیش ناتوانێ ئازایەتی و نەترسانی مستەفا بارزانی وەک هەیە، دە یەکیشی پەی پێ بەرێ و بزانێ باسی بکا... ڕۆژێک لە جەنگەی ئەو شەڕانەی "بنی دەلاش" ئاگر بەربووە هەرچوار تەرەفمان. تەقە و گرمەش گوێی عاسمانی کەڕ دەکرد. ئاگری پوش و داران هەردەهات و نزیک دەبو. مەلا مستەفا پاڵی بە بەردێکەوە دابو، سیغاری دەکێشا. ڕوی کردە من و حیکایەتی ڕاوە بەرازێکی دەگێڕاوە کە ساڵێک دەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای دا توشی ڕەوە بەراز هاتون، زۆر بە وردی و هێمنی باسی هەمو وردەکاریەکی ئەو ڕاوەی دەکرد، چەند کەسێکیش لە حەرەسەکانی لە دەوری ڕاوەستابون. "زورار" ناوێک بە هەناسەبڕکە و شێواوی هات و گوتی: ئەزبەنی جاش گەیشتنە گوندی "سەفتێ" و ئاگریان تێ بەردا.

فەرموی: "هەژار، سواراغا لەو ڕاوەدا لە هەموان چێتر بوو..."

ڕیزە گوللەیەک هەروا دوبست بڵندتر لە سەری مەلا مستەفا وەبەردێک کەوت و گوللەکان داوەرینە ناومان.

- جا سواراغا ....

گوتم: قوربان سواراغای چی و ڕاوە بەرازی چی؟ بۆ من لە ترسان گوێم لەو قسانە دەبێ؟ ئێستا ئاگرمان دەگاتێ.

فەموی: "سواراغا گوتی ڕاوە بەراز زانینی دەوێ".

حاچکی حەرەس بە دەنگێکی لەرزۆکەوە کە دیاربوو زۆر لەوە دەترسا مەلا مستەفا لە ڕێژنەیەکدا بکوژرێ گوتی: ئەزبەنی خەبەری هەژارە، لێرە لاکەوی باشە.

فەرموی: "سواراغا لە دواوە بەرازێکی کوشت. بەو کارەی...".

حوسێنی حەمەدئاغای مێرگەسوری بە هەڵەداوان و پشو سواری هات و گوتی: ئەز غولام سەفتێ سوتا، جاش دێنە ئێرە (سەفتێ هەزار میترمان لێ دور نەبوو).

فەرموی: "هەرنێ" (یانی بۆی بچن) "بەڵێ، هەژار گوێت لێ یە؟"

- نەخێر نەوەڵڵا!

- سواراغا یەکە یەکەی لە دواوە دەکوشت، پێشەوە نەیاندەزانی کە بە توندی بڕەون...

باوەڕکە ئاگر لە هەر چوارلاوە لام وایە بیست میتری نەماوە بمان گاتێ. تینی دەهاتە سەر و چاومان. ئەو پیاوە دەتگوت لە دیوەخان پاڵی بە دەستە نوێنەوە داوە و چاوەنۆڕە قاوەچی و قەنـنەدار، قاوە و قەنـنەی تێکراوی بۆ بێنن. لە چیرۆکی ڕاوەکە وازی نەهێنا و لە جێگەی خۆی نرکەی نەکرد. خوا و ڕاستان ئێستا با، دەمانگوت هیمدادی غەیبی یە، ئاگر دامرد و نەمان گەیشتێ. خەبەر هات گوتیان جاشمان لە سەفتێ هەڵقەندن و کەلاکیان بە کۆمەڵ لەو دەشتە کەوتوە....(٦)



- غەنی بلوریان: لەبیرمە کاتێک کۆماری کوردستان تێکچوو، بارزانییەکان کە زستانی سەخت و دژواری کوردستاندا لە چیاکان مانەوە و لە بەرامبەر هێزی تەیارکراوی ئەرتەشی ئێراندا ڕاوەستان و سەرئەنجام مەردانە لوتکەی چیاکانیان بڕی و لە ئاگری و ئارارات تێپەرین و سەری دەوڵەتی ئێرانیان شۆڕ کرد. ڕۆژنامەکانی تاران بەتایبەت ڕۆژنامەی "ئاتەش" بە تەشەرلێدان لە ژەنەڕاڵ "ڕەزمئارا" وێنەی تەختە شکاوەکەی "بروجیرد"ی لەسەر یەکەم لاپەڕەی چاپ کردبوو و لەژێری نوسیبوو: دەسکەوتی ئەرتەشی پاشای ئێران لە بارزانییەکان. ئەو تەختە بروجیردییە هی سەرۆک بارزانی بوو کە لەسەری دەخەوت. ڕەزمئارا کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەرکانی ئەرتەشی ئێران بوو، نەیتوانی لە بەرامبەر گوتنی ڕۆژنامەکاندا خۆ ڕاگرێ و لەگەڵ چەند ڕۆژنامان وتووێژی کرد و گوتی: ئەوانەی لە پشی مێز دادەنیشن و دیشلەمە هەڵدەلوشن، نازانن بارزانی چۆن جانەوەرێکن. هەتا ئەمڕۆ لە

تەمەنی ئەرتەشی ئێراندا ئێمە قەت توشی جەنگاوەری بەم جۆرە دلێر نەبووین.(٧)

- پرۆفیسۆر ئۆردیخان جەلیلی ڕۆژهەڵاتناس: بارزانی لە خانوبەرەی ژمارە ٥٠-٥٢ لە گەڕەکی "نۆڤاسلابۆتسکایا" دەژیا. لەو ماڵە، من چاوم بە بارزانی کەوت. لە ئاکادیمی حیزبی دەیخوێند. گوتی خۆزگە لە کوردستان خەباتم کردبا. گوتم گەورەم کورد خوێندەواریشی پێویستە.(٨)

- پاڤێل دێمچێنکۆ Pavel Dymchenko ڕۆژنامەنوس: کاتێک من لە حاجی ئۆمەران بووم، بارزانی پێیگوتم کە گەڕامەوە سڵاوی ئەو بە پرۆفیسۆر میترۆنۆڤ بگەیەنم و گوتی بارزانی سوپاست دەکات و دەڵێت باشی پێگەیاندوم. پرۆفیسۆر میترۆنۆڤ سەرۆکی ئاکادیمیای بەرزی حیزبی کۆمونیست بوو. من دەمزانی مەلا مستەفا لەگەڵ چوار هەڤاڵی لەو ئاکادیمیایە دەیخوێند. کە گەڕامەوە، تەلەفۆنم بۆ پرۆفیسۆر میترۆنۆڤ کرد و سڵاوی بارزانیم پێگەیاند. ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی: دەزانی بارزانی یەکێک بوو لە خوێندکارە هەرە بلیمەتەکانی من و لەوانەشە بلیمەتترینیان بێت. دەزانی سۆسۆلۆڤ ئەندامی بیروی سیاسی پارتی کۆمونیستی سۆڤیەت و بەرپرسی ئایدیۆلۆژی حیزب هەمیشە هەواڵی بارزانی دەپرسێ و گوتی: ئەگەر جارێکی تر گەڕایەوە بۆ کوردستان، بڵێ من ئەوم هەمیشە لەبیرە.(٩)

- محەمەد عیسا: بارزانی گەڕایەوە تاشکەند و ١٠٤ کەسی هەڵبژارد و هەر ٢٥ کەسەی بۆ شوێنێک کە بخوێنن و چوار کەسیشی لەگەڵ خۆی برد کە لە ئاگادێمیای سیاسی عەسکەری حیزب لە مۆسکۆ بخوێنن.(١٠)

بۆ زانیاریی ئاکادیمیای سەربازیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت ساڵی ١٩١٨ دامەزرا و تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٠، نزیکەی ٧٠ هەزار ئەفسەری سۆڤیەت و ٦ هەزار ئەفسەری بیانی پێگەیاند. بارزانی لە ساڵی ١٩٥٤وە تا ساڵی ١٩٥٨ لەو زانکۆیە بووە.(١١)

نەجەفقولّی پسیان، نوسەری کتێبی "لە مهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس" کە ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ سوپای ئێران هاتە مهاباد و لە نزیکەوە شەڕی نێوان سوپای ئێران و بارزانییەکانی لە ناوچەی شنۆ، نەلۆسە و گەلی قاسملوو لە کتێبەکەیدا تۆمار کردوە، دەربارەی بارزانی دەڵێت:

- (مەلا مستەفا پیاوێکی دەستە بالا، بەخۆوە، ئەسمەر و نێوچاوان پان و چاو درشتە، برۆکانی پڕ و تێکەلاون. هەموو سفەتی، هەیبەت و ئازایەتی و جەنگاوەریی و کارزانیی لێدەردەکەوت. زمانەکانی ئینگلیزیی، عەرەبی، تورکی و فارسی بەباشی دەزانی. پتر لە ١٧ ساڵ دژی دەوڵەتەکانی ئینگلیز و عێراق و ئێران شەڕی کردبوو و شاهیدی بەشداریی گەلێک شەڕی خوێناوی بوو.[١٢])

دوکتۆر فوئاد مەعسوم دەربارەی ڕادەی خوێندەواریی و هوشیاریی بارزانی دەڵێت: (جارێکیان لە دەرەوە یادداشتێک نووسرابوو بۆ کۆنگرەی سەرۆکایەتی عەرەب. لەوێ فەقەرەیەک هەبوو دەڵێ ئەگەر مەسەلەی کورد لە عێراق چارەسەرنەکەن کوردستان دەبێتە "قوبرس" من یادداشتەکەم بۆ خوێندەوە، وتی جارێکی تریش بۆم بخوێنەوە. گوتی ئەوە کێ نووسیویەتی وتم فلانە کەس، ئیتر سوێندی دام کە هەندێ قسە بوو کە زۆر توند بوو، گوتی دەبێ پێی بڵێی، چونکە هەڕەشە کردن حدودی خۆی هەیە، وتی ئێستە پێت بڵێم لێت تووڕە ببم و بڵێم ئەو شاخەت پێدادەدەم گوتی پێدەکەنێ و هەڕەشەکەم بە هیچ نازانی، بەلام پێت بڵێم خۆم دەزانم چ دەکەم دەترسی، وتی بۆیە ئاگاتان لە قسەبێ لە دەرەوە کە شت دەنوسن بە تواضعەوە بینووسن و ئەهوا تەحدید مەکەن، ئێمە لە کوێ و "قوبرس" لە کوێ، بە ڕاستی ئەوە تا ئێستە لە گوێم دەزرنگێتەوە، مامۆستا کاک عەزیز محەمەد باسی ئەو پێوەندییانەی کرد کە بارزانی لەگەڵ خوالێخۆشبوو "جمال عبدولناسر" هەیبووە نمونەی هێناوە بە گەڕانەوەی لە ڕێگەی میسر و دیتنی عبدولناسر، بەلام خۆم یەکێک بووم لەوانە کە لەو مەودایە ئیشم کردووە. ساڵی ١٩٦٥ هاتمە کوردستان و چوومە خزمەتی. هێندێ نامەم هێنابوو لە دەرەوە زانی کە مارشال "تیتۆ" لە قاهیرەیە و بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە، کاغەزێکی بۆ تیتۆ نووسی

کاغەزێکیش بۆ "عبدولناسر" لەبەر ئەوەی کاتەکە تەنگ بوو، گوتی تۆ کاغەزەکەی عبدولناسر بنووسە و منیش ئەوەی "تیتۆ" بە ڕووسی خۆی نووسی. ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام ئەمن عەرەبییەکەم بە مسوودە نووسیبوو، بۆ ئەوەی پێیدا بێمەوە و بزانم چۆنە و ڕەئی ئەو چییە. ئەو یەکسەر بەبێ مسوودە کاغەزەکەی نووسی، دوای ئەوە لێی پرسیم و گوتی ڕووسی دەزانی گوتم نەخێر، تەرجەمەی کرد و کوردییەکەی خوێندەوە ئیعجابێکی زۆرم پێ پەیدا کرد لەوەی داڕشتنی کاغەزەکە لە تسلسلی ئەو فکرانەی کە لە کاغەزەکەدا هاتبوو. هەروەها دەرسێکی تریشم لێوەرگرت کە کاغەزە عەرەبیەکەم نووسیبوو دەفتەرێکی دامێ هی کاغەز نووسین، بە تەما بووم هەر بەرگەکەیم هەڵداوە و لەسەری بنووسم، گوتی نە، کاغەزەکەی لێکەوە لەسەر پشتی دەفتەرەکەی دابنێ، لەوەش ئەو دەرسم وەرگرت کە کاری دبلۆماسی و سیاسی دەبێ نهێنییەکەی بپارێزرێ، نەبادا لە لاپەڕەی بنەوە دەرچێ و بکەوێتە دەستی یەکێک و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئیستغلالی بکات.[١٣])

٦- بارزانی ویستویەتی پێوەندی بە ئیسرائیل و ئەمریکاوە هەبێت. ئەمە ڕادەی زانیاریی و دوورئەندێشی و تێگەیشتنی بارزانی دەگەیاند لە پێوانەی مامەڵە دیپلۆماتییەکانی دوو جەمسەریی جیهاندا. لەگەڵ ئەوەدا کە پێوەندی سیاسی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە هەبوو، هەوڵی دامەزراندنی پێوەندی سیاسیی لەگەڵ ئەمریکا، ئەوروپا و ئیسرائیلیش دەدا. لە سۆڤیەت بوو کە بە مام جەلالی گوت: **(لە داهاتوودا ئەمریکا گۆڕانکارییەکانی جیهان بەدەست دەگرێت.)** بەڵام ئەوە گرنگە کە بزانیین پێوەندیی بارزانی لەگەڵ ئیسرائیل چۆن و لە چ ساڵێکەوە دەستی پێکردوە کە مام جەلال بە بەردەوامی لە وتەکانیدا بارزانی پێ تاوانبار دەکات:

لە گەشتێکیدا بۆ ئەوروپا کە لە نیوەی دووەمی مانگی ئاپریل "نیسان" ١٩٦٣دا ئەنجامی گرت، مام جەلال توانی بە هاوکاریی میر کامەران بەدرخان و بەبێ ئاگاداریی بارزانی، لە مانگی یونی "حوزەیران" ئەو ساڵەدا لە پاریس چاوی بە شەمعون پیرس بکەوێت. بە دوای ئەو دیدارەیدا، پێوەندیی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و ئیسرائیل، سەرنج بدەن،

پێوەنـدیی گروپـی ئیبـراهیم ئەحـمەد و ئیسـرائیل بە چـوونی وەفـدێک بـە سـەرۆکایـەتی ئیبـراهیم ئەحـمەد و ئەنـدامەتی عـومەر مسـتەفا دەبـابە و سەید عەزیز شەمزینی بەڕێگەی ئێراندا بۆ ئیسرائیل دەستی پێکرد. دواتـر کە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی ساڵی ١٩٦٤ ڕایانکردە ئێران، ئیسرائیل بە هاوکـاریی ئێـران پێوەنـدیی بە سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە گـرت و لـە ئەیاری ساڵی ١٩٦٥دا دێڤید کەمحی بە نوێنەرایەتی حکومەتی ئیسرائیل گەیشتە کوردستان و دەستیکرد بە کـاری ڕێکخستن لەگەڵ شۆڕشدا. لە کۆتـایی ئەم کتێبەدا سـەبارەت بە گواستنەوەی ئەو پێوەنـدییە لە مـام جەلال و ئیبـراهیم ئەحـمەدەوە بـۆ بـارزانی و سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردستـان دەدوێـم، بەڵام بـا سـەبارەت بە پێوەنـدییەکانی بـارزانی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئاماژە بە وتەیەکی بارزانی لە زمانی بەڕێز عەزیز محەمەدەوە بکەم کە دەڵێت:

**- (بارزانی دەیگوت کێشەی کورد چەقیوە، ئەگەر دوولایەنی سۆڤیەت و ئەمریکای لەگەڵ نەبێت، یان لایەنێک لەو دوولایەنانەی لەگەڵ نەبێت، لەو چەقینە ڕزگاری نابێت.[١٤])**


٧- کەسـایەتی وەک بەڕێـز مـام جەلال لەسـەر ئەم وتەیە کە "هەنـدێک دەڵـێن" بڕیـاری سیاسـی نـادات. ئەو هەنـدە یـان بوونیـان نـیە و یـان بە ڕاستی خەریکـی چەواشـەکاریین، چونکە هـیچ بەڵـگە و شـاهیدێک باسـی لەوە نەکردوە کە بارزانی لە تـاران چـاوی بە سـەفیری ئەمریکا کەوتبێت، بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەکان، محەمەد ڕەزاشا چاوی بە بارزانی کەوت و بە نوسینی نەجەفقوڵی پسیان لە لاپەڕەی ٤٤- ٤٦ی کتێبـی "لە مهابـادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس"، سێ ڕێگای بۆ بارزانییەکان دانابوو:

١- ئەگەر بارزانییەکان بخوازن لە ئێران بمێننەوە، دەبێ چەک دابنێن و لە نـاوچەی کوردستـانەوە بـۆ شـوێنێکی تـر کە دەوڵەت بۆیـان دەستنیشـان دەکـات، بچـن، دەوڵەت بـۆ مـاوەی ٦ مانـگ یارمەتیـان دەکـات لە بـواری ئـابوورییەوە بـژین و دواتـر دەبـێ بۆخۆیـان کـار بکەن و ئـابووریی خۆیـان دابین بکەن.

٢- لە نێوان بارزانییەکاندا ئەگەر کەسێک دۆسیەی حوکمدراوی لەسەر بێت، دەوڵەتی ئێران پشتی دەگرێت و ڕێی پێدەدات لە ئێران بمێنێتەوە و ئەوانی تر دەبێ بە زوویی خاکی ئێران بەجێهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

٣- ئەگەر بارزانییەکـــان ئەم دوو مەرجە قەبـــووڵ نەکەن، دەبـــێ دەستبەجێ لەگەڵ بنەماڵەکانیـان، ئێـران بەجێهـێڵن و بەو ڕێگـایەدا دەرکەون و بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان کە پێیدا هاتوون.

بارزانی بۆ ئەوەی کە خۆی لە گرتن ڕزگار بکات، دەڵێت: بڕیاردان لەناو ئێمەدا بەدەست براگەورەیە و دەبێ شێخ ئەحمەد بڕیاری لەسەر بدات، داوا دەکـات لەگەڵ بـاوەڕپێکراوێکی شـا بگەڕێتەوە لای شـێخ ئەحـمەدو چارەنوسی خۆی و بارزانییەکان یەکلا بکاتەوە. بەو فێڵە خۆی و هەڤاڵانی هاوڕێی لە گرتن ڕزگـار دەکـات. لەم بـارەیەوە عەبدوڵا ئاغـای پشدەریی دەڵێت:



- (مەلا مســـــتەفا دوای گەڕانەوەی لە تاران کە نوری ئەحمەد تەهاشی لەگەڵ بوو، گوتی: شا پێیگوتم ئێوە دوو ڕێگەتان لەپێشــە، یـان دەبـێ بـڕۆن و لە خـاکی ئێـران بچـنە دەرەوە، یـان وەرن خۆتـان تەسلیم بکەن و من لە نـاوچەی هەمەدان داتانـدەنێم. ئەو دوو ڕێگەتـان لەپێشـە و دەبـێ چەک دانـێن. بـارزانی گـوتی چـارە نەبـوو، چـۆن خـۆم لە دەستی شـا ڕزگـار بــکەم؟ قەنــاعەتم هــات کە ئەگەر ئەوە نەکەم دەمگرن. گوتم جەنابی ئەعلاحەزرەت من بەتەنیا نیم و براگەورەم هەیە و تەقالید و عـاداتی ئـێمە وایە کە لە ئەمـری بـراگەورەی خۆمـان دەرنـاچین. شـێخ ئەحـمەد بـراگەورەی مـنە. مـن ئەمـری جەنـابتم زۆر لا پەسەندە و زۆریش حەز دەکەم. ئێران وڵاتی خۆمانە، بەڵام دەبێ بچم لەو بپرسم، بەڵام جەنابیشت یەکێک لە باوەڕپێکراوانی خۆتم لەگەڵ بنێرە کە

بەناوی جەنابیشتەوە پێی بڵێین و هەردوومان قەناعەتی پێ بێنین. بارزانی بەو فێڵە خۆی نەجات دا.(١٥)

هەروەها مەسعود بارزانی لەم بارەیەوە لە لاپەڕەی ١٧١ی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨دا دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢١ بارزانی بەروە تاران کەوتەڕێ. عیزەت عەبدولعەزیز، نوری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد، حەمەدەمین میرخان، جەمیل تۆفیق بامەرنی و خالد زراری لەگەڵ خۆی برد و سەرهەنگ غەفاریشی لەگەڵ بوو. لە یانەی ئەفسەران دابەزی و چاوی بە شا و سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئەرکانی سوپاو لێپرسراوان کەوت. شا لە دانیشتنێکدا دوو ڕێگای خستە بەردەمیان، یان بارزانییەکان لە ناوچەی هەمەدان نیشتەجێ بکرێن و زەوی و زاریان بەسەردا دابەش بکرێت، یان دستبەجێ ئێران بەجێهێڵن.

بارزانی لە وەڵامیدا گوتی من ناتوانم هیچ بڕیارێک بدەم، تا نەچمەوە لای شێخ ئەحمەد کە هەموو دەسەڵاتێک بەدەست ئەوە.

ئەو ماوەیەی بارزانی لە تاران بوو قاوە قاوێکی زۆر بڵاوبۆوە کە خۆی و هاوڕێیانی بڕیاری مردنیان بەسەردا بڕاوە و بەم نزیکانە ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکرێت. بارزانی زۆرجار ئەم بەسەرهاتەی دەگێڕایەوە کە: "ڕۆژێک نوری ئەحمەد تەها هاتەلام و دەگریا، لێمپرسی چیبووە؟ گوتی:

- ئاگاداریان کردوم کە بڕیاری مردنمان دراوە و ئەو بڕیارەش بەجێ دەگەیەنن.

- گوتم جا قەیدی چییە، خۆ مردنمان لەپێشە با سبەی نەبێ و ئەمڕۆ بێ، ئیدی پێویست بە گریان ناکا، نوری گوتی:

- بەخوا من بۆخۆم ناگریم، بۆ ئەوانە دەگریم کە لەپاش تۆ دەمێننەوە.... پاشان تکای لێکردم داوا لە ئێرانییەکان بکەم ئەو لەپێش مندا بکوژرێ.

ئێرانییەکان وایاندەزانی کە بارزانی بارمتەیەکی بەنرخە دەستیان بەسەردا گرتووە و دەتوانن بیکەن بە ئامرازی تەنگ پێهەڵچنینی شێخ ئەحمەد تا ناچاری بکەن خۆی بەدەستەوە بدات و چییان لێی دەوێ بەقسەیان بکەن بەم پێیە کێشەی بارزانییەکان بە سانایی چارەسەر بکەن، بۆیە دەستەیەکیان ناردە لای شێخ ئەحمەد لە نەغەدە تا بڕیاری حکومەتی پێڕابگەیەنن کە دەسبەجێ هەرچی چەکیان هەیە، بیدەن و

خۆشیان ئامادە بن بگوێزرێنەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆیان لەبەرچاو گیراوە لە هەمەدان، ئەگەرنا ژیانی مستەفا بارزانی دەکەوێتە مەترسیەوە.
شێخ ئەحمەد لە وەڵامیاندا گوتی:
- ئێمە سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین، هەریەک لەم بارزانییانە مەلا مستەفایەکن، چی لێدەکەن بیکەن. ئێمەش چەک دانانێین و تا دوا پیاومان دەجەنگین! ئەم هەڵوێستە ڕەقە ئاواتی ئێرانییەکانی پوچەڵ کردەوە و ئەم جارە لە بەرامبەر بارزانییەکاندا سیاسەتی نەرم و نیانیان گرتەبەر.)

بارزانی ڕۆژی ۱۹٤۷/۱/۲۹ لە تاران گەڕایەوە، سەرهەنگ غەفاریشی لەگەڵ بوو. دەسبەجێ هومایونی لەگەڵی دانیشت. غەفاری فەرمانێکی بۆ هومایونی هێنابوو کە گوایە دەبێ دەسبەجێ بارزانییەکان بنێردرێنە هەمەدان، ئەم ژەنەڕاڵە پێیوابوو دەتوانێ بەبێ ڕاوەستان دەست بەم کارە بکا، بەڵام بارزانی تێیگەیاند کە دوابڕیار تەنیا بەدەست شێخ ئەحمەدە نە کەسێکیتر. .... بارزانی ئاکامی سەفەرەکەی خۆی بۆ شێخ ئەحمەد و لێپرسراوان گێڕایەوە و پاشان بە تێکڕایی داوای ئێرانیان ڕەتکردەوە، چونکە بارزانییەکان نەیاندەتوانی بچنە هەمەدان و بکەونە ژیانێک کە لەگەڵی ڕانەهاتبوون. بەم جۆرە بارودۆخی نالەبار تەنگی بە بارزانییەکان هەڵچنی، سوپای ئێران دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، هەموو هۆزەکان سەریان بۆ دانەواند، ئێستا بە بادەی لەخۆبایی بوون ئەو سەرکەوتنە ئاسانانەی کە هیچ ماندووبوونێکی نەویستبوو، بە ڕووخانی دوو کۆمارکەی ئازەربایجان و کوردستانەوە، ئارەقەی نەکردوە... لەو هەلومەرجەدا وەڵامەکەی شێخ ئەحمەد گەیشتە هومایونی کە تێیدا تەواوی پێشنیارەکەی شای ئێرانی داوەتە دواوە و دەڵێ:
- (هەرکاتێ بەفر توایەوە و ڕێگەوبان کرانەوە، ئێران بەجێدەهێڵین.[١٦])
بەم جۆرە، بارزانی وەڵامی محەمەد ڕەزاشای دایەوە. بە نوسینی نەجەفقولی پسیان لە کتێبی "لە مهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراس" لە وەڵامی شێخ ئەحمەددا سوپای ئێران بەو یەکە و فەرماندانەی خوارەوە بە فەرمانی شا پەلاماری بارزانییەکانیان دا:

- سەرهەنگ پەرتەوی: لەگەڵ یەکەیەک لە گوردانی ئیسفەهان و هەنگی سوارەی فەوزیە لەگەڵ دوو تانگ.
- سەرهەنگ ٢ سەردادور: لەگەڵ دوو گوردانی پیادە و یەکەیەکی تۆپخانە و یەکەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.
- سەرهەنگ فولادوەند: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ.
- سەروان پاشایی: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە و یەکەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.
- سەرهەنگ موزەفەری: لەگەڵ هەنگی سوارەی کوردستان و یەکەیەکی تۆپخانە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ و تانکێک.
ئەمانە لە بەرەیەکدا لەژێر فەرمانی سەرتیپ زەنگەنەدا بوون
- سەرگورد کەبیری: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە.
- سەرگورد زرەپۆش: لەگەڵ گوردانێکی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە.
- سەرهەنگ مەجیدی: لەگەڵ دوو گوردانی پیادە و دەستەیەکی تۆپخانە و دەستەیەکی خۆمپارەهاوێژ.
- سەرگورد موحسینی: لەگەڵ دوو یەکەی پیادە و دۆشکە.
- لە نەغەدە: دەستەیەکی تۆپخانە ١٠٥ میلیمی درێژی کێوی‌و دەستەیەکی تۆپخانەی ١٠٥ میلیمی کورت و دوو تانکێک.
- یەکەیەکی پیادە لە گرنە.
- سەرگورد مساوات: دوو یەکەی پیادە و دوو دۆشکە.
- سەرهەنگ ئنتسار: لەگەڵ دوو یەکەی پیادە و سوارە، دەستەیەکی تۆپخانە ١٠٥ میلیمی کورت.
- ستوان دووەم نەوبەهار لە یەکەی جەڵدیان: لەگەڵ ٢٥٠ جاشی مەنگوڕ
ئەمانە لە بەرەیەکدا لەژێر فەرمانی سەرتیپ بێگلەریی و جێگرەکەی ئەو، سەرهەنگ غەفاری دا بوون.
- سەرگورد دولوو: دوو یەکەی پیادە، یەکەیەکی تۆپخانەی ٣٧ میلیم.
- جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکان مەنگوڕ، مامەش، دێبوکری، زەرزا، ڕەشید بەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک لەگەڵ ٥٠٠ جاش و سێ لە بەگزادەکانی مەرگەوەڕ، لەگەڵ ئەو یەکە سەربازییانە بوون لەگەڵ ٧ فڕۆکەی بۆمبهاوێژی هایند و تاگرمۆس.

زیانەکانی دوژمن لەو هێرشانەدا بریتی بوون لە کوژراو: سەرگورد کەلاشی، ستوان یەکەم سەید محەمەد ئیمامی، ستوان یەکەمی فڕۆکەوان غوڵام حوسێن نەجەفی، ستوان ڕەزا قەرەباغی و ئەفسەرێکی تر کە پسیان ناوی نەنوسیوە. پلەدا: گروبان یەکەم عەلی ئیفتخاری لەگەڵ دوو پلەداری ژاندارمەری لە هەنگی سوارە کە لە کتێبی پسیاندا ناویان نەنوسراوە و لەگەڵ ٣٤ سەربازی کوژراو و ٤٢ سەربازی بریندار. دیلی خۆبەدەستەوەدەر ٩٤ ئەفسەر و پلەدار و سەرباز. جاش ١٨ کوژراو و ٦ بریندار. ئەمە جگە لەو ١٤ ئاغایەی مامەشی سەربە قەرەنی ئاغایە. لە بەرامبەردا بارزانییەکانیش ٢٦ پێشمەرگەیان شەهید بوون.(١٧)

دیارە نوری ئەحمەد تەها کە لەو سەفەرەدا لەگەڵ بارزانی بوو، باسی ڕووداوی سەفەرەکەی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال گێڕاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ١٩٦٢ کە بەهۆی عیسا پژمانەوە پێوەندیان لەگەڵ ئێران دامەزراند، پژمان پێیگوتبوون کە شا گوتویەتی بارزانی فریوی داوە و دواتریش ئەفسەر و سەربازی لێکوشتوە و ئامادە نییە، یارمەتی بدات!

٨- خاڵی هەشتەم لە وتەکانی جەلال تاڵەبانی دەربارەی بێ باوەڕیی بارزانی بە پڕۆگرام و پرنسیپی حیزبی، ئەم پرسیارە دەوروژێنێت کە ئەگەر بارزانی باوەڕی بە کار و خەباتی حیزبی و ڕێکخستنی بزوتنەوە نەبووە، بۆچی بەرلە تێکەڵاویی مام جەلال لەگەڵ کاری سیاسیی و لەکاتێکدا هێشتا حیزب لە کوردستاندا لە سەرەتای چەکەرە کردندا بوو، بارزانی پارتی ئازادی لە ساڵی ١٩٤٥ و دواتریش پارتی دیموکراتی کوردی لە ساڵی ١٩٤٦دامەزراند؟ هەروەها ئەگەر بارزانی باوەڕی بە کۆنگرە نەبووە، بۆچی مام جەلال لە لاپەڕەی ٥٨٤ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا، کۆنگرەی چوارەمی پارتی بەرز دەنرخێنێت کە بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵا پێکیهێناوە؟

بە داخەوە نارِوونی لە وتەکانی مام جەلال دا، سەبارەت بە گیروگرفتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی، بووەتە هەوێنێک بۆ ڕێکخراوە جاسوسییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بتوانن کۆمەڵێک درۆ و چەواشەکاریی بە ناوی بیرەوەریی مام جەلال، دەرخواردی خوێنەرانیان

بدەن. ئەوان کە هەوڵی بەدناو کردنی مێژووی خەباتکارانی کورد دەدەن، تەنانەت لە خودی مام جەلالیش کە پێوەندیی نزیکی بە ڕژێمەکەیانەوە هەیە، لە هیچ کۆششێک سڵ ناکەن. هەرچەندە بەڵگە نهێنییەکانی ڕژێمی پێشویان لە دەستدایە، دیسانیش لە بەرگی دۆستایەتی، ئەگەرنا بە تیرۆر و تۆقاندن هەوڵدەدەن بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لاواز و مێژووەکەی چەواشە بکەن. بۆ ئەو مەبەستە ناوەندێکیان لەژێرناو "ناوەندی توێژینەوەی مێژووی قەومە ئێرانییەکان" دامەزراندوە کە شەریعەتمەداری ئەشکەنجەکەری پێشووی "زیندانی ئەوین" و قاتڵی زیندانە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٧دا سەرۆکایەتی دەکات و کۆمەڵێکیان جاسوسی وەک قانعی فەرد و تۆبەکاری ڕێکخراوە سیاسییەکان لە دەوری کۆکردۆتەوە، تا بە بودجەیەکی زۆر، مێژووی کورد چەواشە بکەن و درۆ بۆ ڕکەبەرەکانیان، بەتایبەتی بۆ نەتەوەی کورد و سەرکردەکانی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کوردستان هەڵبەستن.

مام جەلال سەرلەنوێ لە لاپەڕەی ٧٥٧دا دەگەڕێتەوە سەر کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی و ئەم جارەیان بە خاڵی ناکۆکی ناویان دەبات و دەڵێت:

- (کاتێک ئێمە لە بەغدا بووین، دوو ڕووداو ناکۆکی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندی و بارزانی قوڵتر کردەوە. لە سەرەتادا سەرپەرشتی عەشایری ناوچەی کوردستان کۆبوونەوە و هاتن بۆ بەغدا کە بەرگری لە زوڵم و ستەمێک بکەن کە لە جوتیاران دەکرا و دژی دابەشکردنی زەوی بوون و دەیانگوت دابەشکردنی زەوی زیانی بۆ ئەوان هەیە و شتێکیان پێنابڕێ و بەهۆی بەرنامەی دابەشکردنی زەوی سوکایەتیان پێکراوە. بارزانی سەرپەرشتی عەشایری کۆکردەوە و گفتوگۆی لەگەڵ کردن و هانیدان. ئیبراهیم ئەحمەدیش بە دژی ئەو کردەوەیەی بارزانی وتارێکی نوسی و لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاویکردەوە کە ئەوانە دەرەبەگی کوردن، بەدناون و ڕابردووی باشیان نیە و ژمارەیەکی زۆریان نۆکەر و بەکرێگیراوی حکومەتی پاشایەتی بوون لە سەردەمی ئینگلیزەکان و هەندێکیشیان جاش و سەربە حکومەتی ئێستان و ئەوانە حەقیانە "حەقیان نیە- نوسەر" بڵێن ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردین، یان داوای

گۆڕینی یاسای دابەشکردنی زەوی بکەن و ...تد. ئەو وتارە کێشەی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەدی قوڵتر و قوڵتر کردەوە و کێشەکانی ئاشکرا کرد.

خاڵێکی تر، کاتێک خۆمان ئامادە دەکرد کە دووبارە بە دژی عەبدولکەریم قاسم ڕاپەڕین کە بێگومان هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان قاسم و بارزانی، بۆ تیرۆری ئەحمەد ئاغای زێباری لە موسڵ دەگەڕایەوە "ئەرشەد کوڕی ئەحمەد ئاغا ماوەیەک وەزیری سەدام بوو و دواتر لەگەڵ عەرەبە ناسیونالیستەکان بەدژی کوردان بوو". ڕووداوەکە بەم جۆرە بوو کە دوو کەس لە بارزانییەکان چوون ئەویان کوشت. هۆی کوشتنی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەحمەد ئاغای زێباری لەکاتی ئاوارە بوون و شەڕی بارزانییەکان بەدژی حکومەت، بەشوێن بارزانییەکان دەکەوت و لە چوارچێوەی سیاسەتی حکومەتی ناوەندیی عێراقدا، ئەگەر بارزانییەکی دەبینی، دەیکوشت و یەکێک لە کوژراوەکان کوڕێکی چواردە ساڵانەی، کوڕی "ئەوڕو بەگ" یەکێک لە قارەمانەکانی بارزان بوو کە لە یەکێک لە شەڕەکانی بارزان شەهید ببوو. ئەو کوڕە تەنیا یادگاری بەجێماوی باوکی بوو کە ئەحمەد ئاغا ڕەحمی پێنەکرد و بەبێ تاوان کوشتی.

.... دوو نێردراوی بارزانی بۆ موسڵ کە ئەحمەد ئاغایان کوشتبوو، دوای ماوەیەک دەستگیرکران و بارزانی چوو بۆلای قاسم و گوتبووی ئەوانە بە فەرمانی من ئەحمەدئاغایان کوشتوە و قاسمیش لە بەرامبەر ئەو تۆڵە کردنەوە شەخسیەدا گوتبووی بۆچی بەدژی یاسا دەجوڵێیتەوە و بە پێچەوانەی یاسا قسە دەکەی و دێی و دەڵێی من سەرۆکم و...تد. بارزانی لە وەڵامیدا گوتبووی لەم بارەیەوە تۆ ئاگادار نیت. ئەوکاتە قاسم نەیدەویست بارزانی بگرێ، بەڵکوو دەیویست بە ڕێگەی یاسا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات و ئەوەش کێشەی لەنێوانیاندا پێکهێنا. دوای ماوەیەک قاسم پرۆگرامێکی نوێی دانا و عەشیرەتەکانی دژ بە بارزانی وەک سورچی، زێباری، هەرکی، برادۆست و...تدی کە بارزانیان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانی، بەرەوخۆی ڕاکێشا و پڕچەکی کردن. ئێمە ئەندامانی پارتی دیموکرات لەو ڕووداوە بە پەرۆش بووین، چونکە زۆربەی سەرۆکەکانیان دەرەبەگی کۆنەجاش و لە دەست بێگانەدا بوون و پڕچەک

کردنیان لە دیدی ئێمەوە کارێکی تەواو کۆنەپەرستانە و دژی دیموکراتی بوو و بێگومان ئەو کێشەیە ناکۆکییەکانی قوڵتر کردەوە. دیارە هەر کەسێک چەکی لە حکومەت وەردەگرت، بە دژی ئێمە کەڵکیان لێوەردەگرت و ئێمەش بە جاشمان دەزانی و بە حیزبی شیوعی عێراقیشمان دەگوت جاش. بە دوای ئەوەدا عەبدولکەریم قاسم کارێکی تریشی کرد، کاتی قسەکردنی بۆ ئەفسەران، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و بەبێ ئەوەی کە ناوی بارزانی بێنێت، گوتی چاکەی زۆری لەگەڵ کردوە و لە سۆڤیەتەوە گەڕاندویەتەوە بۆ عێراق و ئیمکاناتی زۆری داوەتێ، بەڵام ئەو لە بەرامبەردا نامەی بۆ ئینگلیزەکان نوسیوە کە ئەگەر بڵاوی بکەمەوە، ئابرووی دەچێت و دەشکێت. ئەو قسانەی قاسم بڵاوبووە و ئێمەش وتارێکمان لەسەر نوسی و گوتمان ئەوە ئێمە و ئەوەش تۆ، فەرموو هەرچی لە دەستت دایە، بڵاوی بکەوە. من وتارەکەم نوسی و لە ڕاستیدا وتارێکی توند بوو. سەبارەت بە بارزانی نوسیم کە پیاوێکی خەباتکار و شۆڕشگێڕە و دژی ئینگلیزی داگیرکەرە و کاتێک ئەو بە دژی ئینگلیز شەڕی دەکرد، کەسانێک هەبوون کە دژی بارزانی سەرپەرشتی جاشەکانیان دەکرد کە بە تەواوی مەبەستم لە کەریم قاسم بوو. ئەو وتارە ناکۆکییەکانی بەوپەڕی خۆی گەیاند و بەرە بەرە قاسم دەستی بە دژایەتی کرد و لەگەڵ دژایەتی کردنی بارزانی، پێوەندییەکانشی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق پچڕاند و بە کردەوە لە بۆچونە دیموکراتییەکانی پاشگەز بووە. بەرە بەرە کۆمەڵە کارێکی کرد کە مرۆڤی دیموکرات و ئازادیخواز لێی بێزار بوون. دژایەتی کردنی لەگەڵ پارتی دیموکرات بە جێیەکی مەترسیهێنەر گەیاند و تەنانەت ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی دەستگیر کرد و بە تۆمەتی سەیر و سەمەرە زیندانی کردن. سەرئەنجام کار گەیشتە جێیەک کە ئەندامانی پارتی لە عەشیرەتی کاوانی "سەدیق میران"یان لە ناوچەی شەقلاوە کوشت. سەدیق لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا جێگری عێراق بوو. دیارە فەرمانی کوشتنی سەدیق لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتییەوە نەدرابوو، بەڵکوو بە دانی چرای سەوز لەلایەن بارزانییەوە، کوشتبوویان، بەڵام قاسم فەرمانیدا ئیبراهیم ئەحمەد دەستگیر بکەن کە سکرتێری گشتی پارتی بوو کە ئەویش خۆی شاردەوە و هێزەکانی حکومەت نەیانتوانی بیگرن. بەرە بەرە ناوچەی گەمارۆکان تەنگتر بۆوە و مەیدانی

چالاکی ئێمە بەرتەسکتر و تەنانەت ١٠٠ لایەنگری پارتی دیموکراتیان لە کوردستان دەستگیرکرد و بارزانیش لەو ترسە کە نەکات دەستگیری بکەن، بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان. تەنیا من لە بەغدا مابوومەوە و حکومەتیش دوای ماوەیەک ڕۆژنامەی خەباتی داخست و ئێمە لە جیاتی ئەو، ڕۆژنامەی کوردستانمان بڵاوکردەوە. من سەرنوسەری بووم و لەگەڵ زەبیحی و هەژار وتارمان بۆ دەنوسی. دیارە دوای ٣- ٤ ژمارە ئیزنی بڵاوکردنەوەی ئەویشیان نەدا.

لە نەورۆزی ١٩٦١دا جارێکی تر پانتایی ناکۆکییەکان زیاتر ئاشکرابوون. هەموو ساڵێک ئێمە جەژنی نەورۆزمان لە بەغدا پیرۆز دەکرد و من لەودا وتارم دەخوێندەوە. لە جەژنی نەورۆزی ئەو ساڵەدا من بەدژی عەبدولکەریم قاسم قسەم کرد. لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا بارزانیم بە زەعیم و ڕێبەرێکی گەورە ناساند کە بەدڵی قاسم نەبوو، چونکە لەهەموو عێراقدا بەتەنیا بە ئەویان دەگوت زەعیم و ڕێبەری گەورە، تەنانەت لە وتارەکەمدا ئاماژەم بۆ وتەیەکی ناسراوی بارزانی کرد کە لە ڕۆژی دامەزراندنی پارتیدا و لە یەکەم بەیاننامەیدا گوتبووی: "من دژی خەڵکی عێراق شەڕم نەکردوە و شەڕی من بە دژی یەکێتی ئینگلیزی داگیرکەر و کۆنەپەرست بووە کە خوێنی خەڵکی ئێمەیان لە بوتڵی کردوە و خواردویانەتەوە." لە ڕاستیدا من بەشێوەی ناڕاستەوخۆ وەڵامی قسەکانی قاسمم دایەوە کە گوتبوی: "بارزانی کەسێکی بەستراوەیە بە لەندەن." بەو گوتنەی من نوکی تیژی هەڕەشەکانی خۆی ڕووبەڕووی بارزانی کردبوو. لە وتەکانمدا زۆرم تاریفی بارزانی کرد و دڵی قاسمم شکاند. بە دوای ئەو وتارەمدا بە دەرگای پشتەوەی هۆڵەکەدا چوومە نێو کۆڵانێکی تاریک و گەڕامەوە بۆ کوردستان، چونکە دەمزانی دەزگای هەواڵگری بەشوێنم دەکەوێت و دەگیرێم. دوای ڕاکردنم لە بەغدا، بەیانی ڕۆژی دوایی حوکمی دەستگیر کردنم درابوو. لەو ڕۆژەوە، واتە لە نەورۆزی ١٩٦١وە من لەبەر چاوی حکومەت ونبووم. ناکۆکی قاسم و بارزانی لەوێوە دەستی پێکرد و من لە نەورۆزی ١٩٦١وە دەستم کرد بەخەباتی پێشمەرگایەتی و لە سلێمانیەوە چووم بۆ چیاکان بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک. هێزەکانی ئێمە بەگشتی نزیکەی ٣٠- ٤٠ پێشمەرگە بوون، بەڵام ورەی

باش و ئامانجی بالأمان هەبوو. نوکتەیەکی خۆشم لەبیرە لە قەراخ چۆمی ڕێزان بووین و تەنیا دوو تفەنگمان هەبوو. یەکێکیان بە مامۆستا جەلال رەحمان بوو و ئەویتریان بە سەربازێکی ڕاکردوو، منیش تاپڕێکم پێبوو. برادەرێکمان هەبوو بەناوی ڕەمەزان کە دەستە بێڵێکی گەورە و گورزێکی هێنابوو. ئەوە هەموو چەکەکانی ئێمە بوون و بەو سێ چەک و لەتە لە چیاکانی دەستمان کرد بە شەڕ.)

سەبارەت بە شەڕو ئاژاوەی بەشێک لە عەشیرەتەکانی ناوچەی سلێمانی و گەرمیان پێویستە بڵێم کە عەشیرەتەکان یەکەم لایەن بوون کە بە ڕواڵەت بۆ مافی کورد، بەڵام بۆ تێکدانی پرۆژەی حکومەت سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی لەنێو جوتیاراندا دژی دەسەڵاتدارییەتی عەبدولکەریم قاسم ڕاپەڕین. مام جەلال خۆی لە لاپەڕەی ٧٦٣ ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا پەنجەی بۆ ئەم دیاردەیە ڕاکێشاوە کە لە لاپەرەکانی دواییدا دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم کە شەڕی کەریم قاسم بە دژی کورد لەسەر کوشتنی یەک دوو جاش و وتارێکی مام جەلال بە دژی قاسم نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ڕژێمی کەریم قاسم لە بەڵێنەکانی سەردەمی شۆڕش لە بەرامبەر نەتەوەی کورد و بە دیموکراتی کردنی عێراق و ماددەی سێی دەستوری عێراق سەبارەت بە هاوبەشی کردنی عەرەب و کورد لە بەڕێوەبردنی عێراقدا پاشگەز ببۆوە و ئامادە نەبوو داخوازەکانی نەتەوەی کورد جێبەجێ بکات، ئەگەرنا ئەو ڕووداوە بچووکانە ناتوانن چارەنوسی وڵاتێک لە مەترسی بخەن کە بە ساڵان سەرکردەکانی عوسمانی و ڕژێمی پاشایەتیی دەستکردی ئینگلیز لە عێراق، لەسەر کورد تاقیان کردبۆوە.

باشە ئەگەر ناکۆکی و شەڕی کەریم قاسم بە دژی بارزانی و لە ڕاستیدا بە دژی گەلی کورد بەو ڕووداوانەوە بەسترابۆوە کە مام جەلال ئاماژەیان بۆ دەکات، لێدانی حیزبی شیوعی عێراق و کوشتن و هەڵواسین و قەتڵی عامی ئەندامانیان بۆچی دەگەڕایەوە، خۆ ئەوان بە وتەی خودی مام جەلال بە بەردەوامی لە دەست قاسم و ڕژێمەکەیدا بوون و ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی ناوی جاشیان لێنابوون؟

نا! ئەو کێشانە بچووکتر لەوە بوون کە سوپای عێراق بە سێ یەکە کە هەرکامەیان لە سێ لەشکر پێکهاتبوون، پەلاماری کوردستان بدەن و سەدان کەس بکوژن و دەیان گوند وێران بکەن و بەشێکی بەرچاو لە ئابووریی عێراق لەناو بەرن! هۆی سەرەکی شەڕی کەریم قاسم بە دژی نەتەوەی کورد بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە قاسم تەسلیمی بەعسییەکان و عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان ببوو و ناچار بوو لەژێر پاڵەپەستۆی ئەواندا پشت لە بارزانی و خەباتکاران و پارێزەرانی ڕاستەقینەی کودەتای ١٤ی تەموز بکات. سەبارەت بە کوژرانی ئەحمەد ئاغای زێباری، ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوە بەپێویست دەزانم:

کاتێک بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە، کەریم قاسم بەچاکی زانی مەلا مستەفا لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردەکان کۆببێتەوە و لە نزیکەوە لەگەڵیان بدوێ، تا ئەگەر کینەیەکیان سەبارەت بە شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی بارزان لە دڵدا مابێت، سارێژیان بکات.

بارزانی ئەوکارەی کرد و کۆبوونەوەیەکی لە بارەگای فرقەی دووی هەولێر ڕێکخست و هەموو سەرۆک هۆزە کوردەکانی بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوەیە کرد. جگەلە "کەلحێ ڕێکانی" و "ئەحمەد زێباری"، هەموو سەرۆک هۆزەکانی تر هاتن و بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد و لەگەڵ مەلا مستەفا کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە ئەنجامی باشی هەبوو. گەلێک دوودڵیی و هەستی نامۆیی کۆنی لابرد و زۆر گیروگرفتی لەنێوان ئەو سەرۆک هۆزانەدا چارەسەر کرد کە نیازیی پاکیان هەبوو.

بەشداریی نەکردنی کەلحێ و ئەحمەد زێباریی بۆ کۆمەڵە تاوانێک دەگەڕایەوە کە ئەوان لە بەرامبەر خەڵک و هۆزەکانی تردا ئەنجامیاندا بوو. سەرنج بدەنە کورتەیەک لە تاوانەکانی ئەحمەد زێباری سەبارەت بە جوتیارانی ناوچەی ئاکرێ کە حکومەت لێی بێدەنگ بوو:

**١- تالانکردنی ٣٦٠ سەر مەڕ لە گوندی "دفرێ".**

**٢- تالانکردی ٦٠ سەر مەڕ لە گوندی "گربیش" و بریندارکردنی پیاوێکی خەڵکی ئەو گوندە.**

٣- دەرکردنـــی یـــونس کـــادانی لە گونـــدی "گســـی" و بریـنـــدارکردنی ئیسماعیلی کوڕی.
٤- سوتاندنی گوندی "دسی" و بریندارکردنی کەسێک بە ناوی "بـیلال" و تالآنکردنی ٥٠ سەر مەڕ لەو گوندە.
٥- تالآنکردنی ٦٠ سەر مەڕ لە گوندی"شەهی".
٦- داگیرکردنی تفەنگی کوڕی محەمەد تاهیر موختاری گوندی "باکرمان".
٧- تـالآنکردنی ٣٦٠ سـەر مەڕ لە گونـدی "چەمـی شـرین" لە حەجـی و دەرکردنیشی لە گوند.
٨- تالآنکردنی ١٥٠ سەر مەڕ لە گوندی "چەم شرتا" لە موختـاری گونـد بەناوی "شیشۆ" و دەرکردنیشی لە گوند.
٩- تالآنکردنی ٥٥٨ سەر مەڕ لە گوندی "چەمی" لە سمایل چەمی.
١٠- تەقەکردن لە مستەفا عەبدولآ لە ئاکرێ.
١١- تالآنکردنی ٨٠ سەر مەڕ لە گوندی "ئەسپیندار".
١٢- تالآنکردنی گونـدی "چەم سنی". لەکـاتی تەقەدا محەمەد سـەلیمی کوڕی حاجی ئاغا، برازای ئەحمەد زێباریش بریندار بووە.
١٣- تـالآنکردنی ٣٠٠ سـەر ولآخ لە مەعلیـوەی بەکـۆ لەگەڵ تفەنگێکـی ئینگلیزیـی و تاپرێـک و مەکینـەی درومـان و ڕادیـۆ و کەلـوپەلی مـاڵ لە گوندی "میرزیک".
١٤- کوشتنی کچی "قەمسو" ئامۆزای "عۆدیش" سـەرۆکی تیاریيەکـان لە گوندی "دەفرێ".
١٥- بریندارکردنی خزمی "عۆدیش لە گوندی دەفرێ لەبەر چاوی معـاون پۆلیسی ئاکرێ و مەئمور مەرکەزی و ٢٥ پۆلیس. کە بریندار کرا خزمەتـی پۆلیسی دەکرد.
١٦- کوشتنی دەروێش حوسێن لە گوندی "هەڕن".
١٧- تالآنکردنی باری ١٦ ئێستر کە هی خەڵکی دەفرێ بوو و دەیانبرد بۆ ئاکرێ.
١٨- دەرکردنـــی خەڵکـــی گونـــدەکانی "گـــوزگێ"، "گســـێ"و "شـــەهێ" لە ناوچەی نەهلە و داگیرکردنی ئەو گوندانە.
١٩- نوعمـــان ئاغـــا و پیاوەکـــانی لە ترســـی زێبارییـــان، گونـــدەکەیان بەجێهێشت و چوون بۆ هەولێر.

٢٠- داگیرکردنی شتومەکی بازرگانی لە تۆفیق مەئموری خەڵکی "بلە" کە لە ئاکرێوە دەیهێنا بۆ فرۆشتن لە بلە.
٢١- تالانکردنی ٤٠٠ سەر مەڕ لە گوندی "قدیش" هی حەبیب یوسف و ڕەشید عەبدولا و خەڵکی ئەو گوندە کە سەر بە قەزای ئامێدییە.

مەلا مستەفا هەوڵیدا کەریم قاسم، کەلحێ و ئەحمەد زێباری بە تاوانی ئەو پیاوکوشتنانەی لەسەریان ساخ ببۆوە، بدات بە دادگا. کەریم قاسم بەڵێنی پێدا، بەڵام پشتگوێی خست. ئەوە بوو ڕۆژی ١٩٥٩/١١/٤، چوار بارزانی لە نزیک قوتابخانەی "ناوەندیی شەرقی" لە موسڵ بەهەڵکەوت توشی ئەحمەد زێباری دەبن و بە تۆڵەی سێ کەس لە بنەماڵەکەیان کە زێباری بە ملهوڕی و بەبێ تاوان کوشتبوونی، دایانە بەر گوللە و کوشتیان. کۆنەپەرستان و کاربەدەستە شۆڤێنییەکان و داخ لە دڵان ئەم ڕووداوەیان کرد بە بیانووی نەخشەکێشان بە دژی کودەتای ١٤ی تەموز و بەم کارەش هەموو نیشتمانپەروەرانیان لە کەریم قاسم دوور کردەوە.[١٨]

لە لاپەڕەی ٧٦٣دا مام جەلال دەڵێت: (شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦١دا پڕۆگرامێکی تایبەتی نەبوو. من داوام کرد پارتی دیموکرات ڕێبەرایەتی بزوتنەوەکە بخاتە ئەستۆی خۆی و ئیبراهیم ئەحمەدیش لەگەڵ من هاودەنگ بوو. بەرلە شۆڕش چەندجار کۆبووینەوە و پێویستە ئەوەش بڵێم کە عەشایریش لە هەوڵ و تەقەلادا بوون، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد دژی ئەوان بوو. لە پلەی سکرتێری گشتیدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و نوسی: کۆبوونەوە و جموجۆڵی عەشایر سەرلەنوێ فەرهەنگی کۆن و پاشکەوتووی عەشیرەتی و خانسالاری دەگەڕێنێتەوە و پێویستە ڕاپەڕینی کورد کە چەند ساڵێکە لە گوندەوە چووەتە چیاکان، گەشەی پێبدەین و بەرەو شاری بەرین و ئەم جارەیان لە شارەوە دەست پێبکەین. هەروەها داوای کرد ڕۆژی ٦ ی سپتێمبەر هەموو خەڵکی کوردستان مان بگرن و بە زوویی ڕاپەڕین لە کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی عەشایر دەربهێنن. ئەو جموجۆڵە و زیندوو بوونەوەی سەرلەنوێی عەشایر هیچ ئاکامێک و سودێکی بۆ کورد نیە.

هەرکە قاسم دەستیکرد بە شەڕ عەشایر پاشەکشەیان کرد و ئێمەیان لە بەرەکانی شەڕدا بەتەنیا هێشتەوە، بەڵام جێی خۆیەتی سەرلەنوێ پەنجە بۆ ناکۆکی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد ڕاکێشم. پێویستە بڵێم بۆ نمونە سەبارەت بە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمیش ناکۆکیان پێکەوە هەبوو. کۆمیتەی ناوەندی و بەتایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد، سەید عەزیزی شەمزینی، دوکتۆر موراد و خولێخۆشبوو نوری شاوەیس دەیانگوت درێژە بە خەباتی سیاسیی بدەین و بە ڕێگای سیاسی و هاوکاریی کردن لەگەڵ هێزە دیموکرات و ئازادیخوازەکان قاسم بگەڕێنینەوە سەر هەڵوێستی پێشووی خۆ کە دوای کودەتا هەیبوو، یان گۆڕانێک بەسەر بنەمای حکومەتدا بهێنین، بەڵام بارزانی ڕای وابوو حکومەت چاوترسێن بکەین و بیترسێنین، بۆ نمونە دەرەبەگەکان بکوژین وەک ئەو نمونەیەی ئاماژەم بۆ کرد، یان تەقاندنەوەی پرد و جادە و بڕینی هێڵی تەلەفۆن و کارەبا و ...تد و بە گشتی ئاڵۆزکردنی کاروباری حکومەت، تا ناچار بێت وتووێژ لەگەڵ کوردان بکات. لەناو حیزبدا ئەو دوو بۆچوونە هەبوو کە دنیایەک جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. لەوکاتەدا عەشایری کوردستان یەکیان گرتبوو و لە زۆربەی چیاکان و ناوچە جیاوازەکاندا بە ئاشکرا کۆدەبوونەوە و لە هەندێک جێی وەک دەربەندی بازیان و... کۆدەبوونەوە و هاودەنگ بوون لەگەڵ بۆچوونی بارزانی، چونکە پێشنیازی ئەویان لە دیدی خۆیان نزیک دەبینی. کۆمیتەی ناوەندی حیزب دژی ئەو مەسەلەیە بوو. لەو باوەڕەدابوو کە ئەوە زیندووکردنەوەی دەرەبەگایەتی و سیستمی فەرمانڕەوایی دەرەبەگانە لە کوردستان و سپاردنی سەرلەنوێی کێشەی کوردە بە عەشایری کوردستان و بەوجۆرە عەشایری کوردستان سەرلەنوێ بەدەسەڵات دەگەن و ئەوەش جۆرێک پاشەکشەکردنە بۆ دواوە. لەبەر ئەوە پارتی دیموکرات پەنای بۆ ڕاپەڕینی خەڵک برد و ڕۆژی ٦ ی سپتێمبەر داوای مانگرتنی سەرانسەریی کوردستانی کرد و لە هەندێک جێدا خەڵک مانیان گرت و داوای مافی خۆیان کرد و یادداشتی داواکارییەکانیان ئاراستەی حکومەت کرد. بۆ خەڵکی کوردستانیش ڕون بوو کە دوو بۆچوون هەیە. یەکەمیان خەباتی سیاسی و دیموکراتی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم

**ئەحمەد و ئەویتریان نافەرمانی مەدەنی و پێکهێنانی ئاڵۆزی و تێکدان بە ڕێبەرایەتی بارزانی.)**

کام لایەنی ئەو وتانەی مام جەلال دروستن؟ ئامادەبوونی ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤالانی بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ کەریم قاسم، یان چوونیان لە بەرەی عەشیرەتەکانەوە بۆ شەڕ بە دژی ئەو و ڕژێمەکەی؟

چۆنە ئەگەر ئەوان دەیانویست بەڕێگەی سیاسی و دیموکراتی، کێشەکان چارەسەر بکەن، بۆچی لەگەڵ عەشیرەتەکان کەوتن و دژی حکومەت شەڕیان کرد و بە پاشەکشەکردنی عەشایر، ئەوان بەتەنیا لە بەرەکانی شەڕدا ماونەوە؟

لە ڕاستیدا ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤالانی بەو بڕیارە کە ڕێبەرایەتی بزوتنەوەکە لە دەست عەشیرەتەکان دەربهێنن و هەروەکوو لە بەیاننامەکەیاندا ڕایانگەیاند، بۆخۆیان سەرۆکایەتی بگرنە دەست، چوون لە بەرەی عەشیرەتەکانەوە، بەڵام کاتێک عەشیرەتەکان پاشەکشەیان کرد و پاڵیان بە حکومەتەوەدا، خۆیان بۆ نەگیرا و ئەوانیش مەیدانەکانی شەڕیان چۆلکرد و شەڕەکەیان بۆ بارزانی بەجێهێشت.

دەبینن، مام جەلال لەخۆیەوە بارزانی تێکەڵاوی ئەو دوو بۆچوونە دەکات، چونکە ئەوە بۆچوونی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی بوو، نەک بارزانی. دواتریش خۆیان لایەنگرییان لە شەقی دووەمی ئەو بۆچوونە کرد و تێکەڵی شەڕی عەشیرەتەکان بوون بە دژی حکومەت و کاتێکیش توانای بەرەنگارییان نەبوو، مەیدانیان چۆلکرد و شەڕەکەیان بۆ بارزانی بەجێهێشت و هەروەکوو محەمەدی مەلا کەریمی ئاماژەی بۆ کرد:
**(بارزانی توانی وەک قارەمانی مەیدان دەرکەوێ.)**

بە پێچەوانەی ئەو وتانەی مام جەلال سەبارەت بە شەڕخوازیی بارزانی، دوژمنەکانیش دان بە ئاشتیخوازیی بارزانی دادەنێن، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە زۆر درێژ نەکەمەوە بەتەنیا ئاماژە بۆ ئەم وتەیەی دوکتۆر مەحمود عوسمان دەکەم کە دەڵێت:

**- (بارزانی هەمیشە ئاشتی دەویست، شەڕخواز نەبوو و زۆرجار شەڕ یەخەی دەگرت. ئێمە هەر ساڵەی جارێک وتووێژمان هەبوو لەگەڵ**

ڕژێمەکـان لـە شۆڕشـی ئەیلـول، ئەوەش بەو مەرجە نەبـوو کە بـارزانی بـاوەڕی بە ڕژێمەکـانی عـارف و بەعس هەبـوو، بەڵام ئەو مەسـڵەحەتی نەتەوەکەی لەبەرچاو بوو، تا سەرئەنجام ڕۆژی ۱۹۷۰/۳/۹ سەدام بۆخۆی هـاتە نـاوچەی ئـازاد و چـاوی بە بـارزانی کەوت کە ڕێککەوتنی ۱۹۷۰/۳/۱۱ی لێکەوتەوە.[۱۹])

مـام جەلال لە درێـژەی وتەکانیدا لە لاپەڕەی ۷٦٥دا دەڵێت: (هـۆیەکی تـری کێشـەکە بـوونی کـوردێکی ئێرانـی بـوو بە نـاوی عەبدوڵا ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق کە بەرلە دوکتۆر قاسملوو ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە ئەستۆ بوو. بەڕاستی ئەو مرۆڤێکی ئـاژاوەگێڕ، بەڕەڵا و حەسـود و قسـەگێڕەوە بـوو. کـاریگەرییەکی زۆرخراپـی لەسـەر مێشکی بـارزانی هەبـوو. لەژێر نـاوی خۆشەویستیی بـۆ بـارزانی، هەموو هەواڵ و قسـەیەکی خراپـی بـۆ دەگێـڕاوە کە بە دژی ئـێمە کەڵکـی لێوەربگیرێت. دەیگوت ئەوانە دژی تۆن و ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەنـدی حیـزب بە دژی تـۆن و نـایەنە سـەر ڕێگـای ڕاست. تەنـانەت لە گۆڤارێکدا کە بڵاوی دەکردەوە، نوسی ڕاپەڕین تەنیا بەبوونی بـارزانی بەستراوەتەوە و ئەگەرنا کۆمیتەی ناوەندی پارتی هیچ بوونێکی نییە. بە ڕاستی کاریگەریی خراپی لەسەر پێوەندی ئێمە هەبـوو. ئەوانە دیـاردەی سەرەکی بوون تا ساڵی ۱۹٦٤. دیـارە لە خەبـاتیشدا نـاکۆکی هەبـوو و لە ڕاسـتیدا لە بـواری سەرپەرشـتی و ڕیبەریـی کردنیشـدا ئەو نـاکۆکییە دەبیندرا. بـارزانی ئەرکـی سـەربازیی لە ئەسـتۆ بـوو، کۆمیتەی ناوەنـدی پەنـای بـۆ چیاکـان بردبـوو و لە "مـالومە" کاروبـاری مەکتەبـی سیاسـی بەڕێوەدەبرد.)

سەبارەت بە عەبدوڵا ئیسحاقیو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێویستە بڵێم. ساڵی ۱۹۵۹ ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆساواک ئاشکرابوون، غەنی بلوریانو ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و نزیکەی ۱۲۰ ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکرات گیران. گیراوەکـان سـەرەتا لە زینـدانی تەوریـز و دواتـر لە زینـدانەکانی تـاران ڕاگیـران و بەرە بەرە ئـازاد کـران، بەڵام عەزیـز یوسفی و غەنـی بلوریـان

ڕاگیران. یوسفی ساڵی ١٩٧٧ بەهۆی نەخۆشیی، لە بەرامبەر پاڵەپەستۆی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی زینیدانیانی سیاسی نەتەوەیەکگرتووەکان لە زیندان ئازاد کرا، بەڵام غەنی بلوریان تا ڕۆژی ١٩٧٨/٩/٢٧ لە زینداندا مایەوە و کاتێک دەرگای زیندانەکانی شا شکا، ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێک زیندانی تر ئازاد بوو. لە بەشەکانی پێشوودا مام جەلال چەند جار پەنجەی بۆ زیندانی بوونی بلوریان ڕاکێشاوە.

بە گیرانی ئەو کادیر و ئەندامانەی حیزبی دیموکرات، ژمارەیەکیان کە نەکەوتبوونە دەست ساواک، توانیان خۆیان بگەیەنە باشوری کوردستان و لە خاڵەکانی سەر سنوری بانە و سەردەشت، بە هاوکاریی عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"، سلێمان موعینی "فایق" و هاشم ئەقەلەتولاب "قادر شەریف" حیزبی دیموکراتیان زیندووکردەوە، بەڵام کاتێک ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال بە ناوی مەکتەبی سیاسی پێوەندیان لەگەڵ ئێران دامەزراند، ڕێگەیان بە چالاکی ئەندامانی حیزبی دیموکرات نەدا و ڕاویان نان. ئەحمەد تۆفیق و ژمارەیەکیان چوونە ژێربالی مەلا مستەفا بارزانی و ئەو یارمەتیدان کە ڕێکخراوەکانیان ببوژێنەوە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و خەباتی سیاسیی و هاوکاریی کردنیان لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلول. بۆ زانیاری پتر لەم بارەیەوە سەرنج بدەنە مامۆستا هەژار موکریانی کە لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (دەستەی ئەحمە تۆفیق کە لە زەمانی قاسم دا هاتبونە دیوی عێراق، لە سنوری لای بانە گیرسابوونەوە کە لە ئێران دور نەکەونەوە. پارتی بۆ تێک نەدان دەگەڵ ئێران مەنعیان کردبون. چەند کەسێکیان لێ گرتبون کە تەحویلی ئێرانیان دەدەیەنەوە. بارزانی دورلە وڵاتی بادینان بو. هەرچۆنێک هاواریان گەیاندبویە. ئەحمەد دەگەڵی تێکدابون. نەشرەیەکی بە پۆلی کۆپی بە ناوی "دیسان بارزانی" دەردەکرد. پارتی زۆر لەوە تورە بون. جارێک کورێکیان بەو نەشرەیەوە گرتبو، ناوی "عومەر نیگڵی" لاوێکی سنەیی بو، زۆریان لێدابو، نازانم چۆن بەردرابو. بەو حاڵەش بە هەمو ترس و لەرزی ڕێگەوە، نەشرەیەکانی هێنا بەغدا. لە بەغدا زۆرم بە ئەحمەد گوت: "هەر شتێ کەمترین کێشە و دوبەرەکی بنێتەوە زۆر زەرەرە". دیارە ئەویش کاری خۆی بە باشی دەزانی و دەیگوت: "تۆش

ئەگەر وەک من لەناو جەرگەی کارەکەدا بای، حەقت بەلاما دەدا...". جا کە گەیبونە بارزانی، دیسان پارتی و ئەحمەد یەکتریان دەدزا. پارتی لای وابو ئەحمەد بوختان و درۆیان بۆ هەڵدەبەستێ و بارزانیان لێ تیژ دەکا. نازانم تا کوێ ڕاستیان دەکرد، بەڵام وەک چەند شتێکم لێ گێڕانەوە، لە زۆر جێدا حەق بە ئەحمەد بو.

ئەحمەد تۆفیق دەستە پیاوێکی باڵاباریکی جوان چاک، سپیلکەڵە، موی لە ڕەشیان بریقەی دەهات. قەت لە کارکردن ماندو نەدەبو. زۆر پاک و خاوێن و موڕەتەب بو. کەس بە پێ دەگەڵی دەرنەبرد. ڕۆژ و شەو بێوچان بە شاخ و کێو هەڵگەڕابا نەفەسی تەنگ نەدەبو. نەیدەهێشت بەردەستانی ساتێک بێکار و تەنبەڵ ڕاببوێرن. لە غاردان دا پێم وابو کەروێشکی لەبەر دەرناچێ. جارێک جاشێکی دیل هەڵاتبو. جاش وەک تاژی ڕای دەکرد، ماوەیەکی زۆریش دور کەوتبو. ئەحمەد کەوتە سەری و گرتی. تفەنگچی چاک بو، نەیدەزانی ترس چیە. هەمو گیانی هونەر بو. عەیبی ئەوە بو، زۆر سەختگیر و خەتایەکی چکۆڵەی لە ژێردەست قەبووڵ نەدەکرد، نەی دەبەخشی. بە چاوی بەدبینی دەیڕوانیە زۆر لە هەواڵەکانی ئێرانی، زۆر دەترسا کە ساواک ناردبنی کە لەسەر ئەو وردە عەیبانەی من لۆمەم دەکرد.(٢٠))

ئەگەر بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەڵگە مێژووییەکان، ئێمە بەتەنیا بە پشت بەستن بە وتەکانی مام جەلال بڕوانینە ناکۆکییەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی لەگەڵ بارزانی، بەئاسانی تێدەگەین کە ئەو ناکۆکیانە لە دوو دید و بۆچوونی جیاواز و دوو جیهانبینی جیاوازەوە سەبارەت بە جیهانی دوو جەمسەریی ئەو سەردەمە سەرچاوەیان وەرگرتووە. لەبەر ئەوە بوونی ئەحمەد تۆفیق وەک لایەنی نەتەوەیی لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و ژمارەیەکی تر وەک لایەنی چەپی ئەو حیزبە کە خۆیان قوربانیی ئەو ناکۆکیانە و پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی دوای جەنگی دووەم و سەرهەڵدانی شۆڕشی بەناو سۆسیالیستی لە هەندێک وڵاتی لە حاڵی گەشەسەندا بوون، ناتوانن دیاردەیەک، یان لایەنێک بن لە سەرهەڵدان و پەرەپێدانی کێشەی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی لەگەڵ بارزانی.

لەو سەردەمدا بارزانی سەرۆکێکی ناسراوی نێودەوڵەتی بوو کە بە هێزێکی کارامە و جەنگاوەر سنوری دەستکردی چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستانی دەپاراست و ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی لە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا کۆمەڵێک ڕۆشنبیر بوون بە پێگەی بچووک و لاواز لە کۆمەڵگای کوردەواریی ئەوکاتی باشوری کوردستاندا کە بەخۆبەستنەوە بە بارزانی پلەی حیزبییان بەدەست هێنابوو. ئەوان لایان وابوو بە کەڵکوەرگرتن لە سیمای نەتەوەیی بارزانی دەتوانن ببنە ڕێبەری نەتەوەیەک و شۆڕشێکی هاوشیوەی چین لە کوردستاندا هەڵگیرسێنن و دەست و پێی مەلا مستەفا بە گوتەی ژەنەراڵ بارزانیی ببەستن.

ئەوان تێگەیشتنی دروست و زانستیان لە پێکهاتەی جوتیاریی کۆمەڵگای کوردستان نەبوو و نەیاندەزانی ئابووریی کوردستان کە بە ئاژەڵداریی و کشتوکاڵەوە بەسترابۆوە، ئابوورییەکی لەرزۆک و دەرز هەڵگرە. تەنانەت لە پێوەندییە سیاسییەکانیشدا بە ڕادەیەک کەمئەزموون بوون کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا، بەبێ لێکدانەوە لە داوی ساواکی ئێران کەوتن. ئەوان بە کات و سات و تاکتیکەکانیان نەدەزانی و کورد گوتەنی بە بەستێک ئاو سەرئاو دەکەوتن و خەیاڵی سەرکەوتن مشکی دادەگرتن و بەبێ چاوخشاندن بەتوانا و هێزی خۆیان و هەڵسەنگاندنی هێز و دەرەتانی دوژمن، دروشمی توندیان بەرز دەکردەوە و بە توندیش پاشەکشەیان لە دروشمەکانیان دەکرد و میدانیان بەجێدەهێشت.

بارزانی لە پلەی سیاسەتمەدارێکی دنیادیتودا کە ساردیی و گەرمی چێشتبوو، دژی ئەو هەڵسوکەوتەی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی بوو. دەیزانی کە ئەگەر بەو شێوەیە درێژە بە سیاسەت بدەن، خۆیان و گەلی کورد توشی کارەسات دەکەن. بارزانی خۆی لە سەرەتادا دەرەتانی بۆ ڕەخساندن کە گەشە بکەن و تەنانەت یارمەتی دان کە دژەبەرەکانیشیان لە ڕیزی پارتی دوور بکەنەوە، تا بەڵکوو بۆ داهاتووی کورد ببنە هێزێکی کارامە و کورد بە ئاوات بگەیەنن، بەڵام ئاواتەکەی بەجێ نەگەیشت و سەرئەنجام ناچار بوو لە بەرامبەریاندا بوەستێ و بڕیاری هەڵبژاردن بە گەل بسپێرێ کە لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦٤ و ١٩٧٠دا ئاکامەکەمان بینی.

لە لاپەڕەی ٧٦٦دا دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٦٣وە بەرە بەرە لەگەڵ حکومەت دەست کرا بە وتوویژ. من بەرپرسی وتوویژ بووم و بارزانی ئەو بەرپرسایەتیەی بەمن دابوو. بە دوای کۆنفراسی کۆیە، دیسان من بە پێداگری بارزانی سەرپەرشتی گفتوگۆکانم لە ئەستۆ بوو. بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ، چوومە بەغدا کە دیارە گفتوگۆکان بەجێییەک نەگەیشتن و دووبارە شەڕ دەستی پێکرایەوە و ڕژێمی بەعس هێرشێکی گەورەی کردە سەر کوردستان و ئێمە بەرگریمان کرد و دواتریش لە حیزبی بەعسدا کودەتا کرا. ژمارەیەک ئەفسەری ناسیۆنالیست کە لایەنگری جەمال عەبدولناسر بوون بە سەرپەرشتی عەبدولسەلام عارف کودەتایان کرد. حکومەتی نوێ داوای وتوویژی لەگەڵ بارزانی کرد و ئەویش قەبووڵی کرد، بەڵام کۆمیتەی ناوەندی دژی ئەو وتوویژە وەستا و گوتی حکومەتی نوێ درێژەدەری حکومەتی کۆنە و چونکە ژمارەیەکی ئەفسەر لێ جودا بووەتەوە و لاواز بووە، دەبێ درێژە بە شەڕ بدەین کە داخوازەکانمان بسەلمێنێت، چونکە بە ڕاستی لەوکاتەدا وتوویژ و ئاشتی هیچ دەسکەوتێکی نەبوو و ئەوان بە ڕەوانەکردنی هێز لە کوردەکانیان دەویست دەست لە بەربەرەکانی هەڵگرن و ئارام لەسەر جێی خۆیان دانیشن و خۆیان بەدەستەوە بدەن و لە ڕاستیدا حکومەت شتێکی بە ئێمە نەدابوو. بەڵام بارزانی پێیوابوو کە ئەمریکا لە پشت پەردەدا پشتی عەبدولسەلام دەگرێ و خوالێخۆشبوو باباعەلی شێخ مەحمود کە لەناو کوردەکاندا بەوە ناسراوبوو کە دۆستی ئەمریکایە و کەسێکی باوەڕپێکراوی هێزەکانە، دەستی لەو مەسەلەیەدا هەبوو و ئەو بارزانی ڕازیکردبوو کە ئەگەر ئەمریکا هاتووەتە نێو یارییەکەوە، باشترە ئێمە بەدژی نەوەستین و هەڵسوکەوتی ئاشتیانەمان هەبێت. لەلایەکی تردا یەکێتی سۆڤیەت لەبەر عەبدولناسر لایەنگری ئاشتی و ئاگربەس بوو کە خرۆشۆف بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ عەبدولسەلام نارد و لەودا نوسی: "کارێکی باشت کردوە لەگەڵ کوردەکان ڕێککەوتووی." ئێمە لە کۆمیتەی ناوەندیدا دژی ئاگربەس و وتوویژ بووین لەسەر ئەم بابەتەش ڕۆژ بە ڕۆژ ناکۆکییەکانمان لەگەڵ بارزانی بەرینتر بووە. بابەتێکی جیددی و هەست پێکراوی تر لە کوردستاندا ئەوە بوو کە حکومەت نەیدەویست حیزب لە کوردستاندا هەبێت و جگەلە حیزبی "اشتراک اتحاد عربی" ئەوانی تر هەڵوەشێنەوە. بارزانی بە پەیڕەوی ئەو

بۆچوونەی حکومەت بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە "بەڵێ ئەو ڕایە دروستە و باشتر وایە هەموو حیزبەکان هەڵوەشێنەوە." بەو واتایە حیزبی ئێمەش دووچاری ئەو چارەنوسە دەبوو.

هەروەها بارزانیش بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ڕوی لە خەڵک و پێشمەرگە بوو "دیارە حکومەت بۆی نوسیبوو" کە بگەڕێنەوە جێی پێشوی خۆیان و دەست لە خەباتی چەکدارانە بەردەن و درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن. عەبدولسەلام عارف کەسێکی دیندار و بە ئیمانە و کەسی دینداریش جێی متمانەیە. ئەو بەیاننامەیە نارەزامەندییەکی زۆر گەورەی لە نێو حیزب و تەنانەت لەنێو خەڵکیشدا لێکەوتەوە. منیش تا ئەوکاتە زۆر لە بارزانی نزیکبووم، بەڵام بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەیە و شێوەی بەکارهێنانی زمانی نوسینەکەی، چوومە لای بارزانی و گوتم تا ئەم کاتە لەگەڵ تۆ بووم و لەگەڵ دژەبەرە توندەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب نەبووم، بەڵام ئەزبەنی! ٢- ٣ پرسیارم لێتە، بەڕاستی باوەڕت بەوە هەیە کە نوسیوتە؟ گوتی: بەڵێ. گوتم باشە ئەگەر ئەوانە تاکتیکی سیاسین، پێم بڵێ کە ئێمەش بزانین مەسەلەکە چییە؟ گوتی: ناوەڵا! شتێکی وانییە. گوتم ئەزبەنی! لەم شەوەوە خواحافیز! من هەموو تەمەنی خۆم لە پێناوی مافی حیزب و لەبەرچاوگرتنی پرنسیپی حیزبدا تەرخان کردوە و خواحافیز. دیارە دۆستەکانی تریش لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب وتاری توندوتیژیان دژی بارزانی بڵاوکردەوە و بەتوندی دژی ڕێککەوتنی بارزانی حکومەتیان نوسی و پرسیان ئایا کردەوەی بارزانی سازیش و تەسلیمە، یان ئاشتی. بەحەق قسەی توندیان دەکرد و تەنانەت خوالێخۆشبوو نوری شاوەیس جنێوی بە بارزانی دەدا کە من بە ڕاستی دژی ئەو بەرپرچدانەوە توندانە بووم و نە سیاسەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبم قەبووڵ بوو و نە سیاسەتی بارزانیم بە دروست دەزانی. باوەڕم بەوە هەبوو کە بارزانی ڕێبەری ئێمەیە و نابێت قسەی ناشیرین بە ڕێبەری حیزب بوترێ. ڕاستە قسەکانی ئەو قەبووڵ ناکرێن، بەڵام دروست نیە بەم جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت و دەبووایە کات و دەرەتانێکی زیاتری بدرێتێ و بە یەجگاری هەموو شتێک لەناو نەبەین. ماوەیەک تێپەڕێ تا بارزانی بۆخۆی قسە و بەڵێنەکانی حکومەتی بۆ دەرکەوێ و لێکیان بداتەوە. دڵنیا بووم دووبارە پێوەندی نێوان بارزانی و حکومەت

تێکدەچێت و ئێستا دیاردەکە ناڕوونە، بەڵام حیزبییەکان دەیانگوت، نا! ئەوە خۆبەدەستەوەدانە و ئێمە دەبێ درێژە بە خەباتی چەکدارانە بدەین و هەڵسوڕێین و بەرگری لە ئامانجەکانمان بکەین. ئەمە وایکرد کە بارزانی کودەتا بکات. بە جارێک هەموو شتێک و هەموو هێزەکانی سەربازیی حیزب لەژێر چاودێری ئەودا بوو، ئەو دیاردانە بوون کە هەرکام بە جۆرێک پێوەندی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەدیان لەناو برد و جیابوونەوە و لەتبوونی بەدوادا هات.)

لە لاپەڕەی ٧٦٩دا باس لە چوونی بۆ وڵاتی میسر دەکات کە ساڵی ١٩٦٣ بە فەرمانی بارزانی لەگەڵ ساڵح یوسفی چووەتە بەغدا کە لەگەڵ گروپێک لە حکومەتی عێراق بۆ پیرۆزکردنی جەژنی یەکبوونی سوریا و میسر بچێتە میسر و دەڵێت:

- (بە بەرگی کوردی چووم و لەوێ چاوم بە جەمال عەبدولناسر و .... کەوت و دۆخی کوردەکانم بۆ ڕوون کردنەوە و گوتم خەباتی کوردەکان بە دژی عەرەبەکان نییە و ئەوان خۆیان بە دۆستی جەمال عەبدولناسر دەزانن.)

هەروەها لە گەشتێکی خۆی بۆ ئەوروپا و دیداریی لەگەڵ چەند کەسایەتی کورد، عەرەب و ئەوروپایی ڕوسیا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەدوێ و سەرلەنوێ لە لاپەڕەی ٧٨٦دا دەگەڕێتەوە سەر ڕێککەوتنی بارزانی و عارف و دەڵێت:

- (شەڕی بارزانی و عارف لە ڕێککەوتنەکەوە دەستی پێکرد، بارزانی هەندێک چاوەڕوانی لەو ڕێککەوتنە لەگەڵ عارف هەبوو کە ئەو هیچی بۆ نەکرد، بەڵام هەرچی عارف لە بارزانی دەویست، ئەو بۆی ئەنجامدەدا و پێچەوانەکەشی هیچ کام لە چاوەڕوانییەکانی بارزانی بەجێنەگەیاند و کارێکی بۆ بارزانی نەکرد. سەرئەنجام پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەت توشی گرفت بوون و ئاگری شەڕ سەرلەنوێ بەرز بووەوە. عارف پێیوابوو دەتوانێت بە ئاسانی بارزانی لەناو بەرێت، بەڵام بۆی نەکرا.)

مام جەلال، یان نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ لە کۆماری ئیسلامیدا، ئەم بەشەی نوسینەیان بەجۆرێک شێواندوە کە خوێنەر سەرەدەرە لە ڕووداوەکە نەکات. مام جەلال ساڵی ١٩٦٣ تەنیا یەک جار چووەتە بەغدا

کە سەرپەرەشتی کۆبوونەوەی وتوویژ بکات، نەک دووجار کە جاریکیان خۆی سەرپەرشتی گفتوگۆکانی کردبێت و جاریکیش بە فەرمانی بارزانی لەویوە لەگەڵ گروپیک لە حکومەتی عیراق بۆ پیرۆزکردنی جەژنی یەکبوونی سوریا و میسر چووبێتە وڵاتی میسر. بۆ ئەوەی کە ئەم بەشە بۆ خوینەر روون بێتەوە، پیویستە ئەو دوو رووداوە زۆر گرنگە شیویندراوە لیک جودا بکەمەوە. سەرەتا مەسەلەی وتوویژ لەگەڵ رژیمی بەعس کە لە مانگی مارس "ئادار"ی ساڵی ۱۹٦۳ ئەنجامی گرتووە.

لە یەکەم رۆژی کۆنگرەی بەرفرەوانی کۆیەدا کە چل رۆژ دوای کودەتای بەعس لە عیراق و دە رۆژ دوای کودەتای ۸ی ئاداری بەعسییەکانی سوریا، لە ۱۹٦۳/۳/۱۸ بە بەشداریی نزیکەی دوو هەزار کەس پیکهات، بەشدارانی کۆنگرەکە پرۆژەیەکی داواکاریی نەتەوەیی کوردیان ئامادەکرد. بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا، بارزانی لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامەتی گروپیکی چواردە کەسیی وەک: ساڵح یوسف بارزانی، مەسعود محەمەد، حسێن خەنەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق، بابەکر رەسوڵ، مستەفا عەزیز، فوئاد عارف و...تد، رۆژی ۱۹٦۳/۳/۳۰ بە گەڵاڵەکەوە رەوانەی بەغدا کرد کە وتوویژ لەگەڵ حکومەت بکەن. لەوێ بەبێ ئەوەی کە وتوویژەکەیان بەئاکام بگات. بەعسییەکان جەلال تاڵەبانیان رازی کرد کە لەگەڵ وفدیکی عیراقی بچێ بۆ میسر و چاوی بە جەمال عەبدولناسر بکەوێ و سەرەرای پیرۆزبایی یەکگرتنی میسر و سوریا و عیراق و پیکهینانی وڵاتیکی یەکگرتووی عەرەبی لەو سێ دەوڵەتانە هەوڵی جێبەجێ کردنی داواکارییەکەی بدات. جەلال تاڵەبانی بەبێ ئەوەی کە داوای بەعسییەکان بە بارزانی رابگەیەنێ و رەزامەندی ئەو وەربگرێت، ئەندامانی وەفدی پارتی لە بەغدا بەجێهێشت و لەگەڵ فوئاد عارف و شاندی بەعس دەچێ بۆ میسر. لەوێش بەهۆی کودەتای بەعسییەکان لە سوریا لە ۱۹٦۳/۳/۸دا کە ئاواتی پیکهینانی وڵاتی یەکگرتووی عەرەبی کوێر کردبۆوە. مام جەلال بەجێی گەرانەوە بۆ عیراق، لە میسرەوە دەچێ بۆ ئەوروپا و لە کۆتایی ساڵی ۱۹٦۳دا بە ئێراندا دەگەرێتەوە بۆ کوردستان. حکومەتی عیراقیش هەموو ئەندامانی وەفدی کوردیی دەگرێت و بەشێکیان بە هێلیکۆپتەر

دەگوازێتەوە بۆ کەرکوک و دوای شکەنجەدانێکی زۆر، تا مانگی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ لە زیندانـدا ڕایانـدەگرێت. بۆ ڕوونکـردنەوەی پتـری ئەم ڕووداوە، سەرنج بدەنە بەڕێز محەمەد مەلا قادر کە دەڵێت:

- (بارزانی لە ئاداری ١٩٦٣ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە کۆیە بەست. وێڕای سەرکردایەتی حزب و بەرپرسەکانی پێشمەرگە، هەندێ کەسایەتی خێڵەتی و ئاینی و کۆمەڵایەتی بەشداربوون. بەگشتی داوای (حکم الذاتی) کرا بۆ کورد. وەفدێکی ١٤ کەسی بە سەرپەرەشتیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامیەتی ئەم کەسانەی خوارەوە: ساڵح ئەلیووسفی، مەسعود محەمەد، حسێن خەنەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق، بابەکر ڕەسوڵ، مستەفا عەزیز و چەندی تر بۆ گفتوگۆ چوونە بەغدا.



هەمان کات عێراق وتووێژی لەگەڵ میسر و سوریادا کرد... گوتیان عێراق لەگەڵ ئەوان ڕێککەوت داوای فیدراڵی بکرێ بۆیە سەرۆکی شاند چووە قاهیرە بۆ ئەوەی بابەتەکە لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا باس بکا، بەڵام سەرۆکی وەفد نەهاتەوە، وەفدی بەغداش تووشی پەڵەپەستۆ و تەنگەتاو کردن هاتن و هەندێکیان گیران و ئەشکەنجەدران. حکوومەت نا مەرکەزیی لە جیاتی حوکمی زاتی ڕاگەیاند واتە یەکلایەنە بوو، نەوەک بە ڕێکەوتن، شۆڕش و میریی عێراق نەگەیشتن بەیەک. ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ حکوومەت هێرشێکی سەرتاسەی دەست پێکرد. شاندەکە بە هێلیکۆپتەر گوازرانەوە کەرکوک و لەوێ گیران و بەند کران و ئازار دران.(٢١))

ڕووداوی دووەم هێرشکردنی سوپای عێراق بوو بۆ سەر کوردستان کە مام جەلال بە هێرشی گەورەی ڕژێمی بەعس ناوی دەبات. حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشوی ئەرکانی سوپای ئێران ئاماژە بۆ زەرە و زیانەکانی ئەو شەڕە دەکات و دەڵێت:

- (لەو هێرشەدا سوپای عێراق بە سێ لەشکری کۆکراوە لە ئامێدی، ئاکرێ، ڕانیە، کۆیە، قەڵادزێ، چوارتا، سلێمانی و خانەقینەوە هێرشی کردە سەر کوردستان. بەگشتی دوو سێ سوپای عێراق "بە ڕێکخستنی ئێران هەر سوپا سێ لەشکرە- نوسەر" بەشداریی ئەو شەڕەیان کرد و بۆمبارانی توندی فڕۆکەکان ئەنجامی گرت و پێشمەرگەکانیش بۆ ئەوەی لە گەمارۆ نەکەون، بە ئارامی بەرەو چیاکان و بەرزاییەکان پاشەکشەیان کرد. لەو شەڕانەدا بڵاوکراوەکانی بارزانی ئاماژەیان بۆ دەستکەوت و زیانەکانیان کرد و ڕایانگەیاند لە ماوەی دوو هەفتەی شەڕدا، ١٣٤٠ چەکداری سوپا و ٧٤٠ جاشیان بەدیل گرتووە، ٢٠ تانک، ١٦٤ ڕەشاش، ٩ بازوکا، ١٠٠٠ تفەنگیان دەستکەوت بووە و لە بەرامبەردا ١٣٤ پێشمەرگەیان شەهید و ٢٧٣ پێشمەرگەشیان برینداربوون و بەهۆی بۆمبارانەکانەوە، ١٦٧ گوند وێرانکران و ٦٣٤ کەسی مەدەنی و ١٣٠٩ ژن و منداڵ لە بۆمبارانەکاندا شەهید بوون. سەرئەنجام دوای پێنج مانگ بەسەر وتووێژی بەغدا، ١٨ ی نۆڤێمبەری ١٩٦٣ لە عێراق کودەتا کرا و عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتەدەست و شەڕی ڕاگرت و داوای وتووێژی لە بارزانی کرد. مەکتەبی سیاسی لەگەڵ وتووێژ نەبوو، بەڵام بارزانی داواکەی قەبووڵ کرد.

ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی دژی شەڕ وەستاندن و وتووێژ بوون و بارزانی بە پێچەوانەی ویستی ئەوان، بەتەنیا ئاگربەسی ڕاگەیاند. ئەو کارەی بارزانی ئەوانی بەتەواوی تووڕە کرد. ئەوان لە نامەیەکی بیرخستنەوەی ڕەخنەگرانەدا داوایان دەکرد واز لە ئاگربەس بێنێت و تا تێکشاندنی دەوڵەتی عێراق درێژە بەشەڕ بدات. هەروەها پێیانڕاگەیاند کە دەوڵەتی عێراق لەبەر ئەوە ئاگربەسی ڕاگەیاندوە کە خۆی بۆ هێرشێکی سەرلەنوێ ئامادە بکاتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی، شەریف حیلمی، سەرهەنگ نوری ئەحمەد تەها، جەمیل بەگ، عەلی عەسکەری و مازۆر سمایل لێپرسراوی کاروباری عەمەلیات، ژێر ئەو نامەیەیان ئیمزا کردبوو.


مەلا مستەفا بۆخۆی فەرماندەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو، باشتر لە هەر کەسێکی تر ئاگاداری بارودۆخ و بیروباوەڕی پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان بوو، دەیزانی لەوە پتر دەرەتانی شەڕ

نییە، تەواوی ناوچەکان بەهۆی بۆمبارانی دوژمن وێران بوون، زەوی، دانەوێڵە و کەلوپەلی ژیان بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە لەناو چووبوون. ژمارەی زۆری ئاوارە و ڕاکردووەکانیش کۆسپێکی تری سەر ڕێگای بەردەوامیی شەڕی چەکدارانە بوو. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر دابەزینی ورەی خەڵک بوو کە بەهۆی پشتیوانیی نەکردنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە کوردان، زیانی بینیبوو. ... دورلە باوەڕە کە ئەگەر بڵێین مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، نەزانن حیزبەکەیان دەرەتانی درێژەدانی بە شەڕی چەکدارانە نەماوە، بەڵام بە ڕوونی دیاربوو کە ئەوان لەهەر هەلێک دەگەڕان تا خۆیان لە چنگ مەلا مستەفا ڕزگار بکەن. لە بەرامبەر نەتەوەی کوردا بە خایینی بناسێنن و بڵێن بووەتە داردەستی دەوڵەتی عێراق و ئەم جارە بۆخۆیان وتوویژ لەگەڵ عێراق بکەن. .... مەکتەبی سیاسیی کە بارەگاکەی لە ماوەت لە نزیک چوارتا بوو لە باکوری سلێمانی، دژی مەلا مستەفا دەستی کرد بە پروپاگەندە و ئەویان لە بەرامبەر داخوازەکانی نەتەوەی کورددا بە خایین ناساند.[٢٢])

ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی لە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا بەم جۆرە لە بەرامبەر کۆمەڵانی هەراوی گەلدا کە بارزانییان بە سەرۆکی خۆیان دەزانی، خۆیان بە تەنیا هێشتەوە. هەرلەم بارەیەوە ئەحمەد بانیخێڵانی "ئەبو سەرباز" ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق دەڵێت:

- (.... هۆیەکیتری توندوتیژ بوونی ناکۆکی لەنێوان هەردوو لابالەکەی ناو پارتی لەوکاتەدا ئەوە بوو کە گوایە (م.س) بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف ڕازی نیە. من لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە "دێرێ" چوومە لای بارزانی، سەبارەت بەو خاڵە گوتی: (خۆمن هیچ هیوایەکم بە گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولسەلامی شۆڤێنیدا نەبووە. بڕواشم وانییە ئەمانە دان بە حەقی کورددا بنێن، بەڵام ئێمە وەزعمان خراپە و هێزەکانمان ماندوون. فیشەکمان کەمە، چەکی باشمان نییە و پیویستیمان بە پشوودانێکە.[٢٣])

هەروەها محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: (لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا عەبدولسەلام کودەتای لە بەعسییەکان کرد، داوای شەڕ ڕاگرتنی کرد و بارزانی پەسندی کرد. وتووێژ دەستی پێکرد، بارزانی نەمر نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی نوێنەری پارتی بوون. شاندی حکوومەتیش پارێزگاری سلێمانی حاجی مەحموود عەبدولرەزاق بوو، ڕێککەوتن لەسەر بڕیارەکە کرا، بەڵام کاتێ جەلال و نوری شاوەیس چوونە ماوەت مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو، لەوێ جەلالیش هەڵوێستی گۆڕی. مەکتەبی سیاسی بەیانێکی دەرکرد لەژێر مانشێتی "ئایا ڕێکەوتنی مشیر- بارزانی ئاشتییە یان خۆدانە دەستە و قسەی ناشیرینیان بە بارزانی گوت."(٢٤))



هەروەها عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" دەنوسێت: (حیزب بڵاویکردبۆوە کە بارزانی کوردستانی بە چەند سندوق پورتەقاڵ و چەند کراسێکی دیاری عەبدوڕەزاقی وتووێژکەر فرۆشتوە. وای لێهاتبو ئەگەر پارەمان دەدا بە دوکاندارێک دەیگوت بۆنی پورتەقاڵی لێ دێ... بەڕاستی منیش ئیمزای ئەو ئاگربەسەم زۆر لا گران بو. ڕۆژێک لە سەنگەسەر دەگەڵ مەلا مستەفا لێمان بو بە کێشە، گوڕەی وای لێ هات کە حەرەسی بارزانی هاتە ژور، وەیزانی شەڕی بەڕاستە. بارزانی بە حەرەسەکەی گوت بچۆ دەر.

گوتم: کاکە تۆ زۆر ساڵت زەحمەت کێشاوە، بە پاڵەوانی ڕێگەی ئازادی کورد ناسراوی، پیر بوی، زۆر حەیفت کرد ئەو ئیمزایەت کرد. ئەگەر بتگوتایە بیست ملیۆن دینارم حەقی ئیمزا کردن دەوێ، دەیان دایەی. من چاوەنۆڕ بوم ئەگەر نەسڵی دوای ئێمە پرسیان ڕێگەی ئازادی بەکوێ دایە؟ لە عێراق جێ قەبری تۆی نیشان دەن و لە تورکیا قەبری شێخ سەعید و لە

ئێران قەبری قازی محەمەد، قبرتان نیشانگەی ڕێگەی ئازادی خوازان بێ، نەک بچی ئیمزای ئاگربەسێکی وا بکەی کە خەڵک گاڵتەی پێ بکا و بڵێن کوردستانی فرۆشتوە...

لە توڕەییان گوتی: کوردستانی چی؟

گوتم: کوردستانی هەمو شت. من و هەزارانی وەک من بۆیە تۆ وەک بت دەپەرستین کە خەمخۆری کوردستانی. وەک لە قورعان دا دەڵێ: لە ئێستاوە جیایی نێوان من و تۆیە، خوا حافیز. هەر ئەمڕۆ دەڕۆمەوە بەغدایە و فەقیری خۆم دەکەم....

دەرکەوتم. لە حیرسانیش دەگریام... سواری جیپێکی کرێ بوم و چومە ماڵی قادری باغەوان لە ڕانیە. سەعاتێک شەوی مابو، لە دەرگایان دا. گوتیان هەژار وەرە کارمان پێتە. دو چەکداری بارزانی بون. خواحافیزی یەکجاریم لە ماڵە مام قادرکرد و لێم ڕون بو لەسەر ئەم بێ ئەدەبی‌یەی دوێنێ گوللەبارانم دەکەن. گەیشتینە پشت ڕانیە، چوار جیپ لە دوی یەک وێستابون، مەلا مستەفا وێستابوو، گوتی: تۆ لەگەڵ جیپی مەلا برایم سوار بە. چوینە "سەروچاوە" بوینە میوانی خێوەتی "ئەحمەد شاباز". پاش نانی نیوەڕۆ گوتی: حەرەس بە جیپەکان بڕۆنەوە "دۆڵەڕەقە" ئەسپی من زین کەن و ئێسترە شینیش بۆ هەژار زین کەن. ئێمە بە سواری دێین. لە ڕێگە تاوێکی چاک هیچ دەنگی نەکرد. لەپڕ بێدەنگی شکاند:

- هەژار تۆ هەر خۆت بە کورد مەزانە، زۆر پیاوی واماون کە گیانیان بە قوربانی ئازادی کوردستان بکەن. من لە تۆ دڵسۆزترم، چۆن بەجێم دێڵی و دەڕۆی و دەڵێی "هذا فراق بینی و بینگ"؟ قەرارمان وانەبو لەسەر زوێڵە چەرم بێ؟... هەژار تۆ نازانی وەختێ هاتمە سەنگەسەر، چەند کەسێکم نارد لە حاڵی خەڵک بپرسن. تەنیا لە "ژاراوە" یەک تەنەکە گەنم لە ماڵێکدا هەبو، کەسی‌تر نانی دوو ڕۆژی شک نەدەبرد. بەرلەوە شەڕ لە بارزان بوەستێ مردو لە مێرگەسور لە برسان مردوە، کەس لە برسان هێزی نەبو بینێژێ. من دەبو نان بۆ ئەو هەمو برسیانە پەیدا کەم. ئێمزام کرد و گەنم و پارەی زۆریشم ساند و لە ئازادی کوردستانیش واز ناهێنم، خەم مەخۆ.(٢٥))

لە بەرامبەر بارزانیدا، ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی لە ساڵی ۱۹٦۲وە پشتیان بە ڕژێمی شای ئێرانەوە ئەستور بوو. بە وتەی حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری پێشوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی سەرهەڵدانی کێشەکاندا:

- (کێشەی برایم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی زیاتر شەخسی بوو و کێشەیەکی گرنگی لەگەڵ بارزانی نەبوو. برایم ئەحمەد کەسایەتییەکی زیرەک و تێگەیشتوو بوو، بەڵام بە ئەمری ئێران دەجوڵایەوە کە ئەوەش لای بارزانی مەمنوع بوو.[٢٦])

بەستراوەیی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی بە ڕژێمی ئێران، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر بوو، بەڵام هەتا ئێرە مام جەلال لە وتەکانیدا ئاماژەی بۆ نەکردوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە با گوێمان لە وتەکانی عیسا پژمان ڕێکخەری ئەو پێوەندییە بێت:

- (.... منیان کرد بە بەرپێوەبەر و بەرپرسی بەشی ئەمنیەتی ساواک لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەو پێنج وڵاتانەی کوردیان لێیە. لەگەڵ ئەوەشدا بووم بە جێگری سەرۆکی بەستراوەی سەربازی "وابستە نظامی" لە بەغدا کە بەرلە من کوردێکی سنەیی بەرپرسی بوو. دوای ٦-٧ مانگ لە ساڵی ۱۹٦۰دا ئەویان گۆڕی و منیان لەجێی ئەو دانا. دوای ڕەزامەندی شا، من گەڕامەوە بۆ بەغدا. لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و لە بەغدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری قسەم کرد و گوتم دەتوانن قەولی شەرافەت "بڵێنی شەرەف" بەمن بدەن کە ئەگەر من کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم لە بەرامبەر شادا شەرمەزار نەبم؟ گوتیان: بەڵێ. گوتم داوام لە شا کردوە تا شەش مانگ یارمەتی بە ئێوە بدات و ئەگەر لەو ماوەیەدا ئێوە بە وتەی ئێمە جوڵانەوە، ئەوە یارمەتیتان پێدەکەین، ئەگەرنا ئێمە یارمەتییەکانمان دەبڕین. گوتیان: باشە، ۱۰۰% هیچ گرفتێک نیە. گوتم دوو کەس بنێرن بۆ ئێران و پێشنیاز دەکەم ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بێن، گوتیان: ناتوانین و باشترە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بێن. ئەو دوو کەسەم لەگەڵ خۆم برد بۆ سەردەشت و لەوێ ماڵێکم هەبوو، ئەوانم لە ماڵی خۆم دانا. لەگەڵ سەرۆکی ساواک و بەرپرسانی ئەمنیەتی سەردەشت گفتوگۆیان کرد و قەولی شەرەفیاندا کە بە گوێی ئێمە بکەن و منیش ئەو پێداویستیانەم بە

نهێنـی و بـە ڕێگـای مـەریـوان و پێنجـوێن دا بـرد بـۆ سلێمـانـی و تـەحـویلـی ئـەوانمـدا. جـەلال تالـەبـانـی داوای کـرد چـەک و تـەقـەمـەنییـەکـان بـەرم بـۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو. گوتم من ناتوانم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئێوە دەبێ بۆخۆتان بیانگوێزنەوە بۆ ماوەت.(٢٧))

هەرلەم بارەیەوە عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" دەڵێت: (لە دوای کودەتای هەشتی فیوریەی ١٩٦٣ کە بەعس هاتە سەر حوکم و شەڕ وێستا بوو، من لە بەغدا جەلالم دیت کە بۆ وتووێژ هاتبوو. گوتی حیزب دەڵێ: هەژار با بێتە کوردستان، بەڵکوو نێوانی بارزانی و ئێمەی حیزب خۆش کـاتـەوە. لـە وەرامـی پرسـیارێکی منـا گـوتی: بـارزانی هـیچ گـوێ نـاداتـە حیزبایەتی و حیزبیش ئەمە قەبووڵ ناکا. کاتێ هاتمە کوردستان و چاوم بـە بـارزانی کـەوت و کـردەوە حیزبـایـەتییـەکەی جـەلال و بـرایمم دیـت، تێگەیشتم خواروخێچی و ڕێویبازی لەژێر سەری سکرتێردا، برایم ئەحمەد دەیویست لە حیزب دیکتاتۆرێک بێ کەس لە ڕوویا نەڵێ پیاوم. ئەو پایە و مایەش نەبوو کە لای خەڵک زل بنوێنێ. ترسەنۆک بوو. زاتی چوونە ناو سەنگەرو هونەری مەردی و نەبەردی نیشاندانو سەرکردایەتی مەیدانی شک نەدەبرد. نەیدەتوانی بەبێ بارزانی ڕۆژێکیش لە شەڕ خۆڕاگرێ....

لـە کـۆنگرەدا دەیانویسـت لایەنگرانـی بـارزانی بە پـووڵ بکـرن. دەگـژ سەرۆکی ڕابکەن. پووڵیان لە کوێوە هێنابوو؟ دەرکەوت هەر لەمێژە، بە دزییەوە دەگەڵ دەزگای شای ئێران دا کەین و بەینێکیان کردوە. چەک و پووڵی لێ وەردەگرن کە دژی مستەفا بارزانی خەبات بکەن. لە هاوینی ١٩٦٣ دا کە هەموو گرانایی شەڕ لەسەر مەڵبەندی بارزان بوو.... برایم نەیهێشت پێشمەرگەی بەر فەرمانی لە کەرکوک، سولەیمانی و هەولێرەوە بچنە شەڕی حکومەت و بارێک لەسەر بارزانی سووک کەن. لە وەرامی پێشمەرگەی دڵسۆزا دەیگوت: با بارزانی لەناو بچێ، ئەوسا سەرکردەیی شـۆڕش دەبێـتە یەک، وێـنەی بـارزانی شـەهیدیش بە پـووڵێکی زۆر دەفرۆشین.

کۆمونیستی عەرەب و کورد، ئەوانەی لە قەتلوعامی بەعسییەکان ڕزگار ببوون و شۆڕشی کورد پەنای دابوون، ئامادە بوون بە چەک و ئازوقەی خۆیان بۆ پارێزگاریی لە گیانیان، هاوسەنگەری پێشمەرگە بن، کەچی

برایم چەکی کردن. بارزانی چەند نامەی بۆ نارد چەکەکانیان بداتەوە (هەشت نامەیان بەمن نوسرا. چەکەکانیان هەر نەدانەوە.[٢٨])

- سەید کاکە: (من چووم بۆ ناو پێشمەرگە، بەڵام زۆرم پێ ناخۆش بوو، چونکە لە بیرمە هەر لەوکاتەدا لە پێشمەرگەم گوێ لێ بوو، دەیانگوت مەکتەبی سیاسی پارە و چەکی لە شای ئێران وەرگرتوە و بارزانی بەو پێوەندییە ڕازی نییە چونکە بەبێ ئاگەداری ئەو کراوە.[٢٩])

لە لاپەڕە ٧٦٥دا ئاماژە بۆ ئەم وتانەی مام جەلال دەکرێت کە دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٦٤یش بەهۆی گفتوگۆ و شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ حکومەتی بەغدا ناکۆکییەکان گەیشتە سنوری تەقینەوە. کۆمیتەی ناوەندی حیزب ڕای وابوو سەرەتا عەبدولکەریم قاسم بروخێت و لە کوردستان ڕاپەڕین و کۆنترۆڵی شار و گوندەکان بگرینەدەست خۆمان و هەرچەندە دەتوانین چەک لە حکومەت بگرین و ئەوکاتە ئەفسەرانی دژ بە قاسم بەرەوخۆمان ڕاکێشین و ببین بە هێزێکی چەکداری گەورە و هەلومەرجی خۆمان بە حکومەتی داهاتووی عێراق بناسێنین و بە لایەنی هێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین، بەڵام بارزانی هەرچەندە کە هیچ باوەڕێکی بە حکومەت نەبوو، بەڵام دەیویست کاتی کودەتا بەدوا بخات و دووبارە مۆڵەت بە حکومەت بدات تا دەرکەوێ دۆخی قاسم بەکوێ دەگات. ئەو دوو بۆچوونەش تێکەڵاوی یارییەکان ببوون. لەلایەکی تردا حیزبی شیوعی عێراقیش ئاوارە بوو و پەنایان بۆ چیا هێنا و لەو ناوچانە نزیک ببوونەوە کە مەکتەبی سیاسی پارتی لێبوو. کۆمیتەی ناوەندی نەیدەویست ئەندامانی حیزبی شیوعی عیراق بە چەکەوە هاتووچۆی ناوچەکان بکەن و دەیگوت تەنیا یەک هێزی سەربازی هەیە کە ئەویش هێزی چەکداری پێشمەرگەیە و ئەگەر دیانەوێ چەک هەڵگرن، دەبێ بێنە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە، بەڵام بارزانی ڕێگای پێدان کە چەکیان هەبێت و بە ئازادی هاتووچۆ بکەن و بەڕاستی بارزانی لوتفێکی زیاتری بە حیزبی شیوعی عێراق هەبوو تا کۆمیتەی ناوەندی حیزب و...تد.)

ئەو بەشەش لە وتەکانی مام جەلال سەبارەت بە وتووێژ و حکومەتی قاسم شێوێندراوە، چونکە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە نۆڤیمبەری ١٩٦٣دا بە کودەتای سەربازیی ڕوخا و عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی عێراقی گرتەدەست و دواتر کەریم قاسمیان کوشت. لە ساڵی ١٩٦٤دا قاسم نەمابوو کە بارزانی هەوڵی ڕاگرتنی بدات! بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەمی نوسینەکەی کە باس لە شیوعییەکان دەکات، مام جەلال خۆی لە شیکردنەوەی ڕووداوەکە و چۆنیەتی گرتن و کوشتنی شیوعییەکان پاراستوە و کردەوەی نادروستی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی لە بەرامبەر شیوعییەکاندا کە بە پێچەوانەی خو و ڕەوشتی ئازادیی و مرۆڤدۆستانە بوو، پوشبەسەر دەکات و بەم دێرە تاونی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی لە بەرامبەر شیوعییەکاندا دەشارێتەوە و دەڵێت:

- **(بەڕاستی بارزانی لوتفێکی زیاتری بە حیزبی شیوعی عێراق هەبوو تا کۆمیتەی ناوەندی حیزب.)**

مام جەلال خۆی لە لاپەڕەی ١٨٠ی دوای ٦٠ ساڵدا بەپێچەوانەوە دەڵێت:
**(هەرچەندە بارزانی بە ساڵان لە یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەڵام بە توندی دژی کۆمونیزم و حیزبی شیوعی عێراق بوو.)**

لە ڕاستیدا بارزانی دژی هیچکام لەو ڕێکخراوانە نەبوو کە لە ڕیزی نەتەوەی کورددا بوون. هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بوو کە حیزبی شیوعی بە هەڵەی خۆی بزانێت و لە ڕیزی دوژمن دورکەوێتەوە کە کەریم قاسم بە دوای لێدانی و گەیاندنی زیانێکی زۆر بە ئەندام و لایەنگرانی ناچار کرد پەنا بۆ کوردستان بێنێت کە لەوێش بە فەرمانی ئیبراهیم ئەحمەد توشی ڕاونان و گرتن و کوشتن بوون. بۆ زانیاری پتر سەرنج بدەنە ئەحمەد بانیخێڵانی "ئەبو سەرباز":

- **(... دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق ناکۆکییەکان زیاتر ئاشکرابوون، بەتایبەتی لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا. بۆ نمونە لەوکاتەدا کە حکومەتی عێراق بەیاننامەی ژمارە "١٣" ی بۆ ئیبادەکردنی شیوعییەکان دەرکرد. مەکتەبی سیاسیی پارتیش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بە هەمان ناوەڕۆک دەرکردبوو بۆ فشار خستنەسەر شیوعییەکان و نەهێشتنیان لە کوردستاندا، دەیان هاوڕێمان**

لە گوندی "مالومە" کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێبوو، لە زینداندا بوون و ئەشکەنجە و ئازار دران و داوای پاکانە کردنیان لێدەکرا و ژمارەیەکی زۆریان لە هاوڕێیانمان چەککرد و هێرشیان کردە سەر چەند بنکەیەکی پێشمەرگەکانمان لە شاخی "بەمۆ"ی ناوچەی خانەقین و "وەڵەسمت" لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و شوێنەکانی تر. لەو هێرشانەدا ژمارەیەک هاوڕێمان لە بنکەی "بەمۆ" شەهید کران. .... ئەوە بوو کە نوری شاوەیس بە ڕەحمەت بێ، بە توندی دژی ئەو بڕیارە بووەوە و لە ئەنجامدا وازی لە ڕێبازی "م.س" هێنا و لەگەڵ خەتی شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی درێژەی بە تێکۆشاندا.(٣٠)) هەر لەم بارەیەوە موحسین دزەیی دەڵێت:

- (کە گەیشتمە ماوەت ئەو جیاوازییەم لەلا ڕوون بوو و یەکەم هەڵوێستەکانی جیاوازیی نێوان بارزانی نەمر و مەکتەبی سیاسیم بینی. دوای سەرکەوتنی کودەتای ٨ ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و گرتن و ڕاوەدوونان و لە سێدارە دانی شیوعییەکان ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی و ئەندامیان لە بەغدا و شارەکانی تر ڕایان کرد و گەیشتنە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕشی کورد، بارزانی باوەشی بۆ کردنەوە و پێشوازیکردن و لە جەور ستەمی ڕژێمی تازە پاراستنی، بە هەموو ئازادییەک دەسوڕانەوە و کاری حیزبیان ئەنجام دەدا، بەڵام ئەوانەی کە چوونە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و بەندیخانە هاتن، لە بەندیخانەی ماوەت هۆڵێکم بینی تژی بوو لە شیوعییەکان، ئەگەرچی هەندێک لە ئەندامەکانیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پارتی ناشیرین بوو و لەلای هەندێکیان بڵاوکراوەی وا دۆزرایەوە کە دژی پارتی بوو و هانی قووڵکردنەوەی جیاوازیی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسییان دەدا، بەڵام دەکرا بە سیاسەتێکی نەرم و نیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت و سوود لەو ژمارە کەمەی چەکدارەکانیان وەربگێرێت و بخرێنە ڕیزی پێشمەرگەوە.(٣١))

سەرنج بدەنە حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران و بزانن چۆن لە بەشێک لە مێژووی پارتی دیموکرات و بزوتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان دەدوێ و ڕۆڵ و قورسایی هەریەک لە بارزانی و

ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە مەکتەبی سیاسی پارتیدا لە پارتیی و شۆڕشی ئەیلولدا ڕوون دەکاتەوە:

- (لە ساڵی ١٩٤٥- ١٩٥٨ جگەلە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک وتار و هەواڵی هاندەرانە لە ڕادیۆیەکی نهێنیی کوردی کە لەلایەن کاربەدەستانی سۆڤیەت و بە هاوکاریی مەلا مستەفا لە قەفقاز هەڵدسورا، هیچ بزوتنەوەیەکی عەشیرەتی و ناسیۆنالیستیی لە عێراق ڕووی نەدا. هەروەها لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک هاتووچۆی نهێنی لە سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ئەنجامی گرت و لەلایەن مەئمورە تایبەتییەکانیشەوە دەنگوباسی پێویست لە عێراقەوە دەگەیشتە سۆڤیەت و فەرمانی پێویستیش لەلایەن مەلا مستەفاوە بە نهێنی دەگەیشتە کوردە ناسیۆنالیستەکانی عێراق. جگەلەوانە بەهۆی دورکەوتنەوەی بارزانییەکان لە عێراق و نەبوونی سەرکردایەتی و ڕێکخراوێکی جەماوەریی هەستی سەربەخۆییخوازانەی کورد زۆر لاواز بوو.

کۆمەڵەی هیوا نەمابوو، شێخ مەحمود لە تەبعید گەڕابووەوە و کۆچی دوایی کردبوو، هیچ سەرکردەیەکی کارامە و لێهاتوو لەناو کوردەکانی عێراقدا نەدەبیندرا، مەلا مستەفا و هەڤاڵانی لە قەفقاز خەریکی خۆئامادەکردن بوون کە ڕۆژێک بگەڕێنەوە کە لەوە دەچوو هەرگیز نەیبینن، بەڵام لەپڕ و بەشێویەکی چاوەروان نەکراو شۆڕشی ژوئیە لە عێراق ڕوویدا و دەوڵەتی لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت لە عێراق بە دەسەڵات گەیشت و ئامادە بوو سیاسەتێکی دیموکراتانە سەبارەت بە کوردەکان لەبەرچاو بگرێت.

مەلا مستەفا و هەڤاڵانی لە ڕوسیاوە گەڕانەوە و ڕۆژانی خۆش رووی تێکردن، بەڵام ئەو ڕۆژە خۆشانە تەمەنیان زۆر کورت بوو. مەلا مستەفا حیزبی بوژاندەوە و لە ژوئیەی ساڵی ١٩٦١، لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی داوایان لە دەوڵەتی عێراق کرد لە چوارچێوەی عێراقدا خودموختاریی کوردەکان بە ڕەسمی بناسێ.[٣٢])

هەروەکوو دەبینین دۆست و دوژمنی نەتەوەی کورد لە مەبەستی ئاشکرای ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی بەئاگا بوون. ئەوان بەو خەیاڵە کە بارزانی سەرۆک عەشیرەتە و دەتوانن لە ناو و پلە و پایەی

ئەو کەڵکوەرگرن و بەدەسەڵات بگەن، لە زەمینەی سیاسەتدا ئەسپی خۆیان تاودەدا و بۆ ئەو مەبەستەش لە پێکهێنانی پێوەندیی و بەستراوەیی بە ڕژێمی ئێران نەسڵەمینەوە. بە لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەتەکانیان لە بەرامبەر خەباتکارانی بیرجیاوازی کوردو عێراقی و هاوڕێیانی خۆیان لە پارتی دیموکراتدا کە دژی بۆچوونەکانیان بوون، تێدەگەین تا چ ڕادەیەک دژی بیری ئازاد و تا چ ڕادەیەکیش پیلانگێر، دەسەڵاتخواز و دیکتاتۆر بوون. ئەوان بەو هەڵسوکەوتانەیان زیانی زۆریان بە شۆڕشی کورد گەیاند، بەڵام لە بەرامبەر بارزانیدا کە بۆ سەرخستنی نەتەوەکەی تێدەکۆشا و خاوەنی ئەزموونێکی زۆری خەبات بوو، تیریان لە بەرد کەوت. خۆیان ئاوارە کرد و بوونە گاڵتەجاڕی دەوڵەتانی ئێران و عێراق، تا سەرئەنجام ملیان بۆ ڕاستی ڕاکێشا.

لە زۆربەی لاپەڕەکانی فەسڵی شەشەمی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا، دەزگای هەواڵگریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕەواڵەت بەقەڵەمی قانعی فەردەوە هەوڵی داوە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ساواکی سەردەمی شا و بەڵگەکانی خۆیان و بە یارمەتی جاسوسەکانی پێشووی ساواک کە پێوەندیان بە ڕووداوەکانی کوردستانەوە هەبووە، وەک حەسەن پاکڕەوان و عیسا پژمان، کۆمەڵێک ڕووداوی ساڵانی دوای کودەتای ۱۹٥۳ی شای ئێران بەدژی دوکتۆر محەمەد مسەدیق، پێوەندی نێوان عێراق، ئێرانو کوردەکان، زنجیرەیەک کتێب بنوسن. نوسەرانی ئەو کتێبانە بەبێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ ڕۆڵی تێکدەرانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن، ڕاستیی بزوتنەوەکانی کوردیان چەواشە کردوە و ڕۆڵی بەرژەوەندیخوازانەی ڕژێمەکەیان زەق کردۆتەوە. ئەوان دەربارەی هەڵوێستی عێراق سەبارەت بە "شط العرب" لە لاپەڕەی ٦۲۲ دا دەڵێن:

**- (لە ساڵی ۱۹٦۰دا وەزارەتی دەرەوەی عێراق "شط العربی" بە خاکی جیانەبووەی خۆی ڕاگەیاند و لە ئێرانی ویست ئالای خۆی لەسەر کەشتییەکان داگرێت. بە دوای ئەو وتانەی دەسەڵاتدارانی عێراقدا، دەوڵەتی ئێران پەیماننامەی سنورەکانی کە ساڵی ۱۹۳۷ لەگەڵ عێراق مۆری کردبوو، هەڵوەشاندەوە و لاگریی خۆی بۆ پەیمانێک دەربری کە**

بگەڕێتەوە بۆ هێڵی تالۆگ. "هێڵی تالۆگ لە مافی نێودەوڵەتیدا بەو هێڵە دەگوترێ کە سنوری نێوان دوو دەوڵەتی پێ دیاریی دەکەن- نوسەر".)

لە درێژەی ئەم باسەدا لە لاپەڕەی ٦٢٤دا دەڵێن: (ساواک بۆ ئارامیی درونی شا، زەمینەی ڕوخاندنی ڕژێمی قاسمی ئامادە کرد و بە گوێرەی پلانێک کە تەیمور بەختیار ئامادەی کردبوو، بە هاودەنگی لەگەڵ شا، هەوڵیدا بە ڕێگەی هێزە بە ئەزمونەکانیەوە، دژی ڕژێمی قاسم کودەتایەک ڕێکبخات و تێبکوشێت کە ڕژێمی پاشایەتی بگەڕێنێتەوە بۆ عێڕاق.)

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پلانە، ساواک سەرەتا هەوڵدەدات عەرەبە سوننە و شیعەکانی عێراق دژی کەریم قاسم بەکار بێنێت. لەم بارەیەوە لە لاپەڕەی ٦٢٩دا هاتووە:

- (لەو هەلومەرجەدا نوێنەری ساواک "مەبەست لە عیسا پژمان- نوسەر" کە لە هاوکاریی شیعە و سوننەکانی عێراق نائومێد ببوو، دژایەتی کردنی کوردەکانی لە بەرامبەر سیاسەتی قاسم دا بەهەلی هەرەباش زانی و ئەو دیاردیەی بە پاکرەوان سەرۆکی ئەوکاتی ساواک ڕاگەیاند کە بۆ لاواز کردنی حکومەتی عێراق دەکرێ لە کوردەکان کەڵکوەرگرین.)

ئەو مەئمورەی ساواک لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کە بۆ نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ساڵی گێڕاوەتەوە و ئەوانیش لە لاپەڕەکانی ٦٢٩- ٦٣٢ دا تۆماریان کردوە، دەڵێت:

- (بە ناوی بەدەڵ و پیشەی مامۆستای مێژوو و جوغرافیا و بە ڕەواڵەت بۆ توێژینەوە لە مێژوو و جوغرافیای باکوری عێراق چوومە کەرکوک. لە دادگای ئەو شارە چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت. ئەو بەهۆی چالاکیی سیاسیی لە سلێمانییەوە دورخرابۆوە بۆ کەرکوک و کاری پارێزەریی دەکرد.)

لە درێژەی وتەکانیدا نوسەر یان نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ لە زاری ئەو مەئمورەی ساواکەوە دەنوسن:

- (ڕۆژبە ڕۆژ پانتایی چالاکییەکانی ساواک لە کوردستانی عێراق گەشەی کرد. لە سەرەتادا چاوم بە عیسا زەبیحی "مەبەست عەبدولرەحمان زەبیحییە- نوسەر" کەوت، ئەو بەرپرسی پارتی دیموکرات

بوو لە بەغدا و کەسێکی خوێندەوار و خەڵکی مهاباد بوو. نزیکەی ۲۰ ساڵ لەمەوبەر لە ترسی گیران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران، واتا بە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان ڕایکربوو بۆ وڵاتانی عەرەبی و بە ساڵان بە نهێنی دەژیا و سەرئەنجام هاوکاریی ساواکی دەکرد. بە ڕێگەی زەبیحییەوە سیاسەتی هاودەنگیی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کوردەکان سەبارەت بە گەشەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی دەگوازرایەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات وەک: ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، هەمزە عەبدوڵا و سەرئەنجام بارزانی و داوای دەکرد ئەگەر بۆچوونێکیان هەیە، بە نوێنەری ساواکی بگەیەنن و بەو جۆرە ڕێگای هاتوچۆ و دۆستایەتی لەنێوان ساواک و بەرپرسانی پارتی دیموکرات کرایەوە. دیارە عیسا زەبیحی بەرپرسی پارتی دیموکرات لە بەغدا زۆر یارمەتی کردم و ئەو پێوەندییەی بۆ من پێکهێنا.)

بەڵگەنامەکانی ساواک کە لێرەدا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کەڵکیان لێوەرگیراوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دەوڵەتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئامانج و سروشتی داگیرکەرانەی خۆیدا لەو ناوچەکە، دژی سەرکەوتنی کودەتای عەبدولکەریم قاسم و ئەو وادە و بەڵێنانەی بووە کە ئەو لە سەرەتای کودەتای چواردەی تەموزدا ڕایگەیاند بوو. لەبەر ئەوە هەوڵیداوە لە دژبەرانی عەبدولکەریم قاسم نزیک بێتەوە. پانتایی ئەو پێوەندیانەی بە ڕادەیەک بەرین کردون کە هەموو لایەنەکانی عێراقی گرتۆتەوە، سەرەتا لەگەڵ شیعەکان و سوننەکان و دواتر ئەمەکناسانی ڕژێمی پاشایەتی لە سوپادا و دواتریش بەعسییەکان و سەرئەنجام کوردەکان.

لە لاپەڕەکانی ٦٤٢- ٦٤٣ دا ئاماژە بۆ کوژرانی سەدیق میران وەک لایەنگرێکی قاسم دەکات و دەڵێت:

- (هەواڵی کوژرانی سدیق میران لە ناوچەی عەشیرەتی کاوانی بەدەست کەسانی نەناسراو بە توندی لەناو عەشیرەتەکاندا بڵاو بۆوە، بەڵام ئەو لە جادەی شەقلاوە ئۆتومبیلەکەی کەوتەبەر گوللە..... ئەوە بیانووی دایە دەست کەریم قاسم کە بەر لە هەمو شت پەنجەی تاوان بۆ پارتی دیموکرات و ئیبراهیم ئەحمەد درێژ بکات و عومەر دەبابە، ئیبراهیم

ئەحمەد و شەمسەدین موفتیان گرت، بەڵام چونکە بەڵگەی بەهێزیان نەبوو، ئیبراهیم ئەحمەدیان ئازاد کرد و ئەویش بە دوای ئازادبوونیدا خۆی لە دیدی حکومەت شاردەوە. بەدوای ئەوەدا حکومەت ئیزنی چالاکییەکانی پارتی هەڵوەشاند و ژمارەیەک خوێندکاری چالاکیان دەستگیر کرد.)

قانعی فەرد و هاوکارانی لە بەشەکانی تردا پەنجە بۆ یارمەتییەکانی ئێران بە پارتی دیموکرات ڕادەکێشن و لە لاپەڕەی ٦٧٥دا دەنوسن:

- (ساواک هاوکات لەگەڵ هاوکاریی کردنی ئەندامانی پارتی "مەبەست لە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەیەتی- نوسەر" خوازیاری پێوەندی لەگەڵ بارزانی بوو، چونکە بەبێ قەبووڵکردنی بارزانی، پارتی نەیدەتوانی کارێک بکات و سەرئەنجام هەرئەو دیکتاتۆڕە شیرازەی حیزبی هەڵوەشاند. دەزگاکانی هەواڵگری بەگشتی هەوڵدەدەن ڕەگازۆیی بکەنە نێو دەزگاکانی ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکان و کار لەسەر ئەوان بکەن، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا کە عەشیرەتییە، ساواک بە بەردەوامی لەو باوەڕەدا بوو کە هاوکات ڕەگازۆیی بکاتە نێو سەرۆک عەشیرەتەکانیش.)

لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: (هەرچەندە بارزانی بەبێ یارمەتی ئابووریی و چەک و تەقەمەنی شا و ساواکی ئێران نەیدەتوانی درێژە بە چالاکییەکانی بدات، بەڵام لەپڕ ویستی وڵاتانیتر پشتی بگرن و یارمەتی بکەن کە دژی شا کەڵکیان لێوەربگرێت. ئەم بۆچوونەی کارناسی دەزگای هەواڵگری "سیا"ی ئەمریکا کە دەیگوت بارزانی وەفای بۆ هیچ کەس نییە، وەڕاست گەڕا. ئەو لەپڕ ویستی لە میسر یارمەتی ئابووریی و چەک و تەقەمەنی وەرگرێت، بۆیە بە دور لە چاوی نوێنەری ساواک، هەژاری نارده سەفارەتی میسر.)

ئەم جارە ئاماژەی بەم وتەیەی عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" دەکەن و دەنوسن: (لە بەهاری ساڵی ١٩٦٢دا بە فەرمانی بارزانی چوومە سەفارەتی میسر لە بەغدا و پەیامی بارزانیم پێگەیاندن کە بەو مەرجەی جەمال عەبدولناسر هەوڵبدات حکومەتی عێراق شەڕ بە دژی گەلی کورد بوەستێنێ و پێش بەو شەڕی حکومەت دژی گەلی کورد بگرێ و میسر هەندێک چەک و فڕۆکە و تانک بدات بە بارزانی، ئەو ئاگری شەڕەکە دەگوازێتەوە بۆناو خاکی ئێران کە هاوپەیمانی سینتۆیە و جەمال

عەبدولناسر دەیەوێت شا بروخێت یان لاوازی بکات، بەڵام ناسر وەڵامی ئەو داوایەی بارزانی نەدایەوە.)

لە درێژەی ئەو بابەتەدا باس لە دیدارێکی بەپەلەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەگەڵ عیسا پژمان نوێنەری ساواک دەکرێت کە ویستویەتی ساواک لەو پێوەندییەی بارزانی لەگەڵ میسر ئاگادار بکات. لە هەموو نوسراوەکانی قانعی فەرد جاسوسی تازەکار و عیسا پژمان جاسوسی کۆنەکاری ئێران و بەڵگەنامەکانی ساواک سەبارەت بەو دیاردەیە دەکەن، پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە کودەتای کەریم قاسم ماهیەتی دژ بە چەوسانەوە هەبووە و ڕژێمی ئێران ویستویەتی بە هاوکاریی لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵگریی ڕۆژئاوا، ڕژێمی پاشایەتی بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق، ئەگەرنا ڕژێمێکی لایەنگری ئێران و ڕۆژئاوا لە عێراق بێنێتە سەرکار.

سروشتییە کە بۆ ئەو مەبەستە کێشەی کورد لە عێراق بخرێتە بەرچاو کە زەمینەیەکی لەبار بووە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە بە دژی کەریم قاسم و عەرەبە شۆڤنییەکان کە لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز ببوونەوە و لەمپەرێکی گەورە بوون لەبەردەمی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتی.

لەو ڕوانگەیەوە ڕژێمی شا هەوڵیدا ڕەگاژۆیی بکاتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکرات و بە زانیاریی لە ڕابردووی بارزانی کە ئەویان بە کۆسپێک لە بەرامبەر خۆیاندا دەبینی، پانتایی پێوەندییەکەیان هەرچی زیاتر بەرفرەوان کردەوە و تەنانەت هەوڵیاندا بارزانی لە سەرۆکایەتی کردنی شۆڕش دا نەهێڵن، بەڵام بارزانی کە لە کۆنەوە شا و ڕژێمەکەی دەناسی، تێدەکۆشا پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی بۆ شۆڕش بەدەست بێنێ و لە پێوەندییەکانیدا پارسەنگێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە ڕاگرێ، تا لەو کێشە سیاسییەدا ئێران نەتوانی کەڵکی لێوەربگرێ، کەچی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی لە مەکتەبی سیاسیدا، بەهۆی کەمئەزموونی، خۆ بەزل زانین و لێکدانەوەی نادروستی ڕووداوەکان، بە ئاسانی لە داوی ساواک کەوتن و دەستەمۆ کران.

نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ لە وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیدا، بە زانیاریی‌و بۆ ئەوەی کە ناکۆکییەکانی ڕابردووی کوردەکانی باشووری کوردستان لەنێوان نەوەی نوێدا زیندوو بکەنەوە و هێزە سیاسییەکان لە بەرامبەر یەکتردا ڕابگرن، مێژوو و خەباتی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد چەواشە دەکەن، لەم بەشەی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا، لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە وتەکانی مام جەلال لە بوارەکانی سیاسی و سەربازیی، چەند نمونەیەکیش لە کتێبی کوردەکانی حەسەن ئەرفەع سەبارەت بە شەڕەکانی ڕژێمی قاسم دووپات دەکەنەوە کە پێوندییان بە ساڵانی ١٩٦١- ١٩٦٣ و بەدەسەڵات گەیشتنی ڕژێمی بەعسەوە هەیە. ئەو بەڵگانە پێشاندەدەن هەرکاتێک پێوەندیی ئێران لەگەڵ عێراق لە مەترسیدابووە، ساواک ڕووداوەکانی کوردستانی وەک خۆی بە دیکۆمێنت کردوە و بە پێچەوانەشەوە کاتێک مەترسییەکە ڕەویوەتەوە، ڕووداوەکانی کوردستانی پێچەوانە کردوەتەوە.

بارزانی بە زانیارییەوە ویستویەتی پێوەندیی لەگەڵ ئێران یان هەر وڵاتێکی تر دەبێ بە ئاگاداریی خۆی بەڕێوەبچێ، تا دەزگاکانی هەواڵگری ئەو وڵاتانە نەتوانن سیستمی جاسوسیی لە ڕیزی بزوتنەوەی کورددا دامەزرێنن، بەڵام مەکتەبی سیاسی بەبێ ئاگادار کردنەوەی سەرۆکی پارتی، خۆی ئەو پێوەندییەی دامەزراند و پارە و چەکی لە ئێران وەرگرت. سروشتییە کە بارزانی دەبووایە لە بەرامبەریاندا بوەستێ و ڕێگە نەدات بەرژەوەندیی نەتەوەکەی فیدای نەزانیی ژمارەیەک بەناو ڕۆشنبیر بێت و خۆی تێکەڵاوی شەڕێکی نابەرامبەر بکات. لەو ڕوانگەیەوە، کاتێک عەبدولسەلام عارف پێشنیازی ئاگربەسی لێ دەکات، بارزانی قەبووڵی دەکات. ئەو هەرگیز دەرەتانی وتووێژی لەگەڵ دوژمن ڕەت نەکردۆتەوە، چونکە دەیزانی کێشەی کورد بە ڕێگەی سەربازی چارەسەر ناکرێت. لەبەر ئەوە هەوڵی بەدەستخستنی پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ بزوتنەوەی کورد دەدا. هەوڵە سیاسییەکانی بارزانی هاوکات بوو لەگەڵ ڕێبەرایەتی کردنی کارامەی ئەو لە بواری سەربازیدا.

لە پرۆسەی هێرشی سەرلەنوێ سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا، بەهاوکاریی جاشە خۆفرۆشەکان و

هێزێکی یارمەتیدەری ٥٠٠٠ کەسی لە سوپای سوریا، ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٢٠ دوژمن پەلاماری چیای "مەتین"یدا و داگیری کرد. بەهۆی ستراتیژیی بوونی چیاکە، فەرماندە و پێشمەرگەکان کۆبوونەوە کە پلانێک بۆ گرتنەوەی چیای مەتین دابڕێژن. نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگەی خۆبەختکەر بەڵێنیاندا کە چیای مەتین ئازاد بکەن. بەو پلانەی کە فەرماندەکانی پێشمەرگە دایانڕشت، شەوی ٤- ١٩٦٣/١٠/٥ لقەکانی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عیسا سوار هەڵمەتیان بردە سەر چیای مەتین و دوای شەڕێکی سەخت کە ئەنجامەکەی گەیشتە شەڕی دەستەویەخەی بە نێزە، پێشمەرگەکان چیای مەتینیان لە دوژمن پاککردەوە. سوپای عێراق و لیوایەکی سوپای "بەرمووک"ی سوریا بە فەرماندەیی فەهد شاعیر کە لە موسڵەوە بە تانک و تۆپخانەی قورس هاتبوو، شکاند و پاشماوەی لەشکری شکاوی سوریایان ناچار کرد بەرەو سوریا بکشێتەوە.(٣٣)

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکای کە لایەنگری بەعس بوون، لە لایان مۆسکۆوە بە کوشتنی کوردان تاوانبار کران. ئەندرێ گرۆمیکۆ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ نارەزامەندی ڕەسمی وڵاتەکەی بە سەفیری عێراق لە مۆسکۆ ڕاگەیاند. مەنگولستان داوای لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە کوشتنی کوردەکان لە عێراق بخاتە بەرباسی کۆبوونەوەکەی. ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١١ نوێنەری سۆڤیەت لە ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوایکرد ڕەخنە لەو سیاسەتەی عێراق بگرن، بەڵام نوێنەرانی فەرەنسا، ئەمریکا، ئینگلیز و ئەردەن دژی پێشنیازەکەی ڕاوەستان و چین و ماوتسی تۆنگیش ڕاپەڕینی کوردەکانیان لە عێراق بە دیاردەیەکی قەومی و کۆنەپەرستانە ناساند و پشتیوانیان لە عێراق کرد. تورکیا سنورەکانی خۆی بەسەر کوردەکاندا داخست، پاکستان نۆ هەزار گوللە تۆپی بە دیاریی دا بە عێراق و ڕۆژی ١٩٦٣/٨/١٤، بە کەشتییەک ڕەوانەی عێراقی کرد. بریتانیاش چەکی دەدا بە عێراق و فڕۆکەوانی بۆ دەنارد. ڕۆژنامەی ڕۆیتەرز ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٦ نوسی: حکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ١٥ ملیۆن مارک دەدات بە عێراق و ئامادەیە پێوەندیی فەرهەنگی لەگەڵ پێکبێنێت.

ئەمریکاش ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢ ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیکردن بە ڕژێمی عێراق دەربڕی.

بەم جۆرە شۆڕشی ئەیلول لە هەموو لایەکەوە کەوتبووە حاڵەتێکی زۆر دژوارەوە و مامەڵەی نێونەتەوەیی لەسەر دەکرا و وڵاتانی دراوسێ پیلانیان بۆ دەگێڕا. لەو هەلومەرجەدا ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی بە ویستی ئێران دەیانویست بارزانی دژی عێراق شەڕ نەوەستێنێت. لەم بارەیەوە بڕواننە لاپەڕەی ٧٠٩ ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ و تەماشای ئەم بەڵگەیەی خوارەوە بکە:

- (کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات بە ڕاسپاردەی ئێران دژایەتی کرد لەگەڵ وتووێژی نێوان بارزانی و حکومەت، دیارە ڕەخنەی تاڵەبانی لە بارزانی پتر بۆ شکانی مەلا لە وتووێژەکانیدا دەگەڕایەوە، چونکە کۆمیتەی ناوەندی پارتی و ئیبراهیم ئەحمەدی دژی ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ عەبدولسەلام بوون و بارزانییش دەیگوت خەڵک پێویستیان بە ڕاگرتنی شەڕ هەیە و کێشەکان لەوێوە شێوازی جیددیتریان بەخۆیانەوە گرت.

- (جارێک بۆ مەلا مستەفایان گێڕایەوە کە پێشمەرگەی لای هەولێر کە دیتویانە ئەو هەزاران کامیۆنە لەشکرە و ئەو هەمو تۆپ و تۆپخانەیان دیوە کە بەرەو بارزان دەچن، گریاون، هاواریان بۆ برایم ئەحمەد بردوە: "کەی ئەوە شەڕەفە برایانی ئێمە بکوژن و ئێمە دەست لەسەر دەست تەماشا کەین؟" برایم گوتویەتی "ئێوە نازانن، ئەگەر بارزانی نەمێنێ فەرماندەیی دەبێتە یەک، ئەمجار عەکسی بارزانی وەک شەهید دەفرۆشین، پارەی زۆر دەکا.[٣٤])

---

١- عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق. لە فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو وەرگیراوە.

٢- پاڤێل دیمچێنکۆ Pavel Dymchenko ڕۆژنامەنوس لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٠ لە عێراق و دواتریش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. کۆمەڵێک وتار و نامیلکەی لەسەر کورد بڵاوکردوەتەوە. لە فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو وەرگیراوە.

٣- محەمەد محەمەدی مەلا کەریمی، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر، بەشی یەکەم، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری، دوکتۆرە کوردستان موکریانی، دوکتۆر دلێر ئیسماعیل حەقە شاوەیس، لاپەڕەی ٣٧١- ٣٧٢، هەولێر ,٢٠٠٣

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٣٧٤- ,٣٧٥

٥- پرۆفیسۆر لیۆنید مێدڤێدکۆ Leonid Medvedko ژۆرنالیست. فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو.

٦- چێشتی مجێور، لاپەڕەکانی ٤٠٠- ٤٠١، عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، ئامادە کردن و سەرپەرشتی چاپ، خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩٧.

٧- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٤٩، چاپی ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.

٨- پرۆفیسۆر ئۆردیخان جەلیلی ڕۆژهەڵاتناس ساڵی ١٩٥٧ لە مۆسکۆ چاوی بە بارزانی کەوتوە، فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو.

٩- پاڤێل دیمچێنکۆ Pavel Dymchenko ڕۆژنامەنوس لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٠ لە عێراق و دواتریش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. کۆمەڵێک وتار و نامیلکەی لەسەر کورد بڵاوکردوەتەوە، لە فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو.

١٠- محەمەد عیسا یەکێک لە هاوڕێیانی بارزانی لە سۆڤیەت. لە فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو.

١١- فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو.

١٢- نەجەفقوڵی پسیان، لە مهابادی خوێنینەوە تا لێوارەکانی ئاراس، لاپەڕەی ٢٨، ١٣٢٨/٩/٢١.

١٣- دوکتۆر فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمرد، لاپەڕەی ٥٢، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و نەژاد عزیز سورمێ.

١٤- عەزیز محەمەد، هەمان سەرچاوە.

١٥- عەبدوڵا ئاغای پشدەری لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ من، دەنگی پارێزراوە.

١٦- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٣١- ١٩٥٨، نوسینی مەسعود بارزانی لاپەڕەکانی ١٧١- ١٧٢، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، سەعید ناکام، چاپی یەکەم، بە کوردی ١٩٩٨، چاپخانەی خەبات، دهۆک.

١٧- نەجەفقوڵی پسیان، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٥١ و ٥٢.

١٨- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٥٨- ١٩٦٠ لاپەڕەکانی ١٠٨- ١٠٩، نوسینی مەسعود بارزانی. ئەوەیش لە ئەرشیوی پارتی دیموکراتی کوردستانی وەرگرتووە.

١٩- دوکتۆر مەحمود عوسمان ئەندامی پێشوی پارتی دیموکرات لە ساڵانی ١٩٥٠- ١٩٧٠ دا و ئەندامی ئێستای پەرلەمانی عێراق، لە فیلمی دیکۆمێنی پێشڕەو.

٢٠- چێشتی مجێور، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٣٧٤ و ٣٨٨.

٢١- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، لاپەڕەکانی ٥٩- ٦٠، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

٢٢- حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران، لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤، کوردەکان- لێکۆڵینەوەکی مێژوویی و سیاسی، بە زمانی ئینگلیزی، زانکۆ ئاکسفۆرد وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، حامید گەوهەری وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێران، هەولێر ٢٠٠٧.

٢٣- ئەحمەد بانیخێڵانی، بیرەوەرییەکانم، لاپەڕەی ٢١٦، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.

٢٤- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، لاپەڕەی ٦٠، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

٢٥- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤٤٥- ٤٤٦.

٢٦- حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری پێشوی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٦٦دا، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ من، دەنگی پارێزراوە.

٢٧- عیسا پژمان لە وتووێژێکی تایبەتدا، پاریس ٢٠١٢/٧/١٥، دەنگی پارێزراوە.

٢٨- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، چێشتی شەرەفنامە، لاپەڕەی ١٥٨. لە مهابادەوە بۆ ئاراس، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین، لاپەڕەی ٤٧٦- ٤٧٧، چاپی دووەم ، هەولێر ٢٠٠١.

٢٩- سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، لاپەڕەی ٢٦، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ئایاری ١٩٨٩، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٠.

٣٠- ئەحمەد بانیخێڵانی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢١٤- ٢١٦، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.

٣١- موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، نوسینی بە عەرەبی، وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزەنجی بۆ زمانی کورد، بەشی دووەم، لاپەڕەکانی ٦٨- ٦٩، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩.

٣٢- حەسەن ئەرفەع ، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤,

٣٣- کورتە مێژووی پارتی دیموکرات بە وێنە، ئەیلول، لاپەڕەی ٣١. هەروەها بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٦١- ١٩٧٥، نوسینی مەسعود بارزانی لاپەڕەکانی ١٤٤- ١٤٥،

٣٤- چێشتی مجێور، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٤٠٣- ٤٠٤.

# فەسڵی حەوتەم

## پەیمان لەگەڵ ئیبراهیم لە ئاگردا
## ١٩٦٤ -١٩٦٦

## پەیمان لەگەڵ ئیبراهیم لە ئاگردا ١٩٦٦- ١٩٦٤

فەسڵی حەوتەمی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، لە لاپەڕەی ٨٣٣ وە دەست پێدەکات و لە لاپەڕەی ٩٩١ کۆتایی دێت و ١٠٥ لاپەڕەیە. لەو ژمارەیە، ٥٢ لاپەڕەی بۆ گێڕانەوەی وتەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی تەرخان کراوە. لە سەرەتای ئەم بەشە و لە لاپەڕەی ٩٤١دا دەڵێت:

- (بۆ مێژوو دەبێ بگوترێ کە ڕێککەوتنی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٦٦دا هەرچەندە ئاگری شەڕی براکوژی بەرینتر کردەوە لە کوردستاندا و زیانێکی زۆری بە ئەندامانی باڵای کۆمیتەی ناوەندی گەیاند، بەڵام دەستکەوتیشی هەبوو، وەك: ددان پێداهێنانی حکومەتی عیراق بە مافی کورد، دانانی زانکۆ لە سلێمانی، بە پارێزگاکردنی دهۆک و ناسینی جەژنی نەورۆز بە جەژنی ڕەسمی نەتەوەیی و ڕۆژی پشوودان. دامەزراندنی دەیان هەزار لاوی کورد لە زانکۆی ئەفسەری و سەربازی و ڕاگەیاندنی بەخشینی گشتی بۆ زیندانییە سیاسییەکان و ڕێگەدان بە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی "ئەلنور" بە زمانی عەرەبی کە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ڕای گشتی عەرەب.)

بەدوای ئەوەدا مام جەلال سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکانی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان لەنێوان مەکتەبی سیاسیی و بارزانیدا و لە لاپەڕەکانی ٩٤٣- ٩٤٤ دا دەڵێت:

- (بارزانی پێشتر کارەکانی لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب جیاکردبۆوە و هێزی سەربازی پێکهێنابوو. ئەوانەی هاتبوونە ڕیزی حیزب "مەبەست لە مەکتەبی سیاسی- نوسەر" بە سەداقەتەوە هەڵدەسوڕان و بۆ زیندوو هێشتنەوەی حیزب هەوڵیاندەدا و بە گوێرەی توانا ئەرکی خۆیان بەڕێوەدەبرد، بەڵام ئەوانەی بارزانی هێنابوونی بۆ نێو حیزب، کەسانێک بوون کە دەیانویست دەسەڵاتیان بەسەر هەموو هێزە چەکدارەکاندا هەبێت، دیارە بارزانییش ویستی ئەوانی بەراوردە کرد و بە وتەیەکی تر دەتوانین بڵێین کودەتای کرد. بەو بۆچوونە کە ئەو ڕێبەری حیزبە، لە ساڵی ١٩٦٤دا بەشێک لە بەرپرسان و ئەفسەرانی باڵای گۆڕی و کەسانی تری لەجێ دانان. بۆ نموونە عەلی عەسکەری گۆڕی و عەبدولوەهاب ئەتروشی لەجێ دانا، کەسێکی وەک کەمال موفتی بەلاوەنا و مەلا مارفی

لەجێ دانا و عومەر دەبابەی گۆڕی و عەزیز عەقراوی لەجێ دانا. ئەو گۆڕانکارییە پەیتا پەیتا و بەربڵاوانە لە کودەتا دەچوو، تەنانەت من کە کەسی نزیک و دۆست و هاوڕێی بووم لە فەرماندەیی هێزی ڕزگاری لابرد و ئەفسەرێکی خەڵکی بادینانی بەناوی ڕەشید سندی لەجێی من دانا، دیارە سەرەتا سەرهەنگ نامیق عەبدوڵا حەوێزی لەبەر چاو گرتبوو، بەڵام چونکە ئەو جێگری من بوو، ئەو پۆستەی وەرنەگرت. بەگشتی زۆربەی فەرماندەکان و ئەفسەرە باڵاکانی بە بیانو بەلاوەنا و کەسانی پلەخوارووی لەجێی ئەوان دانا. بارزانی کەسانی نزیک بەخۆی لە شوێنە هەستیارەکان دانا و ئەگەر کەسێک بە دژی دەوەستا، یان لە بەرێوەبردنی گۆڕانکاریەکاندا کۆتایی دەکرد، بە زۆری دەسەڵات بڕیارەکەی بەجێدەگەیاند. بە ڕاستی ئەوە سەرەتا و دەستپێکی کودەتا بوو. ئەو بەبێ ئەوەی کە بایەخ بە ڕاوبۆچوونی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری حیزب و کۆمیتەی ناوەندی بدات، بەتەواوی بەپێچەوانەی پرنسیپی حیزبی و کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی بەرێوەبەری حیزب کاری دەکرد. مەلا مستەفا پێکهاتەی هێزەکانی پێشمەرگەی تێکدا و مەئمورەکانی نزیک بەخۆی دانا کە دژی حیزب بوون.)

لەم بەشەدا مرۆڤ بە ئاسانی لە دوودڵیی و شێواوی قسەکانی مام جەلال دەگات. لەلایەک بارزانی لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا بە تاوانبار دەناسێنێت و لەلایەکی تردا، بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کە دواتر گەڕاونەتەوە لای شۆڕش و بارزانی بە تاوانبار دەزانێت، بەڵام ناڵێت لە ماوەی ١٩٦٦- ١٩٧٠دا کە چەکی دوژمنیان پێبوو، چەند پێشمەرگە و خەڵکی ئاساییان لە شار و گوندەکانی کوردستاندا کوشت و چۆن زیانێکی بە شۆڕشی ئەیلول گەیاند.

هەموومان دەزانین تا ساڵی ١٩٥٨ و بەرلە گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵانی و لە سۆڤیەت پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر لاواز و نەناسراو بوو. ژمارەیەکی کەم لە سلێمانی ئیبراهیم ئەحمەدیان بەهۆی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "گەلاوێژ" دەناسی. کودەتای ١٤ تەموز و گەڕانەوەی بارزانی و هەڤالانی لە سۆڤیەت هەلی بۆ گەلی کورد و ئەندامانی پارتی ڕەخساند کە گەشە بە ڕێکخراوەکەیان بدەن و بە ناوی

بارزانی بنکە و بارەگا لە لە کوردستان و بەغدا بکەنەوە و ئیزنی بڵاوکردنەوی ڕۆژنامە وەرگرن و خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

لەسەرەتادا جگەلە شێوەی تێڕوانین لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی حیزب، کێشەیەکی ئەوتۆ لە پارتیدا نەبوو، سەرەتا هەمزە عەبدوڵا ویستی پارتی بکاتە پاشکۆی حیزبی شیوعی کە سەرنەکەوت و کۆنگرەی چوارەم ئەوەی وەلا نا. دواتریش ئیبراهیم ئەحمەد کێشەکەی بۆ دەسەڵات، گەیاندە جێیەک کە جگەلە حکومەتی بەعس عێراق، ڕژێمی کۆنەپەرستی شای ئێرانیش خۆی خزاندە ناو کێشەکانەوە و بە پارە و چەک و تەقەمەنی ئیبراهیم ئەحمەدیان لە بارزانی یاخی کرد.

جوداکردنەوەی مەکتەبی سیاسی لە پارتی و بارزانی یان وەک خۆیان دەڵێن کۆمیتەی ناوەندی، یان حیزب لە بارزانی و گواستنەوەی نوسینگەی مەکتەبی سیاسی بۆ "خەزێنە" لە نزیک ماوەت و ئامادە نەبوونیان بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکان لە پارتیدا بە ڕێگای کۆنگرەیەکی هاوبەش و ئاشکرابوونی پیلانی کوشتنی بارزانی لە لایەن سەید عەزیزی شەمزینی و عەلی حەمدی، بارزانی بەو ئاکامە گەیاند کە بۆ دووپات نەبوونەوەی کارەساتی لەم جۆرە، چەند بەرپرسی پێشمەرگە بگۆڕێت. مام جەلال ئاماژە بە مێژووی ئەو گۆڕانکاریانە ناکات، بەڵام بە ڕوونی لە توندو تیژیی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە بارزانی دەدوێت.

عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" لەم بارەیەوە دەنوسێت:

- (سەید عەزیزی شەمزینی نامەیەکی بۆ "حاجی محەمەدی شێخ ڕەشید" کە دوژمنی سەرسەختمان بو، نوسیبو: "تۆ وەرە با پێکەوە مەلا مستەفا لەناو بەرین و تۆ سەرۆکمان بە...". کاغەز گیرا و سەید عەزیز و چەند کەسێکی دیکەی وەک عەلی حەمدی گیران. دوایی لەبەر خاتری سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی، سەید عەزیز بەردرا، بەڵام عەلی حەمدی کوژرا.[١])

بۆ ڕوون بوونەوەی پتر لەم بارەیەوە سەرنج بدەنە بەڕێز جەلال تاڵەبانی کە لە لاپەڕەی ٩٤٥دا دەڵێت: (توندوتیژیی لەنێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا هەبوو، بەتایبەتی لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد، سەید عەزیزی شەمزینی، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا و چەند کەسی تری کۆمیتەی ناوەندیی وەک نوری ئەحمەد تەها و مەلا عەبدوڵا دزەیی

"مەلا ماتۆڕ"دا. ئەوانە لە بەرامبەر بارزانیدا هەڵوێستی توندیان هەبوو. تەنانەت نوریێ شاوەیس لە هەندێک جێ و دانیشتنەکاندا بەئاشکرا جنێوی بە بارزانی دەداو بە زمانێکی زبر هەڕەشەی لێدەکرد کە بێگومان ئەو قسانە دوای چەند خولەکێک بە هەندێک کەم و زیادەوە بە گوێی مەلا مستەفا دەگەیشتەوە و ئەویش ئەوانەی بە حیسابی حیزب دەنوسی. عەلی عەبدوڵا و نوری شاوەیس و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێیانوابوو کاتی ئەوە گەیشتوە کە چوارچێوەیەک بۆ بارزانی دیاری بکرێت، بەو ئومێدەی کە ئەو فێری دیسیپلینی حیزبی ببێت و....)

بەڵام مام جەلال سەرئەنجام بوونی مەلا مستەفا لە پارتیدا بەپێویست دەزانێ کە ئەو کێشەکانیان لەگەڵ عەشیرەتەکان بۆ چارەسەر بکات. لەم بارەیەوە لە لاپەڕەکانی ٩٤٦- ٩٤٧دا دەڵێت:

- (لەم باوەڕەدا بووم یەکەم:

کۆمیتەی ناوەندی دەبێ بزانێت کە بوونی مەلا و ناوی ئەو پێویستە و کەسێکی خاوەن ناوە و لە بواری مێژووی کوردەوە حیسابی بۆ دەکرێت. لەو سەردەمەدا پێوەندییەکانمان لەگەڵ هەندێک عەشایر بەبێ سەرپەرشتی عەشیرەتی و کوێخا بوو، مرۆڤێکی گەورەی وەک بارزانی لە ڕاپەڕیندا، پێویستییەکی زۆری هەبوو و ئەگەر بڵێین دەتوانین بارزانی بەلاوە بنێین و لە ڕاپەڕین دووری بکەینەوە و پێشان بدەین کە ئیتر کارمان پێی نییە، کارێکی باش و پەسەند نیە.) لە درێژەی وتەکانیدا مام جەلال دەڵێت:

- (دووەم: من ڕام وابوو کێشە و ناکۆکی کۆمیتەی ناوەندی دژی بارزانی بۆ دەسەڵات بوو، نەک بۆ خەڵک و لایەنگرانی. ئەو کەسانە هێشتا سەبری مرۆڤایەتی و خەباتیان نەبوو، دەبووایە ئیزن بە خەڵک بدەن تا بۆخۆیان بەوە بزانن کە بارزانی دەیەوێت کۆتایی بە ڕاپەڕین بێنێت و حیزب هەڵوەشێنێت و تەنانەت سەرلەنوێ ناوچە ئازادەکان بداتەوە دەست حکومەت. ئەوکاتە خەڵک بۆخۆی لە بەرامبەر سیاسەتی ناڕاستدا دەوەستێت و بەشوێن مەلا مستەفا ناکەوێت و لە ڕێبەرایەتی بەلاوەی دەنێت، بەڵام بۆچوونی زاڵ بەسەر ئەوان دەگەڕایەوە بۆ هەڕەشە و تووڕەیی ئەندامانی حیزب کە ٩٠%یان لایەنگری کۆمیتەی ناوەندی حیزب

بـــوون و بەمەش توشـــی هەڵە ببـــوون کە بەو لایەنگـــرانە دەتـــوانن، ڕێبەرایەتی حیزب لە دەست بارزانی دەربێنن.

خاڵی سێیەم: بە ڕای من هەڵەکە لەوەدا بوو کە بەجێگەی ڕێگە چارەی سیاسی لەگەڵ بارزانی، شێوەیەکی دوو دەنگی و ناکۆکی سەبارەت بە بارزانی سەریهەڵدا و چوارەم: دیاردەیەکی کوشندە کە ناکۆکییەکانی پێکهێنا، نوری شاوەیس بوو کە بە ڕاستی بە تاکڕەوی، سەرکێشی و خۆبەزلزانی، ئاگری ناکۆکییەکانی خۆش کرد.

بە دوای ئەوەدا چەند ڕیش سپی و پیاوماقوڵ و کەسانی ناسراوی ناوچەکە لەنێوان کۆمیتەی ناوەندی و مەلادا ناوبژییان کرد. ئیبراهیم ئەحمەد لە ماوەتەوە هاتە ڕانیە و چوو بۆ لای بارزانی، من و چەند کەسی تریش لەگەڵی بووین. لەوێ توانیمان ڕازی بکەین کە ڕێگەچارەی سێیەم بۆ لەناوبردنی کێشەکان لەبەرچاو بگرێت. ئەوە پێشنیازی من بوو کە کۆمیتەیەکی بێلایەن سەرپەرشتی هەڵبژاردنی کۆنگرەیەکی بێگەرد لە ئەستۆ بگرێت. لەو کۆنگرەیەدا کێشەکانی نێوان کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ بارزانی و هەروەها هەڵوێستمان لەبەرامبەر حکومەتدا بخرێتە بەرباس. ئەوکاتە یان بارزانی بڕیارەکانی کۆنگرە قەبووڵ دەکات یان نا، ئیتر شێوەی یاسایی دەبێت. لە ڕاستیدا ئیبراهیم ئەحمەد بەو هەنگاوە ڕازی بوو، هەروەها عەلی عەبدوڵاش، بەڵام بارزانی ویستی چەند کەسێک بۆ کۆمیتەکە بناسێنم کە ناوەکانم دایە و ئەویش هاودەنگیی لەگەڵ کرد. زۆربەیان وەک: جەمال شاڵی، حەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵا عەباس حوسێن، جەلال عەبدولرەحمان، عومەر بامەڕنی و یەکێکی تریش کە ناوەکەیم لەبیر کردوە، کەسانێک بوون، ئەوکاتە خەریکی کاروباری حیزب بوون و پەیڕەویان هێڵی بارزانی نەدەکرد. ئەو کەسانە دانران تا سەرپەرشتی هەڵبژاردنی کۆنگرە بگرنە ئەستۆ. لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دواییدا پرۆتکۆلێکمان نوسی و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەسەریدا چۆوە و چاکی کرد و بردمانە لای مەلا. ئەویش هەندێکی لێ گۆڕی و دواتر وەک بەیاننامەیەکی لێهات. مەلا و ئیبراهیم ئەحمەد ئیمزایان کرد و پرۆتکۆلەکەمان بە حەبیب کەریم و یەدوڵا و چەند کەسی تردا نارد بۆ نوری شاوەیس کە لە نوسینگەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو لە

ناوچەیەک بە ناوی "خەزێنە" لە نزیک ماوەت تا وەک بەیاننامە بڵاوی بکاتەوە.
نوری شاوەیس بە پەلە و بە تووڕەیی و شەڕئەنگێزیی بە دژی بارزانی کە نازانم هەستی بە چ هێزێک لە پشت خۆی کردبوو، یان بە چ ئامانجێک و چۆن نیازێکی هەبوو، لەو دوو کەسە تووڕە دەبێ و بە جنێودان و قسەی سوک بەیانەکەیان لێ وەردەگرێت و دەیدڕێنێ و حەبیب کەریم و یەدوڵا قۆڵبەست دەکات و ڕەوانەی زیندانیان دەکات. بارزانی کە سەرەتا مەیلی بە پێکهێنانی کۆنگرە نەبوو، بەڵام کاتێک ئەو هەواڵەی بیست، گوتی: "فەرموون پارتی و کۆمیتەی ناوەندیی نایانەوێ کۆنگرەمان هەبێت." و بەدوای ئەوەدا بۆخۆی دەستیکرد بە ئامادەکاریی بۆ پێکهێنانی کۆنگرە لە دەست خۆیدا، نامەی بڵاوکردەوە و تەنانەت بەرلەوەی کە ئەو بەڵا ناخۆشە بەسەر حەبیب محەمەد کەریم بێت، یان نوری شاوەیس ئەوکارە ناپەسەندەیان لە بەرامبەردا بکات کە کارێکی ناشایست و شەڕ هەڵگیرسێنەر بوو، گوتی: هەوڵبدەن کۆنگرەی جەماعەتی لایەنگری ئیبراهیم ئەحمەد پێک نەیەت." یەکێک لەو نامانە کە ڕەوانەی سەرهەنگ کافی کرابوو لە ناوچەی باڵەکایەتی کەوتە دەست ئێمە.)

مام جەلال و نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، لەم بەشەدا بەشوێن یەک ئامانج دا دەگەڕێن کە ئەویش زیان گەیاندنە بە کەسایەتی بارزانی و سەلماندنی ئەوە کە بارزانی سەرۆک عەشیرەتێکی بێ باوەڕ و یاخی و دەسەڵاتخواز بووە، کەچی ئەگەر لە نوسینەکەیان ورد بینەوە، سێ خاڵی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت:
یەکەم: هەرچەندە مام جەلال تێدەکۆشێت کە کردەوە ناشایستەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی لە بەرامبەر بارزانیدا کەمڕەنگ پێشان بدات، بەڵام ناتوانێ و لە لابەلای وتەکانیدا ددانیان بە کارەکانیان دادەنێت.
هەرچەندە ڕووی نەخوازراوی ڕەخنەکانی لە نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵا و ئەوانی تره کە دواتر هەستیان بە هەڵەکانیان سەبارەت بە پەیڕەوی کردنیان لە ئیبراهیم ئەحمەد کردوە و گەڕاونەتەوە لای شۆڕش و بارزانی، بەڵام ناتوانی بەرپرسایەتی بڕیاردان لە سەر ئیبراهیم ئەحمەد

هەلگرێ کە لە پلەی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا، بەرپرسی بریار و کردەوە ناشایستەکان بووە.

دووەم: مام جەلال لە ڕەوتی وتەکانیدا بە بەردەوامی ئەوە دەسەلمێنێت کە خەڵک لەگەڵ ڕێبەرایەتی کردنی بارزانی بووە و ئەویان بە ڕێبەری سیاسی خۆیان زانیوە و لە بواری پێشمەرگایەتیدا بارزانی فەرماندەیەکی لێهاتوو و کارامەی هەموو پێشمەرگەکان بووە.

لەو ڕوانگەیەوە، مام جەلال هەروەکوو بۆخۆی دەڵێت، لەگەڵ بەلاوەنانی بارزانی نەبووە و هەوڵیداوە ڕێیەکی تر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بدۆزێتەوە. لە لایەکی تردا هەڵسوکەوتی بارزانی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕانیە بەهۆی چوونی ئیبراهیم ئەحمەد بەنهێنی و بەبێ پرس و ڕەزامەندی بارزانی بۆ ئیسرائیل.

هەرچەندە بارزانی لەوە بەئاگا بوو کە خەڵک پشتی دەگرێت، بەڵام بە وتەی خودی مام جەلال، ڕێگەی بە مام جەلال داوە کە خۆی ئەندامانی کۆمیتەی سەرپەرشتیکاری کۆنگرە هەڵبژێرێت کە ئەمە واتای هەست بە بەرپرسایەتی کردنی بارزانی دەگەیەنێت کە ویستویەتی کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکات، ئەگەرنا چۆن نوری شاوەیس دەتوانێ نێردراوی حیزب بخاتە زیندان و ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ ڕەزامەندیی بارزانی بچێتە ئیسرائیل، یان دەیان بیرجیاواز لە ماوەت زیندانی بکات. ئەمانە لەکاتێکدا بەڕێوە دەچوون کە ژمارەی پێشمەرگە فیروخواردوەکانی لای ئیبراهیم ئەحمەد نەدەگەیشتە هەزار پێشمەرگە، لە حاڵێکدا بارزانی سەرەڕای بارزانییە شەڕکەرەکان، ڕێبەرایەتی هەزاران پێشمەرگەی تری دەکرد.

سێیەم: بارزانی باوەڕی بە پاراستی یەکێتی و یەکڕیزی بزوتنەوەی کورد هەبوو، ئەگەرنا دەیزانی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە بەردەوامی پیلانی بۆ دەگێڕن، بۆیە تا ئەوکاتەی نەچووبوونە ڕیزی دوژمنەوە لە بەرامبەریاندا نەرم بوو و دوای چوونیشیان، هەرگیز دەرگای گەڕانەوەی لێ گاڵە نەدان و باوەشی بۆ ئاوەڵە کردن، ئەمەشی لە ساڵی ١٩٧٠دا بە ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا دەبابە سەلماند.

جێی داخە کە مام جەلال دوای تێپەڕبوونی ئەو هەمووە ساڵە و بە دەستخستنی هەزاران ئەزموونی تاڵ، تەنیا بۆ ئەوەی کە هەڵەکانی

ڕابردووی خۆی و ئیبراهیم ئەحمەد کەمڕەنگ بکاتەوە، وشەی ناشیرین بە زمان دێنێت کە دەبنە جێی خۆشحاڵیی دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان. بەڕێزیان لە لایەک ئیبراهیم ئەحمەدو هاوڕێیانی لە هەڵە پاک دەکاتەوە و لە لایەکی تردا لە کۆمەڵگادا پێویستی بە ناو و ناوبانگی بارزانی هەیە کە پلانەکانی پێ بەڕێوە بەرێت. لە لایەک قەبووڵی ئەو ڕاستییە دەکات کە خەڵک لەگەڵ سیاسەتی بارزانییە و لە لایەکی تردا، چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە بارزانی لەگەڵ حکومەت ڕێککەوێت و حکومەت بگەڕێتەوە ناوچە ئازادکراوەکان، لە حاڵێکدا ئەو ناوچانە بارزانی خۆی ئازادی کردبوون، نەک جەلال تاڵەبانی، یان ئیبراهیم ئەحمەد.

لە درێژەی ئەو باسەدا، مام جەلال لە لاپەڕەی ٩٥٤دا دەڵێت: (.... بە ڕاستی دەبێ بڵێم دەستێک لە پشت پەردەدا بوو کە پێوەندی نێوان پارتی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزب تێک بدات. شیوعییەکانیش ڕۆڵی نەرێنیان لەو ناکۆکی و ئاژاوەیەدا هەبوو و لەنێوان دووگرووپی ناکۆکدا ئەسپی خۆیان داژۆت. تەنانەت ئێرانییەکانیش لەو زەمینەیەدا ڕۆڵی تێکدەرانەیان هەبوو. ئێرانییەکان هەرچەندە بەشێوەیەکی زیرەکانە کاریان دەکرد و دەیانویست حیزب لە مەیدانی سیاسی و خەباتی کورد و کوردستاندا نەبێت. هەروەها خاڵێکی تریش کە لەو سەردەمەدا دەبووایە حیسابی جیددی بۆ بکەین کە ئەویش بوونی عەشایری کوردستان بوو، ئاغا و بەگەکانی کوردستان لەبوونی حیزب تووڕە بوون، چونکە دوو دیاردە ئازاری دەدان: یەکەمیان حیزب دەسەڵاتی ئەوانی لە کوردستاندا لە مەترسی دەخست و دووەم دامەزراندنی ئەنجومەنەکانی ناوچە، هێز و دەسەڵاتی بە جوتیاران دەبەخشی. سەرئەنجام هەموو ئاغاکانی کوردستان تەنانەت ئەوانەش کە زۆر دۆست و نزیک بە ئێمە بوون، بەرەو مەلا مستەفا چوون و لە هێرشی چەکدارانەدا دژی کۆمیتەی ناوەندی هەڵسوڕان.)

دواتر لە لاپەڕەکانی ٩٥٥- ٩٥٦ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، باس لە سێ ڕووداوی پەیوەست بەیەکتر دەکرێت، بەڵام بۆ شێواندنی ڕووداوەکان لەبەرچاوی خوێنەر و تاوانبارکردنی بارزانی لە سەرهەڵدانی کێشەکاندا، مێژووی ڕووداوەکان پاش و پێش دەکەن و لە ڕیزی خۆیان دەریاندێنن. لە

ڕاستیدا بۆ فریودانی زەینی خوێنەر، لە زۆر جێگەی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، ئەو شێوازە لەبەرچاو گیراوە. ئەوان لە زاری مام جەلالەوە دەنوسن:

- (.... ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ لە ناوچەی قەڵادزێ کۆنگرەی پێکهات. لە هەموو لایەکەوە بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد، تەنانەت ئەوانەش کە ئەندامی پارتی نەبوون و لە ژیانیاندا کاری حیزبایەتیان نەکردبوو. بەو بیانوە کە "کۆنگرە، کۆنگرەیەکی نەتەوەییە و جیاوازی لەگەڵ کۆنگرەی حیزب نییە و هەر کوردێک لە کۆمەڵگادا دەتوانێ بەشداریی تێدا بکات و حیزبیش حیزبی هەموو کوردانە"، نزیکەی ٤٠٠ کەسیان کۆکردبووە کە بەشداریی ئەو کۆنگرەیە بکەن. لەو کۆنگرەیەدا کە کۆمیتەی ناوەندی ١٧ ئەندامی هەبوو، ١٥ ئەندامیان دەرکرد و دوو ئەندامی مایەوە کە بارزانی و هاشم ئەقراوی بوون. کۆنگرە بڕیاریدا پشتی سیاسەتی بارزانی بگرێت و کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵوەشێتەوە و بە هێزی چەکدار هێرش بکاتە سەر کۆمیتەی ناوەندی حیزب.)

بە دوای ئەوەدا دەستبەجێ لە لاپەڕەی ٩٥٧- ٩٥٨دا باس لە هێرشی هێزەکانی بارزانی بۆسەر بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ماوەت دەکەن و لە زمانی مام جەلالەوە دەنوسن:

- (ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٣ هێرشیان کردە سەر ماوەت کە من ئەو هێرشە بە گوناحێکی مێژوویی دەزانم، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو لە مێژووی کورددا کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی سیاسی، پەنا بۆ زمانی شەڕ و چەک و گوللە ببەن.... بەیاننامەیەک لە ڕادیۆ پارتی خوێندرایەوە. ئەو ڕادیۆیە هی سۆڤیەت بوو و بە ڕێگەی سەید عەزیزەوە بە دیاریی دابوویان بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و ئەوان لە بەغدا وەریانگرتبوو. لەو ڕادیۆیەوە، ئیبراهیم ئەحمەد بەیاننامەیەکی خوێندەوە و ترسی خۆی لە کارەساتێکی پڕ زیان دەربڕی کە گومان دەکرا بە بڕیاری مەلا، شەڕی براکوژی هەڵگیرسێت و لە بیسەرانی خۆی ویست بەربەرکانی بکەن و پێش بەو کارەساتە بگرن. بەڵام سەرئەنجام ئێمە زەبرمان لێکەوتو کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە بەرامبەر ئەو هەمووە خەڵکە چەکدارەدا شکا و بەرەو ئێران کشایەوە، چونکە ڕێگەیەکی ترمان نەبوو، یان مەرگ، یان تبعید.)

دواتر بۆ ئاکام وەرگرتن لەو دوو باسە، دەگەڕێتەوە سەر وتەکانی مام جەلال و کۆنفرانسی ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە ماوەت کە لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی سەرووی پێ بەسترابۆوە و لاپەڕەی ٩٥٩دا مام جەلال دەڵێت:

- (کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە ڕۆژانی ٤- ١٩٦٤/٤/٩ کۆنفرانسێکی لە ماوەت پێکهێنا. هەموو ئەندامی شانەکان لە سەرانسەی کوردستان بەشداریان تێداکرد. لەوێ بەدەنگی زۆرینە بڕیاردرا، هەموو دەسەڵات و هێز لە مەلا وەربگیرێتەوە. تەنانەت کەسانێکیش کە لەلای مەلا گەڕابوونەوە دەنگی ئەرێنیان دابوو، وەک: "عەلی سنجاری، حەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵا و..." من بەشداریی کۆنفرانسی ماوەتم نەکرد و قەبووڵیشم نەبوو. کاروباری سەربازی و پێشمەرگەش بەدەست من بوو. دەمزانی بەیاننامەیەکی توند بڵاودەکەنەوە و من بەتەواوی دژی ئەو شێوە هەڵومەرجە حاکمە بووم. لە کۆنفرانسەکەدا بڕیاربوو گروپێک بنێرنە لای مەلا و ئەویش قەبووڵی نەکرد و گوتی: "من خۆم حیزبم و بە بەراوردی زۆرینە ئەوانم دەرکردوە."

مەبەست لە بەراورد هێزی سەربازیی بوو تا بەراوردی سیاسی و ئێمە بیرمان لەوە نەکردبۆوە کە ئەو شەڕمان لەگەڵ دەکات. ئەویش شەڕی براکوژی، یان هێرش بکاتە سەر کۆمیتەی ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی لە هێزی سەربازی کەڵکیوەرگرت.... بەڵام عەشایر هات و مەلاش چەند سەد بارزانی لەگەڵ دوو هەزار تا سێ هەزار عەشایر و تەنانەت پێشمەرگەشیان لەگەڵ خۆیان خستبوو.)

لە لاپەڕەی ٩٦٠دا درێژە بە وتەکانی دەدات و دەڵێت: (کاتێک هێرشیان کردە سەر ئێمە، ئێمە هیچ ڕێگەیەکمان نەبوو، یان دەبوو شەڕیان لەگەڵ بکەین، شەڕێکی پڕلە کوشتن و خوێنڕشتن، یان ئەوە بوو کە بەرەو ئێران بچین کە ڕێگای ئێرانمان هەڵبژارد و لە کۆتایی مانگی حوزیران و سەرەتای مانگی تەموزی ساڵی ١٩٦٤ چووین بۆ بێتوش لە ناوچەی ئالانی سەردەشت.)

هەروەکوو دەبین نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ لە دەزگای هەواڵگریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، سەرەتا لە زاری مام جەلالەوە ئاماژە بۆ

کۆنگرەی قەڵادزێ دەکەن کە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ لە لایەن بارزانیەوە پێکهات و دواتر لە هێرشی پێشمەرگەکان بۆسەر بنکەی مەکتەبی سیاسی دەدوێن کە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٣ ئەنجامی گرتوە و ئاوا بە خوێنەران دەگەیەنن کە ئیبراهیم ئەحمەد لەو ڕۆژەدا بەیاننامەیەکی دژی دەست بردن بۆ چەک و شەڕ خوێندوەتەوە و لە کۆتاییدا دەگەڕێنەوە بۆ کۆنفرانسی ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە ماوەت کە پێشانبدەن سەرەتا بارزانی فەرمانی شەڕکردنی دژی ئەوان داوە.

کەچی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی سێ مانگ بەرلە کۆنگرەی قەڵادزێ، لە ڕۆژانی ٤- ١٩٦٤/٤/٩، کۆنفرانسی ماوەتیان پێکهێنابوو، سێ مانگ بەرلە کۆنگرەی قەلادزێ خۆیان لە پارتی جیاکردبۆوە و سێ مانگ بەرلە کۆنفرانسی ماوەت بارزانیان لە پارتی دەرکردبوو، بەیاننامەیان بەدژی بڵاوکردبۆوە و هاوکات لەگەڵ سوکایەتی کردنیان بە بارزانی، لەو ڕادیۆیەوە کە گوایە سەید عەزیز لە سۆڤیەت وەریگرتبوو، ئیبراهیم ئەحمەد بەیاننامەی دەخوێندەوە و داوای لە گەلی کورد کرد کە بە دژی بارزانی ڕاپەڕن!

نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ لە لاپەڕەکانی ٩٥٦- ٩٥٧دا هەوڵدەدەن بە کەڵکوەرگرتن لە وتەکانی جەلال تاڵەبانی و پێش و پاش کردنی ڕووداوەکان، زەینی خوێنەران سەبارەت بە ڕووداوەکان ئاڵۆز بکەن و بڵێن بارزانی شەڕی براکوژیی لە حیزبدا هەڵگیرساندوە و بە یارمەتی دەرەبەگەکان بەسەر ئیبراهیم ئەحمەددا زاڵ بووە، بەڵام هەموو دەزانین و مام جەلال بۆخۆشی ددان بەو ڕاستییەدا دەنێ کە بەشی زۆری سەرۆک عەشیرەتە بەهێزەکان بە دژی بارزانی، هاوکاریی ڕژێمە یەک بە دوای یەکەکانی عێراقیان کردوە. ئەوانە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بوون کە بەدڵ و بە گیان پشتی بارزانیان گرت و بەرگریان لە مافی خۆیان و نەتەوەکەیان کرد و زۆربەشیان کوڕە جوتیار و لە چینی زەحمەتکێشی کوردستان بوون.

هەروەک دەبینن ئەو جۆرە داڕشتنە، زەینی خوێنەر بەروە ئەوە دەبات کە بڵێن بارزانی بە دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەی، ١٥ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە حیزب دەرکردوە. بە چەند سەد بارزانی و دوو هەزار تا سێ

هەزار عەشایر هێرشی کردۆتە سەر ٤٠- ٥٠ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەوانی لە ئێران کردوە!!! بەڵام ڕاستی ئەو ڕووداوانە بە چ شێوەیەک بوو، مام جەلال خۆی لە لاپەڕەکانی ٩٤٧- ٩٤٨ی دوای ٦٠ ساڵدا ئاماژەیان بۆ دەکات:

١- لە نێوان ڕیش سپیی و پیاو ماقوڵانی ناوچەکەدا، ژمارەیەک دەستپێشخەریی دەکەن کە ناکۆکییەکانی نێوان مەکتەبی سیاسیی و بارزانی چارەسەر بکەن. هەردوولا ئامادە دەبن لە کۆنگرەیەکی هاوبەشدا کێشەکانیان بخەنە بەرباس و هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە حکومەت ئاشکرا بکەن. مام جەلال پێشنیاز دەکات: جەمال شالی، حەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵا عەباس حوسێن، جەلال عەبدولرەحمان، عومەر بامەڕنی و کەسێکی تر کە مام جەلال ناوەکەی لەبیر کردوە، ئامادە کاریی بۆ ئەو کۆنگرە هاوبەشە بکەن و سەرپەرشتی کۆنگرەکەش لە ئەستۆ بگرن. پێشنیازی مام جەلال دەبێتە بڕیارو بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد پرۆتکۆڵی بۆ ئیمزا دەکەن. پرۆتکۆڵەکە بۆ نوری شاوەیس و مەکتەبی سیاسی لە "خەزێنە" نزیک ماوەت دەنێرن کە وەک بەیاننامەیەک بڵاوی بکەنەوە. بە وتەی مام جەلال، نوری شاوەیس بەتوڕەیی و جنێو و قسەی سوک گوتن بە بارزانی، بەیاننامەکە دەدڕێنێت و حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵا عەباس حوسێن زیندانی دەکات. ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی لە بەرامبەر ئەو کردەوەیەدا دژکردەوە پێشان نادەن و لە پێکهێنانی کۆنگرەی هاوبەش پاشگەز دەبنەوە.

٢- بارزانی ئامادە بوو بەو شەرتەی مام جەلال لە ئیبراهیم ئەحمەد جودا بێتەوە، هەوڵبدات پۆستی سکرتێری حیزب بەو بسپێرێت کە ئەویش بە ڕواڵەت قبوولی دەکات، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ لای ئیبراهیم ئەحمەد هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێ و لایەنگری لە ئیبراهیم ئەحمەد دەکات. لەم بارەیەوە هەژار موکریانی دەڵێت:

**- (جەلال تاڵەبانی هاتە دۆڵەرەقە کە چاوەنۆڕ بێ تا چاوی بە مەلا مستەفا دەکەوێ. لە سەربانێکی گوند هاتوچۆ و قسمان دەکرد. دەستی پێکرد کە بارزانی لە حیزبایەتی توڕەیە و دوژمنی تەنزیمە، چەند کەس**

لە هەوالآنی حیزبی لە گەلآلە دەرکردوە. بە دور و درێژی حیکایەتی کارە خراپەکانی حیزبم بۆ گێڕاوە کە دڵی بارزانی ئێشاندوە و هەمو گوناهێکیش لە برایم ئەحمەد دەزانێ. ئەگەر برایم ئەحمەد بە ڕەئیسی حیزب نەمێنێ و هیچ نەبێ وەک مستەفا کەمال ناوی بنێین باوکی کورد و لە ماڵی خۆی دانیشێ، بارزانی لە یاریدەدانی حیزب دریغ ناکا. قەول دەدەم حیزب بەتۆ دەسپێرێ کە تۆی زۆر خۆشدەوێ.

گوتی" ئەگەر ڕاست بکەی بە شەڕەفم من هەوڵ کەس دەبم کە دژی برایم ئالآ هەڵکا و لە حیزبی لابا. دەبێ شەخسێک، هەرکێ بێ، بکرێتە قوربانی دەپێناوی مەسڵەحەتی گەشتیدا...

بارزانی گەیشتەجێ. شەوێک دور و درێژ باسی هاتن و قسەی خۆم و جەلالم بۆ کرد. گوتی: من موافیقم برایم لادەن، جەلال لە جێگەی ئەو بێ و بە دڵ یاریدەی حیزبەکە بدەم. جەلال بە دڵخۆشی و قەولی مەردانە ڕۆیشت، بەڵام نەک هەر هیچی لەوبارەوە نەکرد، بگرە لە دژایەتی کردنی بارزانی کۆشاتر بو.(٢))

٣- دوای ئەو ڕووداوانە، ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بڕیاریاندا خۆیان یەکلایەنە کۆنفرانسێک پێکبێنن حیسابی خۆیان لەگەڵ بارزانی یەکلا بکەنەوە.

لەو بارەیەوە مام جەلال لە لاپەڕەی ٩٥٩دا دەڵێت: (کۆمیتەی ناوەندی بە بڕیارێکی یەکلایەنە لە ڕۆژانی ٤ تا ١٩٦٤/٤/٩دا کۆنفرانسێکی لە ماوەت پێکهێنا.)

مام جەلال ئاماژە بۆ ژمارەی بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە ناکات و دەڵێت: (هەموو ئەندامانی شانەکان لە سەرانسەری کوردستاندا بەشداریی کۆنفرانسەکەیان کرد.)

بەڵام شاهیدانی نزیک لەو کۆنفرانسە دەڵێن ژمارەی بەشدارانی کۆنفرانس ٨٠ کەس بووە و بە دەنگی زۆرینە مەلا مستەفایان لە پارتی دەر کردوە. ڕۆژێک دوای کۆنفرانسی ماوەت، ئیبراهیم ئەحمەد وتارێکی تونـد و شەڕئەنگێزی بە دژی بارزانی لە ڕادیۆ دەخوێنێتەوە و داوا لە خەڵک دەکات بەدژی بارزانی ڕاپەڕن و ڕێگەی پێنەدەن کە شەڕی براکوژی هەڵگیرسێنێت. سەرنج بدەن، ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆژی دوای

کـۆنفرانس واتـە ١٩٦٤/٤/١٠، ئەو وتـارەی خوێنـدۆتەوە و چـوونی بـارزانی بۆسـەر بـنکەی مەکتەبـی سیاسـی لـە ١٩٦٤/٧/١٣ و بـە دوای کـۆنگرەی شەشـەم ئەنجـامی گرتـووە، ئەویـش نەک بـۆ لێـدانی گروپـی ئیبـراهیم ئەحـمەد، بەڵکـوو بـۆ وەرگـرتنەوەی ڕادیـۆ و چاپخـانەی حیـزب لێیـان، بـە بریاری کۆنگرە. دەربارەی ئەم کۆنفراسە محەمەدی مەلا قادر دەڵێت:

**- (لە نیسانی ١٩٦٤ دا واتە لە ١٩٦٤/٤/٦ کۆنفرانسێک لەلایەن مەکتەبی سیاسی سازدرا لە ماوەت کە کادیرانی سەربە ئەوان بەشدارییان کرد و ژمارەیـان نـزیکەی ٨٠ کەس دەبـوو. لەم کۆنفرانسـەدا بڕیـاری ڕووت کـردنەوەی بارزانییـان لە هەمـوو جـۆرە بەرپرسـییەک دا، ئەمەش بە پێچەوانەی دەسەڵاتی کۆنفرانس بوو، ئەم کۆنفرانسە و بڕیارەکانی بووە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکـی لەنـاو حیزبدا. لیژنەی چاودێری و پشکنین ویستیان دەور ببینن لە چارەسەری ئەم لەتبوونەدا سەردانی هەدوو لایان کرد و ویستیان کۆنگرە ببەستن، بارزانی ڕازی بوو، م.س ڕازی نەبوو[٣].)**

هەرلەم بـارەیەوە بەڕێز عەزیز محەمەد دەڵێت: لە کۆنفرانسی ماوەت کە بارزانیان تەجمید کرد، ساڵح شیرە هەیە وەکوو بیستومە دەڵێت: **(ئەوە ئێمە تەجمیدمان کرد، بەڵام پێم ناڵێن کو جێبەجێی بکەین؟[٤])**

کاتێک بارزانی بە بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەتی زانی بۆ ماوەی نزیکە بە سێ مانگ هەوڵیدا ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕازی بکات کە لە بڕیاری خۆیان پاشگەز بنەوە و کێشەکانیان بە ڕێگەی کۆنگرەیەکی هاوبەش چارەسەر بکەن، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد قەبووڵی نەکرد و بە بەڵین و چەکوچۆڵ و پارەی ئێران و بەو خەیاڵە کە ٩٠%ی کـادیر و پێشمەرگەکانی پارتی لەگەڵە. پشت ئەستور بوو. لەبەر ئەوە بـارزانی بە ناچار بڕیاریدا، کۆنگرەی شەشەمی پارتی پێکبێنن. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکـی ئامادەکـاری کۆنگرەیـان لەم کەسـانەی خـوارەوە پێکهێنا: عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، نەعمـان عیسـا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شێخ عومەر، ئەحمەد گەرۆتە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل و ...تد.

لیـژنەی ئامادەکـاری کـۆنگرە داوا لە ئیبـراهیم ئەحـمەد و گـروپەکەی دەکـات بـێن و بەشـداری کـۆنگرەی شەشـەم بـکەن، تـا لەوێ کێشـەکان

چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو و وەڵامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە نەدایەوە. لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر دەڵێت:

**- (.... لە سەرەتای تەموزی ١٩٦٤ کۆنگرەی شەشەم لە قەڵادزێ بەستراو وەفدێکی نارده ماوەت تاکو بێنە کۆنگرە، بەڵام نەهاتن و شاندەکەش لە ١٢ هەڤاڵ پێکهاتبوون و ئەمانەی تێدا بوون: عەلی هەژار، مەجید ئەتروشی، ئەحمەد ئەتروشی، فاتح محەمەدبەگ، ئیسماعیل مەلا عەزیز، جەلال مەحمودبەگ و هی تر.[٥])**

کۆنگرەی شەشەمی پارتی ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ بە بەشداری ٦٠٠ کەس لە ناوچەی قەڵادزێ پێکهات. لە کۆنگرەدا ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٦٤و لەوانە کوشتنی ئەحمەد ئاغای زێباری لەلایەن چوار پاسەوانی بارزانی، کوژرانی سەدیق میران لە ڕێگای نێوان مەسیف و شەقڵاوە لە ساڵی ١٩٦٠، تاوانبارکردنی شەمسەدین موفتی و مەحمودکاوانی و فەرمانی دەستگیر کردنی ئەو دوو کەسە و ئیبراهیم ئەحمەد لە لایەن حکومەتەوە، کۆنفرانسی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت و دەرکردنی بارزانی لە پارتی گفتوگۆ کرا.

کۆنگرە ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا "دەبابە"، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەلی عەسکەری، عەلی حەمدی، ئەحمەد عەبدوڵا، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل "مەلا ماتۆڕ"، نوری سدیق شاوەیس، حیلمی عەلی شەریف، عەلی عەبدوڵا و محەمەد حاجی تاهیری لە پارتی دەرکرد و سەرکردایەتی نوێی بۆ پارتی هەڵبژارد و بە کۆی دەنگ مستەفا بارزانی کردەوە سەرۆکی پارتی. هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا، کەلوپەلی حیزب وەک ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی پارتی لە مەکتەبی سیاسی کۆن لە ماوەت وەربگرێتەوە. گۆنگرەی بارزانی بەرپرس کرد لە وەرگرتنەوەی ئەو کەلوپەلانەدا.[٦]

٤- ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی ئامادە نەبوون ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی حیزب بۆ پارتی بگەڕێننەوە، لەبەر ئەوە بارزانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو کەلوپەلانە، ژمارەیەک پێشمەرگەی ڕەوانەی ماوەت کرد و چونکە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی توانای بەرگریی کردنیان نەبوو. هەموو خواردەمەنی و کەلوپەلە زیادەکەیان خستە نێو ڕوباری ماوەت و

بە چەکەوە ڕایانکردە ئێران. لەم بارەیەوە حەسەن ئەرفەع و هەژار موکریانی دەنوسن:

- حەسەن ئەرفەع: (مستەفا بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ماوەت ڕاگەیاند کە چەکەکانیان بدەنەوە و فەرمانەکانی بەجێبگەیەنن، بەڵام ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو فەرمانەیان بەجێنەهێنا و لە ئاکامدا مەلا مستەفا بە لوقمانی کوڕی ڕاگەیاند بە ٢٠٠٠ بارزانی و ٥٠٠ چەکداری پشدەریی بە سەرۆکایەتی "ئەنوەر" کوڕی محەمەد ڕەشید، بەرەو ماوەت بچێت. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ٦٣٠ پێشمەرگە لایەنگریان، چونکە نەیانتوانی بەرگریی لەخۆیان بکەن، لە زێی بچووک پەڕینەوە و لە نزیک سەردەشت هاتنە ناو خاکی ئێران، ئەوان ئیزنیان بە کاربەدەستانی ئێران نەدا کە چەکیان بکەن و گوتیان دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێنەوە خاکی عێراق. ئیبراهیم ئەحمەد هاتە تاران، بەڵام عومەر دەبابە و جەلال تاڵەبانی لەلای هاوڕێکانیان لە گوندی "دولکان" لە نزیک سەردەشت لە دوازدە مایلیی سنوری عێراق مانەوە. شێخ ئەحمەد برا گەورەی مەلا مستەفا هەوڵیدا مەکتەبی سیاسیی پارتی لە مەلا مستەفا نزیک بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی. دوای چەند ڕۆژ، ٢٠٠ پێشمەرگەی دیکەش کە لە ناوچەی خانەقین بوون، هاتن و لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی کەوتن. دواتر هەموویان بە تێکڕایی گەڕانەوە ناوخاکی عێراق و دەیانویست لە چوارتا بمێننەوە کەچی ژمارەیەک بارزانی کە بەو جموجۆڵەیان زانی، هێرشیان کردە سەریان و لە ئاکامدا ئەو ٢٠٠ کەسەی ناوچەی خانەقین گەڕانەوە لای مەلا مستەفا و ئەوانی تریش ڕایانکردەوە ئێران. ئەم جارەیان دەوڵەتی ئێران چەکی کردن و خستنیە ژێرچاودێریی. دوای چەند ڕۆژ بەهۆی ڕەخنەی دەوڵەتی عێراق، لەبوونی ئەو ژمارە پەنابەرانە لە نزیک سنورەکانی، دەوڵەتی ئێران ئەوانی گواستەوە بۆ سەقز و لەوێوە بردنی بۆ هەمەدان، بەڵام لایەنگرانیان لە سوریا و لوبنان و ئەوروپای ڕۆژئاوا، پشتی ئەو پەنابەرانەیان گرت و سکاڵایان لە مەلا مستەفا و دەوڵەتی عێراق کرد.(٧))

- هەژار موکریانی: (بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە، زۆر لەو مامۆستایانە ڕۆیبونەوە بنکەی خۆیان لە ماوەت. لەسەر ڕادیۆکەیان بەیانێکی حیزبی

و ڕەسمی دەرچو کە بارزانیمان لە حیزب دەرکرد و کەس نابێ بەقسەی بکا!! بارزانی بەوە زۆر توڕە بو و گوتی: دەبێ ئەو پاتەختەیان لێ تێک دەم و خەزێنەکەیان بدەم بە فەقیران. لوقمانی کوڕی بە دوسەد بارزانیەوە ناردە سەریان. هەر هەستی خەتەریان کرد، شێوابون، قەراریان دابو هەڵێن بۆ ئێران. بە سەدان سندوقە چا و تەلیسە شەکریان دە چۆم هاویشتبو. بە سەدان تفەنگی برنو و کلاشینکۆفیان شکاندبو، دە ڕوباریان خستبوو[٨].)

هەر لەم بارەیەوە سەید کاکە دەڵێت: (لە سەروبەندی ١٩٦٤دا، لێک دابڕانی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و بارزانی ئاشکرا بوو، مەکتەبی سیاسی کە "ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی" تێیدا بوون، لە "ماوەت" بەیاننامەیەکیان لەسەر بارزانی دەرکرد کە تێیدا بە قسەی خۆیان "مەلا مستەفا"یان لە پارتی و شۆڕش دەرکردبوو، بەڵام جەلالییەکان پێشمەرگەیەکی کەمیان لەگەڵ کەوت، چونکە هێزی پێشمەرگە دەیزانی کە خەبات خەباتی ئەوانە و ئەو خەباتەی لە خزمەتی چ خەڵکێک و چ لایەک دادەنێن. لەوکاتەدا "موقەدەم عەزیز" کە لە سەفین بوو، هاتە دەشتی هەولێر و "فارس باوە"ی لە جێگەی "دوکتۆر خالید" دانا و "مام وسو"شی کردە سەرلق و منیش لە جێگەی فارس باوە بوومە سەرپەل.

دوای دەرچوونی ئەو بەیاننامەیە، هێزێکی کەم لە پێشمەرگە بە سەرکردایەتی "لوقمان بارزانی" چوونە سەریان، بەڵام جەلالییەکان خۆیان پێڕانەگیرا و بۆناو خاکی ئێران هەڵاتن، لەوێش شای ئێران لە "هەمەدان" بارەگای بۆ کردنەوە. لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ بارزانی وتووێژی لەگەڵ عەبدولسەلام عارف دەست پێکرد.[٩])

دوای ڕاکردنیان بۆ ناوچەی ئالان، ٤٠- ٥٠ کەس لە سەرکردەکانی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە بێتوش نیشتەجێ دەبن و پێشمەرگەکانیش لە مەزرێ و دولکان. لەم بارەیەوە مام جەلال لە درێژەی وتەکانی دەدات لە لاپەڕەی ٩٦٠دا، دەڵێت:

- (ڕۆژی دوایی کە لە خەو هەستاین، سەرهەنگێکی ئێرانی لە نزیک ئێمە چادری لێدابوو. "لەو سەردەمەدا سمکۆ عەلیار ستوان دووەم بوو- نوسەر" ئەو گوتی دەورتان گیراوە. ئەفسەرەکە کە ناوی سمکۆ عەلیار بوو،

گوتی: "ئێوە گەمارۆ دراون." ڕاستی دەکرد، دەوریان گرتبووین. گروپێکی ئێرانی هاتنە لامان و گوتیان ئێوە دەتانەوێ چ بکەن؟. چونکە لە سنوری دراوسێ پەڕیبووینەوە، گوتمان لە ڕووی ناچارییەوە هاتووینەتە ئێرە. من و عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری لەگەڵ ئێرانییەکان دانیشیین و گوتمان چارەیەکمان نەبوو، یان دەبووایە ٦٠٠- ٧٠٠ کەس بکوژرێن، یان دەبووایە ئێمەش تەقەیان لێبکەین و کورد کوژیی وەڕێبخەین. ئەوان ٤٨ کاتژمێریان بۆ دیاریی کردین کە خاکی ئێران بەجێهێڵین.)

بە وتەی حەسەن ئەرفەع، بە دوای ڕاکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بۆ ئێران، بارزانی کەسێک بەناوی محەمەد ڕەشید دەنێرێتە لایان و داوایان لێدەکات بگەڕێنەوە. مام جەلال لەم بارەیەوە لە لاپەڕەی ٩٦٢ دا دەڵێت:

- (خەڵک ناوی کێشەی ئێمەیان نابوو، کێشە لەنێوان بارزانی و حیزب و دواتر گوتیان کێشەی جەلالی و مەلایی و بە لایەنگرانی ئەو دووانەیان دەگوت جەلالییەکان و مەلاییەکان. کاتێک گروپێک لەلایەن مەلاوە هاتە ئێران، ئێمە دوو پێشنیازمان پێکردن:

١- بارزانی ئیزن بدات بچینە لای شێخ ئەحمەد و لە بارزان لەلای ئەو بین و ئەگەر بارزانی دژی حکومەت شەڕی کرد، ئێمەش دووبارە لەگەڵ ئەو دەبین و ئەگەر لەگەڵ حکومەت ڕێککەوت، ئێمە بۆخۆمان بەشێوەی سەربەخۆ کار و خەبات دەکەین کە مەلا ئەو مەرجەی قەبووڵ نەکرد.

٢- لە ناوچەیەکی سەربەخۆمان بین. بۆ نمونە لە ناوچەی بەمۆ، یان قەرەداغ، یان هەرجێیەکی تر، هەرلایەنەش کاری خۆی بکات و هەردوولایەن ناوی حیزب بگۆڕن کە ئەو مەرجەش قەبووڵ نەکرا.

.... ئەو دەیویست ئێمە بە تەواوی خۆمان بە دەستەوە بدەین و بچین و لەهەر جێیەک کە بۆمان دیاریی دەکات، دانیشن و دەنگمان دەرنەیەت. کاتی دیاریکراو کۆتاییهات و ئێرانییەکان ئیزنیان داین بگەڕێینەوە کوردستان. ئێمە گەڕاینەوە سەر بەرزایی چیاکانی کوردستان. دوای هەفتەیەک بارزانی سەرلەنوێ ژمارەیەک چەکداری کۆکردەوە و ڕەوانەی ناوچەی ئێمەی کرد. سەرلەنوێ شەڕ دەستی پێکردەوە و دوای چەند ڕۆژ تێگەیشتین کە درێژەدان بە کوشتوکوشتاری یەکتر سودی نیە. ناچار بووین سەرلەنوێ ئیزن لە ئێرانییەکان وەرگرین و بگەڕێینەوە بۆ ئێران. ئەوان

قەبووڵیان کرد و پرسیمان لە کوێ نیشتەجێمان دەکەن؟ گوتیان لە هێڵی سنورەکان. دیسان گەڕاینەوە و بەیانی ڕۆژی دوایی گوتیان بۆ ناوچەیەکی دورترتان دەنێرین. سەرەتا گوتیان بۆ شنۆ کە ئێمە ئەوێمان زۆر پێخۆشبوو، دەمانتوانی بچینە لای شێخ ئەحمەد و لە لەی ئەو مەلا نەیدەتوانی پەلامارمان بدات.)

دواتر لە لاپەڕەی ٩٦٤دا مام جەلال دەڵێت: (ئێرانییەکان شەوێک بە زۆر ئێمەیان ڕەوانەی هەمەدان کرد. نزیکەی ٤٠٠- ٥٠٠ کەس بووین. لە ئۆردوگایەکدا ئێمەیان دانا و گوتیان ئێوە لێرە پەنابەرن و چەکەکانیان لێوەرگرتین و ئیتر بەتەواوی لە داوی ئێران کەوتین. ئێمە بە دوای ڕێگە چارەیەکدا بووین، من و حیلمی عەلی شەریف و چەند کەسی تر داوامان لە ئەندامان کرد بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و خەریکی کاروباری حیزبی بن و عەلی عەبدوڵا، عەلی عەسکەریو عومەر دەبابەش لەلای هێزە چەکدارەکان بمێننەوە. کەمال موفتی و محەمەد ئەمین فەرەج و چەند کەسی تر سەرپەرشتی کاروبارەکان بگرنە ئەستۆ و ئیبراهیم ئەحمەد بچێت لە تاران بمێنێتەوە. سەید عەزیزیش لەوێوە گەڕایەوە لای باوکی.)

لە لاپەڕەی ٩٦٦ دا دەڵێت: (بۆ حەقیقەتی مێژوو دەبێ بڵێم گروپی ئێمە کە بە پارتی دیموکرات، یان کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ناسرابوو، کاتێک بەدژی قاسم ڕاپەڕین، هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ ئێران نەبوو، تەنانەت ئیبراهیم ئەحمەد و نوری شاوەیس و حیلمی شەریف و ئەوانی تر زۆر دژی ئێران بوون و لە نوسراوەکانیشدا زۆر بە توندی ئاماژەیان بە داگیرکەر و حکومەتی ئێران دەکرد.

مەلا بەرلە دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ هەندێک لە عەشایری پشدەر و عەباسی مامەند ئاغا لەگەڵ ئێران پێوەندی دامەزراندبوو و لە یارمەتی فەرماندەی سوپای ورمێ سپەهبود وەرهرام کە ئەوکاتە لە مهاباد بوو و دواتر بوو بە سناتۆر کەڵکیوەردەگرت. مەلا عەبدولرەحمانی وەرتێ کە خاڵۆزای عەلی عەبدوڵا و کادیری حیزب بوو، ناردبووە لای وەرهرام.)

لە درێژەی ئەو باسەیدا، مام جەلال لاپەڕەکانی ٩٦٧- ٩٦٨ دا درێژە بە وتەکانی دەدات و دەڵێت:

- (لە ڕاستیدا مەلا لە ساڵی ١٩٦٢وە پێوەندی لەگەڵ ئێران دامەزراندبوو و هەوڵیدا بوو عەلی عەسکەری وەک نوێنەری خۆی بنێرێتە لایان، بەڵام ئێرانییەکان گوتبویان عومەر دەبابە وەک نوێنەری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بچێتە لایان کە ئیبراهیم ئەحمەد وەڵامی دایەوە: "کۆمیتەی ناوەندی ڕازی نییە نوێنەر ڕەوانە بکات و ئەگەر مەلا خۆی نوێنەر دەنێرێت، خۆشی بەرپرسیارە" مەلا لەو سەردەمەدا پێیوابوو ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ ویستی ڕوسەکان ئاو ناخواتەوە، لەبەر ئەوە بە خەتی خۆی نامەیەکی بۆ نوسی:

"برای بەڕێزم ئیبراهیم بە بەرپرسایەتی من عومەر بنێرە بۆ ئێران و ئەگەر ماڵی مامە ڕەخنەیان گرت، بڵێ بارزانی گوتویەتی و من لە بەرامبەر ڕوسەکاندا بەرپرسم و ئەگەر هۆیەکەیان پرسی، من وەڵامیان دەدەمەوە." بە گومانم مەلا پێشتر ڕای ڕوسەکانی دەزانی و ئەوان ڕازی ببوون، چونکە ساڵی ١٩٦٣ کە من چووم بۆ مۆسکۆ، دەربارەی پێوەندییەکان پرسیارم لێکردن، گوتیان: "جگەلە ئیسرائیل کێشەیەک لەگەڵ پێوەندی ئێوە لەگەڵ وڵاتانی تری جیهان نیە، بەو مەرجەی ئێمە ئاگادار بکەنەوە."

لەو سەفەرەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا ئەنجامی گرت، ئێرانییەکان هیچ کارێکیان بۆ نەکردین و تەنانەت گوتبوویان هەموو شت بە هاتنی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ تاران بەستراوەتەوە، چونکە ئەو سکرتێری حیزبە و شا دەیەوێ ئەو یان مەلا مستەفا ببینێت. ئێمە کۆبووینەوە، مەلا نەیتوانی بچێ و گوتی ئیبراهیم ئەحمەد بچێت، چونکە ئەو دڵسۆزە لە ڕێی کورددا. دەنگمان وەرگرت، جگەلە ئیبراهیم ئەحمەد بۆخۆی و نوری شاوەیس و حیلمی عەلی شەریف، و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕازی بوون کە ئیبراهیم ئەحمەد بچێت بۆ تاران.

بەم جۆرە، ئیبراهیم ئەحمەد بە کۆی دەنگ چوو بۆ تاران، بەڵام چاوی بە شا نەکەوت و تەنیا چەند کاربەدەستی حکومەتی بینی. ئەوان بەڵێنیان دابوو کە هاوکاری بکەن، بەڵام چونکە شا دەیزانی لە بەغدا دژی قاسم کودەتا دەکرێ، بەڵێنەکانی بەجێنەگەیاند و تەنیا ١٠٠ تفەنگی برنویان بە دیاری دابوویە. تفەنگەکانمان دابەشکرد و ٥٠ دانەمان بۆ بارزانی نارد کە ئەویش ٣٥ دانەیان بداتە شێخ ئەحمەد. ئەوە تەنیا

**پێوەندی ئێمە بوو لەگەڵ دەوڵەتی ئێران تا فیبرواری "شوبات" ١٩٦٣ کە بەعسییەکان کودەتایان کرد و قاسمیان بەلاوەنا. بە دوای ئەوەدا حکومەتی ئێران چونکە پشتی کودەتای گرت، ڕای خۆی گوڕی، بەتایبەتی دەیویست لایەنی بەعس لە بەرامبەر عەبدولناسردا سەرکەوێت، چونکە زۆر دژی عەبدولناسر بوو...)**

لەو بارەیەوە، بەڵگەنامەکان و شاهیدانی ئەو ڕووداوە، بەپێچەوانەی وتەکانی مام جەلال لە ڕووداوەکە دەدوێن. هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، شا لە بەدەسەڵات گەیشتنی عەبدولکەریم قاسم تووڕە بوو، لەوە نیگەران بوو کە کەریم قاسم پێی ڕوسەکان بکێشێتە ناوچەکەو بە پەسەند کردنی مادەی سێ، مافی کورد بە ڕەسمی بناسێت و کورد بەشدار بکات لە دەسەڵاتی عێراقدا. بۆ ئەو مەبەستە هەوڵدەدات لە عێراق ئاژاوە بنێتەوە. سەرەتا بڕیار دەدات بۆ مەبەستەکەی لە عەرەبە شیعە و سوننەکان کەڵکوەرگرێت کە سەرنەکەوت. لەناو کوردەکاندا، بارزانی بە دوژمن دەناسێ و دەڵێ چەندجاری فریو داوە و ئەفسەر و سەربازی لێکوشتوە و لە لایەن ڕژێمەوە حوکمی ئیعدامی بۆ دراوە.

لەبەر ئەوە بە عیسا پژمان مەئموری ساواک لە بەغدا ڕادەسپێرن، هەوڵبدات لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد پێوەندی بگرێت و بۆ مەبەستی خۆیان کەڵکیلێوەرگرن. عیسا پژمان بۆ یەکەم جار بە ناوی مامۆستای مێژوو و جوغرافیا دەچێتە کوردستان و لە کەرکوک چاوی بە ئیبراهیم ئەحمەد دەکەوێت و دواتر بەهاوکاریی عەبدولرەحمان زەبیحی، پەرە بە پێوەندییەکانی دەدات. ڕاستە ڕژێمی شا دەستی لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا نەبوو، بەڵام بە دوای هەڵگیرسانی شۆڕش و پاککردنەوەی ناوچەی بادینان لە دوژمن لەلایەن مەلا مستەفاوە و هاتنی مەلا مستەفا بۆ ناوچەی سۆران لە ١٩٦٢/٣/٢٢ و ئازاد کردنی ناوچەی شاربازێر لە ئۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"ی ساڵی ١٩٦٢دا و دواتریش هەڵبژاردنی ماوەت بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات و گواستنەوەی لە بێتواتەوە بۆ ماوەت ئەو پێوەندییە لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە دامەزراوە کە بە دەرەتانێک کە شای ئێران بۆی دەستەبەر دەکات، بەسەر مەلا مستەفادا زاڵ بێت. عیسا پژمان مەئموری پێوەندی لەنێوان ساواک و

ئیبراهیم ئەحمەددا بووە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا. بۆ ڕوون بوونەوەی پتر، سەرەتا سەرنج بدەنە عیسا پژمان کە دەڵێت:

- (لەگەڵ ئەو سەرکردانەی لە بەغدا بوون وەک ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و عەبدولرەحمان زەبیحی کە لە بەغدا بوون و پێشتر من ناوی ئەوانم لە ئێرانەوە دەزانی. هەروەها پێشتر لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوتبوو. جەلال تاڵەبانی گوتی: ئێمە تەنانەت دەمانچەیەکمان نییە کە بتوانیین پۆلیسێکی پێبکوژین. لە وەڵامیدا گوتم باشە و شتێکی ترم نەگوت. کاتێک گەڕامەوە بۆ ئێران و ڕاپۆرتەکەم نوسی، شا گوتی: ڕێگەچارەی ئەو کێشەیە چییە؟ نوسیم تەنیا ڕێگە ئەوەیە، ئەو کوردانە ئێستا گرفتارن و ئەوان بە ڕەگەز ئێرانین. ناوچەکەیان لە جەنگی چاڵدێران لە ئێران جیاکراوەتەوە و داویانە بەو ڕژێمانە، بەڵام ئەوان لەهەرکوێی دنیا بن، هەر ئێرانی ماون و خۆیان بە ئێرانی دەزانن و ئێمە دەبێ یارمەتیان بدەین کە نەهێڵن هێزەکانی کەریم قاسم بگەنە سنوری ئێمە. شا داوای بینینی منی کرد و گوتی: ئەوە چییە نوسیوتە، بۆم ڕوون بکەوە؟ مەسەلەکەم بۆ ڕوون کردەوە و گوتم پێویستە پارە و چەکەمەنیان پێبدەین. شا کاردانەوەیەکی توندی لەخۆی پێشاندا و گوتی: من جارێکی تر پارە بدەم بە مستەفا بارزانی کە لەگەڵ جەماعەتی دیموکرات بێن ئەفسەر و پلەدار و سەربازی من بکوژن؟ گوتم ئەوکاتە بارودۆخەکە لەگەڵ ئەمڕۆ جیاواز بوو، ئەوکاتە سەرۆکایەتی مهابادیان دەکرد و مستەفا بارزانی لە مهاباد بوو، ناتوانین ئەوکاتە لەگەڵ ئێستا بەراورد بکەین و ئێمە ئەمڕۆ لە بارودۆخێکداین کە پێویستە ئەم کارە بکەین و بیر لەمڕۆ و دوارۆژمان بکەینەوە. هەندێک بیری کردوە و گوتی: پێشنیازەکانت بنوسە و بڵی چێیان پێبدەین؟ گوتم هەزار تفەنگ، زیاتر لە ٢٠٠ دۆشکە، یەک ملیۆن فیشەک و یەک ملیۆن تمەن. گوتی: باشە.

بە دوای ئەو پێوەندییەدا دەستبەجێ منیان کرد بە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشی ئەمنیەتی ساواک لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەو پێنج وڵاتانەی کوردیان لێیە. لەگەڵ ئەوەشدا بووم بە جێگری سەرۆکی بەستراوەی سەربازی "وابستە نظامی" لە بەغدا کە بەرلەمن کوردێکی سنەیی

بەرپرسی بوو. دوای ٦-٧ مانگ لە ساڵی ١٩٦٠دا ئەویان گۆڕی و منیان لەجێی ئەو دانا. دوای ڕەزامەندی شا، من گەڕامەوە بۆ بەغدا. لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و لە بەغدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری قسەم کردو گوتم دەتوانن بەڵێنی شەرەف بەمن بدەن کە ئەگەر من کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم لە بەرامبەر شادا شەرمەزار نەبم؟ گوتیان: بەڵێ. گوتم داوام لە شا کردوە تا شەش مانگ یارمەتی بە ئێوە بدات و ئەگەر لەو ماوەیەدا ئێوە بە وتەی ئێمە جوولانەوە، ئەوە یارمەتیتان پێدەکەین، ئەگەرنا ئێمە یارمەتییەکانمان دەبڕین. گوتیان: باشە، ١٠٠% هیچ گرفتێک نیە. گوتم دوو کەس بنێرن بۆ ئێران و پێشنیاز دەکەم ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بێن، گوتیان: ناتوانین و باشترە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بێن. ئەو دوو کەسەم لەگەڵ خۆم برد بۆ سەردەشت و لەوێ ماڵێکم هەبوو و ئەوانم لە ماڵی خۆم دانا. لەگەڵ سەرۆکی ساواک و بەرپرسانی ئەمنیەتی سەردەشت گفتوگۆیان کردو قەولی شەرەفیاندا کە بەگوێی ئێمە بکەن و منیش ئەو پێداویستیانەم بە نهێنی و بە ڕێگای مەریوان و پێنجوێن دا برد بۆ سلێمانی و تەحویلی ئەوانمدا. جەلال تاڵەبانی داوای کرد چەک و تەقەمەنییەکان بەرم بۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو. گوتم من ناتوانم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئێوە دەبێ بۆخۆتان بیانگوێزنەوە بۆ ماوەت.[١٠])

هەر لەم بارەیەوە، عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" دەنوسێت:

- (لەبیرمە شەوێک عومەر دەبابە هات، چەمەدانێکی ڕەشی پێبوو، دای بە مەلا مستەفا. دوای دوو ڕۆژیش گوتیان دوازدە تفەنگی بڕنوی هێناوە، وەک من گوێ بیست بومەوە، حیزبی پارتی بەبێ پرسی مەلا مستەفا دەگەڵ ئێرانیەکان پێوەندی گرتوە. عیسا پژمانی ساواک هاتۆتە لایان، بڕیاری داوە ئێران بە دزیەوە یاریدەیان بدا. بەو شەرتە بارزانی کە دوژمنی سەرسەختی شا و کۆمونیستی مۆسکۆیە لەناو خۆیان دەراوێن. پول و تفەنگیان هێندێک وەرگرتوە، بارزانی بەوەی زانیوە. بۆ ڕازی کردنی بارزانی هێندێک پوڵیان هێناوە و گوتویانە ئەمە بەشی تۆ بۆ لەشکرکێشی و ئێمە فێڵێکە لە ئێرانی دەکەین و هەر موخلیستین کە بارزانی گوتویە: "تفەنگەکانتان چلێکرد؟"، چون دوازدە تفەنگیشیان هێناوە. وادیار بو

ئێرانـــی لـە عەقیـــدەی کمونیســـتی پـــارتی ڕازی یە، بەڵام لـە بـــارزانی دەترسێ، چونکە پارتی برایم بەرنامەی حیزبەکەشی هەموی بڕوا بە سیستمی مارکسی بو.[١١])

جگەلەوە، حەبیب محەمەد کەریم دەڵێت: (من لە ساڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩دا ئیبراهیم ئەحمەدم دەناسی، کەسایەتییەکی زیرەک و تێگەیشتوو بوو. کێشەکەی لەگەڵ بارزانی لە سەرەتادا زیاتر کێشەیەکەی شەخسی بوو، ئەوکاتە شتێکی گرنگیان لەنێواندا نەبوو، تا سەرئەنجام ئیبراهیم کەوتە لایەنـــی دژبە خەتـــی بـــارزانی و لەگەڵ ئێـران کەوت. کێشـــەی سیاســـی لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا مستەفا زیاتر لەسەر بەستراوەیی ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە ئێران و بارزانی دژی ئێران بوو و ئیبراهیم ئەحمەدیش بە ئەمری ئێران دەجوڵایەوە کە ئەوەش لای بارزانی مەمنوع بوو.[١٢])

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، بە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١دا بنکەی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکرات بە فەرماندەیی مام جەلال لە چەمی ڕێزان بوو و ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی لە بێتواتە. کاتێک مەلا مستەفا ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢١ بێخمەی بەجێهێشت و هات نـــاوچەی ســـۆران و باڵەکـــایەتی لە هێزەکـــانی دوژمـــن پـــاککردەوە و لە نـــاوچەی خۆشـــناوەتی جێگیربـــوو، پـــارتی دیمـــوکراتی گیـــانێکی نـــوێی بەخـــۆیەوە گـــرتەوە. ئەوانەی لە ناوچەکـــانی ســـلێمانی و کەرکـــوک لە خۆماتکردنـــدا بـــوون، گەڕانـــدەوە مەیـــدانی خەبـــات و شۆڕشـــی ئەیلـــول بەیەکەوە بەسترایەوە.

ڕۆژی ١٩٦٢/٨/١١، ناحیەی تەقتەق خۆی بەدەست سوپای شۆڕشەوەدا، ڕۆژی ١٩٦٢/٨/١٢ قەزای چوارتا ئازاد کرا و عەبدولوەهاب ئەتروشی معاون پۆلیسی قەزا هاتە ڕیزی هێزەکانی شۆڕشەوە. ڕۆژی ١٩٦٢/٩/٢١، پێگەی ســـەربازەکانی ســـوپای عێـــراق لە چیـــای بەمـــۆ و ســـەرتەک لە نـــاوچەی خانەقین ئازاد کران و ناوچەی تاوگۆزی، شەمێران، نەورۆڵی، هەورامان، بنـــاری ســـورێن و نـــاوچەی شـــاربازێر ئـــازاد کـــران و لە مـــانگی ئۆکتـــۆبەر "تشـــرینی یەکەم"دا مـــاوەت کـــرا بە بارەگـــای مەکتەبـــی سیاســـیی پـــارتی دیموکرات.

لەبەرئەوەیە عیسا پژمان دەڵێت: (**... جەلال تاڵەبانی داوایکرد چەک و تەقەمەنییەکان بەرم بۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو.**)
ئەو گێڕانەوەیەی پژمان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ نەک ساڵی ١٩٦١ و بەرلە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول. هەروەکوو مام جەلال ئاماژە بۆ پێوەندیی مەکتەبی سیاسیی و ئێران دەکات، ئەو پێوەندیی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ دامەزراوە، ئەویش بەدور لە چاوی مەلا مستەفا.

ڕەنگە لێرەدا ئەم پرسیارە سەرهەڵبدات کە بارزانی لە چ کاناڵێکەوە چەکی بۆ شۆڕشی ئەیلول بەدەستخست. بۆ زانیاریی پتری خوێنەران سەبارەت بە بەدەستخستنی چەک بۆ شۆڕشی ئەیلول، پێویستە بڵێم سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستان کە ئیسلاحی زەراعیان بەسەردا سەپا و توشی زیان ببوون، ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ لە خانەقینەوە تا دەگاتە زاخۆ ڕاپەڕین. ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی ویستیان ڕۆڵی شۆڕشەکە لە چنگ دەربەگەکان دەربهێنن، بەڵام هیچکامیان نەیانتوانی دەوام بێنن و لە یەکەم پەلاماری فڕۆکەکانی عێراقدا شکان و پاشەکشەیان کرد. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە ١٩٦١/٧/٣٠ کۆبۆوە تا بیرێک لەو دۆخە نوێیە بکاتە. بۆ ئەو مەبەستە ئەم دوو بڕیارەی خوارەوە پەسەند کرد:
١- یادداشتنامەیەک بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان ئاراستەی کەریم قاسم بکەن.
٢- ئەگەر کەریم قاسم گوێی بەو یادداشتنامەیە نەدا، پارتی خۆی بۆ شۆڕش ئامادە بکات و هەوڵی کۆکردنەوەی چەک بدات.
کۆمیتەی ناوەندیی دەقی بڕیارەکانی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی بارزانی بە جەلال تاڵەبانیدا نارده بارزان. تاڵەبانی ڕۆژی ١٩٦١/٧/١٢ لە هاوینە هەواری "چالی" لە چیای شیرین چاوی بە مەلا مستەفا کەوتو بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی بۆ ڕوونکردەوە و گوتی مەکتەبی سیاسی ئامادەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر ڕووداوێکی لەناکاو. بارزانی پێیگوت: (**جارێ دەست ڕاگرن و هیچ نەکەن و لە خۆئامادە کردندا بەردەوام بن، تا دەگەنە پلەیەکی باش.**) بەڕێز مەسعود بارزانی دەقی ئەم یادداشتنامەیەی مەکتەبی سیاسی لە لاپەڕەی ٢٧١ی پاشبەندی کتێبەکەیدا "بارزانی و

بـزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، بـەرگـی سـێیەم، بـەشـی یـەکـەم، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا بڵاوکردۆتـەوە.

لـە ڕاستیدا بـەرلـەوەی کـە بـەڕێز جـەلال تاڵـەبانی بچێتـە لای مـەلا مستـەفا و ڕەزامـەنـــدیی ئـەو ســـەبارەت بـە بڕیارەکـــانی کـــۆمیتـەی ناوەنـــدیی وەربگرێـت، بـارزانـی خـۆی بیـری لـە کـۆکردنـەوەی چـەک کردبـۆوە. شـەهید حـەمید کاوانـی، ڕەسوڵ فـەقـێ گـەرۆتـەیـی، لقـی چـواری پـارتـی و شـانـەکانـی لـە ڕیـزی پۆلیسـدا لـە مـانگـی ئـایـار "مـارس" تـا ئـەیلـوول "سـپتێمبـەر"ی ١٩٦١دا نزیکـەی سێهـەزار چـەکی چیکی و ئینگلیزیی کـە لـە جـەنگی دووەمی جیهاندا بـەکار دەهێنـران کـڕی. لـەم بـارەیـەوە ڕەسـوڵ فـەقـی گـەرۆتـەیـی لـە وتووێژێکـی تایبـەتدا پێی گوتم:

- (لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی مـن بـزانـم، ئـەرکـی سـەرەکیی پـەیـداکردنـی چـەک لـەلایـەن شـەهید حـەمید کاوانی و شانـەکانی پارتی لـەناو پۆلیسی هـەولێردا بـەڕێوەچـــوو، لـەگـەڵ ئـەوەشـــدا بـەشـــی زۆری چـەکـەکـــان لـەلایـەن قاچاخچییـەکـانـەوە بـە ئـێمـە دەگـەیشـت و خـەڵکـی تـریش هـەبـوون کـە ڕاستـەوخۆ سـەربـە بـارزانـی بـوون و چـەکیـان بـۆ دەهێنـا. عـەریـف عوسـمان لێپرسراوی پۆلیسی هـەولێر ئـەندامی پـارتـی و بـەرپرسی شـانـەی حیزب بـوو لـەنـاو پۆلیسـەکانـدا کـە عـەمبـاری چـەکـەکـانـی کـردەوە و نـزیکـەی ٨٠- ٩٠ چـەک و بـە ڕادەیـەکـی زۆر تـەقـەمـەنییـان بـۆ بـارزانـی هێنـا. بڕیـار وابـوو قشڵـەی شـەقڵاوەش ئـەم کـارە بکـات، بـەڵام هـەرکـە عـەریف عوسمان یوسف و هـەڤـاڵانـی چـەکـەکانیـان هێنـا، عـەریـف سـەمـەد کـە لێپرسـراوی قشـڵـەی شـەقڵاوە بوو، لـەگـەڵ عـەریف عـەزیز مـەلا عـەلـی و دوو پۆلیسی تر کـە نـاوی هـەردوویـان عـەلـی بـوو و ئـێمـە پێمانـدەگوتن عـەلـی و عـەلـی ڕەقـەم دوو، ڕایانکرد و نـەیانتوانی چـەکی قشڵـەی شـەقڵاوە بێنن. لـە ڕاستیدا بـارزانـی ســـەرکردەیـەکی بـە ڕادەیـەک نـهێنـــی کـــار بـــوو کـە کـەس بـە کـارەکـــانـی نـەدەزانـی و پێوەندیی بـە هـەندێک مرۆڤـەوە هـەبـوو کـە بۆ ئێمـە جێی بـاوەڕ نـەبوو.)

جادر مـەحۆ سێرکـی یـەکێک لـەو کـەسانـەی بـوو کـە چـەکـی بـۆ مـەلا مستـەفا کۆدەکردەوە. ناوبراو لـە وتووێژێکـی ڕاستـەوخۆدا پێیگوتم: (شێخ ئـەحـمـەد و

مەلا مستەفا بڕیاری کۆکردنەوەی چەکیاندابوو، مەلا مستەفا پرسیاری لەمن کرد کە ئایا دەتوانم چەک پەیدا بکەم؟ گوتم بەڵێ. ئەوکاتەماڵم لە هەولێر بوو. کانەبی حەمەد، فارس باوە و کابرایەک بەناوی مستەفا و هەشت نۆ کەسی تر دەچوون لەناو عەرەبان لە باشوری عێراق چەکیان دەهێنا بۆ هەولێر و دەیانفرۆشت. من پەیوندییم پێیانەوە کرد کە چەکەکانیان بۆمن بهێنن. هەر جارەی پێنج شەش چەکیان بۆ دەهێنام. بەگشتی نزیکەی ٧٠٠- ٨٠٠ چەکم لێکڕین. جگەلە من "مەحمودی شوان ئاغا" و "ئەحمەد سەعید سپینداری"یش چەکیان دەهێنا. لە هێڵی موسڵیش چەک دەهاتن و ئەوانەش کە لە ساڵانی ٤٣- ٤٥ چەکیان شاردبۆوە، چەکەکانیان دەردەهێنا. مەلا مستەفا جگەلە خەرجی چەکەکان و بردنیان بۆ بارزان بۆ هەر چەکەی پێنج دیناری دەدامێ. دیارە مەلا مستەفا لە سۆڤییەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلانیش چەکی دەکڕی. ڕۆژێک نامەیەکی دامێ کە لە هەولێر بیدەم بە "حوسێن حەیاتی" غولامی شێخ ڕەشید لۆلان. چووم، ماڵی لە ئیسکان بوو، نامەکەم دایە. دوو چەکی لە ماڵ بوو کە لێم کڕی و دواتریش چووین بۆ مەسیف بۆ ماڵی سۆڤییەک کە دوو چەکی تریشم لەو کڕی.)

مام جەلال لە لاپەڕەی ٩٧١دا دەڵێت: (لە بەهاری ١٩٦٥دا حکومەت پێوەندیی خۆی لەگەڵ مەلا هەڵوەشاندو دووبارە شەڕ دەستی پێکردەوە. ئێمە گروپێکمان ناردە لای مەلا و گوتمان: "ئامادەین بگەڕیینەوە و لەژێر ئالای حیزب و ڕێبەرایەتی ئەودا شان بە شانی ئێوە دژی حکومەت خەبات بکەین." ئەویش گوتبووی زۆر باشە، بەخێر بێنەوە و چ بکەین؟

ئێمە دوو مەرجمان هەبوو، ئەو لە وەڵامدا گوتی: "ئێوە بگەڕێنەوە، دوای ٦ مانگ لەگەڵ یەکتر هاودەنگی دەکەین، حیزب دەکەینەوە یەک و بەرپرسایەتیتان دەدەینێ، یان بچن بۆخۆتان حیزبێک دامەزرێنن." هەموو ئەندامان هاتوچۆی مەلایان دەکرد. ئەوکاتە من لە لەندەن بووم، پەیامیان بۆ ناردم و گوتیان: "ئێمە لە ئێران نەماوین و گەڕاوینەتەوە بۆلای مەلا مستەفا." بەرلە دەستپێکردنی شەڕی حکومەت و بارزانی، حکومەت دەیویست بارزانی خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد و ئەویش هێرشی کرد و ئاگری شەڕ سەریهەڵدایەوە....)

دوای نیشــەجێکردنی گروپــی ئیبــراهیم ئەحــمەد لـە نــاوچەی هەمەدان، بـارزانی چـاوی لـە پێشـمەرگەکان خافـڵ نەکرد و بە بەردەوامی پێوەنـدی لەگەڵ دەگرتن کە لە داوی ئێران ڕزگاریـان بێت. ئەوە بـوو کە بەشێکیان لە گروپی چەندکەسیدا گەڕانەوە ڕیـزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلـول و نــزیکەی ٢٥٠- ٣٠٠ کەســیان لە هەمەدان مــانەوە کە ئەوانــیش لە دوو گروپدا لەگەڵ عەلی عەسکەری و مام جەلال گەڕانەوە. گروپی یەکەمیان ڕۆژی ١٩٦٥/٧/٦ لەگەڵ عەلی عەسکەری و بە دوای ئەودا گروپی دووەمیان لەگەڵ جەلال تاڵەبــانی. بــارزانی جــگەلە ئیبــراهیم ئەحــمەد کە بە بەرپرسی پیلانگێڕییەکانی دەناسی و سەید عەزیز شەمزینی کە پێشتر بە تــاوانی داڕشــتنی پیلانــی تیــرۆری بــارزانی دوری خســتبووەوە، هەمــوو پەنابەرەکانی تری وەرگرتەوە و بەرە بەرە ڕێگەی پێدان لە ڕێزی پارتیدا خەبات بکەن. لەم بارەیەوە حەسەن ئەرفەع دەڵێت:

- (مەلا مستەفا داوای لە ئەندامانی مەکتەب سیاسی کرد کە لە ئێرانەوە بگەڕێنەوە. محەمەد ڕەشید مەئمور کرا لەگەڵ پەنابەرەکان بدوێ و لە ئاکامدا عومەر دەبابە هاتە عێراق کە لەم بارەیەوە چاوی بە ساڵح یوسف بارزانی نوێنەری بارزانی بکەوێت. دوای بینینی، سالح یوسف هاتە ئێران و لەگەڵ جەلال تاڵەبانی گەڕانەوە بۆ ڕانیە و چاویان بە مەلا مستەفا کەوت. سەرئەنجام بە ڕێگای وتووێژ و نێوبژیی محەمەد ڕەشید و شێخ ئەحمەدەوە، مەلا مستەفا ڕازی بوو جگەلە ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عەزیزی گەیلانی زادە کە پێشتر پلانی بۆ تیرۆری بارزانی داڕشتبوو، هەموو پەنابەرەکان گەڕانەوە بۆ عێراق و پارتی دیموکراتیش بەپێی یاسای دەوڵەتی عێراق خەبات بکات.[١٣])

لە لاپەڕەی ٩٧٣- ٩٧٤دا، مام جەلال درێژە بەوتەکانی دەدات و دەڵێت: (کاتێک گەڕامەوە بۆ ئێران، لەگەڵ گروپەکەمان هاتینەوە لای مەلا مستەفا بارزانی. لەوسەردەمەدا زۆر لەمن توڕە نەبوو. گوتی ٢- ٣ مانگ دانیشن، دواتر پێکەوە کۆدەبینەوە و قسەکانمان دەکەین. مەلا لە نزیک خۆی لە ناوچەیەک بە ناوی باڵەکایەتی لە دەوروبەری ڕەواندز جێیەکی بۆ ئێمە تەرخان کردو نزیکەی ٢-٣ مانگ لەوێ ماینەوە. دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە، سەرلەنوێ گەڕاینەوە لای و گوتمان: "ماوەیەکە بێکار و بەبێ

بەرپرسـایەتی دانیشـتووین و ئەگەر لەبیرتـان بێـت، ڕۆژی یەکەم هاودەنگیمان کرد کە یان جیا بینەوە، یان خۆمان ڕێیەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانمان بدۆزینەوە." لە وەڵامدا گوتی: "باشە ئێوە بچن بۆ دۆڵەڕەقە و نوسینگە و ناوەندی خۆتان لەوێ دانێن و منیش دوای ماوەیەک دێم و لەوێ پێکەوە قسەکانمان دەکەین و کێشەکان چارەسەر دەکەین." ئێمە چووینە دۆڵەڕەقە و دوای ماوەیەک بارزانی هات و قسەمان لەگەڵ کرد و بەرە بەرە تێگەیشتین کە مانەوەمان بێ سودە، بەتایبەتی لەوکاتەدا حەمید عوسمان یەکێک لە بەرپرسانی حیزبی شیوعی هاتبووە ناوچەکە. ئەو کاتە ئەو لەلای حکومەت کاری دەکرد و موچەی وەردەگرت و حکومەت ڕایسپاردبوو کە پێش بە ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ بارزانی بگرێت. ئەوە بوو ڕای بارزانی گۆڕا و ئەو لە هەموو بەڵێنەکانی سەبارەت بە ئێمە پاشگەز بۆوە و ئێمەش گوتمان: "ئێوە بەڵێنەکانتان بەجێ نەگەیاند و عەلی حەمدی و مەحمودی حاجی تۆفیقیان گرتبوو و بەڵێنیان سەبارەت بە هەندێک لە کادیرەکانی تریش بەجێ نەهێنابوو. گوتم گیراوەکان ئازاد بکات، لە وەڵامدا گوتی "باشە خۆم دەچمە ناوچەی ماوەت و دوای گەڕانەوەم دادەنیشین و ڕێگەچارەیەک بۆ گرفتەکان دەدۆزینەوە و ئەوانیش ئازاد دەکەم." بەڵام نەچوو بۆ ماوەت و نە بندکراوەکانیش ئازاد کران، بەڵکوو ماوەی زیندانییەکانیان بۆ زیادکردن. کادیرکانی ئیداری یان چەکداری ئێمە لەگەڵ لایەنگرانی بارزانی کەوتبوون و بەسەر ئۆرگانەکان و هێزی پێشمەرگەدا بڵاوکرابوونەوە.

نزیکەی ٦- ٧ مانگ تێپەڕی و کێشەکان چارە نەکران و هەواڵێک لە بەڵێنەکانی مەلا نەبوو. ئێمەش بە هەڵپەسێدراوی مابووینەوە. لە سەردەمی ئاشتیدا بڕیارماندا کە ئەگەر تا ٦- ٧ مانگ بارزانی کار و بەرپرسایەتی بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نەسپێرێ، یان لەگەڵمان ڕێکنەکەوێت، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە پارتی دەرکەون و بگەڕێینەوە ناو شارەکان و سەرلەنوێ خۆمان ڕێک بخەینەوە و دەست بکەین بە خەباتی بەنهێنی و چیتر لەژێر دەستی بارزانیدا نەمێنین. هەرچەندە لەو ماوەیەدا بێکار مابووینەوە و وەک دیل هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکرا. دوای تێپەڕبوونی ٦- ٧ مانگ، ئێمە لە پەنای ئەو ناکۆکییانەدا، لە ناو پارتیدا هەواڵێکی ناخۆشمان پێگەیشت کە عەلی

حەمدیان لە زینـدانی مـاوەت هێنـاوەتەدەر و بردویـانەتە جێـیەک و بەشیوەیەکی گومانهەڵگر کوشتویانە.) دواتر لە لاپەڕەکانی ٩٧٧- ٩٨٠دا، مام جەلال باس لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٦ دەکات:

- (لە ژانویەی ١٩٦٦ لەپڕ دیتم ٨ بارزانی لە دورەوە هاتنە لای ئێمە. سڵاویان کرد، نامەیەکی ئیدریس بارزانییان بۆ من و بۆ حیلمی هێنابوو. لە نامەکەدا نوسیبوویان: "بە فەرمانی بارزانی هەردووی ئێوە دەبێ بێنە لای ئێمە و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئێمەدا بن."

واتا من و حیلمی عەلی شەریف لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی جودا بینەوە و ناوەندی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بەرینە ئەوێ. محەمەد ئەمین حەسۆ میرخان بەرپرسی ئەو بارزانییانە کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی بارزانی و چوو بوو بۆ سۆڤیەت و لەوێ خوێندبووی و کەسێکی حیزبی بوو. پرسیارم لێی کرد: "ئایا ئێمە بچین؟" گوتی: "خۆتان بڕیار دەدەن، هەرچۆنێک دەتانەوێ، بەڵام دەتانەوێ ١- ٢ ڕۆژتان ماوە دەدەین کە خۆتان ئامادە بکەن." کە قەبووڵمان کرد. میرخان ئێوارەی ئەو ڕۆژە عەلی عەسکەری بردبووە سوچێک و سوێندیدابوو کە لە هیچ جێیەک ناوی نەدرکێنێت و گوتبووی فەرمانیان بە ئێمەداوە کە حیلمی و جەلال بەرین و لە ڕێگادا بیانکوژین و دواتر بڵێین ڕایان کردوە و سەرنجیان بە ڕاوەستانی ئێمە نەداوە و ئێمەش بەناچار کوشتومانن.

بەیانی ڕۆژی دوایی چووین ڕووداوەکەمان بۆ هەباسی مامەند ئاغای گێڕایەوە و گوتمان ئەوە بارودۆخی ئێمەیە.... گوتی نامەیەک بۆ بارزانی دەنوسم و دەڵێم لە جیاتی مام جەلال و عەلی عەسکەری، هەموومان دێنە لات و لەوێ دەمێنینەوە و هەرچی بە مەسڵەحەت بێت، بەجێی دەگەیەنین....

لە وەڵامیدا بارزانی گوتبووی: "پێویست ناکات ئێوە بێنەلای من، ئیزن بدەن ئەوان بڕیارەکە بەجێبگەیەنن و بچنە لای ئیدریس و من کە گەڕامەوە چاوم پێیان دەکەوێت."

بێگومان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ شک و گومان و بێ باوەڕیمان پتر دەبوو. کۆبوونەوە و بڕیارماندا، بڕیاری ڕۆژی یەکەممان بەڕێوەبەرین، بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵا پەشیمان بوونەوەو گوتیان:

"ئێمە ناتوانین لە شارەکان بژین و مەلا ئێمە تیرۆر دەکا. لەبەر ئەوە، ئێمە لێرە دەمێنینەوە و خۆمان تێکەڵاوی سیاسەت ناکەین و بێدەنگ دادەنیشین."

بەڵام پێنج کەسمان بڕیارماندا کە سەرەتا چوار کەسمان ڕابکەین و دواتر نوری ئەحمەد تەها لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بچتە ڕانیە. ئەوکاتە دۆستەکانمان لە ڕانیە بوون و ئەویش گوتی: "من ناتوانم لە شار بژیم و دەچمە تاران و لەوێ لەلای ئیبراهیم ئەحمەد دەمێنمەوە،"

ئێمە ئەو شەوە ڕامانکرد. هەرکامەمان ١٥- ١٦ چەکدارمان لەگەڵ بوو. بەگشتی ٦٠ کەس بووین. نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی چووینە لای زیاد ئەغا و حکایەتەکەمان بۆ گێڕاوە. ... ڕۆژی دووەم چووینە قەراخ چۆمی ڕێزان و لەوێوە پێوەندیمان لەگەڵ دۆستانمان لە سلێمانی گرت. هاتنەلامان، عەلی عەسکەری و حیلمی شەریف چوونە کەرکوک کە بەو مەرجەی دانرابوو و بە گوێرەی بەرنامەیەک کە دانرابوو، عەلی عەسکەری کارەکان بەڕێوەببات هەر بەم شێوەیەش عومەر دەبابە لە سلێمانی هەوڵبدات... و سەرلەنوێ دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات...)

لە لاپەڕەی ٩٨٢- ٩٨٧ دا، لە زمانی مام جەلالەوە نوسراوە: (لە ڕاستیدا ئێمە دوو جۆرە زانیاریمان هەبوو. یەکەمیان پێوەندی مەلا لەگەڵ ئێران کە زۆر بەهێز و تونددوتۆڵ بوو، و دووەم ئەوەی کە لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندی دامەزراندبوو. سەرچاوەی ئەسڵی ئەو زانیاریانەی ئێمە نوێنەری بارزانی بوو لە تاران کە لە ئێمە نزیک بوو. لە ڕاستیدا شەمسەدین موفتی تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو، دیارە بە گوێرەی مەسڵەحەتی ئێمە لەلای بارزانی مابۆوە و هەمیشە دەیگوت: "ئەگەر ئێوە بخوازن، بارزانی بەجێدەهێڵم." لە وەڵامیدا دەمانگوت: "نا باشترە لای ئەو بمێنیتەوە." ئەو هەموو شتێکی بە ئێمە دەگوت، بەتایبەتی پێوەندی لەگەڵ ئێران و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل کە ئەو نوێنەرایەتی بارزانی دەکرد و دەیگێڕایەوە کە چۆن ئیسرائیلییەکانی هێناوەتە کوردستان کە ئەو مەسەلەیە بۆ ئێمە زۆر هەستیار و مەخۆف بوو...

سەرئەنجام سەدان پێشمەرگە کۆبوونەوە و نافەرمانی خۆیان بە دژی بارزانی ڕاگەیاند. نەدەکرا ئێمە ئەوان بەتەنیا بهێڵینەوە، هەموویان دۆستی ئێمە بوون. لەبەر ئەوە من و حیلمی عەلی شەریف و عەلی عەسکەری چووینە لایان و ئەوانمان ڕێکخست. کاتێک بارزانی فەرمانی شەڕی بە دژی ئەوان ڕاگەیاند، ئێمە گوتمان پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەکی بەشداریی شەڕی براکوژی نەکات. تەقە لە برا و هاوخوێن و هاوسەنگەری خۆیان نەکەن کە هەموویان بەگوێیان کردین. بۆ نمونە لە قەرەداغ هەموو هێزەکە بە سەرپەرشتی کەمال موفتی لەگەڵ ئێمە بوون و لە ناوچەی مێرگەسور محەمەدئەمین فەرەج و بابەکری مەحمود ئاغای پشدەر و عەلی ئاغای کوڕی عەباس ئاغای تێکەڵاوی ئێمە بوون. ئێمە لەگەڵ ئەوانە هێزێکی گەورەی نزیک بە ٢٠٠ کەسمان کۆکردەوە و ناوچەی چۆمی ڕێزان و قەرەداغمان بە ناوەندی خۆمان دیاری کرد. کۆمەڵێکی نزیک بە ٣٠٠٠ کەس لە لای بارزانی بوون، بەڵام لە ناوچەی سۆران وەک یەک بووین. بارزانییەکان و بادینانییەکان و هەندێک عەشایری دیکەش لەگەڵ بارزانی مابوون. ئێمە هەباسی مامەند ئاغامان هەبوو کە سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ بوو. لە پشدەر و باڵەکایەتی خەڵک لەگەڵ ئێمە بوو، بەڵام بەشێکیان زاتیان نەبوو لە بەرامبەر مەلادا هەڵوێست بگرن، یان ڕاپەرن. بەو شێوەیە ئیتر ئێمە دوو هێز و دوو حیزبی جیاواز لەیەکتر بووین.

لەو سەردەمەدا جەماعەتی لایەنگری مەلا هێرشیان کردە سەر ئێمە و تۆمەتیان لە ئێمە دا و ناوی جاشی ٦٦یان لەسەر ئێمە دانا و بە نۆکەری بێگانە ناویان بردین. واتا لایەنگری حکومەت لە ١٩٦٦ دا و بەکرێگیراوی بێگانە. ئێمەش بێگومان هێرشی توندمان کردە سەریان و گوتمان ئەوانە جاشی سینتۆ و ئیسرئیلن و دەیانەوێ بزوتنەوەی کورد بە ئیمپریالیزم ببەستنەوە. هەرچی قسە هەبوو پێمان گوتن و شتێکمان نەهێشتەوە....)

دەربارەی بانککردنی مام جەلال بۆ بنکەی کۆمیتەی ناوەندیی نوێی پارتی، هەژار موکریانی دەڵێت: (من پێشنیارم کرد کە حەیفە جەلال تاڵەبانی لە دۆڵەڕەقە بێکار دانیشێ، قەڵەمی باشە، با بێتە لامان و لە نوسیندا هاوکاریمان بکا. نامەیەکیان بۆ نوسیبو کە وەرە مەکتەبی

سیاسی کارمان پێتە، وا تێگەیبو کە دەیکوژن. شەوێک دەگەڵ هەوالانی لە دۆڵەڕەقە ڕاکردبوو، چوبوە بەردەستی حوکومەت و بردیانە بەغدا. ڕۆژی ١٩٦٦/١/١ بو، بروسکەمان بۆ هات کە جەلال ڕای کردوە. ناومان لێ نا "جاشی مۆدێل ٦٦"، کە تا ئێستاش ئەو ناوەیان لە کۆڵ نەبۆتەوە. ئیتر جەلال و هەوالانی لەو ساوە بونە چەکداری دەوڵەت و زۆر بێ ڕەحمانەتر لە سەربازانی عەرەب شەڕیان دەگەڵ دەکردین. تەنانەت عومەر دەبابە ببوە شارەزاکەری تەیاران و دێهاتی دۆستی شۆڕشی بۆ دەست نیشان دەکردن. دەوڵەت ناوی لێنابو: برا عومەری قارەمان.(١٤))

ئەوە ڕاستە کە ئەندامانی لایەنگری گروپی ئیبراهیم ئەحمەد واتە کادیر و پێشمەرگەکان بەرە بەرە گەڕانەوە ڕیزی لایەنگرانی بارزانی و لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال دوور کەوتنەوە. هۆی دوور کەوتنەوەکەیان دەگەڕایە بۆ دڵپاکی ئەوان بۆ شۆڕش و گەلی کورد، بەڵام مام جەلال و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆن بەو ئومێدەوە گەڕابوونەوە کە وەک پێشوو سەرلەنوێ ڕێبەرایەتی ئۆرگانەکانی پارتی بکەن، بەڵام بارزانی و کۆمیتەی ناوەندی نوێ باوەڕیان پێنەدەکردن. هەروەکوو لە وتەکانی مام جەلالیش دەردەکەوێ ئەوان لە ماوەی گەڕانەوەیان لە ئێران و نیشتەجێ بوونیان لە دۆڵەڕەقە، بەنهێنی خۆیان ڕێکخستبۆوە و پێوەندییەکانیان بە ناوخۆ و دەرەوە ڕاگرتبوو. بە وتەی مام جەلال ڕەگازۆییان کردبووە ڕیزەکانی شۆڕش. ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران مابۆوە و پێوەندیی ئەوانی لەگەڵ ئێران و ئەوروپا دەکرد. لە ڕاستیدا دەتوانین بێڵێن بارزانی ڕێگای بۆ کردبوونەوە کە نییەت و دەرونی خۆیان ئاشکرا بکەن.

مام جەلال و زۆریەک لەو خەباتکارانەی کە هێشتا لە ژیاندا ماون، دەزانن کە ئەگەر بارزانی پلانی لەناو بردنی ئەوانی هەبووایە، هەر لە یەکەم ڕۆژەکاندا کە ئەوان بەبێ پێشمەرگە بوون، دەیتوانی کۆتایی بە ژیانیان بێنێت، بەڵام هەموو دەزانن کە بارزانی دەیویست ئەوان و بەتایبەتی شەخسی مام جەلال بگەڕێنەوە بۆ ئامێزی شۆڕش. گەڕانەوەی ئەوان لە ناوچە ئازادکراوەکانەوە بۆ شارەکان و بڵاوکردنەوەی دەستبەجێی ڕۆژنامەی خەباتو سەفەر کردنی ئەندامانی سەرکردایەتیان

بۆ بەغدا و وڵاتانی تر، بەبێ دامەزراندنی پێوەندیی پێشوەخت لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بواری نەبوو. بەتایبەتی کاتی بەدەسەڵات گەیشتنی عەبدولڕەحمان عارف کە دەوڵەتی ئێران بە تینەوە دەیویست پێوەندییەکانی لەگەڵ ئاسایی بکاتەوە، گروپی ئیبراهیم ئەحمەد پاڵیان بە بەغداوە دا. لەو ڕەواتی ئەو هاوکارییەدا ئیبراهیم ئەحمەد گروپەکەی بە ڕادەیەک چوونە پێشەوە کە شان بە شانی سوپا و جاشەکانی عێراق، شەڕی پێشمەرگەیان کرد. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە ئێران بە ئومێدی ئەو پێوەندییەی کە لەگەڵ ڕژێمی عەبدولڕحمان عارف بەدەستی هێنابوو، خۆی لە یارمەتیکردن بە شۆڕشی ئەیلول گێل دەکرد. لە ڕاستیدا دیسانیش دەبینین کە دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان لە هەوڵی لێکترازاندنی ڕیزەکانی گەلی کورد و دروست کردنی کێشە لە نێوان ئەواندا بوون. دەسەڵاتخوازیی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و داسەپاندنی بەرژەوەند حیزبی بەسەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورددا، ئەو دەرەتانەی بۆ دەوڵەتانی ئێران و عێراق پێکهێنا کە بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێوەربگرن.

هەروەکوو گوتم چوونی مام جەلال و هاوبیرانی بۆ لای دوژمن نەیدەتوانی بەبێ پێوەندیی و ڕێکخستنی پێشوەخت بەڕێوەبچێت. بوونی ١٥- ١٦ پاسەوانی چەکدار لەلای هەرکامەیان، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە بارزانی وەک دیل هەڵسوکەوتی لەگەڵیان کردبێت، بەڵام بەردەوامیی و درێژە کێشانی شۆڕش ئەم ئەزموونەی بە شۆڕش بەخشیبوو کە بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی و نەتەوەکەی دەزگایەکی ئاسایش بۆخۆی دروست بکات و لە پیلانەکانی حکومەت و کەین و بەینی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ حکومەت ئاگادار بێت. لەو ڕوانگەیەوە بوو کە بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریاندا مام جەلال لە ئەوانی تر جودا بکاتەوە کە کوژرانی عەلی حەمدییان کردە بیانوو و بە گروپ پاڵیان بە ڕژێمی بەعسەوەدا. ئەگەرنا خۆ لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٦٦ دا بەتەنیا عەلی حەمدی نەکوژرا و زۆر کەسی تریش کوژران. هەروەکوو فەلەکەدین کاکەیی دەڵێت: **(دەکرێ بپرسین کێ سەید حوسێن کاکەیی خەڵکی خانەقین و سەرلقی هێزەکانی بارزانی تەنیا بەو تاوانە کوشت کە گوتبووی دەچمە لای بارزانی؟)**

مـام جەلال و هاوڕێیـانی بە گێـڕانەوەی ڕووداوی حەسـۆ میرخـان بـۆ هەباسی مامەند ئاغای و پێوەندی هەباس ئاغا لەگەڵ بارزانی، پووچ بوونی ئەو هەواڵەیان بۆ دەرکەوتبوو کە هیچ بڕیارێک بۆ کوشتنی ئەوان نەدراوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەزموونەی کە مام جەلال لە پێوەندیی لەگەڵ ئێـران و دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی کوردسـتان بەدەسـتیهێناوە و ئەو زیانـانەی لەو پێوەندیانە بە نەتەوەی کورد گەیشتوە، ڕاشکاوانە پێ لە هەڵەکانی خۆی دەنێ و لە لاپەڕەی ٩٩٠ و کۆتایی وتەکانیدا لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، مام جەلال دەڵێت:

- (یەکێک لە هەڵە گەورەکانی ژیانم تێکدانی پێوەندیم بوو لەگەڵ مەلا مستەفا ڕۆحی شاد و نەدەبووایە بەتەواوی هەموو شتێک لەناوبەرم، چونکە من لەو ساڵەدا نە ڕەزامەندیم لە سیاسەتی بارزانی هەبوو، نە سیاسەتی کۆمیتەی ناوەندیم قەبووڵ بوو. بە ڕاستی نەدەبووایە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی بە دژی بارزانی بوەستم، چونکە هەردوو سیاسـەتم قەبووڵ نەبوو، بەڵکوو دەبوو بێلایەن و سەربەخۆ بمێنمەوە. ئێستاش لەسەر ئەو بیرەم کە گەورەترین هەڵەی ئێمە ئەوە بوو کە پێوەندیمان تێکدا و شەڕێکمان وەڕێخست کە تا چەند ساڵ درێژەی هەبوو. خۆم پێوەندی باش و نزیکم لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، بەڵام بەهۆی قەرار و بڕیاری حیزبی من ئەوکارەم کرد و تەنانەت بەرلە تێکدانی پێوەندی، خۆی نامەیەکی بۆم نوسی و قسەکانی حەزرەتی "نوح"ی بۆ دووپات کردمەوە کە: "کوڕم هەڵسوکەوتت باش بێ لەگەڵ من و لەگەڵ من سـواری کەشـتی بە." بەڵام مـن لەگەڵ حیـزب بـووم و بە بڕیـار و پەسەندکراوەکانی حیزب بەستراببوومەوە، ئەگەرنا باوەڕم بە بڕیار و پەسەندکراوەکانی ئەو ڕۆژەی حیزب نەبوو. بە نادروست و کارێکی بەپەلە و توندڕەوانەم دەزانی و بە کردەوە مستەفا بارزانی بەو شێوەیە لە ڕووبەڕووی ئێمەدا نەبوو.)

ئەو هەڵوێستە ڕوون و ئاشکرایەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا، هەمــوو هەوڵەکــانی دەزگاکــانی هەواڵگریــی ئێــران پــوچەڵ دەکاتەوە و جاش قەڵەمەکانی وەک عیرفان قانعی فەرد ڕیسوا دەکات کە بۆ شێواندنی مێژووی گەلەکەمان و ناحەز کردنی سیمای سەرکردەکانی کورد دەیدەن. قانعی فەرد و هاوکارەکانی بە ڕێنوێنی ئاغاکانیان لە ڕێکخراوە جاسوسییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە کەڵکوەرگرتن لە پاشماوەی بەڵگەنامەکانی ساواکی شا و بۆچوونی مەئمورەکانی ساواک بەتایبەتی عیسا پژمان، ڕووداوە مێژووییەکانی کوردیان شێواندوە و هەوڵیانداوە خوێنەری کتێبەکانیان بە دیدی خۆیان بڕواننە مێژووی کوردستان. لەو ڕوانگەیەوە بزوتنەوەکانی کورد بە دەوڵەتانی بێگانە دەلکێنن و ڕێبەرانیان کەم بایەخ پێشاندەدەن. هەرلەو کاتەدا، هەرچەندە لە ئاکامی شۆڕشی دژ بە شادا خۆیان بە دوژمنی ئەو دەزانن، بەڵام لە هەموو بوارەکاندا لاسایی ئەو دەکەنەوە.

عیرفان قانعی فەرد و هاوکارانی دەربارەی ڕووداوە مێژووییەکان و بارودۆخی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لاپەڕەکانی ٨٣٥- ٨٣٦دا نوسیویانە: (بەهاری ١٩٦٤، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینی. لە سەرەتای دەیەکانی ١٩٦٠ دا زەمینەی کۆتاییهاتنی شەڕی سارد لەنێوان دوو زلهێزی ئەمریکا و سۆڤیەت بەدیهات. بە دوای "کەنەدی"دا بەرە بەرە دەستی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لەلایەن ئەمریکاوە کرایەوە و ئەوەش لەو سەردەمەدا گرنگیی زۆری بۆ شا هەبوو. ئەو وەک سیمایەکی پەسەند لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەمریکاوە وەرگیرا. لەو دەورەیەدا پێوەندی ئێران لەگەڵ سۆڤیەتیش ئاسایی بوو. دەکرێ گرنگترین خاڵی ئەو پێوەندییە لە زەمینەی ئابووریدا ببینین.

دوای چوونی شا بۆ سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٦٥دا، پێوەندیی ئەو دوو وڵاتە ئاسایی بۆوە و زەمینەی گرێبەستی بازرگانی و هاوکاریی لەنێوانیاندا پێکهات، دیارە لە سەردەمی کابینەی ئەمینی دا ناکۆکی لەنێوان ئێران و سۆڤیەتدا بەرز بۆوە، بەڵام دوای ڕوخانی دەوڵەتی ئەمینی و پەیدابوونی زەمینەی نێونەتەوەیی و چارەسەریی کێشەکان لەنێوان دوو زلهێزدا، بەرە بەرە وتووێژ لەنێوان سۆڤیەت و ئێران دەستی پێکرد و دەکرێ ساڵانی ٦٢-

١٩٦٣ بە ساڵانی گۆڕانی هەمەلایەنەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە ئێران و گەشەسەندنی بەپەلەی هاوکارییەکانی ئابووریی و فەننی و بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەت بێهەوتا بزانین.
لە ساڵی ١٩٦٦دا کۆی هاوردەکانی ئێران لە سۆڤیەت لە ٢٠ ملیۆن دۆلارەوە گەیشتە ٧٠ ملیۆن دۆلار. لە ژانویەی ١٩٦٦دا سۆڤیەت چەند پەیمانی لەگەڵ ئێران مۆر کرد، وەک: دروستکردنی کارگای تواندنەوەی ئاسن لە ئیسفەهان بە توانایی ٦٠٠ هەزار تەن و گەشەپێدانی تا ١٢٠٠ تەن "ئەم ژمارەیە هەڵەیە، ڕەنگە یەک ملیۆن ٢٠٠ هەزار تەن بێت- نوسەر"، کارگای ئوتۆمبێل سازی بە توانای ٣٠ هەزار تەن لە ئەراک. هەروەها ٦٥٠ ملیۆن دۆلاری بە قەرز دا بە ئێران کە هێڵی لولەی گازی لە ئەهوازەوە بۆ سۆڤیەت پێبکێشێت و بیناسازیی "هیدرۆلیک" بەسەر ڕوباری ئاراس بە ئەنجام بگەیەنێت. پێوەندی ئێران و ئەمریکاش لەو سەردەمەدا ڕووی لە گەشەسەندن بوو. گرنگترینی ئەو پێوەندییە لە بواری سەربازییدا بوو. ڕۆژی ١٩٦٣/٤/١٨ سەفیرانی ئێران لە واشنتۆن، لەندەن و مۆسکۆ پەیمانی دژبە تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمیان ئیمزا کرد و دواتر دەوڵەتی ئێران یاساکەی ئاراستەی مەجلیسی شورای میللی و مەجلیسی سەنا کرد. بەمجۆرە سەردەمێک لە پێوەندییەکان دەستی پێکرد کە بە سەردەمی دووری کردن لە شەڕ و توندوتیژی دەناسرێت و جێی سەردەمی شەڕی ساردی گرتەوە.)

ئەوانە بیروبۆچوونی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن سەبارەت بە دۆخی جیهان، هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێککەوتنە مێژوویییەکەی شا لەگەڵ عێراق و پەیمانە هاوبەشەکانیان. هەوڵی وڵاتانی میسر، سوریا و عێراق بۆ دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و هەڵوەشانەوەی ئەو پرۆژەیە و لە کۆتاییدا بەشوێن دوو ئامانجدا دەگەڕێن:
یەکەم: بە کەڵکوەرگرتن لە سیخوڕەکانیان لە باشووری کوردستان، ناکۆکی لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا پێکبێنن و ئەگەر کرا بۆ لەناو بردنی حکومەتی فیدراڵی کوردستان شەڕی براکوژی لەنێوانیاندا هەڵگیرسێنن.
دووەم: قین و تووڕەیی لەنێوان نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە کوردی باشور پێکبهێنن، ڕیزی نەتەوەی کورد لە دوو بەشی

ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان بشێوێنن و ڕێگەیان لێ بگرن و نەهێڵن بە نزیک بوونەوەیان سنوری دەستکردی نێوانیان تێک بدەن و سەرئەنجام بە چەواشە کردنی ڕووداوەکان خوێنەرانیان فریو بدەن. لەو بوارەدا لە لاپەڕەی ٨٤٨دا دەنوسن:

- (ساڵی ١٩٦٤، ساڵێکی ئاڵۆز و پڕلە ئاژاوە بوو. لە کوردستانیش ئاڵوگۆڕی زۆر پێکهات. پێوەندی نێوان کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بارزانی و هەڵسوکەوتی ساردی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ کوردەکان سەرمای زستانی دووقات کردبوو کە هەندێک جار نائومێدی و دڵەڕاوکێ بەدوادا دەهات. کەس نەیدەزانی بارزانی چۆن بڕیارێک دەدات. هەردوو لایەنی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بارزانی بەڕێوەبەری سیاسەتی شا و ساواک بوون و بە پشتیوانی ئەوان دژی حکومەتی ناوەندی دەستیان کردبوو بە شەڕی چەکدارانە.

بارزانی ڕێبەرێکی ئەفسانەیی لێ دروست ببوو، چونکە لە ساڵانی دورخراوەییدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، ڕەنگە بەهەڵەی تاکتیکی، سیمایەکی ئەفسانەییان لەو دروست کردبوو و شکانی ئەو "بتە" لە کۆمەڵگای سوننەتی و کۆن بیردا دور لە چاوەڕوانی بوو. بارزانی لە دورخراوەیدا ئیمتیازی ڕێبەرێکی بەدەستهێنابوو، بەڵام سەرەڕای ژیان لە ڕوسیا، سەرەدەری لە سیاسەتی مۆدێرن و دیپلۆماسی نوێ نەدەکرد...تد.)

بە پێچەوانەی بۆچوونی کۆماری ئیسلامی لەو دێڕانەی سەرودا، هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، زۆربەی مێژوونوسانی خاوەن ناوی جیهان، نەک جاش قەڵەمەکانی سەربە دەزگاکانی هەواڵگریی ئێران، ئەوە دەسەلمێنن کە بارزانی لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا کە بەرەنگار هێزەکانی ئینگلیز و عێراق بۆوە و دواتریش لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دوای هەرەسهێنانی کۆمار، زەبری قورسی لە سوپا و جاشەکانی ئێراندا و سەرئەنجام پەڕینەوەی لە ڕوباری ئاراس بە ٥٠٠ پێشمەرگەوە، بە نێوان دەیان هەزار سەربازی پڕچەکی سوپای عێراق، ئێران و تورکیا بە تانک و تۆپ، بارزانی نازناوی ڕێبەری ئەفسانەیی وەرگرت. لە گەڕانەوەشیدا بۆ عێراق بە هەمان پلە و هەمان ڕێبەر و دیپلۆماتکاری قاڵبوو، بەهەر وڵاتێکدا تێدەپەڕی، ڕێبەرانی ئەو وڵاتانە

پێشوازیان لێ دەکرد. لەو سەردەمەدا کە بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق، زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی گەنج و لە سیاسەتدا کەمئەزموون بوون. هەموومان دەزانین کە ئەو بەشە بە خۆهەڵواسین بە بارزانی بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات. بە گوێرەی بەڵگەنامەی نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ کە لە لابەلای نوسینەکەیان دەردەکەوێت، ئەو تاقمە لە چوارچێوەی ویست و داخوازی شا و ساواکدا هەوڵی بەلاوە نانی بارزانیان لە شۆڕشی ئەیلول دا، بەڵام خۆیان توشی ئەو چارەنوسە بوون و بەلاوە نران.

قانعی فەرد یان نوسەرانی تری کتێبی دوای ٦٠ ساڵ بۆ گەیشتنیان بە ئامانجی دیارییکراو لە لاپەڕەی ٨٥٠دا دەنوسن: **(ڕێککەوتنی بارزانی و حکومەت ئاگری دووبەرەکی و توڕەیی و کینەی لەنێو حیزبدا هەڵگیرساند و شەڕی ناوخۆیی پێکهێنا)** و لە لاپەڕەی ٨٦٠دا دەنوسن:

**- (گروپێک پیاوماقوڵی هەندێک سەربەخۆ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەدیان دا و هەرکامەیان بەگوێرەی بیروبۆچوونی خۆیان ڕێگەچارەیەکی جیاوازیان خستەڕو، بەڵام ئاگری کینە لەنێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەددا بەو ئاسانییە چارەسەر نەدەبوو. ڕەنگە ئەگەر ئەو دورکەوتنەوەیە نەبووایە، کینەکەش دەوامی نەدەبوو و ئەنجامەکەی بەوە نەدەگەیشت کە ساڵی ١٩٩٥ هەزران کوردی تێدا بکوژرێت و تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بۆ شەڕی دەسەڵات لە ڕووبەڕووی یەکتردا بوەستن. جیابوونەوەی ساڵی ١٩٦٤ و ناکۆکیەکانی ١٩٦٦ وەک کوانێکی پڕلە کێمی لێهات کە بە دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ، لە ساڵی ١٩٩٥دا سەرلەنوێ سەریهەڵدایەوە و ئەو کێشەیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و هەرگیز بە شێوەیەکی بنەرەتی و دروست چارە نەکرا.)**

ئەوانەی کە ئەمڕۆ بۆ کوژراوەکانی شەڕی براکوژیی باشوری کوردستان فرمێسکی تیمساح هەڵدەڕێژن، دەیانەوێ لەبیر خۆیانی بەرنەوە کە لایەنی چالاک لەو شەڕانەدا سوپای پاسدارانی تاوانباری کۆماری ئیسلامی بوو! ڤیروسی کۆماری ئیسلامی بوو کە کوانی پڕلە کێمی

ناکۆکییەکانی لەوێ لێ دروست بوو و هەتا ێستاش هەڕەشەی ئەو میکرۆبە هەڕەشە لە ئاسایشی خەڵکی ناوچەکە دەکات و بە کۆتا نەهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی باشوری کوردستان هێشتا تاوانەکانی سوپای قودسی سەربە سوپای پاسدارانیان لەبیر نەکردوە و ئەو کێمانەش بەشێکن لە زیانەکانی ئەو میکرۆبە!

داڕێژەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ باس لە ئامانجی دووەمی خۆیان دەکەن و لە لاپەڕەی ٨٦٧دا دەنوسن: **(بارزانی، قاسملووی خۆش نەدەویست و پێیدەگوت جەماعەتی "هەگبە بەدەست" و گاڵتەی پێدەکرد. دواتر بە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران، ئیدریس بارزانی قیادەی موەقەتی دامەزراند. ناکۆکی قاسملوو دواتر لەگەڵ کوڕەکانی بارزانی لەوانە ئیدریس بەردەوام بوو. مەسعود بارزانی لە مانگی مای ١٩٧٩، بە دوای دیداری لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی، ڕەجایی، خامنەیی و ڕەفسنجانی پەیمانی لەگەڵ چەمران بەست کە لە بەرامبەر پشتیوانی کردنی ئێران، بەڵێنیدا بە ناوی قیادەی موەقەت دژایەتی حیزبی دیموکرات بە ڕێبەرایەتی قاسملوو بکات. شەڕی توند لە پاوە، لە مهاباد و لە شنۆ لە مانگەکانی ئاگۆستی و سپتێمبەری ١٩٧٩دا قاسملووی ناچار کرد کە کوڕانی بارزانی بە جاش و خۆفرۆشی حکومەت بناسێنێت. مەلا مستەفا لە مارسی ١٩٧٩دا کۆچی دوایی کرد و دواتر کەسانێکی سەربە حیزبی دیموکراتی کوردستان گۆڕەکەیان دایەوە و...)**

لە دێڕ دێڕی ئەو نوسراوانەدا، ئاژاوەگێڕیی دەزگاکانی هەواڵگری ڕژێمی ئێران بە ڕوونی دەبیندرێت. ئەوان دەیانەوێ بە نەوەی نوێی کورد لە کوردستانی ژێردەسەڵاتیان بڵێن کە لە هەمان ڕۆژانی سەرەتای شۆڕش لە ئێراندا کە هێشتا خومەینی جەلاد دەمامکی لە ڕووی خۆی نەکردبوۆوە، مەسعود بارزانی بەڵێنی هاوکاریی بە خومەینی داوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) لەناو بەرێت. ئەو تاوانبارانە هەوڵدەدەن شەڕەکانی نەغەدە، مهاباد و پاوە کە سوپای پاسدران و کۆمیتەچییەکانی لایەنگری خومەینی بەڕێوەیان برد، بە هێزەکانی پارتی دیموکرات و

مەسعود بارزانییەوە بلکێنن. لە حاڵێکدا هەموومان فەرمانی خەزای خومەینیمان لەبیرە کە چۆن کوردی بە کافر ناساند و گوتی:

**- (بە زەوی و دەریا و ئاسماندا هێرش بکەنەوە سەر پاوە)**

بەڵام کاتێک لە شەڕێکی قورس و سەرتاسەریی سێ مانگەدا نەیتوانی نەتەوەی کورد بشکێنێت، ڕیاکارانە بە دەرکردنی فەرمانێکی شەش خاڵە، نەتەوەی کورد بە خەڵکێکی ستەملێکراو ناساند و داوای وتوویژی لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کردستان کرد کە سەرلەنوێ هێزە شکاوەکانی خۆی ڕێکبخاتەوە.

لکاندنی بێحورمەتی کردن بەتەرمی بارزانی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، تۆهمەتێکە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی یەکەمەوە و بەمەبەستی هەڵایساندنی شەڕ لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان سازی کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان دوای لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام، سەرئەنجام بەوئاکامە گەیشت دوژمن دەستی هەبووە لە دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیدا لەم بارەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کتێبی مێژووی پارتی دیموکرات بە وێنە دەنوسێت:

**- (٣٠ حوزیران ١ تەمووز: بێ حورمەتیکردن بە تەرمی مەلا مستەفا بارزانیی لە شاری شنۆ لە لایەن موخابەراتی وڵاتانی ناوچەوە، بە مەبەستی ئاژاوە گێڕان لە ڕیزەکانی وڵاتپارێزانی کورد.[١٥])**

بۆ زانیاری خوێنەران، کاکلی حەمە ئاغای کە جاشێکی بەناوبانگی ڕژێمی بەعسی عێراق بوو، لە جاشێتییەوە کرابوو بە ئەفسەر لە سوپای عێراقدا و دواتر پۆستی پارێزگاری سلێمانی پێبەخشرابوو، فەرماندەی عەمەلیاتی دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیی بوو. کاکلی حەمە ئاغای تاوانبار و پارێزگاری سلێمانی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە باشوری کوردستان، بە دەستی بەتوانای خەڵکی بەشەرەفی سلێمانی کوژرا و تۆڵەی لێ سەندرایەوە.[١٦]

دەربارەی پێوەندی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سروشتییە کە لە ڕەوتی هاوکارییە دوو لایەنەکەیاندا، هەندێک جاریش ناکۆکی سەریهەڵداوە. هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانیش بوونی سنوری دەستکرد و پێداویستییەکانی بزوتنەوە لە بەشە جیاوازەکاندا بووە کە بەپێچەوانەی ویستی بارزانی و گەلی کورد و ڕێبەرانی ڕێکخراوەکان، هەندێک جار کێشەیان لێ دروست بووە، بەڵام هەرگیز کێشەکان ڕیشەدار نەبوون.

بۆ نمونە کاتێک ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ ساواک ئاشکرابوون. نزیکەی ١٢٠ ئەندامی سەرکردایەتی و کادیرانی حیزبی دیموکرات گیران و بەشێکیشیان بە ناچاریی ڕوویان لە باشوری کوردستان کرد. عەبدوڵڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"، سلێمان موعینی "فایق" و قادر حەق تەڵەب "قادر شەریف" لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی سەرۆک مستەفا بارزانیدا، ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتیان بوژاندەوە و ڕۆژی ١٩٦٤/١١/١٩ بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق کۆنگرەی دووەمی حیزبیان پێکهێنا. بۆجاری دووەم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هۆی ناکۆکیی ئەندامانییەوە توشی سەرلێشێواویی بوو، دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، ئەمیر قازی، مامۆستا هێمن، کەریم حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، مەلا حەسەن ڕەستگار، یوسف ڕیزوانی و مەلا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەمیر قازی و دوکتۆر حەسەن شەتەوی بە هاوکاریی پارتی دیموکرات و شەخسی مستەفا بارزانیی، دووبارە حیزبی دیموکراتیان بوژاندەوە. هەروەها سەرۆک بارزانیی لە بواری ئابووریدا، مانگانەی بۆ حیزبی دیموکرات بڕیبۆوە و تەنانەت کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕیش، تا ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ دا، حیزبی دیموکرات بۆ دابینکردنی خەرجیی بنکەی پێشمەرگەکانی لە "هیران و نازەنین" و دواتر لە بناری قەندیل لە گوندی "ئاشقوڵکە"، یارمەتی ئابووریی لە پارتی دیموکرات وەردەگرت.(١٧)

کێشەی پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکرات بە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، لەسەر دوو خاڵ سەریهەڵدا. یەکەمیان گونجاندنی ماددەی هەشت لە دەقی داواکارییەکی حەوت ماددەیی بە لیژنەی نوێنەرایەتی دەوڵەتی

ئەنـدازيار مەهـدی بازرگـان لـە مهابـاد، لەلايەن دوكتـۆر قاسملوو، غەنـی بلوريـان، سـەلاحەدين موهتـدی، شـێخ عيـزەدين حوسـێنی و فوئـاد مسـتەفا سوڵتانی، وەک پێشنيازێک بۆ ئارام ڕاگرتنی كوردستان. ئەو داخوازنامەيە حەوت ڕۆژ دوای سـەركەوتنی شۆڕشـی ١٩٧٩ لـە ئێـران، ئاراسـتەی داريـوش فروهەر سەرۆكی ليژنـەی دەوڵـەت كرا. ئەو داخوازنامەيە حەوت مـادە بـوو، لـە كـاتی كۆبـوونەوەكەدا بـە پێـداگريی سـەلاحەدين موهتـدی، مـاددەی هەشـتيان بـە حـەوت مـاددە پێشـنياز كـراوەكە زيـاد كـرد. مەبەسـت لـەو مـادەيە، داخـوازی دەركردنـی بنەمـاڵەی بـارزانی و ڕێبەرانـی پـارتی ديموكراتی كوردستان بوو لە ئێران.

مەسەلەی دووەم ڕێگەنەدانی حيزبی ديموكرات بـوو بـە پارتی ديمـوكرات كە لـە سـنورەكانی دەسـتكردەوە ئـاوديوی باشـوری كوردسـتان بێـت. گەڕانـەوەی پـارتی ديمـوكرات بـۆ باشـوری كوردسـتان پێوەنـديی بـە ژيـانی سياسيی دوای ڕۆژی پارتی ديمـوكراتەوە هەبـوو. ئەو دوو مەسـەلەيە هـۆی هەڵگيرسـانی شـەڕی لەنێـوان پـارتی ديمـوكرات و حيزبـی ديموكراتـدا پێكهێنا. لەم بارەيەوە جەليل گادانی دەڵێت:

**- (با وەبير بێنينەوە كـە بەداخەوە مـاوەيەک پێش ئـەو شـەڕە، ڕۆژێـک سـەيـد ڕسـوڵ دێهقـان "بـابی گەورە" ئـەنـدامی كۆميتـەی نـاوەنـدی و فەرماندەی ئەو كاتـەی هێـزی ئـاوارە، چـووەتـە دەفتـەری سياسـی حيـزب، لەگەڵ دكتـور قاسملوو و جـەليل گـادانی دانيشـتووە و وتوويـەتـی حـەسۆ ميرخان دەڵێت حەز دەكەين ميحوەری پيرانشار و سەردەشتمان بـۆ چـوڵ بكـەن و ئێمـە بێينـە نـاوی، ئـەگـەر چۆڵيشـی نـەكـەن، ئێمـە بـە زۆر دەيگرين!(١٨))**

لـە كـۆی نوسراوەكانی ئـەم فەسڵـەی كتێبـی دوای ٦٠ ساڵدا، قـانعی فەرد يان نوسەرانی ناديارى كتێبەكە، بە پێش و پاشكردنی مێژووی ڕووداوەكـان و كەڵكـوەرگرتنی نـابەجێ لە وتەكـانی مـام جەلال و هەنـدێک جـار بـە گـۆڕينی وشـەكان و دانـانی وشـەيەكی غەڵەت لە ڕەستەيەكدا، سيمايەكی ڕۆشنبيرانـەيان بە ڕكەبەرەكـانی شـۆڕش و بـارزانی داوە و بـە پێچـەوانـەش بارزانيـان بـە كەسێكی تيرۆريسـت ناسـاندوە. ئەوان لە دەقـی كتێبـەكەدا ئاماژە بۆ وتـووێژی حكومـەتی عەبدولسـەلام عـارف لەگەڵ شـۆڕش دەكەن و

بە گوێرەی دەقی نوسراوەکانیان، وتووێژەکان بە دیاردەیەکی سەرلێشێواو ناو دەبەن. لەم بارەیەوە نوسەرانی کتێبەکە خۆیان لە لاپەڕەی ٩١٠دا دەڵێن:

**- (هەرکە دەوڵەتی عێراق بە کێشەی نێوان کوردەکانی زانی، لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆوە و پەنای بۆ هێزی سەربازیی بردەوە. گەلێک کابینەی جیاواز لە عێراق پێکهات و چونکە دەسەڵات بەدەست سوپاوە بوو، هیچکامیان نەیانتوانی هەنگاوی دروست هەڵگرن و کێشەی کورد چارەسەر بکەن. دەوڵەتی عێراقیش هەرگیز ئامادە نەبوو دان بەو مافەی کوردان بنێ.)**

بەڵام هەروەکو نوسەر یان نوسەرانی کتێبەکە دەڵێن هێزێک کە لە بەرامبەریاندا ڕاوەستابوو، هێزی پێشمەرگەی کورد بوو. ئەو هێزەی بارزانی ڕێکخەر و ڕێبەری بوو، نەک ئیبراهیم ئەحمەد کە جگە لە ساڵی یەکەمی شۆڕشی ئەیلول کاتەکانی تر، ڕووی لە تاران و بەغدا بوو.

نوسەرانی دوای ٦٠ ساڵ خۆیان دەڵێن بارزانی ڕاکردوەکانی بەخشی و دەرەتانی پێدان کە لە هەمەدانەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان بەو ئومێدە کە توانا و زانیاریی خۆیان بۆ خزمەت بە شۆڕش بەکار بێنن، بەڵام دوای گەڕانەوەیان لە سەرەتای ١٩٦٦دا پاڵیان بە حکومەتی ناوەندییەوەدا و گەڕانەوە لای ڕژێم و شان بە شانی ئەوان دژی پێشمەرگە شەڕیان کرد.

بە وتەی نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، ڕژێمی شا بەرگریی لە هەردوو کوتلەی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد دەکرد. بوونی دوو کوتلە لە شۆڕشی کوردستاندا گرنگایەتی بۆ دوژمنانی کورد هەیە. چونکە هەلیان بۆ دەرەخسێنێت لە بەرامبەر لەبەرچاو نەگرتنی مافەکانی کورد بیانوو بهێنەوە. سروشتییە کە هیچکام لە ڕژێمەکانی شا و کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باشوری کوردستان و بە ئەرێنی ناسینی مافی نەتەوەیی کورد نین. ئەوان باش دەزانن بچووکترین سەرکەوتنی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا، کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر بەشەکانی تری کوردستان. لەو ڕوانگەیەوە بە بەردەوامی تێدەکۆشن کە زیان بە یەکڕیزیی کوردان بگەیەنن و دەیانەوێ کوتلەی جیاواز لە بزوتنەوەی کورددا دروست بێت و لەو ڕێگایەوە ناکۆکی و

دوژمنایەتی لەنێو هێزە کوردییەکاندا پێک بێنن. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەزمونی باشیان لەو یارییە سیاسییە و مانۆڕ کردنەدا هەیە و لەوەش ناترسن کە بە دژی نەتەوەی کورد پێکەوە هاوکاریی یەکتر بکەن. سەرنج بدەن بە ئەرشیفی ئەمنیەتی ئێران سەبارەت بە هەوڵی عەبدولڕەزاق بەزاز سەرۆک وەزیرانی سەردەمی عەبدولسەلام عارف کە لە لاپەڕەی ٩١٠ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا نوسراوە:

**- (... لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥دا، بەزاز نامەیەکی بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران نارد و داوای لێکرد لە شەڕ بە دژی کورداندا هاوکاریان بکات...)**

دواتر ئاماژە بۆ وێرانییەکانی شەڕ لە کوردستان و هەوڵی ڕوسیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە لایەنی دیموکراتی دەکەن و دەنوسن:

**- (... سوپای عێراق ڕەوانەی شیمالی کرا و بارزانی لە دیدی خۆیەوە و ڕەنگە بە پێشنیازی ساواکی ئێران، جگەلە شەڕ ڕێگە چارەیەکی تری نەبوو...)**

ئەوانە هەوڵدەدەن بڵێن بارزانی کەسێکی بەستراوە بووە، لە کاتێکدا هەمــوو بەڵگەنامە مێژووییەکان و ڕاپۆرتی هەواڵنێر و ڕۆژنامەنوسە ناسراوەکانی جیهان دەیسەلمێنن کە کوردەکان تەنیا بەرگرییان لە خۆیان کردوە و بە سەرۆکایەتی بارزانی ناچاربوون لە هێرشەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان، بەرگری لە خۆیان و نیشتمانەکەیان بکەن.

ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٣ کە هێلیکۆپتەری عەبدولسەلام عارف لە ئاسمان کەوتەخوار و کوژرا، ژەنەڕاڵ عەبدولرەحمان عارفی برای جێی گرتەوە. هەر ئەو ڕۆژە بارزانی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە بۆ ماوەی مانگێک ئاگربەسی ڕاگەیاند و شەڕی وەستاند کە حکومەتی نوێ ڕێگەی وتووێژ بگرێتەبەر.

ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٧ عەبدولڕەزاق بەزاز پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراقی وەرگرت و عارف پەیامێکی ڕادیۆیی ڕاگەیاند. ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٩ ڕۆژنامەکانی وتەکانی عارفیان بڵاوکردەوە کە لە لاپەڕەی ٩١٧ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵیشدا ئاماژە بۆ وتەکانی عارف کراوە:

**- (نەتەوەی کورد لە عێراق ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، حکومەت ئامادەیە مافی کوردان لە چوارچێوەی عێراقدا ڕابگەیەنێت. کوردەکان خوازیارن ژیانێکی هاوبەشیان لەگەڵ برا عەرەبەکان هەبێت. تەنیا کوردێک بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم و نیشتمان فرۆشە کە دەیەوێت کوردستان لە عێراق جودا بکاتەوە کە ئەویش جگەلە بارزانی کەسێکی تر نییە. هەتا ئەو ڕێبەری کوردان بێت، کێشەی کورد بە ئارامی و دیموکراتی چارەسەر ناکرێت.)**

دواتر نوسەرانی کتێبی دوای ٦٠ساڵ، لە لاپەڕەی ٩١٨دا دەربارەی بەردەوامی شەڕ بەم جۆرە لە وتەکانی عارف دەدوێن: **(بە یارمەتی خودا، بەم زوانە کۆتایی بە ئاژاوەی کورد دێت. یاخییەکان پێیانوایە دەوڵەت بەو کۆمونیست و هێزانە چۆک دادەدات، شوکر بۆ خودا ئێمە زۆر بەهێزن و برا عەرەبەکانیشمان یارمەتیمان دەکەن. سوپایەکی قارەمانمان هەیە و تەنانەت دەتوانین شەڕێکی درێژخایەن بەڕیوە بەرین.)**

لە هەمان ڕۆژدا عەبدولعەزیز عەقیلی بە سەرۆکی سوپای عێراق دیاریکرا و پشتگیریی کرد لە بەڕێوچوونی هەرچی زیاتری توند و تیژی بە دژی کوردان.

عەبدولڕەحمان عارف کە لە لایەن ئێرانەوە پشتی دەگیرا، بە سەفەرێک چوو بۆ تورکیا و پشتیوانیی تەواوی تورکیاشی وەرگرت بۆ شەڕ کردنی بە دژی گەلی کورد، بەڵام هێزە مەدەنی ئاشتیخوازە دیموکراتەکانی لایەنگری ماڤی مرۆڤ لە جیهاندا دژی تاوانەکانی ڕژێمی عارف ڕاپەرین و بەرگرییان لە نەتەوەی کورد کرد. میسر سەرەڕای هەوڵی زۆری عارف ئامادە نەبوو بە هێزی سەربازی بەرگری لە عێراق بکات. لەبەر ئەوە، هەرچەندە عارف لە هەوڵەکەیدا بەردەوام بوو و بە وتەی خۆی دەیویست بە هێزی سەربازی کۆتایی بە "ئاژاوەی شیماڵ" بێنێت، تاکتیکی سیاسیشی گرتەبەر. بەهۆی عەبدولڕەزاق بەزازەوە هێزێکی زۆری لە دەرەبەگ و جاشەکان لە دەوری خۆی کۆکردەوە، ڕۆژی ١٩٦٦/٤/٢٣ چاوی بە حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا کەوت و هەروەکوو لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵیشدا ئاماژەی بۆ کراوە، ڕۆژی ١٩٦٦/٤/٢٨ عارف گوتی:

**(ڕژێم هیچ چەشنە مافێکی خودموختاری بە کوردان نادات.)**

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١ عەقیلـــی شـــەڕی دەســـتی پێکـــردەوە. لەو شـــەڕەدا پێشـمەرگەکان زەبـری قورسـیان لـە دوژمنـدا و سـەرەڕای کوشـتنی ٣٠٠٠ سـەرباز لـە تیپـی شەشـەمی عێـراق، ژمـارەیەک تانـک و زرێپۆش و تـۆپ و فڕۆکەشیان شکاند. لەم بارەیەوە، ڕێنێ ماورێس Rene Mauries نوسی:

- (سـەربازە عێراقییەکـان بە بەردەوامـی دەڵێن "قیامەتە" و "دۆزەخە". کوردەکان دەستکەوتێکی زۆریان بەدەست خست و ٨ تۆپی قورسیان گرت، بەڵام سـەدان پێشـمەرگە کـوژران و بەدیـل گیـران. ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٢٩ ڕێبەرانی کورد و عێراق لەسەر ئاگربەس بەیەک گەیشتن.

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/٢٥ لە نـاوچەی بتـوێن ٧٣ کـورد کـوژران کە زۆربەیـان ئافرەت بوون. کوردەکانیش هێڵی نەوتـی کەرکوکیـان تەقانـدەوە. بەیـانی ڕۆژی دوایی هەواڵی تەقاندنەوەی هێڵی نەوتی کەرکوک لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی جیهانی پڕکردەوە. ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٥ زەید ئەحمەد عوسمان بـۆ جـاری دووەم لەلایەن بەزازەوە چـوو بـۆ کوردسـتان و لەو ڕۆژەدا تەلەڤزیۆنی عێراق ڕایگەیاند: "بەرنامەیەکی نوێمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە. کوردەکان نەتەوەیەکن و دەتوانن زمانی ڕەسمی و ئیداریی و خوێندنیان هەبێت و بەخشینی گشتی بەو کەسانە دەدرێت کە چەک دانێن." بەڵام ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٢٢ بە پێچەوانەوە گوتی: "کوردەکان یـاخی و ئـاژاوەگێڕن." ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٨ بـارزانی لەگەڵ گروپێـک لە حکومەت وتووێژی کرد و ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٩ بەزاز چاوی بە جەلال تاڵەبانی و حیلمی عەلـی شـەریف کەوت. هەروەهـا بەزاز لەگەڵ عەشیرەتەکانی زێباری، هەرکی و سورچی پێوەندی باشی هەبوو. ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٢٩ بەزاز پەیمانێکی ١٢ ماددەیی ڕاگەیاند کە بەشێکیان بریتی بوو لە: بەخشینی گشتیی هەموو خەباتکارانی کورد، بەڕەسمی ناسینی فەرهەنگی کوردی، دابینکردنی ئوتۆنۆمی سیاسی بۆ کوردستان، بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی ئیداری "عدم تمرکز"، بەشدارکردنی نوێنەرانی کورد لە کابینەی حکومەت، پۆستە باڵاکانی سوپا و ئیدارەکان و سپاردنی ئەمنیەتی کوردستان بە ئەفسەرانی کورد.)

ژمـارەیەک لە ئەفسـەرانی بـاڵای سـوپای عێـراق ئەو ڕێککەوتـنە ١٢ خاڵەیان وەک کڕنۆش کردن لە بەرامبەر کورداندا هەڵسەنگاند و بەزازیان بە هۆی ڕاوێژ نەکردن لەگەڵ سوپا تاوانبار کرد.

ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٣٠، ٣٦ فـڕۆکەوان لـە موسـڵ بە ڕێبەرایەتـی ژەنەڕاڵـی فـڕۆکەوان عـارف عەبـدولڕەزاق دژی عـارفی دووەم و بـەزاز کودەتایـان کـرد کە سـەرنەکەوتن. ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٣ بـەزاز چـوو بـۆ تورکیـا. شـای ئێـران لـەو سـەردەمەدا پتـرلە سیاسـەتی پـان عەرەبیسـم دەترسـا تـا درێژەکێشـانی کێشـەی کـوردان. جەمـال عەبدولناسـریش شـای ئێرانـی بە دەستێوەردانی عێـراق تاوانبـار دەکـرد. بـەزاز کە بەهـۆی پەیمانـە ١٢ ماددەییەکەی خـۆی بە فریشـتەی ئاشـتی عێـراق دەزانـی ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٢٧ چـوو بـۆ ڕوسـیا تـا سـەبارەت بە چـۆنیەتی پشـتیوانیکردنی چەک و تەقەمەنـی و سـەربازی گفتوگۆیان لـەگەڵ بکات.

ڕۆژی ١٩٦٦/١٠/٢٦ عارف چوو بۆ کوردسـتان کە بـاس لـە برایەتـی کـورد و عـەرەب بکـات، بارزانـی ئۆمێدی خۆی بۆ ئاشـتی و ئاوەدانـی عێـراق دەربـڕی. ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٥ پـارتی دیمـوکرات بە سـەرۆکایەتی بـارزانی کـۆنگرەی حەوتەمی پیکهێنا و گۆنگرە ڕەزامەندی خۆی بۆ پەیمانە ١٢ ماددەییەکەی بەزاز دەربـڕی. هەرچەنـدە لـە ناوەڕۆکدا خودموختـاری بـۆ کوردسـتان تێـدا نەبـوو، بەڵام پـارتی دیمـوکرات خوازیـاری ئاشـتی و ئـارامی بـوو. ڕۆژی ١٩٦٦/١١/٢٨ بارزانی داوای پیادەکردنی کرد. لـەوکاتـەدا یەکێتـی سۆڤیەت ٢٠ ملیۆن مارک بودجەی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستانی عێراق دانـا. لـە درێژەدا لـە لاپەڕەی ٩١٩دا دەنوسێت: گروپی تاڵـەبانی و ئیبراهیم ئـەحمەد کە لـە سـاڵی ١٩٦٦وە لـە بـەغدا نزیـک ببوونـەوە، بارزانییـان ناچـارکرد لـە کـۆنگرەی ٧ ی پارتیـدا بـۆ بەربەرەکـانی لـە بەرامبـەر هێزێکـی ٥٠ هەزار کەسیی عێراقدا، ئامادە بێت چەکەمەنییەکی زۆر لـە ئێران قەبووڵ بکات.

کـۆنگرەی حەوتەمـی پـارتی دیمـوکرات ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٥ بە بەشـداری ٣٧٠ نوێنـەر لـە گەڵاڵـە پێکهات و ٦ ڕۆژی خایاند. لـە سەرەتای کۆنگرەکەدا، بـارزانی وتـارێکی زۆر گرنگـی ئاراسـتەی نـوێنەرانی کـۆنگرەی و نـەتەوەی کورد کرد. لـە وتارەکەیدا گوتی:

**- (هـیچ سـەروەرییەک بەبـێ قیـادەی حێزبێکـی مـونەزەم نـاجح نـابێ. ئـەگەر دڵـی میللـەت لـەگەڵمـان بـێ دوژمـن هـەزارجـار قـووەتـی زیـاتر بـی، ناتوانێ بمانشکێنێ، ئـەگەر میللـەت لـەگەڵمان نـەبێ وەڵاهـی بـە ئێوە بڵێم**

هەزار دەفعە لە ئێستا بە قووەتتر بین، دەشکێین و ناتوانین نەجاحەت وەربگرین.) لە درێژەی وتارەکەیدا بارزانی گوتی:

- (ئێمە ئەبێ وەزیفەی خۆمان زۆرباش بزانین، ئەگەر هەموو مەسئولێکی شۆڕش بۆ مەسڵەحەتی شۆڕش کارنەکا و ئیهمال لە وەزایفی خۆی بکا ئێمە خۆمان ئەبین بە دوژمنی خۆمان و خزمەت ئەکەین بە دوژمنی میللەتەکەمان. ئێمە دەبێ تێ بگەین میللەت مەعنای چییە؟ ئیتفاق مەعنای چییە؟ کوردایەتی یان قەومییەت مەعنای چییە؟ ئەو مەسئوولەی کە بۆ مەرامی شەخسی واز لە مەسڵەحەتی سەرەوە بێنێ، یان بۆ کیسەی خۆی بۆ ئیستیفادەی پارە یان بۆ تەفاخۆرێکی بەدەم محاوەلە بکا، یان ئیتاعەتی ئەوامر نەکا و لە نیزام دەرچێ، ئەو کەسە نە کوردە و نە خزمەت بە سەورە دەکات.) لە بەشێکی تردا گوتی:

- (ئەو کەسەی کارێکی بەدەستە و لە چەند کەسێک مەسئولە لازمە لە ژێردەستەکانی خۆی زیاتر ئەزیەت بکێشێ، ئەگەر یەکێک لە جەماعەتەکەی برسییە، ئەبێ نانی خۆی بدا بەو و خۆی برسیەتی قەبووڵ بکا، چونکە ئەبێ گەورە تەحەمولی لە بچوک زیاتر بێ، ئەگەر من ناوی خۆم بنێم گەورە و بۆخۆم تێربم و بچوکتر لەبەر چاوی من برسی بێ، من زۆر بە عارێکی گەورەی ئەزانم. بەڵام ئەگەر خۆم لە برسان بمرم و فەقیرێک لە برسان خەلاس کەم، پێم شەرەفێکی زۆر گەورەیە.) لە درێژەی وتارەکەیدا گوتی:

- (من ئەگەر ئەنانییەت و تەکەبور و حەسادەتم لە موقابیل میللەتی خۆمدا هەبێ، چۆن دەتوانم خزمەتی بکەم؟ ئەگەر چیاش بین ئەڕوخێین، کۆمەکی من بە تۆ بۆ خۆمە و کۆمەکی تۆ بۆ من بۆ خۆتە، نابێ منەت لەسەر یەک و دوو بکەین، چونکە هەردووکمان بۆ میللەت و بۆخۆمان ئیش ئەکەین و کۆمەکی هەموومان بۆ میللەتە کە ئێمەش کوڕی ئەم میللەتەین و من و تۆ برای یەکین و خەڵکی وەتەنێکین و مەسیرمان بەیەکەوە مورتەبەتە.) لە بەشێکی تردا گوتی:

- (من هەروەک لە ساڵی چل و پێنج و لە ساڵی شێست و هەمیشە گوتومە ئێستەش ئەڵێم: ئێمە شەڕی عەرەب و کورد ناکەین، نەک هەر ئەڵێم شەڕی عەرەب ناکەم، شەڕی هیچ قەومییەتێک ناکەم، لەگەڵ هیچ میللەتێک لەسەر ناو، ئەمە زەردە، ئەمە سورە، ئەمە ڕەشە، ئەمە شینە،

ئەمە سپییە، شەڕ ناکەم، کورد و عەرەب برای یەکن و ئەتوانن زۆر بەتەبایی و برایەتی و خۆشی و ئاشتی بژین. بەڵێ عەرەب برا گەورە و ئێمەی برا گچکە، ئێمە ئەڵێین ئەوە عەدل و ئینساف نییە برای گچکە برسی و ڕووت بێ و نەتوانێ بخوێنێ بۆ خۆ فێری شتێکی بێ و نەتوانێ ڕەئی خۆ لە ئیدارەی ماڵی موشتەرەکی خۆیدا بەیان بکا و برای گەورە هەموو شتێک ماڵەکە بۆ خۆ ببات!! لازمە موراعاتی عەدالەت بکرێ، برای بچوک خۆ بە مەزلوم نەزانێ و غەدر و زوڵمی لێ نەیەتە کرن.) لە کۆتایی وتارەکەیدا بارزانی گوتی:

- (ئەبێ بزانین کە دنیا بۆ کەس نامێنێ و هەزار قەسری ئاڵتوونیشمان هەبێ بەجێی ئەهێڵین و ئەچینە ژێرخاک، خودا لە قورئانا فەرموویەتی: "منها خلقناکم و فیها نعیدکم و منها نخرجکم تارة اخری" تەنها شەرەف و ناموس و ئینسانییەت لە وجووی بەشەردا قیمەتی هەیە. پیاو لازمە لە خودا بترسێ، خزمەتی قەومی خۆی بکات بە سەداقەت و ئیخلاس، شان بداتە شانی یەک و دوو و دیفاع لە دژی زوڵم بکا، تابیعی عەدل و ئینساف و مساوات بێ لە بەینی عالەمدا.)

ئەو ئەندامانەی وەک عەلی عەبدوڵا و نوری شاوەیس و دەیانی تر کە ئامادە نەبوون لەگەڵ گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بچن چەک بۆ ڕژێمی بەعس هەڵکرن، بە دوای خۆبەدەستەوەدانی ئەو گروپە، گەڕانەوە لای پارتی و بارزانی و بەشدارییی کۆنگرەی حەوتەمیان کرد و عەلی عەبدوڵا و نوری شاوەیس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. لە کۆنگرەی حەوتەمدا سەبارەت بە گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە بەشی "تاقمی جیابووەوە" گوترا:

- (لە هەمەدان بوون دوو سێ جار هەوڵیاندا بەهۆی ئێران بێنەوە کوردستان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و دەرکران. لە ساڵی ١٩٦٥ بە بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕش گەڕانەوە کوردستان لێبووردنی سەرکردایەتی حیزب و شۆڕش دەرچوو. ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو کاریان پێ نەدرا و بە بڕیاری شۆڕش لە دۆڵەڕەقە دانران، کادیرەکانی تر و پێشمەرگە هەموویان وەرگیرانەوە و کاریان پێ درا. ئەم تاقمە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦ خۆیاندا بەدەستی عێراق و بوون بە دەستکردی ئەو حکومەتە و زیانی زۆریان بە شۆڕش گەیاند. لە بەشی "باری پارتی"دا گوترا: بەعس

پشتی بە تاقمەکە بەست و پرچەکی کردن و بارەگای بۆ کردنەوە. لە شارەکان خەڵکی سەربە پارتییان دەگرت و پاش ئازاردان ڕادەستی حکومەتیان دەکردن. [(١٩)]

لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا، ئاماژە بۆ عەباس ئارام وەزیری دەرەوەی ئێران لە سەردەمی عەبدولرەحمان عارف دا دەکات کە بە بانگهێشتی عەدنان پاچەچی وەزیری دەرەوەی عێراق، لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦٦ سەردانی عێراقی کرد و سەبارەت بە کێشە هاوبەشەکان گفتوگۆی لەگەڵ هاوتا عێراقییەکەی کرد. لە کۆتایی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ و دوا بەشی کتێبەکە، لە لاپەڕەی ٩٣٨دا دەنوسن:

**(حیزبی بەعس بە سەرۆکایەتی حەسەن ئەلبەکر لە مانگی تەموزی ١٩٦٧، دەسەڵاتی عێراقی گرتەدەست و تا ساڵی ١٩٧٩ لە حوکمدا مایەوە و لەو ساڵەدا سەدام حوسێن کە جێگری حەسەن ئەلبەکر بوو، پۆستی سەرۆکایەتی عێراقی وەرگرت.)**

---

١- چێشتی مجێور، لاپەڕەکانی ٤٤٢، عەبدولرەحمان شەڕەفکەندی "هەژار"، ئامادە کردن و سەرپەرشتی چاپ، خانی شەڕەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩٧.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤٤٢.

٣- خەباتنامە، محەمەد مەلا قادر، لاپەڕەی ٦٠-٦١، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

٤- عەزیز محەمەد سکرتێری پێشوی حیزبی شیوعی عێراق، لە وتوویژێکی تایبەت، هەولێر ٢٠١٢/٦/١٠.
٥- خەباتنامە، لاپەڕەی ٦٠-٦١.
٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦١- ٦٣.
٧- کوردەکان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی. حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران، وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی، حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٢٢٤، چاپی دووەم دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.
٨- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٤٥٢- ٤٥٣.
٩- بیرەوەری پێشمەرگەیەک، نوسینی سەید کاکە، لاپەڕەکانی ٣٥- ٣٦، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ئایاری ١٩٨٩، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٠.
١٠- عیسا پژمان لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا، پاریس ٢٠١٢/٧/١٥.
١١- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٣٦٩- ٣٧٠.
١٢- حەبیب محەمەد کەریم لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا، هەولێر ٢٠١٢/٥/١٥.
١٣- حەسەن ئەرفەع، هەمان سەرچاوە.
١٤- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٤٨٠- ٤٨١.
١٥- کتێبی مێژووی پارتی دیموکرات بە وێنە، ڕۆژژمێری ڕووداوەکانی کوردستان، لاپەڕەی ٥٩.
١٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، لاپەڕەی ٢٨٨، نوسینی حامید گەوهەری، چاپی K٢١، هەولێر ٢٠١١.
١٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٣١١.
١٨- ٥٠ ساڵ خەبات، نوسینی جەلیل گادانی، لاپەڕەی ٢٨٣.
١٩- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، لاپەڕەکانی ٢٢- ٣٣ و ٦٣- ٦٤.

# ڕای پسپۆڕان سەبارەت بە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ

# و

# کێشەکانی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان

# لە ڕەوتی شۆڕشی ئەیلول دا

## عەزیز محەمەد



عەزیز محەمەد ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی "بێرکۆت" لە ناوچەی هەولێر لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژار لەدایکبووە. کە چاوی کردوەتەوە دایکی بردویەتی قورئان بخوێنێت و دواتریش لە تەمەنی ١٢- ١٣ ساڵیدا بردویانەتە خوێندنگە و لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی دایانناوە و بەهۆی نەدارییەوە نەیتوانیوە زیاتر لە پۆلی شەشەمی سەرەتای بخوێنێت. لە ساڵی ١٩٤٢ و لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بۆتە ئەندامی حیزبی هیوا. کاتی ئەندام بوونی هەوڵدەدەن کە بە قورئان سوێندی بدەن، بەڵام ئەو لە جیاتی سوێند خواردن بە قورئان بە خەنجەرە و بە کوردستان سوێند دەخوات و دەڵێ: **(ئەگەر خەیانەتم کرد بەم خەنجەرە خوێنم حەڵاڵە)** کە لێی قەبووڵ دەکەن. دواتر لەژێر کاریگەرییەکانی دۆخی جیهانی، بەتایبەتی لە یەکێتی سۆڤیەت و سوپای سور بەرەو ڕێکخراوی کۆمەڵی میللەت "جمعیەتی شەعب" دەچێت. دوای ماوەیەک ڕێکخراوەکەیان دەچێتە ناو ڕێکخراوی یەکێتی تێکۆشین "وحدتولنزال". دواتر کە حیزبی "شۆڕش" پێکهات و جێی یەکێتی تێکۆشینی گرتەوە. عەزیز محەمەد چوەتە ناو شۆڕش. وەک خۆی دەڵێت:

**(شۆڕش و جەماعەتی ڕزگاری کە زۆربەیان سەربە حیزبی شۆڕش بوون لەگەڵ هەمزە عەبدوڵا کە بە ڕاسپاردەی مەلا مستەفا لە ئێران گەڕابۆوە و خەریکبوو لەبەر ڕۆشنایی و ئەزموونی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد پێکبێنێت، ڕێککەوتن و لە ساڵی ١٩٤٦ دا بەشداریان کرد لە بەرلە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتدا، بەڵام من بەرلەو ڕووداوە وەک بزانم لە زستانی ١٩٤٥-١٩٤٦دا، چووبوومە ڕیزی حیزبی شیوعی عێراقەوە.)**

ڕۆژی ١٩٤٨/٩/١٣ لە ماڵی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب شیوعی لەگەڵ دایکی کە کوردی باکوری کوردستان بووە و "مالیک سەیف" بەرپرسی حیزب، "جاسم مەحمود"، "یەهود سدیق"، بەهۆی خەیانەتی بەرپرسی حیزب دەگیرێ و بۆ ماوەی دە ساڵ لە زینداندا ڕایدەگرن. لەوێ بە خوێندنەوەی چەند کتێبی ئەدەبی هەوڵی خۆپەروەردە کردن دەدات و دواتریش لە نوسینی ڕۆژنامەیەکدا بەناوی "المجلە" کار دەکات. دوای ئازادبوونی لە زیندان، سەلام عەلی سکرتێری حیزب سەردانی دەکات و پێیڕادەگەیەنێ کە بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. دوای کودەتای بەعسییەکان لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، حیزبی شیوعی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی لە حیزب دەردەکات بەجۆرێک عەزیز محەمەد کە لە کەرکوک بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی بووە، بەتەنیا لە مەکتەبی سیاسیدا دەمێنێتەوە. لە مانگی ئابی ١٩٦٤، لە چیکۆسلاڤیا کۆدەبنەوە و بە سکرتێری گشتی حیزبی شیوعی هەڵیدەبژێرن و تا ساڵی ١٩٩٣ کە خۆی لەو پۆستە کێشایەوە، سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بوو. دوای وەرگرتنی پۆستی سکرتێری حیزب بۆ خولێکی پەروەردە ڕەوانەی مۆسکۆ دەکرێت کە پتر خۆی پەروەردە بکات. لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا لەلایەن حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەتەوە میداڵیای لێنین و دیمترۆڤ و میداڵیای دۆستایەتی لەنێوان میللەتەکان "سەداق بین شعوب"ی پێبەخشراوە. لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (من سکرتێری حیزب بووم و ئەو میدالانە بەناوی من بە حیزب دەراوە، هەرچەندە هەموو میداڵیای دنیا ناگاتە ئەوە کە مرۆڤ هەست بەوە بکات کە شتێکی بۆ میللەتی خۆی کردبێت، بۆیە من هەتا ئێستا لەهیچ موناسەبەیەکدا کەڵکم لەو میدالانە وەرنەگرتوە و کاتێک میداڵیای دۆستایەتی لەنێوان میللەتەکانیان دامێ، گوتم ئەگەر ئەم میداڵە بەمن بەخشرابایە، هەستم بە نەوعێک شەرمەزاری دەکرد، بەڵام ئەمە بە حیزبی شێوعی بەخشراوە.)**

لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: کاتێک بارزانی ساڵی ١٩٥٨ لە سۆڤیەت گەڕایەوە، نێوانتان لەگەڵ پارتی دیموکرات و بارزانی بە چ شێوەیەک بوو؟ گوتی:

وەڵام: (لە سەرەتادا زۆر باشبوو، بەڵام کێشەکەمان لەگەڵ پارتی، بارزانیشی گرتەوە، چونکە ئەو سەرۆکی ئەو حیزبە بوو، جگەلەوەش هەمزە عەبدوڵا، ساڵح حەیدەری، نژادی ئەحمەدی عەزیزئاغا کە دەبێتە خەزوری کچەکەم و خەسرەو تۆفیق و دوو سێ کەسی تر کە لە حیزبی شێوعی نزیکبوون، وابزانم ئەوکارەی کردیان باش نەبوو، ئەوە ڕەئی ئێستام نییە و هێ ئەوکاتەیە. داوای کۆنگرەیان کرد و مەلا مستەفا گوتی دەریان دەکەم و ئەوکارەشی کرد. ئێمە چ لە هەمزە عەبدوڵا بکەین کە سکرتێری پارتی دیموکرات بوو، بیبەینە کۆمیتەی ناوەندی، نابێت، بیکەین بە ئەندامێک، نابێت، هەیئەتێکمان لێ پێکهێنان و ناومان لێنان "مەکتەبی مەرکەزی بۆ شئونی کوردی" و جار جارە من و جەمال حەیدەری لەگەڵیان کۆدەبووینەوە. دیارە من ڕێزێکی زۆرم بۆ مامۆستا هەمز عەبدوڵا هەبوو. بە ڕاستی کام حیزبی شیوعی ئەو پێوەندییەی بۆ پێکدێ لەگەڵ حیزبێکی تر کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی لایەنگری بێت؟ ئەوان دەبووایە ئەو پێوەندیە وەک گلێنەی چاو بپارێزن، بەداخەوە دۆستایەتی پارتی دیموکراتیش کەوتە مەترسی و تاوانی ئەوەمان لێدرا کە ئێمە لە پشت هەڵوێستی ئەوانەین کە دژی کۆنگرەکە بن، لە ڕاستیدا تەسەوڕ ناکەم لەلایەن برادەرانی ئێمەوە ئەوە ڕوویدابێت، ئەگەر ئەوەمان کردبێت هەڵە بووە و نەدەبووایە ئەوە بکەین.)

پرسیار: بەرلەوەی کە ئێوە بۆ پۆستی سکرتێری حیزبی شیوعی هەڵبژێردرێن، حیزبی ئێوە، پارتی دیموکراتی وەک حیزبی ناسیونالیست دەبینی و بە بەردەوامی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد لە کێشەدا بوو، بەڵام کاتێک عەزیز محەمەد بوو بە سکرتێری حیزب، حیزبی شیوعی نزیکایەتی زۆری لە پارتی دیموکرات و حیزبە کوردییەکان کرد، بۆچی؟

وەڵام: (من هەمیشە گوتومە هەموو حیزبێک لایەنی باش و شۆڕشگێڕی تێدایە، بەتایبەتی حیزبی شیوعی لە بوارەکانی مەدەنی و پیشەیی و چارەسەرکردنی کێشەی قەومی، ئەوە بوو کە من زۆرجار یەخەی کیانوری و ئەوانی تری حیزبی تودەم دەگرت و دەمگوت دەبێ بەرنامەیەکتان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ئێراندا هەبێت و ئەگەر بەرنامەیەکی

بەم جۆرەتان نەبێ لە شیوعیەتی ئەو حیزبە کەم دەبێتەوە، چونکە لە وڵاتێکی فرە قەومیدا کار دەکەن. لە وڵاتێکدا کە کورد هەیە، چۆن دەبێ لە بەرامبەر کورددا بێ بەرنامە بن. دیارە سەلام عادل، جەمال حەیدەر لەو بابەتانە زۆر لەمن نزیکتر بوون. من لە کۆبوونەوەکانی حیزبی و لە دانیشتن لەگەڵ حیزبە شیوعییەکانی ناوچەکەش ئەو هەڵوێستەم هەبوو کە کار بۆ کورد بکەن. ڕەنگە تێگەیشتن لە کێشەی کورد ڕوحەن ئەو واجبەی خستبێتە سەرشانی من، یان شتێکی زاتییە. لێت ناشارمەوە کاتێک من لەگەڵ مەلا مستەفاش دادەنیشتم، خەڵک دەیانپرسی: ئێوە چ پێوەندییەکتان بەیەکەوە هەبووە، بە ڕاستی ئەمن وەکوو برابچووک قسەم لەگەڵ دەکرد. تەفسیریشم بۆ ئەوە چییە، تەفسیرم ئەوەیە ئەو قسەیەی لە مێشکی مندایە، ئەهمیەتەکەی ئەوە نییە کە من بیڵێم، ئەهمیەتەکەی ئەوەیە کە مەلا مستەفا بیڵێ. ناشبێ من هەموو ڕۆژی بڵێم من وام گوت و وام گوت، ئەویش ڕۆژێک دەگاتەوە مەلا مستەفا و ئەویش دڵی نیگەران دەبێت، بۆ؟ تۆ هەدەفەکەت ئەوەیە کە شتەکەت جێبەجێ بێ و ئەگەر شتێکیشت هەبێ، لەو چوارچێوەیەدا قسەم لەگەڵ دەکرد و خواهەڵناگرێ هەندێک جار گوێشی لێدەگرتم. ئەوە بەو مانایە نییە وتەکانمی بەجێدەگەیاند، نا، ئەو گوێی لێدەگرتم. هەندێک جاریش هەڵبەزین لەناوماندا هەبووە، چونکە ژمارەیەک لە ئێمە وەک ساڵح حەیدەری چووبوون کە ئەو حیزبەی ئەوێ بکەن بە مارکسی، لە کاتێکدا بەشێکی زۆریان لە ڕێبەرایەتی حیزب لایەنگری ئێمە بوون کە ئەوە بۆ کەم حیزب هەڵدەکەوێ، بەڵام ئەوان هەڵەیان کرد. دەبووایە ئێمە پێیان بڵێین ئەو پێوەندییە وەک گلێنەی چاو بپارێزن و ئەوەندە لێمان نزیک مەبنەوە و کاری خۆتان بکەن. بەداخەوە دۆستایەتی پارتی دیموکراتیش کەوتە مەترسی، چونکە ئێمە تۆهمەتبار کراین کە لە پشت موعتەمەرەکەین، لە ڕاستیدا باوەڕ ناکەم برادەرانی ئێمە ئەوەیان کردبێ. من ئەوکاتە لەو ڕووداوەدا نەبووم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم، بەڵام بەشی زۆری لە کوردستان بووم و دەبوایە ئێمە ئەوە نەکەین، چونکە هێزی ئێمە لەوەدا بوو کە قیادەکە قیادەیەکی سەربەخۆ بێت و حەز بە دۆستایەتی حیزبی شیوعی بکات و لە مەیدان بەرەو هاوکاریی لەگەڵ یەکتر بێن و ئەگەر شتێکیش بێت با ئەوپەڕی نهێنی بێت.)

پرسیار: بەدوای دەرچوونی هەمزە عەبدوڵاش لە پارتی ئەو کێشەیە بەردەوام بوو، بۆچی وەک مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی، ئەندامانی ئێوەیان گرت؟



وەڵام: (بەڵێ، زۆر شتی تر کرا کە نامەوێ باسی لێبکەم و دەبوایە نەکرێ. تەنانەت لە مەسەلەی حوکمی زاتیش من چووم لەگەڵ مەکتەبی سیاسی کۆبوومەوە و هاوڕێ عومەر عەلی شێخ و برادەرێکی ترم لەگەڵ بوو، گوتم کاکە ئەوە بە بەژن و بالای ئێوە گیراوە، بە ئێوەوە بۆ میللەتی کورد جێبەجێ دەکرێ و بەبێ ئێوە نا. کەموکووڕی تێدایە، بەڵێ، تەوازنی قوا ئەوەندەی هێناوە، بەلانسی هێز ئەوەندەی هێناوە، ناڵێم دەستکەوتێکی تەواوە نا، تەواو نییە، بەڵام دەستکەوتێکی بۆ کورد تێدایە. بەیانی ١١ی ئازار بەڵێ دەستکەوتی بۆ کورد تێدابوو، بەڵام کە لێکترازاین، گوتیان نامانەوێ دەنگێک بۆ جبهە بەرز بێتەوە، ئێمە ئەوکاتە بە ناخێری گیانمان لەگەڵ حیزبی بەعس لە بەرەیەکدا بووین، ئێستاش خیلاف هەیە، چۆن نیە، لێت ناشارمەوە ئێمە نامانەوێ بەشێک بین لەو تەوتیرە "سڕینەوە"یەی ئێستا هەیە، لە خۆمان دەپرسین بەکێ پشت ئەستورین؟ ئەگەر لایەنێک هەیە پشتمانی گرتبێ، ئەوە خێری خودایە، ئەگەر ئەوانەی لێیان نزیک دەبینەوە شتێکیان بۆ ئێمە پێیە، سەر سەر و سەرچاوم، من نامەوێ بڵێم ئەوانەی هەن لەعنەتیان لێ نەبێت، هێندێک جار هەیە تۆ کۆمەڵێک نا لەبەر دەمتدا، تۆ ئەو نایە هەڵدەبژێری کە لەگەڵ ئەو وەزعە سیاسییە بگونجێ، چونکە یەک نا نییە. لە سیاسەتیشدا هەمیشە دەبێ تێبینییەکی تێدا بهێڵییەوە و هەتا پێت بکرێ دەبێ هەڵوێست بەرامبەر بە هەڵوێست بێت و تووشی شەخسەنەی نەکەی، من و حامید و حامید من نا، هەڵوێستی حامید چۆنە و بەرامبەر بەو هەڵوێستە من چیم هەیە، ئەوە بڵێین. نەمن شەرم لەتۆ بکەم و نە تۆش شەرم لەمن بکەی، چونکە من ڕەئیم نیشانداوە

و بریندارم نەکردوی. دوور نەڕۆین لەو خیلافەی ناو خۆماندا، هەندێک هەبوون کە بڕیاریان هەبوو نەگەنە یەک. ڕۆژێک بە برادەرانی ئەولام گوت مەلا مستەفا لە وەختی خۆیدا گوتی ئەوانە نین، منیش دەمگوت ئەزبەنی شەڕی ئەوانە مەکە، لێم سور دەبۆوە و دەیگوت کەست دیوە شەڕ لەگەڵ نەبوو بکات؟ منیش نەمدەگوت هەنە، دەمگوت لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵام پاش ئەوەی جوڵاوە، ٥٠٠- ٦٠٠ کەس خۆیان لە هەمەدان دیتەوە. مەلا مستەفا توانی ساحەکە تەخت بکات چ بۆ ئاشتی و چ بۆ شەڕ، ئەوانەی لە مەیداندا بوون هەرکامێکیان توانیبای هەر ئەوەی دەکرد، بەڵام نەیتوانی و دەوربەر و ئەولا و ئەملا دەیگێڕانەوە.)

پرسیار: ئێوە چەند جارێک لە بارزانی دواون، ئێوە بارزانیتان چۆن دەناسی و بارزانی کێ بوو؟

وەڵام: (دەزانی چییە؟ من بە دوو مناسبەت باسی بارزانیم کردوە، لێتان ناشارمەوە یەکێکیان لە ٩٠ ساڵەی بارزانیدا بوو کە ژمارەیەک گوتیان باشت باسی بارزانی کردوە. بارزانی وەکوو باسم کردوە، بارزانی لە سفرەوە دەستی پێنەکردوە و ئەو لە بنج و بنەماڵەوە دەستی پێکردوە، لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامەوە. ئەو دەورێکی باڵای بینیوە لە پێکهێنانی، لە کاتێکا حەڕەکەی کردوە و داوای مافی کردوە کە ڕەنگە جارجارە بۆنی خۆجێی لێبێت، بەڵام لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی نەتەوایەتی هەبوو، بارزانی بەرە بەرە دەستی پێکرد هەتا چوو بۆ مهاباد و بارزانییەکان بوون بە سەربازی بەرگری کردنی کۆماری کوردستان و داکۆکی کردن لە کۆماری کوردستان و دواتر چوو بۆ ڕوسیا، بارزانی بوو بە هێمایەک و بوو بە هێزێکی مەعنەوی و ئەو پێوەندییەی لەنێوان بارزانییەکاندا هەیە، هێزێکی گەورەیە کە ٥٠٠ کەس لەگەڵ بارزانی بپەڕێتەوە و دواتریش بیانگەڕێنێتەوە. ئەوە کاری سەرۆک عەشیرەتێک نییە و بە سەرۆک عەشیرەت ناکرێ، جا ئەو پێوەندییە، بزانە بیروباوەڕ بێت یان هەر شتێکی تر، بارزانی کرد بە هێمایەک، بۆیە لەکاتی خۆیدا کە چوومە لای، گوتی: بڕۆ بەو جەلالە شێتە بڵێ من جێی برایمم بۆ داناوە. خواهەڵناگری کە گوتی جەلالە شێت، بە خراپەی نەگوت و لە

خۆشەویستییەوە گوتی، ئەگەرنا چۆن شێتێک دێنێ و دەیکات بە سکرتێری حیزب. من و ساڵح حەیدەر، شێخ حوسێنی بوسکین و ساڵەی ئەحمەدتەر چەکمان لەخۆمان بەست و بەناو سلێمانیدا چووین بۆ زرگوێز و لە ناوچەی قەرەداغ چاومـان بە مـام جەلال کەوت، قـایمەی پێـنج هەزار کەسـی پێشاندام. لە دڵی خۆمدا گوتم دوو هەزاریان لە کوردستاندا بڵاون، بەڵام سێ هەزار دەبێتە پێشمەرگەیەکی زۆر. جا دێمەوە سەر بەیتی قەسید، لێرە کە بارزانی بوو لوقمان و فلان بوون حەرەکەتیان کرد، دە کەس لێرە، بیست کەس لێرە و پەنجا کەس لەوێ بەشوێن بارزانی کەوتن، ئەوان شەڕیان نەکرد. جا بۆیە لە کۆنفرانسی ماوەت کە بارزانییان تەجمید کرد، ساڵح شێرە هەیە وەکوو بیستومە دەڵێت: "ئەوە ئێمە تەجمیدمان کرد، بەڵام پێم ناڵێن کو جێبەجێی بکەین؟"

بە هەندێک لە برادەرانی ئەوانم گوت ئێمە ئەگەر کەسێک دێنین بۆ حیزبەکەمان پێی دەڵێن دۆست و دواتر دۆستی یاریدەدەر بە پارە و دوای ماوەیەک دەیپاڵێوین و دواتر دەبێتە ئەندام، بەڵام بارزانی وانەبوو. ئێوە لە ڕۆژی ئەوەڵدا بارزانیتان هێنا و کردتان بە سەرۆک کە حیزبەکەتانی پێ بکەن بە حیزب. مەقولەیەکی فەلسەفی هەیە کە دەڵێت ئەگەر لە شتێک نەزانی چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەی؟ ڕۆژێک لێرە بانگهێشتیان کردبووم، کابرایەک قیت بووە، من نەمدەناسی و نەمدەزانی ئایا ئەو من دەناسێ، یان نا، گوتی: "ئێمە لەگەڵ عەشایەر تەعاون ناکەین" و لەو بارەشەوە زۆری لەسەر ڕۆیشت. من وەڵامم دایەوە گوتم تۆ لەگەڵ کێیتە؟ دە دوازدە کەس بووین، هەموویان حەپەسان. گوتی: "وەڵا ماڵی بارزانی." گوتم ئەوانە ئیزنیان لە ئێوە وەرگرتووە؟

جا باسی نەهرۆم کرد و باسی گاندیم کرد، پاش بەشو دانی کچی نەهرۆ، پاش بەشو دانی کوڕەکانی کچی نەهرۆ، پاش هێنانی ژن بۆ کوڕێکیان کە ئیتالییە کە حیزبەکەیان بپارێزێ. گوتم هەندێک زەواهیر هەیە کە دەبێ بیناسی کە ڕەفتاری لەگەڵ بکەی. ئەگەر دژایەتی کەسێک دەکەی و دژایەتییەکەت پیرۆزە، بەڵام ئەگەر نەزانی چۆن دژایەتی بکەی، ئەوە بەجێی دژایەتی کردن، یارمەتی دەدەی و بەڵگەی دەدەیتێ. بارزانی ئاوا بوو، ئەو هێزەی پەیدا کرد و زەعیمیش بوو، زۆر زەعیمی واش هەنە. لە ڕاستیدا بارزانی کەم دوێ بوو، بەڵام خاوەن ئەزموونێکی زۆر بوو. ڕۆژێک

من و تاهیر بابان لە گوندی وەرتێ لەگەڵ بارزانی بووین، لە هەورازان سوار دەبوو و لە ڕاستانییەدا دەهاتە خوار، بانگی کردم و گوتی: با هەندێک پێکەوە بڕۆین. گوتی لە خزمەت شێخ ئەحمەد دەگەڕێمەوە، سەلام عارف داوای وتووێژی لەگەڵ من کردوە و پرسی بەمن کرد، ڕەنگە پرسکردنەکەی ڕەواڵەتی بوو بێت، پێشتر من هەندێک قسەم کرد بوو کە دەبێ ئەو شتانەی داوای دەکەی، دەبێ چی بێت و چۆن بن و لە پلەی ڕاگەیاندنەکانتاندا بن. بارزانی چاوی لەمن کرد و گوتی:

تۆ لات وایە کە من بڕوام بەوانە هەیە؟ من بڕوام بەوانە نییە، بەس جوتیار ناتوانێ جووتی خۆی بکا، سەپان ناتوانێ درویێنە بکا، ئابوری کوردستان هەمووی ڕاوەستاوە، من هەموو ڕۆژێ نابێ داوا لە خەڵک بکەم کە چەک هەڵگرن، دەبێ خەڵکەکە داوا بکەن کە چەک هەڵگرن، واتە کێشەکە دەبێ بگاتە ڕادەیەک کە خەڵکەکە ئامادە بێت بۆ شۆڕش.

ئەوە مەقولەی ئێمەیە کە بارزانی لە ئەزموونی خۆی وەریگرتبوو. هەرلەو پێوەندییەدا من لە قەڵادزێ پێوەندیم بە کۆمەڵێکی زۆر خەڵکەوە هەبوو، دەهاتن و دەیانگوت ئەو شەڕ ڕاگیرانە چەندە دەکێشێت. مەبەستیان ئەوە بوو کە سەودا و مامەڵەیان لەگەڵ ئێران چەندە بەرەو گشەکردن دەچێت بۆ حیساب کردنی قازانج خۆیان. ڕۆژێک هاتنەلام گوتیان مەکتەبی سیاسی بڕیاری داوە کە توتنی قەڵادزێ بسوتێنن تا حکومەت کە خەریکە بەرەو قەڵادزێ و پشدەر دێ لە پلەی شۆڕشگێڕیدا شتێک بۆ دوژمن بەجێ نەهێڵی کە سودی لێوەربگرێت، دەبێ توتنەکان بسوتێنن. جوتیاریش ئەگەر هەزار ئیحتمال هەبێت و نۆسەد نەوەد و نۆی بڕوا و یەک دانە بمێنێتەوە، خۆی بەو یەک ئیحتمالە دەبەستێتەوە، من لەگەڵ ئەوە نەبووم کە بیسوتێنن و گوتم بچن بۆلای مەلا مستەفا، ئەوان چوون و ئەو فەرمانی پێدان کە نەیسوتێنن. مەبەستم ئەوەیە کە مەلا مستەفا دەرونی خەڵکی دەخوێندەوە، ئەو دەیزانی بەو خەڵکەوە مەلا مستەفایە و قسەی خەڵکی دەخوێندەوە.)


پرسیار: لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی مام جەلالدا، لە ٢١ جێدا باس لە ئێوە دەکرێت، گوایە لەگەڵ عیرفان قانعی فەرد وتووێژت کردوە، ئایا تۆ عیرفان قانعی فەرد دەناسی؟

وەڵام: (لە تۆم گوێ لێ دەبێت. نە دەیناسم و نە وتووێژم لەگەڵ کردوە.)

پرسیار: بە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی سەدام ڕوخا، کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر لە مزگەوتەکانەوە بگرە تا دەگاتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جێی تریش دەیانەوێت مێژووی کوردستان چەواشە بکەن و ڕێبەرانمان لە بەرامبەر نەوەی نوێدا ناشیرین بکەن و بە چڕی هێرش دەکەن بۆ ئەزموونی باشوری کوردستان و بەتایبەتی سەرۆک مەسعود بارزانی و پەرلەمانی کوردستان، هۆیەکەی چییە و بۆچی کۆماری ئیسلامی وادەکات؟

وەڵام: (من تەعەجوب دەکەم ئەگەر ئەوە نەکات، مولاحزە دەکەی، ئەو شوێنانەی کە قەزیەی ئێمەی تێدانەبێ، ڕەنگە بەو چاوە تەماشامان نەکات، بۆ؟ چونکە ئەوە ڕەفتاریانە لەگەڵ کوردی ئەودیو، کە بیرلە خواستێکی وا نەکەنەوە. دووەم ئەوانە لە کۆنەوە دژی میللەتی کوردن، نەک هەر میللەتی کورد، بەڵکوو هەموو میللەتەکانیتر کە لە چوارچێوەی ئێراندان. بەناوی ئیسلام و ئیسلامیزم و چی و چی تا ئاخر، دژی ڕێبەرانی ئێمەشن، دیسان دەڵیم ئەوان نایانەوێ لێرە نەمامێک شین ببێت. ئەوانیش و ئیتریش و ئیتریش، ئەگەر ئێستا لەگەڵ ئەمرێکی واقع هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوە شەقی زەمانەیە و بە ناچارییە و پێی خۆشحال نین، بەڵام ناچارن هەڵیدەسەنگێنن کە داخوا لەو قۆناخەدا باشتر نیە کە ئێمە ئاوا بکەین. بۆ نمونە ئایا تورکیا لەگەڵ ئێمەیە، با پێش ئەوەی لەگەڵ ئێمە بێت، لەگەڵ کوردی تورکیا بێت، ئیرانی شا ئەگەر یارمەتی دەداین، ئەوە یارمەتی ئێمەی دەدا، نەخێر دەبا یارمەتی کوردی ئێرانی دابا، ئێرەش هەروا، ئەوانە ئێمەیان ناوێ و ئێمە پارچە پارچە کراوین و ئەوانە لەگەڵ ئێمە ڕاست ناکەن و من تەعەجوب دەکەم ئەگەر نەیکەن. لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ مەسەلەکە باش هەڵسەنگێنین و بزانین چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین.)

## فەلەکەدین کاکەیی



فەلەکەدین کاکەیی ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی "هەژارە" لە نزیک شاری کەرکوک لەدایکبووە. گوندەکەیان لە باکوری شاری کەرکوکو لەسەر بیری نەوت هەڵکەوتووە. وەک خۆی لە کتێبی "یوناهی زەردەشت"دا دەڵێت: (بەسەر دەریای نەوتەوە هاتوومەتە ئەم دنیایە! دەڵێن لە هەفتەی یەکەمی زارۆکیمدا بوومەلەرزەیەکی نەتوند ڕوویداوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێ کە ژیانم تا ئەمڕۆ هەمیشە ئاڵۆز و شڵەژاو بووە، وەکو بڵێی لەسەر بوومەلەرزەیەکی درێژخایەن دەژیم.) لە گوندی "تۆبزاوە" خوێندنی سەرەتایی و لە کەرکوک ناوەندی و دواناوەندی تەواکردوە. ساڵی ١٩٦٤ لە کۆلیجی ڕۆژنامەگەری بەغدا وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی نەداری و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەیتوانیوە بخوێنێت و ناچار بووە بە یارمەتی بەڕادەرێکەوە وانەکانی پەیمانگایەکی ئەهلی ڕۆژنامەگەریی لە میسر وەرگرێت و درێژە بە خوێندن بدات. لە ساڵی ١٩٥٧وە تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە و چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٥٩دا بووەتە ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٦١ تێکەڵاوی خەباتی پیشەیی و کۆمەڵایەتی بووە. ساڵی ١٩٦٢، یەکەم چیرۆکی کوردی نوسیوەو لە ڕۆژنامەدا بڵاویکردۆتەوە. ساڵی ١٩٦٣، بەهۆی چالاکیی سیاسی و حیزبی لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی عێراقەوە داوا کراوە و ناچار بووە بە نهێنی بژی. ساڵی ١٩٦٤، یەکەم وتاری سیاسیی خۆی بە زمانی عەرەبی نوسیوە و لە دوو بەشدا بە وێنەی خۆی لە ڕۆژنامەیەکی بەغدادا بڵاویکردۆتەوە. ساڵی ١٩٦٥، چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و لە چیا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول بووە و هاوکات تا ١٩٩٤، لەوکاتانەدا ڕادیۆ دەنگی کوردستان هەبووە. وتاری بۆ ڕادیۆ نوسیوە. لە لە ١٩٧٩/١٢/٤، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

هەڵبژێردراوە و ساڵی ١٩٩١ ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکرات بووە بۆ هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان و لە خولی یەکەمی پەرلەماندا ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ٢٠٠٥ ئەندامی پەرلەمان بووە و ئێستا ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانە. لە ساڵی ١٩٩٦وە تا ساڵی ٢٠٠٠ وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان بووە، لەو ساڵەدا لەسەر داوای خۆی پۆستی وەزارەتی بەجێهێشتوە، بەڵام وەک ئەندامی پەرلەمان ماوەتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦دا سەرلەنوێ بووەتەوە بە وەزیری ڕۆشنبیری و تا ساڵی ٢٠٠٩ لەو پۆستەدا بووە. لە ساڵی ١٩٧٢وە تا ئێستا چەندین پۆست و ئەرکی سیاسی و جەماوەری و پیشەیی و سەندیکایی لە ئەستۆ گرتووە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە شەمسەدین موفتی کێ بوو؟ گوتی:

وەڵام: (شەمسەدین موفتی کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، تا ئەم دواییانەش ڕۆڵی هەبووە، هەرچەند دووبەرەکی کەوتە ناو پارتیی و بزوتنەوەی کورد بەگشتیی، بەڵام ئەو هەمیشە ناوی هەبووە و وەکوو ناوێک ڕۆڵی خۆی هەبووە، هەندێ جار لەمبەر و هەندێ جار لەوبەر بوو، بەڵام بێگومان ئینسانێکی جێگەی ڕێزی هەموولایەک بووە. ئینسانێکی میانەرەو بوو. ئینسانێکی تێگەیشتووش بوو. لە بنەماڵەی موفتی بوو کە لە هەولێر ناسراون. ئەو کات کە دووبەرەکی کەوتە نێوان بارزانی و باڵی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، ئەو لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد کەوت.)

پرسیار: باسی پێوەندی بارزانی لەگەڵ ئیسرائیل بکە. ئەو پێوەندییە تا چ ڕادەیەک بوو؟

وەڵام: (بارزانی سنوری نەبوو و هیچ سنورێکی لا سور نەبوو، بەتایبەتی بۆ پێوەندیی لەگەڵ وڵاتان و میللەتاندا، ئەو دەیگوت میللەتی کورد پێویستی بە هەموو کەس هەیە، هەرکەس دۆستایەتیمان بکا و دەستی دۆستایەتیمان بۆ درێژ بکا سوپاسی دەکەین، سیاسەتی بارزانی هەمیشە وابوو. لە هەمانکاتیشدا ڕەچاوی دەکرد کە ئیسرائیل مەسەلەیەکە عەرەب

لێی دەڕەوێتەوە، پێوەندیی لەگەڵ عەرەب توند دەبێ، گرژ دەبێ، کاڵ دەبێ، ئەوەشی لەبەرچاو دەگرت بێگومان، یان پێوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان. سەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل یان بێدەنگ دەبوو، یان هەوڵیدەدا کە زۆر زەق و ئاشکرا نەبێ، بەڵام بە قەناعەتی من پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو. بەو مانایەی کە ئیسرائیل وەکوو وڵاتێک لەم ناوچەیە، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، دەخالەتی دەکرد لە هەموو کێشەکان، ئێستاش لە باشووری سودان لە باشووری یەمەن و وڵاتانیتر، دیارە ئەوانیش بەرژەوەندیی خۆیان هەیە، مەبەستی خۆیان هەیە، دەیانەوێ هاوسەنگییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تێکبدەن. بێگومان ئیسرائیل ئەو چالاکییانەی هەیە. ئیسرائیل هەر لە سەرەتاوە هەولی داوە خۆی بگەیەنێتە شۆڕشی کورد و ئەو دەم شۆڕشی کورد لە عێراق بوو، عێراق وەکوو دەوڵەتێکی کۆمەڵەی عەرەبی حیساب دەکرا کە ڕاستەوڕاست بەرامبەری ئیسرائیل ڕاوەستا بوو، بۆیە لای ئەوان گرینگ بوو لەو مەسەلە تێ بگەن و قازانجی لێوەرگرن. ئەوەش دەبێ ڕاستە و ڕاست بگوترێ، ئەمە بەرژەوەندی هەر وڵاتێکە. بەڵام بارزانی بەو شێوەیە نەبوو کەوا بچێ لەگەڵیان هاوپەیمانی ببەستێ، وەکوو باشوری سودان، باشوری سودان یەکەم وڵات بوو کە دوای ڕزگار بوون و سەربەخۆبوونیان سەردانیان کرد، ئیسرائیل بوو، ئەوان ئامادەییان پێشاندا کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل ببەستن. بارزانی وای نەکرد، ئەو پێشوازی لە هەموو پێوەندییەک دەکرد لەگەڵ دنیادا بەڵام ڕەچاوی پێوەندییەکانی دەوروبەری خۆشی دەکرد، چ عەرەبی، چ ئیسلامی، تەنانەت بلۆکی ڕۆژهەڵات و سوسیالیستی، ڕەچاوی بەرژەوەندیی ئەوانیشی دەکرد. بە کورتی ئەوەی ئەمن تێگەیشتم لە قسەی زۆر کەس و لێکۆڵینەوەکان، بارزانی ئەگەر هەوڵیشی بۆ ئەو پێوەندییە دابێ مەبەستی خودی ئیسرائیل نەبووە، چونکە ئیسرائیلیش لە ڕووی سیاسییەوە هیچی بۆ کورد نەکرد، بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٥، ئیسرائیل دەیتوانی تەئسیر لەسەر ئەمریکا دانێ کە ئەمریکا بەشداری پیلانی جەزائیر نەکات، بەڵام ئیسرائیل هیچ شتێکی نەکرد. ئەوە ڕوونە، لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵام بارزانی لە ١٩٦٥ بەدوواوە بڕوای وابوو کە پێوەندی بە ئەمریکاوە بگرێ و پێیوابوو مەسەلەی کورد بە دەست ئەمریکا چارەسەر دەبێ. ئەویش پاش

لێکۆڵینەوە و تەحلیل کردن دەیگوت باشترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئەمریکا ئیسرائیلە، ئەمە ئەساسی نهێنی مەسەلەکەیە. ئەمە دوکتور عیسمەت شەریف وانلی، لە یادداشتێکی دەستخەتدا کە هێشتا بلاونەکراوەتەوە و ڕەنگە بەو زووانە بڵاوبکرێتەوە، ئاماژەی بۆ کردوە، چونکە بارزانی تەکلیفی کردوە بچێ بۆ ئیسرائیل لەگەڵ کامەران بەدرخان، ئەوەش تەنیا بۆ ئەوەی کە ببینێ چ دەڵێن چ دەکەن، چ ناکەن، چ بکەین، نەک بۆ پێوەندییەکی ئاشکرا و یەکلاکەرەوە، ئەوان واتە ئیسرائیلییەکان چەند جار هاتوون لە دەرگای کوردیان داوە، بارزانی وەڵامی نەداونەوە، ئەوانەی ناردوە بزانن مەسەلەکە چیە؟ مەبەستم ئەوەیە کە بارزانی دەرگای دانەخستووە لە هەمانکاتیشدا هەمیشە وریا بووە کە نەچێتە شتێکەوە پاشگەز بوونەوەی بۆ نەبێ. بارزانی هەم لە بورای سیاسی، هەم لە بواری عەسکەری هەوڵیداوە ڕێگای دەرباز بوون بهێڵێتەوە، بارزانی سیاسەتێکی وای هەبووە. ئەوەندە نەچووەتە پێش کە لەو سیاسەتە بچەقێ. بۆ بەرژەوەندی خۆی مەبەستی نەبووە لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندی بکا، بڕواشی بە ئیسرائیل نەکردوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل وەکوو دەوڵەتێکی ناوچەکە کە تەئسیریشی لەسەر ناوچەکە هەیە، پێوەندی لەگەڵی پێویستە. ئەو تا پێش ساڵی ١٩٧٥ پێوەندی لەگەڵ سوریاش هەبوو. لەگەڵ سعوودیە و لەگەڵ تورکیاش هەیبوو. ساڵی ١٩٦٨ نامەی نوسی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆکوەزیرانی تورکیە کە پێکەوە هاوکاری بکەن. لەگەڵ سۆڤیەت پێوەندی هەبووە. لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، لەگەڵ ئێران، لەگەڵ خەلیج و لەگەڵ کوەیت، ئەو دەرگای دانەدەخست لەسەر هیچ پێوەندییەک، بەڵام ئەو ئەوەندە نەدەچووە پێش کە تێیدا گیر بکا. بۆ نمونە لەگەڵ ئێران پێوەندی هەبوو، بەڵام لەهەمان وەختیشدا لە هەموو یادداشتەکانی، دۆستانی ئێرانی و پیاوانی ئێران، وەکوو پژمان و ئەوانی تر، دایمە گوتوویانە کەوا ئێران قەت بڕوای بە بارزانی نەبووە، چونکە ئەوەندە لێیان نەچووەتە پێش کە بڵێ ئەمن لەگەڵ ئێرانم. لەگەڵ ئێران نەبووە، پێویستی بە ئێران بووە. ئەوە دوو شتی زۆر جیاوازن لەگەڵ یەکتر. لەگەڵ ئیسرائیلیش هەر لەو سنوورەدا بووە، بەلای منەوە، بارزانی وای بۆچووە کە لە ڕێی ئیسرائیلەوە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا بگرێ. بڕوای وا بووە مەسەلەی کورد لەسەر دەستی

ئەمریكا چارەسەر دەبێ. پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ كە مامۆستای زانكۆیە، دەڵێ كە بارزانی لە دوای ١٩٦٥وە بڕوای وابووە سەرئەنجام ئەمریكا دەبێتە تاقە هێزی جیهان و هەموو شتێك لەسەر دەستی ئەو جێبەجێ دەبێ. هەموو سیاسەتمەدارێكیش بەپێی بڕوای خۆی هەڵویستی سیاسی دەگرێ. ئەگەرنا قسە و قسەڵۆك لەسەر پێوەندی ئەو و ئیسرائیل هەیە، خەڵك دوو شت تێكەڵ دەكەن، یەكەم ئەوەی ئەتۆ ناچار بی هاوكاری بكەی، لەگەڵ ئەوەی ئەتۆ پیاوی كەسێك بی. ئەو دوو شتە جیاوازییان پێكەوە هەیە. ئەگەر پیاوی كەسێك بی، دەبێ كاری بۆ بكەی، بەڵام پێوەندیت لەگەڵ كەسێك هەبێ ئەوە بەرژەوەندیی دولایەنەیە.)

پرسیار: مام جەلال لە لاپەڕەی ٩٩٠ی كتێبی دوای ٦٠ ساڵدا دەڵێ: ئەمن گەورەترین هەڵەم ئەوە بوو كە لە بارزانی دوور كەوتمەوە، بارزانی زۆر لەمن نزیكبوو، زۆری ئەمن خۆشدەویست، تەنانەت وەك كوڕی خۆی منی خۆشدەویست، ئەمن لەگەڵ سیاستی هیچیان نەبووم، نە بارزانی نە مەكتەبی سیاسی، دەبوایە وەك كەسێكی بێلایەن و سەربەخۆ بمێنمەوە.

وەڵام: (بەڵێ مام جەلال تاڵەبانی ئەو قسەیەی زۆرجار دووبارە كردوەتەوە، بەتایبەتی لە ١٠- ١٢ ساڵی دواییدا، ئاخرجاریش لە كاتی ناشتنی تەرمی دایكی سەرۆك بارزانی، كەوا لە بارزان نێژرا، لەوێ دیسان مام جەلال قسەی كرد، گوتی من یەكێك بووم لەوانەی وا نیزیك بووم، ئاخرین قسەی كە گێڕایەوە، گوتی: "حمایل خان" دایكی سەرۆك مەسعود بارزانی پێی گوتووم لەگەڵ مەسعود یەكبگرن، چارەنووستان پێكەوەیە، وەكوو برا بن لەگەڵ یەكدا. ئەوەی لەوێش دووپاتكردەوە كە ئەو هەر لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە بووە.)

پرسیار: كێشەی زێبارییەكان و كوشتنی ئەحمەدئاغای زێباری چۆن بوو؟

وەڵام: (ئەو مەسەلەیە شتێكی وا نیە، گەورە دەكرێتەوە، كاتی خۆی لە چییەوە ڕوویدابێ، من نەچوومەتە بنج و بناوانی مەسەلەكە، ئەو مەسەلەیە كرایە مەسەلەیەكی سیاسی و ڕژێمەكانی عێراق زۆریان كەڵك

لە گەورە کردنەوەی بە دژی بارزانی وەردەگرت تا زێبارییەکان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، بەڵام لە ڕاستیدا بزوتنەوەی شێخانی بارزان و بارزانییەکان بزوتنەوەیەکی سۆفیگەری، عیرفانی و چاکسازی کۆمەڵایەتی بوو دژی دەرەبەگایەتی بوو، دژی هەر چەوساندنەوەیەک بوو لە دژی جوتیارەکان. زێبارییەکان ئاغا بوون، سەرچاوەی کێشەکە لەوێوە بووە، مەسائیلی کۆمەڵایەتی بووە. بەر لە شۆڕشەکانی بارزان، لە ١٩١٥ هەموو عەشایری دەوروبەری بارزان لە دژی بارزان بوون، چونکە بارزان و بارزانییەکان هەڕەشە بوون لەسەر بەرژەوەندیی ئاغا و دەرەبەگ و شێخەکانی ئەو دەڤەرە. بارزان دەستیکرد بە دابەشکردنی زەوی، خاوەن مڵکایەتی نەهێشت، هەرکەس ئاغایەک یان دەرەبەگێک زوڵمی لێدەکرد، دەچوو بۆ بارزان و ئەوانیش لەسەری وەجواب دەهاتن. تەنانەت یەک دوو شەڕیان لەگەڵ عەشایری دەوروبەری خۆیان کرد کە هیچ بەرژەوەندییەکی بارزانییەکانی تێدانەبوو، لەسەر پارێزگاریی لە خەڵکی لێقەوماو بوو. هەرکەس پەنای بۆ بردبان لەسەری وەجواب دەهاتن و پەنایان دەدا. لەگەڵ عەشیرەتی سورچی، زێباری، شێخ ڕەشیدی لۆلان، برادۆست تووشی شەڕ بوون، هەمووی لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بووە، یانی ئەگەر ڕۆژێک کەسێکی کورد بیهەوێ لەسەر مێژووی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە بکا، دەبێ لێرەوە دەست پێبکا. لەبەر ئەوەی بارزان و بزوتنەوەکەی لە بنەڕەتدا شۆڕشێک یان ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتی بوو. تێفکرە! ٧٠- ٨٠ ساڵ لەمەوبەر مڵک دابەشکراوە، خاوەن مڵکایەتی نەماوە، یان کچ بە زۆر نەدراوە بە شوو، گەورە بە چووک نەکراوە. بزوتنەوەی بارزان پێش ئەوەی ببێتە حیزب، درێژەی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران و شێخ عوبەیدولای نەهری بوو. کاتێک بزوتنەوەی شێخ عوبەیدولای نەهری شکا، بە دەیان هەزارکەس لەوانەی سەربە شێخ عوبەیدولای نەهری بوون، ئاوارەی کوردستانی عێراق بوون، بەناوی "موهاجیرین" دەناسران و ئێستاش ماون لە مێرگەسور و هەولێر بەو ناوە دەژین. ئەوانە هەموو بە شێوەی خۆیان شۆڕشگێڕ بوون، لە ساڵی ١٨٨٠ بەولاوە ئەوانە هاتوون و تێکەڵاوی بارزانییەکان بوون. بارزانیش تێکەڵاوی ئەم شۆڕشە بوو. بارزانی شتێکی تازەی دانەنا، ئەمە یەکێک لە نهێنییەکانی شۆڕشەکانی کوردە. ئەحمەدی خانی دەستیپێکرد، ئەو بیروڕا نەتەوەییە جوانەی دەربڕی کە کورد دەبێ یەکبگرێ و بڵێسەی

شۆڕشــی داگیرســاند. دوای ئەو بەدرخانییەکــان دەســتیان پێکــرد، دوای بەدرخانییەکــان چەنــدین بزوتنەوەیتــر ســازبوو، تــا گەیشــتە شــێخ عوبەیدولای نەهری، شێخ سەعید و... تا گەیشتە شێخ مەحمودی نەمر و بارزانی و قازی محەمەدی نەمر و تا گەیشتە مەلا مستەفای بارزانی. هیچکام لەمانە نەیانگوت من بەدیلی ئەوانەیترم. ئەوە زۆر زۆر گرینگە لە مێژوودا. لە مێژووی ئێمەدا تا بارزانی، هیچ کام نەیانگوت ئەوانەی پێشوو هیچیان نەکردوە، یان بیسڕێتەوە، هەموو درێژەدەری ڕێی ئەوانــی پێش خۆیان بوون. ئەوە لە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرینگە. ئێســتاش وڵاتــانی ئەروپــایی هەر لەســەر ئەو ڕێچــکەیە دەڕۆن، واتە هەرکەس دێت بۆ تەواوکردنی کارەکانی ئەوی پێش خۆی، نەک بۆ نەفی ئەوانی پێش خۆی. هی ئێمە هەرچی لە پێشوو بوومانە نەفی دەکەنەوە جا باش بێ یان خەراپ بێ! شێخ عوبەیدیلای نەهری قەت نەیگوت بەدرخانییەکان خەراپیان کردوە، خەیانەتیان کردوە، یان چی و چی.. دوای شــێخ عوبەیــدیلای نەهــری تــا دەگــاتە، شــێخ ســەعیدی پیــران و سەیدرەزای دەرسیم و ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا و تا دەگاتە شێخ مەحمود و قازی محەمەدی نەمر و بارزانی. پێشــەوا قازی محەمەد بە ڕەمزی و بە فێعلی ئاڵاکەی بە بارزانی سپارد. مەلا مستەفا بارزانی دوور خرابۆوە بۆ سلێمانی بنەماڵەی شێخ مەحمود زۆریان ڕێز لێگرتووە. شەهید ســمکۆی شــکاک پێوەنــدیی لەگەڵ شــێخ مەحمــوود زۆر پــتەو بــوو. ئەو سەرکردانە هەموویان ڕێزیان لەوانــی پێش خۆیان گرتووە. بەڵام دوای بارزانی، دوای ١٩٧٥ دوو دیاردە دەرکەوت، ئەم دیاردانە ئەمن لەســەر مەسئولییەتی خۆم دەڵێم.

١- مام جەلال و برایم ئەحمەد ویستیان هەموو مێژووی بارزانی بسڕنەوە و خۆیان شت بن.

٢- بەداخەوە عەبدوڵلا ئۆجەلان لە باکوری کوردستان ویستی بڵێ هەموو مێژووی کورد لە منەوە دەستپیدەکا، ئەوانی دیکە بسڕێتەوە.

ئەمن ئیحترامم بۆ هەموویان هەیە، مام جەلال زۆر تێکۆشاوە، عەبدوڵلا ئۆجەلانیش زۆر تێکۆشاوە و ئێستا لە زیندانیشە و ئەمن هەر داوا دەکەم بەرەڵا بکرێ و هەمیشەش داوام کردوە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە وەکوو ڕێز. بەڵام یەکێک لە بیروڕا هەڵەکانی ئۆجەلان ئەوەیە کە هەموو ئەوانی پێش

خۆی خەت لێدەدا. ئەو دوو ناوەم کە هێنا ڕەنگە بۆ من هەڵە بێ، بەڵام ئەمن وتوومە و لە جێی دیکەش دەرم بڕیوە. بۆ نموونە جەلال تاڵەبانی دوای ١٩٧٥ کە بارزانی تووشی ئەو نسکۆیە بوو، چوو بۆ ئەمریکا، بۆخۆی گوتی من تەواو بووم، بە زمانی فارسی تەسریحی دا وتی من ئیدی تەواو. ئەو بۆخۆی ئیعترافی کرد کە ئینسان بۆخۆی ئیعتراف بکا تەواوە.

ئەو ساڵی ١٩٠٣ لە دایکبووە و من باسی ١٩٧٦ دەکەم. جەلال تاڵەبانی لە جیاتی ئەوەی بیقۆزێتەوە، ئەو کە شۆڕشێکی تازەی دەستپێکردبوو دەبوو لە شاخ لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی بە جۆرێک هەڵسوکەوتی کردبا کە وەخۆیان بگرێ و بۆلای خۆیان ڕاکێشێ، بزانە ئەو دەم ئەو چەند بەهێز دەبوو، بەڵام ئەو هات لە یەکەم بەیانی خۆی کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە دیمەشق دەریکرد، گوتی نابێ ڕێگە بدەین سەرکردایەتی بارزانی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. بە قیادەی موەقەت ناوی بردبوون. ئەوە وایکرد یەکەم بڵێسەی ناکۆکی لەناو کوردا دەستپێبکا. ئەمن هیوادارم ئەو خاڵە لاوازە نەمێنێ، بەداخەوە ئێستاش ماوە. ئەوە یەکێکە لە هەڵە گەورەکانی مام جەلال. ئەو دەبوو تەنیا ئەوەندە بڵێ کە بارزانی هەڵەی کرد، بەس بوو. بارزانی بۆخۆشی بە زمانی خۆی گوتی هەڵەی کردوە. ئەگەر ئەوەی بکردبایە بڕوا بکە هەموو ئەوانەی لەگەڵ بارزانیش بوون لەگەڵی دەکەوتن و دەبوو بە هێزێکی زۆر بەقووەت. خۆ مام جەلالیش کەمی نەکردوە، ئەویش حیزبێکی بە هێزی دروستکرد، شۆڕشێکی گەورەی بەڕێوە برد، تا ڕاپەڕینیش بەشدار بوو، ئێستاش بەشدارە، وانیە کە مام جەلال تەقسیری کردبێ، بەڵام لەمەیان تەقسیری کرد لەپێش هەموو کەس لە خۆی پێش ئەوەی دەرحەق بە خەڵکی تری کردبێ. لە سیاسەتدا لەو خاڵەدا هەڵە بوو، واتە سڕینەوەی ئەوی پێش خۆی و لە خەتی ڕەش پێداهێناندا.

ئێستاش ئەمن پێموایە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کورد، دەبێ کاری ئەوانی پێشوو هەمووی قەبووڵ بکرێت، ئەوی بووە، بووە، نابێ مێژووی ئەوانی پیشوو بخنکێندرێت هەر بۆ ئەوەی ئەوانەی ئێستا بڵێین ئێمە شتین**!)**

## دوکتۆر مەحمود عوسمان



دوکتۆر مەحمود عوسمان ساڵی ١٩٣٨ لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژار لە پێنجوێن لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە بیارە تەواوکردوە. چونکە باوکی پۆلیس بووە، بە بەردەوامی لەگەڵ بنەماڵەکەی ئەو شار و ئەم شاری کردوە و سەرئەنجام خوێندنی دواناوەندی لە سلێمانی خوێندوە و لەوێوە چووەتە بەغداو لە کۆلیجی پزیشکی وەرگیراوە و ساڵی ١٩٦١ بووەتە پزیشک. هەرلە سەردەمی خوێندنیدا لە سلێمانی لەگەڵ کاروباری سیاسی ئاشنا بووە و ساڵی ١٩٥٤دا چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. لە شەستەکاندا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات بووە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ خوالێخۆشبووان: ڕەسوڵ مامەند، قادری وەلی عالی، ساڵح یوسفی سەرپەرشتکاری دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بووە لە ساڵی ١٩٧٨دا. دوای نەمانی پارتی سۆسیالیست لە ساڵی ١٩٩٢، کاری ڕێکخستنی نەکردوە و بە شێوەی سەربەخۆ درێژەی بە خەبات داوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەندامی ئەنجومەنی حوکم و ئەنجومەنی نیشتمانیی بووە و ئێستا وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ، لەسەر لیستی کوردستانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراقە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵا بە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لەسەر چ بوو؟ گوتی:

**وەڵام: (ئەوکاتەش کە بارزانی لە سۆڤیەت بوو، ئیبرایم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵا کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. ئەوان لەگەڵ یەک ڕێک نەبوون و بە بەردەوامی ناکۆکی و کێشەیان هەبوو. نازانم لە کۆندا پێوەندیان پێکەوە هەبووە و لە یەکتر ڕازی بوون؟ یان کێشەیان پێکەوە هەبووە؟ بەڵام کە بارزانی گەڕایەوە، دوای ماوەیەک نەیانتوانی بەیەکەوە**

هەڵکەن. سەرەتا بارزانی ویستی ئیبراهیم ئەحمەد لابەرێت و هەمزە عەبدوڵا بکات بە سکرتێری حیزب، بەڵام دوا جار هەمزە عەبدوڵاشی لابرد و ئیبراهیم ئەحمەد گەڕایەوە. ئەو گرفتانە بە بەردەوامی هەبوون.)

پرسیار: لە کۆنگرەی چوارەمی پارتیدا هەمزە عەبدوڵا لە حیزب دەرکرا. بە وتەی مام جەلال لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا، گوایە ئێوە ١٠- ١٥ کەس لە سلێمانی پشتی هەمزە عەبدوڵاتان گرتوە و ئەوانی تر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد بوون، دەربارەی ئەو ئامارە دەڵێی چی؟

وەڵام: (من ئاگام لەوە نیە، ئەوە ڕەئی مام جەلالە و هەرکەسە ڕەئی خۆی هەیە، بەڵام من ڕەئیم وانیە و کەسێکیش ئەوانەی نەژماردوە کە بزانێ کێ لەگەڵ کێیە. ئەوکاتەش شێوازی خەبات وەک ئێستا نەبوو کە دیار بێ و بڵێی ئاوا بووە، بەڵام مام جەلال لەگەڵ ئەو بوو و بێگومان دەبێ بەلایەنی ئەودا دایشکێنێت.)



پرسیار: دوای ساڵی ١٩٦٤ کە ئیبراهیم ئەحمە و گروپەکەی چوون بۆ ئێران و دواتر گەڕانەوە، ئایا مەترسی کوشتن لەسەر مام جەلال و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەبوو لەنێو پارتیدا؟

وەڵام: (ئەوان لە ناوچەی هەباسی مامەند ئاغا لە دۆڵەڕەقە دانرابوون. گوایە خەبەریان دابوونێ مەترسیان لەسەر هەیە، جا ئەوە تا چ ڕادەیەک ڕاستە یان نا، باس نەکراوە کە لە جێگەیەک ئاشکرا بێ و ئێمەش لێی تێبگەین، بەڵام بیستمان ئەوان وا دەڵێن و ئەو کەسانەش نەماون کە ئینسان بە ڕاستی مەسەلەکە بزانێ، بەڵام بێگومان بێ باوەڕییەکی زۆر زۆر هەبوو لەنێوان ئەوان و بارزانیدا و دژی یەکتر بوون.)

پرسیار: لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی مام جەلال دا عیرفان قانعی فەرد لە هەشت جێدا ناوی بەڕێزتان دەێنێت و دەڵێت لە

بەغدا چاوی بە ئێوە کەوتووە، کەچی ئێوە لە بەیاننامەیەکدا ڕاتانگەیاند عیرفان قانعی فەردتان نەدیوە و وتوویژت لەگەڵ نەکردوە، لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

وەڵام: (نەمگوتووە نەهاتووەتە لای من، نەخێر ئەو هات. لە بارەگاکەی مام جەلال بوو لە بەغدا و برادەرانی بارەگای سەرۆکایەتی کۆمار پێوەندیان پێکردم و گوتیان ئەمە ڕۆژنامەنوسێکی ئێرانییە و دەیەوێ بتبینێ. یەکێکیان لەگەڵ نارد و هاتەلام، نزیکەی نیو سەعات لای من دانیشت و هەندێک پرسیاری گشتی کرد و ڕۆیی و نەمزانی کێیە و قەتیش ئەو پیاوەم نەناسیوە، بەڵام ئیتر بەو شێوەیە منی لە بەغدا بینی.)

پرسیار: هاوکات لەگەڵ کتێبەکەی مام جەلال سێ کتێبی تریش لەسەر کورد دەرچوو. دوو لەو کتێبانە هی پرۆفیسۆر نادر ئنتسارە کە لە ئالاباماى ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی نوسیویەتی و گوایە قانعی فەرد وریگێڕاوەنەتەوە سەر زمانی فارسیو کتێبێکیش وتوویژی هاوبەشی قانعی فەردو عیسا پژمانە. لەو کتێبانەدا بەگشتی سوکایەتی بە پێشەوا قازی محەمەد، بارزانی و دوکتۆر قاسملوو دەکەن. مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە نوسینی ئەو کتێبانە و چەواشەکردنی مێژووی کورد و سوکایەتی کردن بە سەرۆکەکانی کورد چییە؟

وەڵام: (ئێران، تورکیا، سوریا و بەغداش لە سەردەمی سەدام زیاتر دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانن. ئەوان کوردستانیان لەنێو خۆیاندا بەشکردوە و هەمیشە کێشەی کورد بە مەترسی بۆسەر خۆیان دەزانن. مەبەستی ئەوانە لاوازکردنی کێشەی کوردە. ئەگەر لە دیوێکی کوردستاندا مەرحەبایان کردبێت، هانیانداوە بچێ بەگژ دیوەکەی تردا و توانیویشیانە زۆر شەڕ لەنێوان کورددا دروست بکەن. چونکە یەکێک لە سیاسەتەکانیان ئەوە بووە کورد سوک بکەن، لاوازی بکەن و بە دژی سەرکردەکانیان قسە بکەن، بەڵام ئەوانەی ئەو شتانەیان نوسیوە خەڵک دەیانناسێ کە پیاوی دەزگاکانی ساواک و تورکیا و سوریا و سەدام بوون و لەو باوەڕەدانیم کە کەس بڕوایان پێ بکا، چونکە پیاو و بەردەستی ئەو حکومەتانە بوون و بە

ویستی ئەوان ئەو کارانەیان کردوە و ئەوە لە پلە و خۆشەویستی سەرکردە کوردەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتری دەکا.)

پرسیار: بەڕێزتان بە چ دیدێکەوە دەڕواننە ئەو سەرکردانە؟

وەڵام: (هەر یەکەیان لە ماوەیەکدا دەوری خۆی دیوە. بێگومان شتی ئەرێنییان زۆر هەبووە و ڕەنگە هەڵەشیان بووبێ، لەبەر ئەوە دەبێ جێی ڕێز بن و هەموو کەسێک ڕێزیان بگرێ و بە ڕێزەوە باسیان بکا و شانازیان پێوە بکا و نابێ بە هیچ شێوەیەک دژایەتی ئەوان بکا، بەڵام کە باسیش دەکرێن، دەتوانی ڕەخنەیان لێ بگری و بڵێی ئەو کارەیان غەڵەت بوو، بەڵام پێویستە وەکوو سەرکردەی ئەو میللەتە حیسابێکی پۆزتیڤیان بۆ بکرێ کە خەڵک بیانناسێ، چونکە ئەوەی مێژووی خۆی بەباشی نەناسێ و مێژووی خۆی لا گرنگ نەبێ، ناتوانێ لە ئێستا و داهاتووشدا زۆر پێشکەوێ، ئەوانە لای من ڕێزیان هەیە و هەرکامەشیان کە لە سیاسەتدا هەڵەی هەبووە، باسی بکرێ بۆ ئەوەی خەڵک سود وەرگرێ لە خاڵە پۆزەتیڤ و نیگاتیڤەکان. نابێ هەر مەدح بکەی، نە ئەوەش ڕاستە کە دژیان بیت. دەبێ بەشێوەی بابەتی هەڵیانسەنگێنی و دەوری خۆیان بەرز ڕابگری و میللەت بیانناسێ.)

پرسیار: هۆکارەکانی شکان و ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول کامانە بوون؟

وەڵام: (هۆکاری زۆری هەبوو. بێگومان هۆکاری دەرەکی زیاتربوو لە هۆکاری ناوخۆیی، خۆت دەزانی هۆکاری دەرەکی دەوری زۆری هەیە و ئێمەی کورد باری جوغرافیامان تەواو نییە، داخراوین، هیچکام لە دەوڵەتانی دەوروبەر دۆستمان نین. دووەمەن ئەم دەوڵەتانە دژی چارەسەر کردنی کێشەی کوردن و نایانەوێ کوردستان وەک قەوارەیەک ببینن. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتە زلهێزەکانی سۆڤیەت و ئەمریکا و ئەوانی تریش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەن کە داگیرکەری ئێمەن. پێوەندیان لەگەڵ ئەوانە هەبووە و هەمیشە هاوکاریی ئەوانیان کردوە. لەبەر ئەوە کورد نەیتوانیوە بەربەرەکانی ئەو هەمووە زروفە ناڕاستە نێونەتەوەیی و

ناوچەییە بکات. جاری واش هەبووە کە کورد لەنێو خۆیدا کێشەی هەبووە، لەگەڵ یەکتـــر یەک نەبـــووە و شـــەڕی براکـــوژیی کـــردوە. وەزعە جوغرافییەکەشی زۆر ڕێک نەبووە و ئەوەش هۆیەکی سەرەکی بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا. ڕێککەوتنی جەزائیر کە کرا لە ٦ ئازاری ١٩٧٥دا، ئەوانە دەوریان هەبوو کە ئەو شۆڕشە کۆتایی پێبێت لەو کاتەدا، ئەگەرچی من کاتی خۆی ڕەئیم وابوو کە وەکوو پارتیزان بەردەوام بین، چونکە تا ڕادەیەک دەرەتانی چەکەمەنی و پارەمان هەبوو، بەڵام زۆربەی زۆر لەسەر ئەو ڕەئییە بوون کە کۆتایی پێ بێت. هۆکاری ناوخۆیی تا ڕادەیەک و هۆکاری دەرەکی دەوری هەبوو لە ڕێککەوتنی جەزائیر. شۆڕشەکە کۆتاییهات، بەڵام هەڵگیرسایەوە. لەساڵی ١٩٧٦دا یەکێتی نیشتمانی لە لایەک و قیادەی موەقەت لە لایەکی تر دژی یەکتر بوون. دە ساڵ شەڕی یەکتریان کرد، هەتا ئێران لە ساڵی ١٩٨٦ڕێکی خستن. ئیدریس بارزانی ڕەحمەتی لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوتنەکەیان ئیمزا کرد و بەرەبەرە لەگەڵ حیزبەکانی تریش ساڵی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانیان دامەزراند.)

پرسیار: لە ڕەوتی شۆڕشی ئەیلولدا، ئێوە سەردانی ئیسرائیلتان کرد، لەگەڵ کێ دانیشتی؟

وەڵام: (من دوو جار لەگەڵ بارزانی نەمر چووم، هەواڵەکەشی بڵاوبۆتەوە و من خۆم باسم کردوە. لەگەڵ هەموو بەرپرسانی ئیسرائیل دانیشتین و پێوەندییەکە زیاتر بەهۆی ئێرانەوە دامەزرا. خۆت دەزانی ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا سێ چوکڵە بوون و هەمیشە بەیەکەوە بوون و کلیلی پەیوندییەکەمان شا بوو. ئێرانییەکان، ئیسرائیلیەکانیان هێنایە ناو کێشەکەوە و کوردیش فیکرێکی وای هەبوو، بەتایبەت خوالێخۆشبوو بارزانی کە ڕەنگە بەهۆی ئیسرئیلەوە بگاتە ئەمریکا. ئەو دەیگوت من ١٠-١٢ ساڵ لە سۆڤیەت بووم و بۆم دەرکەوتووە سۆڤیەت بەسەر ئەجندەی خۆی کێشەی کوردی نییە وەکوو نەتەوەیەک، لەبەر ئەوە من هەوڵدەدەم باقی عومەرم لەگەڵ ئەمریکا پێوەندی بگرم. بەڵام ئیسرائیلییەکان ئەوەیان نەکرد و ئەوانیش کێشەی خۆیان هەبوو. مەبەستیان ئەوە بوو

کورد لەگەڵ سوپای عێراق شەڕ بکات و ئەوان سود وەرگرن. دیارە ئێمە زیانمان لەو پێوەندیە لەگەڵ ئیسرائیل بینی، بەڵام ئێران دەوری زۆری هەبوو لە دامەزراندنی ئەو پێوەندانە لەگەڵ شۆڕشی کورد. لەوکاتەدا شەڕیش هەبوو، خۆت دەزانی کە شەڕ بێت و لە هەموو لایەکەوە لێت بدەن، ئینسان جاری وا هەیە بۆ هەموو لایەک دەڕوا و هەوڵدەدا پێوەندی بکا کە یارمەتی بۆ میللەتەکەی خۆی پەیدا بکا. جاری وا هەیە هەڵەیە و جاری واش هەیە بە دروست دەردەچێ و جاری واش هەیە ئەنجامی نییە. ئەو دەوڵەتانە مەبەستی خۆیان هەبوو. کاتێک ڕێککەوتنی جەزائیر مۆر کرا، هەموویان پشتیان لە ئێمە کرد و لەگەڵ سەدام کەوتن و هاوکاریان کرد.)


پرسیار: عیسا پژمان چۆن ڕۆڵێکی هەبوو لە پەیوەندی ئێوە و ئێران؟

وەڵام: (من پژمانم نەدیوە، بەڵام ئەو جاسوسی ساواک بوو. دیارە خۆی بەرلەوەی پێوەندی بگرێ، ماوەیەک لە بەغدا بووە. هەروەکوو خۆی دەڵێ پێوەندی بەلایەنە کوردییەکانەوە هەبووە، بەڵام کتێبەکەی درۆی زۆر تێدایە. لە دواییشدا بەهۆی کورد بوونیەوە دەوری هەبوو، دیارە کەسی تریش بوون وەک مەنسورپوور و ئەوانەی لە ساواکدا بوون. پژمان بە گوێرەی فەرمانی حکومەتەکەی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان کاری کردوە.)

پرسیار: سوپاس، ئەگەر شتێکی زیاترت هەیە فەرموو؟

وەڵام: (دەستخۆشیت لێدەکەم. ئەو شتانەی تۆ تا ئێستا نوسیوتن، ڕێکوپێکن و من زۆربەیانم دیوە. حەز دەکەم ئەمەی ئێستا دەینوسی، جگە لەو قسانەی ئێمە دەیکەین، ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵک کە جوانتر تێبگات و ڕاستییەکەیان وەک هەیە بڵاوبکرێنەوە. هەوڵبدەن تەقەلای ئەو دەوڵەتانە دەدیدەن لە کۆن و ئێستاشدا بۆ زیان گەیاندن بە کورد، بەتایبەتی دەوڵەتی ئێران کە بۆ لاواز کردنی کورد و شێواندنی مێژووی کورد دەیدا، زۆر چاک ڕوون بکەنەوە کە خەڵک باشتریان بناسێ. ئومێدەوارم و دڵنیاشم هەر ئەوە دەکەی.)

## حەبیب محەمەد کەریم ئەلرەحمانی



حەبیب محەمەد کەریم ئەلرەحمانی ساڵی ١٩٣١ لە شاری "زەرباتیە" لە سنوری عێراق بۆ ئێران لە دایکبووە. بە هۆی براگەورەکەیەوە کە پزیشک بووە لە بەغدا، لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە بەغدا و ساڵی ١٩٤٧وە تێکەڵی کاری سیاسی بووە. ساڵی ١٩٥٣، کە هەمزە عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکرات بوو، چۆتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردەوە. لە ساڵانی ١٩٥٤ بەرپرسی پارتی دیموکرات بووە لە بەغدا. لە کۆنگرەی چوارەمی پارتیدا لە ساڵی ١٩٥٩ بە ئەندامی کۆمیتەی چاودێر و لە کۆنگرەی شەشەمی پارتیدا لە ساڵی ١٩٦٤ بە سکرتێری پارتی دیموکرات هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ١٩٧٥ سکرتێری پارتی بووە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا:

- دوای کۆنگرەی چواری پارتی کە خۆت بەشداربووی تێیدا، هەمزە عەبدوڵا و چەند کەسی تر لە پارتی دەرکران، بەڵام دوای دەرکرانیان کێشەی نێو پارتی بەشێوەیەکی تر لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانیدا سەریهەڵدایەوە، کێشەکەیان بەگشتی لەسەر چی بوو؟ گوتی:

وەڵام: (من لە ساڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩وە ئیبراهیم ئەحمەدم دەناسی. کەسێکی زۆر زیرەک و تێگەیشتوو بوو. پێوەندیی باشم لەگەڵی هەبوو، ئەو مامۆستای من بوو. لەگەڵ مام جەلالیش پێوەندییم باشبوو. کێشەکەی لەگەڵ بارزانی لە سەرەتادا زیاتر کێشەیەکەی شەخسی بوو، ئەوکاتە شتێکی گرنگیان لەنێواندا نەبوو، تا سەرئەنجام ئیبراهیم کەوتە لایەنی دژبە خەتی بارزانی و لەگەڵ ئێران کەوت. کێشەی سیاسی لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا مستەفا زیاتر لەسەر بەستراوەیی ئیبراهیم




ئەحمەد بوو بە ئێران و بارزانی دژی ئێران بوو. بە کورتی بە ئەمری ئێران دەجوولاوە کە ئەوەش لای بارزانی مەمنوع بوو.)

پرسیار: هۆیەکانی تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول لە چیدا دەبینن؟

وەڵام: (شۆڕشی ئەیلول گەلێک کەموکووڕی هەبوو، یەک یان دوو هۆی دیاری نەبوو، زۆر دیاردە هەبوون کە شۆڕشیان خست. یەکیک لەوانە جوغرافیای کوردستان و یەکێکی تر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی بوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا کورد دۆستی نەبوو.)

پرسیار: بە دوای ساڵی ١٩٧٠دا ئیبراهیم ئەحمەد چی بەسەرهات؟

وەڵام: (دوای ڕێککەوتینی ١١ی ئازار ئیبراهیم ئەحمەد گەڕایەوە و بارزانی عەفوی کرد. ئەویش لای ئێمە مایەوە تا ساڵی ١٩٧٥ و دواتر چوو بۆ دەرەوە.)

پرسیار: لەو کتێبانەدا کە ئیتلاعاتی ئێران بەناوی جۆراوجۆر بڵاویان دەکاتەوە، ڕادەگەینرێت کە بارزانی عەشیرەت بوو و وەک سەرۆک عەشیرەت لە حیزبدا هەڵسوکەوتی کردوە، بەڕاستی ئەو نوسراوانە تا چ ڕادەیەک ڕاستن؟

وەڵام: (ئەگەر مەبەستت لەوەیە کە ئاغا بووە و ئاغایەتی کردوە، نا! بارزانی عەشیرەت نەبوو، لە ناوچەی بارزانییەکان عەشیرەت بە واتای ئاغا و ڕەعیەت نییە، بەڵام ئەو لە گوندی بارزان لە دایک ببوو و لەنێو

خـەڵکــی بــارزان و حیــزب و میللـەتــدا زۆر خۆشەویســت بــوو، لـە هـەمــوو بوارەکانـدا کـەسـایـەتییەکی زۆر پـلـە بـەرز بـوو و لایـەنگریـی زۆری هـەبـوو لـەناو میللـەتدا.)

پرسیار: بۆ ماوەیەکی زۆر لە نزیکەوە کـارت لـەگەڵ بـارزانی کـردوە، ئایا بارزانی ئاشنایەتی لەگەڵ کاری حیزبی هەبوو و دەیزانی چۆن لـە حیزبـدا کار بکات؟

وەڵام: (١٠٠% حیزبــایـەتی دەزانــی، بـەڵام ئـەو وەک ئــێمـە حیزبــایـەتی نـەدەکـــرد. وەک ئـــێمـە حیزبییەکـــی وشـــک نـەبـــوو. ئـەو زیـــاتر لـەگـەڵ مـەسـڵـەحـەتی خـەڵـک بـوو. لـەهـەر جێـیـەک مـەسـەڵـەحـەتی مـیللـەت بـووایـە ئـەویش لـەگەڵ مـەسڵـەحـەتی میللـەت بوو. واتـە بـە بیرێکی کراوەتر لـە ئێمـە حیزبایەتی دەکرد.)

پرســیار: بــۆچی بــارزانی هەوڵیــدەدا ئـەنــدامانی کــۆمیتـەی ناوەنــدی و مـەکتـەبـی سیاسـی لـەنـاو هـەمـوو چـین و تـوێژ و شـار و گونـدە جیاوازەکـان هەڵبژێردرێن؟

وەڵام: (چونکە بارزانی کەسێکی کوردستانی بـوو، لـەگەڵ مـیللـەت بـوو و مـەیلـی بـۆلای شـەخسێک و لایـەنێک دیـار نـەبـوو. ئـەو دەیویست نـوێنـەری هـەمـوو شـوێنـەکانی کوردستان لـە کۆمیتـەکانـدا هـەبـن. مـن نـەمـدی لـەگەڵ لایـەنێکی تایبـەت بێت، ئـەو لـەگەڵ هـەموو میللـەت بوو.)

پرســیار: مــام جەلال لـە لاپـەڕەی ٩٦١ ی کتێبـەکـەیــدا دەڵێــت: حـەبیــب مـحـەمـەد کـەریـم لـەگەڵ ئـێمـە بـوو. زەبیحــی بـەرپرســی ئــابووریی بـوو لـە بـەغداو کـەسێکی توندو تووڕە بوو. حـەبیب مانگێ ١٥ دیناری معـاش هـەبـوو، چــونکە زەبیحــی پــارەکەی نـەدایـە، ئـەو چــوو لـەگەڵ بــارزانی کـەوت و لـە کۆنگرەدا کردیان بـە سکرتێر. وەڵامی بـەڕێزتان بۆ ئـەو گوتنـە چییـە؟

وەڵام: (ئەوە ١٠٠% درۆیە و ڕاستی تێدا نییە. ڕاستە من لە سەرەتادا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بووم، بەڵام کاتێک لە سیاسەتی ئەوان گەیشتم و بۆم دەرکەوت کە بارزانی لەسەر ڕێگای ڕاست و حەقە و ئەوان هەڵەن، لەگەڵ بارزانی کەوتم. هەروەها من لە کۆنگرەدا هەڵبژێردرام و دەنگم هێنایەوە و بارزانی منی نەکرد بە سکرتێر، هەرچەندە ئەو کوردستانی بیری دەکردەوە و باوەڕی بە ناوچەیەک و لایەنێکی تایبەت نەبوو.)

پرسیار: مام جەلال لە کتێبەکەیدا باسی کوژرانی مەحمودی حاجی تۆفیق و عوسمان عەونی دەکات و دەڵێ بە شێوەیەکی نادیار لەلایەن لایەنگرانی بارزانییەوە کوژراون. بەڕێزتان کە سکرتێری پارتی بوون، دەکرێت بڵێی ئەوانە چۆن کوژراون؟

وەڵام: (مەحمود حاجی تۆفیق ناناسم، بەڵام عوسمان عەونی شاعیر بوو و بۆخۆی مرد و هیچ کەس ئەوی نەکوشتوە و ئەوەی دەیڵێن ڕاست نییە. لەلایەکی تر، زۆر کەس لەو سەردەمەدا بە ناحەق لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژران. هەروەکوو لە ساڵی ١٩٩١ و دوای ئازادیی کوردستانیش ئەو دیاردە ناحەزە لە شار و گوندەکانی کوردستان دووپات بۆوە.)

پرسیار: تۆ بارزانیت چۆن ناسی و بەڕاستی ئەو چۆن سەرکردەیەک بوو؟

وەڵام: (بارزانی کە لە ڕوسیاوە گەڕایەوە، من یەکەم جار ساڵی ١٩٥٩ چاوم پێی کەوت و دواتریش لە کۆبوونەوەکاندا زۆر جار بینیم. بەلای منەوە پیاوێکی باشبوو. لای خەڵک زۆر خۆشەویست بوو، مەسڵەحەتی میللەتی زۆر لەبەرچاو بوو، ئازا و نەترس و عادل بوو.)

## دوکتۆر عیزەدین مستەفای ڕەسوڵ




عیزەدینی مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵی دێرێژە، ناوی خۆی کورت کردوەتەوە بۆ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ. لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردوە و بۆ ماوەی دوو ساڵان لە کۆلیجی پەروەردە بەشی عەرەبی لە بەغدا خوێندویەتی و بەهۆی خەباتی سیاسی لە زانکۆ دەرکراوە و بەناچار چووەتە سوریا و لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ خوێندویەتی و دواتر بەدوای شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨دا گەڕاوەتەوە عێراق و لەوێ بەکالۆریای عەرەبی وەرگرتوە و دواتر چووەتە یەکێتی سۆڤیەت و لەوێ دوو دوکتۆرای لەسەر زمانی کوردی وەرگرتوە و بووەتە پسپۆر لە زمان و ئەدەبی کوردیدا. دوای گەڕانەوەی ساڵێک لە "دیلمان" لەگەڵ پێشمەرگە بووە و دوای دەرچوونی بەیاننامەی ٢٩ی حوزیران، بارزانی ڕەوانەی بەغدای کردوە و لە زانکۆی بەغدا دامەزراوە و ساڵی ١٩٨١ کە خانەنشین کراوە، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ماوەیەکیش لەسەر لیستی بێلایەن، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. لە ساڵی ١٩٤٩وە ئەندامی حیزبی شیوعی عیراقە و بەشداریی دوا کۆنگرەی ئەو حیزبەی کردوە. مامۆستا عیزەدین ٨٥ کتێبی چاپکراوی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی هەیە. ئێستا خەریکی جێبەجێکردنی پرۆژەی مێژووی ئەدەبی کوردیی و نوسینەوەی بیرەوەرییەکانییەتی. لە سەرەتای لاوەتییەوە تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە، سەرەتا بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و دواتر چوەتە ڕیزی حیزبی شیوعی عێراق و دەڵێ: **لەگەڵ هەموو ڕەخنە و تێبینییەکانم لەو حیزبە کە لە دوا کۆنگرەشدا پەنجەم بۆ ڕاکێشاون، وەک ئەندامی حیزب ماومەتەوە.**

لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە ڕاتان لەسەر کتێبی ژیاننامەی مام جەلال چییە کە لەلایەن عیرفان قانعی فەردەوە ئامادە کراوە و لە ٣١ جێی کتێبەکەدا ئاماژە بە ناوی ئێوە کراوە و لەو کتێبەدا بە ڕاشکاوی سیمای ڕێبەرانی کورد ناشیرین کراوە؟ گوتی:

وەڵام: (ئەوەی ئەوکارانە دەکات، دوژمنە ئەگەر کوردیش بێت. من لەگەڵ ئەوەم کە کۆمەڵێک سیمبولمان هەیە کە نابێت خۆمان سوکیان بکەین. واتە لە سەید تەهای نەهرییەوە بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان، بۆ بارزانی بۆ شێخ مەحمود، بۆ دوکتۆر قاسملوو، بۆ کاک مەسعود و مام جەلال. ئەوانە سەرکردەی کوردن بەتایبەتی ئەگەر کوردێک بیکات بەو واتایەیە کە میللەتە سوک دەکات. من لەگەڵ مەلا مستەفا ژیاوم. ئەو دوو ساڵ لێرە لەلای باوکم لە مزگەوت خوێندویەتی و ئاگاداری ئەوەش هەم کە لە مۆسکۆ خوێندویەتی و سەرکردەیەکی خوێندەوار بوو. ڕەمزێکە کۆمەڵێک شتی تایبەتی هەیە کۆمەڵیک شتی گەورەی هەیە و وەک هەموو ئینسانێک کەموکووڕیشی هەبووە. ئەوەی من بە کەموکووڕی دەزانم، ڕەنگە لای جەنابت گەورەیی بێت. مەسەلەن لەسەر شەخسی پێشەوا، چەند یادێک کرایەوە، قسەیان دابوومێ، کۆمەڵێک مەلا دانیشتبوون و گوتم ئێوە مەلان و منیش حەوت پێشتم مەلایە لە باوکمەوە و لە نەنکم کە نەوەی مەولانا خالیدە. بەڵام ئێستاش بە هەمووتان نیوەی پێشەوا زمان دەزانن؟ لە باکۆ ئەسەدۆف و سەلاحەدینۆفم بینی، دەیانگوت: قازی محەمەد بە ڕەوانی ڕوسی قسە دەکرد. ئینجا ئینگلیزی و فەرەنسی و تورکیشی دەزانی. مەلایەکی ئەوا هەڵکەوتوو ئەگەر من بێم کەمی بکەمەوە، گوناحە. شێخ مەحمود قارەمانە، پێش جەنگاوەرەکانی کەوتووە و لە بەردە قارەمان بریندار بووە و بردویانە نەفی کراوە، بۆ لێی کەم بکەمەوە، گوناحە. ئەگەر بگەڕێی شت دەدۆزییەوە، لە لێنین لە مارکس و هەر کەسێکی تر، جا ئەگەر ئەوە کورد بیکات شتێکی خراپە. من ناڵێم درۆ دروست بکەین، شتی ڕاست کە من دەربارەی بارزانی دەیزانم، لە منالیمدا لێرە دیومە، لە بەغدا چوومەتە مالی و لە دیلمان سالێک لەلای بووم، ئەو شتە ڕاستانە دەلێم. وەک ئەوەی زیرەکییەکی سرۆشتی تێدا بوو، بە ڕوونی لە سیاسەت دەگەیشت، تا کاربەدەست شێخ ئەحمەدەوە بوو، بەشداریی شەڕەکانی

کردوە. لە شەڕی هەندرێندا من لەگەڵ برادەرانی شێوعی بووم. بارزانی لەو شەڕەدا ئاگای لە بست بستی شەڕەکە بوو، ئەمە کۆمەڵێک شتی گەورەی تێدایە. بە سەدامی گوت:

- کەرکوک دەدەن بدەن نایدەن مەیدەن، بەڵام لەمن نابیسن کە بڵێم کەرکوک هی کورد نییە و بڵێم ئەوە هی مەرکەزە.

سەدام گوتی ئەو بەری کەرکوک بۆ ئێوە، بۆ حکومەتی ئۆتۆنۆمی و ئەم بەرەی بۆ حکومەتی مەرکەزی و ئاوی خاسە لەنێوانیاندا بێت. لە وەڵامدا بارزانی پێیگوتبوو:

- من کەرکوک ناکەم بە برلین. تۆ چیدەکەی خۆت بیکە.

سەدام لە هەندێک کاری خۆیدا زیرەک بوو، بەڵام نەیخوێند بوو، پێیوابوو، نەوتی کەرکوک هەرلەو بەشەیە کە گڕی باباگوڕگوڕی لێهەڵدەستێ و نەیدەزانی بەشەکەی تریشی نەوتە و ئەو دەیویست بەشە نەوتییەکە بۆخۆی ڕاگرێ و ئەویتری بدات بە کورد کە ڕووبەڕووی ئەو وتەیەی بارزانی بۆوە کە کەرکوک ناکەم بە برلین.

شتم زۆرە بیگێڕمەوە دەربارەی بارزانی، خۆ ئەگەر بڵێم کەموکوری نەبووە، هەموو کەس هەیەتی، لە ئەفلاتونەوە بگرە تا ئەرەستو و مارکس و لێنین، بەڵام ئەگەر کورد خۆی بێت و ئەم ڕەمزانەی خۆی سوک بکات، گوناحە. بارزانی بۆ ماوەی پەنجا ساڵ سەرکردەی بزوتنەوەی کورد بووە، من کە بێم لێی کەم بکەمەوە، قسە بە میلەتەکەم دەڵێم کە میللەتێکی قارەمانە. بە دوای نەکسەی ١٩٧٥ کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە بە دە ساڵیش شۆڕش سەرهەڵداتەوە، کەچی پاش ساڵێک شۆڕش سەریهەڵدایەوە و ئێستاش میللەتی کورد کۆڵ نادات. هیچ کوردێکی بە شەرەف نیە بە یەکێتی نێوان کاک مەسعود و مام جەلال دڵخۆش نەبێت.)

پرسیار: لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا زۆر باسی کێشەی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی دەکرێت، تۆ ئەوکاتە کە لە گۆڕەپانی خەباتدا بووی، چۆن لەو کێشانە دەدوێی؟

وەڵام: (بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، ئەوانە زۆر زۆر بەگەورەیی لە بارزانی دەدوان. من کەمتر ئیبراهیم ئەحمەدم بینیوە، تا

ئەو دوایانە لە کۆنگرەی نەتەوەیی لە دەرەوەی وڵات، بەڵام لە کۆنەوە مام جەلال دەناسم. دوای ساڵی ١٩٦٤ کە ئیبراهیم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسی لە پارتی جیابوونەوە، لەبیرمە کاک نوری شاوەیس هاتبوو بۆ ئەوروپا بۆ کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ئیبراهیم ئەحمەدی لەگەڵ نەبوو، بەڵام دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان نوری شاوەیس و نوری ئەحمەد تەها و عەلی عەبدوڵا هاتبوونەوە. بارزانی سێ کەسی ناردبوو بۆلایان. هەروەها چووین بۆلای مەلا



مستەفا، هەڵوێستێکی زۆر ئیجابی هەبوو، گوتی ئەوە حیزبی خۆیانە، با بێنەوە و لە کۆنگرەدا خۆیان بپاڵێون لە "وەڵز"ێ بوون بەرەو کارۆخ، من لەگەڵ مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی و کاک فاخر بووم، چووین بەخێرهاتنەوەیان بکەین، لەوێشەوە ئەوان ڕای خۆیان هەبوو لەسەر چوونیان بۆ ئێران. بە دوای ساڵی ١٩٧٠دا هەموویان هاتنەوە، بەڵام لەگەڵ کەسایەتی و ڕۆڵی مەلا مستەفایان پێنەکرا، بارزانی تەنانەت لە ناو دەوڵەتانیشدا زۆر گەورە بوو. من ئەو کابرایە، عیسا پژمانم لە شام بینیوە. لە ماڵی ڕەوشەن بەدرخان هاوسەری جەلال بەدرخان بووین، ناردی بە دوای هەژار و زەبیحی دا، حەکایەتەکەی درێژە، کوڕەکەی گوتی تۆش وەرە. لەوێ چاوم بە پژمان کەوت، ئەو دەیویست شۆڕشەکە بکات بە دەستکردی شا کە ڕاست نییە و زەرورەتێک شۆڕشی پێکهێنا. ئەو دەیگوت:

- بە شام گوت، مەلا مستەفا هەیە، شا لە وەڵامیدا گوتبووی مەلا مستەفا سێ جار منی هەڵخەڵەتاندوە و من لەگەڵ ئەو نایکەم. دوای ماوەیەک گەڕامەوە گوتم ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال هەن، بەڵام شا گوتی بەوانە ناکرێت و دواتر ڕازی بوو تاقییان بکاتەوە.

ئەوە بوو سەرەتا عەشایر لە دەربەندی خان و دەربەندی بازیان دەستیان پێکرد و مام جەلال هات لە دەستی هەستاندن و مەلا مستەفاش کە ئەوکاتە بارزان بوو، لە دەستی ئەوی هەستاند. بارزانی بە مام

جەلالی دەگوت جەلالە شێت و زۆریشی خۆشدەویست. چونكە مام جەلال لەو كەسانە بوو كە بارزانی لە ساڵی ٥٧ لە مۆسكۆ بینیبوو. بیستوومە دەیانگوت بارزانی گوتویەتی جەلالە شێتم لە جێگای ئیبراهیم ئەحمەد دانابوو، كەچی بەدوای ئەو كەوتوە.)

پرسیار: مەبەستی كۆماری ئیسلامی لە ناشیرین كردنی سیمای سەركردەكانمان و چەواشە كردنی مێژووی كوردستان چییە؟

وەڵام: (ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی كە بەداخەوە خۆیان دەڵێن حكومەتی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەیان هەیە و ئێستاش خۆیان بە پاشماوەی ئەو دەزانن، باوەڕیان بە مەسەلەی كورد نییە، نازانم تا چ ڕادەیەك ئازەرییەتی باوە لەناویاندا كە خامنەیی ئازەرییە، بەڵام باوەڕیان بە مەسەلەی كورد نییە. دیارە ئەوانیش بەو ڕاستییە دەزانن كە هەر كوردێكی بەشەرەف خوازیاری سەربەخۆییە و ئەوانیش لەوە دەگەن كە ئەگەر كورد دەسەڵاتی هەبێ جیادەبێتە و دەسەڵاتی هەبێ، یەك دەگرێ و سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت. هەموو چەواشەكاریی و ناشیرین كردنەكەیان بۆ ئەو هەستەی كوردییە دەگەڕێتەوە و ئەوان دژی ئازادیی كوردن.)

پرسیار: لە كتێبی ٦٠ ساڵی مام جەلال دەردەكەوێت كە ئێوە چاوتان بە عیرفان قانعی فەرد كەوتووە، دەكرێ بڵێی، پێكەوە لەچی دوان؟

وەڵام: (ئەو وادەڵێت، بەڵام من لەبیرم نیە كە ناوبرام بینیبێت، خەڵكی ترم لەبیرە و من وەڵامی وتەكانی قانعی فەرد دەدەمەوە. بەهەر حاڵ، وەڵام بۆ كۆماری ئیسلامی و شوینییەكانی تر، یەكبوونی كوردە، من لەم باوەڕەدام ئێران گۆڕانی تێدادەبێت و هەردوو حیزبە دیموكراتەكانیش دەبێ یەكبگرن تەنانەت ئەگەر لە دوو حیزبیشدا بن.)

## محەمەد مەلا قادر




محەمەدی مەلا قادر ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی "بیرە کەپران"، لە دەشتی هەولێر لەدایکبووە. لە حوجرەی فەقێیان خوێندویەتی و بەپلەی مەلایەتی گەیشتوە و دواتر لە بەغدا بەشداریی تاقیکردنەوەی مامۆستایەتی کردوە و بە پلەیەکی باش قەبووڵ بووە. بۆ ماوەی ساڵێک لە کەرکوک خولی مامۆستایەتی بینیوە و بە مامۆستای وانەی عەرەبی و دینیی دامەزراوە و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە گوندی "دووگردەکان" لە خوارووی قوشتەپە مامۆستایەتی کردوە. لە پەنجاکاندا دۆستی حیزبی شیوعی بووە و ساڵی ١٩٥٦ لە حیزبی شیوعی دوور کەوتووەتەوە و چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە و لەو ڕێکخراوەدا لەگەڵ چەند کەسی تر یەکێتی قوتابیانی ئایینی دامەزراندوە. محەمەد ئیسماعیل سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ خوێندن چووەتە قاهیرە و مەلا محەمەد بەرپرسایەتی قوتابیانی لە ئەستۆ گرتووە. ساڵی ١٩٥٨ کە هەمزە عەبدوڵا سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد بوو، چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتەوە.

کاتی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، لەگەڵ وەفدێکی ١٢ کەسی لە هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک و شارەکانی تر، سەردانی بارزانییان کردوە و ویستویانە بچن کەریم قاسمیش ببینن، بەڵام خالید نەقشبەندی ئەندامی مەجلیسی سیادەیان بینیوە. بارزانی پێی گوتوون ئەگەر گەنجی وەک ئێوە بێن سیاسەت بکەن، کورد ڕزگار دەبێت. محەمەد مەلا قادر لە کۆنگرەکانی ٤ و ٥ ی پارتیدا بەرپرسایەتی هەبووە لە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە و لە کۆنگرەی شەشەمی پارتیدا کە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ لە قەڵادزێ پێکهاتووە، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵا لەسەر چ بوو؟ گوتی:

وەڵام: (ئەوکاتە بەگوێرەی زانیارییەکانی من، هەمزە عەبدوڵا مارکسی بوو و ئیبراهیم ئەحمەد پتر لایەنگری رۆژئاوا، ئەگەرنا گەلاوێژ خانی خێزانی ئیبراهیم ئەحمەد خوشکی هەمزە عەبدوڵا بوو. خاڵی دووەم: هەمزە عەبدوڵا لە دامەزرێنەرانی پارتی بوو کە چوو بۆلای بارزانی لە مهاباد و لەگەڵ لیژنەی ئازادی، پارتیان دروست کرد و بارزانی نامەی دایە و لەگەڵ کۆمەڵێک ئەندامی رزگاری و شۆرش و پاشماوەکانی هیوا و خەڵکی تر، لە ١٦ی ئابدا، پارتی دیموکراتی کوردیان دامەزراند. هەمزە عەبدوڵا مارکسی بوو و دەیویست پارتی وەک حیزبی شیوعی لێبکات.)

پرسیار: هەمزە عەبدوڵا لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە حیزب دەرکرا، بەڵام ئەم جارەیان کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی لەسەر چی بوو؟ بۆچی ناوی حیزب و بارزانییان لەسەر پارتی دیموکرات دانابوو؟

وەڵام: (بە بۆچوونی من کە رەنگە سەرەرای پارتی بوونم تا رادەیەکی زۆر بێلایەن بووبم و ئێستاش لەسەر رێبازی بارزانیم، لە راستیدا ئەگەر بارزانی نەبووایە پارتی دیموکرات دروست نەدەبوو. ئەو بوو کە هەمزە عەبدوڵای نارد بۆ دامەزرانی پارتی و دوای شۆرشی تەموزیش خۆی سەرپەرشتی کرد لە گەشەپێدانی پارتی و دیسانیش دەڵێم بە رای من ئەگەر بارزانی نەبووایە، پارتی دیموکراتی کوردستان دروست نەدەبوو. دوو حیزبی لاواز هەبوو کە ئەوانیش وەکوو هیوا دەچوونە ناو قەبر و تەواو دەبوون. بەس بارزانی توانی پارتی دروست بکات و درێژەی پێبدات. ئەگەر پارتی و بارزانییش نەبووایە شۆرشی ئەیلول و شۆرشی گوڵان و هیچ شۆرشێک لەم بەشەی کوردستاندا نەدەبوو. مام جەلال کە خۆشی بۆ ماوەیەکی زۆر لەنێو پارتیدا دەوری هەبوو و چوو لە مۆسکۆ بارزانی بینی، بەو راستییە دەزانێ. دژ وەستانی مام جەلالیش لەگەڵ بارزانی بە رای من بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگەرایەوە کە ئەو جیابوونەوەیەی لێکەوتەوە. رۆژئاوا، عێراق، شوونیزمی عەرەبی رایان وابوو کە مەلا مستەفا چونکە ١١- ١٢ ساڵ لە روسیا بووە، شیوعی و سەربە وڵاتانی سۆسیالیستە و وڵاتانی سەرمایەداری بە تێکرا کەوتنە دژایەتی کردنی بارزانی و تەنانەت کێشەیان لە نێوان و بارزانی و کەریم قاسم دروستکرد

و لە دۆستایەتییەوە کێشرایە دوژمنایەتی کردنی یەکتر. لەبەر ئەوە بە ڕای من کێشەکان فیکریی بوون.)

پرسیار: بارزانی وەک کەسێکی حیزبی نەدەجولایەوە و دیسیپلینی حزبی نەبوو، بۆچی ئەو پابەند بە بڕیارەکانی حیزب نەبوو؟

وەڵام: (لە ڕاستیدا بارزانی ڕەئیسی حیزب بوو و لە گۆنگرەکاندا بۆ ئەو پلەیە هەڵدەبژێردرا، بەڵام وەکوو من، یان حەبیب محەمەد کەریم، یان عەلی عەبدوڵا، یان کەسێکی تر پابەند بە دیسیپلینی وشکی حیزبی نەبوو، بەڵام حەزی دەکرد و هەوڵیشی دەدا حیزبەکەی بەهێز بێت و گەشە بکات. ئەو وەک زەعیم و سەرۆکی کورد بوو، نەک سەرۆکێکی چەسپاو بە حیزب. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەوە تورە بوو کە پێی بڵێن زەعیم و قینی لە ئەلقاب و شتی وا دەبوّوە، ئەو زیاتر لایەنگری کوردایەتی بوو تا حیزبایەتی و دەیویست کوردایەتی فرەوانتر بێ لە حیزبایەتییەکی بەرتەسک. دەیویست قەوارەیەکی گەورە هەبێت کە پارتیشی تێدا بێ، شیوعیشی تێدا بێ و حیزبەکانی دیکەشی تێدابن و زیاتر حەزی لە کۆکردنەوەی میللەت دەکرد.)

پرسیار: مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت کاتێک ڕژێم لە بەغدا لە شیوعییەکانیدا، مەکتەبی سیاسیی پارتیش هاوکات بیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و شیوعییە ڕاکردووەکانی بۆ کوردستان، وەربەر پەلاماری پێشمەرگەکانی مەکتەبی سیاسی دا، بەڵام لە لایەکەیتردا کە بارزانی دەسەڵاتی هەبوو، داڵدەی شیوعییەکانی داوە، ڕاستی مەسەلەکە چۆن بوو؟



وەڵام: (ئەوە بە تەواوی ڕاستە، ئەوانەی لای بارزانی لە ئاسایشدا بوون. بارزانی زۆرجار دەیگوت حەیفە ئینسان لە کانییەک ئاو بخواتەوە و دواتر بەردی تێهاوێت، مەبەستی لە سۆڤیەت بوو. ئەو حەزی نەدەکرد، زەمی سۆڤیەت بکات و دژی بوەستێ. بەو حاڵەش بە ڕای من بارزانی پترلە هەستی نەتەوایەتییەوە دەیڕوانییە کێشەکان، دۆزینەوەی دۆستێکی بۆ کورد بە گرنگ دەزانی و هیچ کەسی لەخۆ دوور نەدەکردەوە.)

پرسیار: ساڵی ١٩٦٣ شەڕ دەستی پێکردەوە و سوپای عێراق بە هاوکاریی جاشەکان پەلاماری کوردستانیدا، دەکرێ هەندێک دەربارەی ئەو شەڕە و خاڵی هێرش و بەرەکانی بدوێی؟

وەڵام: (ئەوکاتە من مامۆستا بووم و لە شۆڕشدا نەبووم، ساڵی ١٩٦٤ چوومە نێو شۆڕش. پێشتر لە ڕێکخستنی شاردا کارم دەکرد، بەڵام بە زانیاریی من، لە دوو بەرەوە هاتن، بەرەیەکیان بەتایبەتی بۆ بارزان بوو کە زۆر بەگرانی لە ناوچەی پێرس، ئاکرێ، سەرچنار و دۆڵی شانەدەرەوە هێرشیان کرد. بەرەی دووەم بەرەی چەمی ڕێزان لە نێوان کەرکوک و سلێمانی بوو کە مام جەلال فەرماندەی هێزەکانی ئەوێ بوو. دیارە ئەوان لەوێ شەڕیان پێنەکرا و زوو پاشەکشەیان کرد، بەڵام لە بارزان شەڕی قورس کرا و دوای ماوەیەک ئەوانیش ناچاربوون پاشەکشە بکەن. دوژمن گوندی بارزانی گرت.)

پرسیار: بۆچی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی لەگەڵ وتووێژ نەبوون؟

وەڵام: (لە سەرەتادا لەگەڵ بوون. مام جەلال و کاک عەلی عەبدوڵا و نوری شاوەیس لەگەڵ بارزانی بەشداربوون لە وتوویژ لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی کە بە نوێنەرایەتی عەبدولسەلام عارف هاتبوو بۆ ڕانیە و هەرسێیان هاودەنگ بوون لەگەڵ ئەو وتوویژە، بەڵام کە گەڕانەوە بۆ لای ئیبراهیم ئەحمەد، ڕایان گۆڕی.)

پرسیار: عیسا پژمان لە بەستراوەیی بارزانی بە ڕژێمی ئێران دەدوێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت سەرەتا پێوەندی لەگەڵ زەبیحی و ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال دامەزراندوە، بەڵام مام جەلال لە کتێبەکەیدا دەڵێ سەرەتا بارزانی پێوەندی لەگەڵ ئێران دامەزراندوە، تۆ چ دەڵێی؟

وەڵام: (بەپێی زانیارییەکانی من کە دەتوانم بڵێم زیاتر بێلایەنن، وەفدێک ساڵی ١٩٦٢ بە ڕێگای عیسا پژمانەوە دەچێ بۆ ئێران و لە گەڕانەوەدا ٢٠٠ چەکی برنو لەگەڵ خۆیان دەهێنن. لەوێوە پێوەندی شۆڕش لەگەڵ ئێران بە ڕەسمی دەستی پێکرد، بەڵام بارزانی لەو پێوەندییە ئاگادار نەبوو. وەفدەکە دەگەڕێتەوە و ٤٠- ٥٠ تفەنگ بۆ بارزانی دەنێرێ و لەوێوە بارزانی دەزانێ کە چوون و تفەنگیان وەرگرتووە. بارزانی بەوە زۆر توڕە بوو کە چۆن دەبێ بەبێ ڕای ئەو وەفد بچێ بۆ تاران و بگەڕێتەوە و چەك بێنێ و دابەشی بکەن، ئەو کە سەرۆکی پارتییە ئاگای لێ نەبێت.

بە ڕاستی ئەوە خاڵێکی زۆر جەوهەری بوو لە پێوەندیی و کێشەکانی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسییدا و لەوێوە کێشەکان پتر زەق بوونەوە. وەک بزانم بە دوای ئەوەدا کاک نوری ئەحمەد و ئیبراهیم ئەحمەد چوون بۆ بریتانیا و پێوەندی خۆیان بەوێشەوە توند کرد. پەیوندی بارزانی لەگەڵ ئێران بە دوای جیابوونەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٤و بە دوای کۆنگرەی شەشەمدا دەستی پێکرد. من لەو کۆنگرەیەدا لیژنەی چاودێر بووم. لەوێوە کەسێک بەناوی مەنسورپوور کە کورد بوو، هات و پێوەندی مەکتەبی سیاسی بگوازێتەوە بۆ بارزانی و سەرکردایەتی نوێ کە بارزانی قەبووڵی کرد و بەرە بەرە هاوکاریی شۆڕش دەستی پێکرد.)

پرسیار: بۆچی بارزانی دژی پژمان بوو؟

وەڵام: (چونکە پژمان پێوەندی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئێران دامەزراندبوو، بارزانی عیسا پژمانی خۆش نەدەویست.

پرسیار: گوتت هەر لە منداڵییەوە کە چاوم کردەوە پارتی بووم، دواتریش بە مەلایی دەناسرام، دەکرێ بڵێیت لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەدا، بارزانیت چۆن ناسی؟

وەڵام: (ئەم چیایەی ڕووبەڕوومان ناوی سەفینە، دەیبینی؟ من زۆر لەو چیایە بووم و شەڕیشم تێدا کردوە. تۆ ئەگەر بڵێی باسی سەفینم بۆ بکە، لاموایە ئاسان نیە کە وەسفی سەفین بکەم. دەتوانم لە درێژایی، پانایی و بڵندایی بدویم، بەڵام بۆمن دژوارە کە لە پێکهاتەی خاک و بەردەکانی بدوێم. بە ڕاستی مەلا مستەفا لەو چیایە زۆر گەورەتر بوو. بارزانی ئەگەر لەو سەردەمەدا نەبووایە و لە سەردەمی کۆنتردا بووایە کە باسی ڕۆستەم و سۆهراب و ئەسفەندیار و کێ و کێ دەکەن کە ئەفسانەن، لەوانە بوو ڕۆژێک هەربەو جۆرەش باس لە بارزانی بکەن. کەسێک کە لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە خەریکی شۆڕش و شەڕ و ڕاکردن و ئاوارەیی بوو بێت. ئەو بارزانییەی کە من دەیناسم، دیارە ڕەفاقەتم نەکردوە کە بڵێم شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، بەڵام زۆرجار لە نزیک و لە کۆبوونەوەکاندا بینیومە، هەموو ژیانی خۆی بۆ کورد و کوردستان بەخت کرد کە کورد ببێت بە شتێک، حەقی هەبێ، دەوڵەتی هەبێ و مافێکی دەستکەوێ، پیاوێکی دادپەروەر بوو بە ڕاستی زۆر عادل بوو. بۆ نموونە جارێک ئێمە سێ کەس بە نوێنەرایەتی لق چووینە لای، گوتی:

- کابرایەکی جەڵەبچی هاتە لام و گوتی: حەیوانیان لێ ئەستاندوم. گوتم: چۆن؟ گوتی: لە داریشمانەی لای قەلادزێ گومرگیان لێوەرگرتم. هاتم لە داری قەمتەرانیش شتێکیان لێ ئەستاندم و هاتمە لای پیرە و میرە لە لای کۆیە و لەوێش بەرپرسێکی ئێوە گوتی ماوەیەکە گۆشتمان نەخواردوە و کاوڕێکی لێ ئەستاندم. گوتم برا خوا قەبووڵ ناکا، من دووجار گومرگم

داوە و ئاخر چۆن وادەبێ؟ بەڵام ناچاریان کردم کاوڕێکیان بدەمێ و ئێستاش هاتووم شکایەتی خۆم لە تۆ بکەم.
گوتم تۆ ئەوانە دەناسی و دەزانی کێ بوون؟ گوتی: ناوەڵا. گوتم باشە هەموو پارەکەت چەندە؟ گوتی: دوازدە دینار. بەرپرسی داراییم بانگ کرد و ١٢ دینارەکەم بۆ وەرگرتەوە. کابرا گوتی: وەڵاهی سێ شەقیشیان لێ داوم. گوتم وەرە سێ شەقەکەت لەمن بدە، خۆم دواتر پارەکەشیان لێ دەستێنمەوە و شەقەکانیشیان لێ دەدەمەوە. کابرا گوتی: من ئەو بێ ئەدەبییە ناکەم و عەفویان دەکەم. بارزانی بە بەرپرسانی فەرماندا کە بچن ئەوانە بدۆزنەوە کە سێ شەقی کابرایان لێ بدەمەوە.
بارزانی لە ئازایەتیدا پێموایە کەس نەیتوانیوە شان لە شانی بدات، پیاوێکی زۆر ئازا بوو. پیاوێکی عادل بوو، پیاوێکی سەخی بوو، ئەگەر دینارێکی هەبووبێ و کەسێکی فەقیری دیبا، نیو دیناری بۆخۆی ڕادەگرت و نیوەکەی تری دەدا بەو. کەسێکی زۆر بەخشندە بوو. لە سەردەمی ئەودا کە کێشەی کۆمەڵایەتی ڕوویدەدا، کێشەکەی بە مەحکەمە دەسپارد و بە گوێرەی یاسا هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاوانباران دەکرد.
بارزانی لەگەڵ زۆر دەوڵەتی دنیا پێوەندی هەبوو، تەنانەت فازل بەڕاک مودیر عامی بەعس لە کتێبەکەیدا "بارزانی بین الحقیقەتی ولاستورە" زۆر بە ڕوونی و بە حورمەتەوە باسی بارزانی دەکات و دەڵێت بارزانی کێشەیەکی هەبوو، بەدوای کێشەکەیدا دەگەڕا چارەسەری بکات. بەعس کتێبەکەی بڕاکی کۆکردەوە و بۆخۆشی لەناو برد کە یەکێک لە هۆیەکانی نوسینی ئەو کتێبە بوو لەسەر بارزانی.)

دوا پرسیار: بۆچی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک دژایەتی بارزانی و تەنانەت مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و بنەماڵەی بارزانی دەکات؟

وەڵام: (ئێمە کە لە ئێرانیش بووین و ئەوان یارمەتیان دەداین، هەربەو جۆرە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردین. وەک دەڵێن خواردنەکەیان ژەهری تێدابوو، بە بەردەوامی هەوڵیاندەدا کە قەڵەو نەبین، پێش نەکەوین، لێ نەدەگەڕان شتێکی باش دروست بکەین و لە هەمانکاتیشدا دەیانویست بۆ

مەبەستی خۆیان بەکارمان بێنن. بۆ ئەوە زۆر دژمان بوون. بەڕای من کێشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازی بارزانی کە ڕێبازێکی پاکە و تەسلیمی دوژمن نابێ. ئەوان خەڵکی تریان تاقیکردوەتەوە و زۆر ئاسان فریویان داون، بەڵام بنەماڵەی بارزانی نا، دەکرێ بڵێین چونکە ڕێبازی بارزانی زۆر پاک و ئەسیل و کوردانەیە، لەسەر خۆیان بە مەترسی دەزانن. بەڕای من دژایەتییەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوژمنی کوردن.)

## دوکتۆر شەفیق قەزاز



دوکتۆر شەفیق قەزاز ساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی لە دایکبووە، بەڵام بە بنەچە خەڵکی مهابادە و لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکان و دروستکردنی شاری سلێمانی، بنەماڵەکەی هاتووە لە سلێمانی نیشتەجێ بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی بوون و ساڵی ١٩٥٥ لە کۆلیجی ئەمریکی بەغدا و کولیییەی توجارەت و ئابووریی لە بەغدا خوێندوە. ساڵی ١٩٦٠ چووەتە ئەمریکا لە زانکۆی کەنتاک ماجستەری لە دیپلۆماسی و ئابووریدا وەرگرتوە و ساڵی ١٩٦٣ چووەتە واشنتۆن و لەوێ لە بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دوکتۆرای وەرگرتووە. لە بەغدا تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە و لەگەڵ چەند لە دۆستانی لە ئەمریکا کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی بوژاندوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦٥وە بۆ ماوەی ٨ ساڵ نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بووە لە ئەمریکا. بەشداریی کردوە لە کۆنگرەی حەوتی پارتی دیموکراتدا کە ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٥ پێکهاتوە و وەک خۆی دەڵێ لەو کۆنگرەیەوە ئەندامەتی پارتی قەبووڵ کردوە. ساڵی ١٩٧٣ لە ئەمریکاوە گەڕاوەتەوە بۆ نێو شۆڕش و ئەرکی ڕاگەیاندنی لە ئەستۆ گرتووە. ساڵی ١٩٧٤ نوێنەری شۆڕش بووە لە ئێران و بە دوای مۆرکرانی ڕێککەوتنامەی جەزائیر چوەتەوە ئەمریکا و لەسەر داوای سەرۆک مەسعود بارزانی، ساڵی ١٩٩٦ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. وەزیری مرۆڤایەتی بووە لە کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. لە کابینەی پێنجەمدا وازی هێناوە و خەریکی زیندوو کردنەوەی کۆڕی زانیاری و کردنی بە ئاکادیمیای کوردیی بووە و بۆ ماوەی هەشت ساڵیش سەرۆکایەتی ئاکادیمیای کوردی کردوە و دواتر وازی هێناوە، بەڵام هەتا ئێستاش وەک ئەندامی ئەنجومەنی کارای ئاکادیمیا ماوەتەوە. بە ئەمری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵ خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکانی

زانکۆی هەرێمی کوردستان بووە و سەرئەنجام زانکۆکانی ڕێکخستوەتەوە و سەرۆکی تازەیان بۆ دیاری کردوە. هەروەها بە هاوکاریی و پشتگیریی ئابووری نێچیرڤان بارزانی یانەی ئاوێزەی بۆ خێزان لە هەولێر دامەزراندوە. وەک خۆی دەڵێ ئێستا خانەنشینە و گەڕاوەتەوە سلێمانی و خەریکی ئامادەکردنی سەرلەنوێی فەرهەنگی شارەزورە کە پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٠دا بڵاوی کردبووەوە لەگەڵ نوسینەوەی بیرەوەرییەکانی و هەندێک جاریش وەک چاودێری سیاسی، وتار بۆ ڕۆژنامەکان دەنوسێ. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە پارتی دیموکرات دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لە ١٩٥٨دا کێشەی هەمزە عەبدوڵا و ئیبراهیم ئەحمەدی لە کۆنگرەی چوارەمدا چارەسەر کرد، بۆچی ئەو کێشەیە دواتر لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانیدا هەڵیدایەوە، گوتی:

وەڵام: (ئەوەی هەموومان دەیزانین ئەوەیە کە بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، پارتی لەژێر کاریگەریی حیزبی شیوعیدا بوو. مەلا مستەفا کە هاتەوە، بە ڕای من کە خۆشم لێم بیستووە، ئەزموونێکی تاڵی لە سۆڤیەت هەبوو و بێگومان ئەوە کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەو و مەراقی ئەوەی هەبوو کە بزانێ پارتی بۆ کوێ دەڕوات، کاتێک زانی بەلایەنی شیوعییەت و حیزبی شیوعیدا دەچێ، ویستی ئەو ڕوانگەیە بگۆڕێ. دواتر کە من مەلا مستەفام باشتر ناسی و لە سەفەری ئەمریکا لەگەڵی بووم. کەسایەتی بارزانی لەوە دەچوو کە لە شیوعییەت و چەپ و سۆسیالیزم نائومێد بووبێ و زۆر مەراقی ئەوەی هەبوو کە بتوانێ لە ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا نزیکە بێتەوە. وەک من بزانم ئەوە کاریگەریی هەبوو لەسەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکان کە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە ٥٨- ٥٩ و دواتریش کە لە پارتیدا ڕوویاندا. کاتێک بارزانی گەڕایەوە من لە ئەمریکا بووم، ئاوا دەگوترا شەخسی مەلا مستەفا کە ١١- ١٢ ساڵ لە سۆڤیەت بووە، لەژێر کاریگەریی سۆڤیەتدا، بەرەو بەرەی شیوعی چووە، بەڵام ئەو بۆچوونە ڕاست نەبوو و پێچەوانەکەی دەرکەوت. من خۆم لەبیرمە کاتێک لە ئەمریکا بووم، هەوڵی ئەوەمان دەدا کە سەرنجی ئەمریکاییەکان بەرەو شۆڕشی ئەیلول ڕابکێشین، بەڵام بە حوکمی ئەوەی شۆڕشەکە هێمای

شیوعیەت و چەپڕەویی پێوە بوو، ئەوان دورە پەرێز دەوەستان و ماوەیەکی گرت تا بۆیان دەرکەوت بارزانی بۆ کێشەیەکی نەتەوایەتی هەوڵدەدات.

بەشی دووەمی پرسیارەکەت سەبارەت بە کێشەی نێوان هەردوو خوالێخۆشبووان، بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، بێگومان دەبێ بڵێم کە لە بۆچوونی سیاسیی ئەو دوو کەسەدا جیاوازیی هەبوو. بە حوکمی ئەوەی کە ئیبراهیم ئەحمەد کە بۆی هەڵکەوتبوو زیاتر خوێندەوار بێ، پارێزەر بوو، نوسەر و شاعیر بوو لەگەڵ بارزانی کە خەڵک باسی دەکەن کە لە سەرچاوەیەکی عەشیرەتیەوە هاتووە. دووەم شێوەی دروستبوونی مەلا مستەفایە کە کەسێک بووە خۆی، خۆی دروستکردوە و دەتوانم بڵێم هەندێک زروفی نەهاتووەتە پێشەوە. مەلا مستەفا یەکێکە لەو سەرکردانە بوو کە بە ڕەئی من، خۆی جیادەکاتەوە لەو کۆمەڵە کوردییەی کە لێی هاتووە کە کۆمەڵێکی عەشیرەتی، کۆمەڵێکی لادێ و کۆمەڵێکی شۆڕشگێڕانە بووە و دەتوانم بڵێم بە زەبری کەسایەتی خۆی جا ئەوە کاریزمای ناو دەنێی، یان هەرشتێکی تری ناو دەنێی، ئەو کابرایە لەناو کورددا خۆی دروستکردوە. لە پلەیەکەوە هاتووە کە بڕوای بە هەندێ بەها هەبووە کە لای خۆی پیرۆز بووە و ڕەنگە لای خەڵکی تر بەوجۆرە نەبووبێ، بەڵام من وادەزانم کە نەوعە تێنەگەیشتنێک لەنێوان مەکتەبی سیاسی کە بە جەماعەتی ئیبراهیم ئەحمەد دەناسرا و سەرکردایەتی کە دەستنیشان دەکرا بەوەی کە مەلا مستەفایە، ئەم دووانە بۆچوونی جیاوازیان هەبووە و ڕەنگە بوارێک نەبووبێت کە لێکیان نزیک بکاتەوە، چونکە شۆڕشی ئەیلول ئامادەباشی تەواوی بۆ نەکرابوو و لە زروفێکدا هەندێک رووداو هێنایە پێشەوە و بە ڕای من یارمەتیدەر نەبوو کە لە سەرەتاوە وەکوو گروپی سەرکردایەتی، جەنابی مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی بتوانن بە بیرێکی یەکگرتوو لەسەر بنەمای شۆڕشی ئەیلول پێک بێن. ئەوەش کە دواتر "ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و ئەو گروپەی هین کرد"، دەتوانم وەک هەڵەیەکی سیاسیی بارودۆخی ئەوکاتە لە قەڵەمی بدەم کە بەبێ لێکدانەوە ئەو کارەیان کرد. ئەوان پێیانوابوو ڕەنگە کۆمەڵی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول کە لە سەرەتاکەیدا بوو، خەڵکی بیرکەرەوە و پێشکەوتووی تێدا کە حەق بەوان بدات. ئەوانە کە گەیشتنە ئەوەی بەرەنگاری مەلا مستەفا بنەوە، پێویست بە باسکردن نیە،

مەبەستم کۆنفرانسەکەیانە لەوەختی خۆیدا. وایان دەزانی خەڵک بەشوێنیان دەکەوێ و دوارۆژی شۆڕشی کورد و دوارۆژی سیاسی کورد بەدەست ئەوان دەبێت. نەک مەلا مستەفا، بەڵام لەوە دەچوو کاریزمای مەلا مستەفا، ناوداریی مەلا مستەفا و ئەو شێوەی لێی دروست ببوو، تای تەرازووەکەی بەلای مەلا مستەفادا خست و ئیتر لەوەوە کارلە کار ترازا و ئەوان هەندێ هەڵە بوون و مەلا مستەفاش تۆزێک لاکەوت و جیابوونەوە و لێکدابڕانی ساڵی ١٩٦٤ی لێکەوتەوە.)

پرسیار: ئێوە لە ئەمریکا و لە ئێران نوێنەرایەتی بارزانیتان وەک سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول کردوە، لەو ماوەیەدا کە تۆ لەو دوو وڵاتانە بووی، ئایا وەک لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی مام جەلال دا هاتووە، بارزانی سەربە ئەمریکا و ئیسرائیل بوو، یان پێوەندی بەو وڵاتانەوە هەبوو؟

وەڵام: (من لەو وشەیەی سەرەوە ناگەم! بارزانی سەر بە هیچ وڵاتێک نەبوو، هەروەکوو گوتم لە سۆڤیەت و کەمپی سۆڤیەت نائومێد ببوو، بە ڕای من دەیزانی ئەمریکا زلهێزی گەورەیە لە دنیادا و ئومێدی بە زلهێزەکەی تر نەمابوو، هەوڵیدەدا سەرنجی ئەمریکا بەرەو مەسەلەی کورد ڕاکێشێ. تەنانەت من خۆم یەک دوو جار ڕۆژنامەنوس کە دەهاتن بۆ کوردستان و وتەکانیانم وەردەگێڕاوە، ئەو دەیویست بە شێوەیەک سەرنج و یارمەتی و پشتگیری ئەمریکا ڕابکێشێ بۆ کوردستان بۆ ئەوەی کە بتوانێ بەرامبەر بە حکومەتی ئەوکاتی عێراق و ئەوانی دواتر و بەرامبەر بەو دۆخە ناوچەییەی کە کورد تێیدابوو، بە شتێک بگات. واتە مەلا مستەفا لە زۆر کەس زیاتر دراوسێییەکانی خۆی دەناسی جا چ ئێران بێت یان تورکیا و یاخود سوریا، لەبەر ئەوە من وادەزانم کە ئومێدی خۆی بەوە بەستبوو کە دەوڵەتێکی گەورە هاوکاری کێشەی کورد بکا و ئەو دەوڵەتە گەورەیەش لەو ڕۆژەدا ئەمریکا بوو، واتە لایەنگیریی مەلا مستەفا بۆ ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو سەرکردەی شۆڕشەکەی دەکرد، دەیویست شۆڕشەکەی بەجێیەک بگات کە کورد مافی پێشێل نەکرێ، دەبێ ئەمریکا لەسەری وەجواب بێ.

لەسەر مەسەلەی ئیسرائیل زۆر شت گوتراوە، ئیسرائیل لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول پێوەندی هەبوو و بێگومان سەرکردەی شۆڕش کە مەلا مستەفا بوو ئەو وەختە، ئەبێ سەرچاوەی ئەو پێوەندییە بووبێ. هەروەها کوڕەکانی بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دەوریان هەبوو. بەڵام من خۆم کە نوێنەر بووم، ئاگاداری ئەو پێوەندیە بووم. بەتایبەتی لە تاران و تا ڕادەیەکیش لە ئەمریکا، واتە ئەوەی ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد لە ئیسرائیل بۆ ئێمە نەدەکرا، چونکە یەکەم ئێمە بە بەردەوامی دورەپەرێز دەوەستاین و نەماندەویست پێوەندییەکە زەق بنوێنێ و بە ئاشکرا و نیمچە ئاشکرای دەری بخەین کە ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و بە بەردەوامی بەرگریمان لەخۆمان دەکرد وەک ئەوەی تاوانێکی گەورەمان کردبێ. ڕەنگە ئێستا ئەوە بە هەڵە بزانین، دووەم ئیسرائیل وەک دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردەکان دەکات. بۆ نمونە کاتی خۆی ئەمریکا و ئێران لە سەردەمی کیسنجەر و شا کە پشتگیریی ئێمەیان کرد، مەبەست و مەرامێکیان هەبوو کە لە کۆتاییدا ئاشکرا بوو. ئیسرائیل بە شێوەیەکی تر خۆی دەبینی کە دەوڵەتە عەرەبەکان دژی بوون. هەستی بەوە دەکرد کە ئەگەر کێشەی میللەتێکی ٢٠- ٣٠ ملیۆنی لەناو جەرگی دەوڵەتانی عەرەب، فارس، تورکدا هەبێ، لەوانەیە لە دواڕۆژدا جێگەی ئومێد و هاوکاریی بێ بۆ ئیسرائیل، لەو ڕوانگەیەوە پێوەندی لەگەڵمان هەبوو، بەڵام ئێمە بەڕاستی نە ئەو توانایەمان هەبوو کە دەریبخەین و نە نیازیشمان هەبوو ئاشکرای بکەین کە تا کوێ دەتوانین لەگەڵ ئیسرائیل بڕۆین. لەبەر ئەوە لە سەردەمی دۆستی خۆشەویستم خوالێخۆشبوو عیسمەت شەریف وانلی، چونکە من خۆم لەوانەدا پێوەندیم هەبوو، ئەوان شتی زۆر ئاساییان بۆ ئێمە دەکرد. بۆ نمونە کۆبوونەوەیەکیان بۆ ئێمە ڕێکدەخست کە بتوانین دەنگمان بە یەکێک بگات، ئێمە ئەوکاتە زۆر دەست کورت بووین، یارمەتی ئابووریان دەداین و شتێکیان بۆ چاپ و




بڵاودەکردینەوە. دواتر کە لە ئێران بەرپرسی نوسینگەی شۆڕش بووم، ئەوکاتە پێوەندیی ئابووریی و یارمەتی ئابووریی لە لایەن ئیسرائیلەوە زۆر کەم بوو، بەڵام لە بواری چەکەوە هەندێک یارمەتیان دەکردین. لە بواری سیاسی و دیپلۆماسییەوە ئێمە تا ئەمڕۆ بە بۆچوونی من نەمانتوانیوە، یان خود نەمانویستووە لەبەر ترسێک کە لە عەرەبان هەمانبوو، سودی پێویستمان لە ئیسرائیل وەرنەگرت. ئیسرائیل بە ژمارەی نفوز و قەوارەی خاک بچووکە، بەڵام دەوڵەتێکی بە توانایە، ئێمە دەمانتوانی کەڵکی زیاتری لێوەرگرین، بەڵام پێوەندییەکەمان هیچ کاتێکدا لەو ئاستەدا نەبووە.)

پرسیار: ئێوە زۆر لە بارزانی نزیکبوون بەتایبەتی لە سەفەرێکیدا بۆ ئەمریکا و لە کوردستانیش لەگەڵی بوون، بە ڕای تۆ بارزانی چۆن سەرکردەیەک و چۆن مرۆڤێک بوو؟

وەڵام: (بارزانی سەرکردە کە ساڵی ١٩٥٨ گەڕایەوە، من خوێندکاری کۆلیجی بازرگانی و ئابووریی بووم لە بەغدا. لەگەڵ گروپێکی هاوڕێم چووین بۆ زیارەتی و تەنانەت وێنەیەکی ئەوکاتەشم هەیە. ئەوە لەو دەورەیەدا بوو کە سەرکردەیەکی دێرین بوو، زەحمەتی زۆری کێشابوو، لە ئاوارەیی گەڕابووەوە. من ساڵی ١٩٦٧ نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بووم لە ئەمریکا. لەو ساڵەدا من گەڕامەوە بۆ کوردستان. بارزانی لە جەولەیەک بوو لە ماوەت، لەگەڵ کاک حەمەی عەزیز، فەرەیدون عەلی و عەبدولی سۆران بە سواری ئێستر چووین بۆ ماوەت. لەوێوە لەگەڵ مەلا مستەفا گەڕاینەوە بۆ حاجی ئۆمەران. مەلا مستەفا لە چاو خەڵکی تر کەسێکی زۆر خاکی بوو. کابرایەک بوو گوێی لە هەموو کەس دەگرت و لە ئاخردا

قسەی دەکرد. ئەگەر فیکری ساف بووایە زۆر ڕووخۆش بوو، دەیتوانی لەگەڵ منالێک مامەڵە بکات. من سێ مانگی ڕەبەق لە ئەمریکا لەگەڵی بووم، لەبەر ئەوە من هەم مەلا مستەفای سەرکردەم بینیوە و هەم مەلا مستەفای مرۆڤ. وەکوو گوتم قەناعەتی زۆری بە ئەمریکا هەبوو. پاش ڕێککەوتنی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥، تا یەک دوو هەفتەش لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەمریکا بەدەنگمانەوە نایەت و شتیکمان بۆ ناکات کە لەو گرفتە و لەو شێوە ڕێککەوتنە ڕزگارمان بکات کە لەنێوان کیسنجەر و شای ئێران دروستبوو، بەڵام کە قەناعەتی هێنا کە ئەمریکا هیچ بۆ ئێمە ناکا، بەو حاڵەش نەشکا و نائومێد نەبوو.)

پرسیار: سەبارەت بە نەخۆشییەکەی بارزانی کە تۆ لەگەڵی چووی بۆ ئەمریکا، چۆن ورەیەکی هەبوو؟

وەڵام: (سەرەتا من لەگەڵی چووم بۆلای دوکتۆر، تەماشای کرد و ڕۆیشتین. من گەڕامەوە لای دوکتۆرەکە، گوتی شێرپەنجەیەکی گەشە کردوی مەترسیداری هەیە. چوومەوە لای بارزانی، گوتی پێم بڵێ دەزانم سەرەتانم هەیە، بەڕاستی ئەو دڵخۆشی منی دەدایەوە. ئێوارەیەک پێمگوت زۆر خەفەت مەخۆ دەزانم شۆڕشێکمان لە دەستداوە، بەو حاڵەش تۆ سەرکردەی ئێمەی، حەز بکەی، یان نا، ئێمە شتێکمان لە دەست داوە و میللەتێک چاوەڕوانە، دەبی دەست بکەیەوە بە ڕێکخستن، بەڵام ئەو گوتی من شکستم خواردوە و ئەو حەقە بەخۆم نادەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا.

کە لەگەڵی چوومە ئەمریکا کەسێک هەبوو بەناوی "جۆزیف سیسکۆ" سکرتێری کیسنجەر بوو، لە دواکاتەکاندا هات بۆ لامان. من وتەکانم وەردەگێڕایەوە. بارزانی هەرچی لە دڵیدا بوو پێی گوت و ئەم جارە گوتی من حەزدەکەم پێی بڵێی ئێمە شکستمان خوارد، بەڵام داوا دەکەم ئەمریکا کێشەی کورد و مەسەلەی کورد بکات بە سیاسەتی حکومەتەکەی خۆی.


مەلا مستەفا هەستی کردبوو ئێمە چ لەگەڵ ئەمریکا و چ لەگەڵ ئێران، لەگەڵ دەوڵەتدا کارمان نەکردوە، واتە ئەو ڕێککەوتنەی کە هەبوو لەسەردەمی نیکسۆن و کیسنجەر کە وەختی خۆی دوکتۆر مەحمود و کاک

ئیدریسی جوانەمەرگ چوون بۆ ئەمریکا، نارێکی تێدابوو، چونکە پێوەندییەکە لەگەڵ دەزگای هەواڵگری دامەزرابوو. لە ڕاستیدا ئێمە پشتگیری ئەمریکامان بەدەست هێنابوو، بەڵام پشتگیرییەکە لەگەڵ CIA بوو. ئێمە پشگیری ئێرانمان بەدەست هێنابوو، بەڵام ئیشوکاری ئێمە بەدەست نێعمەتولا نەسیری سەرۆکی ساواک بوو، نەک حکومەت و جێگری سەرۆک وەزیران. من نوێنەری شۆڕش بووم لە تاران، چۆن بڵێم هەموو ئەوانەی لەگەڵ من لە پێوەندیدا بوون، ساواکی بوون و ئەمانە ئیشیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، ڕاستە کە شا ئاگاداری ئەوانە بوو. بۆخۆی ئەو پێوەندییەی پێکهێنابوو، بەڵام بەڕاستی ئێمەی دابوو بە دەست نەسیری و ساواک. ئەمریکاش تەسلیمی کیسنجەری کردبوو و کیسنجەریش تەسلیمی CIA. من لە تاران ویستم سەفیری ئەمریکا ببینم، بەڵام بوارم بۆ نەڕەخسا و نەمتوانی.)

پرسیار: لە کاتی ئێستادا بۆچی کۆماری ئیسلامی هەموو دژایەتی و پروپاگەندەی خۆی بە نوسین و لە مزگەوتەکاندا لە دەوری مستەفا بارزانی و بنەماڵەی بارزانی کۆکردوەتەوە و مەبەستی لەوکارە چییە و بۆچی باسی سەرکردەکانی تری باشوری کوردستان ناکات؟

وەڵام: (بنەماڵەی مەلا مستەفا مێژوویەکیان هەیە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا و تۆ حەز بکەی یان حەز نەکەی، بەبێ پچڕان لەپێش پەنجاکانەوە تا ئەمڕۆ بە تایبەت خانەوادەی مەلا مستەفا سەرکردایەتی بارزانییەکانیان کردوە و لە بزاڤی کوردیدا دەتوانم بڵێم بەبێ ڕکەبەر و بەبێ مونافیس سەرکردایەتی کوردیان کردوە و لە ئێستا و ئایندەشدا کێشەی کورد بەدەست ئەوانەوە. لەبەر ئەوە ئێران یان هەرجێیەکی تر دەبینن، کەسێکی تر نییە. ئەوانەی هەن یان تازەن، یان خود ئەگەر باسی مام جەلال بکەین، مام جەلال تەمەن کاری خۆی تێداکردوە و ڕەنگە دوو سالْ سێ ساڵی تر بڕ بکات. بە هەموو لێکۆڵێنەوەیەک ئەو توانا و زەخیرەیە لە لای بنەماڵەی بارزانییە و ئەوان ئەگەر دۆستایەتی بکەن یان دوژمنایەتی، دەبێ حیسابێک بۆ بنەماڵەی بارزانی بکەن.)

## موحسین دزەیی




موحسین دزەیی ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی "دووگردەکان" لە ٢٥ کیلۆمەتری هەولێر لەدایکبووە. جگە لە باوکی کە وەک خۆی دەڵێت: **(تەمەنم زۆر بچووک بوو کە کۆچی دوایی کرد.)** لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک ئەحمەدی برای و براکانی تری لە ساڵی ١٩٦٣ چوونەتە ڕیزی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی بەعس گوندەکەی سوتاندون و ماڵەکەی تالانکردون. لە ١٩٣٨/١٠/٣، لە یەکەم قوتابخانەی هەولێر دەستی کردوە بە خوێندن. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە هەلێر بووە و دواتر چووەتە بەغدا و لە کۆلیجی یاسا خوێندویەتی و ساڵی ١٩٥٥ بە دوای تەواوکردنی خوێندن بۆ ماوەی هەشت ساڵ کاری پارێزەری و بازرگانی و هەندێک جاریش کشتوکاڵی کردوە. ساڵی ١٩٦٣ پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە گرتووە. کاتی پێوەندیی نێوان شۆڕشو بەغدا چەند پۆستی حکومیو دیپلۆماسی جۆراوجۆری پێسپێردراوە. لە ١٩٦٨/٧/١٨، لە کاتی حوکمی عەبدولڕەحمان عارف، مستەفا بارزانی بۆ وەزیری کاروباری باکور دەستنیشانی کردوە. دوای ٣٠ی تەموز و کودەتاکەی بەعسییەکان سەرلەنوێ بۆ وەزارەت هەڵبژێردراوەتەوە، دواتر بەهۆی ناکۆکی نێوان کورد و بەعسیەکان دەستی لە کار کێشاوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ شاخ. دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کراوە بە باڵیۆزی عێراق لە چێکوسلۆڤاکیا و بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لەوێ ماوەتەوە و بۆ ماوەی چوار مانگیش ئەرکی باڵیۆزی عێراقی لە کەنەدا پێسپێردراوە. دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کراوە بە وەزیری نیشتەجێ کردن.

ساڵی ١٩٧٥ و بە دوای ڕاوەستانی شۆڕش بۆ ماوەی ساڵێک لە ئێران بووە و لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٧٩ لە خزمەی بارزانیدا چووەتە ئەمریکا و دوای وەفاتی بارزانی، لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٧٩وە تا

١٩٨٠/٤/١ لە ئەڵمانیا و دواتر لە بریتانیا کاروباری پارتی دیموکراتی لە ئەوروپا بەڕێوە بردوە. ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٢وە لە کوردستان نیشتەجێ بووە. ئێستا وەک بۆخۆی دەڵی خانەنشینەو دوو بەرگ لە بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناوی "وێستگەکانی ژیانم" بڵاوکردوەتەوە و بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیشی بەم زوانە بە زمانی عەرەبی چاپ دەکرێت. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە ئایا بارزانی عەشیرەت بوو؟ گوتی:

وەڵام: (عەشیرەتێک نییە کە پێی بڵێن عەشیرەتی بارزان. بارزان دێیەکە کە شێخانی بارزانی لێی دادەنیشتن. چەند عەشیرەتێکیش لە دەوروبەیان بوون وەک عەشیرەتی مزوری، بەرۆژی، شێروانی، دۆڵەمەری تابعی تەریقەتی بارزان بوون و پێیان دەڵێن بارزانی. بە واتای عەشیرەت، بارزانییەکان عەشیرەت نەبوون و بە درێژایی مێژوو موڵکیان نەبووە کە ئاغایەتیان پێکردبێت، یان وەکوو خاون موڵک تەسەروفیان کردبێت، ئەو شتانە نەبووە. شتێکت بۆ دەگێڕمەوە کە کاربەدەستێکی باڵای حکومەتی بەعس لە سەردەمی سەدامدا بۆ منی گێرایەوە و گوتی:
- دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ بڕیارێک لە کۆشکی جمهورییەوە دەرچوو کە دەست بەسەر هەموو موڵک و ماڵی بارزانیدا بگیرێ، دوای ماوەیەک نامەیەک لە تاپۆی عامە هات کە بارزانی هیچ موڵک و ماڵێکی نییە و شتێکی نییە کە دەستی بەسەردا بگرن. گوتی: خەڵکەکە زۆر سەرسام بوون و میری فەرمانیدا دەستبەجێ نامەکە بدڕێنن تا کەس نەیبینێت کە بارزانی هیچ موڵک و ماڵی نییە.
هەروەها مودیری تاپۆی ڕەواندز کە ئەوکاتە هەموو سەربە ڕەواندز بوون، چوو بۆلای شێخ ئەحمەدی بارزان و هەموو ئەوراقی لەگەڵ خۆی برد و پێی گوت:
- دەمانەوێ موڵکەکانی بارزان بەسەر تۆدا تاپۆ بکەین.
شێخ ئەحمەد لێی تورە بوو و گوتی: ئەو موڵکانە هی من نین و هی ئەو خەڵکەن و دەبێ ئەو ئەوراقانە بسوتێنن.)

پرسیار: ئەی بۆچی عەشیرەتەکانی دەوروبەریان دژایەتیان دەکرد؟

وەڵام: (وەکوو عەرزم کردن لە بارزان بە پێچەوانەی ناوچەکە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک دەکرا. دژی زوڵم بوون، دژی زۆرداری بوون، دژی تەسەروفی ئاغاکان بوون کە بە دژی جوتیاران دەیانکرد. لەبەر ئەوە جگەلە عەشیرەتەکان، حکومەتەکانیش لێیان ناڕازی بوون. کە شەڕی حکومەتەکان دژی بارزان سەریهەڵدەدا، حکومەتەکان ئەو عەشیرەتانەیان بەکار دەهێنا، بەتایبەتی ئەوکاتەی بارزانی لە سۆڤیەت بوو و شێخ ئەحمەد لە بەندیخانە و زۆربەی بارزانییەکان لە دورخراوەییدا بوون. ئەو عەشیرەتانە، بەتایبەتی زێبارییەکان زۆریان غەدر لە بارزانییەکان کرد. ئەوانەی مابوون چەکیان نەبوو، بێ چەک بوون، نەیاندەتوانی بەرگری لەخۆیان بکەن و ئەوانیش دەستڕێژیان لێ دەکردن و خەڵکیان لێ دەکوشتن. کە بارزانییەکان بە دوای شۆڕشی ١٩٥٨دا گەڕانەوە، هەندێکیان برا، کوڕ یان مامیان کوژرابوو و ئەوانیش چوون تۆڵەی خۆیان کردەوە و سەرلەنوێ ناکۆکییەکان سەریهەڵدایەوە. ئەو عەشیرەتانە لە ساڵانی ٤٣ و ٤٤ و شۆڕشی ئەیلولیشدا لەگەڵ حکومەت کەوتن و دژی بارزانی شەڕیان کرد.)

پرسیار: سەبارەت بە ئاڵای کوردستان، گوتت لە ئەڵمانیا چاوت بە مینا خانی قازی هاوسەری پێشەوا قازی محەمەد کەوتوە. مینا خان دەربارەی ئاڵای کوردستان و پێوەندیی نێوان بارزانی و پێشەوا قازی محەمەد چی بەتۆ گوت؟

وەڵام: (ساڵی ١٩٥٨ بەرلەوەی بارزانی لە سۆڤیەت بگەڕێتەوە، من لە لەندەنەوە چووم بۆ ئەڵمانیا. کۆمەڵەی خوێندکاران لە شاری مونیخ کۆنگرەی هەبوو. لەوێ چاوم بە عەلی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد کەوت و ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا کرد. زانیم مینا خانی دایکی هاتووە، گوتم حەز دەکەم چاوم بە دایکت بکەوێ و زیارەتی بکەم. ڕۆژی دوایی چووم بۆ خزمەتی مینا خان، چەند برادەرێکم لەگەڵ بوو، کە زانی ئێمە کوردی عێراقین، باسی پێوەندی نێوان پێشەوا و بارزانی نەمری بۆ کردم و گوتی:



"بەرلە هاتنی بارزانی بۆ مهاباد، پێوەندیان لەگەڵ یەكتر هەبوو. پاش ئەوەی بەناچار كوردستانی عێراقیان بەجێهێشت و هاتنە كوردستانی ئێران، لەوێش بەشداریی كۆماری كوردستانیان كرد و ڕۆڵی زۆریان هەبوو لە پارێزگاری كردن لە كۆماری كوردستان و زۆریشیان شەهید دا. دەوری سەرەكیان هەبوو لە شەڕەكاندا. دوای ڕوخانی كۆمار، پێش ئەوەی سوپای ئێران بگاتە مهاباد، بارزانی هات بۆ ماڵی ئێمە و داوای لە قازی كرد كە خۆی تەسلیمی سوپای ئێران نەكات و لەگەڵ ئەو بڕوات. بارزانی پێیگوت:

- تا من هەبم، تۆ چت بەسەر نایەت و زۆری هەوڵدا.

بەڵام قازی ڕازی نەبوو و گوتی نامەوێ مهاباد بەجێبێڵم. پاشان گوتی ئێرانییەكان بەڵێنیان پێم داوە. بارزانی پێیگوت:

- باوەڕ بە بەڵێنی ئێرانییەكان مەكە. زۆری هەوڵ لەگەڵ دا، بەڵام سودی نەبوو.

سەرئەنجام گوتی: بەیداغەكەی دا دەست بارزانی و گوتی ئەم بەیداغەی كوردستانم بۆ بپارێزە.

جا هەندێک دەڵێن كوا بەیداغەكە؟ بەڵام بە ڕای من واتای ئەو گوتنە ئەوەیە كە تۆ ئاڵای كوردستانم بۆ بپارێزە و كوردستانم بۆ بپارێزە. بەهەر حاڵ مینا خان گوتی: یەكتریان ماچ كرد و بارزانی خودا حافیزی كرد و ڕۆیشت.

دوای تێپەڕبوونی نزیک بە بیست ساڵ من ئەو قسەیەم لە بارزانی بیستەوە، عەرزم كرد من بیست ساڵ لەمەوبەر ئەم قسەیەم لە مینا خانی هاوسەری قازی محەمەد لە شاری مونیخی ئەڵمانیا بیستوە. چەند ساڵێكیش پاش، هەرئەوەم لە محەمەد عیسا یەكێک لە هەڤاڵانی بارزانی بیست. محەمەد عیسا لەوكاتەدا لەگەڵ بارزانی دەبێت و دواتر لەگەڵ بارزانی چوو بۆ سۆڤیەت.)

پرسیار: ئێوە ماوەیەک لەگەڵ بارزانی بوون، تەنانەت لە کاتی نەخۆشیی و کۆچی دوایی کردنیدا لە ئەمریکا، دەکرێ بڵێی بارزانی چۆن مرۆڤێک بوو؟

وەڵام: (من یەکەم جار ساڵی ١٩٤٣ بارزانیم دیوە. ئەوکاتە مێرمندال بووم و لە قوتابخانەی سەرەتایی دەمخوێند. دوای ئەوە لە شۆڕشی ١٩٤٣ کە وتووێژ بوو لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق، بارزانی هات بۆ هەولێر بەناوی تازیەکردن چوو بۆ ماڵی عیزەدینی مەلا ئەفەندی. نزیکەی ساڵێک پێش ئەو ڕۆژە، مەلا ئەفەندی باوکی کۆچی دوایی کردبوو. مەلا ئەفەندی کەسایەتییەکی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو نەک لە هەولێر بەڵکوو لە هەموو کوردستاندا. بارزانی بە پێش قوتابخانەکەی ئێمەدا تێپەڕی، گوتیان بارزانی هات و ئێمە هەموو بە قوتابی و مامۆستاوە ڕامانکردە دەرەوە کە بارزانی ببینین. بەڵام ساڵی ١٩٤٥، بەرلەوەی شەڕ دەست پێبکاتەوە، هات بۆ ناوچەی ئێمە و پێوەندی بە سەرکردەکانی دزەیی کرد کە ئەگەر شەڕ هەڵگیرسێتەوە، یارمەتی بدەن. ئیتر من بارزانیم نەدیتەوە تا ساڵی ١٩٥٨ کە لە سۆڤیەت گەڕایەوە. لە کۆتایی مانگی ١٠ی ١٩٥٨دا هات بۆ هەولێر. من ئەوکاتە ئەندامی مەجلیسی هەولێر بووم. ئێمە ئاهەنگێکمان بۆ گێڕا. من زیرەکی و دووربینی بارزانیم لەوەدا دی، دانیشتبووین ئەفسەرێکی عەرەب هات و سڵاوی لە بارزانی کرد. نزیکەی ٢٠ سەربازی گەنجی بە دواوە بوو. گوتی:

- ئەم سەربازانە هەموویان بارزانین و حەزیان کرد چاویان بە تۆ بکەوێ.

بارزانی هەستا سەرپێ و چوو بۆلای سەربازەکان و منیش بە دوایدا چووم. یەک بە یەک پرسیاریان لێ کرد. هەموو لەو کەسانە بوون لە باوک، برا یان مامیان لەگەڵ بارزانی چووبوون بۆ سۆڤیەت و هێشتا نەگەڕابوونەوە. دەیپرسی باوکت کێیە؟ کە ناوی باوک و برا و مامیان دەگوت، دەستبەجێ بارزانی وەڵامی دەدایەوە کە باوکی ماوە، هاوسەرگیری کردوە و چەند منداڵی هەیە، یان شەهید بووە. وەڵامی هەموویانی دایەوە و بە ڕاستی من سەرسام بووم لەوەی کە چۆن هەموویانی لەبیر مابوو.

بە دوای ئەوەدا من تا ساڵی ١٩٦٣ كە چوومە نێو شۆڕش، بارزانیم نەبینییەوە. ئەوكاتە كە چووم هەستم بە دووبەرەكی كرد. بە ڕاستی زۆرم پێ ناخۆشبوو. دەمزانی زیانێكی زۆری بۆ بزوتنەوەی كورد هەیە، بەڵام بەداخەوە ناكۆكییەكە زیاتر بوو و لە ساڵی ١٩٦٤دا ئەنجامەكەی زۆر خراپ دەرچوو، بەڵام بارزانی ساڵی ١٩٦٥ كە شەڕ دەستی پێكردەوە، گوتیان ئەوانە دەیانەوێ بێنەوە و بارزانی گوتی با بێنەوە و لە ڕیزی شۆڕشدا قەبووڵ كرانەوە. بۆ ئەوەی كە پێیخۆشبوو میللەت یەكڕیز بێ، بەرپرسایەتی درا بە هەندێكیان. بە هەمان شێوە ساڵی ١٩٧٠ كە چوار پێنج ساڵ لەگەڵ حكومەت بوون، دوای ڕێككەوتنی ١١ی ئازار، دووبارە گوتی با بێنەوە و ناردی هەموویان هاتنەوە و بەشداریی شۆڕشیان كرد.

وەک عەرزم كردی بارزانی شتێكی بۆخۆی نەدەویست، تەماحی شەخسی نەبوو. زۆر جار من گوێم لێبووە كە دەیگوت حەز دەكەم لایەنێكی دەرەوە هەبێت كە یارمەتیمان بدات. حەز دەكەم شۆڕش بە توانا بێ، حەز دەكەم شۆڕش پارەی هەبێ. ئەو پارەیەم بۆ ئەوەیە كە ئەو كەسانەی ئێستا دژی كوردن و دژی شۆڕش شەڕ دەكەن، بیانگەڕێنمەوە. ٩٠%ی ئەوانە بەهۆی هەژارییەوە و بۆ بەخێوكردنی ماڵ و منداڵیان پاڵیان بە دوژمنەوە داوە و ئەگەر ئێمە ئیمكاناتمان هەبێ، هەموویان دەگەڕێنینەوە ڕیزی شۆڕش. خۆم دیومە بارزانی پێڵاوی خۆی چاک كردوەتەوە. جارێک پرسیارم لێكرد و گوتم ئەزبەنی چۆنە ئەوانەی لەگەڵ تۆ بوون، بەو ڕادەیە موتیعی تۆ بوون و بە گوێیان دەكردی؟ گوتی:

- من لە ژیانمدا فیكرم لەوە نەكردوەتەوە كە حوكمدارم و ئەوانەش ژێردەستی من، وەک برا و كوڕی خۆم سەیری هەمووانم كردوە. ئەو كاتەی توانای شەڕم هەبووە، كام شوێن مەترسی زیاتری لەسەر بووە، بۆخۆم هەڵگرتووە. پاشان كە یەكێک لەلای من برینداربووە، من بەپشتی خۆم هەڵمگرتووە و بردومە. لە خواردن و جلوبەرگدا جیاوازیم لەگەڵ نەكردون و وەک ئەوان ژیاوم. لەبەر ئەوە، ئەوانیش هەرچی بڵێم وادەكەن و دەزانن شتێک بۆ مەسڵەحەتی گشتی نەبێ، بۆ مەسڵەحەتی خۆم نایكەم. ئەوەیە كە بۆ هەموو شتێک بە گوێم دەكەن.

ساڵی ١٩٧٦ لە واشنتۆن بووین. بانگهێشتیان كرد بۆ ڕێكخراوی مافی مرۆڤی جیهانیی كە سەربە نەتەوەیەكگرتووەكان بوو. ئێمە چووین بۆ

بارەگاکەی لە نیویۆرک. هۆڵی کۆبوونەوەکە و بینای نەتەوەیەکگرتووەکان تەنیا شەقامێکیان لەنێواندا بوو. لە هۆڵی کۆبوونەوەکە ئامادە بووین، داوایان لە بارزانی کرد وتارێک پێشکەش بکات. هۆڵەکە پەنجەرەیەکی هەبوو دەیڕوانییە بینایەی نەتەوەیەکگرتووەکان. بارزانی چوو بۆ شوێنی وتار خوێندنەوە، بەڵام بۆ ماوەی یەک دوو خولەک بە بێدەنگی ڕاوەستا و قسەی نەکرد. خەڵکەکە سەرسام بوون لەوەی بۆچی قسە ناکات. دەستی پێکرد و گوتی:

- من بۆ ئەوە وەستابووم کە لەم پەنجەرەیەوە سەیری دەرەوەم کرد، سەیرم کرد ئاڵای هەموو میللەتانی دنیا لەسەر بینای نەتەوەیەکگرتووەکانە، جگە لە ئاڵای کوردستان. ئاڵای وڵاتی لێیە کە بە قەد شارێکی کوردستانە. ئێمە ٣٠ ملیۆنین. لەگەڵ ئەوەشدا داوامان نەکردوە کە سەربەخۆ بین و داوای ئۆتۆنۆمیمان کردوە کە ئەوەشمان پێ ڕەوا نابینن. میللەتی ئێمە ئیعدام دەکرێ، دوور دەخرێتەوە و ئازار دەدرێ، بەڵام هیچ کەس لەسەری وەجواب نایەت.

بە ڕاستی بارزانی پیاوێک بوو تا دوارۆژی تەمەنی کە کۆچی دوایی کرد، بەرگری لە مافی کورد کرد. هەمیشە دەیگوت: کورد دەبێ ڕۆژێک بە ئامانج بگات. دەیگوت: کوردستان یەک پارچەیە و کورد یەک نەتەوەیە و بەبێ پرسکردن بەخۆی دابەشیان کردوە. دەیگوت: ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد دەبێ مافی خۆی بەدەست بێنێت. دەیگوت: من ڕێزم هەیە بۆ هەموو سەرکردەکانی کورد، بۆ هەموو کوردێک کە هەوڵی دابێت بۆ مافی کورد.

بە دید و بۆچوونی من نە لەمەوپێش و نە ئێستا من سەرکردەیەکی وەک بارزانیم نەدیوە. سەرکردەی لێهاتووی وەکوو بارزانی نەبووە. کورد گەلێک شۆڕشی کردوە، بەڵام هیچ شۆڕشێکی کورد وەکوو شۆڕشی ئەیلول لە ناوچەیەکی ئاوا بڵاودا ١٣- ١٤ ساڵ دەوامی نەکردوە و خاوەنی دەستکەوت نەبووە. ڕاستە شۆڕشەکە لە کوردستانی عێراق بوو، بەڵام خەڵکی هەموو پارچەکانی دیکە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات، باکور و ڕۆژئاوای کوردستانی تێدابوو و لە ڕیزی پێشەوەدا بەرگریان دەکرد.)

## سەید کاکە



سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی "موردکەی گەورە" لە دەشتی هەولێر لە دایکبووە. وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٤٥، دەغڵودان گران بوو، تراکتۆر پەیدابوون و منداڵ لەبەر خوێندن نران و خەڵک چاوی کرایەوە. ئێمە لە ناوچەی دزەییەکان بووین، وڵاتی ئێمە لەبەردەست ئەواندا بوو، وەک حاکمێکی عادل کەس نەیدەوێرا زوڵم لە کەس بکات، ڕاستە پێنج و یەکیان وەردەگرت، بەڵام بەو حاڵەش عادل بوون. کە میللەت چاوی کرایەوە، ئاغاکان لە شێخانی عەرەبەوە بگرە تا دەگاتە ئاغاکانی کوردستان، هەرچی خراپە بوو دژی جوتیاران دەیانکرد. من ئەوکاتە دژیان ڕاوەستام و لە ساڵی ١٩٥٣ بە ڕێگای حیزبی شیوعی عێراقەوە بەشداریی بزوتنەوەی جوتیارانم کرد. بزوتنەوەکە بەهۆی خۆبەدەستەوەدانی ئەمیر مەفرەزەکەمان بەناوی شێخ تاهیر، ئاشکرا بوو و پەنجەی تاوان بەرەو من درێژ کرا و منیش خۆم بەدەستەوە نەدا و دژی زوڵم و ستەمی دەرەبەگەکانی ناوچەی هەولێر یاخی بووم و لەگەڵ چەند کەسیی تر بووینە ڕێگر. دەرەبەگەکان خەڵکیان ئازار دەدا و ئێمەش ئەوان. تەقەمان لێدەکرن، تاڵانمان دەکردن و ماڵمان لێ دەسوتاندن.

سەید کاکە سەرئەنجام لە سەردەمی نوری سەعیددا بە تاوانی دزی و ڕێگریی بۆ ماوەی دوو ساڵ گیراوە و لە زینداندا فێری خوێندن و نوسین بووە. بەرلە شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ کە عەبدولکەریم قاسم بە دەسەڵات گەیشت، سەید کاکە بەرەو سیاسەت چووە و لایەنگریی لە پارتی دیموکراتی کورد کردوە. دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت هەوڵەکانی زیاد کردوە. بەشداریی کۆنگرەکانی ٦ و ٨ و ٩ ی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە. بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول و دامەزرانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستاندا، بە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی

سۆسیالیست هەڵبژێردراوە. کاتێک پارتی سۆسیالیست هەڵوەشا و ئەندامانی لەنێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتدا بەشبوون، سەید کاکە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتووە و بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام کە شەڕی براکوژی هەڵگیرسا، گەڕاوەتەوە ڕیزەکانی پارتی دیموکرات و بۆ ماوەیەکیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات و خولێکیش ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. سەید کاکە بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناوی "بیرەوەری پێشمەرگەیەک" لە ٣٦٨ لاپەڕەدا، ساڵی ١٩٨٩ نوسیوە و جارێک لە ساڵی ١٩٩٧ و بۆ جاری دووەم لە ساڵی ٢٠٠٠، لەلایەن چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپ کراوەتەوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: تۆ کە ئەوکاتە زۆر چالاک بووی دەتوانی بڵێی کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی لەسەر چی بوو؟ گوتی:

وەڵام: (سەرەتا پێویستە بڵێم کێشەی حیزب و بارزانی، نەک ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی چونکە ئیبراهیم ئەحمەد خۆی بە حیزب دەزانی. لە ڕاستیدا لە سەرەتادا کێشەیەکە لەسەر سەلیقەی کارکردن بوو، بەڵام دواتر پێوەندی بە ئێرانەوە هەبوو. ئێران دژی عەبدولکەریم قاسم بوو، هانی پارتی دەدا بۆ ئەوەی شۆڕش هەڵگیرسێنێت، خەڵکیش لەگەڵ پارتی نەبوو، لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم بوو. ئاغاکان لەگەڵ پارتی بوون بە دژی ئیسلاحاتی زەراعی و ئەوان بە هاندانی حیزب هاتنە مەیدان و ئەوەیش بەو فیکرە کە شۆڕشەکە بەرەو گەشەکردن دەچێ، خۆیان هاویشتە ناوی. دواتر مەلا مستەفاشیان ناچارکرد کە تێکەڵاوی شۆڕشەکە بێت. بارزانی زۆری پێناخۆشبوو، بەڵام توشیان کرد. ئاغاکان بە دژی دابەشکردنی زەوی چووبوون، بەڵام کە شۆڕش دەستی پێکرد، هەموویان گەڕانەوە و چەکیان بۆ حکومەت هەڵگرت.)

پرسیار: ژمارەیەک لە عەشیرەتەکان بەرەو جاشیەتی چوون، دەکرێ بڵێی بۆ؟



وەڵام: (ئەوان بە مەسڵەحەتی خۆیان دەکرد و مەسڵەحەتیان لە کوێ بووایە، لەوێ دەبوون.)

پرسیار: بنەماڵەی بارزانییش وەک ئاغاکانی تر پێنج و یەکیان وەردەگرت؟

وەڵام: (نا! ئەوان زۆر عادل بوون. ئەوەی من باسی دەشتی هەولێرم کرد، لە بارزان بەشێوەیەکی تر دروست ببوو، ئەوان بەرگریان لە چینی هەژار دەکرد و تەنانەت بە هاناشیانەوە دەچوون.)

پرسیار: ئەو عەشیرەتانەی پاڵیان بە بارزانییەوەدا، کامانە بوون و بۆچی لە شەڕەکاندا لەگەڵ بارزانی کەوتن؟

وەڵام: (هیچ عەشیرەتێک لەگەڵ بارزانی نەکەوت و هەموویان جاش بوون. ئەوانەی لەگەڵ بارزانی کەوتن، بە تێکڕا چینی فەقیر و هەژار بوون. وەک من دەزانم لە دەشتی هەولێر بەتەنیا ماڵی حەمەدەمین موحسین دزەیی جاشییەتیان نەکرد، ئەگەرنا هەم ئەوانەی بادینان و هەم ئەوانەی سلێمانی بەتێکڕایی جاش بوون.)

پرسیار: لە بارزانی چ دەزانی؟

وەڵام: (زۆر بە عەدالەت بوو. هەمیشە دەیگوت: کوڕم ئەگەر لە گوندێک نانیان نەدانێ، قڕەیان لەگەڵ مەکەن، خۆتان برسی ڕاگرن و بچن لە گوندێکی دیکە نان پەیدا دەبێ. قڕە لەگەڵ خەڵک مەکەن، غەدر لە خەڵک مەکەن. بەنێو دەغڵی خەڵک مەکەون، چوونکە بە تەبارە، گوڵە گەنمەکە خەسار دەبێ. ئەگەر قسەیەکی خراپ بە خەڵک بڵێن، زەمیرتان پیس دەبێ و بە کەڵکی خۆتان و میللەت نایەن. بارزانی سەرۆکی حیزب بوو،

بەڵام وەکوو ئەوانی تر حیزبایەتی وشکی نەدەکرد و قەت خۆی لە میللەت جیا نەدەکردەوە. ئەو کورد بوو و وەکوو کورد دەجوڵایەوە. کوردی خۆشدەویست و تەنانەت نەیدەویست ئێمە بە دژی عەسکەرەکانیش مین بچێنین، بەڵام دەیگوت بە جۆرێک بەرگری لە خۆتان بکەن تا حکومەت سەربۆ حەقی کورد دانەوێنێ. پیاوێکی دیموکرات و زۆر ئاشتیخواز بوو. کاتێک ئەو برادەرانە لە حیزب جودا بوونەوە، پێی گوتن وەرن پێکەوە کۆنگرەیەک دەکەین و ئەگەر میللەت ئێوەی هەڵبژارد، من دەچمەوە بارزان و تەنانەت لەوێ یارمەتیشتان دەدەم.

لە کۆنگرەی شەش کە لە قەڵادزێ پێکهات، سێ جار وەفدی نارد. ئەوان لە ماوەت بوون و گوتی ڕجا دەکەم وەرن خۆتان هەڵبژێرن، ئەگەر میللەت دەنگی پێدان، بەڵێنتان پێدەدەم کە بچمەوە بۆ بارزان، بەڵام ئەوان نەهاتن. دیارە ئەوان پێشتر بە دەستوری شای ئێران، بارزانییان لە حیزب دەرکردبوو. کەریم قاسم ڕوخا و ئەم جارە شا دەیویست شۆڕشەکە تێکبدات و جیابوونەوەی لە نێودا دروستکردن، بەڵام لە پیلانەکەیاندا سەرنەکەوتن و دوای ئەوەش کە چوون بۆ ئێران، بارزانی بە شوێنیدا ناردن کە کاکە وەرنەوە با پێکەوە بۆ کورد خەبات بکەین، هاتنەوە و گوتیان باشە. هەرکەس هاتەوە بوو بە سەرپەل و سەرلق و وەک جاران، بەرپرسەکانیشیان لە دۆڵەڕەقە دانا کە لە کۆنگرەدا خۆیان هەڵبژێرنەوە، کەچی ئەم جارەیان لەگەڵ حکومەت کەوتن و بوون بە جاش.)

پرسیار: بۆ چەند ساڵێک دەچێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران و پیاوەکانی لە ئیتلاعاتدا، زۆر بە توندی بەرەنگاری بارزانی و بنەماڵەی بارزانی دەبنەوە، دەکرێ بڵێی مەبەستیان لەو کارە چییە؟

وەڵام: (١٠٥ ساڵە بنەماڵەی بارزانی لە خزمەت شۆڕشی کورددان و ئێرانیش دژی کوردە و نایانەوێ هیچ مافێک بە کورد بدرێت و هەموو کێشەکانی کورد لە چاوی بارزانی و بنەماڵەکەیدا دەبینێ و دەیەوێ بیانشکێنێت.)

پرسیار: بارزانی چۆن ئینسانێک بوو؟

وەڵام: (پیاوێکی شاز بوو، لەنێو خەڵکدا دروست ببوو، پیاوێکی شاز بوو لەنێو خەڵکی ئازادا دروست ببوو، یەک لە نموونەکانی شاز بوونی: ئەگەر کۆبوونەوە یان کۆنگرەیەک دەبوو، دوو بارزانی دەهاتن و دەیانگوت هیچ کەس لەبەر بارزانی هەڵنەستێ و کەسیش چەپڵەی بۆ لێنەدا، بە پێچەوانەی سەرکردەکانی ئێستا کە پێیانوایە هەموو عالەم دەبێ بۆیان هەڵپەڕن. قەبووڵی نەدەکرد، کەسێک دەستی ماچ بکا، یان پێی بڵێ گەورەم، دەیگوت من مستەفا بارزانیم. ئەوە یەک لە تایبەتمەندییەکانی بوو.

دووەم: سەرپەلێکی خاوەن عەشیرەت، نزیکە ٧٠٠ تا ١٠٠٠ پێشمەرگەی هەبوو، کابرایەکی کوشتبوو. قاعیدی ئێمە فارس باوە بەشێکی زۆری لە کوردستان لەبەر دەستدابوو، چوو بۆلای بارزانی کە ئەو سەرپەلە عەفو بکات و داوای لێکرد. بارزانی لە وەڵامیدا گوتبووی خۆ ئەو برای منی نەگوشتوە کە من عەفوی بکەم، ئەو برای خەلیلی کوشتوە و ئەو دەبێ عەفوی بکات. جا ئەگەر ئەوکارەی کرد، منیش خوێنی دە زەلامتان دەدەمێ. ئەوان عەفویان نەکرد و سەرپەلەکەیان کوشت. بارزانی لە هیچ کەس خراپەی قەبووڵ نەدەکرد. بەڵام حیزبییەکان و شیوعییەکان دوو جار چەکیان بەدژی هەڵگرت. جەلالییەکان هەرلە ٦١وە دەستیان دایە چەک، چوونە ئێران و هاتنەوە، دیسان چەکیان هەڵگرتەوە و ساڵی ١٩٧٠ حکومەت پێیگوتن بڕۆنەوە لای حیزب، بەڵام بە بەڵگە کە خۆم گوێم لە قسەکانیان بووە، دوای گەڕانەوەیان کاریان بۆ حکومەت دەکرد و تا ئێستا بۆم دەرنەکەوتووە ئەو نەخۆشییە چییە.)

## ئەحمەد مستەفا ئاغای حەوێزی "دڵزار"



ئەحمەد مستەفا ئاغای حەوێزی "دڵزار" ئێوارەی ڕۆژی ١٩٢٠/١/٨ لە شاری کۆیە لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە کۆیە تەواوکردوە و چووە بۆ سەربازی. بە بنەماڵە شاعیر بوون و لەژێر کاریگەریی باوک و بنەماڵەکەیدا، بەرەو شیعر گوتن چووە و چوونکە زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە، لە ساڵی ١٩٤٠وە سەرەتا بە زمانی عەرەبی شیعری گوتووە و دواتر لەسەر شێوەی کلاسیک شیعری کوردی هۆندۆتەوە و دیوانێکی ئامادە کردوە، بەڵام لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٣دا دیوانە شیعرەکەی فەوتاوە و ناچار بووە سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. دیوانێکی لە شیعرەکانی و سێ بەرگی بیرەوەریی بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک شیعر کە لە زمانەکانی فارسی و عەرەبییەوە کردونی بە کوردی. دوای گەڕانەوەی لە سەربازیی، تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە. ساڵی ١٩٤٦ چووەتە ڕیزی حیزبی شیوعی عێراق و بۆ ماوەیەک بەرپرسی حیزبی شیوعی بووە لە کۆیە. دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥، ئەحمەد دڵزار چووەتە بولغارستان و دواتر لە هەشتاکاندا هاتووەتە سوید و ساڵی ١٩٩٣ بە دوای ئازادبوونی کوردستان، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە کێشەی حیزبی شیوعی لەگەڵ ڕژێمی بەعس چۆن سەریهەڵدا و بۆچی تێکچوون و کاتی ڕاکردنی ئەندامانی حیزب بۆ کوردستان، چۆن پێشوازیتان لێکرا؟ گوتی:

وەڵام: (حیزبی شیوعی لەسەر ڕاسپاردەی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ عێراق چوو لە بەرەیەکەوە. لە ڕاستیدا ئێمە بە دڵی پاک بەرەکەمان قەبووڵ کرد، بەڵام ڕژێمی بەعس بە تاکتیک لەگەڵ ئێمە بەرەی کردبۆوە، لەبەر ئەوە ئەندامێکی زۆریان لێ کوشتین. بەعس ڕەگاژۆیی کردبووە ناو ئێمە،

شەو لەگەڵ سەرکردەکانی ئێمە دادەنیشتن و بۆ بەیانییەکەی لەلایەکی تردا ئەندامیان لێدەگرتین و گوللەبارانیان دەکرد. بەعس، حیزبی ئێمەی بنکۆڵ کرد، بەڵام برادەرانی ئێمە باس لەو ڕووداوانە ناکەن. لە کۆیە بە تاوانی کوشتنی کابرایەکی بەعسی کە دیار نەبوو کێ کوشتبووی، حەوت ئەندامی حیزبی شیوعیان ئیعدام کرد و لە سلێمانی زیاتر لە ٢٠ کەسیان کوشت. من ئیعدامم لەسەر بوو کە ڕامکرد و دوای من خانوبەرەکەیان سوتاندین و دایکم و بنەماڵەکەمیان ئاوارە کرد. دوای چەند ساڵ کە گەڕامەوە، گوتیان ڕابگەیەنە کە پارتی دیموکراتی تاوانبار خانووەکەی سوتاندوم و ئێمە هەرچی دەتەوێ، دەتدەینێ.

لە کوردستانیش دوو ڕوانین هەبوو لەسەر ئێمە. کە لە بەغدا ڕامانکرد و هاتینە کوردستان لە هەندێک جێدا هەر ئەوەمان بەسەر هات کە لە بەغدا بەسەرمان هاتبوو. برایم ئەحمەد بەیاننامەیەکی دەرکرد و



نوسیبووی تاوانبارەکان داڵدە مەدەن و لە هەرجێیەک کەوتنە دەستتان، چەکیان بکەن. من خۆم توشی جەماعەتی برایم ئەحمەد بووم، دەمانچەیەکم پێبوو، پرسیان چەکت پێیە، گوتم نا، گوتیان بڕۆ، بەڵام هەر ئەو دەمانچەیەی من دوای چەند ڕۆژ بە حەسەن خدر بوو، ئەو بردی بۆ هەولێر کە لە ڕێگادا لێیان هەستاند. هەر ئەوە نەبوو، زۆر ئەندام و لایەنگری ئێمەیان گرت و کوشتیان.

من و کەریم ئەحمەد چووین بۆلای بارزانی لە "کورەی کانی ماران" بوو. بارزانی کەریم ئەحمەدی دەناسی و لەگەڵ ناوی منیش ئاشنا بوو. لە کەریم ئەحمەدی پرسی، ئەوە کێیە و ئەویش منی ناساند و گوتی: دڵزار بەرپرسی حیزبی شیوعییە لە کۆیە. بارزانی گوتی: نوسیومە شیوعییەکان داڵدە بدەن و خزمەتیان پێ بکەن. بارزانی بە حەق داڵدەی دابووین و لە ڕاستیدا برادەرانی ئێمەش لایەنگری بارزانی بوون. عەرزی بارزانیم کرد

کە برادەرانی ئێمە لە "دێگەڵە"ی کۆیە چەککراون. عەولائاغای پشدەریی کاتبی بارزانی بوو، بانگی کرد و گوتی: دوو نامە بنوسە بۆ سەعید مەسیفی لە کۆیە و عەریف سەمەد لە دێگەڵە و بڵێ ئەگەر دڵزار کەسێکی نارد بە چەک یان بێ چەک بە ڕێزەوە ڕەوانەی بکەن و پێشیان مەگرن. هەروەها گوتی ئامادەم هەموو یارمەتییەکتان بدەم. نامەکانم برد. سەرەتا چوومە لای سەعید مەسیفی، خوێندییەوە و گوتی: بەسەر سەر و بەسەر چاو، ئێوە چۆنتان دەوێ ئێمە وادەکەین.

مام نادری ئیسماعیل ئاغامان هەبوو کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا بوو، بە قۆمبەلەی خۆی کە دەیهاویشتە سەنگەری جاشان شەهید بوو. لەگەڵ ئەو نامەی عەریف سەمەدمان برد و ئەویش کە نامەکەی خوێندەوە، خستیە سەر سەری و گوتی: بە چاوان هەرچی ئێوە دەڵێن، ئێمە هەرئەوە دەکەین.)


پرسیار: بارزانی چۆن سەرکردەیەک بوو؟

وەڵام: (بارزانی ئینسانێکی کراوە بوو. زۆر زیرەک و ئازا بوو. لە ئێمەی پرسی ڕەئیتان چییە بەرامبەر بەو وەزعە؟ ئێمەش وەڵامی خۆمان دایەوە و ئەویش زۆر بە وردی گوێی بۆ گرتین. گرنگ ئەوە بوو کە بارزانی قسەی وەردەگرت.)

پرسیار: عیرفان قانعی فەرد لە کتێبی "دوای ٦٠ ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی"، لە ٢٩ جێدا ناوی تۆی هێناوە کە وتووێژی لەگەڵت کردوە، دەکرێ بڵێی وتووێژەکەتان لەسەر چ بوو؟

وەڵام: (بیستومە کە گوتویەتی منی بینیوە، بەڵام بە شەرەفم نەمبینیوە و ئەگەر بینیبیشم بەو ناوە نەبووە.)

## عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری



عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری" ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی "بێناسە" لەدایک بووە، نەچووەتە خوێندنگە و لە لای مەلا خوێندویەتی و سەرف و نەحوی تەواو کردوە، بەڵام بە پلەی مەلایەتی نەگەیشتووە. شانامەی فیردەوسی و مێژووی نادر شای هەوشار و چەندان کتێبی تری فارسی خوێندوەتەوە. ئەمیر هێزی سەفین بووە لە شۆڕشی ئەیلولدا و بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ ساڵ لە نزیکەوە لەگەڵ بارزانی بووە. بەرپرسی کاروباری پەنابەرانی کوردی باشوری کوردستان بووە لە ئێران و چەند کتێبی بەنرخی لەسەر شۆڕشی ئەیلول هەیە و بیرەورەییەرکانی خۆشی تۆمار کردوە. هەرچەندە بە بنەماڵە ئاغا بوون، بەڵام لە ژیانیدا ئاغایەتی نەکردوە. لەگەڵ محەمەد موفتی خەڵکی کۆیە، عوسمان دانیش خەڵکی سلێمانی و کەریم زەندی و ژمارەیەکی تر بەشداریی کردوە لە خەباتی کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا و تەنانەت لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کە زێرۆ بەگی هەرکی بەرپرسی هێزی کۆمار بووە لە ناوچەی سەردەشت بەشداریی شەڕەکانی ناوچەی سەردەشتی کردوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا، دەکرێ هەندێک باسی شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بکەیت؟ گوتی:

وەڵام: (لە کۆماری کوردستان ئەمرمان بۆ هات، ئەوانەی لەخۆیان ڕادەبینن، بچن بۆ سەردەشت و ئەوانەش کە ناتوانن، بێن بۆ مهاباد. ئەوانەی مهاباد هێشتا فێری کوردی نەببوون و هەر بە فارسی دەیاننوسی. پێویستیان بە خوێندەواری زمانی کوردی هەبوو. من ژمارەیەکم لەگەڵ خۆم برد و چووم بەشداریی شەڕەکەم کرد. زێرۆ بەگی هەرکی لەوێ بوو. من خۆم بەو ناساند و ماوەیەک لەوێ بووین و شەڕمان کرد، هەتا

نامەیەکمان بۆ هات کە لەگەڵ تاران دەستیان بە وتوویژ کردوە بۆ وەرگرتنی خودموختاری. قازی محەمەد و ژمارەیەک لەگەڵ ئەوانەی ئازەربایجان چوون بۆ تاران و بڕیاریاندا شەڕ بوەستێ و بە ئێمەیان ڕاگەیاند جبهەکە بەتاڵ بکەن. چوار دەوری سەردەشت بە دەست پێشمەرگەوە بوو، خۆراکیان بۆ نەدەچوو. نانەوازادە هات و گوتی قازی ئەمری کردوە، جادەکان بەتاڵ بکەن و لە بانەوە ئازوقەیان بۆ هات. بەداخەوە لە بانە تەیارەی نانەوازادە سوتا و نەگەڕایەوە. ئێمە لەگەڵ عەشیرەتەکانی گەورک، سوێسنی و مەلکاری لەوێ بووین کە سەرلەنوێ شەڕ دەستی پێکردەوە. ئەم جارەیان لە جیاتی زێرۆ بەگ، بەکر عەبدولکەرێم حەوێزی لە هێزی بارزانی هات و سەرلەنوێ جادەکانمان گرتەوە. دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، باوکم خەبەری بۆ ناردم کە نابێ بگەڕیمەوە و لە ئاکامدا قاچاخ بووم. مەحمودی حاجی ئاغای هێرۆ هەبوو، خزممان بوو، ئامۆزای بابم بوو و پیاوی چاک بوو. دەستی دەڕۆیی و لەگەڵ حکومەتی ئینگلیز دەستی تێکەڵاو بوو و ئینگلیزەکانی ڕازی کرد. مەحمود ئاغا فەڕشێکی بۆ قایمقامی قەڵادزێ عەبدولرەحمان شەڕەف نارد و ئەویش بۆی نوسیم کە ئەوە بۆ سیاسەت نەچووە و موڵک و ماڵی لەوێیە و بۆیان جێبەجێ کردم و من گەڕامەوە.)

پرسیار: دوای گەڕانەوەت لە ناوچەی سەردەشت، چۆن لە باشوری کوردستان تێکەڵاوی کاری سیاسیی و چەکدارانە بووی؟

وەڵام: (دوای گەڕانەوە لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکرات لە قەڵادزێ گوتیان: "کاکە تۆ لە مهاباد بووی و وەرە لەگەڵ ئێمە تێکەڵ بە و تۆ مامۆستای ئێمەی". گوتم کاکە من موڵک و ماڵم هەیە و ناتوانم بێم لێرە دانیشم. گوتیان: "قەیدێ ناکات، تۆ ئەندام بە و هەرلە وێ لە جێی خۆت بمێنەوە." من کەسابەتی خۆم دەکرد و ئەندامیش بووم لە لیژنەکەدا. بە دوای ئەوەدا ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و ئەوانی تر منیان ناسی و لەوێوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووم.)

پرسیار: دەکرێ باسی پارتی دیموکرات بکەی و بڵێی بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لە چ دۆخێکدا بوو؟

وەڵام: (بەرلە گەڕانەوەی بارزانی پارتی هەبوو، بەڵام بێ هێز بوو. داوایان لەمن کرد و گوتیان تۆ ئەو هەمووە خزمانەت هەن، بۆچی تەنزیمیان ناکەی، وەک لقێکی عەشایریی تەنزیم بن لەگەڵ پارتی. گوتم باشە، قسەم لەگەڵ کردن و ساڵی ١٩٥٧ نزیکەی ٢٠- ٢٥ گەنجی میراودەلیم تەنزیم کرد و هەموو مانگێک ئەندامەتیمان دەنارد بۆ سلێمانی. نوری ئەحمەد تەها بەرپرسی لقی چوار بوو. هەباسی مامەند ئاغاشیان هەربەو جۆرە تەنزیم کردبوو و لقێکی عەشایری هەبوو. ساڵی ١٩٥٨، لە زەمانی نوری سەعیددا شۆڕش کرا، مەلا مستەفا هاتەوە و ئێمە بەچاکمان زانی وەفدێک بچین بۆ پێشوازی مەلا مستەفا. لەگەڵ هەباسی مامەند ئاغای پێوەندیمان گرت و چل پەنجا ئوتۆمبێل بەیەکەوە چووین بۆ بەغدا. مەلا مستەفا بە شکۆیەکی گەورە گەڕایەوە. عەرەبەکانی جنوب زیاتر هاتبوون لە ئێمەی کورد. مەلا مستەفا قسەی بۆ کردین و گوتی ئەگەر کەریم قاسم نەبووایە من نەدەگەڕامەوە. ئێحترامی مەلا مستەفا ئیجگار گەورە بوو. دواتر پارتی ئیجازەی وەرگرت و ئاشکرا بوو. مقەڕیان لە بەغدا و لە هەموو شارەکان کردەوە. ڕۆژنامەی خەبات وەبەر نەدەکەوت و لە ڕۆژنامەکانی عێراق زیاتر دەفرۆشرا. لەو سەردەمەدا هەمزە عەبدوڵا سکرتێری حیزب و یەکەم باوەڕپێکراوی مەلا مستەفا بوو، کاغەزی سپی پێبوو، مەلا مستەفا ئیمزای دەکرد و ئەو بۆخۆی پڕی دەکردەوە و دەینارد بۆ حیزب و حکومەت و عەشایر و خەڵکی تر.)

پرسیار: ئەو کێشانە چیبوون لەنێوان هەمزە عەبدوڵا و ئیبراهیم ئەحمەد و دواترا چۆن بوو گواسترایەوە بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی؟

وەڵام: (حیزبی شیوعی لەوکاتەدا هیچ باوەڕی بە مەسەلەی نەتەوەیی نەبوو، تەنانەت دژیشی بوو. هەمزە عەبدوڵا کە سکرتێری پارتی بوو، لایەنی شیوعییەکانی دەگرت، لە سەروتارەکانی ڕۆژنامەی خەباتدا کە دەبووایە سیاسەتی پارتی بڵاوبکرێتەوە و هەمزە عەبدوڵا بۆخۆی

دەینوسین، لە ڕیزی هەمان سەروتاری ڕۆژنامەی "شەعب"ی حیزبی شیوعی بوون کە بڵاودەکرانەوە. مەلا مستەفا بە هاندانی ئیبراهیم ئەحمەد لە هەمزە عەبدوڵا توڕە بوو. هاوسەری ئیبراهیم ئەحمەد برازای هەمزە عەبدولا بوو و هاوسەری هەمزە عەبدوڵاش خوشکی برایم ئەحمەد بوو. ئەوان جگەلە کێشەی سیاسی کێشەی ناوخۆییشیان هەبوو. مەلا مستەفا بە هەمزە عەبدوڵای گوت: هەمزە من شیوعی نیم و ١١-١٢ ساڵ لە سۆڤیەت بووم، نەبووم بە شیوعی. من حیزبی شیوعی بە بەکرێگیراو دەزانم. ئەوانە کرێکار نین و نابێ تۆ بەو شێوەیە بکەی.

هەمزە بەقسەی نەکرد و ئەویش لێی توڕە بوو و ئیبراهیم ئەحمەدی لە جێی دانا. هەمزە ڕۆیشت و خەسرەو تۆفیق، دوکتۆر مەحمود عوسمان، شاخەوان و چەند کەسێکی تریشی لەگەڵ بوو کە ئەوانیش ڕۆیشتن. ئەوە بوو بارزانی کۆنگرەی پێکهێنا و کۆنگرە ئەوانەی لە حیزب دەرکرد و ئیبراهیم ئەحمەدی کرد بە سکرتێری پارتی دیموکرات.

لە سەرەتادا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد پێکەوە زۆر ڕێکبوون تا کۆنگرەکە گیرا، ئەم جارەیان ئیبراهیم ئەحمەد توشی غرور بوو، دەیگوت ئەگەر من نەبم مەلا مستەفا ناتوانێ بەم شێوەیە تەسەروف بکات و خەڵک لێی قەبووڵ ناکات و ئەوە منم کە ئەوم ڕاگرتووە. بارزانی ئەو قسانەی دەبیستەوە. هێشتا کێشەکان بەو جۆرە نەبوون. ئیبراهیم ئەحمەد بە دژی مەلا مستەفا پەرەی بە بەربەرەکانیدا. ساڵی ١٩٦٢ ئێمە لە خواکورک لەگەڵ برادۆستییەکان و هەرکییەکان لە شەڕدا بووین. حکومەت چەکی دابوونێ. من لەگەڵ مام جەلال بەرپرسی عەسکەریی شارباژێر بووم. بارزانی داوای قوەتی کرد و ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: "مەلا مستەفا داوای قوەتی کردوە و وەزعی خراپە، لەگەڵ سۆفی و هەرکی و عەشیرەتەکان لە شەڕدایە و منی لەگەڵ هێزێکی ١٥٠ کەسی بۆ ماوەی سێ مانگ نارد. مەلا مستەفا منی نەدەناسی، بەڵام کەیفی بە کارەکانم هات و گوتی: ناهێڵم تۆ بگەڕێیەوە، گوتم ئەزبەنی من لەوێ مەسئولیەتم هەیە. گوتی: نا ناهێڵم و من زەلامی وەک تۆم دەست ناکەوێت و نەیهێشت بگەڕێمەوە.

ڕۆژێک بانگی کردم و گوتی: با قسەیەکت لێ بپرسم، بەڵام وەڵامی ڕاستم بدەوە، گوتم وەڵا ڕاستت جواب دەدەمەوە، گوتی: ڕەئیت چییە لەسەر

ئیبراهیم ئەحمەد؟ تێکەڵاویت لەگەڵ هەیە؟ گوتم ئەی چۆن ڕەفیقمە، لە ژێکافەوە دەیناسم. گوتی: ڕەئیت چۆنە لەگەڵی؟ گوتم قوربان ڕەئی ڕەئی جەنابتە، ئیبراهیم ئەحمەد خودا بەدبەختی کردوە کە بەربەرەکانی تۆ دەکات، تۆ دروستت کرد و چووی بە ناشەرعی داتنا، ئێستا بەربەرەکانی جەنابت دەکا و ئەگەر ئەوەی لێوەکەی، پیاوێکی چاکە و زیرەک و سیاسییە. گوتی: باشە ئەی جەلال؟ گوتم مام جەلال ئەوەندە موخلیسی تۆیە کە مەپرسە. گوتی: سەبر بگرە بزانین موخلسی من دەبێت یان نا؟ سەر ئەنجام سەرما بەسەردا هات و شەڕ بڕایەوە. ئێران جەماعەتی فەتاح هەرکی وەرنەگرت و ئەوانیش هاتن تەسلیم بوون. بارزانی لەگەڵیان ڕێککەوت و گوتی بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان. گوتیان ئێمە وەک جاش دەمێنینەوە، بەڵام یارمەتی تۆش دەدەین و پارەت بۆ دەنێرین و ناوچەکەش دەپارێزن و لەگەڵت دەمێنینەوە. مەلا مستەفا قەناعەتی هات. بەو جۆرە جبهەی ئەو ناوچەیە ئارام بۆوە و مەلا مستەفا هات بۆ ناوچەی سۆران. خەڵکەکە بە گەرمی پێشوازیان کرد و ئیبرایم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسیش هاتن بۆ بەخێر هاتنی و پارەی پێنجوێن کە ١٥- ١٦ هەزار دینار بوو، بەشیان کردبوو و نیوەیان بۆ بارزانی هێنا. وەزعەکە هەندێک هێور بۆوە. ژمارەیەکی زۆر شکاتیان لە بەکر عەبدولکەریم حەوێزی کردبوو، ئەو ئاغایەتی دەکرد، تفەنگ و دەمانچەی لە خەڵک دەستاند و بارزانی ئەوی لابرد و منی کرد بە ئەمیر هێزی سەفین.)

پرسیار: کودەتای بەعس بە دژی کەریم قاسم لە کوردستاندا چۆن دەنگدانەوەیەکی هەبوو؟

وەڵام: (مەلا مستەفا هێشتا لە ناوچەی قەڵادزێ بوو و من لە سەفین کە حیزبی بەعس کودەتای لەسەر عەبدولکەریم قاسم کرد. بەرلەو کودەتایە پێوەندیان بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە هەبوو، بروسکەیەک لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە هات کە بچن هێرش بکەن و ڕێگاکان بگرن. لەگەڵ ئەوەدا حیزبی بەعس بڕیاری کوشتنی شیوعییەکانی دا و جەمال حەیدەری و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن. ئەوانیش هەرچەند دژی کوردستان بوون، بەڵام ڕوویان لە کوردستان کرد. ئیبراهیم ئەحمەیش بروسکەیەکی نارد

کە لە هەرجێییەک شیوعیتان دیت، بیانگرن و چەکیان بکەن و مەجالیان مەدەن. لە ناوچەی دەربەندیخان عەلی عەسکەری کۆمەڵێکی لێ کوشتن و ژمارەیەکیشی گرت و زیندانی کردن. من ئەمرەکەم بەجێگەیاند و بە ئەمیر بەتالیۆنەکانی خۆم گوت کە بیانگرن و چەکیان بکەن. بە دوای ئەوەدا بروسکەیەکی مەلا مستەفا هات، نوسیبووی ئیحترامیان بگرن و مقەڕاتیان بۆ بکەنەوە و چۆن ئەرزاق دەدەن بە پێشمەرگەکانی خۆتان، هەر بەم جۆرەش ئەرزاقیان بدەنێ و جلوبەرگیان بۆ دابین بکەن. من ناچار بووم بروسکەکەم بگۆڕم و بروسکەیەکی ترم کرد و گوتم ئەمری مەلا مستەفا بەجێبگەیەنن و گوێ بە وتەی ئیبراهیم ئەحمەد مەدەن. بە دوای ئەو بروسکەیەدا شیوعییەکان هاتن، عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد و ئەحمەدی بانیخێڵانی و ژمارەیەکی تر بوون کە من زۆر ئیحترامم گرتن و دوو مقەڕم بۆ کردنەوە کە یەکێکیان لە "ئاوەگرد" بوو.)

پرسیار: ئەو دوو بۆچوونەی ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی لە کوێوە دەهات؟

وەڵام: (هەرچی ئیبراهیم ئەحمەد بوو، کۆنە غەرەزی قەدیمی لە شیوعیان هەبوو. ئەوان بە پارتیان دەگوت پاتری و پارتیان بە بەکرێگیراوی سنتۆ دەزانی و ئەویش ئەو ڕقەی لێبوون و دەیگوت چۆن حیزبێک یان کەسێک بەربەرەکانی تۆ بکات، لە بەرامبەریدا بێدەنگ دەوەستی، بەڵام بارزانی دەیگوت قەیدی ناکات، بەربەرەکانی ئێمەیان کردوە، بەڵام ئەوان ئەمڕۆ ئیشیان بە ئێمە هەیە و ئەمەش ئیشمان بەوانە، یەکێتی سۆڤیەتیان لە پشتە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە دەوریان هەیە و ناسراون لە دنیادا و باشتر لە پارتی وەردەگیرێن، با بێن شەڕ بکەن و پشتیوانمان بن. با بێن ئەگەر حیزبی بەعس مافی ئێمەی دا، ئەوە باشە ئەگەرنا با ئەوانەش پشتیوانمان بن کە بۆچوونی مەلا مستەفا دروستتر بوو. سەرئەنجام ئیبراهیم ئەحمەدیش نەیتوانی درێژە بەو سیاسەتەی بدات و گەڕایەوە سەر قسەی مەلا مستەفا.)

پرسیار: باس لە هەلگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بکەین، چۆن هەلگیرسا؟

وەڵام: (عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی نیشتمانپەروەربوو، بەڵام لە تەسەروفاتی مەلا مستەفا ڕازی نەبوو. لە کوشتنی ئەحمەد ئاغای زێباری کە بە ئاشکرا لە موسڵ دەستڕێژیان لێکرد و کوشتیان و قاتڵەکانیش گیران، بەڵام بارزانی ئیعدامی نەکردن، ناردنی بۆ سلێمانی و لەوێ زیندانی کران و دواتر لە گواستنەوەدا بە ڕاکردنیان دان. چوار کەس بوون. عیسا سوار بوو، سەعید ناوێک بوو، حاجک بوو لەگەڵ مەلا حەسەن کە هەموویان پێشتر لەگەڵ بارزانی لە ڕوسیا بوون. ئەوان لە تۆڵەی کوژرانی باوک و براکانیان ئەحمەد ئاغایان کوشت. بارزانی هەروەها کوشتنی سەدیق میرانی لایەنگری حکومەت و یەکێک لە نزیکانی کەریم قاسم و برای عوسمان میرانی پێناخۆش نەبوو. سەدیق میران و کاوانییەکان جیرانی یەکتر بوون و ناکۆکیی کۆنیان پێکەوە هەبوو. مەلا مستەفا زانی کاوانییەکان کوشتوویانە. عەبدولکەریم قاسم بەوە توڕە بوو، خۆی لەگەڵ مەلا مستەفا ڕووبەڕوو نەبۆوە، بەڵام زێبارییەکان، سورچییەکان و ئەوانی تری کە لە کۆنە دوژمنی مەلا مستەفا بوون، پڕچەک کرد و مەلا مستەفاش کە بەو وەزعەی زانی، بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان. لە سلێمانیش ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال لە خوایان دەویست کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شەڕ هەڵگیرسێ، دیارە مام جەلال زیاتر. لەوێ ئەو جەوە دروستبوو، بەڵام لەنێو عەشایری سۆران جەوێکی گرانتر لەوە دروستبوو. لە حەمەڕەشید خانی بانەوە بگرە تا دەگاتە حاجی برایمی چەرمەگا، تا دەگاتە جافەکانی هەڵەبجە، تا دەگاتە جافی کوێخا سمایلی تەلان، تا دەگاتە پشدەرییەکان، تا دەگاتە هەباسی مامەند ئاغا کە ئیسلاحی زەراعیان بەسەردا سەپابوو، توشی زیان ببوون. جوتیارەکان بە هاندانی حیزبی شیوعی کە دەورێکی خراپی هەبوو، ئاغاکانی ڕادەکێشا و دەیگوت دەبێ بکوژرێن، بفەوتین و ماڵیان داگیر بکرێ. جوتیار گەورەی هەموو شتێک بوو و ئاغاکان هیچیان بۆ نەمابۆوە. لەبەر ئەوە خۆبەخۆ ڕێککەوتن کە شۆڕش بکەن. دەیانگوت حیزب شۆڕش ناکات و ئەوان دەبێ بیکەنو ڕێگای خەلەکانیان گرت. من لە کۆبوونەکەیاندا بووم لە بۆسکێن لە نزیک ڕانیە لە ماڵی شێخ حوسێن. ئەوکاتە حکومەت حیزبی هەڵوەشاوە

ڕاگەیاند و مام جەلال و ئەندامانی حیزب نهێنی بوون. مام جەلال هاتە پشدەر و ڕۆژی کۆبوونەوەکەی عەشایر لەوێ بوو، منیش لەوێ بووم عەشایر گوتیان دەچین ڕێگای خەلەکان دەگرین و کۆیە، ڕانیە و قەڵادزێ داگیر دەکەین. مام جەلال گوتی: نا باشترە پرس بە مەلا مستەفا بکەین.
گوتیان کاکە حەوتویەکی پێدەچێ تا بچین پرسی پێبکەین. مام جەلال گوتی: کاکە من کارێکی وادەکەم کە زوو وەڵامتان بۆ وەرگرمەوە، بەڵام تا من وەڵامتان دەدەمەوە هیچ مەکەن. ئەوانیش گوتیان باشە، دەچین سەنگەر لێدەدەین و ڕێگا دەگرین، بەڵام شەڕیان لەگەڵ ناکەین تا وەڵاممان دەدەیتەوە. مام جەلال چوو و گەڕایەوە و گوتی:
- مەلا مستەفا دەڵێ نابێت، چونکە کەس پشتیوانیمان لێ ناکات، نە یەکێتی سۆڤیەت و نە ئێران و نە تورکیا و ئەگەر کەسێک پشتمان نەگرێ، ئێمە ناتوانین، شەڕی عێراق بکەین. فیشەکمان نییە، تفەنگمان نییە، پارەمان نییە و بە دەستی بەتاڵیش شەڕ لەگەڵ حکومەت ناکرێ، بەڵام هەر عەشیرەتەی دوو سێ زەلام دیاریی بکەن و شەڕی پارتیزانی بکەن و لە هێزەکانی عەسکەریی بدەن، ڕێگا بگرن تا حکومەت ناچار بێت، داواکانی ئێمە جێبەجێ بکات.
بە ڕاشکاوی بە مام جەلالیان گوت ئێمە بە قسەی تۆ باوەڕ ناکەین، مەلا مستەفا پێی خۆشە و مادام لە بەغدا دەرچووە، ئەی چ دەکات. پارێزگاری سلێمانی عەبدولهادی ساڵح هات و گوتی زەعیم ئەمری بەمن کردوە، ئێوە داواکارییەکانی خۆتان بەمن بدەن تا من بینێرم و ئەگەر داواکانتان جێبەجێ بوو، باشە ئەگەرنا بۆخۆتان بڕیار بدەن. ئەوان کۆبوونەوە و داواکارییەکانیان نوسی، هەموویان ئابووریی بوون. وەک حەوزی دوکان، ئاوی دهۆک و نرخی توتن. عومەر دەبابە وەجواب هات و گوتی: ئەوانە داواکاریی کورد نین. پارێزگار پرسی ئەوە کێیە و لە کوێوە هاتووە، گوتیان عومەر دەبابەیە و لە کەرکوک دادەنیشێ. پارێزگار گوتی کاکە ئەوانە سەر بە سلێمانین و تۆ بچۆ لە کەرکوک داواکاری خۆت بنوسە. داواکارییەکانیان نارد بۆ بەغدا، بەڵام قاسم بۆی جێبەجێ نەکردن و گوتی مادام ئەوان ڕێگاکانیان گرتووە و بەری نادەن، ئێمەش داخوازەکانیان جێبەجێ ناکەین، با بچنەوەماڵەکانیان و چەکەکانیان دابێن، ئەوکاتە قسەی لەسەر دەکەین. ئەوان وەڵامیان نەدایەوە. لەسەر

جادەی خەلەکان چایخانەیەک هەبوو، عەشایر کۆببوونەوە و نانیان دەخوارد کە دوو تەیارە هات و دەستڕێژی لێکردن.

یەکەم تەقەی شۆڕشی ئەیلول لەو چایخانەوە دەستی پێکرد. لەوێ جەماعەتێک کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون و کەپری چایخانەکە سووتا. دیارە ڕۆژی پێشتریش لە دەربەندیخانی دابوو و لەوێش جەماعەتێک کوژرابوون. لە ئاکامدا عەشیرەتەکان بڵاوبوونەوە، بەڵام هەباسی مامەند ئاغا و شێخ حوسێنی بۆسکێن هەریەکەی بە پێنج شەش کەس مانەوە.

ئێمەش جەماعەتی حیزب کە بریتی بوون لە مام جەلال و سێ چوار کەسی خەڵکی ڕانیە، سێ چوار کەسی خەڵکی کۆیە، سەدیق ئەفەندی بەرپرسی ناوچەی ڕانیە کە بە هەموومان دەبووین بە ٢٠- ٢٥ کەس. مام جەلال چوو جەولەیەکی کرد و چەند کەسێکی تریشی پەیدا کرد، چەند پۆلیسی هەولێر هاتنەدەر و چەکیان لەگەڵ خۆیان هێنا و بەم جۆرە شۆڕشەکە دروست بوو.

لە ناوچەی بارزانیش، حکومەت بە توندی بارزانی بۆمبباران کرد و بارزانییەکان وەزعیان شڕ بوو، شێخ ئەحمەد ئاڵۆز ببوو، ئەو هەموو خەڵکە کوژران و بریندار بوون و ئەوانەی تریش ئاوارە ببوون و دنیا بەرەوە سەرما دەچوو. شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا ڕێککەوتن کە مەلا مستەفا بەسوریادا بچێت بۆ یەکێتی سۆڤیەت و شێخ ئەحمەدیش لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوێ. ئەوان هەر بەم جۆرەیان کرد، شێخ ئەحمەد بروسکەیەکی بۆ قاسم نارد و ئەویش هێزەکانی سوپای لە بارزان کشاندەوە و جاشەکان ڕێگەیان نەبوو کە بچنە ئەوێ، بەو شەرتەی مەلا مستەفا لەوێ نەمێنێ، شێخ ئەحمەد خۆی ناوچەکە بەڕێوەبەرێت. مەلا مستەفا لە ناوچەی نێروێ و ڕێکان و ئەوانە، خەڵکێکی زۆری دی و نزیکەی هەزار کەسی لێ کۆبۆوە و گوتیان مەڕۆ و ئێمە لەگەڵتین. مەلا مستەفا لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بۆوە و لەوێ لە جاشەکانیدا و نزیکەی سێ مانگ شەڕی کرد. ئێمەش لەگەڵ مام جەلال چووین ناوچەکەمان وەگەڕ خستەوە و پێنجوێن، ماوەت و چوارتامان داگیر کرد و هەموو ناوچەی شاربازێڕمان پاککردەوە. ئەم جارە مەلا مستەفاش دوای پاک کردنەوەی ناوچەی زاخۆ و بادینان، چەکدارەکانی ڕێکخست و ئەمیر

بەتالیۆنی بۆ دیاریی کردن و بەرەو ناوچەی سۆران هات و زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکرد.)

پرسیار: ئەی ڕۆڵی ئێران لەو شەڕانەدا چیبوو؟

وەڵام: (تا ئەم دەقیقەیە ئێران دژی مەلا مستەفا بوو. ئیعدامی پێشووی لەسەر بوو و بە دوژمنی ئێرانی دەزانی و بەچاوی شیوعی تەماشای دەکرد و دەیانگوت پیاوی ڕوسیایە و بە عەرەبیش پێیاندەگوت "مەلای سور". لە ناوچەی خواکورک دوو پاسەوانی بارزانی بریندار بوون، یەکیان ناوی بێجان و کوردی شکاک بوو، لەگەڵ بارزانی چووبوو بۆ ڕوسیا، بارزانی ویستی بۆ چارەسەریی برینەکانیان ڕەوانەی ئێرانیان بکات، پێوەندیمان لەگەڵ پاسەوانەکانی سەرسنور گرت، بەڵام ئەوان قەبووڵیان نەکرد.

لە ساڵی ٦٢دا هەروەک گوتم ئێمە لە خواکورک بووین کە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری هاتن و گوتیان ئێران پێوەندی لەگەڵ گرتووین و دەیانەوێ یارمەتیمان بدەن، بەو شەرتەی سەرسنورەکانیان بۆ ئارام ڕاگرین و نەهێڵین خراپکار بچێ. دوو نوێنەریان ویستووە، بچێتە لایان و وتووێژیان لەگەڵ بکەن. بارزانی گوتی: زۆرباشە، ئێوە خۆتان بچن، بەڵام داوای ئیزگەیەکی ڕادیۆشیان لێبکەن. ئەوان چوون و نزیکەی مانگێک، مانگ و نیوێکیان پێچوو، پەیمانیان لەگەڵ مۆر کردبوون و گەڕانەوە و لە ناوچەی بانە لە گوندی "شابادین" مقەڕێکیان کردەوە و عەبدولرەحمان ڕوتەی ئامۆزای کەمال محەیەدین کە کادیرێکی حیزب بوو، کرا بە بەرپرسی ئەو بنکەیە. هەموو نەخۆش و بریندار لە بادینانەوە دەبوو بچێتە مەکتەبی سیاسی و عەبدولڕەمان ڕوتە ڕەوانەیان بکات، ئیتر لە شوێنەکانی تر ڕێگای چوون نەبوو. هەتا دوای کۆنگرەی ٦ کە مەلا مستەفا لە ئیبراهیم ئەحمەدو ئەوانی داو دەریکردن، تیمسار مەنسورپوور هات، مەلا مستەفا لە هێرۆ بوو. کوێخا برایمی بێوران هاتە لای من و گوتی من پیاوێکی گەورەم هێناوە، بەرگی پێشمەرگەی لەبەردا و لە ماڵێکی هێرۆ دامناوە و دەیەوێ مەلا مستەفا ببینێت. شەو بوو، من چووم عەرزی مەلا مستەفام کرد، گوتی: لە کوێن، گوتم لە ماڵێکی هێرۆێ، گوتی: ئەگەر بێنە ئێرە، ئاشکرا دەبن و من خەڵکم لە دەورە. ئەوە بوو دوو کەسی لەگەڵ

خۆی هێنا و پێکەوە چووین مەنسورپوورمان دی. مەلا مستەفا بەخێرهاتنی کرد و ئەویش گوتی: مەلا مستەفا من بە نوێنەرایەتی محەمەد ڕەزا شا هاتووم، دیارە من ئەندامی ساواکم، بەڵام نوێنەرایەتی ئەعلاحەزرەتم هەیە. دەڵێ تا ئێستا ئێمە مەلا مستەفامان نەناسیوە و هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵی نەبووە، ئێستاش ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانە لە گۆڕەپانی سیاسییدا نەماون و ئێمە دەزانین کورد لە ڕەگەزی ئارییە و دەمانەوێ یارمەتی برادەرانی خۆمان بدەین و ئامادەین چەندەمان یارمەتی بە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانە داوە، دە ئەوەندە بۆ ئێوە زیاد بکەین. مەلا مستەفا پێیخۆشبوو، بەڵام گوتی: بە شەرتێک ئەوانە نەنێرنەوە بۆ کوردستان. ئەویش گوتی: تا ئەتۆ ڕەزامەندیت لەسەر نەبێ و عەفویان نەکەی، ئەوانە ناگەڕێنەوە. لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە و مەلا مستەفا پێیگوت، ئێمە نامانەوێ هەرکاتەی ئیشێکمان هەبێ، بچێن بۆ شابادین و دەبێ لەم ناوچەیەدا ڕێگامان بۆ بکەنەوە. گوتی: ڕێگاکانی ئەم ناوچەیە ناخۆشن و هەردوو دیوی شابادین قیلەتاوە، بەڵام ئێمە لە ڕێگای حاجی ئۆمەرانەوە ڕێگاتان بۆ دەکەینەوە. گوتی: ئێمە نوێنەری تایبەتی خۆشمان هەیە بەناوی تیمسار سەیادیان کە لە ورمێ دەبێت و ئەو ئەڵقەی وەسڵ دەبێت لەنێوان ئێمە و ئێوەدا.)

لە پێوەندیی ئەو ڕوونکردنەوەیەی بەڕێز عەبدوڵا پشدەرییدا پێویستە بڵێم کاتێک بۆ شا و کاربەدەستانی ساواک دەرکەوت کە ئیبراهیم ئەحمەد ئەو هێزەی نییە کە بتوانێت کارگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕشی کوردستاندا هەبێت و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خۆی و تاقمەکەی بەرەو لاوازیی دەچن، شا و سەرلەشکر حەسەن پاکرەوان سەرۆکی ساواک هەوڵیاندا پێوەندی بە بارزانییشەوە گرێ بدەن. بەم مەبەستە ڕۆژی ١٩٦٤/٦/٢٠ بارزانی لەگەڵ عەباسی مامەند ئاغا و عەزیز ئاکرەیی لە ماڵی ئەحمەد نەبی لە حاجی ئۆمەران چاویان بە سەرلەشکر حەسەن پاکڕەوان کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا، پاکڕەوان فەرمانێکی شای ئێرانی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەدار دانی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ خۆی هێنابوو. پاکڕەوان بە بارزانی گوت: شا پێی خۆشحاڵ

دەبێت ئەگەر بڕویت بۆ تاران و چاوت پێی بکەوێ، بەڵام بارزانی بیانووی بۆ هێنایەوە و نەچوو. بەهەر حاڵ سەرنج بدەنە درێژەی وتووێژەکە.



پرسیار: ئەی سەرهەنگ مودەرسی و پژمان کێ بوون؟

وەڵام: (پژمان مقەرێکی دائیمی لەلای ئیبراهیم ئەحمەد هەبوو و لەلای ئەوان دەمایەوە و ئەگەر ئیشێک هەبووایە، لەوێوە پێوەندی بە تارانەوە دەکرد و زۆر لە ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال نزیکبوو. بارزانی خۆشی نەدەویست و گوتی ئەویشمان دەبی بۆ بگۆڕێ. مەنسورپوور گوتی: "کەسێکی کوردی چاکی وەک خۆمت بۆ دادەنێم کە ناوی سەرهەنگ مودەرسی یە." هێشتا لە هێرۆ بووین کە سەرهەنگ مودەرسی هات و ناومان نا کاک عەلی.)

پرسیار: بۆچی شۆڕشی ئەیلول بەم شێوەیە بەرەو گەندەڵی چوو و شکستی هێنا؟

وەڵام: (لە ڕاستیدا ئەو جیابوونەوەیە شۆڕشەکەی لەناو برد، چونکە بە دوای ئەوەدا سیاسەتی ڕازی کردنی خەڵک بەرێوەچوو. خەڵک گەندەڵ بێ، چاک بێ یان خراپ بێ، مادام پشتیوانی لەتۆ دەکات، پێویست بوو پێی ڕازی بی. سیاسەتی تەجزیە لە هەموو جێیەک غەڵەتە و مەترسی هەیە. لە سەردەمی پێش ڕۆیشتنی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانەدا سیاسەتی تەجزیە نەبوو، دەگوترا کێ بەو نان و وەزعە ڕازییە، بمێنێتەوە و ئەوەی تر با بڕوا، هەرکەسێک پارە و پوولی ویستبا، دەیانگوت بڕۆ، لای ئێمە نەمێنی. دروشمەکان ئەوە بوون، مردن لەگەڵ پێشمەرگە، نان خواردن

لەگەڵ پێشمەرگە و نوستن لەگەڵ پێشمەرگە، ئەوەی بەوە ڕازی نییە، با بڕۆا، بەڵام دواتر کە ئەو ئاژاوەیە سەریهەڵدا و سیاسەتی تەجزیە سەریهەڵدا و مام جەلال و ئەوانی تر کە بە ڕێی ئێرانەوە هاتنەوە، دۆخەکە گۆڕا. بەرلە گەڕانەوەیان بارزانی بەمنی گوت ئەوانە دەگەڕێنەوە، گوتم جەنابت عەفویان دەکەی؟ گوتی: ئەی چۆن عەفویان ناکەم. گوتم وەڵا زۆر گەورەییە و سەروەرییە و زۆرم پێخۆشبوو. کە هاتنەوە بارزانی زۆر بە گەرمی پێشوازییکردن، من ئەمیر هێزی باڵەک بووم. پێشمەرگە چوون مقەڕاتیان بۆ کردنەوە. زۆر چاکم لەبیرە عەلی عەسکەری بوو، عومەر دەبابە بوو، مام جەلال بوو، حیلمی شەریف بوو، کەمال موفتی بوو لەوێ دانیشتبوو. بارزانی گوتی:

- عەلی مام جەلال کوێی پێخۆشە با لەوێ بێت. دەمەوێ عەسکەرییەکانتان دامەزرێنم و دەمێنێتەوە مەدەنییەکان، کەمال موفتی دەکەم بە ئەمیر هێزی قەرەداغ. حەمەدەمین فەرەج دەکەم بە ئەمیر هێزی پشدەر.

گوتی: عەلی عەسکەری تۆ مەدەنی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووی لێرە لەکن کاک عەبدوڵا ئیش بکە، واتە ببێتە یاریدەدری من. عەلی عەسکەری گوتی: من پێمخۆشە لەگەڵ مام جەلال بم. مام جەلال لە کوێ دەبێ، منیش لەگەڵ ئەو بم. مام جەلال گوتی:

- جەنابی مەلا مستەفا، هەباسی مامەند ئاغا لە دۆڵەڕەقەوە خەبەری بۆ ناردوین و گوتوویەتی حەز دەکەم ئێوە مەقەڕی خۆتان بهێننە ئێرە و لای برای خۆتان بن.

ئەوە بوو مام جەلال، عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، عەلی عەسکەری و حیلمی عەلی شەریف چوونە لای هەباس ئاغا. مەلا مستەفاش چوو بۆ ناوچەی پێنجوێن کە سەربازگەیەکی عەسکەریی هەبوو، بیگرێت. ئێرانییەکان گوتبوویان ئەگەر خۆت بێیە ئێرە ئێمە بە تۆپخانە یارمەتیتان دەدەین سەربازگەکە بگرن. مەلا مستەفا چوو بۆ پێنجوێن، بەڵام سەربازگەکەیان بۆ نەگیرا. لەوێوە بروسکەیەکی بۆ هەباس ئاغا نارد و نوسیبووی من بە چاکی دەزانم مام جەلال و ئەوانە بچن بۆلای ئیدریس و وێنەی بروسکەکەشی بۆ ئێمە نارد لە هێزی باڵەک. بارزانی لە ڕێگای هەباس ئاغا و عومەر بەگی بێتواتەوە ئاگادار کرابۆوە کە ئەمانە

خەریکن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێکدەکەون و دەچن بۆلای حکومەتی عیراق. بارزانی خۆی بە نەگەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە ئێران شکی کردبوو و لێیان دڵنیا نەبوو. ئەوە بوو بە هەباس ئاغای گوت ئەو جەماعەتە بچن بۆلای ئیدریس. هەباس ئاغا وەڵامی دایەوە و گوتی منیش وەکوو ئیدریسم و برادەران پێیانخۆشە لای من بمێننەوە. ئەویش وێنەی نامەکەی دا بە ئێمە. هەباس ئاغا لەولاشەوە بە مام جەلال و ئەوانی تری گوتبوو، ئەگەر بچن دەتانکوژێ. من خۆم دواتر لە مام جەلالیشم بیست کە گوتی ئێمە نەوێراین بچین.)

پرسیار: دوای گەڕانەوەیان بۆناو حکومەت، ئایا شەڕی پێشمەرگەیان کرد؟

وەڵام: (ئەی چۆن. دوای ڕۆیشتنیان، حەمەدەمین فەرەج و کەمال موفتی هەرکام بە جەماعەتێکەوە، ئەحمەد حەمەدەمین بە جەماعەتێکەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە هێزێکی زۆریان هەبوو، عەسکەریشیان لەگەڵ بوو، دەهاتن لە پێشمەرگەیان دەدا. لە قەرەداغ لە پێنجوێن و لە ڕزگاری و زۆر شوێنی تر، بەڵام توانای خۆڕاگریان لە بەرامبەر پێشمەرگەدا نەبوو.)

پرسیار: کاتێک ئەحمەد حەسەن بەکر لەگەڵ بارزانی ڕێککەوت لە ساڵی ١٩٧٠دا، چۆن بوو ئەوانە گەڕانەوە لای بارزانی؟

وەڵام: (ئەوانە شکابوون و ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و ئەوانی تر بە ڕێگای فاخر مێرگەسورییەوە پێوەندیان بە مەلا مستەفاوە کرد و داوایان کردبوو کە ئەگەر مەلا مستەفا عەفویان بکات، دەگەڕێنەوە، گوتبوویان ئێمە بۆ جارێکی تر باوەڕمان بە حکومەت نەما. ئەوە بوو مەلا مستەفا زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردن و ئیجگار ئیحترامی گرتن. ئیبراهیم ئەحمەد بە مەلا مستەفای گوت:

- ئێمە دۆڕاندمان و تۆ سەرکەوتی و ئێمە تەسلیمین.

بەڵام لە بەغدا گوتبووی مەلا مستەفا ئێمەی بۆڕدا و هیچی بۆ نەهێشتینەوە. بەهەرحاڵ ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەسکەری، مام جەلال

و هێرۆخــان لـە گەلاڵە ماڵیــان دانــا و هێزەکــانی پێشـمەرگەش تێکەڵــی لقەکانی پارتی بوونەوە.)

پرسیار: ڕات لەسەر کتێبی دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەورەرییەکانی مام جەلال چییـە و بـۆچی مـام جەلال بیرەوەرییەکـانی خـۆی داوەتە دەست قانعی فەرد بۆی بنوسێ؟

وەڵام: (یەکەمیان کتێبەکە هیچ نییە. ئەوەی ئەو کابرایە بۆی نوسیوە، هەموو بە زیانی مام جەلالە و مام جەلال لەو کارەی پەشیمانە. من خۆم ڕەخنەم لێگرت و گوتم بۆچی بە فارسیت نووسیوە و ئەگەر ئەو کارەشت کردوە بۆچی نەتدا بە کەسێکی فارسی زانی خۆمان. هەتا پێمگوت ئەو نازم عومەرەی کە خۆت لە تاران داتناوە، بەو خوایە فێڵی لێکردووەی، ئەی قابیلە چەند ساڵە لە تارانە و فارسی نەزانێ، بۆ نەیخوێندەوە؟ گوتم کەمال فوئاد فارسی نازانێ و چۆنە ئەو ئەرکەت پێسپاردوە؟ گوتم مام جەلال گوایە پارەیەکی زۆرت لەو کتێبە سەرف کردوە؟ گوتی:
- ئەوە سەگ و سەگبابی کردوە من نەمزانی ئەوە پیاوی ساواکە و ساواک نوسیویەتی.)

پرسیار: مام جەلال لە کتێبەیدا دەڵێ: گەورەترین هەڵەی من ئەوە بوو لە بارزانی دور کەوتمەوە، تۆ دەڵێی چی؟

وەڵام: (کوڕە من خۆم لێم بیستووە. ساڵی ١٩٩٦ کە بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، بانگهێشتی منیشی کرد، چووین بۆ قۆپی قەرەداغ، لەکن هەموویان، کوسرەت و بەرهەم و ئەوانی تر گوتم خەتاکە هی مام جەلال بوو. بارزانی منی بە دوایدا نارد و ئەو نەهات. گوتم مام جەلال بۆ نەتکرد، گوتی: غەڵەت بوو. مام جەلال پەشیمانە.)

پرسیار: پێوەندی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول بە ئیسرائیلەوە، بۆچی لەناو کوردانـدا وەک تـاوان دەبینـدرا، ئایـا لەو پێوەنـدییانەدا بـارزانیی بەستراوەیی بە ئیسرائیل و دەوڵەتانی ترەوە هەبوو؟

وەڵام: (مەلا مستەفا فیکرەیەکی هەبوو کە ئەو فیکرەش ڕاستە. دەیگوت کاکی خۆم ئێمە کوێرین و حافزین، دەستمان گرتووەتەوە تا کەسێک پارەی تێهاوێ. ئەگەر پارەیان لە دەست کرد، ناپرسێ ئەرێ کاکە ئەتۆ کێی؟ جولەکەی یان موسوڵمان و فلان و فلان. ئێستاش ئێمە دانیشتووین و حافزین، هەرکەسێک چاکەمان لەگەڵ دەکا، عەلاقەمان چییە کە داخوا کافرە یان موسوڵمانە، ئێمە وەک کورد دەستمان گرتووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مەلا مستەفا خۆی بە هیچ کەس و هیچ دەوڵەتێک نەدەبەستەوە. مەلا مستەفا بەستراوەیی بە هیچ جەهەتێک لەو دنیایەدا نەبوو.)

پرسیار: ئێوە لە نزیکەوە کارتان لەگەڵ بارزانی کردوە، بارزانی کێ بوو و چۆنی وەسف دەکەی؟

وەڵام: (لە نزیکەوەی چی. من هەژدە ساڵی لەگەڵ بووم. بارزانی یەک لە سێ کەسایەتییەکانی دنیا بوو. لە کورد سەلاحەدین ئەیوبی، لە هیندستان گاندی، لە سین ماوتسی تۆنگ. ئەوانە مەلاین خەڵکیان لەگەڵ بووە، بەڵام بە نیسبەت حەجمی خۆی مەلا مستەفا لەوانە گەورەتر بوو. مەلا مستەفا بۆ میللەتەکەی لەوانە ماندووتر بووە، چونکە ماوتسی تۆنگ مەشهورە بە مەسیرە لە جنوبەوە بۆ شیماڵ، ئەو ڕێیە دورە، یەکەم بەنێو قەومی خۆیدا ڕۆیشتووە، زمان و قسەکردن هی خۆی بووە، ئەمین بووە لەوەی خەڵکەی لەگەڵ بوون، حکومەت دژی ئەو بوو، نەک میللەتەکەی خۆی، ئەمە هونەر نییە ڕێگایەکی دور بپێوی، ڕێگەی مەلا مستەفا گرنگییەکەی لەوەدا بوو کە بەنێو سێ حکومەتی دژمندا بە ٥٠٠ کەس ڕۆیشت و بە ناشارەزایی لە ئاوی ئاراس پەڕییەوە. دەڵێم خۆزگە بە فیلم مەسیرەی ماوتسی تۆنگ و مەلا مستەفایان نیشانبدایە، داخو کامەیان گرنگتر بوون. بە نیسبەت گاندی، دەڵێم گاندی شتی بۆخۆی نەدەویست، دژداشێکی لەبەردا بوو، خواردنی نەدەخوارد. نەباتی بوو، هەرجێیەک دەچوو، بزنێکی پێبوو، بزنەکەی دەدۆشی و شیرەکەی دەخواردەوە و نانی کەسی نەدەخوارد، کابرایەک بوو خۆی بەخت کردبوو بۆ میللەتەکەی و بە خۆپێشاندان و مانگرتن، گەورەترین ئیستعماری دنیای ڕوخاند و سەربەخۆیی بۆ هیندستان وەرگرت، بەڵام میللەتەکە وەکوو کەڕ و لاڵ

وابـوون و گوێیـان لـە هەمـوو شـتێک دەگـرت. دەیگـوت بچـن لـەسـەر جـادە دانیشن، ئـەوانیش بـە ئـەمری گانـدی دەچوون.

مـەلا مسـتـەفا بـە پێچـەوانـەوە، نیوەی میللـەتـەكـەی خۆی لـێ ببوو بـە جاش و شـەڕیان لـەگـەڵ دەكرد. ئـەگـەر شـەڕیان لـەگـەڵ نـەكردبـایـە، هـەر لـە یـەكـەم ساڵ حوكمی زاتـی لـە عـەبدولكـەریم قاسم وەردەگـرت، بـەڵام دوژمـنـەكـەی، میللـەتـەكـەی خۆی بوو، لـەگـەڵ ئـەوەشدا مـەلا مستـەفا حـوكمی زاتییـەكـەی هـەر پچڕی و ساڵـی ١٩٧٠ بـە زۆر و زۆرداری بـە دوژمنـی ئیمزا كرد، تـەماشا بكـە، ئـەوە چـەند گـەورەییـە بـۆ مـەلا مستـەفا، بـەڵام سـەلاحـەدین ئـەیـوبی، كـابرایـەک بـوو بـۆ دینـی ئیسلام شـەڕی دەكـرد، نـەک بـۆ مـیللـەت، بـۆیـە شتێكی بۆ هـەڵكـەوت كـە بـە هـەڵكـەوت بوو. ئـەو عـەسكـەر بوو لـەلای نورەدین مـەحمـودی زەنـدی لـە سـوریا، مـامێكی هـەبـوو بـەنـاوی شـێركۆ، شـیعـەكان حكومـەتێكیـان هـەبـوو لـە میسـر بـەنـاوی حكـومـەتی فـاتمـی. فاتمییـەكـان داوایان لـە نورەدین مـەحمود كرد، پارێزگاریان لـێ بكـا. سـەلیبییـەكان لـە حكومـەتی فاتمی نزیک ببوونـەوە و شـەڕیان پێدەفرۆشت. نورەدین مـەحمود، شێركۆی نـارد و ئـەویش لـەوێ مرد و گـەورەیی بـۆ سـەلاحـەدین بـەجێمـا. لـە میسریش ڕەئیسـی میسـر مـرد و سـەرۆكایـەتی بـۆ سـەلاحـەدین مـاوەیـەوە و دواتـریش نـورەدینیش لـە سـوریا مـرد و سـەلاحـەدین دژی سـەلیبییـەكان ڕاپـەڕی و ئیسـلامییـەكانیش هـەموویـان بـە عێـراق و میسـر و سـوریاوە بـۆ ئیسـلام لـەگـەڵ سـەلاحـەدین كـەوتـن و سـەلاحـەدینی ئـەیوبییـان كـردە عـالـەمی. مـەلا مستـەفاش بـە قـەوارە و نفـوزێكی ئـاوا بچـووک گـەورەتـرین شانـازی بـەدەستهێنا و حكومـەتیشی دروستكرد.)

پرسیار: گرنگی مـەلا مستـەفا لـەنێو پێشمـەرگـەكانـدا، پتر لـە چیدابوو؟

وەڵام: (گرنگـی بـارزانیی ئـەوە بـوو كـە پـارەی نـەدەویست، پـارەی قـەرز دەكرد و دەیدا بـە خـەڵک. نیشان بـەو بـەو نیشانـەیـەی كـە ساڵـی ١٩٦٢ هاتـە بێتواتـە و بـانگی من و مـەلا باقی كرد و گوتی: "مـن هـیچ پـارەم پـێ نییـە، هـەندێک پارەم بـە قـەرز لـە كوێ بۆپـەیدا دەكـەی؟" گوتم ئـەزبـەنی پارە لای شێخ حوسێن بۆسكێن پـەیدا دەبێت، دەمانداتـێ، بـەڵام لێت وەرنـاگرێتـەوە. گوتـی: "وەڵا بـە قـەرز نـەبێت، نامـەوێ." مـەلا باقی گوتـی: من دەچم بـە قـەرز

دێنم. کابرایەکی مەڕدار هەبوو بەناوی ئەحمەدی خاڵە لە دەشتی بێتوێنێ بوو. چوو ٥٠٠ دیناری هێنا و هەربۆ بەیانی هەموو پارەکەی بەسەر خەڵکدا بەشکرد و هیچی پێنەما.

لە ناوچەی خواکورک شەڕ بوو، هیچ خانوو نەمابوو، هەموویان سوتاندبوو، باران دەباری، بینیم چەترێکیان بۆ لەسەر سەری ڕاگرتووە و قاپە ماستێکی پێیە و بە کەوچکان ماست دەخوا. یان دیومە بەتانییەکیان بۆ لەسەر عەرز ڕاخستبوو، دەیگوت: ئەرێ بەردێکی نەرمتان چنگ ناکەوێ لەژێر سەرمی دابنێم. گوتم ئەزبەنی بەردی نەرم کوا؟ گوتی: نەوعە بەردێک هەیە، نەرمن. بارزانی بەو شێوەیە دەژیا و ئەوە ژیانی مەلا مستەفا بوو. یان ئەگەر کەلێنی هەبووایە بۆخۆی دەهات و لەگەڵ ئێمە دەکەوت و شەڕی دەکرد.

ئێمە نەماندەهێشت و دەمانخستە دواوە. دەیگوت با لەگەڵتان بم تا ئەو خەڵکە نەترسێ. بە ڕاستی مەلا مستەفا ئەو جۆرە بوو. پێویستە بۆ تاریخ بڵێم کەسایەتی وەک مەلا مستەفا چ لە ڕووی عەسکەری، چ لە ڕووی سیاسی، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چ لە ڕووی دیانەتەوە دروست نەبووە و نابێتەوە و نەبووەتەوە و قەت دروست نابێتەوە.

## سەعدی ئەحمەد پیرە



سەعدی ئەحمەد پیرە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی "کەندیناوا" لە قەزای مەخمور سەربە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەیان تەواوکردوە و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر. لە تەمەنی ١٦-١٧ ساڵیی و لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵی ١٩٧٤ کە ڕێککەوتنی کورد و حکومەتی بەعس تێکچوو، بووەتە پێشمەرگە و کارگێڕی لیژنەی ناوچەی قەندیل بووە لە زارگەڵی و وەک خۆی دەڵێت: **ئەوکاتە بە تەمەن یەکێک بووە لە گەنجترین ئەندامانی کارگێڕی ناوچەکە**. دوای ڕێککەوتنی جەزائیر کە شۆڕشی ئەیلولی وەستاند، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێک لە ئێران ماوەتەوە و دواتر لەگەڵ چەند کەسێکی تر، ئێرانی بەجێهێشتووە و بووەتە پەنابەر لە وڵاتی ئوتریش. لە ئێران لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی وەک عەدنان موفتی و عادل موراد کە هەر لە هەولێرەوە بە منداڵی و بە بنەماڵە یەکتریان ناسیوە، ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەجێهێشتوە و دوای دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چووەتە ڕیزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە.

لە ئوتریش، سەرەڕای ئەندامبوونی لە یەکێتی نیشتمانیدا، لە ڤیەن هاوکاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئورووپای کردوە. ماوەیەک بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی لە وڵاتی ئوتریش و ئەندامی پێوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی لە ئوروپا بووە و لەگەڵ ئیسماعیل کامل کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانە لە وڵاتی سوید، دوکتۆر فوئاد حوسێن سەرۆکی ئێستای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سرتاج بوچاک ئەندامی پێشوی سەرکردایەتی حیزبی سوسیالیستی کوردستان، دوکتۆر محەمەد کامل و میرحام سەیدا کوردی باکوری کوردستان و ژمارەیەکیتر کە ناوی هەموویانی لەبیر نەماوە،

ئەندام بووە لە کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و ئەندامی لقی ئەورووپای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە. بە دوای ڕاپەڕینەکەی باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١دا، لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی و هەئیەتێکی هاوبەشی یەکێتی و پارتی بەشدار بووە لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق لە بەیروت.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری بەرەی کوردستانی بووە و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا بە ئەندامی یەکەم کابینەی یەکەم پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە و لە کابینەی دووەمی پەرلەماندا بووەتە وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری. هەروەها پاش ئەوەی شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا و لە باشوری کوردستان دوو ئیدارەیی دروست بوو، بۆ ماوەی ساڵێک پۆستی وەزیری تەندروستیی و کاروباری کۆمەڵایەتی و دواتریش پۆستی وەزیری مرۆڤایەتی و کاروباری پێوەندی و چوار پێنج ساڵیش وەزیر بووە لە حکومەتی ئیدارەی سلێمانیدا. لە کۆنگرەی دووەم و کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە. لە ژیانی سیاسی خۆیدا گەلێک ئەرکی خستۆتە سەرشانی خۆی، "کۆردیناتۆری" پێوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە لە سوسیالیست ئەنتەرناسیۆناڵ و ئێستا بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانو ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەڵبەندی پارێزگای هەولێری یەکێتی نیشتمانییە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە لەم دواییانەدا کتێبێک بە ناوی ٦٠ساڵ-ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی دەرچوو، ئەم کتێبە ١٠٥٩ لاپەڕەیە، لەو ژمارەیە، تەنیا ٢٢٩ لاپەڕەی وتەی مام جەلالە کە لە حەوت بەشدا قسەکانی خۆی کردوە لەسەر ژیانی خۆی، باقی کتێبەکە کە دەبێتە ٨٣٠ لاپەڕە، زیاتر بەڵگەنامەی ساواک، روکنی دووەم و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و ئەو کەسانەن کە پێشتر سەر بە ساواک و دوژمنی کورد بوون، لەگەڵ هەندێک خەڵکی تر کە وتەکانیان لە دەقی کتێبەکەدا

شاردراوەتەوە، دەمەوێ بزانم بیروبۆچوونی تۆ لەسەر ئەو کتێبە چییە؟ گوتی:

وەڵام: (لە ڕاستیدا ئەمن بەخێرایی سەیری بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەم کردوە و بە دەقیقی نەمخوێندوەتەوە، بەرگی دووەمیشم نەدیوە و تەنیا کورتەیەکم لەسەر بەرگی دووەم لە ڕۆژنامەدا خوێندوەتەوە و بەدەم بیستوومە. لەڕاستیدا ئەو کتێبە، ئەوەڵەن پێموانیە، بەرهەمی گەنجێکی وەک قانعی فەرد بێت و ئەو ناتوانێ لە ماوەی دوو سێ ساڵدا چوار پێنج بەرگی گەورە، یان ٣٥٠٠- ٤٠٠٠ لاپەڕە لە مێژوویەکی پڕلە جەنجاڵ بنوسێ و لە جوغرافیایەکی سەقەت و بەرزیی و نزمیی و چەندان گۆڕانکاری لەو ناوچەیە بدوێ، بەبێ ئەوەی کە هەموو دەرگاکانی بۆ لەسەر پشت بێت و ئەنواعی خەڵک هاوکاری نەکا، بۆی پاکنووس نەکا و بۆی دانەڕێژێتەوە و ئیجازەی ئیرشادی بۆ وەرنەگرێ. ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی کتێبەکە بکەی، کتێبەکە بەگشتی بۆ سووک کردنی کەسایەتی و ڕەمزەکانی کوردە، هەریەکەی بە نەوعێک، بە نەوعێک لە ئەهەمییەتی مام جەلال کەمدەکاتەوە، لە بارزانی باوک و بارزانی کوڕ، یانی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی و کاک مەسعود بە نەوعێکی تر کەمدەکاتەوە. قازی محەمەد بە نەوعێک و هەمووی ئەوانەش بە ناوی گێڕانەوەی مێژوو! لە مەسەلەی خیلافاتی بەینی پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی هێندێک وشە بەکاردێنێ کە پێموایە ڕەنگە هەرە نیزیکەکانی مەلا مستەفا و ژن و منداڵەکەی گوێیان لێبووبێ. ئەگەرنا کەسی دیکە گوێی لەو قسانە نەبووە و دیارنییە کە ئەو لەکوێی زانیوە؟ غەیری ئەوە لەسەر بارودۆخی ئێستای کورد، وەسفی مەسەلەی کورد دەکا وەکوو بزوتنەوەیەکی دەستکرد بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەمنی لە ناوچەکە و لێدانی بەرژەوەندە ئابوورییەکانی وڵاتان، یان بۆ ئەوەی دنیات لێ بوروژێنێ کە ئەم بزوتنەوەیە، پشتی پێنابەسترێ و دروستکراوە و داردەستە. ئەمن پێموایە ئەمەیان خەتەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە هەموو پارچەکان زیاترە لە سەدان کیمیاباران و ئەنفال و قڕکردنی کورد. ئەوە دەرهێنانی ئەهمیەت و ناوەڕۆکە پاک و بێگەردەکەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و ئامانجەکانیەتی لەبن و بێخەوە.




هەروەها بە بەرنامە و پرۆژە کردنی بۆ مەرامی شەخسی و بەشێک لە ناکۆکیی شەخسی نیوان سەرکردەکان و داردەستی ئەم وڵات و ئەو وڵات. ئەمە پێویستە بۆ ئەوەی کە بگەینە حەقیقەت کە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ، پیویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەیە. ئەمن پێموایە هەم جەنابی مام جەلال و هەم جەنابی کاک مەسعود و هەموو سەرکردەکانیتریش دەبێ لە پرۆژە و لە بەرنامەی لەم بابەتە زۆر وریا بن و لێکۆڵینەوەیەکی وردتر بکەن لەسەر ئەم کتێبە کە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ و ئامانجی چیە؟)

پرسیار: ئەوەی کە لە کتێبەکەدا نوسراوە، دووکەس بە ڕاسپاردەی مام جەلال، دوکتۆر کەمال فوئاد و مامۆستا نازم عومەر بەرپرس بوون لە ئامادە کردنیدا، لە پێوەندی لەگەل عیرفان قانعی فەرد، بەڵام ئەوەی کە من تەمەشای کتێبەکەی دەکەم، بە تایبەتی ئەو دوو کەسە زۆر لاوازیان نواندووە، یانی بۆخۆیان بەڵگەیانداوەتە دەست قانعی فەرد، یان ئەو لایەنەی کە لە پشت قانعی فەردە کە کتێبەکە بشێوێنێت، جەنابت نەزەرت چیە؟

وەڵام: (من نازانم دەوری ئەو دوو بەڕێزە چی بووە، لە نزیکەوە ئاگادار نیم، بەڵام ئەم دوو بەڕێزە یەکێکیان ئێستا نوێنەری حکومەتی هەرێمە لە تاران "کاتی ئامادەکردنی کتێبەکە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی بوو-نوسەر"، ڕەنگە لە موفرەداتی کاری رۆژانەی کوردستان ئاگای نەبووبێ، ئەوەش کە بە نیسبەت بەرێز کەمال فوئادە، دوکتۆر کەمال فوئاد لەو ساڵانەی ئەو باسی دەکا، باری تەندروستی خراپ بووە. ئەو بەرپرسی پێوەندی بە ئیدارە و مالیە بوو لە هەرێمی کوردستان و کەمتر بەشداری

کردوە لە کاری سیاسی ڕۆژانە، لەبەر ئەوەی تەندروستیی کاک کەمال ڕێگای پێنەداوە. لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی یەکێتی هەبوون کە زۆر نزیکتر بوونە لە مام جەلال و زۆر لە کاری ڕۆژانە، لە دەرەوە و لە ناوەوە هەڤاڵێتی مام جەلالیان کردوە و ئاگادارتر بوونە کەچی قانعی فەرد نزیکی ئەوانەی نەکردوە، بۆ نموونە ئەوە کۆسرەت ڕەسوڵە، ئەوە دوکتۆر بەرهەمە، ئەوە من لەم ناوە بوومە، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێوەندیان بە سەرەتای دامەزرانی یەکێتییەوە هەیە، ئەوە بەڕێز عادل مورادە کە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانییە، تەنانەت نەوشیروان مستەفا و حەمە تۆفیق و ژمارەیەکی زۆر لە مەسئولانی یەکێتی هەن کە لە هەموو شتێکی گەورە و بچووکی یەکێتی ئاگادارن. ئەوان لە بچووک و گەورەی خیلافاتی یەکێتی لەگەڵ هێزە سیاسیەکان بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی ئاگادارن، بۆ نزیکی ئەوانە نەکەوتووە؟ بۆ ئەم دوو کەسەی هەڵبژاردوە کە لە تەفاسیلدا کەمتر ئاگایان لە شتەکان هەیە، لە هەمان کاتیشدا، سەرقاڵی ئیشیتر بوونە. ئەوە ئیشی ئەوان نەبووە و هەروەک جەنابت باسی دەکەی ڕەنگە هەندێک لە سادەییان پێوە دیاربێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ قانعی فەرددا.)

پرسیار: چۆن بوو مام جەلال ئەم کتێبەی دا بە قانعی فەرد کە بۆی بنوسێت، بۆچی ئەو بەرپرسایەتییەی بە نوسەرانی یەکێتی نەسپارد؟

وەڵام: (من لەو تەفاسیلە نازانم، نازانم دەوری مامۆستا نازم لەم مەسەلەیدا چیبووە؟ مامۆستا نازم وەکوو نوێنەری یەکێتی لە تاران، دیارە قانعی فەرد لەگەڵی لە پێوەندیدا بووە. مام جەلال زۆر کەسیتری هەبووە، بۆ نموونە " مەعد فەیاز"، یەکێک لە ڕۆژنامەنوسانی عەرەبی عێراق کە لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتدا بابەت دەنوسێ، ماوەیەکی زۆر هاوڕێی مام جەلال بووە، لە سەردانی بۆ دەرەوە کە شتێک لەسەر مام جەلال بنوسێ، ئەوە پڕۆژەیەکی ئەو رۆژنامەیە بوو، بەڵام ئەو پێوەندی بەوەوە نەبوو کە بگەڕێتەوە بۆ ئەسنادی ڕژێم کە چ بە ئێمە دەڵێ و ئێمە چ بە ڕژێم دەڵێین و فلان ڕژێم چ دەڵێت. ئەوکارە پڕۆژەیەک نەبوو بۆ ناوکۆڵ کردن،

پێوەندی هەبوو بە کاری ڕۆژنانەی کەسایەتییەکی سیاسی، لە منداڵییەوە تا ئەمڕۆ. بەو قۆناغانەی کە پێیدا تێپەڕبووە. دیارە لە هەموو بزوتنەوەیەکی وەک بزوتنەوەی کورد، بەپێی ئەو جوگرافیایەی کە کورد هەیەتی، بەرزیی و نزمیی لە پێوەندییەکاندا هەبووە، بەڵام ڕۆژنامەنوس یان نوسەر، ئەگەر "پرۆفشنال" بێ، شتێک هەیە کە پێیدەڵێن ئێتیک "ئەخلاق"ی نوسین و ڕۆژنامەوانی دەبێ موراعات بکرێ کە قانعی فەرد نەیکردوە.)

پرسیار: دوکتۆر عومەر شێخ مووس باس لەوە دەکا کە مام جەلال نەیویستووە قانعی فەرد بیرەوەرییەکانی بۆ بنوسێ، بەڵکوو ناوبراو چووەتە لای و گوتوویە: ئەمن دەمەوێ دوکتورا بکەم و بەشێک لە تێزی دوکتوراکەم سەبارەت بە تێکۆشان و ژیانی تۆ بنوسم. بەدوای ئەوەدا کاک عومەر لە ئەمریکا قانعی فەرد دەبینێ، تەلەفۆن بۆ مام جەلال دەکات و داوای لێدەکا کە کتێبەکەی نەدا بە قانعی فەرد کە ئەو ئامادەی بکا، بەڵام چۆن بوو کە ئەو کتێبە بڵاوکرایەوە؟


وەڵام: (کاک حامید دوو کەس هەن لە ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە گەورەترین ئەرشیڤی یەکێتییان بەباش و بەخراپ لایە، یەکیان دوکتۆر فوئاد مەعسوومە کە هەر هیچ نەبێ، دوو کۆپی سێ کۆپی لەهەر بڵاوکراوەیەک یان مەحزەرێکی یەکێتی هەیە و ئەو شتانە باوەڕ ناکەم لە عێراق بن و پارێزراون، ماوەیەکی زۆریش لە وڵاتانی عەرەبی دوکتۆر فوئاد مەعسووم مەسئول بووە لە پێوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ لیبیا، سوریە، میسر و ئێران. لە کاتە ناخۆشەکاندا، چ لە زەمانی شای ئێران و چ پاش ڕوخانی، یەکەم کەس کە خومەینی دی لە پاریس دوکتۆر فوئاد مەعسووم بوو. کەچی قانعی فەرد نەڕۆیشتووە بۆلای فوئاد مەعسووم. کەسی دووەم کە باشترین ئەرشیڤی یەکێتی لایە جەنابی مام جەلال بۆخۆیەتی، جگەلەوەی کە مام جەلال ڕۆژانەی خۆی دەنوسێتەوە، نوسینەوەی یادەوەریەکانی خۆی نەداوە بەکەس و ناشیدات بەکەس، خۆی ئەینوسێتەوە، تەنانەت دوو سێ جار کە لێی پرسراوە بۆ نایینوسیەوە، دەڵێ هێشتا کاتەکەی زووە، ئەمن کە بمەوێ شتێک بنوسم، نامەوێ شتێکی

پـڕ کەموکـووڕی بنوسـم، و ئـەوانـەی کـە ئـەکـتـەری ئـەمـەن، بـە خۆشـمـەوە، هێشـتا لـە حـەیاتـداین، ڕەنـگـە تـەسـیری هـەبـێ، بـەڵام یادداشـتـی هـەیـە و نـەیـداوە بـە کـەس. لـەوەدەچـێ ئـەو قسـەیـەی کـاک عـومـەر ڕاسـت بـێ، کـە گوتوویەتـی ئـەو خوێندکارێکـی کـوردە و دەیـەوێ دوکتـۆرا وەرگـرێ، دەیـەوێ نـەزەراتـی مام جـەلال وەربگـرێ، ئـەگـەر سـەیریش بـکـەی دەبینـی، لـەو ٢٠٠ لاپـەرەیـەی کـە هـــی مـــام جـەلالـە، مـــام جـەلال لـە چوارچێـــوەیـەکـی زۆر پرۆفشـنـاڵ و شـارەزا و ئـاگـا لـە گۆڕانکارییـەکـان، رای خـۆی گوتـووە، بـەڵام ئـەوەی جێـــی سەرسـوڕمانـە ئـەوەیـە کـە زۆرجـــار "کۆمێنـــت" بۆخـــۆی نوسیویەتـی، ژمارەیـەکـی دانـاوە، شتـی خـۆی دانـاوە، وەکـوو ئـەوە وایـە کـە مـــام جـەلال گـــوتبێتـی، ئـەگـەر یـەکێکـــی زۆر وریـــا و شـــارەزا نـەبـــێ لـە خوێندنـەوە، وادەزانـێ کـە مـام جـەلال خـۆی گوتـوویەتـی، بـەڵام مـام جـەلال ئـەو شتانـەی نـەگووتوە و ئـەوە قانعـی فـەردە خۆی دەیانڵێت.)

پرسیار: باشـە مـام جـەلال بـۆ شـکایـەت لـە قـانعی فـەرد ناکـا. ئـەو کـابرایـە ئـەو هـەمــوو ڕاســتییـەی شــێواندوە. ئـەو کتێــبـە بـە دژی مـــام جـەلالیشـــە و کۆمـەڵێک ڕەخنـەی خستوەتـە پـاڵـی، جگـە لـەوە دژی سـەرکردەکانـی دیکـە و گـەلـی کوردیشـە، کـە دێتـە ئێرە، بۆچـی نـایگرن؟

وەڵام: (من پێموایە ئـەوەی مام جـەلال نوسیویەتـی، شتێکی شاراوە نـیـە و ئـەوەی نـەقڵـی کردوە لـە قسەکانـی مام جەلال شتێکی تێدا نـابینییـەوە کـە مـەنفـی بـێ بـە ئـەنـدازەیـەک کـە خیلافـی تێـدابـێ، دیـارە دەتـوانـی ئـەم پرسیارە لـە مـام جـەلال خـۆی بـکـەی، بـەڵام مـام جـەلال ئـەو کتێبـەی نـەفـی کردوەتـەوە و بـەیانـەکـەشی لـە دەزگای ڕاگـەیاندنی ئێمـە "یـەکێتـی" دەستت دەکەوێت.)

## ئازاد جوندیانی



ئـــازاد عەبــدولوەهاب محەمەدعەلـــی جونـــدیانی، ســـاڵی ١٩٥٥ لە گونـــدی جونـــدیان ســـەربە قەزای ڕەوانـــدز لەدایکبـووە. دوای خوێنـدنی ئامـادەیی، خوێنـدکاری پەیمانگـای ژماریـاری بـووە، بـەڵام بـەهــۆی تــێکەڵاوی لـەگەڵ کــاری سیاسی، نەیتوانیوە خوێندنەکەی تەواو بکـــات. ئەنـــدامی جێگـــری مەکتەبـــی سیاسـیی و وتـەبێـژی مـەکتـەبـی سیاسـی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و جگەلە بەڕێوەبردنی ئەرکـی حیزبـی، لە بوارەکـانی ئەدەبـی و نوسـینی شـیعر و ڕۆژنامەنوسیدا چـالاکە. بەرلـەوەی کە پرسـیارەکانم ئاراسـتە بـکەم، کـاک ئازاد گوتی با سەرەتا من سەبارەت بە قانعی فەرد و نوسینی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی مان جەلال هەندێک شت ڕوون بکەمەوە: گوتی: **(قانعی فەرد هات و گوتی کتێبێک دەنوسێ لەسەر مێژووی کورد و دەیەوێ بە ڕێگای مێژووی مام جەلالەوە ئەو کتێبە ئامادە بکات، داوای کرد هەلی بۆ بڕەخسێ تا هەندێک پرسیاری پێویست هەن لە مام جەلالی بکات بۆ ئەو مەسەلەیە. ئەوەشی گوت کە من کتێبەکەم بۆ پێهەڵگوتن بە مام جەلال نییە، ئەگەر پێتانوایە ئەبی من مەدحی مام جەلال بکەم، کتێبەکەم بۆ مەدحی مام جەلال نییە و ڕەنگە لە هەندێک جێدا مەدحی بکەم و لە هەندێک جێشدا ڕەخنەی لێبگرم. سیاسەتەکانی بە ڕای خۆم تەحلیل دەکەم و لە کوێ پێویست بوو، دەڵێم دەستی خۆش بێت و ئەگەر لە جێیەکـــیش بە هەڵەم زانـــی، ئامـــاژە بـــۆ هەڵەکەی دەکەم. ئەگەر پێتانخۆش نییە، من وازی لێدەهێنم.)**


گوتمان هەموو نوسەرێک ئازادە بیروڕای خۆی بڵێ و شتێک هەڵدەسنگێنێ بڵـێ ئەمەم پێ باشە و ئەوەم پێ خراپە. ئەوە بوو دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و کۆمەڵێک پرسیاری لە مام جەلال کرد و دوای ئەوە ڕۆیشت بۆ شوێنی تر. لەوکاتەوە مەشروعەکە بەدەست دوکتۆر کەمال سپێردرا کە

ئیشی لەسەر بکات. من بەرپرس نەبووم لەو پرۆژەیەدا بەڵام ئەوە دەزانم کە هەموو کاسێتەکان و پاکنوسی کتێبەکەی ناردەوە بۆ دوکتۆر کەمال کە بیخوێنێتەوە و ئەگەر ویستیان، بڵاوی بکاتەوە. کاک کەمال خوێندویەتەوە یان نا، من نازانم بەڵام کە کتێبەکە چاپ کرا، کۆمەڵێک ئیشکالاتی سیاسی بۆ ئێمە دروست کرد، هەم لەگەڵ هەموو ئەوانەی دوکتۆر قاسملوویان خۆشدەویست و هەم لەگەڵ ئەوانەی لە کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا، دۆست و لایەنگر و وەفاداری قازی محەمەد بوون و هەم لەگەڵ هاوپەیمانەکەمان پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر ئەوە بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە کە ئێستا لە ئەرشیڤدا هەیە و دەڵێم بۆت بدۆزنەوە کە ئێستا لەبیرم نییە چی تێدا نوسرابوو. قانعی فەرد چەند بەرگێکی بۆ نمونە لە کتێبەکە چاپ کردبوو کە پێیگوترا لە چاپکردنی خۆبپارێزێت، بەڵام ئەوەی من بزانم گوێی نەدایە و چاپی کرد. بەگشتی ئەوە ڕووداوی ئەو کتێبەیە کە لای منە.

پرسیار: زۆر سوپاس، ئێوە هەندێک ئیشی منتان ئاسان کردەوە و ئەگەر ئیزن بدەی دەچمە سەر پرسیارەکانم. هەروەکوو خۆتان ئاماژەتان بۆ کرد، کتێبی دوای ٦٠ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی مام جەلال کێشەیەکی زۆری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بۆ یەکێتی دروست کرد، چۆن بوو بەڕێزتان کە بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەسی نزیکن لە ڕووداوەکانی دوور و نزیکی نێو یەکێتی، خۆتان ئەرکی چاودێری کردنی ئەو کتێبەتان لە ئەستۆ نەگرت؟

**وەڵام: (ئەمە کاری ڕۆژنامەنوسی نییە و کارێکی تەحقیقاتییە و کاک کەمال بە حوکمی ئەوەی کەسێکی ئەکادیمییە و خاوەن ئەزمونە، ئەو ئەرکە زیاتر پێوەندی بە بەڕێزیانەوە هەبوو کە متابعەی بکا. ئێمە ناوە ناوە ئاسانکاریمان بۆ قانعی فەرد کردوە کە ناردویانە بۆلای ئێمە کە بینێرینە لای فڵان کەس و کاتی بۆ وەربگرین، بەڵام سەرپەرشتی کردنی کارەکە لە ئەستۆی کاک کەمال بوو.)**

پرسیار: لە کتێبەکەدا بەشێکی زۆر و گرنگی داناوە بۆ عیسا پژمان و لە ڕیزبەندی ژمارەکانیشدا، ۳۱ جار ئاماژە بۆ ناوی ناوبراو کردوە و قسەکانی ئەوی کردوە بە بەڵگەی ڕووداوەکانی کوردستان لە پێشەوا و بارزانی و قاسملووەوە بگرە تا دەگاتە خودی مام جەلالیش، بەڕێزتان سەبارەت بەو دەستێوەردانە چ دەڵێی؟



وەڵام: (ڕاستییەکەی ئەمن نازانم میتۆدی نوسینی کتێبەکەی چۆن هەڵبژاردوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە ئێراندا زۆر باوە، پێیدەڵێن تاریخ شفایی کە دێن تاریخ لەمن و لەتۆ و لە ئەویتر وەردەگرن و دەینوسنەوە کە ڕەنگە زۆر جاران ئەو کەسەی قسە دەگێڕێتەوە، ڕووداو دەگێڕێتەوە زۆر ورد نەبێت و لێی تێکەڵیش بێ، ئەمە مەدرەسەیەکی تازەیە لە نوسینەوەی مێژوودا کە بەتایبەتی لە ئێران زۆر کاری لەسەر دەکرێ. بۆ لە ئێران نازانم، ڕەنگە لە ئەسڵدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مێژووی ئێران هەرچەندە شانامە هەبووە، بەڵام شانامەش لە سەرەتاوە هەر بە شفایی هاتووە و ڕەنگە ئەگەر هەموو کۆبکەیتەوە، چەند هەزار کەسێک لە نەوەی ڕابردوو کۆبکەیتەوە، بەسەر یەکەوە شانامەیان لەبەر بێت. لەبەر ئەوە چونکە من کتێبەکەم نەخوێندوەتەوە، ناتوانم قەزاوەتی لەسەر بکەم و بڵێم چی گوتووە، لە ئاکامدا ڕاستییەک هەیە کە پێوەندی بە کتێبەکەی قانعی فەردەوە نییە، ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە وەک ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا و ئەو وڵاتانەی لێرە بەرژەوەندیان هەیە وەک ئیسرائیل وەکوو ئەمریکا و وەکوو بریتانیا و بێگومان وڵاتانی تریش هەن کە بەرژەوەندیان لێرە و لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا هەیە ناچارن ئەوانەش هەندێک لە کەسانی گرنگیان وەک عیسا پژمان ببینن کە پێوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلولی بە ڕژێمی شا بەستوەتەوە، حەقیقەتێکە کە هەبووە، بەڵام من نازانم لەو

قسانەی دەیانگێڕێتەوە، چەندەیان ڕاستە و چەندی درۆیە کە من ناتوانم قەزاوەت بکەم و پێویستە مرۆڤ دیکۆمێنتەکانی لەبەردەست بێت، بەڕای من ئەگەر بمانەوێ ڕەخنەی ئەساسی لە عیسا پژمان و قانعی فەرد بگرین، پێویستە بەڵگەی بۆ ڕوو بکەین، چونکە سەبارەت چۆنیەتی پێوەندی شۆڕشی ئەیلول بە ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران، قسەی ئەو تەرەفە غایبە، ڕەنگە هەندێک لە قسەکانی عیسا پژمان ڕاست بێت، یان ڕەنگە ڕاست نەبێ، بەڵام بۆ ئەوەی بیسەلمێنین قسەکانی ڕاست نییە، دەبووایە بۆ ئەمانەتی ئەکادیمییش بێت، قانعی فەرد خودی ئەو شتانەی عیسا پژمان دەیانڵێت، خودی ئەو قسانەی لەو کەسانە پرسیبایەوە کە ئاگاداری پێوەندی شۆڕشی ئەیلول بە ئێرانەوە بوون، بەتایبەتی ئەوانە ماون، بۆ نمونە جەنابی کاک مەسعود ماوە کە مەسئولیەتی لەسەر شان بووە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە کە بێگومان پێوەندی لەگەڵ ئێران، بەبێ ئاگاداریی ئەو نەبووە، هەرچەندە جەنابی مەلا مستەفای ڕەحمەتی ڕێبەری شۆڕش بووە، بەڵام کاک مەسعودیش ماوە و دەیتوانی لەگەڵ دیکۆمێنتەکانی ئەوان بەراوردی بکات. "شەکیب ئەقراوی" ماوە و ئێستا لە ئەمریکایە کە لە شۆڕشی ئەیلولدا لە پاراستندا بووە و زۆر خەڵکی تریش ماوە. قانعی فەرد بەوە متمانە لەدەست دەدات کە نەهاتووە قسەکانی مقابیلی عیسا پژمان لەگەڵ تەرەفەکەی تری ساخ بکاتەوە بە دیکۆمێنت، یان لانی کەم بە قسەی ڕوون لە بەرامبەری خاڵی ئەلف یان بێی تەرەفەکەی تر چییە.)

پرسیار: قانعی فەرد وتووێژی لەگەڵ بەرێزتان کردوە؟

وەڵام: (وەڵاهی زۆر هاتوەتە لای من، زۆریشمان پێکەوە قسە کردوە، بەڵام نازانم ئەوانی وەک وتووێژ نوسیویە، یان نا.)

پرسیار: بیروڕای جەنابت لەسەر کتێبەکە چییە؟

وەڵام: (من هەموو کتێبەکەم نەخوێندوەتەوە و تا نەیخوێنمەوە ناتوانم وەک کەسێک بڵێم ئەوە باشە یان خراپە، بەڵام پێش نوسینی ئەو

کتێبەش، حیزبەکانی کوردستانی ئێران دژی قانعی فەرد قسەیان دەکرد و لە سیمینارێک کە لە پولیتێکینکی تاران کردبووی، بە قانعی فەردم گوت، بیستومە تۆ قسەی بێمانات کردوە لە سیمینارێک لە فلان شوێن، ئەو مەبەستەکەی بۆ هێنام، بەڵام بە ڕادەیەک ورد نوسرابوو کە زۆرم گوێ نەدایە و تەنیا ئەو بەشانەم خوێندەوە کە باسی قازی محەمەد و ڕێبەرانی کوردی لە شۆڕشەکاندا دەکرد و پێمگوت ئەوە ساخ ناکرێتەوە و تۆ هیچ دیکۆمێنتێکی کۆماری مهاباد و شۆڕشەکانی کوردت لە دەستدانیە و ئەوانە بەم جۆرە ساخ ناکرێنەوە. هەروەها گوتم ژمارەیەکی زۆر بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران ڕایانوایە کە تۆ پاڵپێوەنراوی ئەوکارە بکەی لە پولیتێکتیکی تاران. ئەو بەرگری لەخۆی کرد و گوتی: هەرشتێک ئەگەر بەدڵی کەس نەبوو، تۆمەتت بۆ دروست دەکەنو من خوێندنەوەیەکی خۆم هەیە بۆ تاریخی کورد.)

## عەدنان موفتی



عەدنان موفتی ساڵی ١٩٤٩ لە هەولێر لەدایکبووە. خاوەنی بروانامەی بکالۆریۆسە لە ژمێریاری. دوو کتێبی بە ناوی «العلاقات العربية الكوردية» و «حوار العربي الكوردي» بڵاوکردوەتەوە و زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانێت. ساڵی ١٩٦٣ پێوەندی بەریکخستنەکانی پارتی دیموکرای کوردستانەوە کردەوە و لە ساڵانی ١٩٧١ – ١٩٧٤ لێپرسراوی ڕێکخراوی قوتابیانی زانکۆی موستەنسریە بووە. سالی ١٩٧١ لە ئەمنی عاممەی بەغدا زیندانی کراوەو چەندین جاریش لەسەر چالاکی سیاسی لەلایەن ولاتانی دراوسێ گیراوە. ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی تێکچوونی پێوەندی نێوان شۆڕش و ڕژێمی بەعس پێوەندی بەشۆڕشەوە کردوە، هەر ئەو ساڵە بەشداری لەدامەزراندنی دەزگای دارایی شۆڕشی ئەیلول کردوە. لەپاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە کردوە کە دەڵێت لە ١٩٧٥/٦/١ دامەزرا و ڕۆڵی بەرچاوی لەو دەستەیەدا هەبووە. ساڵی ١٩٧٥- ١٩٧٧ چووەتە سوریا و خەریکی کاری سیاسی و ڕێکخستن بووە. ساڵی ١٩٧٨ گەڕاوەتەوە کوردستان وەک پێشمەرگەیەک بەشداری لە شۆڕشی نوێ کردوە. یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری حزبی سۆسیالیستی کوردستان و لە ١٩٧٩/٨/٨وە بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ئاشتبوونەوەی گشتی و دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا. لە ١٩٧٩- ١٩٩٢ لە بواری پێوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ هێزە سیاسی و عەربی و نێودەوڵەتییەکاندا ڕۆڵی هەبووە. ساڵی ١٩٩٥ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر. لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی شەڕی ناوخۆ بەشداربووەو ڕۆڵی

بەرچاوی هەبووە لە کۆبوونەوەکانی تاران، لەندەن، دیمەشقو ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٩٦دا. سێ ساڵ نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە لە قاهیرەی پایتەختی میسر و یەکێک بووە لە ڕێکخەرانی دیالۆگی کوردی و عەرەبی کە ساڵی ١٩٩٨ لە قاهیرە بەسترا. ساڵی ١٩٩٩ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پۆستی وەزیری شارەوانی وەرگرتووە و دواتریش بۆتە وەزیری دارایی و ئابووری و پاشان بووەتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا دووبارە بەئەندامی سەرکردایەتی و پاشان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە. تا ئێستا سێ جار لە مردن ڕزگاری بووە، ١٩٧٤ لە بۆردومانی شارۆچکەی چۆمان، لە رۆژی ١٩٨٧/١١/٢٤ لە ناوچەی مەرگە بە دەستی موخابەراتی رژێمی بەعس لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵەکانی بە ژەهری سالیۆم ژەهرخوارد کراوە کە سێ لە هەڤالانی شەهید بوون و ئەویش بە مەبەستی چارەسەرکردن گوێزراوەتەوە بۆ لەندەن، لە کارە تیرۆریستییەکەی یەکی شوباتی ٢٠٠٤ لە شاری هەولێر بە سەختی برینداربووە و بۆ ماوەی ٤ مانگ لەژێر چاودێریی پزیشکیدا ماوەتەوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا:

پرسیار: ئەم کتێبەی قانعی فەرد کە بەناوی دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی بڵاوکراوەتەوە، لە ١٠٥٦ لاپەڕە، تەنیا ٢٢٩ لاپەڕەی وتەکانی مام جەلالن و ئەوانی تر بەڵگە و نوسراوەی ساواک و ڕوکنی دووەمی سەردەمی شای ئێران، یان بەڵگەنامەکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و وتەی پیاوانی ساواکە. بەڕێزتان چۆن لەو کتێبە دەڕوانن؟

وەڵام: (ئەوەی ڕاست بێت من کتێبەکەم نەخوێندوەتەوە و تا نەیخوێنمەوە، ناتوانم ڕەئی لەسەر بدەم، هەندێک شت لەسەر کتێبەکە نوسراوە، یان نەقد کراوەتەوە و هەندێک شتی وروژاندوە، بەڵام من پەلە ناکەم و دەبێ ئەو کتێبە بخوێنمەوە.)

پرسیار: لە کتێبەکەیدا قانعی فەرد باسی چەند کەسێکی وەک شەمسەدین موفتی دەکات و دەنوسێت شەمسەدین مفتی نوێنەری بارزانی بووە لەلای ئیسرائیل، بەڕێزتان لەم بارەیەوە چی دەزانن؟

وەڵام: (شەمسەدین موفتی مامی منە و یەکێکە لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول و پارتی دیموکراتی کوردستان و تەنانەت ئەو کەسێکی ناسراوە لە کوردستاندا و هەشت مانگ پێش شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١دا ئەو شاری بەجێهێشت لەگەڵ ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی تر وەک عومەر دەبابە، سەید مەجید ئامادەی شۆڕشیان کرد و دواتر وەکو وەفدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئێران، سێ کەس بوون وەک: عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و شەمسەدین موفتی پێوەندیان لەگەڵ ئێران دامەزراند و دواتر ئەو بوو بە نوێنەری مەلا مستەفا لە ئێران تا سەرەتای ١٩٧٤ و گەڕایەوە بۆ شۆڕش و بوو بە ئەمینداری گشتی کشتوکاڵ کە وەک وەزیری کشتوکاڵ بوو تا ساڵی ١٩٧٥، لەو ساڵەدا لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان و قادر جەباری ناکۆکیان لەگەڵ پارتی دیموکرات پەیداکرد و لێژنەیەکیان بەناوی لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکرات پێکهێنا و لەگەڵ ئەوکەسانەی کە دەیانویست یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێکبهێنن، یەک بگرنەوە. ساڵی ١٩٧٨ بە دوای ڕووداوی هەکاری چوو بۆ دەرەوە و وازی لە سیاسەت هێنا. سەبارەت بە ئیسرائیل ئەو ئاماژە بۆ ئەو کتێبە دەکات کە دەرچووە و بە گوێرەی ئەو کتێبەبە کە لەژێر بەناوی "ئەلموساد و ئەل کورد"، یان "ئەلمووساد فی اطراف" تەرجومە کراوەتەوە سەر زمانی عەرەبی و من خوێندومەتەوە، لە سەردانی مەلا مستەفا بۆ ئیسرائیلدا ئەو لەگەڵی بووە، جا نازانم کتێبەکە بە ئەمانەتەوە نوسراوە، یان نا.)

پرسیار: ئایا شەمسەدین موفتی لە ئەسڵدا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بوو؟ ئایا مام جەلال و ئەوانی تر پێیانگوتبوو، تۆ لە لەگەڵ بارزانی بمێنەوە و کار بۆ ئێمە بکە؟

وەڵام: (نەخێر، نا، ئەو وەک ڕەفاقەت لەگەڵ ئەوان بوو، بەڵام کە لێکدابڕان دروستبوو، ئەو حیزبایەتی نەکرد و گوتی هەردوولاتان غەڵەتن

و وەک نوێنەری مەلا مستەفا لە تاران مایەوە، بەڵام وەک دۆستایەتی لە مام جەلال، عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری نزیکبوو. بۆیە ئەو جیابوونەوەیە تەئسیری لە دۆستایەتی ئەوان نەکرد و تا ئەمڕۆش ماوەتەوە.)

پرسیار: عیسا پژمان دەڵێ: دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و بەدەسەڵات گەیشتنی عەبدوکەریم قاسم، کارمان ئەوە بوو کە بچین کەسایەتییەکان بدۆزینەوە و پێوەندیان لەگەڵ بگرین، چونکە شا زۆر لەوە نێگەران بوو کە لە عێراق شۆڕش کراوە و دەترسا پێی ڕوسیا بۆ ناوچەکە بکرێتەوە و ناسیونالیزمی عەرەب دەسەڵات بەدەست بگرێت، دەڵێت یەکەم پێوەندی من لەگەڵ عیسا زەبیحی واتە عەبدولرەحمان زەبیحی بوو و دواتریش لەگەڵ عومەر دەبابە و جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد تا دەگاتە سەرەوە و گوایە بارزانی بەو پێوەندییەی نەزانیوە تا ساڵی ١٩٦٣. لەم بارەیەوە چی دەڵێت؟

وەڵام: (ئەوکاتە من لە مەسئولیەتدا نەبووم تا بزانم. عیسا پژمان کە قسەیەکی کردوە دەبێ لەوانە پرسیار بکرێت کە تێیدابوون کە ناویان هاتووە، بەڵام ئەوە دەزانم کە هەردوولا پێوەندیان بە ئێرانەوە هەبووە، هەم باڵی مەکتەبی سیاسی و هەم ڕەحمەتی مەلا مستەفاش پێوەندی هەبووە. ئەوەی عیسا پژمان کە بیستومە و خوێندومەتەوە لە سەفارەتی ئێران بووە، بە حوکمی ئەوەی بە ڕەگەز کورد بووە، دەوری هەبوو لەو پێوەندییەدا.)

پرسیار: دوابەدوای گەڕانەوەی بارزانی کێشەیەک هەبووە لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵادا، ئەو کێشەیە بە دەرکردنی هەمزە عەبدوڵا لە پارتی و بوونی ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری پارتی، لە کۆنگرەی چواری پاتیدا چارەسەر کرا. هۆی چی بوو کە دواتر کێشەکە بە شێوازێکی تر درێژەی پەیداکرد، بۆ نمونە دوابەدوای ئەو ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری و ژمارەیەکی

تر بەناوی حیزب تێدەکۆشان و بارزانیش تەنیا بەناوی خۆی، هۆی ئەو دابڕانەیان لە بارزانی چیبوو؟

وەڵام: (بەڕای من ئەو دابڕانەی ئەوکاتە و دابڕانەکانی دواتریش کە لە پارتیدا دەوامی هەبوو، تەنانەت دوای ١٩٧٥یش، هەموی دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی جیاواز، ئەگەرنا هەموویان قوتابی یەک مەکتەبن بە ناوی کوردایەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان کە هەموو میللەتی کورد دەگرێتەوە، چوونکە مەسەلەیەکی نەتەوەییی بوو ئەوکات، ڕووبەڕووی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوونەوە، بەڵام کە تۆ شۆڕشێک دەکەی و چینی جیا جیا تێیدا بەشداردەبن و خەباتی ڕۆژگاریش پێویستی بەوە دەکا کە تۆ بەپێی پێداویستیی ڕۆژ هەڵوێست بگری، بۆچوونی جیاواز پەیدا دەبێ چ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتەکان و چ لەلایەن دەسەڵاتەوە. تۆ کە لە شاخ دەبی، هیچ دەسەڵاتێک نیە بۆ دەسەڵات و دانانی دەسەڵات و فەردییەت دەور دەبینێ و سەرکردە وەکوو کاریزمایەک دێنە پێشەوە، ئەوە سەبەبێکی سەرەکییە، بۆ جیابوونەوەکان. ئینجا ئەو پێوەندییانەی کە شۆڕش ناچاری دەبوو بیکا چ لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق چ لەگەڵ دەروجیران، ئێران، تورکیە و وڵاتانی تر، هەڵسەنگاندنی جیای لێ پەیدا دەبوو، ئەوەش دەبووە هۆکارێکی تر، جگە لەوی کە شۆڕش لە ناوچەیەکی عەشایرییەوە، دوور دەکەوێتەوە، لە شارەکان هەندێک لە سەرکردەکان ڕۆشنبیری و فەرهەنگی شاریان پێبوو، هەندێکی دیکەیان بەشێک بوون لە سیستمی عەشایری. ئەمەش لە ڕاستیدا نەدەگونجا و زۆر جار دەبووە هۆی دەرکەوتنی بیری جیاواز و دەبووە هۆی ئەو ناکۆکی و جیاوازییانە و دروستبوونی شەڕ و تا چەند ساڵ بەرلە ئێستا بەشێک بووە لە ناکۆکییەکانی کورد.)

پرسیار: هەم مام جەلال هەم بارزانی لە بنەماڵەی شێخ بوون، ئایا یەکیان عەشیرەت بوو و ئەویتریان نا، کامەیان ئاغایەتیان دەکرد؟

وەڵام: (هیچیـان ئاغـا نەبـوون و ئاغایەتیـان نەکـردوە، بەڵام بـارزانی عەشیرەتی هەبوو، سەرۆک عەشیرەتیش بوو، ناوچەکەشی ناوچەیەکی گرینـگ بـوو بـۆ شـۆڕش. جەلال تاڵەبـانی عەشـیرەت نـیە، نـاوەکەی ناوچەیەکە. خۆی زیاتر بنەماڵەیە.)

پرسیار: ئایا بارزان ناوچەیەک نیە؟

وەڵام: (با بارزان ناوچەیەکە، بەڵام عەشیرەتێکیشە. تاڵەبان ناوچەیەکە بەڵام عەشێرەت نیە. جیاوازن تاڵەبان هەیە لە ئێران، زەنگەنەش هەیە، بەڵام مام جەلاڵ عەشیرەتی نیە، بەناو تاڵەبانی‌یە، ئینسانێکە لە کۆیە پێگەیشتووە، خوێندنی لە بەغدا تەواوکردوە، وەکوو ڕەئیس عەشیرەت حیساب نەکراوە، من کە دەڵێم ڕەئیس عەشیرەت، ڕەئیس عەشیرەت بە خەراپ نازانم، بەڵکوو بە پێچەوانەوە.)

پرسیار: مەبەستی من لە عەشیرەت ئەوەیە کە ئاغا لە جێگایەک هەبێ و پێنج یەک لە جوتیار دەستێنێ، لە بارزان شتی وا هەیە؟

وەڵام: (نەخێر لە بارزان شتی وا نەبووە، سیستیمی عەشیرەت لە بارزان وەکوو عەشیرەتەکانی تر نەبووە، ئەوان تەریقەی نەقشبەندی بوونە، شێخ ئەحمەد براگەورەی مەلا مستەفا ئەو براگەورە بووە ئەو ئەمری کردوە و لە ناوخۆیاندا پێوەندییەکانیان لەسەر ئەساسی ئاغایەتیش نەبووە، بەڵکوو موڵکداریش نەبووە وەکوو ئێستا هەیە.)

پرسـیار: مـام جەلال لە کۆتـایی کتێبەکەیـدا، لاپەڕەی ٩٩٠ دەڵـێ گەورەترین هەڵەی مـن ئەوە بـوو کە لەگەڵ بـارزانی تێکمـدا، نە لایەنـی بـرایم ئەحـمەدم قەبـووڵ بـوو نە لایەنـی بـارزانی و دەبـوایە وەکـوو کەسـایەتییەک لەنێـو ئەو دوانەدا بمێـنمەوە و دەخـالەت لە هیچیـاندا نەکەم و ئەوە گەورەتـرین هەڵەی مـن بـوو کە لەگەڵ ئیبـرایم ئەحـمەد کەوتم، جەنابت لەو بارەیەوە چی دەڵێی؟

وەڵام: (مـــام جەلال کە ئەوەی وتـــووە خـــۆی هەڵســـەنگاندنی بـــۆ هەڵوێستەکانی خـۆی کـردوە و هەر بۆخۆشـی دەتـوانێ تەقـدیری بکـاتن بەڕاستی.)

پرسیار: عیرفان قانعی فەردت دیوە؟

وەڵام: (بەڵـێ دیـومە، هـاتووەتە ئێـرە بـۆ مـاڵەوە، لە بەغـداش لە میوانخانەی مام جەلال، لەوێ دیومە و لەسەر ژیانی مـام جەلال وتـووێژم لەگەڵ کردوە و وەڵامم داوەتەوە.)

## نازم عومەر دەباغ



نازم عومەر دەباغ ساڵی ١٩٤٧ لە شاری کۆیە لە دایکبووە، خوێندنی خانەی مامۆستایانی سەرەتای لە هەولێر تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٦١وە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٦٥ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان "باڵی مەکتەبی سیاسیی". لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە لە ١٩٧٦ وەکوو ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشدار بووە. لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩١ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە. کاتی نوسین و ئامادەکردنی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی، نوێنەری یەکێتی بووە لە تاران و ئێستا هەر لەوێ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ناوبراو لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە ڕۆژی ٢٠١٢/٧/٢٤ لە سویدەوە بۆ تاران کردم، بەشداری ئەم وتووێژەی خوارەوەی کرد و لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە بەڕێزتان لەگەڵ دوکتۆر کەمال فوئاد لەلایەن مام جەلالەوە بەرپرس بوون لە ئامادەکردنی کتێبی دوی ٦٠ ساڵ و لەگەڵ دوکتۆر کەمال لە ١١ خاڵاندا باس لە چۆنیەتی ئامادەکردن و بڵاوبوونەوەی کتێبەکە دەکەن. لەو کتێبەدا گەلێک سوکایەتی بە سەرکردە کوردەکانی وەک پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی و دوکتۆر قاسملوو کراوە، بۆچی ئێوە بەسەر ئەم کتێبەدا نەهاتنەوە و سەرنجتان پێنەدا کە کتێبەکە بە دروستی ئامادە بکرێت؟

وەڵام: بەرلەوەی کە جوابتان بدەمەوە، پرسیار لە جەنابتان دەکەم کە ئێوە کێن و ئارمانجتان لەو پرسیارە چییە؟ کە وەڵامی خۆی وەرگرتەوە، لە وەڵامی پرسیارەکەمدا گوتی:

وەڵام: (من و دوکتۆر کەمال پشتیوانی پرۆژەکەمان کردەوە، بەڵام ئەگەر سەیری چاپی دووەمی کتێبەکە بکەی، ناوی منی لێهاتووەتەدەر، چونکە من بەرلە چاپکردنی کتێبەکە هەندێک تێبینیم لەسەری هەبوو کە تێبینییەکانم ڕەچاو نەکرا. ئەوە خاڵێک، خاڵی دووەم ئێوە بە یەک عینوان و ئادرێس سەیری کتێبەکە دەکەن، کەچی لە پێشەکی کتێبەکە نوسراوە، تاریخی شفایی، تاریخی شفایی یانی قسەی من و تۆ، قسەی من و تۆش، شەخسی قسەکەر لێی بەرپرسە، نەک ئەوەی بڵاوی ئەکاتەوە، ئەوەی بڵاوی دەکاتەوە، دەکرێ هاوکار بێت لە بڵاوکردنەوە، بەڵام لەو ڕۆژەوە ئێمە بەتایبەتی خۆم کە تێبینیم لەسەری هەبوو، بەرامبەر ئەو زمانەی باسی سەرکردەکان دەکا، داوای ئیسلاحم کرد کە ئیسلاح نەبوو، بە دەلیلی ئەوە چاپی دووەم ناوی منی لێهاتووەتە دەرەوە و دەتوانی لە زۆر شوێنەوە کە دیقەت بکەی، هەستی پێدەکەی.)

پرسیار: چۆنە کە مام جەلال ڕەتی ئەو کتێبەی کردەوە کە ئەو کتێبەی هی ئەو نییە و قانعی فەرد درۆی لەگەڵ کردوە؟

وەڵام: (مام جەلال لە چاوپێکەوتنەکەدا دوو سێ قسەی کرد. دەڵێت ئەوکاتەی کە هەستمان پێکرد ئەو کتێبە لادانی هەبێ و تەشیری هەبێ، داوامان لە نوێنەرەکەمان کرد لە تاران کە وازی لێبێنێت. ئەم کتێبە هی مام جەلال نییە و جارێکی دیکەش دێڵێمەوە کە بەو کتێبە دەگوترێ تاریخی شفایی و قسەکانی مام جەلال بریتییە لەو ٨٠ – ١٠٠ لاپەڕەی کە لە ئاخری کتێبەکەدا دێت و ئەوەی بە ئێمە مەربوتە ئەو قسانەیە کە بەناوی خۆمان بڵاومان کردۆتەوە، ئەگەر لەوێ ڕەخنەیەک هەبێت، وەک مام جەلال و نازم دەتوانین قسەی لەسەر بکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین بەرپرسی قسەی خەڵکی تر بین و وەڵامتان بدەمەوە.)

پرسیار: ڕات لەسەر ئەو کۆمەڵە بەڵگانەی ساواک، ڕوکنی دووەم و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران چییە کە لە کتێبەکەدا بۆ شێواندنی مێژووی کورد و ناشیرین کردنی سەرکردەکانمان بڵاوکراوەتەوە؟

وەڵام: (بیروڕای من ئەوەیە کە خەڵکی دۆست قسەی باش بۆ کورد دەکات و خەڵکی دوژمن قسەی خراپ.)

پرسیار: لە سایتێکدا باس لە بڵاوبوونەوەی بەرگی دووەمی کتێبەکە دەکەێت، ئایا بڵاوتان کردەوە، یان نا؟

وەڵام: (ئەوە ڕاست نییە، بە درۆ لە زمانی منەوە بڵاوکراوەتەوە و ئەگەر سەیری نوسینەکە بکەێت، دەبینی هی کۆنە.)

پرسیار: بەرگی دووەمی چاپ کرا؟

وەڵام: (نەخێر، تەنیا بەرگی یەکەمی بۆ جاری دووەم چاپ کراوەتەوە کە ناوی منی لەسەر نییە.)

پسپۆڕانی کوردستان لـه کتێبی دوای ٦٠ساڵ

و

پیلانـەکانی کۆماری ئیسلامی دەدوێن

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە



عەبدوڵڵا حەسەن زادە ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی سیسێر سەربە شاری سەردەشت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان چاوی بە ژین کردوەتەوە. ساڵی ١٩٥٥ چووەتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی ئاشکرابوونی بۆ ساواک و ڕژیمی پەهلەوی، ڕۆژهەلاتی کوردستانی بەجێهێشتوە و لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بووە. یەکێک بووە لە ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانسی دووەم و کۆنفرانسی سێیەم و کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات و بووژاندنەوەی خەباتی حیزبی دیموکرات لە ساڵانی ١٩٧٠دا. لە کۆنگرەی سێیەمەوە تا کۆنگرەی دوازدە جگەلە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکرات، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بووە. پۆستی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و سکرتێریی ئەو حیزبەی هەبووە. لە کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیموکراتدا وازی لە بەرپرسایەتیی بالای حیزب هێناوە و وەک ئەندامی حیزب، هاوکاریی حیزب دەکات. نووسەر و وەرگێڕ و خاوەن نەزەرە لە بوارەکانی سیاسی، فەهەنگی، زمانەوانی و خەباتی مەدەنیدا. لانیکەم ١٥ کتێبی چاپکراوی هەیە و کەسایەتییەکی ناسراوی نەتەوەیی کوردە لە کوردستان و ئێران و دەرەوەی ولات. بەم جۆرە وەلامی پرسیارەکانمی دایەوە:

پرسیار: کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی سەدام حوسین ڕووخا، نزیکەی ٣٠٠ ئەندام و خەباتکاری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە باشووری کوردستان تیرۆر کرد و لە دەرەوەی وڵاتیش لە ئەورووپا و وڵاتانی عەرەبی و تورکیاش هەر بەم جۆرە، ژمارەیەک کەسایەتیی تیرۆر کرد. بە دوای ساڵی ٢٠٠٣دا سیاسەتی خۆی گۆڕی بۆ گوشارخستنەسەر هەردوو بەش، واتا ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان. لە مزگەوتی گوندەکانو هەندێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی هەندێک مەلای دەستەمۆکراوەوە، هێرش دەکاتە سەر ئەزموونی باشووری کوردستان و دژی دەستووری هەرێم سەبارەت بە ئازادیی ئافرەتان و وتارەکانی سەرۆکی هەرێم سەبارەت بە داخوازی نەتەوەکەمان دەوەستن. بە نووسین، پێشەوا قازی محەمەد بە ساویلکە دەزانن و هۆی ڕووخانی کۆماری کوردستان دەخەنە سەرشانی پێشەوا و تەنانەت مستەفا بارزانی بە تێکدەری کۆماری کوردستان دەناسێنن، هۆی ئەم چەواشەکارییەی ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە چ دا دەبینن؟

وەڵام: (لە پێشدا هەر بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر پێمخۆشە بڵێم کە لەو٣٠٠ حاڵەتی تێرۆرە نیزیک بە ١١٥ کەسیان شەهید بوون و ئەوانی دیکەش کە بریندار بوون زۆر کەسیان تووشی کەم ئەندامی، یان نەخۆشیی درێژماوە هاتن. وەک ئەمن بزانم دەستبەرداربوونی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریش هۆی جیاوازی هەبوو. ئێستا دەرکەوتوە کە وازهێنان لە تێرۆر لە وڵاتانی ئورووپاییدا ئاکامی ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیەندراو لەنێوان ئێران

و ئورووپادا بووە. بەڵام لە کوردستان بێجگە لەو نارەزایەتییەی لە رادەی نێونەتەوەییدا بەدوایەوە هەبوو، هۆیەکی سەرەکی ئەوە بوو کە دەسەڵاتی کوردی لە باشوور سەقامگیرییەکی زیاتری بەخۆیەوە دی و ئەوەندەش دەستی لەبن بەردی ئێراندا نەما کە هەموو شتێکی لێ قبووڵ بکا. بەو حاڵەش هەرگیز نابێ وا بیربکەینەوە کە ئەم رێژیمە تێرۆری وەلا ناوەو جارێکی دیکە ناگەرێتەوە سەری. هەر لە رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆماریدا دیتمان کە لە شەقامەکاندا بەشێوەی تایبەتیی خۆیان بەشێک لە نارازییەکانیان تێرۆر کرد. ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە رێگای جۆراوجۆرەوە هێرش دەکاتە سەر ئەزموونی هەرێمی باشووری کوردستان و هەوڵی لاوازکردن و بێ ئیعتیبارکردنی دەدا، هۆیەکەی ئاشکرایە. بەپێچەوانەی بۆچوونی هێندێ کەس کە لە رووی بێ خەبەرییەوە یان بە "دیپلۆماسی"! کۆماری ئیسلامی بە دۆستی کورد دەزانن، ئەم رێژیمە یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنانی مافو ئازادییەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە و چونکە هەرێمی کوردستانیش هەم ئەزموونێکی سەرکەوتووی بەشی باشورەوە و هەم نوختەی هیوای بەشەکانی دیکەی کوردستانە ئەم رێژیمە هیچ دەرفەتێک بۆ بنکۆڵ کردن و - هەرنەبێ- بەدناو کردنی ئەم ئەزموونە لەدەست نادا. ئەو دەیەوێ کوردی ئێران و پارچەکانی دیکە بەرامبەر بەم ئەزموونە بەدبین بکا بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا خەونە ئاڵۆزەکانی ئاڵۆزتر نەکەن. دەزانین کە بەخۆشییەوە ئەو هەوڵانە چووکترین بەرهەمیان بۆ دوژمنانی کورد نەبووە و تەنیا ئاکامیان ریسوایی بۆ سیاسەتی دژی گەلیی دوژمنان و ئەو

بەناو کوردانە بووە کە بۆیان بوونە بڵیندگۆ و بۆختانەکانی ئەوانیان کاویژ کردۆتەوە. هەم ناوبردنی پێشەوا قازی موحەممەد بە ساویلکە و هەم تۆمەتی ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە بارزانی لەوە ڕیسواترن کە بتوانن ساویلکەترین مرۆڤەکانیش هەڵخەڵەتێنن. چونکە هەموو ئەو خاوەن نەزەرانەی پێشەوایان لە نیزیکەوە ناسیوە شاهیدی دەدەن کە یەکێک لە پیاوە سیاسییە گەورەکانی دەورانی خۆی لەنێو کورد و ئێرانییان و گەلانی ناوچەدا بووە و پێموایە ئەگەر ئێستاش زیندوو بایە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی سیاسەتمەدارانی ناوچە و تەنانەت جیهاندا جێی دەگرت. بارزانییش بەشاهیدیی مێژوو بە خۆی و هاوڕێکانیەوە کۆڵەکەیەکی بەهێزی پاراستنی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان بووە. لەوانەش بگەڕێتەوە، کێی ئاگادار و نیازپاک هەیە نەزانێ کە ڕووخانی کۆماری کوردستان ئاکامی ڕێککەوتن یان پیلانێکی زۆر گەورەی نێونەتەوەیی بوو کە گەورەترین هێزەکانی ئەودەمی مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەیی تێیدا بەشدار بوون.)

پرسیار: بەهۆی کوردێکی خەڵکی مەریوان کە لە سەردەمی شای ئێرانەوە، بە بنەماڵە جاش و جاسووس بوون، بەناوی عیرفان قانعی فەرد خەریکی شێواندنی مێژووی کوردستانن، سەرکردەکانمان بەبێ جیاوازیی لەبەرچاوی نەوەی نوێ ناشیرین دەکەن و بە بەڵگەی ساختە ئەوان بە تیرۆریست دەناسێنن، هۆی ئەم شێواندنەیان لە چییەوە دێت؟



وەڵام: (لەهەق دەرنەچین هەوڵی بەدناوکردنی ڕێبەرانی کورد لەلایەن دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە هەوڵێکی زۆر زیرەکانە و هەڵسەنگێندراوە. ڕێبەرانی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە سێمبول و هێما و لە ڕاستیدا مێشک و سەری ئەو بزووتنەوەیەن. بەو پێیە شتێکی زۆر سروشتییە کە دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد پێش هەمووان نیشانە لە سەری بزووتنەوەکە بگرن و ڕێبەر و ڕەمزەکان پەلامار بدەن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە دوژمنانی کورد زۆرجار بەتایبەتی لەسەر دەستی جیرەخۆرەکانیان هەوڵ دەدەن بەناوی دڵسۆزی و لە کانالی دۆستایەتییەوە ڕێبەرە شەهیدەکانیشمان لە بەرامبەر یەکدا ڕابگرن و بەگژ یەکتریاندا بکەن، چونکە دەیانەوێ لەم ڕێگایەشەوە تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا بچێنن.

ڕێگام بدە لێرەدا، داخ و کەسەری خۆم لە دیاردەیەکی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد دەرببڕم: داوێک کە ناحەزانی کورد و دوژمنانی سوێندخۆری نەتەوەکەمان ناویانەتەوە، بەداخەوە هێندێک لە ڕووناکبیرانی خۆشمانی پێوە بوون. کەم نین ئەوانەی بەناوی دڵسۆزی یان پێشکەوتنخوازییەوە هێرشی نەشیاو و کوشندە دەکەنە سەر گەورە ڕێبەرانی سیاسی و

فکریی نەتەوەکەمان و شتی وایان بۆ هەڵدەبەستن کە دوژمنە بیانییەکان هەر بەلاشیدا ناچن. بەتایبەتی لە کاناڵی ململانەی سیاسی و حیزبییەوە کارێک دەکەن کە هیچ بۆ ڕێبەران و بەقەولی ئێستا "سەرکردە"کانمان ناهێڵنەوە. کەسێکی ناشارەزا ئەگەر هەموو ئەو هێرش و پەلامارانە کە دەکرێنە سەر ڕێبەرانی بزووتنەوە، وەسەریەک بخاتەوە، دەگاتە ئەو ئاکامە کە مرۆڤی پاک لەنێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورددا نیە. تەنانەت -بەداخەوە- زۆرجار دیومانە ئەو تۆمەت و بەدگۆیییانە وەرگێڕدراونە سەر زمانە بێگانەکان و وەک "داهێنان"ێکی گەورە، دنیای دەرەوەشیان لێ ئاگادار کراوە. ئیدی کەس لەخۆی ناپرسێ وەختێک هەموو ڕەمزەکانت لەپێش چاوی بێگانە سووک و چرووک کرد چیت بۆ دەمێنێتەوە بەڕووی خۆتەوەی بگری؟

بۆ ئەوەی هیچ گومانێک دروست نەبێ، حەز دەکەم ئەوەندەش زیاد بکەم کە ئەمن لەو کەسانە نیم کە ڕێبەران بە "معصوم" دەزانن و شتێکی پیرۆزی بەری لە هەر کەموکوڕییەکیان لێ دروست دەکەن. دەزانم کە ئەوانیش مرۆڤن و دەکرێ بەهەڵە بچن و زۆرجاریش هەڵەکەیان شوێنەواری زیانبارتر لە هەڵەی خەڵکی ئاسایی لە دوای خۆی بەجێ دێڵێ. مەبەستم ئەوەیە کە وریا بین سنووری ڕەخنەی بنیاتنەر و ناوزڕاندنمان لێ تێک نەچێ و ناڕاستەوخۆ ئاو نەکەینە ئاشی دوژمنانی گەلەکەمانەوە.)

پرسیار: بەڕێزتان عیرفان قانعی فەردتان بینیوە و وەک بزانم وتووێژێکیشتان لەگەڵ ناوبراو کردوە، بەڵام دواتر ڕاتان گەیاند

کــە وتووێژەکــەی بەپێچەوانــەوە بڵاوکردۆتــەوە. ئێــوە چیتــان گوتبــوو و ئــەو چــی بڵاوکــردەوە. لــەبیرتان نــەچێت کــە دوکتــۆر مەحمود عوسمانیش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند (من وتووێژم لەگــەڵ قــانعی فــەرد نــەکردوە)، بــەڵام ئــەو بــەناوی دوکتــۆر مەحمود وتووێژێکی لێ بڵاوکردەوە؟

وەڵام: (وتووێژی من لەگەڵ ناوبراو بەشی هەرەزۆری دەربارەی کەسایەتی و ڕۆڵی سیاسیی بەڕێز مام جەلال و ناسیاویی خۆم لەگەڵ مام جەلال بوو کە وابزانم لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەیدا تاقە ڕستەیەکیشی لێ دانەناوە. تەنیا لە بەشێکی کورتدا باسی نەزەری من سەبارەت بە چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێراندا کراوە کە ئەمن گوتوومە ئەگەر ماف و ئازادییەکانی کورد لە ئێراندا بەتەواوی دابین بکرێن کورد نیازی نیە لە ئێران جیا بێتەوە. ئەویش چووە چیی بە خەیاڵدا هاتوە نووسیویەتی. چەند جاریش داوام لێکرد کۆپییەکی نەوارەکەم بۆ بنێرێ، دەگەڵ ئەوەی هەموو جارێک قەولی دەدا، بەڵام نەینارد. نیازم وابوو ئەگەر دەستم کەوێ دەقاودەق بڵاوی بکەمەوە. ئەوە بوو کە هەر دەستم نەکەوت ناچار بووم ڕابگەیەنم کە ئەم وتووێژە هی من نیە و دەسکاری کراوە.

جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم کە ئەو نووسەرە کە بۆ ئامادە کردنی کتێبی "پسراز شەست سال..." وەک بۆخۆی دەڵێ وتووێژی دەگەڵ دەیان کەس کردووە، لە نووسینی بابەتەکاندا نەهاتوە ئاماژە بە قسەیەکی هەرکەس لەجێی خۆیدا بکا، بەڵکوو لە کۆتایی هەر بەشێکدا نووسیویەتی بۆ ئامادەکردنی ئەو بەشە کەڵکی لەو سەرچاوانە وەرگرتوە. ئەمن لە خوێندنەوەی ئەو

کتێبــەدا ســەرنجی دوو ســێ فەســڵم دا کــە یــەکێک لــە سەرچاوەکانیان وتووێژ دەگەڵ عبداللە حسنزادە نووسراوە. لە حاڵێکدا لـە وتـووێژ دەگـەڵ مندا نەکـەم، نـە زۆر ئـەو باسانە نەهاتوونــە گـۆڕێ. ئـەم کـارە چ هەڵــە بــێ و چ بەئەنقەسـت، بەدوور لە ئەمانەتی زانستی و تەنانەت ئەخلاقییە.)

پرسیار: مرۆڤ تا چ ڕادەیەک دەتوانێت باوەڕ بە نووسینەکانی قـانعی فــەرد بکـات؟ ئایـا ئەوانــە قسـەی قـانعی فــەردن یـان ڕاسپاردەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامین کـە بـەهۆی ناوبراوەوە بڵاوی دەکەنەوە؟

وەڵام: (بەچاوپۆشـــی لــــەوەی نووســـینەکانی قـــانعیفرد بیروبۆچوونی خۆیەتی یان بە ڕاسپاردەی ئەم و ئەو داڕێژراون، وا تێدەگەم بیهەوێ یان نەیهەوێ کارێکی کردوە کە خوێنـەری وردبین گومان لە هەموو نووسراو و ئیدیعاکانی بکا و بەم پێیە هەرکام لـە نووسینەکانی لەسـەر هـەر بابـەتێک دوابـێ تـەنیا ئەوکاتە دەتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ کە لـە سـەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراودا پشتڕاست کرابنــەوە. چونکـە کـەمترین شـت کـە دەکـرێ لەسـەری بگـوترێ ئەوەیــە کــە لە گێڕانــەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا وردەکاری و ئەمانەتداریی ڕەچاو ناکا.)

لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێزتان دەکەم ئەگەر شتێکی زیادەتان هەبێت بیفەرموون.

وەڵام: (ئەمنیش سوپاستان دەکەم و ئەگەر بمەوێ شتێک زیاد بکەم، دەڵێم خۆزگە ئەو کوردانەی قەڵەم بەدەستەوە دەگرن، ئەگەریش بەهەر هۆیەک ناتوانن خزمەتی مەسەلەی میللەتەکەی خۆیان بکەن هەرنەبێ خۆیان لە ئازار پێگەیاندنی پاراستبا و وەک دەڵێن "ئەگەر گوڵ نەبوون دڕکیش نەبوونایە".)

## دوکتۆر عومەر شێخموس



دوکتۆر عومەر شێخموس ساڵی ١٩٤٢ لە شاری عامود لە ڕۆژئاوای کوردستان چاوی بە ژین کردۆتەوە. ساڵی ١٩٦٢، لە تەمەنی ٢٠ ساڵییدا بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن، کوردستانی بەجێهێشتوە و لە زانکۆی لەندەن، بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی خوێندوە. ساڵی ١٩٦٧ چۆتە سوید و لەوی درێژەی بە خوێندنداوە و سەرەتا ماجستر و دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ دوکتۆرای لە بەشی زانستی سیاسیی و سیاسەتی جیهانیی بەدەستهێناوە. لە سالانی ١٩٧٣- ١٩٧٨ و ١٩٨٥- ٢٠٠١دا مامۆستا بەشی زانستی سیاسیی بووە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم. لەمانگی ئاوگۆستی ساڵی ٢٠٠١ چۆتە ئەمریکا و سەرنوسەری بەشی کوردیی ڕادیۆ دەنگی ئەمریکا بووە و لە ساڵی ٢٠٠٥وە تا ساڵی ٢٠٠٧ سەرۆکی بەشی کوردیی ڕادیۆ ئەمریکا بووە و دواتر خانەنشین کراوە.

یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و دواتر ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. لە ساڵی ١٩٨٦وە، وازی لە کاری ڕێکخستن هێناوە و ئێستا وەک کەسایەتییەکی ئازاد و سەربەخۆ لەگەڵ پشتیوانیی کردنی، یارمەتی دەکات بە بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا. لە وەڵامی ئەم پرسیارەی مندا کە دەربارەی بیرەوەرییەکانی مام جەلال ڕات چییە کە عیرفان قانعی فەرد لە ١٠٥٦ لاپەڕە، ٢٢٩ لاپەڕەی بۆ وتەکانی مام جەلال تەرخان کردوە و ئەوانی‌تری بە بەڵگەنامەی ساواک، ڕوکنی دووەم، ئیتلاعاتی ئێران و کەسانی پیاوخراپ کە لە سەردەمی شادا دژ بە نەتەوەی کورد بوون، پڕکردۆتەوە؟ گوتی:

وەڵام: (لە ڕاستیدا هەرچەندە قانعی فەرد داوای گفتوگۆیەكی لەگەڵ من كرد و من سەبارەت بە ژیان و خەبات و تێكۆشانی مام جەلال هەندێك زانیاریيم دایە، بەڵام دواتر پەشیمان بوومەوە و زۆریشمان هەوڵدا كە مام جەلال گفتوگۆی لەگەڵ نەكات و ڕێگەی نەدا كە ئەو كتێبە بنوسێ، بەڵام نەیتوانی ڕێگای پێبگرێت. دواتر ڕوونكردنەوەیەكی بڵاوكردەوە و نوسی من بە مەبەستی نوسینی بیرەوەریی لەگەڵی دانەنیشووم. ئەو داوای لەمن كرد كە تێزی دوكتۆرا دەنوسێت و بەشێكی لەسەر ژیانی منە. لە ناوەڕۆكەكەی ناڕازی بوو. ڕاست دەكەی كتێبەكە زۆر شتی لە بواری زانستی و مێژووییەوە لەجێی خۆیدا نییە و ڕاست نیە و زۆر كەسی نارەحەت كردوە.)

پرسیار: قانعی فەرد كێیە و بۆچی ئەوكارەی كردوە؟

وەڵام: (بۆخۆی دەیەوێ واپێشان بدات كە خەریكی لێكۆڵینەوەی مێژووییە و خۆی بە كابرایەك دەناسێنێت كە گوایە كاری زانستی دەكات و خەریكی كاری لێكۆڵینەوەیە و دوكتۆرای تەواو كردوە و دوكتۆرایە، بەڵام بەشی زۆری ئەو قسە و نوسینانەی بۆمن جێگەی متمانە نین، چونكە زۆر شتی ژاراویی و ناڕاستیان تێدایە و بۆچوونێكی وا لام دروست بووە كە بە گومانێكی زۆر تەماشای نوسینەكانی بكەم و وەكو بڵێی بە ڕاسپاردە بێ و لەلایەن هەندێك لە دەزگاكانی دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ ناوخراپی بزتنەوەی كورد و كەسایەتییەكانی گەلی كورد ڕەوانە كرابێت.)

پرسیار: كاتێك بەڕێزتان لە ڕادیۆ ئەمریكا بوون، عیرفان هاتە لاتان كە لە ڕادیۆ كار بكات، دەكرێ بڵێت بۆچی قەبوڵتان نەكرد؟

وەڵام: (ئەو كە هات بۆ ڕادیۆ، ئێمە نەماندەناسی، ڕاستەوخۆ هات و پێوەندیی پێوە كردین. كوڕێكی لەبار و لێوەشاوە دەهاتە بەرچاو، زمانی كوردیی دەزانی و فارسی و ئینگلیزیشی باش دەزانی، بەڵام ئێمە مەرجمان هەبوو و نەماندەتوانی هەركەسێك بێت، بە ئاسانی وەریبگرین و لەخۆوە قەبوڵی بكەین. پێویست بوو ئیمتیحانی بكەین، تاقیكردنەوەی

دەنگیی بکەین. هەروەها دەبووایە لە ئەمریکا ئیجارەی کار و مانەوەی هەبێت. ئەگەر پێویست بووایە، دەبووایە ئێمە بۆخۆمان داوای ئیجازەی کاری بۆ بکەین، بەڵام بەلای منەوە سەیر بوو کە ڕاستەوخۆ لە ئێرانەوە هاتبوو. کاتێک تەماشای پاسپۆرتەکەیم کرد، بینیم لە تارانەوە یەکسەر هاتووە، ئەوە سەرنجی منی ڕاکێشا، لێمپرسی تۆ کێ دەناسی؟

ئەو ناوی چەند کەسایەتی فەرهەنگی لە تاران دامێ، من ئەوانەی دەمناسین تەلەفۆنم بۆیان کرد، ئەوان زۆر بە ورییاییەوە وەڵامیان دایەوە و گوتیان لێرە پرسیاری زۆری لەسەرە و کەس نازانێت کە چۆن ئەوکارانە دەکات و لایان سەیر بوو کە لە ئەمریکایە.

داوام لێکرد کە ڕێفرێنسم بداتی و ناو و ژمارە تەلەفۆنی پرۆفیسۆرەکەمان بداتی، بەڵام ئەو بەبێ ئەوەی کە ناو و ژمارە تەلەفۆنی پرۆفیسۆرەکەی بدات، خۆی دزییەوە و دواتر بیستمان چووەتە لۆسانجلێس. ماوەیەک لەلای فارسەکانی ئەوێ مایەوە و دواتر بیستم چووەتە کوردستان و ئیتر لەوێ هەندێک جموجۆڵی کرد و بڕیاریداوە کە ئەو کتێبە لەسەر ژیانی مام جەلال بنوسێ.)

پرسیار: مەبەستی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە شێواندنی سیما و مێژووی نەتەوەی کورد چییە و بۆچی دەیەوێت سەرکردەکانمان ناشیرین پێشان بدات؟

وەڵام: (لە ڕاستیدا هەموو دەزگاکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان چەند مەبەستیان هەیە لەو کارەیاندا، وەک:

١- سووک کردنی سەرانی بزوتنەوەی گەلی کورد.

٢- ناوزڕاندنی بزوتنەوەی گەلی کورد.

٣- بۆ کاری تێکدەرانە و دروستکردنی شەڕ و ئاژاوە لە ناویاندا.

ئەوان خەڵکیان هاندەدا بچنە ناویان بۆ ئەوەی شەڕ و ناکۆکییان لەناودا دروست بکەن کە یەکگرتوو نەبن. ئێستاش بە بەردەوامی ئەو هەوڵە دەدەن. پیاو لە هەندێک ماڵپەڕی کوردیدا، هەندێک نوسراوەی ژاراوی دەبینێ کە دیار نییە سەریان بەکوێوە بەستراوە، هەمووی ئەوانە بە پلانن. جا چ لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتی ئێرانەوە بێت، یان تورکیا و

سوریا و عێراقی جاران. زۆر جار ئەو کارانەیان کردوە و بەڵگەش هەیە. بەڵگە هەیە کە خەڵک هاندەدەن شت بنوسن، شتی ناڕاست و درۆ بە ناوی سەرانی ئەم لایەن و ئەو لایەن بڵاوبکەنەوە.)


پرسیار: لە بواری یاساییەوە چ دەکرێت لەگەڵ ئەو کابرایە بکەن؟ مام جەلال ڕایگەیاند چیتر نامەویٚ لەسەر من بنوسێت، بەڵام قانعی فەرد بڵاویکردەوە، بەم زووانە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی مام جەلال دەردەچێت، ئەمە چۆن واتایەک دەدات؟

وەڵام: (ئەوە گومانی تێدا نییە، ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەگەر شتی ناڕاست، ناوزڕاندن و ناپاکی تێدا بێت، ئیمکانی ئەوە هەیە لە چەند وڵاتی دنیادا بدرێت بە دادگا. لە عێراق و لە ئەوروپا دەکرێت بدرێت بە دادگا. هەرکەسێک لەکەدار بیٚ، شتی خراپی لەسەر بنوسرێت، یان شکاندنی تێدابیٚ، ئیمکانی شکات لێکردنی هەیە.)

پرسیار: نە پێشەوا قازی محەمەد لە ژیاندایە و نە سەرۆک مستەفا بارزانی، ئەوانە بە چ مەبەستێک هێرش دەکەنە سەر ئەو دوو سەرکردەیەی نەتەوەی کورد و بۆچی دەیانەوێت ناشیرینیان بکەن؟

وەڵام: (بێگومان چونکە ئەوانە سیمبولی بزوتنەوەی گەلی کوردن، دەیانەویٚ بە هەموو شێوەیەک ئەو سیمبولانە بشکێنن. ئەو ڕێز و حورمەتەیان نەمێنیٚ کە لەناو میللەتی کورددا هەیانە، بەڵام ئەوە خەیاڵی خاوە. بە قەناعەتی من هیچ ئەسەرێکی ئەوتۆی نابێت و لە دواڕۆژدا بە زیانی خۆیان دەگەڕێتەوە، چ بۆ نوسەرەکەی و چ بۆ ئەو دەزگایانەی کە ئەوکارانە دەکەن. ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کەم ئەسەری هەبێت، بەڵام لە درێژخایاندا هیچ ئەسەرێکی نابێت.)

## هاشم کەریمی



هاشم کەریمی ساڵی ١٩٤٠ لە شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٢وە تێکەڵاوی کاری سیاسیی بووە و وەک لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردوە. لە ساڵی ١٩٧١و بەهۆی کاک محەمەدی کەریمیی برایەوە کە بەرپرسی کۆمیتەی شارەستانی بانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، چووەتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە. لە بەشی حقوقی سیاسی لە زانکۆی تاران لیسانسی بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٧٢ بە ناچار ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتووە و پەنای بۆ باشوری کوردستان بردوە. لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتدا، لە ساڵی ١٩٧٣ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبە هەڵبژێردراوە. چەند مانگ بەرلە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکراتدا کە ساڵی ١٩٨٠ پێکهات بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆنگرەی ٦ - ١٩٦٣ و کۆنگرەی ٧ - ١٩٦٥ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوە. لە کۆنگرەی ٨ی حیزبی دیموکراتدا لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە حیزب جیابۆەوە و "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"یان دامەزراند. ساڵی ١٩٩٧ کوردستانی بەجێهێشتووە و ئێستا لە بریتانیا دەژی. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە مەبەستی ئەو پلانە نوێیەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی چییە کە بە لایەنی قانعی فەرد، عیسا پژمان و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی کۆنی ساواکی سەردەمی شا، دژی مێژووی کورد و ئەزموونی باشوری کوردستان دەیگێڕن؟ گوتی:

**وەڵام: (لە واقیعدا خۆت دەزانی ئەوانە دوژمنی کوردن. جا دوژمنی کورد ئەو مەبەستەی هەیە لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، بزوتنەوەیەکی**

کـورد هەبــێ کە بـۆ حەق و مــافی میللـەتــی کـورد هەوڵبــدات، ئەوانە دوژمنایەتی دەکـەن و دوژمنـی ئەو حەرەکەتەن. جا بـۆ ئەوەی کە بەهەر جۆرێـک بـێ بە ئیسـتلاح دەیــانهەوێ بەڵـگە پەیـدابکەن بـۆ ئەوەی کە حەرەکەتەکـانی کـورد وابەسـتە نیشـان بـدەن بە دەوڵەتـانی بێگـانە. لە حاڵێکـدا ئەوە تـاریخە و هەمـوو کەس دەزانــێ کـە ئەو حەرەکەتـانە هـی کوردە. ڕەنگە کوردەکان لەناو خۆیاندا ناکۆک بووبن و لە بەینـی کوردی کوردستانـی ئێران و کوردستانـی عێراق، یان کوردستانـی تورکیە ئیختلاف بووبێت، بەڵام بەهیچ وەجە، هیچکام لە بزوتنەوەکـان دەستکردی بێگـانە نەبوون. هەموو حەرەکەتـەکان ئەسیل بـوون و بـۆ دابینکردنـی مافەکـانی میللـەتی کورد بووە. لەو جاسوسانەی ئێستا وەکوو قانعی فەرد هەم لەگەڵ ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئیرتباتـی هەیە و هەم لەگەڵ "سـابتی" کە خـۆی پلەداری گەورەی ئەمنییەتی ساواک بووە لە زەمـانـی شـادا. قـانعی فـەرد لەگەڵ ئەو موساحەبەی کردوە، دیارە ئەو کابرایە لەگەڵ دەزگای ساواکـی زەمانـی شاش ئیرتیباتی هەیە. قسەی عیسا پژمانێک کە خۆی کـابرایەکی سـازمانی ئەمنییەتــی شـا بـووە، لەسـەر بـزوتنەوەی میللـەتــی کـورد لە کوردستان، هیچ بنەما و بەڵگەیەکی ئەساسی نیە کە عیسابی بۆ بکرێت و ئەو قینی لە کورد. جگەلەوە ئەوانە دەیانەوێت بە جۆرێک بزوتنەوەکانی کوردستان لەکەدار بکەن.)

پرسـیار: ئەوان ڕادەگەیەنـن، مسـتەفا بــارزانی لە سـەردەمی کومــاری کوردسـتاندا بە هـۆی ئینگلیزەکـانەوە ڕەوانە کـراوە بـۆ تێکـدانی کۆمـاری کوردستان. لە حاڵێکدا کاتێک بارزانییەکان هاتن بۆ کوردستانی ئێران، نە حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرابوو، نە کۆماری کوردستان، دواتریش دەیــانهەوێ مێــژووی کۆمــاری کوردســتان و بــزوتنەوەی ئــەوکاتی کــورد بشــێوێنن. ئەوانــە بــۆچی و بـــە چ مەبەســتێک هــەوڵی شــێواندنی ئەو مێژوویانەی کورد دەدەن و بۆچی ڕابردووی کورد دەشێوێنن؟

وەڵام: (جـا ئەوە واقعییەتێکـی تـاریخییە، خـۆ ئەوە ناشـاردرێتەوانێ، بارزانییەکـان بـۆچی هـاتن پەنـایـان بـۆ کوردسـتانی ئێران هێنـا. ئەوانە لەترسی تەیارەی ئینگلیز هەڵاتن. جا ئەوە قسەیەکی لەوە بێ مەعناتر و

بێکەڵکتر لە دنیایا شک دەبرێت کە بارزانی ئینگلیزییەکان ناردبێتیان؟ وەک تۆ خۆشت باستکرد، دیارە ئیستا کۆماری کوردستان دانەمەزرابوو کە ئەوان هاتن و دواییش باشترین دیفاع لە کۆماری کوردستان، بارزانییەکان کردیان، ئێمە بۆخۆمان کە لە بانە بووین، ئەو وەختە شاری بانە نەکەوتبووە سەر کۆماری کوردستان، بەڵام جادەکانی بەدەست پێشمەرگەوە بوو. هاتووچۆی سوپای ئێران لەژێر چاودێری پێشمەرگەدا بوو. ئەوانە دووجار ویستیان بە کەڵەگایی لە سەقزەوە بێن بۆ پادگانی بانە و لەوێوە بچن بۆ پادگانی سەردەشت کە نەیانتوانی و ئەوەی لێیدان، هێز و پێشمەرگەکانی سەربە بارزانی بوون و بەگیانفیداییەوە دیفاعیان لە کۆماری کوردستان کرد. جگەلەوەی کە پێشتر عەرزم کردی کە ئەیانهەوێت بزوتنەوەکانی کوردستان لەکەدار بکەن هیچیتر نیە. ئەوە قسەی دوژمنە و هیچ کەڵکێکی نیە و هیچ ئەرزشێکی تاریخی و مێژوویی نیە.)

پرسیار: مەبەستی ئەوانە لە شێواندنی مێژووی کورد چیە؟

وەلام: (دیارە، کاتێک ئەوان دژی میللەتی کوردن، دژی بزوتنەوەی کوردن، دژی ماف و حەقەکانی کوردن، دەیانهەوێت مێژووەکەشی بشێوێنن، بەڵام مێژوو نووسراوە، خۆ ناتوانن ئەوانە بەو جۆرە بیشێوێنن و بەڕاستی ئەگەر تەشبیە نەبێ هەر ئەوە مەسەلەی سەگ و مانگە شەوەکەیە و هیچیتر.)

پرسیار: کاک هاشم زۆر سوپاس. ئەگەر شتێکی زیادەت هەبێ پێمخۆشە باسی بکەیت.

وەڵام: (شتی دیکە هەر ئەوەیە کە عەرزم کردی، ئەوانە قسەی دوژمنن و هیچ شتێکی دیکە نییە و بە باوەڕی من زیاتر حەیا و ئابڕوی کەسێکی وەک قانعی فەردی پێدەچێت کە ئێستا سابیت بووە نەک تەنیا لەگەڵ جمهوری ئیسلامی، بەڵکوو لەگەڵ پلەدارەکانی ساواکیش ئیرتیباتی هەیە و سەلماندویەتی کە چۆن کەسێکە.)

## ئەمیر قازی



ئەمیر قازی یەکێکە لە خەباتکارە دێرینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. بەشداریی کۆنگرەکانی 2 تا 6ی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردوە و ئێستا لەگەڵ رێکخراوێکی سیاسییە بە ناوی پارتی سەربەخۆیی کوردستان. لە بەرهەمی ئەو خەباتەیدا بۆ ماوەی دە ساڵ لە باشوری کوردستان، لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول بووە و دواتریش لە ساڵی ٧٤وە تا ساڵی ١٩٧٩ و دواتریش لە ساڵی ١٩٨٤وە تا ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە. سەبارەت بە پێوەندیی خۆیەوە بە بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەد دەڵێت:

وەڵام: (ئێمە لە ڕیشەدا لەیەک بنەماڵە و یەک بەرەبابین. من بۆخۆم دەبمە ئامۆزازای پێشەوا. یانی کوڕی ئامۆزای پێشەوا و سەدری قازی. ئەو خانەوادەیە لە ڕیشەدا سێ بران. سێ بەش بوون، بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ بنەماڵەی قازی فەتاح، بەشێکیان بۆ بنەماڵەی قازی عەلی. ئەمن لە بنەماڵەی قازی فەتاحم کە باپیرە گەورەی من بە میرزا فەتاحی قازی ناسراوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە کەسایەتییەکانی ناوچەکە و مامی پێشەوا بووە. جگە لەوانەش خێزانی من کچی پێشەوا بوو کە ساڵی ١٩٩٠بە هۆی بۆمبێکی پاکەتی ڕەوانە کراو بۆ پۆستی ماڵەکەم، شەهید بوو. ئەوە جگەلە خزمەیاتی بنەماڵەیی.)

پرسیار: ئایا ئەو بۆمبە بۆ ئێوە داندرابۆوە، یان بۆ عیفەت خانم کە پێی شەهیدبوو، وەک بزانی کێ ئەو بۆمبەی دانابۆوە؟

وەڵام: (کێ دایدەنێتەوە، بۆمبدانەر مەعلوومە کێیە. ئەوە ئەو ساڵانە بوو کە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی دەستیکردبوو بە تیرۆر لە هەموو شوێنێکەوە.

هەرکەسێک لە دژی وان دووابا، یان فەعاڵ بووبا، کارێکی کردبا، یان تێکۆشانێکی هەبا، لەبەر چاویان دەگرت و پێیدا دەهاتن، ئەمنیش بە سفەتی ئەوەی کە یەکێک بووم لەو کەسانەی کە لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریی خەڵکەکەی خۆمدا تێکۆشاوم و خەبات دەکەم، بۆ سزادانی من ئەو بۆمبەیان بۆمن دانابۆوە، جا هەرکەس وەبەرکەوت. ئیحتیمالی ئەوە زیاتر بوو کە من بۆخۆم بێمەوە پۆست هەڵبگرم، بەڵام وادەرنەچوو، ئەو ڕۆژە خانمەکەم زووتر گەڕاوەتەوە و دەرگای سندوقی پۆستی هەڵێناوەتەوە کە کاغەزی ڕۆژانەی پۆستی لێ دەربهێنێت. سندوقی پۆستەکەمان کە لە دەرەوەی ماڵەکەمان بوو، لەدەستیدا دەتەقێتەوە و دەیکوژێت.)

پرسیار: وەک جەنابت ئاگاداری ماوەیەکە ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی کەسێکەوە بە ناوی عیرفان قانعی فەرد، پێوەندی بەو کۆنە ساواکییانەی سەرەمی شا، وەک عیسا پژمان دەگرێت و لەگەڵیان هەوڵدەدات مێژووی کورد بشێوێنن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک قسەی ناشیرین بە سەرکردەکانی ئێمە وەکوو پێشەوا و سەرۆک مستەفا بارزانی دەڵێن. بە ڕای تۆ هۆی ئەو کارەیان چیە؟

وەڵام: (بە باوەڕی من هۆی ئەو کارەیان، مەترسییەکە کە ئەوان بە زەرەری خۆیانی دەزانن و هەست دەکەن کورد خەریکە وردە وردە دەبێتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی، وردە وردە لە هەوڵی ئەوەدان لێکبهاڵێن و دەست بکەن بە خەباتێکی کوردایەتی و کوردستانی بۆ ئازادی و ڕزگاریی خۆیان، بۆ ئەوەی وڵاتی خۆیان، میللەتی خۆیان نەجات بدەن لەژێر ئەو نەهامەتییە و داگیرکراوییەی کە سەدان ساڵە تووشی هاتوون. ئەوە، ئەو هەست و ئیحساسەیە کە لەواندا پێکهاتووە و هەیە، بە شێوەی سروشتی دەبێ کاردانەوەیان لێ چاوەڕوان بکەین. ئەو عەکسولعەمەلە ئەگەر بۆخۆیان بیکەن، یانی ڕژێم بۆخۆی بیکا، ڕەنگە زۆر ڕەواجی نەبێ و زۆر کەس گوێی نەداتێ، یان پێیەوەنەچێ، بەڵام ئەگەر بەهۆی دارودەستەی دیکەوە بێ و لەژێرەوە و ناڕاستەوخۆ بێت، قسەیان زیاتر بڕەوی دەبێت. ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەرچی زیاتر ئەو ئازادییە و ڕزگارییە نەتەوەییە بۆ میللەتی کورد و کوردستان وەدوا بخەن. لەو بارەیەوە کام

خاڵ موهیم و گرنگە، بە تایبەتی مەسەلە تاریخییەکان ئامانجی ئەوانە کە بیشێوێنن و لە ڕاستی و واقعییەتی وەدەر نێن. لەسەری بنووسن و قەناعەت بدەنە خەڵک کەوا نەبووە و ئاوا نیە، ڕاستییەکان لە خەڵک پێچەوانە بکەنەوە. ئەو بەرنامە و تێکۆشانانەیان دەستپێکردوە، قەدەرێکی تەواوە بە ڕێگای هاتووچۆ بۆ باشوری کوردستان، لە ڕێگای پێوەندی لەگەڵ شەخسییەتە کوردەکان، شەخسییەتە سیاسی، حیزبی، فەرهەنگییەکانی کوردستان، پێوەندی و تەماسیان بۆ پەیدابووە، لە هەموو لایەکەوە خەریکن کە ئەو ڕاستی و واقعییەتانەمان لێ بشێوێنن. ئەوە بەشێکە لە بەرنامەی ڕژێم، یەکێکە لە بەرنامەکانی جمهوری ئیسلامیی ئێران، زۆر شارەزایانە و زۆر مەعقول لە لایەن خۆیانەوە، هاتوون و خەریکن واقعییەتەکانمان لێ دەشێوێنن.)

پرسیار: کاک ئەمیر جەنابت ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەی لەندەن بووی کە سەبارەت بە قانعی فەرد گیرا، لەو کۆبوونەوەیەدا باسی چ کرا؟

وەڵام: (ئەوەی ئەمن خوێندومەتەوە، هی چەند ساڵ لەمەو پێش و لە پێوەندی لەگەڵ بیرەوەرییەکانی مام جەلال دابوو. من خۆم قانعی فەرم نەدیوە، تەنیا چەند وتووێژێکم لێ دیتووە، خەریکبوو بیرەوەرییەکانی مام جەلال بنوسێ. لە کوردستان، وتووێژێکیشی لەگەڵ کاک مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە کردبوو، ئەویشم لێ دیتووە، لەو پێوەندییانەدا زۆر ئیدیعای گەورە گەورەی هەبوو، وەکوو ئەوەی دوکتۆرای هەیە لە دانیشگای لەندەن و لە ئەمریکا خوێندویەتی و هەموو شەخسییاتی گەورەی جیهانی دیوە و وتووێژی لەگەڵ کردون و لەو بارەیەوە زۆری بە خۆی هەڵکوتبوو. چەند کەسێکی موحەقیق و ئەهلی لێکۆڵینەوە، لە لەندەن کە بەداخەوە ئەمن تاریخەکەیم دروست لەبیر نیە، بەڵام ئەو زەمانانە بوو کە خەریکی نوسینەوەی خاتراتی مام جەلال بوو، لەوێ لەسەریان نوسی و بڵاویان کردەوە کە قانعی فەرد کە مودەعییە، دوکتۆرای خوێندوە و ئینسانێکی ئەهلی تەحقیق و لێکۆڵینەوەیە، گوایە ئیدیعای کردوە کە لە لەندەن، لە دانیشگاکانی لەندەن دوکتۆرای وەرگرتووە، لە هێندێک جێ دوکتۆرای ئیفتیخاری هەیە، تەحقیقات و لێکۆڵینەوەمان کردوە، ئەو برادەرە لە هیچ

یەک لە دانیشگاکانی لەندەن کاری نەکردوە و هیچ وەختیش خوێندکار و دانیشتوو لە ئینگلیز نەبووە، ئەوەش سەنەد و بەڵگەکانی کە ئێمە پرسیومانە لە هەیئەتی ئیداری دانیشگاکانی لەندەن کە نێو و موشەخەساتی ئەو ئینسانەمان بدەنێ و ئەوانەی کردویەتی و ئەوانەی خوێندویەتی. وەلام ئەوە بوو کە کەسێکی بەو ناوە هیچکات خوێندکاری دانیشگاکانی ئینگلیز نەبووە، نە هی دەورەی لیسانس و نە هی دەورەی سەروتر. ئەمن ئەوەم لەسەر قانعی فەرد دیتوە و وتووێژێکیشم دیتووە کە وەختی خۆی دەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدوڵلا حەسەن زادەی کردوە. من ئەو وەخت نەمدەناسی، بەلام پێم سەیر بوو، مامۆستا چۆن لەگەڵ ئەو ئینسانە وتووێژەی کردوە، چونکە لە وتووێژەکەیدا زۆر بە ئاشکرا و بە سەراحەت دەردەکەوت کە گاڵتەی بە خەباتی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان دێت. هەروکوو لە کۆتایی نووسراوەکەیدا دەڵێ وەکوو نەزەری خۆی جا بەو چەند وەرەقە کاغەزەی هەڵواسراوە، مەبەستی ئەو دروشمانە بووە کە لەو شوێنەی دیتبوونی هەڵواسراوە و ئەو چەند کەچە تفەنگەی بە شان ئێوەوەیە و بەدەست ئێوەوەیە، چۆن دەتوانن بگەنە ئەو ڕادەیەی مقاوەمەت کە بتوانن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەچۆکدابێنن؟**!** شتێکی لەو مایانە دایە، ئەمن ئەو چەند شتەم لێ دیتووە.

ئەو قانعی فەردە هاتووەتە نێو کێشە و مەسەلەکەوە و بە هەموو شێوەیەک بە هاوکاری دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێم هەوڵدەدا کە ئەو ڕەوابیت و پێوەندییەی کە ڕیشەی تاریخی هەیە لە خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی کوردستان، بتوانێ ئەو تاریخە پێکبەستراوە، لێک هەڵبپچڕێت و بتوانێ سەند و مەدرەک و بەڵگەی بۆ پەیدابکا کە لە بایەخ و لە ئەهمیەت و لە واقعییەتیان کەم بکاتەوە و بە قازانجی ڕژێم و بە قازانجی مەسڵەحەتی ئێران ئەوەندی بۆی دەکرێ، ئەو ڕەوابیت و پێوەندییە نەتەوەییە ئاڵۆز بکا. ئەو قەدەرەش شتم لێ دیتووە، بە تایبەتیش لە سەر ڕابیتەی پێوەندی ئەو کاتی کۆماری کوردستان لەگەل بارزانی نەمر، خەریکە کاری لەسەر دەکا و خەریکە بەپێی مەسڵەحەتی جمهوری ئیسلامیی ئێران، یان بەپێی ئامۆژگاریی ئەوان دەستی تێوەردەدا و خەریکە دەیشێوێنێ. ئەوانەم لێ دیتووە، هەر ئەوەندەی لێدەزانم، دەنا نیزیکایەتییەکم لەگەڵ ئەو شەخسە نەبووە.)

## دوکتۆر حوسێن خەلیقی



دوکتۆر حوسێن خەلیقی ساڵی ١٩٣٧ لە شاری سنە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان چاوی بە ژین کردۆتەوە. لە بەشی فەلسەفەی ئیسلامی لە زانکۆی تاران دوکتۆرای هەیە. لە ساڵی ١٩٧١ وە تێکەلاوی خەباتی سیاسیی بووە و ساڵی ١٩٨٠ چۆتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و لە کۆنگرەی شەشەمی ئەو حیزبە لە ١٩٨٣ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دیموکرات هەڵبژێردراوە. ساڵی ١٩٩٤ کوردستانی بەجێهێشتوە و لە دەرەوەی وڵاتیشدا بە نوسینی و وەرگێڕانی کتێب خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد دەکات و ٤٧ کتێبی چاپکراوی هەیە و ئێستا نیشتەجێ سویدە.

پرسیار: لەم ساڵانەی دواییدا کەسێک بەناوی عیرفان قانعی فەرد بەهۆی کورد بوونیەوە، لە ئێرانەوە سەردانی باشوری کوردستانی کرد. لەو سەردانەیدا چاوی بە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی کورد کەوت و تەنانەت کتێبێکیشی لەژێر ناوی (دوای شەست ساڵ-ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی) بلاوکردەوە. ئەو کتێبە ١٠٥٦ لاپەڕەیە، لەو ژمارەیە تەنیا ٢٢٩ لاپەڕەی باس لە ژیان و بیرەوەرییەکانی مام جەلال دەکات و ٨٢٧ لاپەڕەی بە ڕاپۆتی ساواک، ڕوکنی دووەمو وتەی کۆنە ساواکییەکانی وەک پاکرەوان و عیسا پژمان پڕکراوەتەوە کە بە دژی بزوتنەوەکانی کوردستان، کۆماری کوردستان و کەسایەتییەکانی وەک پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی نوسراونو تەنانەت گاڵتەی بە مام جەلالو ڕێکخراوەکانی تری کوردستانیش کردوە، مەبەستی ئەو کابرایە لەو کارەی چی بووە؟

**وەڵام: (عیرفان قانعی فەرد ڕاسپێردراوە کە تا ئەو جێیەی دەتوانێ، مێژووی کورد و دیمەنی سەرکردەکانی کورد بشێوێنێ و لە بەرامبەردا مووچەی خزمەتەکەی لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرێ. چونکە خۆی خاوەن**

کەسایەتی نیە و بڕوای بەبوونی خۆی وەک تاکێکی سەربە نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕ نیە، وەک زەنگوڵە دەبێ لە مل کەس یان ئۆرگانێکی دژی مافەکانی کورددابێ تا دەنگێکی لێوە بێ. هەربۆیە ڕووی لە دوژمن و پشتی لە نەتەوەکەی کردوە.)

پرسیار: ئەو یەکگرتنەی نێوان عیسا پژمان و قانعی فەرد لە کوێوە دێت؟ چۆنە ئیتلاعاتی سوپای پاسداران ئیزن بە قانعی فەرد دەدات پێوەندی بە کۆنە ساواکییەکانی سەردەمی شاوە بگرێت؟ ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەو کارەی چییە؟

وەڵام: (هەزاران لەو کۆنە ساواکییانە هەرئێستا لە خزمەت "ساواما" دان و دوای شۆڕشە بەتاڵان چووەکەی ١٩٧٩ش گەلێک لەوانە چوونەوە سەر تەون و کەونی پێشویان. زانیاری ئەوانە بۆ خراپ کردنی دیمەنی شۆڕشگێڕانی سەردەمی شا، بۆ ئیتلاعات پێویستە. وەک ڕەوتی ڕووداوەکان نیشانیداوە، کۆنە ساواکییەکان زۆربەی ئەو کەسانە دەناسن کە دژی شا بوون، کۆماری ئیسلامی ئەوان بە دژی خۆی پێناسە دەکا و بۆ دۆزینەوەیان نیازی بە زانیاری ئەو کۆنە ساواکییانە هەیە. کەوابوو، لێک گرێدانی ئەو دوو زاتە پاکە واتا عیرفان قانعی فەرد و عیسا پژمان لەو پێناوە دایە.)

پرسیار: ئایا مستەفا بارزانی خیانەتی بە پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان کردوە و ئایا ڕوخانی کۆماری کوردستان بەهۆی نەزانی و ساویلکە بوونی پێشەواوە بووە ، یان خیانەتی سۆڤیەتی پێشو، ئینگلیز، ئەمریکا، ئێران و تورکیا؟

وەڵام: (بێگومان بارزانی نەمر نەک تەنیا خیانەتی بە پێشەوا نەکرد، بەڵکوو بوو بە پاڵپشتی پێشەوا و بناخەکانی کۆماری کوردستانی پتەوتر کرد. ئەگەر پێشەوا بڕیاری بەرگریی لە کۆمار بدایا، بارزانی و هاوڕێکانی تا دوا تنۆکی خوێنیان بۆ ڕاگرتنی کۆمار فیداکارییان دەکرد. وەک خۆت ئاماژەت بۆ کردوە، یەکەم سۆڤیەت و دواتریش هاوپەیمانەکان و هەلومەرجی ئەوکات بوونە هۆی ڕوخانی کۆمار و لە دەستچوونی پێشەوای

نـەمر. لافـی ئـەو دوژمنـەی نەتەوەکـەمان، نـاتوانێ مێـژووی سـەلمێندراو چەواشە بکا.)


پرسیار: بۆچی کۆماری ئیسلامی بەهەمە چەشنەیەک دژایەتی ئـەزموونی باشوری کوردستان و مەسعود بارزانی سەرۆکی هـەرێمی کوردستان دەکات و دەیەوێت مێژووی کورد بشێوێنێت؟

وەڵام: (دیاربوونی بیری قوڵی نەتەوەیی لە مێشکی سەرۆکی کوردستاندا و ئەگـەری بـە ئاکـام گەیشـتنی چـالاکیی نـاوبراو لەمـەڕ دروسـتکردنی کیـانێکی نەتـەوەیی، نەتـەنیا کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، بـەڵکوو کۆمـاری نائیسلامیی تورکیە و عێراق و دەسەڵاتە لەرزۆکەکەی بەشاریشی خستۆتە لـەرزەوە و دەبـێ چـاوەڕان بـین، لـە دواڕۆژدا، هەوڵبـدەن، لـەوە زیـاتر و خراپتر، لەگەڵ ئێمەی کورد ڕەفتار بکەن.)

پرسـیار: ئایـا کـردەوە و دژایـەتی ئـەو مەلایانـەی لـە مزگەوتـەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان دژی ئازادی لە باشوری کوردستان و مـافی ئافرەتـان لـە دەستوری هـەرێمی کوردستاندا وتـار پێشکەش دەکـەن، تـا چ ڕادەیـەک لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی ئایینی ئیسلام یەک دەگرنەوە؟

وەڵام: (ئیسلام ئەوەیە کە ئەوان شرۆڤەی دەکەن، بەتایبەت سەبارەت بە مافەکان.)

## عەلی قازی



عەلـــــی قـــــازی"کوڕی ڕەش" ڕۆژی ١٩٣٣/٧/٢٧ لە شاری مهاباد چاوی بەژین کردۆتــەوە و تــەنیا کــوڕی پێشــەوا قــازی محەمەدە. پێشەوا قازی محەمەد جگەلە کـاک عـەلی قـازی، هەشت کچی هـەبوو. سێ لە کچەکانی کۆچی دواییان کردوە و یــەکێکی تریــان بــە نــاوی عیفــەت کــە هاوســەری کــاک ئــەمیر قــازی بــوو، بــە بــۆمبێکی پــاکەتیی کۆمــاری ئیســلامیی ئێران لە سوید شەهید بوو. عەلی قازی لە ١٠ مارسی ١٩٥٥وە لە ئەوروپا دەژی و نزیکەی ٥٥ ساڵە لە ئەڵمانیایە.

پرسیار: ئایا ئێوە بورهان عیرفان قانعی فەرد دەناسن؟

وەڵام: (ئەمن شەخسەن ئاغای بورهـان قـانعی فەردم نەدیوە، بـەڵام لـە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕووداو لەسەر ئەو چەوتییانەی دوام و قسـەکانیم ڕەد کـردۆتەوە. ئەو ئیتیهامـانەی ئەو بە نەمر مەلا مستەفای بـارزانی و پێوەنـدییەکانی بەینـی پێشـەوا قـازی مـحەمەد و نەمـر مەلا مسـتەفای بـارزانی کردبـووی، ئەمـن ئەوەی کە دەمزانــی گـوتم و ڕاسـتم کردەوە.)

پرسیار: پێوەندی بەڕێزتان و خوالێخۆشبوو کاک سەعید هومایون لـە چ ئاستێکدا بوو، دەتوانی بە خوێنەرانی بناسێنی؟

وەڵام: (کـاک سـەعید هومـایون پـورزام بـوو. کـوڕی پـورم زۆر ئینسـانێکی موحتەرەم و زۆریش لە نێو خەڵکی سابڵاغ دا خۆشەویست بـوو. چەنـدان جار بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری مهاباد هەڵبژێردرا و لەکـاتی خۆیـدا

لە سەردەمی لاوەتیدا، ئاجودان و موراقیبی بابم بوو. کاک سەعید پلەی ئەفسەری لە دەوڵەتی کۆماری کوردستاندا هەبوو.)

پرسیار: کەنگێ کۆچی دوایی کرد و چی لەدوا بەجێماوە؟

وەڵام: (ئەو کتێبێکی نووسیوە، ئەو کتێبەی بە نێوی "پیشوای بیداری"یە، ئەو چونکە بۆخۆی دەگەڵ کۆمار و پێشەوا بوو، زۆریەک لە پرسیارە دەقیقەکانی ڕوون کردۆتەوە و بۆخۆی لەو کۆبوونەوەیەدا بووە کە نەمر مەلا مستەفا بارزانی و پێشەوا قازی خوداحافیزیان لە یەکتر کردوە. دوا دیدار کە چاویان بە یەکتر کەوتووە، سەعیدخانی همایون لەوێ بووە و دەڵێ:

- مەلا مستەفا بە پێشەوای گوت: "پێشەوا ئەتۆ لەگەڵ ئێمە وەرە با پەنا ببەین بۆ شاخەکانی کوردستان، ئەمن هەتا زیندووم، وەک پێشمەرگەیەک ئاگام لەتۆ دەبێت و ئەمن ئاخرین قەترەی خوێنیشم بۆ تۆ فیدا دەکەم." سەعیدخان دەڵێ پێشەواش بە مەلا مستەفای گوت:

ئەمن ناتوانم خەڵکی مهاباد بەجێهێڵم، ئەگەر ئەمن ئەو خەڵکە بەجێبێڵم، شەڕی ناوخۆیی دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەمن نەڕۆم، ئەوان هەموو کینە و ڕقی خۆیان بەمن دەڕێژن. ئەمن ئەو خەڵکە بەجێناهێڵم.

لە پاشان پێشەوا ئالای کوردستانیی کە لەسەر مێزەکەی بوو، هەڵیگرت و دای بە مەلا مستەفای نەمر و گوتویەتی:

- ئەمن ئەو ئالایە بە تۆ دەسپێرم و دەبێ ئەو ئالایە ئینشەڵا ڕۆژێک لەسەر هەموو شاخەکانی کوردستانێ هەڵبکرێت. دەڵێ:

- پاشان ئەو خەڵکەی کە لەوێ بوون و لەو کۆبوونەوەیەدا بوون، چوونە ژێر تائسیری وەزعەکە و هەموویان گریان.

پرسیار: مەبەستی قانعی فەرد و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناشیرن کردنی ناوی پێشەوا قازی محەمەد و بارزانی چیە؟

وەڵام: (دیارە ئەوان لەسەر ئەوەش ڕا کە دروستبوونی کۆماری کوردستان لە زەمانی شای ئێراندا بووە، یانی لە وڵاتێکی سەڵتەنەتیدا کۆماری کوردستان دامەزرا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەوڵەتی جمهوری ئیسلامیی ئێران، هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە کە حوکمی بە دەست گرت، لەگەڵ خانەوادەی ئێمە بە باشی ڕەفتاری نەکرد. پاش ئەوەی کە ئینقلاب سەرکەوت، هەموو خزم و کەس و کاری ئێمەیان تەبعید کرد، ناردیانن بۆ "دامغان" و دەوروبەری. دایکم کە عومری ٧٤ ساڵ بوو، گرتیان و بۆ ماوەی ١١ مانگ زیندانیان کرد، خەراپترین شکەنجەیاندا، تا گەیشتە سنوری مردن. ئەوجار بردیانە نەخۆشخانە، دوکتۆرەکەی زیندان گوتبووی ئەمن چیدی ئەو ژنەم پێ موعالیجە ناکرێ، دەبێ بچێتە بیمارستانێک. ئەوانیش پییانگوتبوو ئەگەر یەکێک لە کچەکانت بێت و لەجێی تۆ، لە زیندان بمێنێتەوە، ئێمە ئەتۆ دەنێرینە نەخۆشخانە. داوای فەوزیەیان کردبوو، فەوزیە کاتی خۆی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەویش چوو لە تاران خۆی تەحویلدا، ئەویان بردە زیندان و دایکیشمیان بردە نەخۆشخانە. لە پاشان یەکێک لە مەسئولان، گوتبووی چۆن شتی وادەبێ کە ئێوە لە جیاتی کەسێک، کەسێکی دیکە بگرن؟ ئەوە بوو خۆشکمیان بەردابوو و چووبوون دووبارە دایکم بگوێزنەوە زیندان، بەڵام دوکتۆرەکانی بیمارستان و پەرەستارەکان بە پاسدارەکانیان گوتبوو: ئەو ژنە هەر ئان مومکینە بمرێت، ها ئەلعان بمرێ یان دوو سەعاتی دی. ئیتر ئەوان ڕازی ببوون کە دایکم لە بیمارستان بمێنێتەوە.

هەرئەو شەوە کوردەکانی تاران چووبوون دایکمیان لە بیمارستان دزیبوو، بردبوویانە دەوروبەری مەشهەد، ماوەیەکی زۆر دایکم لەوێ ماوە، پاشان ئەمن لە دەوڵەتی فەڕەنسا پەناهەندەگیم بۆ وەرگرت و هاتە فەڕەنسا. ئیستاش کە ڕۆژی دووی ڕێبەندان "ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار کوردستان-نوسەر" و ڕۆژی دەی خاکەلێوە کە ڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوایە، ناهێڵن خەڵک بچنە سەر قەبران، ئەوان قەبرەکان دەور دەدەن. دیارە ئەوان سەرانی کورد، گەورەکانی کورد بە دوژمنی خۆیان دەزانن و دەیانەوێت سووکیان بکەن.)

پرسیار: هۆی ئەو دڵڕەقییەی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە بنەماڵەی ئێوە بۆچ دەگەڕێتەوە؟ خۆ پێشەوا و کۆماری کوردستانیش نەماون؟

وەڵام: (ئەوان دژی هەر حەرەکەتێکی ئازادیخوازانەن لە کوردستان. دەزانن کۆماری کوردستان لاپەڕەی هەرە ڕوونی مێژووی کوردە، شەخسی مەلا مستەفاش کە تەواوی عومری خۆی خەباتی کرد بۆ خزمەت بە میللەت و ڕزگارکردنی کوردستان، دیارە کە دەوڵەتی ئێستای ئێرانێ موخالیفی ئەوانەیە و پێیخۆشە بە هەر وەسیلەیەک بێ ئەوان سووک بکا و نێویان بە خەراپی بێنێت.)

پرسیار: ئێمە با لە رۆژهەڵاتی کوردستان بینەوە. کۆماری ئیسلامی بۆچی دوژمنایەتی ئەو ئەزموونەی باشوری کوردستان دەکات، خۆ ئەوان نە ئێرانین نە لە ئێراندا فیدراڵیان دامەزراندوە، بۆچی دوژمنایەتیان دەکات؟

وەڵام: (لە هەموو ئیدارات و مەکانە ڕەسمییەکانی باشوری کوردستان ئالای کوردستان هەڵکراوە، ئەوان ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەوەش ببێتە نموونەیەک بۆ خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئەوانیش بیانهەوێ وەزعێکی وەکوو باشوریان بۆ دروستببێت. لەبەر ئەوەیە ئەوان موخالیفی باشوری کوردستانن. پێیانوایە کە ڕەنگە ئەو وەزعەی باشوور ببێتە سەبەب کە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش داوای فیدراڵی بکەن یان بیانهەوێ لە ئێران جودا ببنەوە.)

پرسیار: کاک سەعید هومایون کەنگێ کتێبەکەی بڵاوکردەوە؟

وەڵام: (لە ئاخر و ئۆخری ژیانیدا بوو و پاش مردنی بڵاوبۆوە.)

شایانی باسە: ناوی ئەو کتێبەی کاک سەعید هومایون کە بە زمانی فارسی نوسیوییەتی: "پیشوای بیداری- پێشەوای هوشیاریی"یە. ناوبراو لە لاپەڕەی ١٢٧ی کتێبەکەیدا دەڵێت:

- لە دوا دیداریدا، پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی کە لەسەر مێزی کارەکەی بوو، قەد کرد و ماچی کرد و دایە دەست مەلا مستەفا و گوتی:

ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت لە لای خۆت ڕابگرە. ئومێدەوارم نەهێڵی ئەم ئاڵایە بکەوێتە سەر زەوی.

ژەنەڕاڵ بارزانی ئاڵاکەی لە دەست پێشەوا وەرگرت، ماچی کرد و لەسەر سەری خۆی دانا و بەڵێنی دا، نەک هەر ناهێڵێت ئاڵای کوردستان بکەوێتە سەر زەوی، بەڵکوو ڕۆژێک دێ کە بەرزی بکاتەوە.

دیمەنی ئەوکاتە مێژووییە بە ڕادەیەک دڵتەزین و لە هەمانکاتدا جێی دەستخۆشانە بوو کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ژوری مەحکمە بوون، بە توندی گریان. ژەنەڕاڵ بارزانی و سەرهەنگ میرحاج و پاسەوانەکانی مەلا مستەفا و ئەفسەرە کوردە عێراقییەکان لەنێوان خەم و پەرۆشی زۆردا، یەکە یەکە دەستی قازی محەمەدیان ماچ کرد و ماڵئاواییان لێکرد. قازی محەمەد گوتی:

ژەنەڕاڵ بارزانی و هاوڕێیانی هەرچی پێویستە، بیاندرێتێ.

من شاهیدی ئەو ڕووداوە مێژووییە بووم کە دوو قارەمانی نەتەوەیی کورد لێک جیابوونەوە و تا دەمرم لەبیری ناکەم. بەیانی ڕۆژی دوایی بارزانییەکان بەرەو نەغەدە و شنۆ و عێراق بەڕێکەوتن.

## فەرەج شەهابی

زۆر سوپاس کە بەشداریی ئەم وتووێژە دەکەیت بۆ ناساندنی عیرفان قانعی فەرد بە خوێنەران. کاک فەرەج بفەرموو عیرفان قانعی فەرد کێیە؟

وەڵام: (زۆر سوپاست دەکەم، پێش هەموو شتێک زۆر سڵاو و ڕێز و ئیحترامم بۆت هەیە. ئەوەی کە من بیستومە یان ئەوەیکە بەچاوی خۆم دیومە و شارەزاییم لەسەر بنەماڵەی قانعی فەرد هەیە، تا ئەو جێیەی مومکین بێت و لە خاترمدا مابێ، ئەوانەیە کە عەرزت دەکەم. بورهان کوڕی تاهیر بەگی سەردۆشە، بۆخۆی لە مەریوان دەرسی خوێندوە. دەرس خوێندنەکەشی تا کلاسی نۆیەم بووە. دوایی بە یارمەتی ئەفرادی ڕژێمی شا لەو سەردەمدا، بە تایبەت ڕوکنی دووەمی سوپا توانی لە ئیدارەی فەرمانداری مەریوان دامەزرێ. ئەو کارەی بەردەوام بوو تا کاتێک کە خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئێران بە گشتی دژی ڕژێمی شا ڕاپەڕین. لەو دەورانەدا بوو کە بورهان چوو بۆ "مەکتەبی قورئان". مەکتەبی قورئان لە لایەن ئەحمەد موفتی زادەوە کە خەڵکی سنە بوو، دەستی کرد بە کاری سیاسی، لەژێر سایەی مەکتەبی قورئاندا و بە ناوی مەکتەبی قورئان.

لە مەکتەبی قورئاندا کەسی خۆشناو و خۆشەویستی خەڵکی نەبوو. هەموو ئەوانەی لە دەوری مەکتەبی قورئان کۆببونەوە، کەسانێک بوون کە سەرێکیان بە ڕژێمی شاوە بوو. جا یان لە تەریقی ڕوکنی دووەم، یان لە تەریقی ساواکەوە، یان لە تەریقی ئیداراتی ترەوە. یەکێک لە سەمیمیترین ڕەفیقەکانی بورهان قانعی فەرد، ڕەحمان حەیدەری بوو کە دەبێتە زاوای شەهید فوئاد مستەفا سوڵتانی. ئەو ڕەحمان حەیدەرییە کەسێکی ئەوەندە پیس بوو کە ئەوکاتەی کاک فوئاد شەهید بوو و هەموو کەس بۆی ڕەشپۆش بوو، خۆشحاڵ بوو کە فوئاد شەهیدکراوە. دیارە ئەویش مەسەلەکەی زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ ئاغاوەت و بەگزادەکانی ناوچەکەدا بوو. ئەوە نمونەیەک و نمونەیەکی دیکەش ئەوانەن کە زۆربەیان بوونە جاشە سەرەکییەکانی ڕژێم وەکوو خێڵی "خەلیلی" عەلی نیزام کە بۆ زۆربەی خەڵکی ناوچەی مەریوان ناسراوە. دوایی کە ڕژێمی شا ڕوخا و خومەینی هاتەوە، ئەوان نەیانتوانی لە ناوچەکەدا بمێننەوە. بەشێکیان

بوون بە چەکداری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، ئەو بەشەیان کە نەیانتوانی کاری چەکداریی بکەن، چوون لە کرماشان و هەمەدان جێگیر بوون و لەوێ مانەوە و ئەوەندی من خەبەرم هەبێت لەوێش ئیرتیباتیان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی هەبوو. منداڵەکانیان لە کرماشان و هەمەدان دەستیان بە فەعالییەت و خوێندن کرد....

ئەم کوڕە واتا عیرفان وەک منداڵێکی عادی مەنتەقە نەیخوێندووە، تەنانەت نەک هەر وەک منداڵێکی مەریوان، بگرە شارە گەورەکانی کوردستانیش وەک سنە و... خوێندەوارێکی ئاوا کە بەو شێوە، بنیادەم ئەتوانێ بڵێت، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆی بنیادەمێکی زرینگە. جا هەر بۆیە ئەمە دەلیلێکی هەیە، ئەمە پشتیوانەیەکی هەیە، ئەمە کەسێک لە پشتی هەیە، کەسێک هەیە کە ڕێنوێنی بکا کە چ بکات، چۆن بنوسێ، چۆن پێوەندی بگرێ، چۆن ئیمکاناتێکی بۆ فەراهەم بکرێ کە ئەو بە ڕاحەتی بتوانێ لە تەواوی وڵاتانی دنیا هاتووچۆ بکا. لەگەڵ کەسانی پایەبەرز بتوانێ دانیشێ و قسەیان لەگەڵ بکا. شتیان لەسەر بنوسێ و شتەکانیشی بە ڕاحەتی چاپ بکا و بڵاویان بکاتەوە. ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە ئەم بنیادەمە، هەروەک باب و باپیری، دەبێ سەری بە ڕژێمەوە بەند بێ، بەو ڕژێمە دژی ئینسانی و دژی دیموکراسییە. بەبێ دەستوری ڕژێم ئەو ناتوانێ ئاوا بکا. زۆرکەسمان هەیە تەنیا لەبەر ئەوەی باوکی بە ئاستەم، سیاسی بووە، یان پێشمەرگەیەکی سادە بووە، لە هەموو شتێک مەحروم کراوە. جا بۆیە هیچ کەسێک ناتوانێ بڵێت ئەو کەسە سەرێکی بە جمهوری ئیسلامییەوە وەسڵ نیە. ئەو کارانەی ئەو دەیکا و ئەو نوسینانەی ئەو هەیەتی، ئەوە کاری سیستیماتیکەی بە دژی کورد زۆر کەسی لە پشتە. ئەوەی من بیستوومە ئاوایە، ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە کە ئەوان لەو سەردەمەدا کە ڕۆیشتبوون و هەڵاتبوون بۆ کرماشان و هەمەدان، تەنانەت بۆ سەردانی خزم و کەس و کاریشیان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ شارەکانی کوردستان و تەنانەت دیدەنییەکی عادییان لێبکەن. ئەوان ئەو وەزعەیان هەیە، جا بەو بۆنەوە، تەواوی هەڵسوڕانیان لە دەرەوەی کوردستان بووە. ئەو فەعالییەتەشیان بریتییە لە موخالیفەت لەگەڵ گەلی کورد و شۆڕشی کوردستان. ئەوان ئێستا لە مەریوان خزم و کەس و کاریان هەیە، هەرچەند لە ماڵە خۆیان دانیشتوون، بەڵام پێیان خۆشە

شۆڕشــی کوردسـتان زەعیـف بـێ و سـەرنەکەوێ. بە هەر شێوەیەکیش کە بۆیان بکرێ موخالیفەتی دەکەن. هەربۆیە، ئەوانە کەسێکی وەک بورهان و رەحمان حەیدەری و عەلیـیەکمان هەبوو کـە کردیان بە نوێنەری شاری مەریوان لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا، دیارە ئەوانە دەلیلیان هەیە، دەنـا بە ئازایـەتی خۆیـان نەبـووە کە گەیشتوونەتە ئەوەێ، چوونکە نە ڕادەی خوێنـــدنیان، نە ڕادەی تێکۆشـــانیان، نە ڕادەی زانیارییـــان و نە زاڵبوونیان بەسەر وەزعی ئێراندا، بە ڕادەیەک نەبووە کە بتوانن، خۆیان بگەیەننە ئەو پلـە و پایەیە. ئەوانەم کە لەسەر ئەو بنەماڵەیە لە بیر ماوە. تەنانەت ئەو کەسانەی لێیان نیزیک بوون، وەک چەند کوڕە شێخ کە ئینسانی باشن و لە بنەماڵەی خۆیان دابڕاون یان چەند کوڕە بەگزادە، ئەوانە ئاگـاداری ئەوە هەن کە ئەم بنیـادەمە، بنیـادەمێکی سادە نـیە، بنیادەمێکی عادی نیە. ئەوەش وشیارییەکە بۆ ئێمەی کورد کە دەبێ لەم بـارەوە وشـیار بـین. دڵمـان بەوە خـۆش نەکەیـن کە ئەمە بنیـادەمێکی سادەیە، تەنانەت ئەگەر لە دانیشتنەکانیدا واپێشانبدا کە نییەتی پاکی هەیە، چونکە ئەو ڕاست ناکا.)

پرسـیار: لە هاوکـاری تـاهیر بەگـی بـاپیری بورهـان لەگەڵ "سـەروان قوسـەیری" ئەنـدامی ئیتلاعـاتی ئێـران لە ڕوکنــی دوو، بـۆ کـۆکردنەوەی زانیـاری لە کوردسـتانی عێـراق و ئێـران لە سـەردەمی ڕژێمــی شـادا، چ دەزانی؟

وەڵام: (ئێمە چەند کەسی سەربە ڕوکنی دووەممان هەبوو. ڕوکنـی دووەم کاری ئیتلاعاتی دەکرد. ئەوانە بنیادەم گەلێکی تایبەتی بوون. یەکێکیان سەروان قوسەیری بوو، یەکـی دیکەیـان سـەروان "نەوید" بوو کە خەڵکی سنە بوو. ئەم دوو کەسە دوو کەسی تایبەتی بوون. تەنانەت دەتوانم بڵێم لەو مـاوەیەدا کەسانێکی زۆریـان دەنـارد بـۆ ئەوەی وەک ڕوکنـی دوو کـار بکەن لە مەریوان، بەڵام هیچکامیان نەیانتوانی جێگەی ئەوانە بگرنەوە. سـەروان نەوید یەکێک لەو کەسانە بوو، لە دەورانێکدا کە ئێمە وەکوو پێشمەرگە، لە مەنـتەقەی " سـەفرە و گەڵاڵە" بـووین، کەسـی خۆمـان ئەو سەروانەی دیبوو کە هاتبوو بۆ کۆکردنەوەی خەبەر و ئەو جۆرە شتانە. بە

قسە کردن دیبوویان، نەک بڵێی هەر بە ڕواڵەت و ڕوخسار. ئەو دووانە بۆیە وا گەورە دەکەمەوە، ئەوانە بۆ هاتوو چۆ بۆ عێراقیش کەسانێکی ئازا بوون. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیان ئەوە بوو کە توانیبوویان لە نەواری مەرزیی مەریوان کە شوێنێکی تایبەت بوو، یەکێک لەو شوێنانە "سەردۆش" بوو و ئەویتریان "ساوجی". ئەوانە تا ئەو جێیەی کە من دەزانم لە کارەکانیاندا کەڵکیان لە تاهیربەگی سەردۆش و عەبدولی ساوجی وەردەگرت.

من جوان لەبیرمە هێشتا شۆڕش دەستی پێنەکردبوو کە چەندین نەفەر لەو کەسانە کە فەعالی ساواک بوون، فەعالی ڕوکنی دووەمیش بوون، سەربەنیست کران، لەناوبران و تا ئێستاش چارەنووسیان ڕوون نیە، بەڵام تاهیربەگی سەردۆش و عەبدولی ساوجی کەسانێک بوون کە تەنانەت دوای ئەوەی ڕوکنی دوو یان ساواک باویان نەما، نەیانتوانی ئەوانە دەسبەسەر بکەن یان شتێکیان بەسەر بێنن. ئەویش دەلیلەکەی ئەوە بوو کە ئەوانە شارەزای ناوچەکە بوون. شتەکانیان دەزانی، خەبەراتیان پێدەگەیاندن. تاهیر بەگ بوو دەستی بۆ ڕەش و سپی نەبردوە. دەی حیسابی بکە خێزانێکی شەش حەوت کەسی لە ماڵێکدا، لە جێیەکی وەک سەردۆشدا، بێ ئەوەی دەست بۆ پووشێک ببا چۆن ئەژی؟)

پرسیار: سەبارەت بە باوکی قانعی فەرد کە لە فەرمانداریی مەریوان کار دەکاو بەو تاوانەی کە گوایە لەگەڵ موفتی زادە کاری کردوە، کارەکەی لێدەستێننەوە، بەڵام لە سنە دایدەمەزرێننەوە، لەسەر ئەوەی چی دەڵێی؟

وەڵام: (بورهانی باوکی ئەم عیرفانە، هاوکلاسم بووە، بەیەکەوە لە یەک مەدرەسە خوێندومانە. ئەوەندەی کە لەبیرم بێ لەمن گەنجتر بوو. ئەو کلاسێک خوارتر بوو، بەڵام لەیەک مەدرەسەدا دەرسمان خوێندوە. ئەودەم ئێمە لەدەست ئەو پیاوە وەزاڵە هاتبووین بە دەست باوکی ئەم عیرفانەوە. ئیمکانی نەبوو ئێمە دوو کەس پێکەوە قسە بکەین و ڕۆژی دوایی قسەی ئێمە لە ساواک نەبێ. هیچ کەس ناتوانێ ئینکاری ئەو ڕاستییە بکا. هەموو ئەو کەسانەی هاودەورەی ئەو سەردەمی مەدرەسەی ئێمە بوون بەوە دەزانن. ئەو تەنیا خۆی نەبوو، خەڵکیتریشی لەگەڵ بوو، بەڵام ئەو

لە هەموویان فەعالتر بوو، هەموو کلاسەکانی لەژێر چاوەدێریدا بوو. جا تاهیر بەگ باوکی ئەم عیرفانە، ئەوی ئاوا پەروەردە کردبوو. هەربۆیە، دامەزراندنەکەی لە فەرمانداری زۆر ڕاحەت بوو. دوایش کە لە سنە دادەمەزرێ و شوغڵی پێدەدرێت، ئەبێ ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە کە جمهوری ئیسلامی لە سەرەتاوە خەتاگەلێکی کرد کە کەسگەلێکی وەکوو ساواکییەکانی ڕژێمی شای ئێعدام کرد و کوشتنی. دوایە بیری لێکردەوە کە ئەو کارەی غەڵەت بووە، ئەوانەی بانگ کردەوە و قەولی پێدان کە هیچیان لێناکات و دەتوانن لەسەر کارەکەی خۆیاندا بەردەوام بن. نموونەی سەروان قوسەیری ڕوکنی دوو بوو. هەموو کەسێک دەیناسی و نەویدیش هەر بەو جۆرە کارەکانیان پاراست.)


پرسیار: عیرفانی قانعی فەرد سێ کتێبی بە ناوەکانی: دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی، ڕەشەبای ڕووداوەکان "وتوویژێکە لەنێوان خۆی و عیسا پژمان"، سیخۆڕی ساواک و ئەویتریان کتێبی سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دوکتۆر نادر ئەنتسارە لە "ئالاباما"ی ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی نوسیویەتی و گوایە قانعی فەردە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، بەڵام دەستی لە هەر سێ کتێب وەرداوە و کتێبەکانی بەدژی بزوتنەوەکانی کورد و پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی شێواندوە و شتی لێ زیاد و کەم کردون. زۆر توند بەرەنگاری ئەو سەرکردە کوردانە بۆتەوە کە بە هێمای کورد دەناسرێن. هۆی ئەو کارەی چیە و بۆ وا دەکات؟

وەڵام: (من نووسراوەیەکی چکۆلەم لەو عیسا پژمانە خوێندەوە کە زۆرم پێ جالب بوو. باسی واقعییەتێکی کردبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەم پیاوە، چۆن لە ئێرانەوە هاتووە، لە بەغدا مام جەلالی دۆزیوەتەوە، مام جەلال لەو کاتەدا لە زانکۆ دەرسی خوێندوە، مام جەلال یەکێک لەو کەسانە بووە کە ئاواتی ئەوە بووە، بتوانێ گەشە بە شۆڕشی کوردستان بدات و بۆ ئەوەش یارمەتی لەو پیاوە وەرگرتوە، پژمانە کە کۆمەگی دەکا و یارمەتی باشیشی دەکا کە بتوانن شۆڕش لە کوردستاندا بجوڵێنن. جا مەبەستم ئەوەیە، من ئەو کتێبەی مام جەلالم دیوە، واقیعەن زۆریشم پێناخۆش بوو.

بە ڕاستی ئەگەر کەسێک شیری پاکی خواردبێت و ڕۆژێک وەکوو کورد ژیابێ، یان ڕۆژێک وەکوو ئینسان ژیابێ، گوناحە بە کەسێکی وەک مام جەلال، یان وەک مەلا مستەفا شتی ئاوا بڵێت کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ کورد بەخت کردوە.

ئەو کەسانە پێش ئەوەی لەگەڵ قانعی فەرد دابنیشن، دەبوایە ئەویان بناسیبایە. لانیکەم لە دوو نەفەریان بپرسیبایە کە ئەو کەسە کێیە؟ تەنیا بەوە قەناعەتیان نەکردبایە کە ئەمە کەسێکی نووسەرە، یان ڕۆژنامە نووسە و دێت لەگەڵیان وتووێژ دەکا. ئێمە دەبێ وریا بین، چونکە ئەو پەنجەی لەسەر کەسانی ناسراو لە کوردستاندا داناوە کە شتێکیان لە زار دەربێنێ و بیکات بە کتێبێکی ١٠٠٠ لاپەڕەیی.)

## دوکتۆر گوڵموراد مورادی



دوکتۆر گوڵموراد مورادی ساڵی ١٩٤١ لە گوندی "تەپە کەچەڵ" لە ناوچەی زوهاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە ژین کردۆتەوە. لە قەسری شیرین شاگرد بەرگدرو بووە و دواتر بۆتە پلەداری سوپا. ساڵی ١٩٦٤ بۆ بەشداریی کردن لە خولێک، لەلایەن سوپای ئێرانەوە ڕەوانەی ئەمریکا کراوە و دوای ساڵێک گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و ساڵی ١٩٦٨ دەستی لە کارکردن لە سوپادا کێشاوەتەوە. ساڵی ١٩٦٩ ئێرانی بەجێهێشتووە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە. لە بەشی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی "هایدبۆرگ"ی ئەڵمانیا دوکتۆرای هەیە و ساڵی ١٩٩٩ کتێبێکی دەربارەی پرۆفیسۆریی خۆی بڵاوکردۆتەوە. بە ساڵان لە زانکۆکانی هایدبۆرگ، هامبورگ و برێمەن مێژووی بزوتنەوەکانی کورد و زمانەکانی کوردیی و فارسیی بە وانە گوتووەتەوە. نزیکەی ٤٣ ساڵە لە شاری هایدبۆرگی ئەڵمانیا دەژی و لە ساڵی ١٩٧١وە تێکەڵاوی خەباتی خوێندکاریی و سیاسیی بووە و لە ساڵی ١٩٨٨وە سەدان وتار و چەند کتێبی بە زمانەکانی ئەڵمانیی و فارسی و کوردی نوسیوە. یەکێکە لە چالاکانی مافی مرۆڤ و لەلایەن ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان، لایەنگرانی مافی نەتەوە و ئایینە کەمایەتییەکانەوە ساڵانە بانگهێشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێت. لە کۆبوونەوەکانی ١٦، ١٧، ١٨ و ١٩ ی مافی مرۆڤدا بەشداریی کردوە و هاوکات وتەبێژی کۆمەڵگای فەرهەنگیی یارسان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بزوتنەوەی دیموکراتی یارسانە.

پرسیار: لەم ساڵانەی دواییدا کەسێک بەناوی عیرفان قانعی فەرد لە ئێرانەوە سەردانی باشوری کوردستانی کرد. لەو سەردانەیدا چاوی بە ژمارەیەک لە سەرکردە کوردەکان کەوت و تەنانەت کتێبێکیشی لەژێر

ناوی "دوای ٦٠ ساڵ- ژیانو بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی" بڵاوکردەوە. لەو کتێبەدا کە ١٠٥٦ لاپەڕەیە، تەنیا ٢٢٩ لاپەڕەی بۆ وتەکانی مام جەلال تەرخان کردوە و ئەوی تری کە دەکاتە ٨٢٧ لاپەڕە بە ڕاپۆرتی ساواک، ڕوکنی دووەم و وتەی کۆنە ساواکییەکانی وەک عیسا پژمان پڕ کردۆتەوە بۆ دژایەتی کردنی بزوتنەوەکانی کوردستان، کۆماری کوردستان و کەسایەتییەکانی وەک پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی و تەنانەت خودی مام جەلال و ڕێکخراوەکانی تری کوردستان، مەبەستی ئەو کابرایە لەو کارەی چییە؟

وەڵام: (هەڵبەت وەڵامدانەوە بەو پرسیارە، بۆ من زۆر تاڵە. چونکە ئەمن بڕیارم دابوو کە لە بەرامبەر هیچ کوردێک، تەنانەت دوژمنیش"ئەگەر دوژمنێکم هەبێ" هەڵوێست نەگرم، جگە لەوەی کە ناچاربم. لەبەر ئەوەی نامەوێ دوژمنانی "دژبەرە نەزانەکان" گەلی کورد شاد بن. چاکم لەبیرە، لە دەفتەری کارەکەم لە " هایدبۆرگ" ئەو ڕستەیەم وەک ئامۆژگاری بەو قانعی فەردە، کە ئەودەم میوانم بوو، بۆخۆشم لە ئوسترالیاوە بانگهێشتی ئاڵمانم کردبوو و ئەویش هێشتا لەو زەلکاوە نەکەوتبوو، گوت: لاوانی ڕووناکبیری ئێمە و یەک لەوان تۆ خۆت، کوڕی خۆم، داهاتووی کوردستانن و ئێمەی کورد، هەرچی دۆست بۆخۆمان کۆ بکەینەوە کەمە، بەڵام دوژمنێکمان هەبێ، زۆرە. هیوادارم کە قەڵەمەکەت بۆ خزمەتی نەتەوەکەت وەگەڕخەی، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەم بەو شێوەیە کە دەمویست وەدی نەهات. بە داخەوە دەبێ بڵێم: کەسانێک هەن کە ڕاسپێردراون و ئەرکیان بۆ دیارییکراوە کە پەرە بە دوژمنایەتی بدەن. ئەو کەسانە، بەدڵخواز یان نەخوازراو، شتی درۆ و وروژێنەر باس دەکەن کە لە ڕوانگەی منەوە، هیچ کەس ناتوانێ لە بەرامبەریاندا، بێدەنگ بێت. لە ڕاستیدا ئەگەر بێدەنگ بی، مانای وایە درۆو پیلانەکانیان بۆ دەسەلمێنی و هەروەها خاڵێکی لاوازیشە. هەرچۆنێک بێ تیرم لە بەرد کەوت و ئەو لاوە، لە خزمەت نەتەوەکەیدا نیە و کاتی ئێستای بەلاوە گرینگترە نەک داهاتوویەکی گەش بۆ نەتەوەکەی.

بەڕوانە سروشتی ئینسانەکان فەرقی هەیە و بەداخەوە، ڕاهێنان و پەروەردەی دیکتاتۆڕ لەسەر هێندێکان زێدە لە پیویست شوێندانەرە و

ئەوانە تا ئاستی گۆپاڵ بەدەستی دیکتاتۆرێک، کەسایەتی خۆیان دادەبەزێنن، تەنیا بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێک ئاسودە و خۆش بژین. ئەوانە بۆ ڕازیکردنی دیکتاتۆران، هەموو کارێک دەکەن. هێندێکیان پێیانوایە، دنیا دوو ڕۆژە "هاتن و چوون" و لەو ماوە کورتەدا نابێ کات بکوژن و لە هەر دەرفەتێک بۆ قازانجی خۆیان کەڵکوەردەگرن. هێندێکی دیکەش هەن کە بۆ ماوەی ئەو دوو ڕۆژە بایەخ قایل نین و نایانهەوێ بەهەر قیمەتێک بژین. ئەو کەسانە ناتوانن لە کۆمەڵگای نایەکسان‌اندا هەست بە بەختەوەری بکەن و ئامادەش نین لەسەر شانی خەڵک بژین، هەر بۆیە کاتی خۆیان پتر بۆ دەستەبەر کردنی، ئازادی، مافی وەک یەک و کۆمەڵگەیەکی یەکسان سەرف دەکەن. ئێستا بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەو "ئاغا"یەی ناوت هێناوە، سەر بە کام دەستە لەو ئینسانانەیە؟ ئەگەر ئەو پرسیارە لەمن بکەی، بە پێی ئەو ناسینەی لەخۆی و لە قەڵەمەکەی و شیوەی قسە کردنەکەیم هەیە، دەتوانم بڵێم ئەو: تا سەر ئێسقان دژی نەتەوە و دژی کۆمونیستە، وێڵە بەشوێن پلەوپایەدا و نان بە نرخی ڕۆژ خۆاردن و درۆ هەڵبەستندا، قەڵەمێکی بەتوانای هەیە. ئەمن پێموابوو کەسێک کە قەڵەمەکەی بەتوانا بێ، دەبێ واقع بین بێ و بۆ کۆمەڵانی خەڵک هەنگاو بنێ، هەربۆیە بە سەبر و تاقەتەوە، ویستم بۆ بەرەو باشبوونی، شوێنی لەسەر دانێم، بەڵام نەبوو. جگەلەوەش ئەو لە مەئمورێکی لێزان باشتر دەتوانێ، وشەکان هەڵبژێرێ و درۆ بکات.

ئەوەی دەفەرمووی لە کتێبێکی ١٠٥٦ لاپەڕەیی تەنیا ٢٢٩ لاپەڕەی بۆ ژیان و خەباتی شەست ساڵەی مام جەلال تەرخان کردوە و ٨٢٧ لاپەڕەی بۆ باسی مەئموری دیکتاتۆران، جێی سەرسوڕمان نیە. ئەو تەنیا لە ناوی هێندێک کەسایەتی ناسراو کەڵکیوەرگرت، بۆ ئەوەی بتوانێ درۆکانی ڕواڵەتی ڕاستییان بداتێ و ئەرکەکەی جێبەجێ بکا. دوایەش کتێبەکەی لە نێو خەڵکی دڵپاکدا بڵاوبکاتەوە و ئەو ئەرکە بەڕێوەبەرێت کە پێیسپێردراوە. واتە کەمڕەنگ کردنەوەی کەسایەتییە ناودار و بە ناوبانگەکان کە خۆشەویستی خەڵکن و هیچ خاڵی لاوازیان نیە و هەموو ئەو شەست و پێنج ساڵەش وەک تێلدڕک، لە چاوی دوژمنان و بەتایبەت ئەو سیستمانەدابوو کە ئەوان وەک دیوارێک لەپێش بەرژەوەندییەکانیان

دەبینی. لەبەر ئەوە پێویست بوو بە هۆی کەسێکی خۆییەوە، ڕوخساری ئەو گەورەپیاوانەی مێژوو، بڕوشێندرێت.

بێگومان ئەو سیستمانەی کە لەو جۆرە کەسانە کەڵکوەردەگرن و بودجەی بۆ تەرخان دەکەن، ناتوانن دۆستی کورد بن و بە هەموو هێزیانەوە تێدەکۆشن، بۆ نمونە ڕۆڵی پێشەوا قازی محەمەد ئەو گەورەپیاوەی مێژووی کورد و ژەنەراڵ بارزانی ئەو ڕێبەرە نیزامییە لەکڕین نەهاتووە، لە دڵی ئینسانی هەڵوەدای ئازادی و یەکسانیدا پاک بکەنەوە. ئەو جۆرە کەسە خۆماڵییانە، ئەرکی پێسپێردراویان ئەوەیە کە ئەو ڕوخسارە گەلیی و درەوشاوانە، لە زەینی خەڵکدا بێ شۆق بکەن. ئەوە شتێکی سروشتییە، دوژمن بە پەڕی مریشک دەیەوێ سەر ببڕێت و دەستمایە لەسەر ئەو کەسانە دادەنێ کە هەڵکەوتە و خۆیین. چەندین دە ساڵی دیکە، نۆرەی تیرۆری کەسایەتی، قاسملوویەکان و شەرەفکەندییەکان و هی دیکە دێت. ئێستا بە ئاشکرا دەبینین کە کەسایەتی ڕێبەرانی سیاسی و زیندووی حیزبە کوردییەکان وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هەردوو باڵییەوە و کۆمەڵە و ئەوانی دیکە کە دژی دیکتاتۆریی خەبات دەکەن، کەوتوونە بەر هێرشی قەڵەمی زۆربەی سایتەکانی سەر بە دیکتاتۆڕان.

کەوابوو ئامانجی ئەو ئاغایە و بەشێک لە حیزبە "چەپەکان" ی سازکراو ڕوونە. یانی بەڕێوەبردنی ئەرکێکی پێسپێراوی ناپیرۆز. ئەو کارەی کە مەئمورەکانی ئەو وڵاتە دەرەکییانەی دژی نەتەوەکانی ئێران، نەیانتوانی بەڕێوەی بەرن، ئەمڕۆ بە هۆی کەسانی خۆیی و هێندێک حیزبی بەناو چەپ و ئیسلامی بەڕێوە دەبەن.)

پرسیار: ئەم یەکگرتنەی نێوان عیسا پژمان و قانعی فەرد لە کوێوە دێت؟ چۆنە ئیتلاعاتی سوپای پاسداران ئیزن بە قانعی فەرد دەدات پێوەندی بە کۆنە ساواکییەکانی سەردەمی شاوە بگرێت؟ ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەو کارەی چییە؟

وەڵام: (دەڵێن ئێمەی کورد زۆر دڵپاک و ساکارین، حازرین بۆ وشەیەکی باش تەنانەت گیانمان فیدا بکەین و میواندۆستییشمان با بمێنێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دیکتاتۆڕەکان بۆ مانەوەیان لەسەر دەسەڵات،

لەگەڵ هەر دوژمنێک هەڵدەکەن. بێجگە لەوانەش هێنانە گۆڕی سیستمی فیدراڵی وەک درکێک وایە لە چاوی سەرەڕۆ و کۆنەپارێزانی هەردوو ڕژێمی "شا و شێخ". بە بۆچوونێکی ماوتسی تۆنگ: "دوژمنی دوژمنەکەم دۆستی منە". کەوابوو ئەگەر کۆماری ئیسلامی و دەزگای هەواڵگریی ئەوان چاویان بەرایی دەدات "ئاغا"ی قانعی فەرد بۆ نمونە لەگەڵ "عیسا پژمان" و ساواکییە پلە نزمەکان دیکە، چاوپێککەوتن بکا، سەیر نیە، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەوان یەکە و هەردوو ڕژێم هەتا سەرئێسقانیان دژی نەتەوە ژێردەستەکان، جیابیران و ئازادیخوازانن. ئەو لایەنگری سەرسەختی دەرەبەگایەتی و خانیین و باوەڕپێکراوی هەر دوو سیستمی "شا و شیخ"ە. هەربۆیە ئەو دەتوانێ بە ناوی لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەر، لەگەڵ عیسا پژمان و کۆنە پاسداری وەک موحسین ڕەزایی وتووێژ بکات. زۆریش وێدەچێ بۆ شوێنونکێ، لەگەل کەسانی ئاسایی وەک من و دیکەش پێوەندی بگرێ.)

پرسیار ئایا مستەفا بارزانی خیانەتی بە پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان کردوە و ئایا ڕوخانی کۆماری کوردستان بەهۆی نەزانی و ساویلکە بوونی پێشەواوە بووە، یان خیانەتی سۆڤیەتی پێشو، ئینگلیز، ئەمریکا، ئێران و تورکیا؟

وەڵام: (لە وەڵامی پرسیاری سەروودا ڕوونم کردەوە کە سیستمەکانی دژی مافی مرۆڤ و ئازادیی ئینسان، نزیکەی ٧٠ ساڵە تێدەکۆشن، نەخشی کەسایەتییە خەڵکییەکان کەمڕەنگ بکەنەوە. یەکێک لە ئامرازەکانی ئەم کارە نانەوەی دووبەرەکی و چەند دەستەیی لە نێوان خەڵکی ناسراو و جێی متمانەی خەڵکە. هەر بەو هۆیەوە قانعی فەردەکان مەئمور دەکرێن کە ئەو ئەرکە ناپیرۆزە بەڕێوەبەرن. بە پێی ئەو بەڵگانەی بەدەستن، نەک هەر ئەو بەڵگانەی بەدەست دۆستانی نەتەوەی کوردەوەن، بگرە ئەوانەی بە دەست دوژمنانی نەتەوەی کوردەوەن، بچووکترین ناکۆکی لە نێوان ڕێبەرانی نەتەوەی کورد، لەو برگە زەمانەی مێژووی نەتەوەکەماندا و بەتایبەت لە نیوان نەمران، پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەڕاڵ بارزانیدا نەبووە. ژەنەڕاڵ بارزانی لە کاتێکدا کە قازی محەمەد دیلی

ژەنەڕاڵەکانی شا بوو، حازر بوو گیانی خۆی و دەیان پێشمەرگە فیدا بکات کە قازی محەمەد ڕزگاری بێت. ئەوە پێشەوا بوو کە قایل نەبوو، نەتەوەکەی لە کوردستان بەجێبهێڵێت. تەنیا ناکۆکی لە نیوان نەمران، پێشەوا و هەڵۆی کوردستان مەلا مستەفا ئەوە بوو کە پێشەوا ڕازی نەدەبوو، نەتەوەکەی بەجێبهێڵێ. ئەمن ئەو وشەگەلەی وەک "خیانەت" تەنانەت بۆ کەسێکی وەک قانعی فەردیش بەکار ناهێنم. کەوابوو، دەکرێ بڵێین نەزانی، هەڵە، یان قەست و ئانقەست و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی کەسیی و دەوڵەتی، لەلایەک و ویستی ئینگلیز و ئەمریکا کە خوازیاری حکومەتێکی ناوەندگەرا بوون لە ئێران کە بتوانن پەیمانی بەرژەوەند خوازانەی بەسەردا بسەپێنن و هاوکات پێش بە پەرەگرتنی کۆمونیزمیش بگرن. لە لایەکی ترەوە، هەر ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی ستالین کە گفتی دابوو هاوکاریی چینی زەحمەتکێش ناوچە بێبەشەکان بکات کە بەداخەوە بەڵێنەکانی تەنیا قسەی بەتاڵ و بەڵێنی بێ ئەنجام بوون کە لە سەر کاغەز مانەوە و ئەو یارمەتییەش کە دایان زۆر بەرچاو نەبوون و هەرکە بەرژەوەندی ئابووری لە ناوەند بۆی دابینکرا، لە یارمەتی کردن بە بزوتنەوەوە ئازادیبخوازەکان چاوپۆشی کرد و ئەوە ڕاستیی مەسەلەکە بوو. یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی قازی محەمەد باوەڕمەندی دینی و ناکۆمۆنیست بوونی بوو کە تا ئێستاش خۆشەویستی خەڵک و دڕکی چاوی دوژمنانە، ئەو سەرەڕای ناکۆکی ئایدیۆلۆژی، چاکی لە خەراپ جوێ کردەوە و بەبێ ترس لە بەرامبەر سیاسەتی دژ بە کورد ڕاوەستا و ڕەتی کردەوە. هەر ئەو واقع بینییە بوو کە نوێنەرانی ئینگلیز و ئەمریکا ڕووی خۆشیان پێشانی پێشەوا نەدا. لەو سەردەمی شەڕ و دوای شەڕیش، حکومەتەکانی ئێران و تورکیا، خاوەن کەمترین لێهاتوویی نەبوون و بە ئاشکرا دوژمنی نەتەوەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەڵات بوون و قسەکردن لەسەر ئەوان بە فیڕۆدانی کاتە.)

پرسیار: بۆچی کۆماری ئیسلامی بەهەمە چەشنە دژایەتی ئەزموونی باشوری کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات و مێژووی کورد دەشێوێنێت؟

وەڵام: (بڕوانە ئەو مەسەلەیە زۆر سروشتییە. ئەمن زۆرجار نوسیومە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ڕژێمی شا ناسیۆنالیست ترە. ئەگەر بمهەوێ دوژمنایەتی حکومەتە دیکتاتۆڕەکانی ناوچە لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکان هەڵسەنگێنم و پلەبەندی بکەم، سەرەتا تورکیا و دوایە ئێران و دواتر سوریە و عێراق و ئەوانی دیکە دادەنێم. سەبارەت بە خۆبەزلزانی و ناسیونالیست بوون، ئەمن هیچ جیاوازییەک لە نێوان نەریتخوازانی ئۆپۆزسیون لە مەشروتەخوازەوە بگرە تا شاخوازان و باڵی ڕاستی جەبهەی میللی و ئەوانی دیکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانانێم و نابینم. ئایا ئەوە "داریوشی هومایون"ی کۆچکردوو نەبوو کە دەیگوت:

- بێتوو مەسەلەی تەواوییەتی عەرزی ئێران لە مەترسیدا بێت، چەک هەڵدەگرم و شانبەشانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژی"جودایی خوازان" شەڕ دەکەم؟

هەڵبەت بیروڕای داریوشی هومایون زیاتر لەنێو خۆبەزلزانەکانیاندا برەوی هەیە و هەرکەس باسی مافی وەک یەک و یەکسان بکا، بۆ ئەوان "جیاوازیخوازە"! ئەوە سەرەتایەکی کورت بوو بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان.

ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستانی فیدڕاڵ تێلدڕکە لە چاوی دەسەڵاتدارانی تورکیا و ئێراندا. هەر بۆیە ئەگەر ئێران و تورکیا، توانایان هەبێ، لە ماوەیەکی کورتدا هەرێمی کوردستان لە ناو دەبەن. هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناسیۆنالیستە کوێرانە، بە تایبەت بۆ مەلا ناسیۆنالیستەکانی ئێران، قووت نادرێ و پێی قەڵسن. هەموو ئاژاوە و نائەمنی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق و کوردستان لە لایەن ڕژێمی تارانەوە بەڕێوەدەچێ. ئەمن لەو ماوەیەدا کە لە هەرێمی کوردستان بووم، بە ڕاستی داهاتووی هەرێم لە مەترسیدا دەبینم، بێتوو ڕژێمەکانی ئێران و تورکیا، بەو ڕادەیە، درێژە بە بووونی ئابووری و ئەمنی خۆیان بدەن. بۆ نموونە لە شاری سلێمانی، مەئمورانی ئیتلاعاتی ئێران وەک شارە مێروو دەخولێنەوە. هەروەها مەئمورانی تورک لەژێر ناوی خاون کۆمپانی لە هەولێر و دهۆک و کەرکوک هەن. کوردستان لە بواری هێنانی کەلوپەلی خواردەمەنی بەتەواوی گرێدراوی ئێران و تورکیایە. حکومەتەکانی ئەو دوو وڵاتەش دژی کوردن و نایانەوێ سەر بە لەشی هیچ کوردێکەوە بێت. پێوەندی ئابووری و هێنانی کەلوپەلی ڕۆژانە

"خواردەمەنی، جلوبەرگ و دەرمان" تەنیا لەبەر پێویستی ئەو وڵاتانە، بە پارەی کوردستانە کە کوردستانیش پارەیەکی زۆری تێدایە.)
پرسیار: ئایا کردەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە نەتەوەی کورد، تا چ ڕادەیەک لەگەڵ جارنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و مافی مرۆڤ یەک دەگرێتەوە؟


وەڵام: (بڕوانە، ئێمە بۆ زۆر دوور بکەوینەوە، دوژمنایەتی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کورد، دەکرێ لە بەکارهێنانی تاقە وشەیەکدا ببینینەوە کە ئێمە لە سێبەری ڕژێمی شاشدا تاقیمان کردۆتەوە. لە سایەی کۆماری ئیسلامییشدا زۆر سەیر نیە. وشەی ناتەبا "میللەتی ئێران" بۆ ئێرانێکی فرە نەتەوە. ئێوە قەت وشەی میللەتانی ئێران لە زمان سیاستمەدارێکی کۆماری ئیسلامیی نابیسن. کەوابوو سیاسەتمەدارانی کۆماری ئیسلامی هەرئەو کارە دەکەن کە ناسیۆناڵیستە بێ ئاگایەکانی نیشتەجێی هەندەران دەیانەوێ. لە هەموو ئەوانەش کە تێپەڕین، کۆماری ئیسلامی کەمترین سەرنج بە یاسا نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ نادات. ئاغای سەرکۆماری ئیسلامی بە ڕوهەڵماڵاوی دەڵێ: "ئێران ئازادترین وڵاتی دنیایە". هەروەها "ئاغای ساڵحی" وەزیری دەرەوە و بەرپرسی ستادی مافی مرۆڤی ئەو "ئاغای محەمەد جەوادی لاریجانی" بە ئاشکرا لە پشت سەکۆی وتاردانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان درۆ دەکەن و باس لە پارێزگاریی لە بوونی مافی مرۆڤ لە ئێران دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە "عەبدولفەتاح سوڵتانی" کە پارێزەرە، لەسەر پارێزگاریکردن لە تۆهمەت لێدراوێک، ١٨ ساڵیان زیندان بۆ بڕیوەتەوە. چەندین ساڵە "محەمەد سەدیقی کەبوودوەند" بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە زینداندایە و تەنانەت کوڕەکەشی ئیزنی دیتنی باوکی نیە. بۆخۆت لێکیدەوە، هیچکام لە نوێنەرانی پێشووی خەڵکی کوردستان کە لە دەورەی پێشوو، لە مەجلیس بوون، بۆ دەورەی دوایی ڕێیان پێنەدرا خۆیان بپاڵێون. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هیچکام لەوانە هیچ جورمێکیان لەسەر نیە و هەرکامیان لانیکەم بۆ ماوەی چوار ساڵ نوێنەری بەشێک لە خەڵکی کوردستان بوون. بەو پێیە کۆماری

ئیسلامی سەرەتایترین مافی مرۆڤ کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕەچاو کردنی کارێکی سروشتییە، بەڕێوە نابا.)

سوپاس بۆ بەڕێزتان، ئەگەر شتێکی ترت سەبارەت بە دەزگا جاسوسییەکانی کۆماری ئیسلامی و کەسانی وەک قانعی فەرد هەیە بفەرموو؟

وەڵام: (سوپاس بۆ ئێوە کە ئیزنتاندا بە من کە بیروڕای خۆم لەو بارەیەوە دەرببڕم. لە ڕاستیدا ئەو سیستمانەی ناحەقن، بۆ ڕاگرتنی خۆیان دەبێ پاڵ بە هێزێکەوە بدەن. چونکە ئەو سیستمانە پشتیوانی خەڵکیان لە پشت نیە، کەواتە پێویستیان بە دەزگای سەرکوت هەیە. ئەو دەزگا سەرکوتکەرە، دەزگای هەواڵگرییە کە هەم شا هەیبوو بە ناوی "ساواک" هەم کۆماری ئیسلامی هەیەتی بە ناوی"ساواما". کۆماری ئیسلامی بەپێی تاقیکاریی دەزگای تەبلیغاتیشی وەکارخستووە. هەر بۆ نمونە، لە بەرامبەر هەر سایتێکی ئینتەرنێتی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیوندا سایتێکی بە هەمان ناو کردۆتەوە و سەری لە خەڵک شێواندوە. پاشان هەوڵدەدات کەسانی خۆیی بەکرێ بگرێ و پارەیەکی زۆر خەرج دەکا کە بە درۆ و دەلەسە، ڕاستییەکان بشارێتەوە. بۆ نموونە، کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێ دوو سێ جار، کۆمەڵێک ژن و پیاوی کورد و ئازەریی و هی دیکە، لە ژێرناوی پارێزەرانی مافی مرۆڤ دەنێرێتە بەشی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. پارەیەکی باشیشیان دەداتێ، ڕۆژێ ٢٠٠ دۆلار، تەنیا خەرجی مەئمورییەت لە ژنێڤ، تا لەوێ پارێزگاری لە ناحەقییەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن. جا ئەوە جگەلە کەسانی خۆماڵی وەک "هۆشمەند ڕاد" و "قانعی فەرد" و بە قەولی کوردان جاشەکانی دیکەش. ئەمن ئاواتم ئەوەیە لاوانی کورد هوشیار بن و بزانن، ڕزگاریی نەتەوەی کورد تەنیا بە زانست و خوێندن و فێربوونی زیاتر بۆ خزمەت بە نەتەوەکەیان مسۆگەر دەبێت. سەرکەوتوو بن.)

## عومەر عەسری



عـومەر عەسـری ناسـراو بە مەلا عـومەر عەسری سـاڵی ١٩٣٦ لە گونـدی "داشـاغڵ" لە نـاوچەی بۆکـان لە دایکبـووە. زانسـتی ئیسـلامیی خوێنـدوە و بەرلەوەی کە بە پلەی مەلایەتی بگات، لە سەردەمی فەقێ بوونیدا تێکەڵاوی کـاری سیاسـی بـووە. لە سـاڵی ١٩٥٨دا چـووەتە ڕیـزی حیزبـی دیموکراتی کوردستانەوە و بووەتە ئەندام لەو حیـزبەدا. سـاڵی ١٩٥٩ کە ڕێکخراوەکـانی حیزبـی دیموکرات بۆ ساواک ئاشکرا بـوون و ١٢٠ کـادیر و ئەندامی ئەو حیزبە دەستگیرکرا، ناوبراو ڕایکردۆتە باشوری کوردستان و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ بووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئەنجامـدا گیـراوە و بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ زینـدانی کـراوە. لە ژیـانی سیاسـیی خۆیـدا چـوار جـار گیـراوە. مامۆسـتا عـومەر لە وەڵامـی ئەم پرسیارەمدا کە چۆن بوو لە سەردەمی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ دەفتەری مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین حوسێنی کەوتی؟ گوتی:

وەڵام: (لە سەروبەندی قیام ئەمن دۆستی مامۆستا شێخ عیزەدین بـووم، کاتی خۆشی شاگردی بـووم. مامۆستا شێخ عیزەدین حەوت هەشت ساڵ مەلای گوندی ئێمە بوو. لە سەردەمی دوکتۆر موسەدیق دا کە وەرزێڕانـی ناوچەی بۆکان ڕاپەڕین و ئاغاکان، مامۆستا شێخ عیزەدینیـان لە گونـدی "گۆلێی مەرزینگان" دەرکرد و ئەو هاتە "قاراوا". لە قاراوا من لای مامۆستا خوێندم و پاشان کە چوو بۆ سابلاغ لە ساڵی ١٩٥٨دا و لەوێ مەدرەسە دروستکرا، مـن لەگەڵ مامۆستا چـووم و لەوێ خوێنـدم. ساڵی ١٩٥٩ کە حیزبی دیموکرات جەماعەتێکی لێگیرا، ئەمنیش ساڵێک قاچاغ بـووم و چووم بۆ بانە. جا لە سەروبەندی قیام و ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیشدا من هەر دۆستی مامۆستا بووم. لەگەڵ مامۆستا سیاسەتم دەکرد و بە گوێرەی دەرەتان یارمەتی شۆڕشگێرانمان دەدا. بە هەر حاڵ مامۆستاش ئەو دەم

پیـــاوێکی زۆر زۆر باشــبوو. ئەوکـــاتە مــن نەچــوومە نێــو هیچکـــام لە حیزبەکانەوە، کاتێک دەفتەری ماموٚستا دامەزرا من لە دەفتەری ماموٚستا بووم هەتا ساڵی ١٩٨٦. لەو ساڵەدا بە هۆی نەخۆشیی و هێندێک ناکۆکی لەگەڵ ماموٚستا لەسەر هێندێک دیاردەی ناو شۆڕش، ماوەیەک لە "کارێزە" دانیشتم و هەرلەو ساڵەدا هاتم لە سوید بوومە پەنابەر.)

پرســیار: جەنابــت بە کەســایەتییەکی سیاســی دێــرین و کوردســتانیی دەناسرێت. لەو ماوەیەدا کە ئاگاداری بزوتنەوە و شۆڕشەکانی کوردی، تا چ ڕادەیەک ئەو شۆڕشانە ئاشتیخواز، خوێناوی و بە حەق بوون؟

وەڵام: (من پێموایە گەلی کورد نەتەوەیەکی غەدر لێکراو و بندەستە و پێشــموایە هەمــوو شــۆڕش و ڕاپەڕینەکــانی، یــان هەر سیاســەتێکی کە کردویەتی، ڕاستە ڕەنگە کەموکوڕی بووبێ، بەڵام حەق بووە، ڕەوا بووە، جـا سیاســی، نیزامــی، چەکـداریی هەر هەموویــان حەق بــوون. چــوونکە داگیرکەرانــی کوردســتان حــازر نەبــوون هــیچ مافێک بەو مـیللەتە بـدەن. تەنــانەت حــازر نەبــوون لەگەڵیشــی دانیشــن و وتــووێژی لەگەڵ بــکەن. کەمتــرین مــاف و حەقیــان بە کــورد نەداوە، ئاوڕیــان لــێ نەداوەتەوە و وڵاتەکەیان لێ کاولکردوە. هەربۆیە خەباتی میللەتی کورد خوێنــاویترین خەباتە، لە مێژووی گەلاندا. دیارە هەموو گەلان ناڵێم، ڕەنگە میللەتی وا هەبێ لە ئێمەش زیاتر بەدبەختی دیبێت، بەڵام ئێمە یەکێک لە نەتەوە هەرە مەزلومەکانین و شۆڕشەکانیشمان لە شۆڕشە هەرە خوێناوی و غەدر لێکراوەکانە. دەبێ ئەوەش بڵێم ڕێبەرانــی کورد لە قەدیمەوە تا ئێستا پێموانیە، خۆیان پێیان خۆش بووبێ، خەباتی چەکداری بکەن، یان شەڕ بکەن، ئەوان ویستویانە گوێ بدرێتە داواکانیان، ئاواتەکانیان کە ڕزگاریی نەتەوەکەیــانە و مافەکانیــان بــۆ بسەلمێندرێ و وەک میللەتێک ئــازاد و ڕزگار بن، بەڵام داگیرکەرانــی کوردستان بە بەردەوامــی شــەڕیان بەسەر کورددا سەپاندوە. نمونەکەی شۆڕشی ئەیلول و کۆماری کوردستانە کە شەڕ نەبوو، بەڵام داگیرکەران شــەڕیان بەسەردا ســەپاندن. بە گشــتی خــەبــات کورد خەباتێکی خوێناوی بووە. ئەو خوێنەش کە ڕژاوە، بە بڕوای من بە

دەستی داگیرکەران بووە و ناحەقەکە ئەوانن و غەدرەکە ئەوان کردویانە. کورد قەت خوازیاری شەڕ نەبووە و داگیرکەران بەسەریاندا سەپاندوە.)

پرسیار: ساڵی ١٩٩١ ڕێکخراوی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە هێڵی ٣٦ دەرەجەی بۆ پاراستنی کوردی باشوور دیاریی کرد. لەو سەردەمەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی بەعس ڕوخا، سیاسەتی ئێران کوشتن و تیرۆری ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە باشووری کوردستان و لە ئەوروپا، بەڵام بە دوای ئەو ساڵەدا، سیاسەتی خۆی گۆڕی بۆ چەواشەکردنی شۆڕش و بزوتنەوەکانی کورد و ناشیرین کردنی ڕێبەرانمان، لە بەرچاوی نەوەی نوێ. هۆی ئەو سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی لە باشوری کوردستان بۆچ دەگەڕێتەوە؟

وەڵام: (ڕژێمی جمهوری ئیسلامی هەم وەک فەلسەفە دینییەکەی خۆیان و هەم وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی، دژی ئازادییە، دژی مافی ئینسانە، دژی کوردیشە، دژی حقوقی میللەتانیشە. ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە، بە بڕوای من جمهوری ئیسلامی، دەزانێ ئەگەر ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستانی سەر بگرێ و وەک ئێستا کە هەیە و بەشێکی کوردستانی لەژێر دەستدایە، ئازادیی لێیە و دیموکراسی لێیە، مافی ئینسانی لێیە و بووەتە نمونەیەکی باش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەگەر تەماشای دەوروبەری بکەین، لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەری دیموکراتترە. مافی ئینسانی تێدا پارێزراوە و بەسەدان ڕۆژنامە و گۆڤاری تێدایە، دەبێتە نمونە و سەرچاوە و پشت و پەنا بۆ کوردەکانی تر، یان دەبێتە چاولێکەری و هیوای کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان. لەبەر ئەوە جمهوری ئیسلامی هەتا بتوانێ هەوڵی تیرۆری خەباتکارانی کورد دەدات لە هەموو بارێکەوە و لە هەر ڕێگایەکەوە. هەوڵدەدا بە هۆی کەسانی فریودراوی دژ بە کورد، ئەم ئەزموونەی کورد، عەیبداری بکات و بۆ ئەو مەبەستەش بە بەرنامە ئەم کارە دەکات.

ئێستا ئەگەر بێینە سەر ئەفراد، ئەو کەسانەی کە ئێستا باس لە ڕابردووی کورد و باسی ڕێبەرانی کورد و باسی مێژووی کورد دەکەن بە خەراپە، یان باسی ئەم ئەزموونەی کورد لە باشووری کوردستان دەکەن بە

خەراپە، ئەوانە بە بڕوای من بەکرێگیراون، ئەمانە بە بەرنامە ئەم کارە دەکەن، دژی میللەتی کورد و دژی ڕزگاریی کوردن، ئەگەرنا من ئەم ئەزموونە لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی کە خۆشیان ئیقراری پێدەکەن، بە دەسکەوتێکی گەورەی دەزانم. هەموو کوردێک دەبێ شانازیی پێوە بکات و بەهەموو لایەکەوە دەبێ هەوڵبدەین، چاکتری بکەین و گەشەی پێبدەن. ئەو بەشەی کوردستانیش کە تا ئێستا جێی کێشەیە و نەخراوەتەوە سەر کوردستان، دەبێ بخرێتەوە سەر کوردستان. من حکومەتی کوردستان لە باشور بە نموونەیەکی باش دەزانم. کەموکوڕی هەیە، بەڵام دیسان جێی شانازییە و دەبێ خەڵک فەخری پێوە بکات. لەبەر ئەوەیە کە جمهوری ئیسلامی چاوی هەڵنایە لە ئاستی، بۆیە هەوڵدەدا لە هەموو ڕێگایەکەوە، بە هەموو وەسیلەیەک، ئەم ئەزموونە، لەبەر چاوی خەڵک بخات، دەنا سەدان کەس لە دەرەوەی کوردستان بە کورد و بێگانەوە کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەم ئەزموونە بە باش دەزانن. پێیانوایە ئازادترە لە دەوڵەتانی دەوروبەری، دیموکراسی و مافی مرۆڤی تێدا لەبەرچاو دەگیرێ. ئێمە دەبێ لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری خۆمان بەراوردی بکەین. خۆ لەگەڵ ئەوروپا ناتوانین بەراوردی بکەین. با بزانین لە کوردستان لە شارەکانی بەردەستی حکومەتی هەرێمدا ئازادیی زۆرترە یان لە ئێران؟ یان لە تورکیا، یان لە وڵاتانی دەوروبەری؟ لەبەر ئەوە، بە بڕوای من جمهوری ئیسلامی چاوی هەڵنایە، یان دوژمنانی کورد بە تێکڕایی چاویان هەڵنایە لە ئاستی ئەو ئەزموونە، ئەو حکومەتە، یان ئەو دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ بووەتە جێگای هیوای هەموو میللەتی کورد.)

پرسیار: ئایا عیرفان قانعی فەرد دەناسی، یان شتت لێ خوێندوەتەوە؟ چۆنە لەگەڵ عیسا پژمان ساواکیی سەردەمی شا، پێکەوە دادەنیشن و پێکەوە کتێب دەنوسن و قانعی فەرد بە ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و پێی ناڵێن پێوەندی بە دژە شۆڕشەکانەوە مەکە، بەڵام ئەگەر کەسێک، یان ئەندامێکی بنەماڵەی خەباتکاران پێوەندیی بە دۆست، برا، یان خزمەکانیانەوە بگرێت، دەستگیری دەکەن و ئازاری دەدەن. هۆی ئەو سیاسەتە دوولایەنەیەی کۆماری ئیسلامی چۆن دەبینی؟

وەڵام: (من قانعی فەردم نەدیوە، بەڵام کەسی باوەڕپێکراوی خۆم بینیویەتی و قسەی لەگەڵ کردوە و نوسراوەکانی خوێندوەتەوە، شاهیدی ئەوەن کە ئەو ئینسانە کابرایەکی دژی کوردە. کوردفرۆش و نۆکەری بێگانەیە. بە قەناعەتی من بەکرێگیراوە. فریوخواردوە. ئەو بە پلان لە دژی کورد و ڕێبەرانی کورد و بزوتنەوەی کورد قسە دەکات و دەنوسێت. ئەو هەمیشە ئیستیدلال و ئیستیناد دەکا بە نوسراوە یان بە قسەی دوژمنانی کورد. باسی پژمان دەکا، نەقڵی قەول لە پژمان دەکا، پژمان ڕەنگە خۆی بە ڕەگەز کورد بێ، بەڵام مەئموری ساواک بووە و دژی کوردە. هەزاران کەسیان بە کوشتداوە و شکەنجە و ئێعدامیان کردون. تەنانەت کە پژمان دەهات بۆ باشور و وەک دیپلۆماتێک چاوی بە بەرپرسانی پارتی دەکەوت، دوژمنی شۆڕشی کورد و مەلا مستەفا بوو.

دەوڵەتی ئێران و پژمان و شای ئێران لەبیریان نەچووبۆوە کە مەلا مستەفای نەمر، کاتی خۆی ڕێبەری شۆڕش بووە لە باشوری کوردستان و هاتووەتە کوردستانی ئێران و یارمەتی کۆماری کوردستانی داوە، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کۆمار بووە، یەکێک بووە لە چوار ژەنەڕاڵەکانی کۆماری کوردستان، تەنانەت ئەفسەرانی باشور لەژێر فەرمانی بەڕێز مەلا مستەفادا دژی سوپای ئێران شەڕیان کرد. لە سەقز لە ساڵح ئاوا و لە مامەشە، زەبری گورچوبڕیان لە دوژمندا. دەوڵەتی ئێران و پژمان ئەوەیان لەبیر نەچووبۆوە. ئەگەر ڕۆژگارێک یارمەتی شۆڕشی ئەیلولیان دەدا، لە خۆشەویستی کورد و مەلا مستەفا نەبوو، بەڵکوو بۆ مەسڵەحەت بوو و دەیانویست خواستەکانیان بەسەر دەوڵەتی عێراقدا بسەپێنن. عێراق و ئێران کێشەی سنوریی ئاویی و خاکیان هەبوو. دوای وەرگرتنی ئیمتیاز لە عێراق، لە ئەلجەزائیر ئەو پەیمانە ناپیرۆزەیان ئیمزا کرد.

شای ئێران و پژمان دوژمنی کورد و مەلا مستەفا و ڕێبەرانی شۆڕشی ئەیلول بوون. هەر بۆیە قانعی فەرد لەو نمونە دێنێتەوە. ئەوانە دوژمنی کوردن و خەڵکی کوردستانیش بە تایبەتی ئەوانەی سیاسەتیان کردوە ئەوانە دەیانناسن. بۆیە ئەمن پێموایە قانعی فەرد بە بەرنامە خیانەت دەکات، فریو دراوە، فێرکراوە، پلانی بۆ دانراوە کە دێت و ڕابردوو و ئێستای کورد پێچەوانە دەکاتەوە. ئەی بۆ نایە بە قسەی کریس کۆچێرا

بکا؟ بۆ نایە لەو هەموو هەواڵنێر و نوسەرە چەپ و ڕاستانەی ئەوروپا و ئاسیا بپرسێت کە چوون و بارزانیی و ڕێبەرانی کوردیان دیوە. ئەوان بە تیکڕایی باسی مەزلوومیەتی میللەتی کورد و بە حەقبوونی خەباتی کورد دەکەن.


ئەمن لەسەر شەخسی مەلا مستەفا، خوداعافووی کا، لە دەیان هەواڵنێرم بیستووە کە کەسایەتییەکی سیاسی، ئازا، نەتەوەپەرست، هەلومەرج ناس بووە و توانیویەتی لە بەینی دوو دەوڵەتی گەورەی ئەمریکا و روسیادا بە شێوەی دیپلۆماتی بجولێتەوە و بە جۆرێک هیچیان لێی دڵگیر نەبن و هیچیشیان شەڕی لەگەڵ نەکەن و فشاری بۆ نەهێنن. توانیویەتی لەو بەینەدا بالانسێک ڕاگرێ. لەبەر ئەوە ئەم برادەرە دەچێ ئیستیناد دەکا بە قسەی ساواکییەکان، ناچێ ئیستیناد بکا بە قسەی ئەو هەموو ڕۆژنامەنوس، لێکۆڵەر، هەواڵنێر و پیاوە سیاسیانەی کە سەردەمی خۆێ پێشەوا قازی محەمەدیشیان دیوە، مەلا مستەفاشیان دیوە، قسەشیان لەگەڵ کردون. لەم شەوانەدا گوێم لێبوو، ساڵیادی کۆچی دوایی نەمر مەلا مستەفا بوو، لەگەڵ دەیان سحوفی و دەیان ئینسانی سیاسیی خەڵکی ڕوسیا و ئەمریکا و ئەوروپا قسەیان دەکرد، هەموویان بەڕێز و حورمەتەوە و وەک ڕێبەرێکی گەورە قسەیان لەسەر دەکرد کە توانی لە بەینی ئەم دوو هێزە گەورەی شەرق و غەربدا یاری سیاسی بکا. پاشانیش ئەو هەمووە خەبات و ئەو هەمووە زەحمەت و ئەو هەمووە فیداکارییەی کە کردی، ئەو ڕێپێوانەی لە کۆماری کوردستانەوە کردی و لەگەڵ سێ دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان بەشەڕ هات و لەگەڵ ٥٠٠ پێشمەرگە گەیشتە سۆڤیەت، بە بڕوای من ئەگەر مەلا مستەفا کورد نەبوایە، ڕێبەری هەر نەتەوەیەکی تر بایە، دەیان فیلمیان لێ دروستدەکرد. باشە ئاغای قانعی فەرد بۆ ئەمانە نابینێ؟ بۆ لە قسە و قسەلۆکی جاسوس، پیاوخراپ، بەکرێگیراو و نۆکەرانی داگیرکەرانی کوردستان دەگەڕێ و ئەوان دەبینێ؟ ئەمن قانعی فەرد بەکەسێکی خایین دەناسمو لە خەڵکی دیکەشم بیستووە کە ئەو ئینسانە ئینسانێکی خراپە. دژی کوردە، لە وتووێژەکانیدا زۆر زۆر دژی کوردە. چۆنە ئەگەر کەسێک لە ئێران لایەنگریی لە حیزبێک بکات، دەیگرن و ئێعدامی دەکەن، بەلام ئەو کابرایە، دێت لەسەر گەورە پیاوانی کورد قسە دەکا، لەسەر تاریخی کورد دەنوسێ، بەلام دەچێتەوە لە ئێران

بەبێ گرفت دەژی. دەتوانم بڵێم و پێموایە بوختانیش نیە، ئەو کابرایە بەکرێگیراوێکی خایینی دژی کوردە، ئەمن وای دەبینم.)

پرسیار: زۆر سوپاس مامۆستا عومەر، ئەگەر شتێکی زیاترت هەیە بیفەرموو.

وەڵام: (پێمخۆشە هەر ئەوەندە بڵێم، ڕەنگە هەر ئینسانێکی سیاسی بتوانێ لە مێژووی کورد، ڕەخنە بگرێ و هەر لە ئێستاوە تا ڕابردووی دووسەد ساڵ کە کورد خەبات دەکا، بەڵام بە قەناعەتی من میللەتی کورد میللەتێکی غەدر لێکراوە، خەباتەکەی بەرحەقە، پێموایە ڕێبەرانی کوردیش ئەگەر کەم و کوڕیشیان بووبێ، قەت خیانەتیان نەکردوە، خزمەتیان بە نەتەوەکەیان کردوە، نەتەوەپەرست و وڵات خۆشەویست بوون، بەڵام دەبێ توانایی کورد و پیلانی دوژمن و بارودۆخی جیهانیش لەبەر چاو بگرین.)

## دوکتۆر حەسەن شەتەوی



دکتۆر حەسەن شەتەوی لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی "خدرئاوێ" لە ناوچەی گەلی قاسملوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەدایکبووە. بەهۆی سیاسیی بوونی ئەندامانی بنەماڵەکەی، لە ساڵی ١٩٥٥وە تێکەلاوی کاری سیاسیی بووە و لەو ساڵەدا بە تاوانی لایەنگریی کردنی لە حیزبی تودەی ئێران دەستگیر و بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ لە ورمێ زیندانی و شکەنجە کراوە. دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندیی، ساڵی ١٩٦١ بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە تەستەمبوڵ و بۆ ماوەی٣ ساڵ لە زانکۆی پزیشکی خویندویەتی و بەرلە تەواوکردنی خوێندن، بەبۆنەی خەباتی سیاسی لەدژی ڕژێمی شاو یارمەتیدانی بە جولانەوەی گەلی کورد لە باشور کوردستان بەناچار تورکیای بەجێهێشتووە و چونکە مەترسی گرتنی هەبووە، لە ئەڵمانیا گیرساوەتەوە و سەرلەنوێ لە ساڵی سێیەمەوە لە بەشی پزیشکی زانکۆی "لودۆیک ماکزیمیلان" مونیخ درێژەی بە خوێندن داوە. ساڵی ١٩٦٩ بووەتە دوکتۆر و ساڵی ١٩٧٥ بەشی نەشتەرگەری تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٨٥ هەتا ٢٠٠٥، سەرۆکی بەشی نەشتەگەریی و شیرپەنجەی نەخۆشخانەی ئاکادیمیای زانستگای ئالمانیا بووە. بەهوی یارمەتیدانی لێقەماوانی بوومەلەرزەی باشووری کوردستان و ئاوارەکانی شەڕ، ساڵی ٢٠٠٠ میداڵیای شانازیی یونسکوی پێبەخشراوە. هەروەها بەبۆنەی خزمەتکردنی بە زانستی پزیشکی و توشبوانی شێرپەنجە میداڵیای شانازیی زیوی پێبەخشراوە.

لەگەڵ سێ کوردی خوێندکاری باشوری کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی ئەوروپای لە ئەستەمبول دامەزراندوە و لە ئەوروپاش هاوکات ڕێکخراوی ڕۆشنبیرانی کوردی ئێرانی کردوە و لەگەڵ دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئەمیر قازی، محەمەد موهتدی، سەلیم

بابانزادە و چەند کەسی تر ڕۆژنامەی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە. ساڵی ۱۹۷۰ وەک میوان بەشداریی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە لە "ناوپردان" و لەوێ بۆ یەکەم جار چاوی بە نەمران ئیدریس بارزانی و مستەفا بارزانی کەوتووە.

لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوە و لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات دژایەتی خۆی لەگەڵ داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سوپای سۆڤیەتەوە ڕاگەیاندوە و هەر بەو بۆنەیەشەوە کە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات پشتیوانیی لەو داگیرکارییە دەکرد، خۆی بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات نەپاڵاوتووە. دوکتۆر حەسەن شەتەوی ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی و لە بواری کوردایەتی و نوسینەوە، کەسایەتییەکی چالاک و سەربەخۆ و لە خزمەت گەل و نیشتمانەکەی دایە. ناوبراو لە وەڵامی ئەم پرسیارەی مندا: کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ۱۹۹۱ وە تا ساڵی ۲۰۰۳ کە ڕژێمی سەدام حوسین ڕوخا، نزیکەی ۳۰۰ ئەندام و خەباتکاری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە باشوری کوردستان تیرۆر کرد و لە دەرەوەی وڵاتیش لە ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی و تورکیاش هەر بەم جۆرە، ژمارەیەک کەسایەتی تیرۆر کرد. بە دوای ساڵی ۲۰۰۳ دا سیاسەتی خۆی گۆڕی بۆ گوشار خستنەسەر هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان. لە مزگەوتی گوندەکان و هەندێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی هەندێک مەلاوە، هێرش دەکاتە سەر ئەزموونی باشوری کوردستان، دژی دەستوری هەرێم سەبارەت بە ئازادیی ئافرەتان و وتارەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم سەبارەت بە داخوازە نەتەوەیەکانمان دەوەستن. بە نوسین پێشەوا قازی محەمەد بە ساویلکە دەزانن و هۆی ڕوخانی کۆماری کوردستان دەخەنە سەر شانی پێشەوا و تەنانەت مستەفا بارزانی بە تێکدەری کۆماری کوردستان دەناسێنن، هۆی ئەم چەواشەکارییەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی و ئیتلاعاتی سوپای پاسداران لە کام مەبەستەوە سەرچاوە دەگرن؟

وەڵام: (پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە بە پێویستی دەزانم بە کورتی ئاماژە بۆ چەند خاڵی جەوهەری بکەم. کۆماری ئیسلامی ڕژیمێکی ئایدیۆلۆژییە و بەپێی ئەم ئایدیۆلۆژیەی هەیەتی برنامە و پرۆگرامی حکومەتی خوی داڕشتوە. ئیسلامی سیاسی و بەتایبەت قەراعەتی شیعی و ڕادیکاڵی ئەم ئایدیۆلۆژییە دژبەرانی خۆی بە دوژمنی خودا پیناسە دکات و کوشتن و لەناوبردنیان بە ئەرک و لەوە زیاتریش بە "تەکلیف" ئایینی پەیڕەوانی خۆی دەزانێت. ئیسلامی سیاسی لایەنگرانی خۆی "موجاهید" لە حاڵەتی جیهادکردن بەرامبەر بە دۆژمنان و تەنانەت نەیارانی فیکری لە ئامادەباشی تەواودا ڕادەگرێت. بە دوای بەتاڵان چونی شۆڕشی گەلانی ئیران، حکومەتی سەربازیی ویلایەتی فەقێ بە ئاراستەی بەجیهانی کردن و تەنانەت دامەزراندنی "دارالاسلام" لە بەرامبەر "دارالاکفر"دا هەنگاوی گرنگی هاویشتووە و ئەم ویستەی خۆی نەشاردوەتەوە و بە پێکهێنانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بە کردەوە پێشانیداوە کە چۆن مەبەستێکی سیاسی لە ئاستی جیهان و ناوچە و ناوخودا پەیڕەو دەکات. سیستمی ویلایەتی فەقێ زور زیرەکانە تاکوو ئیستا بە کەڵکورگرتن لە سەروەت و سامانی زور دەوڵەمەندی وڵاتی ئیران، واتە وزەی نەوت، بە داڕشتنی سیاسەتی درێژخایەن کە ئامـاژەم بۆ کرد و ڕێکخستنی سوپای پاسداران، توانیویەتی خۆی بە سەر گەلانی ئیران و ناوچەکە بسەپێنێت. چەواشەکاریی، تیرۆر و سەرکوت، کوشتن، گرتن، ئەشکەنجەدانی خەڵک و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی وڵات، بەردەوام ئەنجام دراوە و فەساد و بێ ئەخلاقی لە سەروی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئیراندا بووە.

تیرۆری کەسایەتیەکان بە شێوەی جۆراجۆری "فیزیکی" بە دەست بە کرێگیراوان و سەربازانی "گمنام" ناوێک کە کۆماری ئیسلامی بۆ جنایەتکارانی خوی هەڵبژاردوە، زەبری زور کوشندەی لە سیاسەتمداران و تێکۆشەرانی ئوپۆزسیۆنی ئیران داوە. گەلی کورد لە نوکی پەیکانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی دایە. شەهیدکردنی سەدان تێکۆشەری کورد کە بەرچاوترینیان تیرۆر و شەهیدکردنی سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نەمران شەهید دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی و هاورێیانیان خەساری زۆر گەورەی بە خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد

گەیاندوە کە تاکوو ئێستاش گەلی کورد بەگشتی و حیزبی دیموکرات بەتایبەتی بە دەست ئەم ئازارە کوشندەیەوە دەناڵین.

بەگشتی کۆماری ئیسلامی خەڵکی بەسەر بە دوو لایەنی "خودی و غەیرە خودی"دا بەشکردوە. قەبووڵ نەکردن و حەزف کردنی ئەوانەی بە غەیرە خودی دەیناسێ و بەتایبەتی ئەوانەی کە تێکۆشانی سیاسی بەرامبەر بە سیاسەتە سەرەڕۆ و تەواویەتخوازی ئەم سیستمە ئەنجام دەدەن و دژی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقێ خەبات دەکەن، چارەنوسیان کوشتن و لەناوچوونە، تیرۆر کارێکە کە کۆماری ئیسلامی بۆ لەناوبردنی ئەم غەیرە خودییانەی هەڵبژاردوە و ئەنجامیداوە. تیرۆر ڕیشە لە باورە ئایدیۆلۆژی شیعە و بەتایبەت سیستمی "وەلی فەقێ" دا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، کورد بەتەنیا قوربانی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو وەک ئاماژەم بۆ کرد چارەنوسی غەیرە خودییەکان بە لەناوبردن دیاری دەکرێ. لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەزاران کەس قوربانیی ئەم سیاسەتە کراون و بەداخەوە کۆماری ئیسلامی تاکوو ئیستا دەستی بالآی هەیە و کەس نەیتوانیوە سزای بدات. هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد ستراتیژ و سیاسەتی سەرەکی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە "غەیرە خودی" نەگۆڕە، بەڵام لە قوناغی جۆراجۆر، تاکتیکی تایبەت بەکار دەهێنێت، کاتیک بوارەکە لەبار بێت و پێویستی بە تیرۆری فیزیکی هەبووە، بەبێ ئەملا و ئەولا کارێکی ئەنجامداوە، کاتیک کار گەیشتوەتە تیرۆری کەسایەتییە کارسازەکان، بەبێ یەک و دوو کردن و بە بەرنامە ئەم کارەی کردوە.

بەڵام ئەوەی لە باشوری کوردستان و ئەوەی ئێوە ئاماژەتان بۆ کردوە مەبەستی تایبەتی لە پشت دایە، بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگە ئەگەر بتوانێ لە گرنگی کەسایەتی میللی و کاریزماتیکی میژوویی کورد کەم بکاتەوە و لە پێکهاتن و سەرهەڵدان و بەهێز بوونی بیر و هزری نیشتمانی و نەتەوەیی کورد پێشگیری بکات، یان لەناوی بەرێت و بە لاریدا بەرێت و بە فیرۆی بدات. ئەمڕۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ڕۆڵ و پێگەی سەرۆک مەسعود بارزانی بەتایبەتی، نیگەرانیی گەورەی دەسەڵاتی وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەتی ئێرانە. ئێران لە دوو ڕوانگەوە ئەم نیگەرانییەی هەیە، یەکەم لە بواری ئایینی و دووەم لە بواری سیاسی.)

پرسـیار: کۆمـاری ئیسـلامی بـەهۆی کـوردێکی خـەڵکی مـەریوان کـە بنـەماڵەکەی لـە سـەردەمی شـای ئێرانـدا، جـاش و جاسـوس بـوون، بـەناوی عیرفـان قـانعی فـەرد خـەریکی شـێواندنی مێـژووی کوردسـتانە، سـەرکردە ناودارەکانمـان لەبـەرچاوی نـەوەی نـوێ ناشـیرین دەکـات و بـە بەڵگـەی سـاختە، بـە تیرۆریسـتیان دەناسـێنێت، هـۆی ئـەم شـێواندنەی کۆمـاری ئیسلامی لە چییەوە دێت؟

وەڵام: (ئـەوەی ئـەمڕۆ بـە شـێوەی ڕاگەیانـدن، بـە میـدیا و نوسـراوە و چەواشـەکاری هێـرش دەکرێتـە سـەر مێـژوو و بەتایبـەتی سـەرکردە ناودارەکانی کوردستان بەشێکین لە بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی و لە پشت ئەو ویستە، ئیرادەیەکی زور تێکدەرانە و مەترسیدار بەرامبەر بە کوردستان نوستووە. ئێمە دەبێ بەوپەڕی هوشیاری و بە بەرپرسایەتی ئەم سیاسەتانە بناسین و بە هەڵوێستی نیشتمانیی و نەتەوەیی بەرامبەر ئەم کـردارە تێکدەرانەیـە ڕاوەسـتین و سیاسـەتی دژی کوردانـە پووچـەڵ بکەینەوە. کۆماری ئیسلامی کاتێک پرۆژەی جەنگی نەرمی خوی ڕاگەیاند، بەشـێکی گرینگـی بـۆ کوردسـتان تـەرخان کـرد. لـەناو ئـەم پرۆژەیـەدا سیناریۆی جۆراوجۆر داڕێژراوە، لکێکی ئەم سوپایە ئەرکی چەواشەکاری میژوو و شێواندنی زەینی خەڵکی لە ئەستۆ دایە.

عیرفـان قـانعی فـەرد کـە خـوی بـە پسـپۆر، لێکـۆڵەری میـژوو و دوکتـۆر دەناسـێنێ، کـوردێکە چـووەتە سـەر ئـایینی شـیعە و لیسانسـی زمـانی ئینگلیـزی وەرگرتـوە، بـابی لـە سـەرەتای ئینقلابـدا فەرمانـداری شـاری مـەریوان بـووە. قـانعی فـەرد مۆرە و ئاکتـەری سـناریۆی داڕێژراوێکـە کـە بەداخەوە خواستە و ناخواستە، بە زانین و بە نـەزانی دەست و پەنجـەی هێندێک کەسایەتی کورد لە کارەکانیدا بەرچاو دەکەوێت.)

پرسیار: مرۆڤ تـا چ ڕادەیـەک دەتوانێت بـاوەڕ بـە نوسـینەکانی قـانعی فـەرد بکـات؟ ڕات لەسـەر کتێبـی "دوای ٦٠ سـاڵ- ژیـان و بیرەوەرییەکـانی جەلال تاڵەبانی" چییە؟

وەڵام: (ماجرای قانعی فەرد کاتیک ئاشکرا بوو کە پرۆژەی بیرەوەری جەلال تاڵەبانی ئیستارتی خوارد، دوکتۆر کەمال فوئاد مودیرییەتی پرۆژەی ئەم بیرەوەری بە ئەستۆ گرت و بە سەرفکردنی پارەیەکی باد ئاوەردەی زۆر، کتێبێک بە ناوی "زیستن بعد از شصت سال" بە زمانی فارسی نوسرا و چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە پڕە لە چەواشەکاریی و تەزویری بەڵگەی میژوویی کە جەلال تاڵەبانی دواتر خوی لێ بێبەری کرد!! کەمال فوئاد لە درێژەی پرۆژەکەدا، داوا دەکات لە "سەلاحەدین ئاشتی" دانیشتوی شاری مهاباد و سەرنوسەری پێشووی گوڤاری مهاباد ئەم کتێبە وەربگێڕێتەوە بۆسەر زمانی کوردی، بەڵام کاک سەلاح قەبووڵی ناکات و پێیانڕادەگەیەنێ ئەم نوسروانە پڕە لە چەواشەکاری و تەزویری بەڵگەی میژوویی و تەنانەت لەبواری نوسینی زمانی فارسیشەوە کەموکوری زوری تیدایە و بۆ چاپکردن نابێ، بەڵام یەکیتی نیشتمانی کتێبە فارسییەکەی بە زەبری پارە و پاڵپشتی سیاسی خوی چاپ و بڵاوکردەوە!

عیرفان قانعی فەرد خۆفرۆشی ناسراو لەهەر دەرفەتی پێشهاتوو، بە ئەمری فەرماندەکانی خوی و بە زەبری پوول و پارە وەک هەر جاشێکی تر تینەتی خراپ و نییەتی خائینانەی بەرامبەر بە تێکۆشەران و سەرکردە ڕاستەقینەکانی کورد و بە تایبەتی پێشەوا و بارزانی خوی نەپارستووە. ئەم خۆفروشە بە ڕاسپاردە و بەپێی بارودۆخ و لەژێر ناوی لێکۆڵەری سیاسیی و میژوویی بە مەبەستی خۆفرۆشانە و نییەتی خەرابکارانە بەردەوام خەریکی تیرۆری کەسایەتی سەرکردەکانی خەباتی ڕزگارییخوازی گەلی کوردە، هەوڵی جیددی دەدات بە چەواشەکاری و شێواندنی میژوو و واقعیاتی کورد و کوردستان.

قانعی فەرد کە بە دزیی کردن و بروانامەی تەزویری زانستی، خوی بە پسپۆر و لێکۆڵەری بواری سیاسیی و میژوویی دەناسینی، تاکوو ئیستا بە تەزویر کردنی بەڵگە و بە داخەوە بە یارمەتی ئابووری و پاڵپشت و حیمایەتی چەند لایەنی کوردی و سوپای قودس، لە خزمەت نەیاران و دوژمنانی کورد، خوی لە هیچ کاریکی تێکدرانە و ئاژاوەگێڕانە نەپاراستووە. کۆکردنەوە و لە چاپدانی بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی نمونەی ئاشکرای ئەم جورە کارانەی قانعی فەردە کە هەڵڵای لێ ساز بوو

و بـه داخـەوه کـەس بـەرپرسـايـەتـی ئـەم چـەواشــەكاری و ئـاژاوەگێڕییەی ناوبراوی لـه ئـەستوو نگرت. هـەرچـەنده پشت پـەردەی ئـەم سيناريۆيـه بۆ زور كەس ئاشكرا بۆوه.)

دوا پرسـيار: دەكـرێ سـەبارەت بەو ديـدارەتان لـەگەڵ سـەرۆک مسـتەفا بارزانی كه ساڵی ١٩٧٠دا، هـەندێک بدوێن؟



وەڵام: (سالی ١٩٧٠ پارتی ديموكراتی كوردستان هەشتەمين كونگرەی خوی پێكهێنا. من و سێ كەسی تر لە ئەوروپا بە ناوەكانی نيزامەدين كايا لە باكوری كوردستان، ڕۆژ نوری شاوەيس لە باشوری كوردستان و محەمەد ساڵح جومعە لە ڕۆژئاوای كوردستان بۆ ئەو كۆنگرەيە بانگهێشت كراين. كاك ئيدريس بارزانی كە ئەركی ڕاپەڕاندنی كارەكانی ناوخوی بنەماڵەی بارزانی لە ئەستۆ بوو، شەوێک دوای كاتژمێری ١٢ ئێمە بردە خزمەت سەروک مستەفا بارزانی. ئەوە هەلێكی باش و پڕلە شانازی بوو بۆ ئيمە كە لەگەڵ ڕێبەری مەزنترين بزوتنەوەی كورد دانيشين. نيزيكەی سێ كاتژمێر لە خزمەت سەرۆكدا بووين. لەو ماوەيەدا زوری ئاموژگاری كردين، باسی ئەزمونەكانی ژيانی خوی كرد و پتر لە كاتژمێرێک لە بارودۆخی سياسی دنيا دوا، دەربارەی وڵاتانی عەربیو وڵاتی داگيركەراوی كوردستان قسەی بۆ كردين. بزوتنەوەكانی شيخ مەحمود، ژەنەڕاڵ ئيحسان نوری پاشا و قازی محەمەد و كۆماری كوردستانی بە وردی بۆ شيكردينەوە. بەتوندی هيرشی كردە سەر حكومەتی بەعس و ڕژێمی ئێران.

دواتر لە كار و ژيانی ئێمەی لە ئەوروپا پرسی و كاتێک باسمان لەو وڵاتانە كرد كە لەوێوە چووبووين بۆ ئەوروپا و گوتمان لە كوردستانی توركيا، عيراق و ئێرانەوە چووين بۆ ئەوروپا و بە دروستی لەوكاتەدا كە من خەريكبووم بڵێم لە كوردستانی ئێرانەوە چووم، بەتوندی توڕە بوو و گوتی: "تۆ دەبێژی كوردستانی عێراق و ئێران، كوڕامن ئەدی كوردستانی

میلەتی کورد لە کێدەریە؟" ئەوە بەو واتایە بوو کە بارزانی لە ناخی دڵەوە باوەڕی بۆ یەک پارچە بوونی کوردستان هەبوو، فەرمووی کورد لە هەرجێیەک دەژی ئەوێ کوردستانە. لەو دیدارەمدا بۆم دەرکەوت کە مەلا مستەفا بارزانی کەسایەتییەکی بەرزی سیاسیی و خەباتکارێکی بێهەوتا و ماندوویی نەناس، پێشمەرگەیەکی ئازا، ڕێبەرێکی هوشیار و جێی باوەڕە.)

## محەمەد ڕەزا ئەسکەندەری



محەمەد ڕەزا ئەسکەندەری ساڵی ١٩٦١ لە شاری مێهران لە پارێزگای ئیلام لە دایکبووە. لە تەمەنی ١٣- ١٤ ساڵەییەوە کێشی بەرەو ئایین هەبووە و لە ١٦ ساڵییدا تێکەڵاوی سیاسەت بووە. لە بواری شیعەگەرییەوە کەسێکی هەڵسووڕ بووە. بۆ ماوەیەک ئەندامی ئەنجومەنی دژی بە "بەهایی" بووە و دواتر لایەنگریی لە بۆچوونەکانی دوکتور عەلی شەریعەتی کردوە. تا ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بیری موجاهیدین و مارکسیزمی بۆ گرینگ بووە، بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و تا ساڵی ١٩٨١ لەو ڕێکخراوەیەدا بووە. لەو ساڵەدا گیراوە و تا ساڵی ١٩٨٦ لە زیندانی کۆماری ئیسلامییدا بووە. دوای ئازاد بوونی، چووەتە عێراق و لە کەمپەکانی موجاهیدیندا بووە، بەڵام دوای شەڕی یەکەمی کەنداو کە موجاهیدین خەڵک بەشداریی کرد لە شەڕ بە دژی گەلی کورد لە جەلەولا و کفری و سلێمان بەگ و توزخورماتوو، کاک ڕەزا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی بەجێهێشتووە و دوای ساڵێک زیندانی بوونی لە ڕێکخراوی موجاهیدیندا، ساڵی ١٩٩٢ بووەتە پەنابەر لە وڵاتی هۆڵەندا. بۆ ماوەی چەند ساڵ وتەبێژی "کانون دفاع از دموکراسی در ایران- هلند" بووە و ئێستا ماوەی پێنج ساڵە بە هاوکاریی هاوسەرەکەی، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی "کوردانە" لە هۆڵەند بەڕێوە دەبات. ناوبراو لە نزیکەوە قانعی فەرد دەناسێت و دەربارەی ناوبراو و پیلانگێڕییەکانی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران دەڵێت:

**وەڵام: (پێش ئەوەی بێمە سەر باسی قانعی فەرد و بزانین کێیە، چاکترە بگەڕێینەوە سەردەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و شێوەی کار کردنی. بەتایبەت بۆ خراپکردنی ئەو سیما سیاسییە ناسراوانەی نەتەوەی**

کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران و چۆنی هەوڵداوە کە ئەو ڕوانگە گەندەڵ و کۆنەپەرستانەیەی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا بسەپێنێت.

ئێمە دیتمان کە جمهوری ئیسلامی دوای ۲۲ی ڕێبەندان ۱۹۷۹/۱/۲۲، یەکەم هەنگاوی بە هۆی داروودەستەکەی خۆیەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە لە سەرەتاوە لەگەڵی بوون و ئێستاش بە ناوی ئیسلاح تەڵەب بوونە ئۆپوزسیۆنی جمهوری ئیسلامی، هەروەها ئەوانەی ڕێکخراوی "موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامی" ئەوە بوو کە ڕوانگەکانی"موسەدیق" نابود بکەن و ڕوانگەکانی " کاشانی" زەق کەنەوە، یان سەبارەت بە شۆڕشی مەشروتە، بۆچوون و دیتنی، "بێهبەهانی" و "تەباتەبایی" لەناو بەرن و لە جیاتی "فەزڵوڵای نووری" گەورە بکەنەوە.

ڕوانگەیەک کە لە ڕۆژانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئارادا بوو، ئەوان تەنانەت کەسانێک کە جاسوسی شورەوی بوون، بەلاوەیان نان و کۆمیتەی زیدی خەرابکارییان دروستکرد کە ئەودەم ناوی کۆمیتەی ئینقلاب بوو و "ماشەڵلا قەساب" بەرپرسی بوو. ئەوان "محەمەد ڕەزا سەعادەتی"یان بە بیانوی جاسوسی شورەویی گرت. لە کاتێکدا محەمەد ڕەزا سەعادەتی قەت پێوەندی بە شورەوییەوە نەبووە و جاسوسی بۆ نەکردون. پاشان سەبارەت بە خەباتی نەتەوەی کورد کە بزوتنەوە دەستی پێکردبوو، هاتن لە سەر کەسانی وەک ماموٚستا شێخ عێزەدینی حوسێنی کە یەکێک لە ڕێبەرانی ئایینی کۆمەڵگای ئێمە بوو، یان دوکتۆر قاسملوو کە لە هەلومەرجی ئەوکاتەدا خزمەتی گەورەی بە خەباتی نەتەوەکەمان کرد، دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی هێندێک بەڵگە کە یەکێک لە ئەوانە، کاریان بۆ ساواک کردوە. تەنانەت کەسانێک کە ۳۰ ساڵ لە زیندانداببوون وەک "ئەمیر ئینتزام" ئەویشیان بە ساواکی لە قەڵەمدا. ئەوەش دەستپێکێکە بۆ کۆماری ئیسلامی کە دژایەتی ئەوانە بکا کە کاری نەتەوەیی دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش جمهوری ئیسلامی کەڵک لە کەسانی خۆی وەردەگرێ، بەڵام نەتەوەی کورد و خەڵکی ئێران وردە وردە تێگەیشتن کە کۆماری ئیسلامی خۆی بەرنامەی بۆ ئەو کارانە دارشتوە. موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامی کە ڕێکخراوێکی هەرە بەهێزیان بوو و لە سوپادا دەستی دەرۆیشت، قسەکانیان بەهێند نەگرت و بە قەولی کوردەوای "خەنەکەیان ڕەنگی نەما." ئەوان بۆ ئەوەی کارەکەیان پەکی نەکەوێ و

بەرەوپێش بچێ و بەتایبەت کە لە دە پازدە ساڵی ڕابردوودا مەسەلەی نەتەوایەتی کورد زۆر بەرەوپێش چووە و تەنانەت لەو ناوچانەی کە سەردەمێک ناوەندی بەرەوپێشبردنی سیاسەتی شەڕی براکوژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، وەک ئیلام و کرماشان و لوڕستان کە هەوڵیاندەدا ئەوان لە بەرامبەر براکانی خۆیان لە پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ڕاوەستن و شەڕی براکوژی و مەزهەبی هەڵگیرسێنێت، هات حەرەکەتێکی تازەی ئەنجامدا.

هێندێک کەسیان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانیان هەڵبژارد، ئەو کەسانە ئەندامی سوپا نین، بەڵام کەسی بە توانان، ئەوانەی تواناییان هەیە، پێویست ناکا خوێندنی بەرزیان هەبێ، ئەوان دەبێ توانای کاریان هەبێ، جا عیرفانی قانعی فەرد یەکێک لەو کەسانەیە کە توانایی کاری هەیە. عیرفان بۆ ئەو کارەی پێی ئەسپێردراوە، کەسێکی بە توانایە. ئەو کەسە، بە درێژایی چەند ساڵ هەوڵیدا خۆی بناسێنێت، پێوەندی بە حیزبە کوردییەکانەوە گرت. هاتووچۆی مەقەرەکانیانی کرد. ئەو بەبێ یارمەتی حیزبە کوردییەکانی باشوری کوردستان نەیدەتوانی ئەم کارە بکا. بەداخەوە دەبێ بڵێم حیزبەکانی باشوری کوردستانیش لەو پێوەندییەدا نەخشیان هەبوو کە قانعی فەرد بگەیەننە ئەوێ. لەو پێوەندییەدا کاتێک ڕادیۆ "زەمانە" لە لایەن دەوڵەتی هۆلەنداوە ئیزنی پێدرا و کێشە ئابوورییەکەیان چارەسەر کرد، ئێمە لەگەڵ خوالێخۆشبوو "ئەسعەد کەلامی" ڕادیۆی کوردی "ژیار"مان لە ناو ڕادیۆ زەمانەدا، دامەزراند. دوای دامەزراندنی ڕادیۆ ژیار، عیرفانی قانعی فەرد پێوەندی بە ئێمەوە گرت و پیرۆزبایی لێکردین و پێی کارێکی جوان بوو. عیرفان باشی دەزانی کە ڕادیۆ ژیار توانیویەتی لە ماوەیەکی کورتدا لە ناو کۆمەڵگەی کورد و ڕووناکبیرانی کورددا جێی خۆی بکاتەوە و ویستی هاوکاریی ڕادیۆ بکات. گوتم ڕادیۆ ژیار هی کوردانە و هەر کوردێک کە مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بۆ گرینگە، دەتوانێ بێ و لەگەڵ ئێمە کاربکات. قانعی فەرد دوای ماوەیەک هات بۆ هۆلەندا و پێنج شەش ڕۆژ میوانی من بوو. زۆرمان پێکەوە قسەکرد و زۆربەی قسەکانمان لەسەر مافی نەتەوایەتی بوو. لەسەر مەسەلەی غەیرە حیزبییەکان و نەتەوایەتیەکان بیرمان لە یەکتر نزیک بوو، بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەکی کورت زۆر

کەس پێوەندییان بە ئێمەوە گرت و ئاگاداریان کردین کە قانعی فەرد لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نیە و مەسەلەکەی شتێکی ترە و لە داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە.

ئەمنیش وەک ڕۆژنامەنوسێک کە باوەڕم بەوە هەیە کە تا شتێک پێچەوانەکەی نەسەلمێ، نابێ تەنیا بە قسە باوەڕ بکەی. هەموو ئەوانەی لەسەر قانعی فەرد قسەیان دەکرد، پێمدەگوتن ئەگەر بەڵگەتان هەیە، لە خزمەتتان دام و دەتوانم لە ڕادیۆ بۆتان بڵاوبکەمەوە، بەڵام بەبێ بەڵگە ناتوانین ئەم کارە بکەین و ئەگەر وا بکەین وەک کارەکانی جمهوری ئیسلامی لێدێت. شەوێک لە دەوروبەری سەعات ٢٤:٠٠ دا قانعی فەرد تەلەفۆنی بۆم کردم و بە دەنگێک کە دەتگوت گریاوە، گلەیی کرد و گوتی: "نازانم ئەو کوردانە چیان لەمن دەوێ، ئەوان شتیان لەسەر نوسیوم و بێحورمەتییان پێکردوم و پێیان گوتووم جاسوس و گوتویانە ئەمن بەڵگەی خوێندنم نیە و شتی دیکەی لەو بابەتە."

منیش پێمگوت برای ئازیز ئەوان دەڵێن تۆ بڕوانامەی خوێندنت نیە، ئەگەر بڕوانامەت هەیە، ئەگەر بڕوانامەی دوکتۆرات هەیە، بیهێنە. ئەویش بە شەرەفی خۆی سوێند خوارد و گوتی: "ئەمن هەموو بەڵگە و بڕوانامەکانم هەیە." ئەمنیش گوتم ئێستا کەوایە و دەڵێی ئەو بەڵگانەت هەیە، ئەوان کۆپی بکە و بۆم بنێرە، ئەمن بڵاویان دەکەمەوە و دەینێرم بۆ هەموو ڕۆژنامە کوردییەکان. دواتر ئەمن وتارێک دەنوسم و لەودا باسی ئەوە دەکەم کە ئەگەر دەمانهەوێ پێشکەوین و بگەینە دیموکراسی و میدیای ئازاد، باشترە بە شێوەیەکی جوان لەسەر خەڵک شت بنوسین و بەبێ بەڵگە ئەم کارە نەکەین. چەند ساڵێکی پێچوو، جاروبار پێوەندیم بە قانعی فەردەوە دەکرد و وەبیرم دەهێناوە کە تۆ قەرار بوو بەڵگەکانت بۆ من بنێری کە بڵاویان بکەمەوە. قەرار بوو ئەتۆ بیسەلمێنی کە ئەو شتانەی پێتدەڵێن وا نیە، بەڵام ئەتۆ هەر ئەمڕۆ و سبەی دەکەی. ئەوەش بەسەر چوو تا ئێمە لە ڕادیۆ ژیار باسێکمان هەبوو لەسەر کۆماری کوردستان وەک بەڵگەیەکی مێژوویی، وەک بەڵگەی خەباتی مێژوویی نەتەوەی کورد سەبارەت بە کۆماریخوازیی کە لەگەڵ کۆمەڵگەی فارسەکاندا بیهێنینە گۆڕێ. ئەو باسەش لەمێژ بوو بیرمان لێکردبۆوە. ئەمن ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ عیرفان هێنایە گۆڕێ و ئەویش زۆری پێباش

بوو، بەڵام گوتی: "با ناوی کۆماری کوردستان نەبێ، ناوی بنێ تاریک و ڕوونییەکانی کۆماری مهاباد و ئەگەر ئەوە بکەی، ئەمن خەڵکێکی زۆر دەناسم کە پێت بناسێنم بۆ قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە." ئەمنیش ڕاستییەکەی سەرەتا لێی تێنەگەیشتم کە مەبەستی لەو ناوە چیە. ئەمن پێموابوو کە ئەو نییەتێکی باشی بۆ ئەمکارە هەیە و لەسەر کۆماری کوردستان لێکدانەوەی هەیە و ڕەنگە سەبارەت بە دوژمنایەتییەکانی ئەمریکا و ئینگلیز لەگەڵ کۆمار و ئەوەی کە کۆمار نەیتوانیوە لە ناوچەی مهابادەوە تەنانەت بگاتە سنەش، وام لێکدایەوە کە لەبەر ئەم هۆکارانە، ئەو سەردێڕەی هەڵبژاردوە. گوتم قەیدی ناکا، با ناوی، تاریک و ڕوونییەکانی کۆماری مهاباد بێت.)

پرسیار: مەبەستی لە تاریک و ڕوونییەکانی کۆماری کوردستان چ بوو؟

وەڵام: (مەبەستی ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان هێندێک مەسەلەی هەبووە کە ئێمە ئەو مەسەلانە بێنینە بەرباس. پاشان کاتێک کە ئێمە پرسیارەکانمان گەڵاڵە دەکرد، هێندێک پرسیاری هێنا گۆڕێ کە سەرنجڕاکێش بوون. یەکیان باسی ڕۆلی ژەنەراڵ بارزانی بوو. دیارە ئەمن زۆرم پێخۆش بوو کە ئەو باسەی هێنایە گۆڕێ. بەپێی ئەو کتێبانەی کە خوێندومنەوە، ڕۆڵی ژەنەراڵ بارزانی ڕۆڵێکی باشبووە، بەڵام ئەمن نەمزانی ئەو مەبەستی لە پڕڕەنگ کردنەوەی ئەم پرسیارە چیە و ڕەنگە مەبەستی لە تاریک و ڕوونییەکانی کۆماری کوردستان ئەوە بێت کە پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان و یەکێتی سۆڤیەت هێندێک ناڕوونی تێدایە کە پێویستە ڕوون بکرێنەوە. ئێمە چەند وتووێژێکمان سازکرد لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی کورد، لەگەڵ ئاغای ئێنتسار، لەگەڵ کاک جەلیل گادانی و چەند کەسی دیکە. قانعی فەرد هات و دوکتۆر"مورادی" بە من ناساند، مەبەستی ئەو لە دوکتۆر مورادی، دوکتۆر گوڵمراد مورادی نەبوو، بەڵکوو ئەو دوکتۆر مورادییە بوو کە لە فەرەنسە دەژی. من چەند پرسیارێکم بۆ دوکتۆر مورادی نارد و کاتێک وەڵامەکانی ناردەوە، دەرکەوت کە وەڵامەکانی لەق و تەق و بێ دەر و پەیکەرن و هیچ حیساب و کتابێکیان نییە. وەڵامەکانی لە جیاتی ڕوونکردنەوەی

ناڕوونیەکـان، زیـاتر خراپکردنـی کۆمـاری کوردسـتان و قـازی مـحەمەد و ژەنەڕاڵ بـارزانی بـوو. ئـێمەش لەبەر ئەوەی باوەڕمـان بەوە هەیە کە لە نووسـیندا ئەگەر دوژمنەکەشـت قسـەی کـرد و وەڵامیـداوە، دەبـێ بـۆی بڵاوبکەیەوە، ئیزنماندا ئەو قسانەش بڵاوببنەوە و لە ڕادیـۆ زەمـانە و لە ڕادیۆ ژیاریش قسەکانی بڵاوکرانەوە.

مـاوەیەک بەسـەر چـوو هەتـا قـانعی فەرد خـۆی ویسـتی لە ئەمریکـاوە وتووێژمـان لەگەڵ بکـات. پێوەنـدیم لەگەڵ گـرت و پێمگـوت ئێسـتا کە دەتهەوێ وتووێژ بکەی، فەرموو ئێمە ئامادەین. لە ستودیۆی ڕادیۆ زەمانە تەلەفۆنمان بۆ کرد و هاوکات ئەمن و کاک ئەسعەد وتووێژمان لەگەڵ کرد. وتووێژەکە دوورو درێژ بوو، زیاتر لە کاتژمێرونیوێکی گرت. لە قسـەکانیدا لە وەڵامـی هەر پرسـیارێکی منـدا، ئەو دەگەڕایەوە سـەر باسـی قـازی محەمەد و ژەنەڕاڵ بارزانی و بەڵگەکانیشـی هەمووی ئەو بەڵگـانە بـوون کە لە ساواک، یان لە ڕێکخراوە سیخوڕییەکانی دیکە جیهان دەرچوو بوون. هەمـوو قسەکەشـی ئەوە بـوو کە قـازی مـحەمەد مەلایەکـی سـاویلکەی نەخوێنـدەوار بـووە کە ڕێکخـراوە سـیخوڕییەکانی جیهـان کەلکیـان لێوەرگرتـووە و جەنـابی مەلا مستەفا بـارزانیش قـاتڵی قـازی مـحەمەدە! دەیگوت جەنابی ژەنەڕاڵ بارزانی نەک یارمەتی قازی محەمەدی نەداوە، بگـرە دەستی لە کاسەی ساواکدابووە و قـاتڵی قـازی مـحەمەدە. دەیگـوت مەسـەلەی بـارزانی مەسـەلەی نەتەوایەتـی نەبـووە و پێـی ئەسـپێردراوە قازی محەمەد بکوژێ. لە کۆتایی وتووێژەکە لێمپرسی ئیدی قسەی دیکەت نیە، گوتی نا.

پێمکوت ئەمن لە ئارشیوی ڕادیـۆ زەمـانە، "کە بەداخەوە ڕادیـۆ زەمـانە ئەو بەڵگـانەی فەوتانـد" ئەو قسـانەی تـۆ ڕادەگـرم تـا ئەوکـاتەی جەنابـت هەمـوو ئەو بەڵگـانەی کە باسـت کـردن، بۆمـانی دەنێـرێ لەسـەر خەرجـی ئێمە و ئێمە کە چاومان پێیان بکەوێ، بۆت بڵاودەکەینەوە. دوای بیستنی ئەو قسانە توڕە بوو. گوتـی: "تا تۆ دەبـێ ئەو قسـانە بڵاوبکەیەوە، مەگەر ئەتۆ ڕۆژنـامەنوس نـی؟" لە وەڵامـدا پێمگـوت ٩٩%ی ئەو قسـانەت درۆیـە و تەنیـا ١%ی ڕاستە، ئەمـن چـۆن وەک ڕۆژنـامەنوسێک ئەمـانە بـێ بەڵـگە بڵاوبکەمەوە؟ ئەتۆ لە بارەی مێژووی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی درۆ دەکەی و مـن نـاتوانم ئەو درۆیـانەت بڵاوبـکەمەوە، مەگەر بەڵگەکانـت بنێـری،

تەنانەت بۆشت وەردەگێڕینەوە سەر زمانی فارسی، بەڵام تا بەڵگەکانت نەنێری، ئێمە بڵاوی ناکەینەوە.

پێمگوت ڕادیۆ ژیار لەناو ڕادیۆ زەمانەدا بەبێ یارمەتی ئابووریی کاردەکات. ئەوانەی ڕادیۆ زەمانە هەموویان پارە وەردەگرن، بەڵام ئێمە لەبەر هەستی نەتەوایەتی کاردەکەین. تۆ ئەگەر قایل نیت برۆ لەگەڵ بەرپرسی ڕادیۆ زەمانە قسە بکە، ئێمە فەرمان لە ڕادیۆ زەمانە وەرناگرین. ئەوان تەنیا جێیان داوە بە ئێمە، دەنا ئێمە لە کارەکانماندا سەربەخۆین. قانعی فەرد قسەی لەگەڵ بەرپرسی ڕادیۆ زەمانە کرد و هیچی پێنەکرا. تەنیا توانی ئەوە بکا کە بە بەرپرسی ڕادیۆ زەمانە بڵێ کە ئەو باسانەی "ئەسکەندەری" کردونی هەمووی "تەجزیە تەڵەبییە" و ئەوانیش بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە لەمەوبەدوا هەرشتێک لە ڕادیۆ ژیار بڵاوبێتەوە، دەبێ بە زمانی فارسی بینێرن بۆ ئێمە تا چاوی لێبکەین و دوایە ئەگەر پێمان باشبوو، بڵاوی بکەنەوە. هەروەها دەوڵەتی هۆڵەندیش دژی ڕادیۆ ژیار ڕاوەستا و ئێمەش ئەوەمان بە سانسۆر زانی و ویستی ئەوانمان بەجێنەگەیاند و لە ئەنجامدا ڕادیۆ ژیار داخرا. سەرەڕای ئەوەش ئەمن هەر چاوەڕێی ناردنی بەڵگەکانی قانعی فەرد بووم، ڕۆژ و مانگ تێپەڕین و هیچ سۆراغێک لە بەڵگەکان نەبوو. دوو سێ مانگ بەسەردا تێپەڕین.)

پرسیار: دەکرێ هەندێک دەربارەی وەرگێڕانی کتێبی "دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی" و پێوەندیی ئێوە بە وەرگێڕانی ئەو کتێبە بە زمانی کوردیی بۆ خوێنەران بدوێی؟

وەڵام: (ڕۆژێک قانعی فەرد پێوەندی بە منەوە کرد و گوتی: "کتێبی ٦٠ ساڵ ژیانی جەلال تالەبانیم بە فارسی نوسیوە، کەسێکم بۆ بدۆزەوە بۆم بکا بە کوردی سۆرانی." منیش لەگەڵ کاک ئەسعەد قسەم کرد، چونکە کاک ئەسعەد پێشتر کتێبەکانی عەبدوڵلا ئۆجەلانی کردبوونە کوردی سۆرانی و فارسی. ئەویش گوتی: "دەتوانم وەریگێرمەوە سەر کوردی سۆرانی." لەگەڵ قانعی فەرد ڕێککەوتین کاک ئەسعەد سەلامی بە شەش هەزار دۆلار کتێبی مام جەلال وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، نەک هەر

شەش هەزارەکەی نەدایە، تەنیا دوو هەزاری دایە و ئەویتری لێخوارد. دوای چەند مانگ کاک ئەسعەد سەلامی پێیگوتم وەرگێڕانی کتێبەکە تەواو بووە، بەڵام ئەو کتێبە ئەگەر کوردییەکەی بڵاوبێتەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی پارتی و یەکێتی. پرسیم بۆ؟ گوتی: "ئەتۆ نازانی ئەو قانعی فەردە چی نوسیوە لەو کتێبەدا." ئەودەم هێشتا کتێبە فارسییەکەی شەست ساڵ ژیانی مام جەلال بە فارسی چاپ نەببوو، هەر بە شێوەی کۆپی ئامادە ببوو و بەشبەش بە ئیمەیل بۆ کاک ئەسعەدی دەنارد. دواى ماوەیەک کە بۆ دۆستانی یەکێتی نیشتمانی ناردبوو، نیزیکەی ٢٠-٣٠ لاپەڕەیان لێ دەرهاویشبوو. قانعی فەرد سەرلەنوێ ئەوانی بۆ کاک ئەسعەد ناردەوە کە بیانگۆڕێت. واتە ئەو وشە و ڕەستانە بگۆڕێ. لە کاک ئەسعەدم پرسی ئەو وشانە چین کە دەبێ بیانگۆڕی؟ گوتی: "لەو جێیانەی باسی پارتی و مەلا مستەفا بارزانی و مەسعود بارزانی دەکات." گوتم بۆ ئەتۆ ژیاننامەی مەلا مستەفا تەرجومە دەکەیەوە یان هی مام جەلال؟ گوتی: "نا ئەوەی لە فارسییەکەیدایە لەگەڵ ئەوەی لەو فارسییەی لای منە جیاوازی هەیە." هەرچۆنێک بێ ئەو ٢٠-٣٠ لاپەڕەیەشی چاک کرد و بۆی ناردەوە، تا دوای ماوەیەک دیسان ١٠-١٥ لاپەڕەی دیکەشی ناردبوو کە ئەوانیش بگۆڕێت. کاک ئەسعەد هاتە لای من گوتی من ئیدی ئەوکارە ناکەم، ئەو کابرایە "قانعی فەرد" خۆ هیچ پوولێکم ناداتێ. کاک ئەسعەد پێوەندی بە نازم عومەرەوە گرت و پێوەندی بە کاک کەمال فوادەوە گرت لێی پرسیبوون کە ئێوە قەرار بوو چەندە بدەن بە من کە ئەو کتێبە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی؟ پێیانگوتبوو، ٦ هەزار دۆلار. گوتبووی ئەمن ٢٠٠٠ دۆلارم وەرگرتووە و هەر جارەش ٢٠-٣٠ لاپەڕەم بۆ دەنێرێت کە بیانگۆڕم و ئەمنیش نازانم، چیبکەم، ئەوە چۆن کارێکە؟)

پرسیار: چارەنوسی وەرگێڕانی کتێبەکە بەکوێ گەیشت؟

وەڵام: (کتێبەکە تەرجەمە بۆوە، بەڵام چونکە چەند جار ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و پاشان مەبەست لە نوسینی کتێبەکە نەک ژیاننامەی مام جەلال، بەڵکوو شیواندنی ژیانی کەسانی دیکەی وەک ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بوو، ئیدی بلاونەکرایەوە، ئەگەرنا تەرجەمەکەی تەواو ببوو،

بەڵام بەداخەوە دواتر کاک ئەسعەد جەڵتەی دڵ لێیدا و کۆچی دوایی کرد، دەنا کتێبەکە ئامادە بوو بۆ چاپ، ئەو پێیوابوو ئەو کتێبە شەڕی براکوژی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە چاپی نەکرد.)

پرسیار: مەبەستی کۆماری ئیسلامی لەو کارانەی چییە کە بە دەست قانعی فەرد دەیکات؟

وەڵام: (ئەمن پێموایە لە دە پازدە ساڵ لەمەوبەرەوە، لە پارێزگاکانی باشوری کوردستان وەک کرماشان و ئیلام و لوڕستان، هەستی نەتەوایەتی گەشەی کردوە و خۆشەویستی مەلا مستەفا لە نێو کوردە شێعەکاندا پەرەی ئەستاندوە و لەوێش خەریکە وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان خەڵک لە ڕیشەی خۆی دەکۆڵێتەوە و لە هەوڵی زیندووکردنەوەی ڕابردووی خۆیاندان. هەر لە پارێزگاکانی خواروو، خەڵک خەریکی لێکۆڵینەوە لە سەر "قەدەم خێر" و "شامگە ڕەزاخان"، یان "شا محەمەد یاری"ن، کۆماری ئیسلامی پێی ناخۆشە و هەست بە مەترسی دەکا. ئێستا قازی محەمەد، بارزانی، قاسملوو و شەهیدانی دیکەی کورد، شوێنی خۆیان لەنێو دڵی خەڵکدا هەیە. هەروەها خەڵک خوازیارن کورد یەک بگرێت و لە ڕێگای ئەم سیمبولانەوە باشتر هەستی نەتەوایەتی لێک نزیک دەبێتەوە. بۆ پێشگرتن لەو پەرەساندنی هەستی نەتەوایەتی، کۆماری ئیسلامی باشترین کاری ئەوەیە کە بە هۆی کەسانی بەرواڵەت کوردەوە و بە یارمەتی بەڵگەی ڕێکخراوە سیخوڕییەکانەوە، بیری ئەو خەڵکە بشێوێنێت و خەڵک توشی سەرلێشێواوی و ناهومێدی بکات. ئەوەش بووەتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕژێم. بۆ نمونە نوسەری کتێبی"بزوتنەوەی شا محەمەد یاری" کە ئەو شامحەمەدی یارییەی، خەڵک ئەو دروشمەیان بۆ دەدا: "هەنار لە باخان بڵو، شامگەل ڕەزا خان بڵو"، هەموو ئیلامی داگرت و تا "ڕنویش" هات، بەڵام بەداخەوە دیسان بە هۆی شەڕی تایفەیی و عەشیرەتی نێوخۆیی توشی شکست هات و ڕەزا شا توانی بەسەریدا زاڵ بێتەوە. نوسەری ئەو کتێبە دەڵێ: "ئەمن هەوڵمدا کە بەڵگەکانی ئەم ڕاپەڕینە کە لە وەزارەتی دەرەوە و هەروەها پارێزگاکاندا هەیە، بۆ نوسینی کتێبێکی جێی باوەڕ کەڵکوەرگرم." ئەو دەڵێ: "زۆرم هەوڵدا هێشتا

نەمتوانی دەستم بە هێندێک بەڵگەی نهێنی ئەو ڕاپەڕینە ڕابگا، تەنیا هێندێکی کەمم گیرکەوت کە لە زەمانی ڕەزا شادا ڕوویداوە و ناوچەیی بووە، بەڵام ئاغای قانعی فەرد دەتوانێ دەستی بەسەر زۆر بەڵگەی کۆن و نوێ بگات و هیچ بەربەستێکی لەبەر نەبێت."

هەروەها قانعی فەرد هیچکام لەو بەڵگانەی باسیان دەکا، تەنانەت کۆپییەکیشی لێیان نیە. سەبارەت بە دوکتوراکەشی، ئەمن کاتێک بۆم دەرکەوت کە قانعی فەرد مەبەستی خۆ دەرخستنە و مەسەلەی نەتەوەیی بۆ گرینگ نیە و کەڵکی نابەجێ لە ئیمکاناتی ڕووناکبیری کورد وەردەگرێ، بیرم لێکردەوە کە لێی بکۆڵمەوە، هەر بۆیە تەلەفۆنم بۆ ئاغای دوکتور ئێنتسار کرد بۆ پێکهێنانی وتووێژێک لەگەڵیان. دوای وتووێژەکە پێمگوت ئاغای ئێنتسار دوو پرسیارم هەیە کە پێوەندیان بە وتووێژەکەمانەوە نیە، بەڵام پێمخۆشە لە جەنابت بپرسم. گوتی: فەرمود، گوتم ئاغای قانعی فەرد دەڵێ، ئەو لە دانیشگای" ئالاباما" مێژووی خوێندوە و ئاغای نادر ئێنتساریش مامۆستای بووە. ئاغای ئێنتسار گوتی: "قانعی فەرد قەت لە دانیشگای ئالاباما نەبووە و ئەمنیش قەت مامۆستای نەبووم. تەنیا پێوەندیی ئەمن و قانعی فەرد ئەوەیە کە ئەو کتێبێکی منی وەرگێڕاوە. پرسی دووهەم پرسیارت چیە؟"

گوتم ئەو کتێبەی جەنابت کە قانعی فەرد وەریگێڕاوەتەوە پێشتر لە لایەن کوردێکەوە بە ناوی "بلخکانلو" لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا وەرگێڕدراوەتەوە، بەڵام قانعی فەرد هێناویە هێندێک دەستکاری کردوە و بەناوی خۆی بڵاوی کردوەتەوە. ئاغای ئێنتسار گوتی: "ڕاستییەکەی ئەوەیە پێش ئەوەی قانعی فەرد ئەو کتێبەی من وەرگێڕێت، کەسێک بە ناوی بلخکانلو ئیزنی وەرگێڕانی کتێبەکەی لە من خواست، بەڵام دواتر هیچ خەبەری نەبوو."

ئەمن هەتا قسەم لەگەڵ ئاغای ئێنتسار نەکردبوو، بەڕاست پێموابوو دوکتۆرای هەیە، هەرچەند بڕوانامە گرینگ نیە، گرینگ ئینسانییەتە، بەڵام ئەمن پێشتر زۆرم دیفاع لە قانعی فەرد کردبوو کە دوکتورای هەیە .

دوو ڕۆژ دوای ئەو قسانەی من لەگەڵ ئاغای ئێنتسار، قانعی فەرد تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی: "تۆ بۆچی لەسەر من دەکۆڵییەوە؟" گوتم زیاتر لە ساڵێکە بەڵێنت بەمن داوە، بڕوانامەکەتم بۆ بنێری بەڵام هەرخۆتی لێ

دەبوێری و منیش بۆ ئەوەی لەسەر تۆ شتم باسکردوە و دیفاعم لێت کردوە، بۆ ئەوەی لای خەڵک بەدرۆ نەکەومەوە دەبێ ئەمکارە بکەم. گوتی: "تۆ چکارەی لە من دەکۆڵییەوە؟" گوتم پێوەندی بە منەوە نیە، بەڵام ئەو هەمووە درۆیەی کە تۆ کردوتە، ئەگەر لێت نەکۆڵمەوە، پێی منیش دەگرێتەوە. گوتم تۆ بۆچی لەسەر هەبوونی دوکتۆراکەت درۆت کردوە، شەرم ناکەی؟ گوتی: "ئەو ڕۆژەی تۆ تەلەفۆنت بۆ دوکتور ئننتسار کرد، من لەوێ بووم." قانعی فەرد هەر ئەودەمیش درۆی کرد، چونکە ئەمن کە قسەم لەگەل ئننتسار کرد ئەو بە تەنیا بوو. بۆخۆی گوتی: "ئەوە لە ژورێکی دانیشگایە و لەوێڕا وتووێژەکەمان کرد.")

## نەجمەدین غوڵامی



نەجمەدین غوڵامی ساڵی١٩٥٨ لە گەڕەکی "گوڵشەن"ی شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٧٣وە تێکەڵاوی هونەری گۆرانیی کوردیی بووە و تا ئێستا نزیکەی ٤٠٠- ٤٥٠ گۆرانی تۆمارکراوی هەیە. لە ساڵی ١٩٧٧وە بەرەو کاری سیاسیی کێشی پەیداکردوە و دواتر بووەتە ئەندام لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دا و ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ "شەرافەت" خانی هاوسەری ڕووی لە چیا کردوەو تا ساڵی ١٩٨٨ لە ڕیزی کۆمەڵەدا چالاکبووە. لەو ساڵەدا ڕووی لە دەرەوەی وڵات کردوە و ئێستا لە سوید دەژی و وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ هاوکات لەگەڵ کاروباری هونەریی و کاری بێژەرییش بۆ تەلەڤزیۆنی ڕۆژهەڵات دەکات. کاک نەجمەدین لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو جۆرێک دوژمنایەتی کورد و بەتایبەت کوردەکانی باشوری کوردستان دەکات و دەیەوێت ئەزموونی باشوری کوردستان بشێوێنێت. ژمارەیەک مەلا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی هێرش دەبەنە سەر ئەزموونی باشوری کوردستان و قەڵەم بەدەستانی سەربە ئیتلاعاتی سوپای پاسداران بە نوسین و بە وتوویژی کردنی جۆراوجۆر خەریکن ئەو سیاسەتە بەڕێوەدەبەن. ئێوە ئەو دوژمنکارییەی کۆماری ئیسلامی چۆن دەبینن؟ گوتی:

**وەڵام: (کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەستی هەیە لە حکومەتی ناوەندیی بەغدادا و بە بەردەوامی خەریکی پیلانگێڕانە بە دژی نەتەوەی کورد کە نەهێڵێت ئەزمونی باشوری کوردستان سەرکەوێت. چونکە باشوری کوردستان جگەلە دەستەبەرکردنی ئازادیی بۆ کوردەکانی ئەو بەشە، بووەتە هیوا و سەرپەنایەک بۆ کوردی پارچەکانی تری کوردستان و کار و**

خوێندنی بۆ هەمووان ڕەخساندوە. کۆماری ئیسلامی چاوی بەو ئەزموونە و خزمەتەکانی هەڵنایەت و ناتوانێ قەبووڵ بکات کە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندنی جۆراوجۆری لەو بەشەی کوردستاندا چالاکن و باس لە هوشیاریی نەتەوەیی دەکەن. ئەو بڵاوکراوانەی باشوری کوردستان بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لەسەر بەشەکانی تری کوردستان. بۆ نمونە ئەمساڵ نەورۆز کە من لە کوردستان بووم، جگەلەو کوردانەی کە لە پارچەکانی ترەوە هاتوون و لە باشور دەژین، نزیکەی هەشتا هەزار گەشتیاریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون بۆ باشور.

ئەو نەورۆزە شکۆدارەی ئەم ساڵ کە لە هەولێر و لە شەقامی سالم لە سلێمانی پیرۆزکرا و زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بەشداریان تێداکرد، بە شێوەی ڕاستەخۆ کاریگەریی لەسەر هەستی نەتەوایەتی کوردی پارچەکانی تر دانا. بێگومان ئەو هەڵوێستە نەتەوەییە، کۆماری ئیسلامی خۆشحاڵ ناکات و چاوی کاربەدەستانی بەو هەمووە پێشکەوتنە هەڵنایەت. بەتایبەت نەورۆزی ئەمساڵ لە هەموو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەنگ و بۆنی نەتەوەیی هەبوو. لە باکوری کوردستان سەرەڕای دەستێوردانی پۆلیس، نزیکەی یەک ملیۆن هاتنە سەر جادە و جارێکی تر بە داگیرکەرانی کوردستانیان گوت کە میللەتی کورد، یەک نەتەوە و کوردستانیش یەک پارچەیە.

لە سەرەتای دروستبوونی هەرێمی کوردستانەوە، کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی خەریکی پیلانگێڕیی بووە. ئێمە بینیمان چۆن بە دژی ئەزموونی باشوری کوردستان یارمەتی جوندلیسلامی لە تاوانی "خێڵی حەمە"دا. دواتریش کە ئەمریکا لە جوندلئیسلامی دا، کۆماری ئیسلامی پەنای پێدان و هەتا ئێستاش یارمەتیان دەدات و ناوە ناوە ڕەوانەی باشوری کوردستانیان دەکات بۆ کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی. جگەلەوە، لەناو دەرمان و خواردنی بەسەرچوودا، مادەی هۆشبەر ڕەوانە دەکات و دەیەوێت لاوانی کورد گیرۆدە بکات و لەو ڕێیەشەوە کێشە بۆ باشوری کوردستان دروست دەکات و لە ڕاستیدا ئەو کارانەی کۆماری ئیسلامی بە بەرنامە بەڕێوە دەچن و لە هیچ کەسێک شاراوە نین.)


پرسیار: کۆماری ئیسلامی بۆچی دژایەتی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی دەکات و دەیەوێ مێژووی ڕووداوەکانی کوردستان بشێوێنێت و سیمای ئەو سەرکردەیەمان ناحەز بکات؟

وەڵام: (هەروەکوو گوتم، کۆماری ئیسلامی چاوی بە هیچ دەسکەوتێکی باشووری کوردستان هەڵنایەت، لەبەر ئەوە دژایەتی سەرکردەکانی و پێشەوا قازی محەمەد و مستەفا بارزانی دەکات کە سیمبولی نەتەوەیی کوردستانن. مستەفا بارزانی کە بە ساڵان بۆ بەرژەوەندیی کورد خەباتی کردوە و ئێستاش بیر و ڕێبازی بارزانی بە بەردەوامی لە تێکۆشاندایە و خزمەتی نەتەوەی کورد دەکات و هیچ کاتێک سەریان بۆ داگیرکەرانی کوردستان دانەنواندوە. بێگومان کۆماری ئیسلامی بە دژیان دەوەستێت و بە ڕێگای کەسانی جاش قەڵەم ، مەلای خۆفرۆش و نوسینی وتار و کتێب و ڕاگەیاندنی خۆیەوە، دژایەتی ئەو سەرکردە نەتەوەییانە دەکات. خۆشبەختانە کورد، کۆماری ئیسلامی باش ناسیوە و ڕۆژانە تاوانەکانیان بە چاو دەبینن و ئەم دەهۆڵانەی کۆماری ئیسلامی دەنگی نییە.)

پرسیار: ڕۆڵی عیرفان قانعی فەرد لەو شێواندنەدا چییە؟

وەڵام: (تا ئەو جێیەی من نوسینەکانی قانعی فەردم خوێندوەتەوە، بۆم دەرکەوتووە ناوبراو پیاوی کۆماری ئیسلامییە و هاوکاری سوپای پاسداران و موحسین ڕەزایی دەکات. قانعی فەرد کەسێکە کە ڕۆژانە تاوان و جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە چاوی خۆی دەبینێ و دەزانێت کۆماری ئیسلامی ئێران جگەلە گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدامی ڕۆڵەکانمان، بە بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکانیش، دەستی بە ژنوسایدێکی ترسناکی ڕۆڵەکانی کورد کردوە و ئەگەر ئەم کەسە ویژدانی هەبێت، بۆ جارێکیش لە نوسینەکانیدا پەنجە بۆ ئەو هەموو تاوانانەی کۆماری ئیسلامی ڕادەکێشێ کە تا ئێستا یەک وشەی لەو بارەیەوە نەنوسیوە و ئەرکی پێسپێردراوی دژایەتی کردنی نەتەوەی کوردە. ئەمە زۆر ڕوونە کە قانعی فەرد پیاوی کۆماری ئیسلامییە و ئەوەش لە هەموو نوسین و وتووێژەکانیدا دەبیندرێت.)

## ناسر ڕەزازی



ناسر ڕەزازی هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناسراوی کوردستان ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. هەتا ئێستا زیاتر لە ٦٠٠ گۆرانی و سروودی تۆمارکردوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری سنە تەواو کردووە و بە مامۆستای خوێندنگەی گوندی "بزان" لە نێوان سنە و مەریوان وەرگیراوە، بەڵام بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران نەیتوانیوە لەو بوارەدا خزمەت بە مناڵانی کورد بکات. لە ساڵی ١٩٧٨ وە لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاری هونەری، تێکەڵاوی خەباتی سیاسی بووە و پشتیوانی لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کردووە و لە ساڵی ١٩٧٩وە، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە. وەک خۆی دەڵێت لەناو کۆمەڵەشدا هەڵگری بیروباوەڕی کوردستانی بووە. ساڵی ١٩٨٥ کۆمەڵەی بەجێهشتووە و لە سوید نیشتەجێ بووە و ئێستا لە باشووری کوردستان و لە شارۆچکەی دوکان نیشتەجێیە.

ناسر ڕەزازی جگە لە کاری هونەری، کەسێکی دەست ڕەنگینە و تا ئێستا چوار کتێبی نووسیوە کە لە وڵاتی سوید بڵاوکراونەتەوە. ناسر دەڵێت: من هەمیشە گوتوومە خۆم بە گۆرانیبێژێکی کورد دەزانم و لەوە زیاتر خۆم بە هیچ شتێکیتر نەزانیوە و ئاوات و ئارەزووشم ڕزگاریی کوردستانە و هەتا ئێستا ئەوەی لە دەستم هاتبێ بە گۆرانی بۆ نەتەوەکەم کردوومە و تا ماویشم هەر ئەوە دەکەم و لە ڕیزی خەبات و شۆڕشی نەتەوەکەمدام. دژی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردی نیم و دەزانم هەموو بۆ کوردستان خەباتیان کردووە و ئەگەر هەڵەیەکیشیان کردبێت، ئەوانیش وەکوو من و تۆ ئینسانن. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: ماوەیەکە کۆماری ئیسلامی خەریکی چەواشەکردنی مێژووی کورد و ناشیرینکردنی سەرکردە و


هێماکـانـی کـوردە و لــە مزگـەوتـی گونـدەکـان و هـەنـدێک لـە شـارەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان، بەهۆی ژمارەیەک کەسی لاواز و مـەلای بەکرێگیراو، هێرش دەکاتـە سـەر ئـەزموونی باشوری کوردستان، هـەروەها بـە نووسین هێرش دەکـەنـە سـەر پێشـەوا قـازیی محـەمـەد و مـەلا مستـەفـای بـارزانی و مێژووی کوردستان چەواشە دەکەن، هۆی ئـەو چـەواشـەکارییـەی ئیتلاعـاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە چیدا دەبینن؟

وەڵام: (کۆمـاری ئیسلامی، یـەکـەمجـاری نییـە کـە هێرش دەکاتـە سـەر ڕێبـەران و کـەسـایـەتییـە کـوردەکـان و مرۆڤـە نـاودارەکـانی کـورد، ئـەم پیلانانە، تەنیا بۆ شکاندن و ناوزڕاندنی ئەو کەسانەیە کە جێگە دەستیان لە بەرەوپێشبردنی خـەبـات و زمـان و هونـەری کوردیـدا دیـارەو خزمـەتـی نـەتـەوەکـەیـان کـردووە و لـەنـاو خـەڵکـی خۆیانـدا خۆشـەویستن، دیـارە هـەنـدێکێش لـەو کـەسـانە بوونـەتـە کاریزمـا و دوژمنـان و داگیرکـەرانـی کوردستان چاویان هـەڵنایـە بیـانبینن. کۆمـاری ئیسلامی گـەیشتووەتـە ئاستێک کە بارودۆخی دەسەڵاتەکـەی و نـاوخۆی وڵاتـەکـەشی زۆر خراپـە، نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکوو لە هـەموو جیهانـدا پێگـەیـان لەقە و لـە لوتکـەی شکستدان، لـە هـەنـاردە کردنـی شۆڕشـی ئیسلامی بـۆ وڵاتـانـی دنیـا شکستیان خـواردووە. دەزانـن دۆزی کـورد لــە دۆزی مـافـی مرۆڤـەوە بـووە بـە دۆزێکـی سیاسـی و کـورد گـەیشتوە بـە بـەشـێک لــە ئاواتـەکـانی. لـەم پارچـەیـەدا بە لایەنـی کـەم دەسـەڵاتێکـی داڵۆسکەی دروستکردووە و وردە وردە خـەریکـە بـەرەو دەوڵـەت هـەنگـاو دەنـێ. لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی دەیەوێت بەهەر نرخێک بێت، لە ناوزڕاندنی ڕێبەرانی کوردەوە بگرە تـا درۆهـەڵبەستن بـۆ ڕێبەرانمـان بەتـایبەت بـۆ پێشەوا قازیی محەمەد و مستەفا بارزانی، نەهێڵن ئەم پارچەیـە گـەشـە بکات و لە سەرووی هەمووشیانەوە، نەهێڵن کورد بە ئاواتەکانی بگات. من لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکـەی لـێ نـابینم. بـەڵام ئـەوە لێرەدا ئـەرک و بەرکی سەرشانی ئێمەیە، بەرامبەر بەو پیلانانەی کۆماری ئیسلامی ڕابین و بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکلانیان خەبات بکەین و لە هیچ تێکۆشانێک کۆتایی نەکەین و وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی لە پرسگرێکە بڕوانین.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سی و دوو ساڵی ڕابردوودا، بە ناوی ئیسلام و لەژێر ئاڵای ئەو ئایینەدا خەیانەت و تاوان نەماوە بیکەن، دەستیان بە خوێنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد سوورە و شار و دیهات و ماڵ و داژدە و کێڵگە و زەوی و زاری خەڵکیان سووتاندووە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گوێ بە دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان نادەن و لەهەر شوێنێک بەپێویستی بزانن ژەهری خۆیان دەڕێژن، لە دانیشتن و پەیوەندی دیپلۆماسیدا بوو کە دوکتۆر قاسملوویان کوشت و لە هیچ بوارێکدا جێی بڕواپێکردن نین. ئێران بەمەبەستی شەڕفرۆشتن بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند ساڵە دێهاتەکانی سەر سنوورە دەستکردەکەی نێوان خۆی و عێراق تۆپباران دەکا و بەسەدان ئینسانی بێگوناهی لەم ناوچەیەدا کوشتووە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خەریکی ئاژاوەنانەوەن، دەست لەکار و باری وڵاتانی دراوسێ، لەوانە عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەردەدەن، بەشداری ڕاستەوخۆی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە کوشتار و قەلاچۆکردنی خەڵکی بێگوناهی ناو شار و شارۆچکەکانی سووریە نموونەیەکی تری ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی و دژبە کوردەی ئەوانە. کۆماری ئیسلامی بەشەڕ و کێشە و دووبەرەکی نانەوە لەناو خەڵکدا ژیاوە و بۆ تێکدانی یەکیەتی ڕیزەکانی خەڵک و بە تایبەتی سازکردنی کێشە و کەلێن سازکردن و دووبەرەکی لەناو ڕیزەکانی نەتەوەی کورددا، زۆر زیرەکانە لە پلوپای داڕشتنی پیلانە، دەیەوێت کورد لێک بکا و بە شەڕیان بدا. حکوومەتی هەریمی کوردستان دەبێ تێبکۆشێ ئەو کەلێنە نەهێڵێ. حکوومەتی باشووری کوردستان هەلێکی گەورەیە بۆ کورد ڕەخساوە، بەرنامەی ئێران ئەوەیە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئەو حکوومەتە تێک بدات. ئێمەی کورد لەهەر شوێنێک هەین لە ناوەوە، یان لە دەرەوەی وڵات دەبێ تێ بکۆشین و ئەوەمان لەبەرچاو بێ حکوومەتەکەمان بپارێزین. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ کورد لێک داببڕێ و لاوازی بکا و ئێمەی کوردیش دەبێ نەهێڵین وەکوو ڕابردوو پشتمان بشکێنن. کۆماری ئیسلامی دوژمنی کوردە، ٣٢ ساڵە بە بیانووی جیاواز لە ئێران کورد دەکوژێ، لە دەرەوەی ئێرانیش بەدەست بەکرێگیراوەکانی خەریکی دەستتێوەردان و ئاژاوەگێری و سازکردنی دووبەرەکی و تیرۆرە. بۆمبی پاکەتی بۆ

خەباتکاران دەنێرن و خواردنیان لێ ژەهراوی دەکەن و مادەی هۆشبەر و نەخۆشی ئایدزیان لە ناودا بڵاودەکاتەوە. بە جاسوس و پیاوخراپ و هەڕەشەی کوشتن و بەدناو کردن و پێدزەکردن بۆ ناو ڕێکخراوە سیاسییەکان و کڕینی کەسانی لاواز، دەیانشکێنێ.

کۆماری ئیسلامی لە هەموو شوێنێک تەنانەت لە ئەوروپاش خەریکی پیلانگێڕان و تیرۆری ڕۆڵەکانی گەلەکەمانە، بۆ ئەوەش دەیان بەڵگەی وەک میکۆنۆس هەیە، ئەمن دڵنیام کە سەرکردەکانی کورد لە باشووری کوردستان بەو تاوانانەی کۆماری ئیسلامی دەزانن و تێ دەگەن کە کۆماری ئیسلامی دوژمنی سەرەکی کوردە و بۆ لەناوبردنی ئەو نەتەوەیە کۆتایی ناکات.




داگیرکەرانی کوردستان زۆر لەمێژە بە زنجیرە کار بۆ ئەوە دەکەن کە هەستی نەتەوەیی کورد لەناو کورددا نەهێڵن، تێ دەکۆشن بڵێن بەهۆی کارتێکەری فەرهەنگی فارس، عەرەب و تورک لە سەر کورد، گەلی کورد بووەتە چەند نەتەوەی جیاواز، تەنانەت لە پلوپای ئەوەدان لە ڕێگای شێوەزارەکانی زمانی کوردییەوە دووبەرەکیمان تێدا دروست بکەن، تێ دەکۆشن ناسنامەی نەتە وەیی کورد بسڕنەوە، تێ دەکۆشن کورد لەبەر چاوی یەکتر سووک بکەن، داگیرکەرانی کوردستان، چاوی دیتنی سەرکەوتنی کوردیان نییە، چاوی دیتنی ئالای کوردستانیان نییە، کورد پێویستە بە یەکڕیزی وەڵامی بەکرێگیراوان بداتەوە.)

پرسیار: ئەمانەی باست لێکردن پێوەندیان بە بارودۆخی ئێستاوە هەیە، ئەی ئەمانەی کۆن، خۆ کۆماری کورستان نەماوە، خۆ پێشەوا قازیی

محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی نەماون، ئەی بۆچی هێرش دەکەنە سەر ئەو هێمایانەی کورد؟

وەڵام: (ئەم ڕووداوانە لە سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرنەکەوتوون، هەر لە کۆنەوە، دوژمنانی ئێمە ویستوویانە هێرش بەرنە سەر رابردوو و مێژووی بزووتنەوەکانی کوردستان و بە دەستکردی بێگانەی بزانن. دەیانەوێ بیسەلمێنن کە لە رابردوودا سەرکردە و شۆڕشەکانیان زیانیان بە کورد گەیاندوە. کەوابوو خەبات و تێکۆشانی ئەمانەی ئێستاش ڕەنگدانەوەی ئەوانی ڕابردوون و بێسوودن و بەهیچ سەرکەوتنێک ناگەن. لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی مادەکان بە دەستی خاڵۆزاکانی خۆیان واتە هەخامەنشییەکان، ئەم کێشە و گێرەگەلە لە گۆڕێدا بوونە. زۆربەی هەرە زۆری سەرۆک و سەرکردەکانی کوردیان فریو داوە و تەنانەت وەکوو موسوڵمانیش بەڵێنیان پێداون کە ئێمە هاوئۆلین و هەردووکمان موسوڵمانین و پشتی قورئانیان بۆ واژۆ کردوون و لەداویان خستوون و بە فێڵ و تەڵەکە لەناویان بردوون، ئێران یەکێک لە سەرەکیترین دوژمنانی نەتەوەی کوردە و نابێ پشتی پێ ببەستین. کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی تایبەتی هەیە کە پێیدەڵێن سیاسەتی درۆ و خەیانەت، ئێمەی کورد دەبێ زۆر لێی وشیار بین. ئەگەر چاو لە مێژووی ئێران بکەین، دەبینین کە لەگەڵ خۆشیان هەر ئەوها بوونە و بەدەگمەن پاشایەکی ئێرانی دەبینینەوە کە بە مەرگی ئاسایی خۆی مردبێ، هەموویان بە دەستی یەکتر و لە خەودا و لە پشتەوەڕا بە ژەهر و بە دەرمانداوکردن و بە فێڵ و بە نامەردی یەکتریان کوشتووە و خەیانەت بۆیان بۆتە باو و خێوارە و کولتوور، نموونەش تێکشکاندنی چەندین جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی ئەمانە، ڕەزا شای پەهلەویی بوو کە ڕێگەی دا بە کەمالیستەکانی تورکیە بەناو خاکی ئێراندا لە پشتەوەڕا لە ئیحسان نووری پاشا بدەن و شۆڕشی ئارارات لە باکووری کوردستان تێک بشکێنن، سمایل ئاغای سمکۆ دە هەزار پیشمەرگەی هەبوو، شارەکانی ماکۆ، خۆی، قوتور، سەڵماس، ورمێ، مەهاباد، سەقز، شنۆ، نەغەدە، بۆکان، بانەو سەردەشتی، لەژێر دەسەڵاتدا بوون، ساڵی ١٩٢٢ خۆی وەک شای کوردستان ناساند، ساڵی ١٩٣٠ شای

ئێران داوای لە سمایل ئاغا کرد کە بێت و دانیشن و پرسگریی کورد لە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە چارەسەر بکەن و بریار درا وتووێژەکە لە شاری شنۆ بکرێ، کاربەدەستانی ئێرانی میوانداریی‌یەکی چاکیان لە سمایل ئاغا کرد، بەڵام لە گەڕانەوەدا کەمینیان بۆ دانا و لە چوار لاوە دەسڕێژیان لێکرد و کوشتیان، ئەمیر نیزامی گەڕوسی، مۆری نا بەسەر لاپەڕەکانی قورئاندا و واژۆی کرد و وەکوو سوێند ناردی بۆ هەمزەئاغای مەنگوڕ و بەڵێنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کوردستانی پێ دا، هەمزەئاغا چووە خزمەتی ئەمیر نیزام بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە، بەڵام لەناو خێوەتی میوانانداندا بە دوو فەوجی سەرباز، حەوت خەشاپ فیشەکیان لە چادرەکەی بەتاڵ کرد و کوشتیان و سەری هەمزئاغاشیان بە دیاری نارد بۆ ڕەزاشا، بەکرێگیراوانی ئێرانی سەید تەهای شەمزینی ڕێبەری جووڵانەوەی کوردیان لە ناوچەی ڕواندز لە باشووری کوردستان دەرمانخۆر کرد و کوشتیان، کاربەدەستانی ئێران هەروەها پێشەوا قازیی محەمەدیان بە بەڵێنی ساختە و سوێند و قورئان و ناردنی خەڵک و نێوبژیکردنی درۆ دڵنیا کرد کە شا دەیەوێ مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکا، بەڵام ئەوەش هەر بەڵێنی درۆ بوو و ئەویشیان کوشت و ئێستاش دەیانەوێ بە ناوزڕاندن و شێواندنی مێژووی کوردستان، کورد لێک بکەن و تێکمان بشکێنن. کورد دەبێ لەم کارەساتانەی ڕابردوو پەند وەربگرێ و تەنیا بە یەکگرتن و یەکڕیزی دەتوانێ بە ئاواتەکانی بگا.)

## عەزیز ماملێ



عەزیز ماملێ "خانە" ساڵی ١٩٥٠ لە شاری بۆکان لە دایکبووە. کوڕی خوالێخۆشبوو حوسێن مامڵێیە، بەڵام دواتر کاک محەمەدی ماملێ بەدابو نەریتی کوردەواریو بۆ سەرپەرەستیی کردنی کاک خانە و خوشکێکی، لەگەڵ براژنەکەی خۆی، واتە دایکی کاک خانە هاوسەرگیریی کردوە و لە ڕاستیدا هونەرمەند محەمەد ماملێ مام و باوکی کاک خانە بووە و ئەویش بەو چاوەوە دەڕوانێتە محەمەد ماملێ.

عەزیز ماملێ پۆلەکانی سەرەتای و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری مهاباد خوێندوە و لە زانکۆی تاران بەشی یاسای تەواو کردوە. دواتر لە شاری سەقز بووەتە پارێزەر و لە شارەکانی مهاباد، سەردەشت، بانە و نەغەدە کاریی پارێزەریی کردوە. بەرلە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران، چووەتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا، یەکێک لە ئەندامانی چالاکی حیزبی دیموکرات بوو. هاوکات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بۆ بەدیهاتنی دیموکراسی لە ئێراندا شێلگیرانە هەڵسوڕاوە. یەکێک بوو لە لایەنگرە بەئەمەگەکانی دوکتۆر قاسملوو و دژایەتی ئەو لایەنەی کرد کە لەژێر ناوی "پەیڕەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکرات" لەو حیزبە جیابوونەوە. یەکێک بوو لە ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە وتووێژەکانی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ کاک سارمەدین سادق وەزیری و بە هاوکاریی ڕێکخراوە بەشدارەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی، گەڵاڵەی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی بۆ خودموختاریی کوردستانی ئێران، لە ٢٦ ماددەدا ئامادە کرد. بە دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٩٨٠دا، بە نوێنەرایەتی ئەو حیزبە لە دەرەوەی وڵات ڕەوانەی فەرەنسە کرا.

لـە کـۆنگرەی پێنجـەمی حیزبـی دیموکراتـدا، ڕێـژەی هـەرە بـاڵای دەنگـی نوێنـەرانی کۆنگرەی بۆ ئـەندامەتی لـە کۆمیتـەی نـاوەندیدا هێنایـەوە، بـەڵام دوای کۆنگرە، بـەهۆی نـاکۆکی لـەگـەڵ دوکتـۆر قاسملوو، حیزبـی دیمـوکراتی بـەجێهێشـت و ئێستا وەک سیاسییکارێکـی خـەباتکار لـە دەرەوەی وڵات لـە فەرەنسـە دەژی و بـۆ خزمـەتکردنـی بـە گـەلی کـورد هەوڵـدەدا و لایـەنگر و پشـتیوانی ئـەزموونی باشـوری کوردستـانـە و لـە خـەباتی بەشـەکانـی‌تـری کوردستان بۆ بەدەستخستنی مافە نەتەوەییەکان تێدەکۆشێت.

لە فەرەنسـە بـەشـی مـافی دەوڵـەتی "مـافی نێونـەتـەوەیی" خوێنـدوە و لـە کاری نوسین و وەرگێڕاندا چالاکـە. لـە وەڵامـی ئـەم پرسیارەمدا: ماوەیەکـە ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی چەند کەسێکەوە لـە مزگـەوتـەکان و لـە دەرەوەی مزگـەوتـەکان بـە کـردەوە و بـە قەڵـەم خـەریکـە مێژووی گەلـەکەمان دەشێوێنێت. مەبـەستی کۆماری ئیسلامی لـەو کردەوەیـە چییـە؟ گوتـی:

وەڵام: (کۆماری ئیسلامی چونکە لە ئـەسڵ و بنـەڕەتدا، دیاردەیـەکی دژ بـە ئازادی و ئازادیخوازییـە، دژ بـە دیموکراسـی و پێشکـەوتنخوازییە، لەگـەڵ گشـت لایـەنــە پێشـکـەوتووەکان، لەگەڵ هەمــوو ڕێکخــراوە دیمــوکرات و چەپەکــان، لـەگەڵ ژنــانـی ئــازادیخواز و لـەگەڵ نـەتـەوە زۆرلێکراوەکــان بـەربـەرەکـانی و دژایـەتـی دەکـا، بەڵام بـە بـەربـڵاوی و بـەردەوام بـوون و بـەشداری جەماوەری خەڵکی کوردستان لـە بزاڤی دیموکراتی و نـەتـەوەییدا، هـەندێك تایبـەتمەندی پێکهێناوە کە ڕێبـەرانـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـی واتووڕە کردوە کە بەهەموو چەشنێك و لـە گشت لایەکەوە پەلامار و پیلان و هـەوڵـی پێکـدادان و سـەرکوتکردنیانداوە. گەلـی کـورد بـەهـۆی پێداگریی زیاتر لـە داخوازەکانی، لە هەموان پتر کەوتووەتە بەر ئامانجی دژایـەتی و دڕندایـەتی و کێشە و ناکۆکی. کۆماری ئیسـلامی هـەرلـە سـەرەتاوە لـەگەڵ گەلی کورد ناساز و شەڕخواز بووە، هەموو چەشنە نەخشە و پیلانێکی بـۆ ئامادە کردوە و چونکە کورد داوای مافی سروشتی و نـەتـەوەیی خۆی دەکرد و پێیوابوو لـە کۆتایی سەدەی بیستـەمدا کـاتی ئەوە هـاتووە کـە هـوییـەتـی کوردی بـەڕەسمی بناسرێت و مافە سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییـەکانی لـە یاسـای بنـەڕەتـی ئێرانـدا تۆمـار بکرێ، بەهـۆی مـاهییـەتی دواکەوتـوانەی

ڕژێمی كۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ئێران بە هەموو هێز و توانایەوە بە چەک بەگژ بزووتنەوەی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتن.

هەرلــە ســەرەتای پێکهـاتنی بـزوتنەوەی ئـازادیخوازی لــە کوردسـتان، کۆماری ئیسلامی شەڕێکی بەرفراوانی بەسـەر گەلـی کورددا سەپاند، لـە زەوی و ئاسمانەوە، لە شار و گوندەکانەوە لە خەڵکی کوردستانیان دا و دەیانویست پێشمەرگە کە چەکی پاراستنی خەڵکیان لەشان کردبوو، قڕ و قوم بکەن. کوشتاری بـە کۆمەڵی گوندەکان، ئیعدامی خەڵکی شـارەکان، گرتن و دوورکردنەوە و تەبعیدی ڕۆڵەکانی کورد بەشیك بوون لە نەخشەی شەڕخوازی و چەکداری و سەربازی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بە دژی گەلـی کورد. بەپێێ ئامارێک نزیکەی سەد هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان لەو شەڕانەدا گیانیان لەدەست داوە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێـران پێبەپێـی شـەڕ و کوشـتن، بـە شـێوەی جۆراجـۆر پروپاگانـدە و هێرشـی بەربڵاوی خستەڕێ بۆ ئەوە کە بە باوەڕی خۆیان خەباتی کورد "ئـالودە" بکەن، بۆ ئەوەش لە چەند لاوە دەستیان کرد بەتۆمەت، بوختان و باسکردن لەوە کـە خەبـاتی کورد سـەر بـە بێگانەیـە و لـە دەرەوە ئـاو دەخـواتەوە. سەرەتا بە یارمەتی حیزبی تودەی ئێران و ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلـی ئێـران، حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسییەکانی حـازر لـە گۆڕەپـانی تێکۆشـانی سیاســیان وەک حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران و کــۆمەڵەی زەحمەتکێشـان، خسـتەبەر تـەوس و پـلاری تبلیغـاتی چەپەڵـی حکومەتی ئێران. پێویستە بڵێم مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی کە خۆی کەسێکی بەرچاو و بە دەور بوو لـە خەبـاتی کوردسـتاندا لـە لیدوان و ڕاگەیانـدنی ناڕەوا و ناڕاستی حکومەتی ئیسلامی ئێران بێبەش نەبوو.

کاربەدەستانی ئێران کە ڕاستەوخۆ نەیاندەتوانی نەتەوەی کورد بکەنـە ئامانجی ئەو هێرشە پڕوپاگاندەیە، نوێنـەرانی خۆشەویست و ڕاستەقینەی گەلــی کوردیــان خســتەبەر تــۆمەت و بوختــان، هەمــوو چەشــنە درۆ دەلەســەیەکیان هەڵبەســت بــۆ ئەوەی کــە ڕێــبەران، پێشــمەرگەکان، چالاکوانان و بەشدارانی ناو خەباتی کوردستان وەك کەسانێکی جیاواز و دوور لە کۆمەڵگا و لە جەماوەری کوردستان بناسێنن.

کاربەدەســتانی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران بــۆ بەرەوپــێش بــردن و بەجێگەیاندنی مەبەستەکانیان لە هەموو کەرەستە و ئامرازێک کەڵکیان

وەرگرت و دەستیان لە هەر کردەوەیەکدا بوو بۆ تەوجیهی دوژمنایەتی و بەربەرەکانی و کردەوە درندەکانیان، وێڕای دامەزراندنی بنکەی"حمزە سیدالشهدا"، لە وەزارەتی ئیتلاعات، دامودەزگایەکی پان و بەرینیان خستەڕێ بۆ ئاژاوەی فکری و سیاسی. ئەمجارە بەشێوەیەکی دیکە کەوتنە پیلانگێڕان. باسێکیان خستە ناو ڕووناکبیرانی کوردەوە کە گوایە خەباتی چەکداری باوی نەماوە، تەنانەت لە ڕابردووشدا کۆسپی گەورە بووە لەبەر دەم پێشکەوتنی بزاڤی نەتەوەیی کورددا. تیۆریسێنەکانی وەزارەتی ئیتلاعات زۆر بە وردی لەو ماوەیەدا کاریان کرد و توانیان تا ڕادەیەک لەناو خۆ و لە دەرەوەی وڵاتدا، زەینی هەندێک ڕووناکبیری کورد بۆلای خۆیان ڕابکێشن. ئەو تاقمە بە دڵپاکی، بەڵام بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕاستییەکان واتە هەڵسەنگاندنی دوژمن، حاکمیەت و دەسەڵات لە ئێران و هەروەها لە تورکیا، ماهیەتی دژبە دیموکراسی و ئازادی و بێباوەڕی بە بوونی مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێران و لە کوردستان کەوتنە ناو داوی مەئمورانی بەشی ئایدیۆلۆژی وەزارەتی ئێتلاعاتی ئێران. ئەو بۆچوونە ناڕەوایە بەداخەوە خزاوەتە ناو بەشێک لە هێزە کوردستانییەکانی باشووری کوردستانیش کە لە هەلومەرجی ئێستادا هیچ پێداویستییەك لەناو خەباتی کورددا، بە ڕاگرتنی هێزی چەکدار نەماوە. ئەو هەڵسەنگاندنە فرە گەشبینانەیە لەگەڵ ڕاستییەکان یەک ناگرێتەوە. بەدرێژایی مێژوو هیچ لایەنێکی بەرامبەر بە کورد، ئامادەی ئەوەی نەبوە کە بە ڕێگای دیالۆگ کێشەی خۆی لەگەڵ کورد چارەسەر بکات. دیرۆکی سیاسی کورد پڕە لە فرۆفێڵی دوژمن و ئاکامی ئەو سیاسەتەش، ڕووداوی دڵتەزێن و کارەساتی بۆ کورد هەبووە. لەو بوارەدا شەهیدکردنی دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نمونەیەتی.

وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، لە ڕێبازی ویست و تێکۆشانیدا بۆ تێکدان و ئاڵۆزکردنی میژووی سیاسی کوردستان، شێوەیەکی دیکەشی گرتووەبەر، ئەویش هەوڵدانە بۆ گۆڕین و دەستدرێژی لەناو بەڵگەکان و درۆ هەڵبەستن بۆ کەسایەتی و ڕێبەران و سەرۆکە لەمێژینەکانی کورد.

ژمارەیەک بە ڕاشکاوی بەڵام فێڵبازانە و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە خزمەتی دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئێران. پێشتر کوردێك بەناوی

"ئیحسـان هوشـمند" لـە وتـار و نووسـراوە و وتەکانیـدا هەوڵیـدەدا کـە بیسەلمێنێ لە پاش شۆرشی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران، کورد نەیویست لەگەڵ حکومەتی تاران پێکبێت و سووچی ئەو شەڕە کە لە کوردستان هەڵگیرسا، دەکەوێتە سەرشانی کورد و هۆی سەرنەکەوتنی وتووێژەکانیش، ئامادە نەبوونی کوردەکان بوو، ئەگەرنا وەفدی تایبەتی دەوڵەتی کاتی بازرگان هەموو هەوڵێکیدا بۆ بەجێگەیاندنی چاوپێکەوتنەکان و بەیەکگەیشتن.

هەر لە سەرەتاوە دیاربوو کە دەوڵەتی ئیسلامی ئیران لە قوم و تاران، لە سەرۆك وەزیرەوە هەتا خومەینی، لە شورای شۆڕشەوە هەتا مەلاکان و مەجلیس، باوەڕیان بە ئازادی و بەرامبەری و دابینکردنی مافی نەتەوەیی نەبوو، دیاردەی وتووێژ و پێکهێنانی وەفدی تایبەتی لەلایەن دەوڵەتەوە تەنیا بۆ وەدەستهێنانی کات بوو بە مەبەستی خۆڕێکخستن و هێرشی دووبارە. بەچاوخشاندنێکی بێلایەننانە، تەواوی ئەو ڕاستیانە دەردەکەون کە کاربەدەستانی کۆماری ئێسلامی هەرلە سەرەتاوە لە پلەی پێویست لە فەرهەنگی سیاسی و ئازادیخوازیدا نەبووە کە جگەلە داسەپاندنی شەڕ، ڕێگاچارەیەکی تریان بۆ پرسی کورد و هەروەها بۆ ئازادی و دیموکراسی، بو عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بۆ مافی ئافرەت لە بەرنامەدا بێت.

لەم دوایـانەدا وەزارەتـی ئیتلاعـاتی ڕژێمـی ئیسـلامی ئێـران، لـە پەرەپێدانی ئامانجەکانی دژبە کورد، کەسێکی هەڵبژاردوە کە لە بواری شێواندن و پێچەوانە کردنی ڕووداوە مێژوو‌ییەکانی کورددا فرە هەڵسوڕ و ئاژاوەگێڕە. ئەو کەسە عیرفان قانعی فەرد کوردی ڕۆژهەڵاتە، بۆ ماوەیەک توانی متمانەی هەندیک لایەنی کورد بەدەست بێنێ و وتووێژێکی زۆر لێرە و لەوێ بکات و بە مەیلی خۆی و لەسەر داخوازی وەزارەتی ئیتلاعات دەست لە وتووێژەکان وەربدات و ئاژاوە بخاتە ناو وەزعی ئەمڕۆ.

قانعی فەرد لەناو سایتەکانی سەربە موحسین ڕەزایی، یەکێک لە گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وتار بڵاودەکاتەوە و وتووێژ دەکا. قانعی فەرد خۆی وەك کەسێک دەناسێنێ کە لێکۆڵینەوە لەسەر مێژوو دەکات و زۆرجاریش ڕادەگەیەنێ کە بێلایەنە لە کارەکانیدا، بەڵام خوا هەڵناگرێ ئەوەی لەبەرچاوی ناگرێت بێلایەنییە، لـە تەواوی نەزەر و لێدوان و لێکۆڵینەوەکانیـدا یەک ئەسـڵ دەپارێزێـت کە ئەویـش پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی ئێرانە. من زۆرجار دێمە سەر ئەو باوەڕە کە

نووسراوە و نەزەر و تێزەکانی کە ئەو بەناو لێکۆڵەرە بڵاویان دەکاتەوە، لەلایەن ئایدولۆگەکانی وەزارەتی ئێتلاعاتەوە ئامادەدەکرێن و بەناوی قانعی فەرد بڵاودەکرێنەوە، چونکە هەندێک جار لەو نووسراوانەدا شێوەی نووسینی تایبەتی ناوبراو بەرچاو ناکەوێ. قانعی فەرد نەك بێلایەن نیە بەڵکوو زۆر بە ڕوونی و بە ڕواڵەت بە لایەنگری تەواو لە دەوڵەت و دامودەزگای ئێران، هێرش دەکاتە سەر مێژووی بزوتنەوەکانی کورد، بۆ ئەو مەبەستەش لە لایەک ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەکاتە نیشانە، لە لایەکی دیکە تاوان و بوختان بۆ ڕێبەرانی بزوتنەوەکانی کورد و کەسایەتییە کوردەکان هەڵدەبەستێت. لە ساڵی ڕابردوودا ئەو ئەرکە پێسپێردراوانەی بەجێگەیاند.

لەو دژایەتییە بێ نموونەیەدا کە دەسەڵاتی ئێران بەرامبەر بە کورد گرتوویەبەر، جێی سەرنج ئەوەیە کە لە هەندێک سایت و بەشێک لە تەلەڤزیۆنە فارسییەکانی سەربە ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان کە خۆیان بە ئۆپوزیسیۆنی دژبە ڕژێمی ئێران دەزانن لە دەرەوەی ئیران، زۆر بە گەرمی پێشوازی لێدەکرێ و شووتی لە بن هەنگەڵ دەنێن و پێیهەڵدەڵێن و چەپڵەی بۆ لێدەدەن، لەگەڵ تاریفی زۆر، زەمینەی بۆ خۆشدەکەن کە بە بەربڵاوی دژی کورد و ڕێبەرانی کورد قسە بکات، کەوابوو هەم میسیۆنی وەزارەتی ئیتلاعات بەڕێوە دەبات و هەمیش خۆی لە لای شۆونیستە ئێرانییەکان شیرین دەکا و ئەوانیش ڕازی دەکا. خوا هەڵناگرێ، ئینسان حەق بڵێ، ئەویش ئەوەی دەیڵێ، نایبێژێتەوە. داخوا قانعی فەرد لە خۆی دەپرسی کە ئەو ناسیۆنالیستە ئێرانیانەی کە هیچ کاتێک ددانی خێر بە پرسی کورد و کوردستان دانـاهێنن، بۆچی ئەو پێشوازییە گەرمە لەو دەکەن؟ گەلۆ بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆنە تەنانەت تاکە کوردێک ددانی خێری پێداناهێنێ و بە خێر وخۆشی باسی لێ ناکات و تەنانەت فرە وتەی ناشیرینی پێدەگوترێ؟ هەر ئەوە بۆخۆی بەس نیە بۆی دەرکەوێ کە لەکام بەرەدا جێی گرتووە؟)

پرسیار: عیرفان قانعی فەرد دەنوسێت پێشەوا قازی محەمەد ئینسانێکی ساویلکە بووە و ئەمەش وایکردوە کە کوماری کوردستان بڕوخێت، یان دەنوسێت بارزانی خیانەتی بە کۆماری کوردستان کردوە و لەلایەن

ئینگلیزەکانــەوە نێــردراوە کــە کۆمــاری کوردســتان تێکبــدات. ئێــوە تــا چ ڕادەیەک باوەڕتان بە وتە و نوسینانە هەیە و ئەو دوو کەسایەتییە کە بە هێمای نەتەوەی کورد دەناسرێن، چۆن دەبینی؟

وەڵام: (مەرحوومی پێشەوا قازی محەمەد بە هۆی خزمەتی مەزن بە نەتەوەی کورد لە دەورەیەکی ناسک لە پێوەندیٚ نێونەتەوەییەکاندا کە لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی و دەوڵەتی لە کۆماری کوردستان، نەک هەر لە مێژووی کورد، بەڵکوو لەناو تاریخی بەشەرییەتدا جێگای ڕێز و شانازییە، جێی سەرسوڕمان نیە کە دوژمنانی کورد بە غەزەب و غەدر بڕواننە ئەو ڕێبەرە بێهاوتایە. پێشەوا قازی محەمەد لە دەورانی دواکەوتووی ئەو سەردەمەدا، کەسایەتییەکی زۆر پێشکەوتوو بوو کە توانی بیرلە مافی ئافرەتان بکاتەوە و ئەوان بێنێتە سەر سەحنەی کۆمەڵگا و سیاسەتەوە، بەشداریان بکات لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و خوێندنگەیان بۆ دابنێت. بە کەسایەتی پێشەوا قازی محەمەد، دەورانی مودێرنیتە لە مێژووی کوردستاندا دەستی پێکرد. لەوکات و دەمەدا بە لێهاتوویی و وریایی تەواو هەوڵیدا پێوەندی سیاسی لەگەڵ ئەمریکا و سۆڤیەت بپارێزێت. پێشەوا قازی محەمەد بە ئاگاداری هوشیارانە لە هەستیار بوونی ئەو ناوچانەی کە کورد و تورکی لێدەژین، بە پێداگرتن لەسەر مافەکانی ئەو دوو گەلە بۆ مافی نەتەوەیی و پێکەوە ژیان، لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە وتوویژ و دیالۆگ چارەسەری کێشەکان دەکات.

دواتر وتە و بۆچوون و نوسراوەکانی وەزارەتی ئیتلاعات کە لە زمانی قانعی فەردەوە بڵاودەکرێنەوە، لەگەڵ ڕاستییەکان یەک ناگرنەوە، پێشەوا قازی محەمەد مرۆڤێکی زۆر بە فەرهەنگ و پێشکەوتو بووە، چ لە بواری ئایینی و چ لە بواری سیاسیدا کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بووە، لە خۆوە نەبوو کە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە فکری و فەرهەنگییەی، دەستبەجێ لە کــۆمەڵەی ژیــانەوەی کوردســتاندا درەوشــایەوە و لە پێوەنــدییە ناونەتەوەییەکاندا بوو بەلایەنێکی پڕ بەها و باوەڕپێکراو. کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد پێکهێنەری سەردەمێکی نویٚ بوو لە کوردستان، سەرەتای یەکیەتی کوردە، ستراتیژی نەتەوەیی

کورد لەو سەردەمەدا داڕێژراوە. پێشەوا قازی محەمەد یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستانە، سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستانە. ڕوخانی کۆماری کوردستان هیچ پێوەندی بە کەموکورتی سەرۆک کۆمار و شەخسی پێشەواوە نیە. بەداخەوە لێرەدا مەودای ئەوەمان نیە کە بپرژێینە سەر هۆکارەکانی تێکچوونی کۆمار، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بڵێم کە کۆماری ساوای کوردستان دەرەقەتی مامەڵەکانی نێوان دەوڵەتانی ئێران و یەکیەتی سۆڤیەت و هەروەها پیلانەکانی ئەمریکا نەهات.

دوژمنانی کورد و وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران چاویان بە کورد و نیشتمانپارێزانی کورد هەڵنایە، بۆ خۆیان ناتوانن ڕاستەوخۆ لەو بوارەدا شتێك بنوسن و قسەیەك بکەن، کەسانی وەک قانعی فەرد هەڵدەبژێرن تا بەڵکوو بتوانن پەڵەیەك بڵاوبکەنەوە، بەڵام هیچکام لەو ڕاگەیاندنانەیان کە گومانی تێدا نیە زیاتر ئاوێتەی دوژمنایەتین هەتا لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، سەرناگرن و دەبنە بڵقی سەرئاو.

سەبارەت بە مەرحوومی مەلا مستەفا بارزانیش هەربەم جۆرە، بەڕێزیان ئەو شانازییەی هەبووە کە لە کوردستاندا وەکوو ژەنەڕاڵ بناسرێت؛ یانی هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ تەنیا چوار کەس پلە و پایەی ژەنەڕاڵی لەلایەن دەوڵەتی کوردەوە پێدرا کە خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی یەکێک لەو چوارانە بووە. یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی ژەنەڕاڵ بارزانی پەیوەست بوونی بە کۆماری کوردستان، بەمەبەستی سەقامگیرکردن و پاراستنی کۆمارە، بارزانیش لەو ستراتیژی نێونەتەوەییەی کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان پێکهات، ڕۆڵ و دەوری خۆی نواند. یەکێک لە بەختەوەرییەکانی کۆماری کوردستانیش ئەوە بوو کە کەسێکی شارەزا و نیشتمانپەروەر، بەهێز بەخۆی و بەهەموو دەرەتانیەوە لە بەشێکی دیکەی کوردستانەوە تێکەڵی بوو، ئەوە بۆ خۆی بوو بەهۆی دڵگەرمی و هیوا و هومێدی بەرچاو لەناو حاکمیەتی کوردستان دا، یەکەم ژەنەڕاڵی کورد خزمەتی فرەمەزنی لە بواری دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە و دابینکردنی ئاسایش بە حکوومەتی کوردستان کرد.

قانعی فەرد بەخۆی دەڵێ مێژوونووس و لێکۆڵەرە، بەڵام بۆ هێچکام لەو شتانەی کە باسی لێدەکا بەڵگەیەکی قورس و باوەڕ پێکراو ناهێنێتەوە. لە بابەتێکی بەم جۆرە گرنگدا وەک بوختانێکی گەورە بە مەرحوومی مەلا

مستەفا بارزانی و گریدانی خزمەتە گەورەکانی بە ئینگلیز و ناوبردنی وەک "خیانەت"، کامە بەڵگە بۆ ئەو تۆمەتانە دێنێتەوە؟ ئاماژە بۆ کام ئەرشیڤی دیپلۆماتی دەکات؟ لەگەڵ کام دیپلۆماتی ئینگلیز و وڵاتانی تر چاوپێکەوتنی کردوە؟ کام ڕۆژنامە و گۆڤاری ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی و فەرەنسی لە دەستدایە؟ کامە وتنی سیاسی و دیپلۆماتی، هی ئەو سەردەم و دواتر دەسنیشان دەکات؟

بە ڕاشکاوی دەردەکەوێ کە وتەکانی قانعی فەرد بەتەواوی ساختە و سازکراوی دوژمنانی کوردە و هیچ بنەمایەکی مسۆگەر و باوەرپێکراویان نیە و قانعی فەرد نەک هەر لێکۆڵەر نیە، بەڵکوو سەرەتاییترین ئوسولی کاری لێکۆڵینەوەش ڕەچاو ناکا، نەک هەر بێلایەن نیە بەڵکوو تەواوی هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوەیە کە لایەنی کورد تاوانبار و خراپ نیشانبدات، بەڵام هیچ کاتێک باسی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەتە، بە دژی کورد ناکات و بەم جۆرە بە ئاوی پاک دوژمنان و نەیارانی کورد دەشواتەوە.)

پرسیار: ئایا ئێوە بورهان قانعی فەردتان لە نزیکەوە بینیوە؟

وەڵام: (لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٨دا، قانعی فەرد تەلەفونی بۆ من کرد و گوتی ژمارەی منی لە مامۆستا و برای گەورە و زۆرخۆشەویستم بەڕێز سارم خانی سادق وەزیری وەرگرتووە و داوای چاوپیکەوتنی کرد، نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەناوی کاک بەرزان فەرەج لەگەڵی هاتبوو، ماوەی دوو سێ کاتژمێر لە کافەیەک دانیشتین و قسەمان کرد و وتووێژێکی لەگەڵ من کرد. چەند جاریش بە ئیمەیل پێوەندیمان پێکەوە هەبوو کە لە تەواوی ئیمەیلەکاندا وەبیرم دەخستەوە کە لەبیری نەچی هەموو کاتێک و لە گشت هەلومەرجێکدا ئەشێ بە کوردی دەست پێبکا و بە کوردستانیش تەواوی بکات. لەو سەردەمەدا هەست بە بەستراوەیی ئەو بە وەزارەتی ئیتلاعات نەدەکرا، هەندێک جار شیمایەکی لێ دەبینرا کە دووربوو لە ڕەچاوکردنی قازانجی کورد، بەڵام ئەوەندە زەق نەبوو کە مرۆڤ گومانی ئەوتۆی لێ بکات و تێبگا کە پیاوی وەزارەتی ئیتلاعاتە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩دا تەلەفونی بۆ کردم و داوایکرد، کاتێک دیت بۆ پاریس

شەوێک لە ماڵی ئێمە بمێنێتەوە، هێشتا کتێبەکەی لەسەر مام جەلال بڵاونەکرابۆوە، بە حوکمی داب و نەریتی کوردەواری ڕێم پێدا و هات و سێ شەو لە ماڵێ ئێمە مایەوە. لەو ماوەیەشدا ئێمە باسێکی تایبەتیمان نەکرد، بەڵام لەگەڵ برای بەڕێزم کاك جەلیلی گادانی لە ماڵ ئێمە بوو، وتووێژی کرد.

لەسەر ئەنتەرنێت جارجارە لێرە و لەوێ، چالاکوانانی کورد شتیان لەسەر دەنووسی. چونکە مروڤێکی وریا و بەهۆش بوو هەوڵمدەدا کە بۆ لای بەرژەوەندییەکانی کوردی ڕابکێشم. ئەوە ئاشنایەتی من بوو لەگەڵ قانعی فەرد، دواتریش کە نووسینەکانیم خوێندەوە و بینیم کە بە دژی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی و دوکتۆر قاسملوو شت دەنووسێ، ئیتر دووریم لێکرد؛ دوو جار تەلەفونی کرد و یەک دوو ئیمەیلیشی بۆ ناردم کە وەڵامم نەدایەوە، ئەمڕۆ بەتەواوی دەرکەوتووە کە پیاوی ئیتلاعاتی ئێرانە.)

پرسیار: بۆچوونتان لەسەر کتێبی دوای ٦٠ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی مام جەلال چیە و چۆنە مام جەلال بەو هەموو نووسەرانەی کە لەژێر دەستیدان، کتێبەکەی بە کوردی نەنوسیوە و داوییەتی بە عیرفان قانعی فەرد کە لە ئێران و بەزمانی فارسی بۆی بنوسێت؟

وەڵام: (لە ڕاستیدا هەتا ئیستاش ئەو کتێبەم نەدیوە، بەڵام لێتان ناشارمەوە کە زۆرم پێناخۆش بوو کە کتێبەکەی بەو کەسە سپاردوە. مام جەلال دەرەتان و پارەیەکی زۆریدا بە قانعی فەرد، ئەو لەلای من باسی دەکرد کە چۆن بە سووک و ئاسانی دەچێتە نوسینگەی سەرۆکایەتی کۆمار لە عیراق، بە ڕاستی من سەرم سوڕما، بەڵام لە هەمان کاتدا مام جەلال پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ ئێران هەیە و ئەوەش شاراوە نیە. لەو پێوەندییە بێ سنورەی کە مام جەلال لەگەڵ ئێران هەیەتی و زۆر جاران لە ڕادەی دیپلۆماسی و دراوسێیەتی تێپەڕ دەبێ، خۆشحاڵ نیم و دەکرێ بە قازانجی کورد ئەو نێوان و پێوەندییان کەمتر بکاتەوە.)

پرسیار: گەلی کورد چۆن دەبێ لە بەرامبەر ئەو هەمووە تاوان و کردەوە نامرۆڤانەیەی ڕێبەران و قەلەم بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بوەستێت و لە یەک وشەدا دەبێ چ بکات؟

وەڵام: (خەڵکی ئێمە زۆر هوشیارە، بەڵام دوژمنانی ئێمە بە ئیمکاناتێکی زۆر لە مەیداندان بۆ بەربەرەکانی هەمەلایەنە. ئێستا کە وەزعەکە بە قازانجی نەتەوەی کورد بەرەوپێش دەچێت و داهاتووی کوردستان بە ئاسۆی گەشبینانەدا دەردەکەوێ، ناحەزان و نەیارانی کورد زیاتر لە هەمیشە بەگژماندا دێن، تەنانەت هەوڵی ئەوە دەدەن کە دەسدرێژی بۆسەر میژووی ئێمە بکەن و ڕووداوەکان بە قازانجی خۆیان لێکبدەنەوە و خەبات و خەباتگێڕانی کورد تاوانبار بکەن، ئەوە دیاردەیەکی نوێیە کە بەتایبەت دەسەڵاتدارانی ئێران کاری لەسەر دەکەن. بە ڕای من ڕێگای باش بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو هەوڵانە دامەزراندنی سیستیمێکی فکری و فەرهەنگییە کە دەکەوێتە سەرشانی ڕووناکبیران و بەتایبەت گەنجانی کورد، لە هەمموو بوارێک: لەباری مێژوویی، فەرهەنگی، حقوقی ناونەتەوەیی، کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی. هەرکەس لە چوارچێوەی فکری و ئیمکاناتی خۆیدا، دەتوانێ بەشیک لەو لایەنانەی کە ئاماژەم بۆیان کرد، بگرێتە سەرشانی خۆی و لەسەریان بکۆڵێتەوە. خۆ ئەگەر کاری گشتی چەند کەسی و چەند لایەنەش بکرێت، بێگومان ئاکامی باشتر دەبێت. کار و لێکۆڵینەوەی ئۆبژێکتیو، بە بنەمای زانستی، بە لەبەرچاو گرتنی ئەسڵی بێلایەنی پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئێستا ئەرشیڤی دیپلۆماتیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە ڕووی خەڵکدا کراوەیە و دەکرێ کەڵکیان لێوەربگیرێ. ئەرکی سەرشانی ڕووناکبیر و چالاکوانانی کوردە کە ئەو بەشە ئەرشیڤە دیپلۆماتیانە بخوێننەوە کە باسی کورد و ئەو دەوڵەتانەیان تێدایە کە کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە و بەڵگەنامە مێژووییە نەبیندراوەکان ئاشکرا بکەن کە خەڵکی کورد و بەتایبەت نەوەی داهاتوومان بە ئاسانی و بە وریایی بەرامبەر بە درۆ و دەلەسە و تاوان و بوختانەکانی دوژمن کەڵکیان لێوەربگرن و درۆ و بوختانەکانیان بە دروستی لەقاو بدەن.)

## جەلیل گادانی



جەلیل گادانی ساڵی ١٩٣٤ لە شاری مهاباد لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مهاباد خوێندوە. لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا، ئاشنایەتی لەگەڵ سیاسەت پەیداکردوە و ڕووداوەکانی کۆماری کوردستان کاریگەریان لەسەر دانـاوەو بەدوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، لەگەڵ لاوانی هاوتەمەنی دڵگەرمیی زیاتری سەبارەت بە کوردایەتی پەیدا کردوە و ڕای وابووە کە دەبێ ئەو ڕێگایە درێژەی هەبێ و بەو فکرەوە هەتا ئێستا لە خزمەت نەتەوەکەی دایە. ساڵی ١٩٤٨، چووەتە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و وەک خۆی دەڵێت: (**لەوکاتەوە بە گوێرەی توانا هەوڵیداوە لەهەر هەلێکی ڕەخسا، بە قازانجی نەتەوەکەی کەڵک لە خۆی و لە هاوبیرانی وەربگرێت.**) لە پێناو ئەو بۆچوونە سیاسیە نەتەوەییەدا، چەندجار گیراوە و دوو جار تا ژێر تەنافی ئێعدام چووە. بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە زیندانـدا ڕاگیراوە و دوای ئازاد بوونی لە زیندان کۆڵی نەداوە، لەبەر ئەوە لە بزوتنەوەی ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٦٩دا سەرلەنوێ لەگەڵ خەڵکێکی زۆر گیراوە و دوای ساڵێک لە زیندانی خورەمئاواوە هێناویانەتە ورمێ و لەوێ بە کەفیل ئازادیان کردوە، بەڵام ڕێگەیان پێنەداوە بگەڕێتەوە بۆ مهاباد و دوریان خستوەتەوە بۆ تاران و تا چەند مانگ دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی لەوێ بووە. بە دوای ڕوخانی ڕژێمی شادا، کەسێکی چالاک بووە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا و لە ئەندامێکی سادەوە تا پلەی سکرتێری گشتیی حیزب، ئەرکی حیزبی بەڕێوەبردوە. وەک خۆی دەڵێت: (**ئێستاش بە قەولی هێندێکان چونکە تەمەنم چووەتە سەرێ، بە ڕواڵەت تەقاعودم، بەڵام وچان نادەم و هەتا بتوانم درێژە بەو ڕێگایە دەدەم.**) لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیدا،

هەوڵیداوە لە بواری ئەدەب و زانستیشەوە خۆی بەرەوپێش بەرێتو تا ئێستا نزیکەی ١٠- ١٢ کتێبی نوسیوە، یان لە فارسی و فەرەنسەییەوە وەریگێڕانەتەوە سەر زمانی کوردی. لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا: ئایا جەنابت تا چ ڕادەیەک ئاگاداری هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن سەبارەت بەشێواندن و چەواشەکردنی مێژووی بزوتنەوەکانی کورد، بە بڕوای ئێوە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لەو کارە چییە؟ گوتی:

وەڵام: (من هەست بەوە دەکەم زۆر لە مێژە، دوژمنانی کورد، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی حەساسییەتی تەواوی هەیە بەرامبەر بە پێشڕەفتی ئەم کاروبارانەی ئێستا لە باشووری کوردستان هەیە، بەتایبەتی لە نیزیک بوونەوەی یەکێتی و پارتی زۆر زۆر نیگەرانە، ئەو باش دەزانێ کە ئەگەر ئەو دوو هێزە سەرەکییە لە کوردستاندا وەکوو جاران ناکۆکییان هەبێ، شەڕایەتێکی زۆر ناهەموار دێتە گۆڕێ و لە واقیعدا ڕیسەکە لە کورد دەبێتەوە خوری. بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو بوارێکدا هەوڵدەدەن، لە پلەی یەکەمدا بە باوەڕی من نیفاق دروست بکەن، بەتایبەت لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا، بۆ نموونە ڕۆژهەڵات و باشوور. شەخسییەتی بەرجەستەی پێشەوا قازی لە ڕۆژهەڵات و شەخسییەتی بەرجەستەی مەلا مستەفا بارزانی لە باشوور، بۆ ئەوان وەکوو عوقدەیەک وایە. ئەوان دەزانن خەڵک لە هەردووی ئەو کەسایەتییانە ئیلهامیان وەرگرتووە و موتەعەهیدە بەرامبەر فیداکاری ئەو دوو سەرکردەیە. لە دەرەجەی دووەمدا دەیانهەوێ نیفاق دروستبکەن لە نێوان هێزە کوردستانییەکاندا و سێیەم دەیانەوێ خەڵکی کورد و خەڵکی دیکەش بەدبین بکەن بە سەرانی خزمەتکار و فیداکاری کورد. بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو جۆرەی ئەوان چێهرەی ئەو شەخسییەتانە نیشان دەدەن، خەڵک واقیعەن باوەر بکەن کە ئەوانە ئاوا بوون و تەئسیری خراپ لەسەر ورەی خەڵک و مەوقعییەتی حیزبەکان دابنێن، بۆ ئەوەی کە ئەوان ناحەز بکەن و وانیشان بدەن کە ئەوان ئیختیلافیان هەبووە و یەکتریان قەبووڵ نەبووە، زۆر تەبیعییە کە خەڵک بە وەزعێکی وا لە بەینی ئەواندا، ئەگەر بە زەعمی ئەوانە کە ئەو پیلانانە دەگێڕن ئەوە راست بێ، خەڵکەکە نائومێد دەبێ و دەڵێ دیارە لە داهاتووشدا، سەرانی کورد قەت یەک ناگرن و قەت پاڵ وێک نادەن و قەت

یەکتــر قەبــووڵ نــاکەن. ئەوە لە حەقیقەتــدا میزانــی ســابیقەی ئەو شەخسـییەتە بەرزانە مەخـدووش دەکەن، مێـژوو دەشـێوێنن، بـۆ ئەوەی میللەتـی کـورد مێـژووی واقیعـی خـۆی نەزانـێ و قەدری ئەو هەمـوو فیـداکارییانە نەزانـێ کە ئەو کەسـایەتییانە کردویـانە. دوای ئەوەش مەوقعییەتـی بەرپرسـانی ئێسـتا بەتـایبەتی لە باشـووری کوردسـتان وا نیشان بدەن کە جێی باوەڕ و جێی ئیعتیمادی خەڵک نین. لە ڕاستیدا شێواندنی ئەو مێژووە، شتێک نیە کە هەر ئەمڕۆ کرابێت، لە ڕابردووشدا ئەوکارانە زۆر کراون، تەنانەت ئەمن پێموایە، لە سەردەمی خۆیدا ساواک کردویەتـی، ئێسـتاش بە تەجـروبەی ئەوان بە دەورەیەکـی کـامیلتر و بە ئیمکانـاتێکی زۆر زیـاترەوە، ئەوانە بەپێـی هەلومـورج دەیـکەن. ئەوان زەمینەی خوێندن، زەمینەی سەفەر، زەمینەی هاتووچۆ بۆ مەئمورەکانیان دەڕەخسێنن تا لە کاتی پێویستدا کەلکی پێویستیان لێوەربگرن.)

پرسیار: بۆچی ڕووی هێرشەکەیان زیاتر لە بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکراتە؟

وەڵام: (ئەمن پێموایە بنەماڵەی بارزانی بمانەوێ و نەمانەوێ، هیچ کەس ناتوانێ ئینکار بکا کە سابیقەیەکی درەخشانیان هەیە لە خەباتدا. دیـارە ئەوەش حاشـای لێنـاکرێ کە هەمـوو ئینسـانێکی سیاسـی و هەمـوو حیزبێکـی سیاسـی ڕەنـگە لە جەریـانی ئەرکـی خۆیـدا هەڵە بکـات، بەڵام دەگەڵ ئەوەدا ئێمە لە هەڵسەنگاندنی کار و کردەوەی هەرکەسێک و هەر حیزبێکدا دەبـێ لایەنـی ئەرێنـی و نەرێنـی هەڵسـەنگێنین، ڕاستییەکەی ئەوەیە، فیداکاری ئەو بنەماڵەیە لە سەد ساڵ لەمەوپێشەوە هەتا ئێستا سابیقەیەکی درەخشـان، سـابیقەیەکی پڕ لە فیـداکاری، پڕ لە گوزەشـتە. بەتایبەت ئەوەی کە زۆر بەرچاوە، هەستی نەتەوەیی لەنێو پارتیدا زۆر زەق و بەرچاوە و زۆر جار مەوزعگیرییەکی کە کاک مەسعود دەیکا، دەگەڵ مەسـاڵحی هـیچ یەک لە دەوڵەتەکـان لە لایەک و هێنـدێک ئینسـانی پـاوانخواز و هەلپەرسـت جـۆر نـایەتەوە، بـۆیە بەرامـبەر بە بنەمـاڵەی بارزانی زیاتر حەساسن. دەزانن ئەوان ئەهلی عەمەلن، ئەهلی کارن، بە بەرنـامە دەچـنە پـێش و ئەوەنـدەی بگـونجێ، ئاشـتیخوازن و لەڕێـی

ئاشتییەوە، بە بەرنامەوە مەوقعییەتی کوردستان بەرەوپیش دەبەن و بوونەتە خاوەن مەوقعییەتێکی زۆر زۆر باشی دیپڵۆماسی، نەک تەنیا لە مەنتەقەدا، بەڵکوو لە ئاستی دنیایەدا. هەمووی ئەوانە، حەساسییەت بۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ڕژێمەکانی دیکەی دەوروبەریش ئیجاد دەکا و ئەوان هەوڵدەدەن کە مەوقعییەتی بنەماڵەی بارزانی لاواز بکەن. بە لاواز بوونی مەوقعییەتی ئەوان تەبعەن مەوقعییەتی کوردستان و هەرێمی کوردستان لاواز دەبێت. هەر بۆیە زیاتر مەسەلەکان ڕووی لەوانە.)

پرسیار: بە نوسینی عیرفان قانعی فەرد، پێشەوا قازی محەمەد بووەتە هۆی ڕوخانی کۆماری کوردستان؟

وەڵام: (ئەوانەی ئەو ئیدیعایانە دەکەن، ئەوانەی ئەو قسە پڕوپووچانە دەکەن، نە قازی محەمەدیان ناسیوە، نە بنەماڵەی قازی محەمەدیان ناسیوە، نە کورد بوون، نە دەزانن کوردایەتی چیە، بەڵکوو سەد لە سەد لە جیهەتی خیلافی مەسڵەحەتی میللەتی کورد هەنگاو هەڵدەگرن و هەنگاویان هەڵگرتووە. ئەمن دڵنیام میللەتی کورد، بەتایبەتی لاوانی هوشیاری ئەمڕۆی کورد، بە هیچ شێوەیەک ئەو قسە پڕوپووچانە قەبووڵ ناکەن و هەر هەوڵێکیش لەو زەمینەیەدا ئەوانە بیدەن، شتێکی خیلافە، من زۆرم وتار سەبارەت بە پیشەوا قازی نووسیوە، زۆریشم تەحقیق کردوە، لە نیزیکیشەوە بە خزمەتی گەیشتووم، دووجار جایزەم لێوەرگرتووە و تێکەڵاویی بنەماڵەییم لەگەڵیان هەبووە. هاتووچۆیماڵیانم کردوە، ئەو مەوقعییەتە و ئەو فەزل و دانیشەی ئەوکاتە پێشەوا هەیبووە، لە ڕاستیدا لە ئاستێکی یجگار زۆر بەرزتر لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمدا بوو. هەربۆیەش توانی ئەو مەوقعییەتە پەیدابکا، هەل بقۆزێتەوە و لە یەکەم هەلدا کە بە دەستیهێنا، هاتە پێش و بۆ یەکەم جار حکومەتێکی مۆدێرنی وەک کۆماری کوردستانی دامەزراند. لەوەدا گومان نیە کە ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن، تەنیا مەبەستیان تەحقیر کردنی کوردە، لە ڕێگای تەحقیر کردنی ڕێبەرانی مێژوویی میللەتی کوردەوە.)

پرسیار: سەبارەت بە بارزانی لە کۆماری کوردستاندا، ئایا لەگەڵ پێشەوا ناکۆکی هەبوو؟




وەڵام: (ئەمن هەمیشە گوتوومە مادام باسی کۆماری کوردستان بکرێ، بەشێوەیەکی جیا نەکراوە ناوی مەلا مستەفاش مەترەحە. چونکە ڕاستە بارزانییەکان لەژێر فشارێکی یجگار زۆری هێزی هەوایی بریتانیا و ئەرتەشی عێراقدا هاتن و وەکوو میوان هاتن، بەڵام کە هەستیان بەوە کرد کە کورد خەریکە یەکدەگرێت و پاڵوێکدەدا و شتێک بۆخۆی دەکا، زۆر شەڕافەتمەندانە و مەسئولانە، بۆ خزمەت بە نەتەوەکەیان، لە بەرەوپێش بردن و گەشەکردنی کاروباری کۆماردا، ئەوپەڕی فیداکارییان کرد. شەخسی مەلا مستەفا کە یەکەم جار هاتە شاری مهاباد، بنەماڵەکەی لە ماڵی ئێمە کاڵەی غەریبایەتیان کردەوە، من تێکەڵاویی ڕاستەوخۆم دەگەڵیان هەبووە، ئەوکاتە هاوتەمەنی کاک لوقمانی شەهید بووم. زۆریشمان پێکەوە گالتە و گەپ هەبوو. هەربۆیە تێکەڵاوی زۆرمان هەبووە، هاتووچۆمان هەبووە. لەو کاتەوە کە من مەلا مستەفام بەرلە وەرگرتنی مەسئولییەتی حکومەتی کوردستانیش ناسیوە، ئینسانێکی ڕەئوف، مێهرەبان، دڵسۆز بوو بۆ ئەو کەسانەی لە دەوروبەری بوون. ئەودەم هێشتا وشەی پێشمەرگە پەیدا نەببوو، بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە دەوروبەریان دەژیان، بەتایبەتی شیخ سلێمان کە بەرپرسی گشتیی تەداروکاتی بارزانییەکان بوو. ئەویش ماڵی هەر دەوێدا بوو، هەتا ئاخریش هەر لەو ماڵەدا مایەوە، هەتا لە مهاباد ڕۆیشتن. ئەمن بە هەموو وجودمەوە هەستم دەکرد کە لە بەینی ژیانی خۆیان و ئەو چەکدارانەی هاتووچۆیان دەکردن، فەرقێکی وا نەبوو. مەلا مستەفا کە بە دەرەجەی ژەنەڕاڵی گەیشت لە

لایەن پیشەوا و کۆماری کوردستانەوە، مەسئولییەتی خۆی بەوپەڕی دلسۆزییەوە ئەنجامدا. تا ئاخر دەقیقە بە پێشەوا وەفادار مایەوە. لەبیر ناچێ، ئەمن لە جەلەسەکەدا نەبووم، بەڵام وەختێکی ڕێفڕاندۆم، یان وەک ڕێفراندۆمێک دەتوانم بڵێم کە لە مزگەوتی هەباس ئاغای کرا لە بەینی پیاوماقولانی ئەوکاتە، تەنیا دوو نەفەر موافیقی بەربەرەکانی بوون بۆ پارێزگاری کردن لە کۆمار، ئەو دوو کەسەش یەکیان مەلا مستەفا بوو و ئەویتریان "سالاری میرزا فەتاحی" بوو کە دەبێتە بابی خوا لێخۆشبوو کاکە ڕەحیمی جەوانمەردی قازی. ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی وەفاداری مەلا مستەفا بوو بە کۆمار و دواتریش دەبینن کە بۆ پاراستنی کۆمار و پێشەوا قازی محەمەد، لە هەموو کەس دڵسۆزتر عەمەلی کرد، بەو مانایە کە لەبەر پێشەوا دەپارێتەوە و داوای لێدەکا لەگەڵی بڕوا بۆ دەرێ. بە پێچەوانەی نەزەری ئەو ئاژاوەچییانە، ئەگەر کەمترین ئیختیلافیان پێکەوە هەبایە، مەلا مستەفا هیچکات نەدەهات لەبەر پێشەوا بپارێتەوە کە بۆ نەجاتی ئەو، دەگەڵی بچێتەدەر و پێکەوە درێژە بە خەبات بدەن. دیارە کە پێشەوا نەچوو، دەلیلی خۆی هەبووە، من لە ئینسانی زۆر خاوەن سەلاحیەتم بیستووە کە لە زینداندا بە بەرتیل بووبێ یا بەهەر شێوەیەکی تر، توانیویەتی پێشەوای ببینێ. مەلا مستەفا لە دەرەوەی زیندانەوە ڕادەسپێرێ کە ئەگەر پێشەوا بیهەوێ، ئەوان دەتوانن بێن لە زیندانی پادگان ڕزگاری بکەن کە پێشەوا قەبووڵ ناکا و دواتر ئێعدام کرا. ئەوەش کە دەڵێن پێشەوا و بارزانی پێکەوە ناکۆکیان هەبووە، بۆ ئەوەیە کە سەرانی کورد ناقابیل نیشان بدەن. بۆ ئەوەی نیشان بدەن سەرانی کورد لەسەر بۆچوونی شەخسی خۆیان کاریان کردوە نەک بۆ میللەتەکەیان. لە کاتێکدا هەم پێشەوا و هەم مەلا مستەفا بارزانی بە کردەوە نیشانیاندا کە تا ئاخرین دەقایقی ژیانیان، بەوپەڕی دلسۆزی کاریان بۆ میللەتەکەیان کردوە.)

پرسیار: عیرفان قانعی فەردت دیوە و دەیناسی؟

وەڵام: (ئەمن عیرفان قانعی فەردم بۆ یەکەمجار لە نۆڕوێژ دی. لەلایەن بڕادەرێکەوە نێردرابوو کە قسەم لەگەڵ بکا. نامەوێ ناوی بەرم،

شەخسییەتێکی بەرجەستەی کوردە و ئێستاش باوەڕم پییەتی. ئەندامی تەشکیلاتی ئێمە نەبوو. ئەو ناردبووی بۆ نۆڕوێژ و ئەمنی پێناساندبوو کە وتووێژم لەگەڵ بکا. ئەودەم قانعیفەرد بۆچوونی ئیسلامیی بەهێزی هەبوو، بەڵام جارەکانی دیکە کە دیتمەوە لە کوردستان و پاشان لە فەرەنسە بوو، بەڵام ئیدی زۆر مۆدێڕن و بێ ڕیش و پەشم بوو، ئەوکات من ئامادە نەبووم قسەی لەگەڵ بکەم، لە ڕاستیدا چوونکە بە ئیسلامییەکی توندڕەوم ناسی، بۆخۆم ئاوام بیرکردەوە. بەڵام جارێکیان کە هاتە کۆیە و لەگەڵ مامۆستا حەسەن زادە وتووێژی کرد، چاوی بە منیش کەوت، بەڵام ئەمن وتووێژم لەگەڵی نەکرد، یان ئەو وتووێژی لەگەڵ من نەکرد، چاکم لەبیر نیە، بەڵام یەک دوو سێ ساڵ لەمەوبەر، لە ماڵی کاک خانەی ماملێ میوان بووم کە دیتم قانعی فەردیش لەوێیە. قانعی فەرد ئینسانێکی زۆربلێ و وریایە و نفوزی کەلامی زۆرە. بە قەولی مامۆستا حەسەن زادە کە دەڵێ: قسە لەگەڵ شەیتانیش بکا فریوی دەدا. لە ماڵی کاک خانە قسەی زۆرکران، بەیانی کە هەستاین، خەریکبوو بکێشێتە مەیدانی عەمەل و خەریکی وەسڵکردنی میکرۆفۆن و شتی وابوو، گوتم ئەوە چی دەکەی؟ گوتی وتووێژت لەگەڵ دەکەم. گوتم ئەمن باکم نیە لە وتووێژ، بەڵام سەرەکی ترین مەسئولیەتی کاری ڕۆژنامەوانی لەبەرچاو بگرە و ئیجازە وەرگرە دواتر وتووێژ بکە! خۆ ئەمن ئیجازەم نەداوە وتووێژم لەگەڵ بکەی. بەهەر حاڵ ئەمن وتووێژی ڕەسمیم لەگەڵ نەکردوە، بەڵام ڕەنگە زۆرم قسە لەگەڵ کردبێ. لە وتووێژێکدا کە لەو پێوەندییەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "هەولێر"م کردوە، کاک ڕەسوڵی سوڵتانی هات لێرە لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری دیکە وتووێژیان لەگەڵ کردم، گوتم من قانعی فەرد بە شتێک نازانم کە وەڵامی بدەمەوە، یانی ئەو ئەرزیشەی بۆ قایل نیم کە جوابی بدەمەوە. پێشمخۆشە وەک خەڵکی دی لەگەڵ من نەکا، بڵێ ئەوە بۆخۆی گوتویەتی، پێمخۆشە پێشتر هەموو شتەکانی بڵاوبکاتەوە، ئەوەی ئەمن گوتومە، مەسئولیەتی هەموویان لە ئەستۆ دەگرم، بەڵام لەسەر قانعی فەردی نەزەرم ئەوەیە.)

پرسیار: بۆ وتووێژت لەگەڵ نەکرد؟

وەڵام: (لەبەر ئەوەی هەستم کرد کە سەر بە ئیتلاعاتە، پێشتر نەمدەزانی، بەڵام ئێستا ئیدی سورم لەسەر ئەو ڕایەم و هەر وەک لە وتووێژەکەدا گوتومە، ئەو کابرایە بە باوەڕی من سەر بەو نوخبانەیە کە بەکاری ئیتلاعات و بەکاری ڕژێمی جمهوری ئیسلامی هاتووە و هەڵیانبژاردوە بە دانستە، ئیمکاناتی تەواویان لە ئیختیار ناوە، ناردویانە بۆ دەرەوە، ناردویانە بۆ ئەمریکا، هەموو ئیمکاناتی سەفەر و هاتووچۆ و ئەملاو ئەولای بۆ دابین دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوکاتە بەو شێوەیە نەمدەناسی، بەڵام دوای ئەو وتووێژ و موساحەبانەی کە پارساڵ کردی و ئەو مەسەلەیەی هەڵایساند، ئەمن گومانم لەوەدا نەما کە ئەو بە ئیمکاناتی ئیتلاعات خوێندویەتی و بە ئیمکاناتی ئیتلاعات سەفەر دەکا. چونکە ڕۆژێک لە واشنتۆن، ڕۆژێک لە ئوسترالیا و ڕۆژێک لە ئەوروپا و ڕۆژێک دەگەڕایەوە بۆ تاران و ڕۆژێکیش دەهاتە بەغدا. ئەمن لەمێژە گوتومە، ئەگەر لەگەڵ مام جەلالیش وتووێژی کردوە کە بێگومان وتووێژی کردوە، بۆ ئەو مەبەستە وتووێژی نەکردوە کە لە ڕێگای خوادا بیوگرافی واقیعی مام جەلال بێنێتە بەرباس، بەڵکوو لە جیهەتی ئەمیال و بۆچوونی ئیتلاعاتدا وتووێژی کردوە کە کتێبی ئەستور لەسەر مام جەلالی بنوسێ، بە کەیفی خۆشی بایدا و چۆنیان پێخۆش بێ ئاوای کەڵکی لێوەرگرن و ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژانیش پێویستیان بێ، وەک بەڵگە بۆ مام جەلال یان بۆ هەر کەسێکی دیکە لە عەرزی بدەن و بیانەوێ مام جەلال یان کەسێکی تری پێ سوک بکەن. بۆ نموونە من و مامۆستا حەسەن زادە کە یەکەم جار بەرگی یەکەمی کتێبەکەی مام جەلالمان دیی، گوتمان بابزانین ئەو کابرایە کە موساحەبەی کردوە، چ دەڵێ؟! زۆرمان تەماشای کتێبەکەی کرد، شتی خۆمان نەدیتەوە! دوایە دیتمان لە حاشیەدا شتێکی دورودرێژی نوسیوە و لە خوارەوە نوسیوێتی: ئەوە لە وتووێژی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە و جەلیلی گادانی وەرگیراوە! جا ئەوە نیشاندەدا ئەوە کەسێکی شەیاد و درۆزنە.)

پرسیار: ڕات لەسەر کتێبەکەی مام جەلال چیە؟

وەڵام: (لە راستیدا مام جەلال زۆر زیاتر لە ڕادە ڕووی بەم کابرایە داوە، بەو مانایە کە هەموو ئیمکاناتێکی بۆ فەڕاهەم کردبوو. ئێمە پارساڵ میوانی "کوردە خان"ی قایمقامی کۆیە بوین، کە چووین دیتمان قانعی فەرِدیش لەوێیە و میوانییەتی! پێمگوت تۆ قەولت دابوو، کتێبی مام جەلالمان بدەیەی، گوتی: "دەچمەوە سلێمانی بۆتان دەنێرم." نەهارمان خوارد و دوایە سواری ئۆتومبیلی مۆدێرنیان کرد و بردیان بۆ سلێمانی. لەو دەمەوە زۆر شوکر نەمدیوەتەوە، ئەویش کە قەرار بوو کتێبمان بۆ بنێرێ، نەینارد و گوتی: دەچم لە سلێمانی سوار دەبم، دەچم بۆ بەغدا بۆ لای مام جەلال. ئیمکاناتێکی کە لەو کوردستانە بۆ قانعی فەرد دابینکرا، ئەشهەدوبیلا قەت بۆ جەلیلی گادانی بە ٦٤-٦٥ ساڵ سابیقەی حیزبایەتییەوە فەڕاهەم نەکراوە. جا بەهەر حاڵ ئەمن پێموایە ئێمەی کورد بۆخۆمان دڵسافین، بۆخۆمان دڵمان پاکە، زۆر مەسائیل لێک نادەینەوە، دەنا قانعی فەرد بۆ دێ لەگەڵ عەرش و قورش موساحەبە دەکا. دەنا بۆ دەچێ لە مام جەلالی شین دەبێتەوە، مەگەر کوردستان نوسەری تێدا نەبوو کە مام جەلال بیوگرافی خۆی بداتێ بۆی بکات بە کتێبێکی واقعی؟ مام جەلال بۆخۆشی دەڵێ کە زانیم قانعی فەرد کەسێکی وانیە، ترۆم کرد و وازم لێهێنا.)

# پێوندییەکانی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول

لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم کتێبەدا بەڵێنمدا ئاماژە بۆ پێوەندییەکانی بارزانیی و شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ وڵاتانی جیهان بکەم. لەم بارەیەوە پێویستە بڵێم پێوەندیی بارزانییو سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول بە گەلی کوردستانەوە، جگەلە چەند سەرۆک عەشیرەتی خۆفرۆش، بەپلەیەک گەیشتبوو کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی باشووری کوردستان بە کورد، ئاسوری، کلدانی و تورکمانەوە خۆیان بە کۆڵەکەی بنەڕەتی ڕاگرتنی شۆڕشی ئەیلول دەزانی. هەموو چینەکانی گەل بەبێ جیاوازیی لە شار و گوندەکاندا، بە گوێرەی توانا هاوکاریی شۆڕشیان دەکرد.

بارزانی بەتەنیا لەلایەن کوردەکانی باشورەوە خوشەویست نەبوو، بەڵکوو کوردی بەشەکانی تری کوردستان و تەنانەت کوردانی دانیشتووی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و لوبنانیش، بارزانییان لا خۆشەویست بوو. لەو ڕوانگەیەوە، هەزاران کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان پاڵیان بە شۆڕشی ئەیلولەوەدا و بەپێچەوانەشەوە شۆڕشی ئەیلول پشت و پەنا و مەکۆی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بوو.

هەروەکوو دەزانین دنیا زنجیرەیەکی پەیوەست و گۆڕەپانێکی لەبارە بۆ دامەزراندنی پێوەندییە فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی، وەرزیشیی، ئابووریی، سیاسییەکان و بۆ پاراستنی ژینگەیەکی باشتری بۆ ژیان و ئاسایش و خۆشگوزەرانی مرۆڤ. هەر مرۆڤێک بە تاک یان بە کۆمەڵ وەک نەتەوە یان دەوڵەت پێویستە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندەکانی خۆی بەبێ لەبەرچاو گرتنی شێواز و جۆری بیرکردنەوەی، پێوەندیی لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان دنیا دامەزرێنێت. هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵە پیشەیی، مەدەنی و سیاسییەکانی جیهان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر بنچینەی ئەم بۆچوونە دامەزراون کە بتوانن کێشەکانیان بە ڕێگەی ئەو پێوەندییانەوە چارەسەر بکەن، دەستیان بە مافەکانیان بگات، ئاسایشی نەتەوەیی بۆخۆیان دابین بکەن و گەشە بە پلەی ژیان، فەرهەنگ و ئابووریی خۆیان بدەن و خۆیان و نەتەکەیان لە دەستدرێژیی لایەنە جیاوازەکان بپارێزن.

ئەگەر بەحیسابێکی نە زۆر ورد بڕوانینە ڕابردووی نەتەوەکەمان تێدەگەین کە کۆسپی سەر ڕێی بە دەوڵەت بوونی کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی دیپلۆماسیی کورد و نەبوونی پێوەندیی کورد بە دەوڵەتانەوە، ئەگەرنا کورد بەگوێرەی مێژوو، یەکێکە لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی سەر زەوی و دەبووایە بە پێوانەی ئەو مێژووە دێرینەی وەک نەتەوەکانی تری جیهان خاوەن دەوڵەت و کیانی خۆی بێت.

شۆڕشی ئەیلوول بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا پشتی لە نەریتی تەریک مانەوە کرد. هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پێوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ نەتەوەی خۆی، بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و بۆ بەرژەوەندیی نەتەوایەتی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، دراوسێکانی، دەوڵەتە عەرەبییەکان، دەوڵەتە ئەوروپییەکان، یەکێتی سۆڤیەت، ئیسرائیل و ئەمریکا دامەزراند. لە بەشەکانی پێشوودا، ئاگاداری بەشێک لەو پێوەندییانە بووین کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان و دەوڵەتاندا هەیبوو.

دروشمی "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" و دواتریش دروشمی "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان" لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی دەگرت کە سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی خوازیاری پێوەندیی برایانە بوون لەگەڵ گەلانی عێراق بە عەرەب و کەمە نەتەوەکانەوە. هەرلەو ڕوانگەیەشەوە بوو کە کاتێک ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شیوعی عێراق ساڵی ١٩٦٣ کەوتنەبەر پەلاماری کوشتن و ڕاونانی دەسەڵاتدارانی بەعس، بارزانی باوەشی برایانەی بۆ شیوعییەکان کردەوە.

**پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان:** هەروەکوو لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول پێوەندی بە سەرکردەی چەند وڵاتی عەرەبییەوە هەبوو، وەک جەمال عەبدولناسر، ئەنوەر سادات، شا فەیسەڵ ئال سعود، شا حوسێن کوڕی تەلال و حەبیب بورقێبەی سەرۆکی تونس. لەو ناوەدا عەبدلناسر لە هەمووی ئەوانە پتر لە گەلی کورد نزیکبوو. شەوکەت ئاکرەیی لە ساڵی ١٩٦١وە تا ١٩٦٦ نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بوو لە قاهیرە، لەو ساڵەدا قاهیرە بەهۆی

گۆشاری حکومەتی بەعسی عێراق، شەوکەت ئاکرەیی لە میسر دەرکرد، بەڵام دواتر دوکتۆر فوئاد مەعسوم جێی گرتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٦وە بارزانی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ شا حوسێن دامەزراند. لە بەردەوامی ئەو پێوەندییەدا ئیدریس بارزانی چەند جار بە نوێنەرایەتی بارزانی باوک سەردانی ئەردەنی کرد و شا حوسێنیش ساڵی ١٩٧٢ "مەریود تەل"ی وەک باوەڕپێکراوی خۆی نارده لای بارزانی.

لەنێوان شا فەیسەڵ سعود و بارزانیدا نامە گۆڕینەوە هەبوو. شا فەیسەڵ هەڵوێستێکی ئەرێنی لە ئاست نەتەوەی کورددا هەبوو. نەتەوەی کورد و سوڵتان سەلاحەدین ئەیوبی بە خزمەتکاری ئیسلام دەناسی. ساڵی ١٩٧٤ کە ژمارەیەک لە کوردەکانی باشوری کوردستان بەهۆی گوشاری ڕژێمی بەعس و تۆپباران و خۆمپارەباران و بۆمبارانی فڕۆکەکان پەنایان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان برد، فەیسەڵ دیارییەکی نەختینەی بۆ ئەو کوردانە نارد.

ساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٥ شێخ عەزیز شێخ ڕەزا نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بوو لە بەیروت و جەلال تاڵەبانی ڕاوێژکاری بوو. دەربارەی پێوەندییەکانی ئەو نوێنەرایەتییە، شێخ عەزیز لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی:

**- (نوێنەرایەتی ئێمە لە بەیروت زیاتر بۆ پێوەندیی کردن لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بوو بەمەبەستی ئاگادارکردنیان لە کێشەی کورد لە عێراقدا. لە ڕاستیدا بەیروت لەو سەردەمەدا ناوەندێکی بەهێزی بارزگانی، سیاسیی و هەواڵگریی بوو، بوونی نوێنەری شۆڕشی ئەیلول لەوێ زۆر پێویست بوو. هەرچەندە لەوێ پێوەندیی ڕاستەوخۆمان بە دەوڵەتی لوبنانەوە نەبوو، بەڵام بە بەردەوامی ڕێکخراوەکانی فەلەستین و نوێنەرانی وڵاتانی عەرەبیمان دەبینی.)**

گوتم دوکتۆر فوئاد مەعسوم جێی شەوکەت ئاکرەیی لە قاهیرە گرتەوە. ناوبراو سەبارەت بە کاروباری پێوەندییەکانی لە قاهیرە چەند نامەی ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕش کردوە و لە یەکێک لە نامەکانیدا کە بەشێکی لێ بڵاودەکەمەوە دەنوسێت:

- (.... دوای ئاداری ١٩٧٤ چەند پێوەندییەکەم کرد، بەڵام گرنگترینیان پێوەندی کردن بوو بە عەبدولمونعیم نەجاڕی باڵیۆزی میسر لە عێراق کە بۆ ماوەی هەفتەیەک هاتبوو بۆ قاهیرە. هەروەها پێوەندیکردن بە بەشی کاروباری عارەبی لە سەرۆکایەتیی کۆماردا و چاوم بە سەمیر حیجازی کەوت کە یەکێکە لە بەرپرسانی ئەو بەشە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی خوارەوە:

١- میسر زۆر بایەخ بە بارودۆخی سوریا دەدات و نووچدانی ئەرکی کیسنجەر لەوێدا و داڕمانی کۆنگرەی جنێڤ واتای ئەوە دەگەیەنێ کە سیاسەتی میسر نووچی داوە.

٢- میسر ڕووەو ئەمەریکایە و لە دژی یەکێتی سۆڤیەت دەوەستێ. عێراقیش ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە.

٣- میسر دەیەوێ ببێتە بنکەیەک تا ئەمەریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتی پێ ببەستێ.

٤- ناحەزییەکی نەریتی لەنێوان هەردوو سەرکردایەتیی میسر و حیزبی بەعسدا هەیە.

ئەوا میسر ئامادەی هاریکاری و کارکردنە بۆ لادانی حیزبی بەعس لە فەرمانڕەوایەتیی عێراقدا، هەریەکێ لە نەجار و حیجازی جەختیان لەوە کردەوە کە میسر ئامادەیە بەشێوەیەکی مەبدەئی هاوکاری لەگەڵ بارەگای بەڕێز بارزانیدا بکات.)

لەناو وڵاتە عەرەبییەکاندا سوریا نەک هەر پشتیوانی لە شۆڕشی کوردستان نەکرد، بەڵکوو لیوای "بەرمووک"ی سوپاکەی بە فەرمانەدەیی فەهد شاعیر بەشدارییکرد لە داگیرکردنی چیای مەتین لە ناوچەی زاخۆ کە پێشمەرگەکان بە فەرمانەدەیی عیسا سوار شەوی ٤- ١٩٦٣/١٠/٥ هەڵمەتیان بردەسەر چیای مەتینو دوای شەڕێکی سەخت کە ئەنجامەکەی بە شەڕی دەستەویەخەی بە نێزە گەیشت، دوژمنیان لە چیای مەتین پاک کردەوە و لیوا داگیرکەرەکەی سوریایان ڕاونا و ناچاریان کرد بگەڕێتەوە بۆ سوریا.

دوای ڕاوەستانی شۆڕش لە ١٩٧٥دا، سوریا و لیبیا پشتیوانیان لە شۆڕشی کوردستان کرد. سوریا سنورەکانی بەسەر خەباتکارانی کورددا کردەوە.

هەروەها لیبیا یارمەتی شۆڕشی گولانی کرد. سەبارەت بە لیبیا پێویستە بڵێم: ساڵی ١٩٨٥، من لە ناوچەی حەیات، لە گەلی بەرازگر بووم. دوکتۆر سەعید ئەحمەد پێیراگەیاندم کە کاک مەسعود پێیخۆشە چاوی پێت بکەوێ. من بە خزمەت ڕێزدار مەسعود بارزانی گەیشتم. لەو دیدارەدا ئاماژەی بۆ هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە بزوتنەوەی کورد و پارتی دیموکرات کرد و فەرمووی:

**- (سەردانی لیبیام کرد و سەرهەنگ قەزافی چوار دۆشکەی دژە فڕۆکەی دامێ و گوتی ئەگەر توانیت ئەوانە بگەیەنییەوە، ئەوە ژمارەیەکی زیاترتان بۆ دەنێرم. من دۆشکەکانم هێنایەوە، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەو بیانوە کە بۆمبارانی سەرەکی فڕۆکەکانی عێراق بۆ سەر ئێرانە، دوو لە دۆشکەکانیان لێ گێڕایەوە.)**

**پێوەندی لەگەڵ ئێران:** پێوەندیی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ئێران لە کۆتایی ساڵ ١٩٦٢دا لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی دامەزرا. شەمسەدین موفتی نوێنەری ئەوان بوو لە تاران و سەرگورد عیسا پژمان نوێنەری ساواک بوو لەلای مەکتەبی سیاسی لە ماوەت. لە سەرەتادا شا نەیدەویست پێوەندیی لەگەڵ بارزانی دامەزرێنێ و هەوڵیدەدا لە ناکۆکی نێوان ئیبراهیم ئەحمەدو بارزانی کەڵکیوەرگرت کە لەلایەک بەدژی کەریم قاسم کاریان پێبکات و لەلایەکی تردا ڕێگەی تێکۆشان لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بگرێت کە لە چنگ ساواک ڕایانکردبوو و لە ناوچەی بانە گیرسابوونەوە. هەروەها پشتی ئیبراهم ئەحمەدی دەگرت کە پارتی دیموکرات بخاتە دەست خۆی و بەسەر بارزانیدا زاڵ بێت و بارزانی لە سەرکردایەتی شۆڕش دوور بکاتەوە. حکومەتی ئێران بنکەیەکی لە ناوچەی بانە لە گوندی "شابادین" بۆ گروپی ئیبراهیم ئەحمەد دانا و ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە عەبدولڕەحمانە ڕوتەی ئامۆزای "کەمال محەیەدین"یان کرد بە بەرپرسی ئەو بنکەیە.

لە درێژەی کێشەکاندا کە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی لە کۆنفرانسی ماوەت لە ٤- ١٩٦٤/٤/٩، بارزانییان لە پارتی دەرکرد، ڕژێمی ئێران هەستی بە ئاژاوە لەسەر سنورەکانی کرد. لەبەر ئەوە، بەرلە ڕاکردنی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ناوچەی ئالان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

و هەروەها لەوکاتەدا کە سەرکردایەتی شۆڕش خەریکی ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەی شەشەمی پارتی بوو، تا کێشەکان یەکلا بکاتەوە، سەرهەنگ مەنسورپوور لەگەڵ کوێخا برایمی بێوران هات بۆ گوندی هێرۆ و لەوێ چاوی بە مەلا مستەفا کەوت. بە دوای ئەو دیدارەدا، سەرلەشکر حەسەن پاکڕەوان سەرۆکی ساواکی ڕژێمی شا ڕۆژی ١٩٦٤/٦/٢٠ هاتە حاجی ئۆمەران. بارزانی لەگەڵ هەباسی مامەند ئاغای و عەزیز ئاکرەیی لە ماڵی ئەحمەد نەبی چاویان بە پاکڕەوان کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا، پاکڕەوان فەرمانێکی شای ئێرانی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەدار دانی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ خۆی هێنابوو.

بە دوای ئەو دیدارەی بارزانی و پاکڕەوان، ئێران پێوەندییەکانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و گروپی ئیبراهیم ئەحمەد گواستەوە بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول. لە یەکەم هەنگاودا، بنکەی "شابادین" داخرا و بنکەی پێوەندییەکانی شۆڕشیان گواستەوە بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران. شەمسەدین موفتی کە نوێنەری گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بوو لە تاران، لەجێی خۆی مایەوە و نوێنەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی کرد، بەڵام لە جیاتی سەرگورد عیسا پژمان، سەرهەنگ عەلی مودەرسی سەرۆکی ڕۆکنی دووەمی سوپای سێی مهاباد کە ئەویش کورد و خەڵکی سنە بوو، کرا بە نوێنەری ڕژێمی شا لە لای شۆڕش.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا گوتم بارزانی باوەڕی بە شای ئێران و حکومەتەکەی نەبوو. بە بەردەوامی جەختی لەوە دەکردەوە کە شا دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی نەتەوەی کوردە، بەڵام دەیویست لە هەل و دەرفەتی پێکهاتوو بە قازانجی شۆڕش کەڵکوەرگرێت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٠٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- (بارزانی چەندین جار لە تاران چاوی بەشا کەوت و شاندی شۆڕشیش هەمووجارێ دەچوونە لای. من بۆخۆم لە ١٩ی ئەیاری ١٩٧٤دا لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان چوومە لای. هەموو ئەوەی لەپاش ئەو چاوپێکەوتنە لە زەینمدا دەربارەی ئەو مابووەوە، نەرێنی بوو. لە بەرامبەریدا هەستم بەهیچ خۆشەویستییەک نەکرد. کاتی خۆی ئەم**

بۆچوونەی خۆمم بۆ دوکتۆر مەحمود باس کرد و پێم وت: کەسایەتی ئەم پیاوە ڕای نەکێشام بۆلای خۆی و هیچ چوونە دڵێکی باشی لا بەجێنەهێشتم و کەسایەتیی فەرمانڕەوای دڵ بەکێشکەری نییە.)

بارزانی بەو متمانەیەوە کە مادام وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لایەکی پرسی کوردە، شا ناتوانێ لێی وەرگەڕێتەوە و بەو بۆچوونە درێژەی بە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا، کەچی بەرلە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار شا نەیدەویست بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێک بکەوێت و داوای بینینی بارزانی کرد.

بارزانی ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٥ لەگەڵ شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود بەرەو تاران بەڕێکەوتن و ڕۆژی ١٩٧٠/١/١٦ لەلایەن شاوە پێشوازی کران. لەو دیدارەیدا، شا بە بارزانی گوت ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی حیزبی بەعس و یەکێتی سۆڤیەت دایە و بەناوی خۆی و بەناوی کاربەدەستانی ئەمریکاوە بەڵێنی بە بارزانیدا کە ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە قەبووڵ نەکات، هەموو جۆرە یارمەتییەک بە شۆڕش دەکات، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی سەربازییشەوە بێت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ٣٥-٣٦ی کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بۆ وەڵامی بارزانی بە شا دەکات و دەنوسێت:

- (ئامانجی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە. جا ئەگەر بەعسی حوکمڕان دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت و من ئەوم نەوێت و بیدەمە دواوە، هەڵوێستم چیدەبێت لە ئاست پارتی دیموکرات و میللەتی کورد لە عێراق و لە ئاست هەموو نەتەوەی کورددا؟ من ناتوانم ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکەم، ئەگەر ئیمزای نەکەم، بەوە گەورەترین قازانج بە حزبی بەعسی حوکمڕان دەگەیەنم و لەبەرچاوی ڕای گشتیدا ئەو بە داکۆکیکەر لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئێمەش بە خائین و بایەخنەدەر بەو مافانە دەردەکەون.)

سەبارەت بە پێوەندیی نێوان بارزانی و شای ئێران، ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٣٠ ئەحمەد حاجی شێخ هومەر لە دایکبووی ١٩٣٢ لە گوندی تاتکی سەربە شێروانی مەزن لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (ساڵی ١٩٧٤، بنکەیەکمان بۆ پێشوازییکردنی میوانە ئێرانییەکان لە حاجی ئۆمەران دانابوو. من بەرپرسی ئەو بنکەیە بووم و بۆ ڕێزگرتن لە میوانە ئێرانییەکان، وێنەیەکی شای ئێرانم لە دیواری بنکەکەدا هەڵواسیبوو. ڕۆژێک بارزانی هاتە بنکەکەمان و هەرکە چاوی بە وێنەی شا کەوت، زۆر تورە بوو، بە لەحنێکی توندەوە فەرمووی: "ئەو ڕەسمە دابەزێنە و ئەگەر بگەڕێمەوە لەسەر ئەو دیوارە بێت، دەبێ کوردستان بەجێهێڵێ." ئێمە پێشمەرگەکان لەو وتەیەی سەرۆک سەرمان سوڕما و من تێگەیشتم کارێکی باشم نەکردوە. هەر ئەوکاتە یەکێک لە پێشمەرگەکانی بنکەی پێشوازیی بە ناوی شەهابی حاجی حەسەن وێنەکەی لە دیوار کردەوە و دڕاندی و لە ستڵی زبڵمان هاویشت.)

**پێوەندی لەگەڵ تورکیا**: سنوری دەستکردنی عێراق لەگەڵ تورکیا لە ڕۆژئاوای زاخۆوە هەتا دەگاتە ناوچەی سیدەکان و سنوری دەستکردنی ئێران، تا ساڵی ١٩٧٥ لەدەست پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولدا بوو. سەرکردایەتی شۆڕش، ئەو سنورەی بە دژی تورکیا بەکار نەهێنا و ڕژێمی تورکیاش جگەلە ساڵی ١٩٦٣ کە هاوکاریی ئاسمانی و هەوالگریی لەگەڵ ڕژێمی بەعس کرد، بە بەردەوامی خۆی لە کێشەی کوردی باشور دوور ڕاگرت. ساڵی ١٩٦٩، بارزانی یاددشتێکی ئاراستەی ژمارەیەک لە سەرۆکەکانی جیهان کرد کە یەکێک لەوان، جەودەت سونای سەرکۆماری تورکیا بوو. سونای تەنیا سەرکۆمارێک بوو کە وەڵامی یادداشتی بارزانی نەدایەوە.

**پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات**: پێوەندی کورد لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ"، شێخ مەحمودی حەفید، کۆماری کوردستان و ژیانی بارزانی و ٤٩٩ هەڤاڵی لە سۆڤیەت بۆ ماوەی نزیک بە دوازە ساڵ. دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق لە ساڵی

١٩٥٨دا و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١دا، سۆڤیەت هاوکاریی ئابووریی بە شۆڕش دەکرد. سەرەتا ساڵانە ٢٥٠ هەزار دۆلاری دەدایە و دواتر بۆی کرد بە یەک ملیۆن دۆلار لە ساڵدا. ئەو پێوەندییە تا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بوو، بەڵام لەو ساڵەدا کە پەیمانی هاوکاریی لەگەڵ ڕژێمی بەعس مۆرکرد، یارمەتی شۆڕشی کوردستانی بڕی و ئەم جارەیان بە دژی شۆڕشی ئەیلول بەشداریی لە شەڕەکاندا کرد. لە بواری سیاسیشدا پشتی ڕژێمی سەدام حوسێنی گرت و سوپای عێراقی بە چەکی نوێ ڕێکخستەوە و سەدان خەباتکاری کورد بە بۆمبارانی فڕۆکەکانی سۆڤیەت شەهید و بە دەیان گوندیش وێران بوون.

**پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا:** دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی یەکێک بوو لە پێداویستییەکانی شۆڕشی ئەیلول. بارزانی بە بەردەوامی پێداگری بۆ دەکرد، بەڵام ئەوان لە نزیکبوونەوەی کورد خۆیان دەپاراست، تا سەرئەنجام بەهۆی چالاکییەکانی لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE ، خوێندکارانی ئەو ڕێکخراوەیە توانیان، لەگەڵ چەند ڕێکخراوی سیاسیی و مەدەنی وڵاتانی سکاندیناڤیا وەک: سوید، دانیمارک، نۆڕوێژ و فینلاند پێوەندی دامەزرێنن. دواتر ئەو پێوەندییە "کراسیکی" سەرکۆماری نەمسا و "فرانز جۆزێف شتراوس" سەرۆکی پارتی کریستیانی ئەڵمانیاشی گرتەوە. هۆی دوورەپارێزی ئەو وڵاتانە لە کورد دەگەڕایەوە بۆ ڕاسپاردەکانی ئەمەریکا، بەڵام ئەو سیاسەتە لە ساڵی ١٩٧٢وە کە ئەمریکا لە کورد نزیک بۆوە، گۆڕانی بەسەردا هات. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢١٠ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- ( شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود چەندجار لە جیاتی بارزانی پێوەندیی بە باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا کرد، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵ و تەقەلایانە سوودیان نەبەخشی. پاشانیش بارزانی لە ڕێگای سەید عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عەبدولقادری نەهری گەیلانییەوە ئەم هەوڵەی دایەوە، هەروەها بەهۆی شێخ عوبەیدوڵڵای کەماڵی زادە بۆ پێوەندی کردن بە باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە لە تاران و چەند نامەی بارزانیشی بۆ بردن،**

بەڵام دیسان هیچ کام لەم هەوڵ و تەقەلایانە سوودیان نەبەخشی و هەموو نامەکان بێ وەڵام مانەوە.
لە ساڵی ١٩٦٥دا لەگەڵ نوێنەی خۆمان لە تاران شەمسەدین مفتی چووینە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران و چاومان بە بەڕێز ئیلسەد سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە کەوت و نامەی بارزانیمان دایە دەستی لەگەڵ ڕاسپێرییەکی دەمیی کە ئەویش ڕاسپێرییەکەی نووسییەوە و وتی دەیگەیەنمە سەرچاوەی خۆمان لە واشنتۆن و نامەکەش هەروا دەگەیەنمە دەستیان و چ وەڵامێکیانم بەدەست گەیشت پێتان ڕادەگەیەنم. پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک ئەم وەڵامەی داینەوە: "حکوومەتی ئەمەریکا هیچ شەڕێکی لە کوردستان پێ باش نییە و ئێمەش ناتوانین دەستی تێوەردەین چونکە هەراکە پرسێکی ناوخۆییە هەندێ یارمەتی مرۆییشمان لە ڕێگەی ڕێکخراوی CARE وە ناردووە بەشی کوردیشی تێدایە. ئێمە ئاواتی هەموو چاکە و ئاشتییەک بۆ گەلەکەتان دەخوازین و هیوامان وایە ڕادەیەک بۆ ئەم شەڕە دابنرێ.") مەسعود بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:
- (بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا تا ساڵی ١٩٧٢ هەروەک خۆی مایەوە و ئەمەریکا هەر خۆی لە شۆڕش دوور ڕادەگرت و نەدەچوو بەدەنگیەوە. کە پێمان نایە ئەم ساڵەوە و پاش سەردانەکەی نیکسۆن بۆ مۆسکۆ و پاشانیش سەردانی بۆ تاران، لێرەدا شا داوای لە سەرۆکی ئەمەریکا کرد حکوومەتەکەی جۆرە پێوەندییەک بە کوردەوە پێکەوە بنێ. بەو جۆرەی ئەو وێنەی بۆ کێشابوو و ئەو پێوەندییەش بە چاودێری و ڕاگرتنی ئێران بێ، چونکە شا دەیزانی هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بەو جۆرەی ئەو ویستوویەتی ئەوەی بۆ دەستەبەر دەکا کە چارەنووسی شۆڕش و بارزانی خۆشی بخاتە ژێردەستی ئەوەوە. لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا ژەنەراڵ مەنسورپوور نامەیەکی لە شاوە هێنا بۆ بارزانی تێیدا نووسرابوو کەوا سەرۆکی ئەمەریکا ڕەزامەندیی لەسەر یارمەتیدانی شۆڕش پێشانداوە و جۆن کۆنالیی ناردووە تا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە و بەڕێوەبەریەتیی ئەمەریکا داوا لە بارزانی دەکا شاندێکی پلەبەرز بنێرێ بۆ لێکۆڵینەوەی توان، و دەستنیشانکردنی ئاسۆی پێوەندی و یارمەتی. لە ٢٦ی حوزەیراندا دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی وەک شاند

چوونە تاران و شا پێشوازیی لێکردن و هەموو خۆشحاڵییەکی بەم ئەنجامە پێشاندا کە وەدەست هاتبوو ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەم شتە لەسەر داوای ئەو بوو و ڕاستییەکەشی ئەمەیە. هەردوو نێردراو گەشتەکەیان دەست پێکردەوە و چوون بۆ واشنتۆن و لە ١٧ی تەمووز گەڕانەوە بۆ حاجی ئۆمەران. بڕیار وابوو ئیدریس و دوکتۆر مەحمود چاویان بە کیسنجەری وەزیری دەرەوە بکەوێ، بەڵام کیسنجەر لەوێ نەبوو. لەبەرئەوە لەگەڵ ڕیچارد هێڵمزی بەڕێوەبەری هەواڵزانینی ئەمەریکا CIA کۆبوونەوە. کۆلۆنێل کینديش بە نوێنەرايەتيی ئەنجومەنی ئاسايشی نەتەوەيی ئەمەريكا لە كۆبوونەوەكەدا ئامادە بوو. هێڵمز لەو كۆبوونەوەيەدا لەجياتی كيسنجەر وتی: "ئەم پێوەندييە لەسەر داوای شای ئێران بووە و پێويستە ئەم نهێنييە ڕابگيرێ. مەرجيش بريتييە لە نهێنی ڕاگريی تەواو. بەڕێوەبەريەتيی ئەمەريكا بە چەک و بە پارە يارمەتيتان دەدا. بەڕێوەبەيەتی ١٦ مليۆن دۆلاری بەشێوەيەكی سەرەتايی بۆ ئەمە تەرخان كردووە، بە مەرجێ كە باڵيۆخانەی ئەمەريكا لە تاران ئەڵقەی پێوەنديمان بێ.")

وريا ڕەحمانی بەڵگەنامە نهێنييەكانی ئەمريكای لە زمانی ئينگليزيەوە كردوە بە كوردی و ساڵی ٢٠١٣ لە كتێبێكدا لەژێر ناوی **"شۆڕشی ئەيلول لە بەڵگەنامە نهێنييەكانی ئەمريكادا"** بڵاويكردۆتەوە، ڕەحمانی لە لاپەڕەی ٢٠ و ٢١ی كتێبەكەيدا سەرەڕای ئاماژەكردنی بۆ ياداشنامەكانی ئەمريكا، دەنوسێت:

**- (لە تەموزی ١٩٧٢ نوێنەرانی شۆڕشی ئەيلوول "دوكتۆر مەحمود عوسمان و ئيدريس بارزانی" بۆ ماوەی دە ڕۆژ بە فەرمی لەگەڵ پايە بەرزترين كاربەدەستانی دەوڵەتی ئەمريكا "لەوانە بەڕێوەبەری CIA" دانيشتن و بە باشترين شيوە بارودۆخی كورد و كاريگەريی كێشەی كورد لەسەر هاوكێشەكانی عێراق و ناوچەيان شيكردەوە و هەوڵياندا مەسەلەی دەسەڵاتی سۆڤيەت لە عێراق و گوشارەكانی سۆڤيەت لەسەر ڕێبەرانی كورد بۆ پەيوەستبوونيان بە بەرەی نيشتمانی عێراق زەق بكەنەوە و ئەمريكا ئاگادار بكەنەوە كە ئەو مەسەلەيە بەرژەوەنديی ئەمريكا و هاوپەيمانەكانی بەتەواى دەخاتە مەترسييەوە. لەو دانيشتنەدا**

نوێنەرانی شۆڕشی کوردستان داواکارییەکانیان بۆ یارمەتی سەربازیی و مادی ئەمریکا بە بزووتنەوەی کورد خستەڕوو و دەوڵەتی ئەمریکاش ئەو داواکارییانەی قەبووڵ کرد و بۆ یەکەم جار پێوەندی فەرمی و ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەگەڵ بزووتنەوەی کورد دەستی پێکرد و ئەم پێوەندییە لە ڕادە بەدەر نهێنی بوو. هەرلە دانیشتنی یەکەمدا کاربەدەستانی ئەمریکا ڕاشکاوانە بە نوێنەرانی کوردیان ڕاگەیاند:

- نهێنی پارێزی مەرجی سەرەکی ئەم پێوەندیەیە و ئەگەر ئەم نهێنیە نەپارێزرێت، پێوەندییەکە ئاڵۆز دەبێت. یارمەتی ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێ بەوپەڕی نهێنی و ئاسایشی ئیداری و فیزیکی ئەنجام بدریت بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا حاشای لێبکرێت. ئێمە لەکاتی گفتوگۆی زۆرتر لەگەڵ نوێنەرانی بارزانی دەبێ چاوەڕوانیەکانیان لەئاستی واقیعدا قەبووڵ بکەین و ئەوەندە یارمەتیان بدەین کە پاشان بتوانین حاشای لێبکەین و مۆچیاریان بکەین و هیچ کردەوەیەک ئەنجام نەدەن کە ببێتە هۆی ئەوەی بەربەرەکانییەکی نێونەتەوەیی بێتە ئاراوە.)

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا ئەمریکا بڕیارەکەی جێبەجێکرد و شەش ملیۆن دۆلاری ڕەوانەی شۆڕش کرد و بایی دە ملیۆن دۆلاریشی لە چەک کڕیندا سەرف کرد. بە دوای ئەو پێوەندییەدا ئیتر پێوەندیی نێوان شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواییدا پێکهات. ئەمریکا بە ڕاسپاردەی شای ئێران پێوەندیی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول دامەزراند. لە هەمانکاتدا ساڵی ١٩٧٥، ڕێگەی بۆ شا خۆشکرد کە لە جەزائیر چاوی بە سەدام حوسێن بکەوێت و لە پێوەندییەکانی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول پاشگەز بۆوە و لەگەڵ شای ئێران خەنجەریان لە پشتی کورددا. لە ڕوانگەی ڕێزدار مەسعود بارزانییەوە کە زانیاریی لەسەر دامەزران و هەڵوەشانەوەی ئەو پێوەندییە هەیە، هنری کیسنجەر وەزیری دورەوەی ئەمریکا لە سەردەمی جیراڵد فۆرددا، کەڵکی لە لاوازیی سەرکۆماری ئەمریکا وەرگرت و خیانەتی بە نەتەوەی کورد کرد.

سەبارەت بە پێوەندیی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و کاریگەرییەکانی لە ناساندنی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بە گەلانی جیهان، دەکرێ ئاماژە بۆ گەلێک نمونە بکەین. لە ڕاستیدا

ئەوروپییەکان بە هەوڵی شۆڕشی ئەیلول و پێداگرتنی شەخسی بارزانی بۆ ناساندنی شۆڕش بە گەلانی جیهان، مەسەلەی کوردی لە ناوچەییەوە، کرد بە مەسەلەیەکی جێ سەرنجی جیهان. دوکتۆر کەماڵ مەزهەر لە وتووێژێکیدا لەگەڵ زانیار سەردار قرگەیی کە ئەویش لە لاپەڕەی ١٣٥ی کتێبەکەیدا **"دوکتۆر کەمال مەزهەر لە مێژوو دەداتەوە"**دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت:

**- (لە "ئامستردام"ی هوڵندە بووم ڕێگای ئوتێلەکەی خۆم بزر کردبوو هێشتا نەگەڕابوومەوە بۆ بەغدا و لە سۆڤیەت بووم، لەوێوە چووبووم بۆ هۆڵندە و کوڕێکی لاوم بینی و لێمپرسی: فلان ئوتێل لە کوێیە؟ گوتی: خەڵکی کوێی؟ گوتم کوردم و خەڵکی ئێراقم، ئەویش گوتی: ئۆ بارزانی، بارزانی، بارزانی و گوتی: من حەزم دەکردو خەون بەوەوە دەبینم یەکێک بوومایە لە پێشمەرگەکانی بارزانی، وەرە خۆم دەتگەیەنم، ئیتر سواری ئۆتومبیلەکەی خۆی کردم هەتا گەیاندمییە بەردەم بینای ئوتێلەکە، زۆر بەگەرمی ماڵئاوایی لێکردم. بەڕاستی هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد گەنجێک لەو وڵاتەدا بەو شێوەیە سەرسام بێت بە بارزانی و بیناسێ و شارەزای خەبات و ناوی بێت.)**

**پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل:** ئیسرائیل یەکەم دەوڵەت بوو لە جیهاندا کە بەهۆی کێشەی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول، بە لێکدابڕانی کوردو عێراقی زانی. ئەو دیاردەیەی بە خاڵێکی ئەرێنی لە ستراتیژیی وڵاتەکەی خۆی هەڵسەنگاند. بەرژەوەندەکانی هانیاندا وەک یەکەم دەوڵەت، خۆی بێت و پێوەندیی بە شۆڕشەوە بگرێت. بە نوسینی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢١٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١-١٩٧٥"، ئەو پێوەندییە لە حوزەیران "یونی" ساڵی ١٩٦٣دا بە گەشتێکی جەلال تاڵەبانی بۆ فەرەنسا و دیداری لەگەڵ شەمعون پیرس لە پاریس بە هاوکاریی میر کامەران بەدرخان دەستی پێکرد. بە دوای ئەو دیدارەی بەڕێز تاڵەبانیدا، پێوەندیی شۆڕش و ئیسرائیل بە چوونی وەفدێک بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامەتی عومەر مستەفا دەبابە و سەید عەزیز شەمزینی بەڕێگەی ئێراندا بۆ ئیسرائیل دامەزرا. لەم

بارەیەوە دوکتۆر شاخەوان شوان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:



- (دوای ئازادبوونم لە زیندان لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ و گەڕانەوەم بۆ ڕانیە، لەگەڵ ساڵح یوسفی پێکەوە لە ژوورێک بووین. دیتمان لەنێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەددا کێشەیەکی توند سەریهەڵداوە، ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ ئاگاداریی بارزانی چووبوو بۆ ئیسرائیل و مەلا مستەفا بە چوونەکەی زانیبوو و زۆری پێ تووڕە بوو. ئیبراهیم ئەحمەد هاتبوو ئارامی بکاتەوە. ئەو لە قەڵادزێ بوو و مەلا مستەفا لە ڕانیە. کۆبوونەوە پێکهات و ساڵح یوسفی بەشداربوو لەو کۆبوونەوەکەدا. شەو دوای کۆبوونەوە ساڵح هاتەوە و پرسیاری کێشەکەم لێکرد، گوتی:

- "چوونی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئیسرائیل بەتەواوی بارزانی تووڕە کردوە. لە کۆبوونەوەکەدا ئیبراهیم ئەحمەد دەیویست مەسەلەکە لەبیر بارزانی بەرێتەوە و زۆر تاریفی لە بارزانی کرد و گوتی: تۆ قاعیدی کوردی و چی و چی، بەڵام مەلا مستەفا لێی تورە بوو، پێی گوت: برایم تۆ لەلایەک دەچی دەڵێی مەلا مستەفا شۆڕشی کوردی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشتووە و لێرەش بەمن هەڵدەڵێی و لەلایەکی تریشدا سەری خۆت دادەخەی و دەچی بۆ ئیسرائیل."

مەلا مستەفا دەیویست ئیبراهیم ئەحمەد بگرێ، بەڵام ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە پەشیمانیان کردەوە. بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی ڕانیەیان بەجێهێشت.)

مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: (دواتر کە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی ساڵی ١٩٦٤ ڕایانکردە ئێران و دواتریش گەڕانەوە بۆ بەغدا، ئیسرائیل بە هاوکاریی ئێران پێوەندیی بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە گرت و لە ئەیار "مای"ی ساڵی ١٩٦٥دا دێڤید کەمحی بە

نوێنەرایەتی حکومەتی ئیسرائیل گەیشتە کوردستان و دەستیکرد بە کاری ڕێکخستن لەگەڵ شۆڕشدا. ئیسرائیل بە ڕادەیەکی سنوردار هاوکاریی سوپایی و تەکنیکی بە شۆڕشی ئەیلول دەکرد. ئەوان هەوڵیاندەدا بەهۆی پێشمەرگەکانەوە، سوپای عێراق لە شاخەکانی کوردستاندا ڕابگرن کە نەتوانێ هاوکاریی میسر و سوریا بکات و دژی ئیسرائیل یارمەتی بەو وڵاتانە بکات، بەڵام هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بارزانی ئامادە نەبوو و گوتی: "ئەگەر کارێکی وا بکەین، بۆ هەمیشە دوژمنایەتی دوو میللەتی عەرەب و کوردمان بۆخۆمان هەڵبژاردووە. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و ناتوانین ئەنجامە زیانبەخشەکانی لە ئەستۆ بگرین.")

لە ڕەوتی شۆڕشی ئەیلولدا ژمارەیەک ئەفسەری ئیسرائیلی سەردانی کوردستانیان کرد و کاتێک سەرکردایەتی شۆڕشی لە یەکێتی سۆڤیەت نائومێد بوو، هیوای خواست بە ڕێگای ئیسرائیلەوە پتر ڕای ئەمریکا بۆخۆی ڕاکێشێ کە پشتی شۆڕش بگرێت، بەڵام ئەو بۆچوونە بە هەڵە دەرچوو، چونکە شای ئێران و ئیسرائیل هەردوو خاوەنی یەک هەڵوێست بوون لە بەردەوامی شەڕی کورد لەگەڵ عێراق، بۆ لاوازکردنی عێراق، نەک سەرکەوتنی کورد لە مامەڵەکەدا.

پێوەندیی بارزانی بەتەنیا ئەو دەوڵەتانەی نەدەگرتەوە کە ئاماژەم بۆ کردن، بەڵکوو پێوەندییەکی نزیک و بەربڵاوی هەبوو بە ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی کورد و بیانی. بە بەردەوامی دۆست و لایەنگریی بۆ نەتەوەی کوردو شۆڕشی کوردستان و پشتیوانی کردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد لە جیهاندا دەدۆزیەوە و پشتگیریی مادی و مەعنەوی لێوەردەگرتن. بۆ نمونە بەرلە دامەزرانی دەزگای پاراستن لە شۆڕشی ئەیلولدا، تەنیا ڕێگەیی بەدەستخستنی زانیاریی شۆڕش لە دوژمنو زانیارییە ئاسایشییەکانی لەو پێوەندییانەوە بەدەست دەهاتن کە بارزانی لەگەڵ کەسایەتییەکان هەیبوو.

## دوا وتە

نەتەوەی کورد زیاتر لە دوو سەدەیە، بێوچان بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی تێدەکۆشێت. نەتەوەیەکی ماندووە، زۆری ئازار بینیوە، شار و گوندی قەڵاچۆ کراوەو خاک و رۆڵەکانی کیمیاباران و ئەنفال. بەو هەموو خەبات و ئازارییەوە، ئەگەر نەڵێین دەستکەوتی نەبووە، دەتوانین بڵێین دەستکەوتەکانی کەمبوون. ڕەنگە هەڵکەوتەی جوغرافیای وڵاتەکەی و دڕیی و بێبەزەیی دوژمنە داخ لەدڵەکانی و پشتگوێ خرانی لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە، کاریگەرییان بووبێت لەسەر ئەو چارەنوسەی. بەڵام، بۆخۆشی زیانی کەمی بەخۆی نەگەیاندوە. بە درێژایی مێژوو، خۆی خۆی چەواشە کردوە و نەیتوانیوە ڕیزەکانی ڕێکبخات. هەموو جارێ کە لە لوتکە نزیک بووەتەوە، کەسێک، یان لایەنێک لە خۆی، لێی بووەتە بەڵا و لەمپەری بەر سەرکەوتنی. بنوارە سەردەمی میرەکانی کوردستان و مەلای محەمەدی خەتێ بەبیر بهێننەوە. عەشیرەتە جاشەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان ببینن کە چەند بە ئەرزان خۆیان فرۆشت، ئەی ئەوانەی باکور، یان باشوری کوردستان کە بوون بە گورگی مێگەلی خۆیان و حکومەت و دەسەڵاتیان بۆ دوژمن پاراست.

کورد بەتەنیا زیانی لە داگیرکەران و جاشە چەکدارەکان نەبینیوە، بەڵکوو لە بەربەرەکانیی سیاسیی ناوخۆشدا زیانی زۆری بینیوە. ئەو زیانە بەتەنیا لە بواری فیزیکیی و مەیدانی و بە کردەوەدا نەبووە، بەڵکوو لە بواری تیۆریشەوە مێژووی ڕاست و دروستی نەتەوەکەمانی پێچەوانە کردۆتەوە. لە بزوتنەوەکانی پێش شۆڕشی ئەیلولدا، هیچ سەرکردەیەکی کورد نەبۆتە ئەلتەرناتیڤی سەرکردە دێرینەکانو دژی خەبات و تێکۆشانی ئەوان نەوەستاوە. شێخ عەبدولسەلام، شێخ مەحمود، سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ"، شێخ عەبدولقادر، شێخ سەعید، سەید ڕەزا، شێخ ئەحمەدی بارزان، پێشەوا قازی محەمەد و مستەفا بارزانی، هەموویان بە گوێرەی هەلومەرجی نوێی خەبات، درێژەدەری ڕێگای سەرکردە دێرینەکانی کوردستان بوون.

لە هیچ جێیەک نابینی، شێخ عوبەیدیلا دژی شێخ عەبدولقادر قسەی کردبێت، یان سەرکردەکانی تر بە دژی یەکتر، بەڵام دەخوێنینەوە کە بە

بەردەوامی هاوکاریی یەکتریان کردوە و یاریدەدەری یەکتر بوون و بە گوێرەی سەردەم و بە پرۆگرامی نوێ درێژەدەری ئامانجی سەرکردە دێرینەکان بوون.

بەڵام لە شۆڕشی ئەیلولەوە و بەدوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت، بۆ یەکەم جار لەناو کورددا، ئەو نەریتە ژێرپێ خرا. سیاسەتی نەفی، سڕینەوە و قەبووڵ نەکردن، جێی ڕێزگرتنی گرتەوە و بە بیانووی جۆراوجۆری دوورکەوتنەوە لە خەباتی کلاسیک، لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە سەدان لاپەڕە کاغەز بە دژی مەلا مستەفا بارزانی ڕەشکرایەوە و هێڵێکی سور بەسەر خەبات و تێکۆشانی بارزانیی و شێخەکانی بارزاندا کێشرا کە بڵێت شۆڕشی کورد لێرەوە و لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە سەریهەڵداوە و دەستی پێکردوە. بێئاگا لەوەێ کە ئەو نوسراوە ناڕاستانە دوارۆژ ملی خۆیان و نەتەوەکەیان دەگرێتەوە و دوژمن لەکاتی پێویستدا بە ئاراستەیەکی نوێ دژی کورد کەڵکیان لێوەردەگرێت! بە داخەوە درێژەدەرانی ئەو سیاسەتە هەم زیانیان بە خۆیان و هەمیش بە نەتەوەی خۆیان گەیاند و کارێکی وایانکرد کە بە دەیان ساڵ شوێنەواری ئەو هەڵەکارییانە پڕ نەکرێنەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران چەند ساڵێکە جگەلە سیاسەتی گوشاری فیزیکی و زیندانیی و ئیعدامی ڕۆڵەکانی کورد، سیاسەتی تێکدان و چەواشەکردنی مێژووی کورد و ناشیرین کردنی سیمای سەرکردە کاریزمایەکانی کوردی گرتووەتەبەر و هەوڵدەدات بە ڕێگای نوسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و وتار لە ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێتدا و لە مینبەری مزگەوتی هەندێک شار و گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەوەی نوێ لە خەبات بۆ کورد و کوردستان، لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد دوور بکاتەوە. ئەگەر سەرتاپای کتێبی دوای ٦٠ ساڵی قانعی فەرد بخوێننەوە کە بەناوی مام جەلال نوسیویانە، بە ڕوونی دەبینن بۆ ئەو مەبەستە و خراپکردنی کورد و بزوتنەوەکەکان و سەرکردەکانی، لە دوو بەڵگەنامەی ناڕاست کەڵکیان وەرگرتووە.

بەڵگەی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ وتە، وتووێژ و بڵاوکراوەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی کە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و دواتریش بڵاویان کردۆتەوە و بەڵگەی دووەم لە وتە و ڕاپۆرتی عیسا پژمان و مەئمورەکانی ساواک و پرۆتکۆڵی دەزگا ئەمنییەکانی ئێران بە دژی کورد سەرچاوەی وەرگرتووە. بەو واتایە، بەڵگەی یەکەمیان هەڵوێستی سیاسیی گروپێکە بە دژی گروپێکی تر، بۆ داسەپاندنی دەسەڵات و لاوازکردنی لایەنی ڕووبەڕوو کە مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکایەتی کردوە و بەڵگەی دووم هەڵوێستی ئەمنییەتییە کە ڕژێمی داگیرکەری ئێران بۆ تێکشکاندنی کورد و ڕێگرتن لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشەکانی تر نوسیویانە و ئێستاش بە هەمان مەبەست، کۆماری ئیسلامیی و سیخوڕە نوێیەکانی بۆ تێکشکاندن، یان وەستاندنی ئەزموونی باشوری کوردستان، کەڵکی لێوەردەگرن.

عیسا پژمان زۆر جار قینی دڵی خۆی بەو "مەلا نا مەلایە" واتە مەلا مستەفا بارزانی دەرێژێت و دەڵێت: **(لەگەڵ ڕژێمی شا پاک نەبووە.)** لە بەرامبەردا بە ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال هەڵدەڵێت و دەڵێت: **(سادق بوون و بەڵێنەکانیان بۆ ڕژێمی ئێران بەجێهێناوە و وەفادار بوون بە ڕژێمی شا.)**

ئێران وەک تورکیا و سوریا خاوەن سیاسەتێکی ڕوون و دیار نییە کە لایەنی بەرامبەر لێی تێبگات و ستراتیژ و تاکتیکەکانی خۆی بەگوێرەی ئەو دابڕێژێت، بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر، پەیڕەوی لە سیاسەتی درۆ و فریو دەکات و سەرلە لایەنی ڕووبەڕوو دەشێوێنێت. ئەمە بە تەنیا بۆ سەردەمی کۆماری ئیسلامی ناگەڕێتەوە کە بە حوکمی مەزەبەکەیان پەیڕەوی لە "تەقیە" دەکەن و بەپێی هەلومەرج درۆ دەکەن و خۆیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا ڕێکدەخەن! بەڵکوو لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شاشدا، بەو شێوەیە بووە.

ئەگەر لە لاپەڕەیەکی ئەم کتێبەدا دەبینن، کۆماری ئیسلامی ددانی خێر بە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی دادەنێت، بۆ ئەوە نییە کە ئەوانی لا خۆشەویست بێت، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە ئەوان لە سەردەمێکدا دژی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلول بوون و هەوڵی تێکشکاندنی شۆڕشەکەیان داوە. هەروەکوو ئێستا کە لایەنگریی لە ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی هەرێمی

کوردستان دەکات! ئەگەرنا کۆماری ئیسلامی دۆست و لایەنگری هیچ کوردێک نییە. لە هیچ کەس شاراوە نییە کە خومەینی دیکتاتۆڕ ساڵی ١٩٥٨ فتوای خەزای بە دژی کورد ڕاگەیاند و هەزاران کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کوشت. ئایا ڕژێمێکی بەم ئایدەلۆژییە دەتوانێت دۆستی کورد بێت؟

ئەو سیاسەتەی ئێستا کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی مەسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەی دەبەن، لە هەمان سیاسەتی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول دەچێت کە شا بە دژی مەلا مستەفا بارزانیی بەڕێوەی برد، هەرچەندە ئەو توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا، یاسایی ئۆتۆنۆمی کوردستان بە ڕژێمی بەعس مۆربکات. کۆماری ئیسلامی لە لایەک پشتی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت و یارمەتیان پێدەکات و لەلایەکی تردا بە تۆپی دورهاوێژ لەناو خاکی باشوردا ماڵی هاووڵاتیانی کورد وێران دەکات. دژی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان هەڵدەسوڕێ و لەمپەر دەخاتە بەر گەشەسەندنی کوردستان و ناهێڵێت بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێککەوێت و خاڵەکانی دەستوری عێراق سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت.

ڕێژەی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا نۆ ملیۆن بوو، بەڵام ئەمڕۆ چل ملیۆنە. بۆنمونە بارزانییەکان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا لە حەفتاکان، ٣٥ تا ٤٠ هەزار کەس بوون، بەڵام ئەمڕۆ نزیکەی ٣٥٠ تا ٤٠٠ هەزار کەسن. ئەگەر ئەوکاتە ڕێژەی خوێندەواری کورد بە پەنجەی دەست دەژمێردران، ئەمڕۆ لە زۆریەک لە بنەماڵە کوردەکاندا دوکتۆر و ئەندازیار و لاوی خاوەن پلەی باڵای خوێندن هەیە. زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و ڕێژە و پلەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا و دەزگا دروستکەرەکانی ئەوروپا تەماشا بکەن، سەرتان لە کارلێهاتوویی کوردان سوڕ دەمێنێت!

سەرکەوتنی نەوەی نوێی کورد زیاتر لەخۆمان، بۆ دوژمن ئاشکرایە. لەبەر ئەوە، دوژمن بە بەردەوامی خەریکی لێکۆڵینەوە و پیلانگێڕانە کە ڕێگە لە نەوەی نوێ بگرێت و نەهێڵێ تێکەڵی سیاسەتی کوردستان بن و لایەنگریی لە سەرکردە و بزوتنەوەکانیان بکەن. بەم مەبەستە، بە ڕێی

نوســـین و تیـــۆریی داتاشـــین و چەواشـــەکارییەوە، هەوڵـــدەدەن دوور لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کوردستان ڕایانبگرن.

نەتەوەی کـــورد بەگشـــتی دەســـتەویەخەی شـــەڕێکی دژوارە. ئەگەر داگیرکەرانـی کوردسـتان لە دوو سـەدەی ڕابـردوودا نەیـانتوانیوە بە چەک قەلاچۆی بکەن، ئەمڕۆ دەیانەوێ مێشکی داگیر بکەن، تا بەشوێن خواست و مافەکـانی نەکەوێـت. لەبەر ئەوە نەوەی نـوێی کـورد پێویسـتە، زۆربـاش بزانێ کە نەتەوەکەی پێویستی بە یەکڕیزیـی و یەکگرتـوویی هەیە و دەبـێ یەکدەنگ بـۆ مافەکـانی خـۆی هەوڵبدات. هەمـوو نەتەوەیەک لەنـاو خۆیدا کێشـەی دەسـەلاتی هەیە، بەلام نـاهێڵن کێشـەکەیان زیـان بە ئامـانج و سـتراتیژی وڵات و نەتەوەکەیـان بگەیەنێـت و سـەبارەت بە بەرژەوەنـدیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان یەکدەنگ و یەک هەڵوێستن. کوردیش دەبـێ بەو شـێوەیە لەگەڵ کێشـەکانی نـاوخۆی هەڵسـوکەوت بکـات و بە خەبـاتی لێبڕاوە، بە خزمەتکردنی زیاتری گەل و وڵات نەهێڵێت دوژمن لەوە زیاتر زیانی پێبگەیەنێت. گوێ بۆ پروپاگەندەی دیکتاتۆرەکـانی تـاران و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان و سیخوڕەکانیان مەگرن.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قالبی دژایەتـی کردنـی سەرکردە کاریزماکـانی کـورد، نەتەوەی کـورد دەکەنە ئامـانج و بە خەیـاڵی خۆیـان، بەم کارەیـــان نەوەی نـــوێی کـــورد لەبیـــر و خەبـــاتی کـــوردایەتی دوور دەکەنەوە و بێ کەسایەتیی دەکەن، بەلام پێویستە بزانن ڕۆڵەکانی کورد، تا ڕزگاریی کورد و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، واز لە خەبات نـاهێنن و پێشـەوا قـازی مـحەمەد و بـارزانی بە هێمـای کـوردایەتی دەزانـن. لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم، ئەگەر لە بەڵگەنامەکانی ساواک، ئیتلاعات، میت، ئیستخبارات و ڕاپـۆرتی سـیخوڕەکانیاندا چـاکەی کەسـێک دەگـوترێ، بەو واتـایەیە کە ئەو کەسـەیان دەسـتەمۆ کـردوە و ئەو سـەرکردانەش کە بە خراپ ناویان دێنن و دژایەتیان دەکەن، کەسانی پاک و کوردپەروەر بـوون و بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان تێدەکۆشن!

حامید گەوهەری

# پاشبەند

## پاشبەندی ١
راگەیاندنی دوکتۆر کەمال فوئاد- مامۆستا عومەر نازم دەباغ

## چند نكته درباره اين كتاب

کتاب حاضر، پژوهشی مستقل درباره خاطرات و زندگی جلال طالبانی است که نقش او علاوه بر تاریخ معاصر کردستان و عراق مدرن، به عنوان یکی از شخصیت‌های با سابقه و بارز تاریخ معاصر خاورمیانه مطرح است. از سال ۱۹۳۳ - تولد طالبانی - تا به امروز، شاید بتوان گفت که جهان، ۷۵ سال تاریخ پرتلاطم را پشت سرگذاشته و بالطبع این تغییرات بر اوضاع خاورمیانه، عراق و کردها نیز بی‌تاثیر نبوده است. بدون شک بررسی نشیب و فراز زندگی طالبانی و خاطرات وی بدون توجه به این سیر متلاطم غیرممکن به نظر می‌رسد.درباره این کتاب تحقیقی، ذکر چند نکته ضروری خالی از فایده نیست:

- محورابتدایی و اصلی کتاب، پرسش‌های مولف از جلال طالبانی است؛ که از ۷ سالگی تا دوران ریاست جمهوری وی ۲۰۰۵-۱۹٤۰ را در بر می‌گیرد.

- علاوه بر پرداختن به زندگی شخصی و حرفه‌ای طالبانی و قبل از روایات و پاسخ‌های وی، در نگاهی مختصر و تحقیقی به خلاصه تاریخ معاصر کردستان و رویدادهای مهم و خاص عراق و خاورمیانه هم اشاره شده است.

- این پروژه تحقیقی، در بررسی زندگی و خاطرات طالبانی علاوه بر منابع و ماخذ موجود و اسناد رسمی و معتبر، از سه نوع روایت و نگاه مختلف مورد قیاس و سنجش بهره گرفته است که در روش شناسی تاریخ نگاری نوین - به صورت شفاهی - امری مرسوم می‌باشد: از نگاه ١٤٩ نفر از دوستان، همشهریان، همکاران یا رقبای حزبی، از نگاه ٩٦ نفر از چهره‌های سیاسی مشهور جهان معاصر، از نگاه ١٨٦ نفر از روشنفکران، استادان دانشگاه و روزنامه نگاران.

- جلد اول این پروژه، سه جلدی، از ژانویه ٢٠٠٦ تا اواخر دسامبر ٢٠٠٨ به طول انجامیده و در ۱۷ کشور جهان انجام یافته است (ایران، عراق، سوریه، ترکیه، روسیه، لبنان، کویت، مصر، استرالیا، چک، سوئیس، سوئد، هلند، فرانسه، آلمان، انگلستان و آمریکا ).

• لازم به ذکراست در این کتاب، مولف اصول کامل بی‌طرفی و استقلال علمی را، بر اساس منابع شفاهی و نوشتاری و ساختار پژوهشی تحقیق، رعایت نموده و به هیچ نتیجه‌گیری و مطرح کردن فرضیه و نظریه‌ای نپرداخته است. به عبارتی، مولف کاملا استقلال عمل و آزادی در تالیف و تحقیق داشته و صرفا روند چاپ کتاب به اطلاع جلال طالبانی و ناظران این پروژه، رسیده است و ایشان کمترین دخالتی در امر تحقیق و نحوه روایت محقق نداشته‌اند.

• سخنان افراد مختلف - با وجود محدودیت‌های خاص - در جای جای کتاب نقل شده و برای صحت و سقم مطالب روایتی گاه به آرشیو اسناد و مدارک تاریخی و حزبی و یا منبع اصلی انتشاریافته، استناد شده است.

• در پایان کتاب، منابع و مأخذ مورد استفاده در این تحقیق - به زبان‌های عربی، کردی، فارسی، انگلیسی و فرانسه - ذکر شده و همچنین در ابتدای کتاب نیز وقایع مهم تاریخ معاصر کردستان و عراق تا سال ١٩٦٦ به صورت فهرست‌وار ارائه شده است.

• ترجمه محتوی و متن کتاب در کلیه زبان‌ها برابر و یکسان است و ترجمه هیچ زبانی از این کتاب بر زبان دیگر، ارجعیت و برتری ندارد.

• کلیه نوارهای صوتی و تصویری و عکس‌های افراد مصاحبه شونده، علاوه بر آرشیو ناشران این کتاب، در کشورهای ایران، عراق، آمریکا، ترکیه؛ در دفتر ریاست جمهوری عراق، آرشیو جناب طالبانی و «دفتر سیاسی حزب اتحادیه میهنی کردستان عراق» جهت آرشیو تاریخی به امانت موجود است.


• مصاحبه‌های شفاهی مورد استفاده در جلد اول بیشتر چهره‌های محلی و غیر محلی بوده است. تذکر این نکته نیز ضروری است که سخنان بسیاری از افراد دیگر، درباره موضوعات مورد بحث در این مجلد به علت تکرار و یا عدم صحت، حذف شده‌اند و سخنان بعضی افراد دیگر - به ویژه افراد جهانی و صاحب نام درعرصه سیاست - اکثراً در جلدهای ٢ و ٣ مورد استفاده قرار گرفته‌اند. برخی از اسناد و نامه‌ها و گزارش‌ها نیز در ضمیمه جلد ٣ این کتاب ارایه خواهند شد.

• این کتاب در ٣ مجلد تنظیم شده است که جلد دوم خاطرات و حوادث سال‌های ١٩٦٧-١٩٨٨ و جلد سوم دوران ١٩٨٩ -٢٠٠٥ را در برمی‌گیرد.

**دکتر کمال فواد - ماموستا عمر ناظم دباغ**

## پاشبـەندی ۲

هـەڵوێستی چوارده نوسەر، ڕۆژنامـەنوسو كـەسايـەتيی كورد لـە تـاران بـەدژی بێحورمـەتی كردن بـە پێشەوا قـازی محـەمـەد و سـەرۆک مستـەفا بـارزانـی لـە كتێبی دوای ٦٠ ساڵ دا



۱- محمد صالح ابراهیمی - نویسنده و مترجم قرآن مجید

۲- صدیق اسلامیان - نویسنده و پژوهشگر

۳- محمدرئوف توکلی - نویسنده و مدیر انتشارات توکلی

۴-

۵- محمد علی سلطانی - استاد دانشگاه و پژوهشگر

۶- هاشم سلیمی - نویسنده و پژوهشگر

۷- رضا سهرابی - نویسنده و روزنامه نگار

۸- قطب الدین صادقی - استاد دانشگاه و کارگردان تئاتر

۹- محمد کمانگر - نویسنده و عضو شورای نویسندگان آوینه

۱۰- کامبیز کریمی - نویسنده و سردبیر سابق سیروان

۱۱- عطاالله قادری - مشاور فرهنگی استانداری کردستان و مدیر سابق تلویزیون سحر

۱۲- احمد قاضی - نویسنده و سردبیر سابق مجله سروه

۱۳- عطا نهایی - نویسنده و رمان نویس

۱۴- بهرام ولدبیگی - سردبیر سابق روزنامه آشتی و آبیدر

۱۵- فریدون نوری - استاد دانشگاه و نویسنده

تلفن تماس: ۰۹۱۲۲۷۶۴۲۸۳ - ۸۸۶۰۰۷۲۹ / بهرام ولدبیگی

# پاشبەندی ٣

مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە.

گۆڤاری لڤین لە ژمارەی ١٣٤ی دیمانەیەکی رۆژنامەوانی بڵاوکردۆتەوە، تێیدا بێحورمەتی و بێرێزی لە هەمبەر سەرکردەکانمان دەکاتت. ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کە مەلا مستەفای بارزانی دامەزرێنەری رێکخراوەکەی ئێمەیە، هەروەها قازی محەمەدیش کەسایەتیەکی کورد و ئایینیە، بە پێویستمان زانی، دەنگی نارازیبوونو گلەییانامەی خۆمان بە هەموو لایەك بگەیەنین، چونکە پێمان وایە وەرگرتنی زانیاری لە کۆمەڵێك سەرچاوە، کە هەمیشە رۆڵیان لە تێکدانی کێشەی کورد هەبووەو، ویستوویانە قەت رۆژی رووناك بە رووی کورددا نەکرێتەوە، شتێکی نا دوورستە و، تەنها خزمەت بەو کەسانە دەکات، کە زانیاریەکانیان هەڵبەستوونە، ئێمە دەزانین هیچ یەك لە ساواكو حزبی بەعسی ئێراقیو، تەواوی ئەو وڵاتانەی مافی کوردیان هەمیشە خواردووە، ناکرێ بکرێنە بەڵگە بۆ لێدانی کەسایەتیەکانی کورد، بەتایبەتی کە ئەو سەرکردانە هەمیشە خەباتیان لە دژی ئەو وڵاتانە کردووە، کە ویستوویانە مافی گەلی کورد بسڕنەوە. بە هەمان شێوە بەڵگەنامەی ئینگلیزەکانیش ناکرێ لەو حاڵەتەدا پشتیان پێ ببەسترێت، خۆ هەموو ئەوانەی مێژوویان خوێندۆتەوە، رۆڵی ئینگلیز لە تێکدانی دۆزی کورد باش دەزانن، کە ئەوانیش دەستیان هەبووە لە تێکدانی کێشەی کوردو، بەشێك بوون لەوانەی کوردستانیان کردۆتە چوار پارچە. بۆیە پێمان وایە هەڵەیەکی گەورەیە، کەسایەتیەکی وەك قازی محەمەد کە خۆیو ماڵو خانەوادەکەی لە پێناوی کورد دانا، کەچی بە بێ حورمەتی ناو ببرێت، یان مەلا مستەفای بارزانی دامەزرێنەری یەکێتی زانایان، کە بە هەزاران کەس لە عەشیرەتو خانەوادەکەی شەهید کرانو، مێژووەکەیان مێژووی بەرخۆدانی کوردایەتیەو، هەر لە پێناوی کورد لە بری کۆشكو تەلارو خۆشی، چیاو ئەشکەوتو ئاوارەییو دەربەدەری هەڵبژارد، لە پێناوی ژیانی کورد، مەرگو ئاوارەیی بۆخۆی هەڵبژارد. گلەییشمان ئەوەیە، تۆ پێت وابێت هەموو مێژوونووسە کوردەکانو تەواوی ئەوانەی دیکە کە لەسەر کوردیان نووسیوە، هەڵەیان کردووەو، بۆ خاتری دەسەڵات نووسیویانەتەوە، تەنها ئەو دەزگا موخابەراتیانە راستیان نووسیوە، کە دەستیان لە تێکدانی دۆزی کورد هەبووە، لەکاتێکدا زۆرێك لەو مێژوونوسانە وەختێك مێژووی کوردیان نوسیوتەوە کە کورد هیچ دەسەلاتی نەبووە، سەرباری چەندان مێژوونوسانی بێگانە کە نوسراوەکانیان بەتەواوی پێچەوانەی بۆ چوونەکانی ئەو برادەرەن. بۆیە داوا لەو بەڕێزەو خودی گۆڤارەکەش دەکەین، داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکەنو، مێژووی بەرخۆدانی کورد، بە پشت بەستن بە زانیاری کەسانی دیکە، سەرەوژێر نەکەنەوە، کە ئەمەش وا دەکات، مرۆڤی کورد رابردووی خۆی بسڕێتەوەو، متمانەش بە داهاتوو نەکات، کە دواجار کەسێکی نا مەسئول بەرامبەر بە خاكو نیشتیمانو گەلەکەی لێ دەردەچێت، چونکە هەموو سەرکردە و کەسایەتیەکان و سەرجەم رۆژنامەو گۆڤار و بزوتنەوە کوردیەکان بەلای تاکی کوردەوە دەکەونە ژێر پرسیار و، بەهیچ شێوەیەکیش خزمەتی ئەزموونی ئێستای کوردستان ناکات و، زیان بە رابردووی گەلەکەمان دەگەینێت. لە هەمان کاتیشدا پێمان وایە، ئەو ئازادیی رۆژنامەگەرییەی لە هەرێمی کوردستان فەراهەم بووە، پێویستە نووسەرانو رۆژنامەنووسان بۆ خزمەتی گەلو نیشتیمانەکەمانی بەکار بێنن، نەك خوانەخواستە بە پێچەوانە ببێتەوە، کە ئەمەش وادەکات، زۆر مەسەلەی نەتەوایەتیمان ببنە قوربانی ئەو یاسایەی رۆژنامەگەری، کە ئێستاکە هەیە.

مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

٢٠١٠/٨/١٠

# پاشبـەندی ٤

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران قانعی فەرد بە"خۆفرۆش" وەسف دەکات
12:12:00 2010/08/19

**ڕووداونێت- هەولێر**
حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا عیرفان قانعی فەرد بە"قەلەمی خۆفرۆشان" وەسف دەکات کە "تەقە لە هێما نەتەوەییەکان دەکەن".
لەو بەیاننامەیەی حزبی دیموکرات کە کۆپییەکی بۆ (ڕووداونێت) هاتووە، ئاماژە بەنەیاران و دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی کورد دەدات و دەڵێ "ڕێژیمەکانی تاران زیاتر لە هەمووان فێڵ و تەڵەکە و پیلانی ڕەنگاورەنگیان دژ بەنەتەوەی کورد و خەباتی ڕەوای لە کوردستانی ئێران و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان بەکارهێناوە".
هەروەها دەڵێ "یەکێك لە سیاسەتە دیارەکانی حاکمانی تاران، سووکایەتیکرن بەهێما و سیمبۆلەکانی ئەم خەباتە و ئەم نەتەوەیە و هەوڵدانە بۆ چەواشەکردنی بنەماکانی شوناسی نەتەوەیی و بیری ئازادیخوازانە لە کوردستان".
ئاماژە بەوەش دەدات کە لەم پێناوەدا لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا، ناوی کەسانی وەکو ڕەشید یاسمی و عیسا پژمان بەگوێی خەڵك ئاشنایە و لە دەورانی کۆماری ئیسلامیشدا سیمای جۆربەجۆر و کەسانی ڕەنگاوڕەنگی کورد زمانی پەروەردە کردووە و بەزمانی ئەوانەوە هەوڵی داوە کە هەم ڕەوایی خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کورد بباتە ژێر پرسیار و هەم چەواشەکارانە و فریوکارانە وا نیشان بدا کە ئەوانە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکن و دەنگە ڕاستبێژەکانی نێو خەڵکی کوردن کە حەز و مەیلی زۆریان بەرەو لای ویلایەتی فەقیە هەیە و هەر جۆرە تێکۆشان بۆ ڕزگاری کوردستان و کورد بەبەسراوە بەبیانییەکان نیشان بدەن.
بەیاننامەکەی حزبی دیموکرات ئەوەش دەڵێ "کەسانی وەك ئیحسان هۆشمەند و عیرفان قانعی فەرد و تد، ناوە جۆربەجۆرەکان و بەناوەڕۆکی یەکسانەوە، بەپێی ئەرکی پێسپێردراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یان خۆویستانە و بۆ نزیکبوونەوە لە بارەگای ویلایەتی فەقیە، هەوڵیان داوە کە مێژووی کورد و کوردستان و خەباتی ئەم نەتەوەیە ببەنە ژێر پرسیار و لە واقیعدا ئەوان سەربازانی کۆماری ئیسلامی بوون و هەن و لەژێر ناوی خوێندنەوەی مێژوو و گوتاری جیاوازدا سیرەیان لە بەهاو نرخە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کورد گرتووە و بەردەوام ویستوویانە لە ڕێگای هەوڵدان بۆ شکاندنی ڕەمز و هێما نەتەوەییەکان بوون و کەرامەتی نەتەوەیی کورد ورد و خاش بکەن، تاکو نەتەوەیەکی داڕماو و ڕووخاو بخەنە بەردەست ئاغا و باڵادەست و ڕژێمەکەیان، تاکو نانێك و ناوێکیان بداتێ".
زیاتر ئاماژە بەناوی عێرفانی قانیعی فەرد دەدات و دەڵێ "ماوەیەکە کەسێك بە ناوی عیرفان قانعی

فەرد لە درێژەی سیاسەت و ڕێگەی ناسراوی کۆماری ئیسلامیدا بەهەمان زمان و مێتۆد خەریکی کاری بەناو لێکۆڵینەوە و سیخوڕی لەسەر کورد و خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە و لە ڕێگای ماڵپەڕی تابناك و موحسینی ڕەزایی دەبیری کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، کار بۆ ئەو کۆڕە دەکات کە ڕەفسەنجانی بەرپرسیەتی و لە ماڵپەڕی تابناکی سەر بەموحسینی ڕەزایی کۆنە بەرپرسی سپای پاسدارانی ڕێژیمدا چەندین بابەتی دژ بەخەباتی کورد و بۆ سووکایەتیپێکردن بەهێما و سیمبۆل و تێکۆشان و گیانفیداییەکانی نەتەوەی کورد بڵاو کردووەتەوە".

هەروەك باس کرا، ئەم کارەی قانعی فەرد شتێکی نوێ نییە و درێژەی سیاسەتی پێڕەوکراوی دوژمنانی کورد و بەتایبەت کۆماری ئیسلامییە و ئەو تەنیا مۆرەیەکی ئەرك پێ ئەسپێردراوە و هیچی دیکە بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا و لەم بابەت و باسانەدا ڕەنگە تا ڕادەیەك نوێ! بن‌و پیلانی تازەی دوژمن بن دوو شتن، یەکەم: چەند ساڵێکە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ناوەندە لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانییەوە ئەو کەسانە پەروەردە دەکات و ئەوانە بەقەولی خۆیان بە زمانی زانست دەدوێن و لە پشتی دەمامکی ئاکادیمییەوە دەیانەوێ کەس و لایەنی ساویلکە بەوە هەڵخەڵەتێنن کە ئەمانە قسەکانیان زانستی و ئاکادیمین، ئەوە نییە لە زانستگا بەناوبانگەکاندا خەریکی لێکۆڵینەوەن! بەڵام لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیاندا ئەوپەڕی نازانستیبوون و بێ بەڵگەییان دیارە و بۆ قسەکانیان هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی نایەننەوە مەگەر قسە و لێدوانی دوژمنانی کورد نەبیَ و لە ڕاستیدا قسەی جەللاد و بکوژەکان دێننەوە بۆ سەلماندنی تاوانباری قوربانییان و ناوی دەنێن کاری زانستی و ئاکادیمی! بۆ وێنە ئاغای قانعی فەرد بابەتێکی لە ڕێکەوتی 30ی خاکەلێوەی 1389 لە مالپەڕی تابناك بڵاو کردووەتەوە کە لە پێشەکی ئەو ماڵپەڕەدا بۆ بابەتەکە، بەڕوونی دیارە کە ئەرکیان پێ داوە لەسەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شتێکی چەواشەکارانە ئامادە بکات و ئەویش بەوپەڕی خۆبەدەستەوەدەرییەوە مێژوویەکی خەیاڵی پڕ لە درۆ و هەڵە و تۆمەت و سووکایەتی بەنیسبەت کورد و حیزبی دیموکرات و دوکتۆر قاسملووی شەهید و شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق و زۆربەی کەسایەتییەکانی کورد ئامادە کردووە و لە زمانی سیخور و کەسانی نەناسراو و سەرچاوەی نادیارەوە چی درۆ و فریوکارییە دەهۆنێتەوە. دووەم: وەکو ڕەوتی هەمیشە و ئەمجارە و لەم قۆناخەدا بەشێوەیەکی خەستترو چڕتر، ئەم جۆرە کەسانە هەوڵ دەدەن کە لە ڕێگای پشتیوانیکردن لە کەس و لایەنێك، هێرش بۆ سەر کەس‌و لایەنی دیکە بکەن و لەڕاستیدا بەو شێوازە جیایی و دژایەتی لە نێوان تێکۆشەران و لایەنە چالاکەکانی کورددا دروست بکەن و بەم مێتۆدە نوێیە! ئاژاوەکانیان دەنێنەوە. هەر لەو پێناوەدایە کە قانعی فەردەکان جارێك پشتیوانی لە مێژووی کوردستانی ئێران دەکەن و هێرش دەبەنە سەر مێژووی کوردستانی عێراق و جارێکی دیکە و بەبیانوویەکی دیکەوە پێچەوانەکەی بەڕێوە دەبەن. جارێك سووکایەتی بەپێشەوای نەمرو جاری دیکە سووکایەتی بە بارزانیی نەمر دەکەن و لە پشتی سەرکردەیەکی کوردەوە سەنگەر دەبەستن و دەسڕێژی ڕق و کینەیان بەسەر ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملووی نەمردا دەبارێنن. ئەوان لە پشتی کەس و لایەنێکەوە سەنگەر دەبەستن و تەقە لە کەس و لایەنی دیکە دەکەن و سبەی ڕۆژ سەنگەر دەگوازنەوە و لە شوێنی دیکەوە تەقە لە سەنگەری پێشوو دەکەن تاکوو کورد و کوردستان تووشی ئاژاوەیەکی سیاسی و فیکری بکەن و ئەرباب و ئاغاکانیان بێخەم دانیشن کە کوردیان بە کوردەوە خەریك کردووە".

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
2010/08/19

## پاشبەندی ٥

بەڕێز مام جەلال لەم بەیاننامەیەدا بەرپرسایەتی کتێبی دوای ٦٠ساڵی لەسەر شانی خۆی لادەبات و حاشای لە ئیمزای خۆی لەسەر کتێبەکە دەکات

**سەبارەت بە کتێبەکەی قانیعی فەرد، سکرتاریەتی مام جەلال رونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە**

PM:03:02:26/08/2010



خەندان ـ سکرتاریەتی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رونکردنەوەیەکی لەسەر کتێبەکەی قانیعی فەرد بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

ڕوونکردنەوەیەك لەسکرتاریەتی سکرتێری گشتییەوە:
هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتیی ی.ن.ك لەدیدارە رۆژنامەنووسییەکەیدا لە2010/8/13دا زۆربەڕوونی و راشکاوی ئاشکرایکرد، قانعی فەرد کەسێکی راستگۆ نییە، بۆیە ئەو ئیمزایەش کە لەسەر کتێبە گوماناوییەکەی (قانعی فەردە) ە، هەڤاڵ مام جەلال ئیمزای نەکردووە، چونکە نووسینەکانی پڕن لەهەڵەو قسەی هەڵبەستراو.
هەر کەسێك هەڤاڵ مام جەلال بناسێت و شارەزای بێت دەزانێت بێ خوێندنەوەی ورد، هیچ شتێك ئیمزا ناکات، چ جای کتێبێکی لەو جۆرە، بەڵکو ناوبراو وەك هەموو شتەکانی تری، تەکنەلۆژیاشی بۆ مەرامەکانی بەکارهێناوەو ئیمزای بەڕێزیانی تەزویرکردووە کەئێستا ئەوجۆرە تەزویرکردنە بووەتە شتێکی ئاسایی، جگەلەوەش ئەوکەسە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێزیان کردووە، ئیدی چاوپێکەوتن ئیمزای بۆ چییە!
دووبارە بۆ رای گشتی و راگەیاندنەکانی دەخەینەڕوو، بڕوا بەهیچ نووسین و بڵاوکراوەیەکی ئەو کەسە نەکرێت، بەڵکو وتەکانی هەڤاڵ مام جەلال لەدیدارە رۆژنامەنووسییەکەیدا هەڵوێستی روون و ئاشکرای هەمیشەیی بەڕێزیانە دەرهەق بەسەرکردەکانی کورد، ئیدی پێویست ناکات ئەو قسە ناڕاستانەی ناوبراو، بوترێنەوەو بکرێنە بنەما.

## پاشبەندی ٦


قانعی فەرد بە کردنەوەی کەوانەیەک بە ژمارە (٤٢)، لە لاپەڕەی ٨٦ی پاشکۆی کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، بە پشت بەستن بەم بەڵگەنامەیەی ساواک بە دژی شێخ ئەحمەد، مێژووی بزوتنەوەی کورد و هەڵوێست و کردەوەکانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا دەشێوێنێت.

* شیخ احمد بارزانی رئیس روحانی ایل بارزان است وی در سال ۱۹۳۱ به اتفاق ملامصطفی با عراقی‌ها جنگید و شکست خورد و به ایران متواری گشت و پس از یکسال دوباره به عراق بازگشت بارزانیها در جنگی که در ۱۹۵۲ با دولت عراق نمودند تارومار شدند و نامبرده دستگیر و مدت سه سال در بصره زندانی بود تا رژیم جمهوری عراق او را آزاد کرد. وی به معتقدات دینی بسیار پایبند بوده و احترام خاصی نیز به شعائر اسلامی می‌گذارد و مردم شمال عراق بی‌نهایت به او معتقدند. در سال ۱۹۶۲ تلگرافی به دولت قاسم فرستاد و اعمال خرابکاران را تقبیح و اخلاص و وفاداری خویش را به دولت اعلام کرد و به حزب پارت دمکرات دشنام داد. و در همان سال طی اعلامیه‌ای از اکراد دعوت نمود که دست از شورش بکشند تا قاسم آنها را عفو نماید. اما در سال ۴۲ ۱۹۶۳ بار دیگر به ملامصطفی پیوست و دولت عارف طی نامه‌ای به شیخ احمد نوشت که چنانچه بدون قید و شرط تسلیم شود مورد عفو قرار می‌گیرد و برای بار دیگر شیخ احمد همکاری خود را با دولت عراق اعلام نمود. شیخ احمد بارزانی در دیماه سال ۱۳۴۷(۱۹۶۸) در سن ۸۰ سالگی پس از بیماری طولانی درگذشت.

– اسناد ساواک، پرونده‌های انفرادی

## پاشبەندی ٧

گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٢ لاپەرەی ١٨: (ئەم جەنگەی سەروکی گەورەی کورد "مەلا مستەفا بارزانی" هەلیآپیساندووە اختلالیکی میللی کوردە.)




— ١٨ —

ئەم جەنگەی سەروکی گەورەی کورد
( مەلا مصطفى بارزانى ) هەلیاپیساندووە
اختلالیکی میللی کوردە

## پاشبەندی ٨

روژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢١، لاپەرەی ٤، شەممو ١١ رەشەمەی ١٣٢٤، ١٩٤٦/٣/٢.



ژمارە ٢١

# اخباری نیوخومان

### مەلا مصطفی بارزانی

جنابی آغای مەلامصطفی قائدی کوردی بارزان روزی ٩-١٢-١٣٢٤ سانی ٥ پاش نیوەرو واردی مهاباد بو . وەختی گەیشتە نیو باغن ئەندامەکانی کیتەی مرکری پیشوازیان لی کرد وەختی جابی مەلامصطفی لە چومی پەربوە بە احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتە دا کیتەی مرکری هەنگاویان توندتر کرد و لە قەراخ چومی پیك گەیشتن ، برای خوشەویست صدیق حیدری مراسمی بەخیر هاتنی بەجی هینا و هەمو اندامەکانی کمیتەی مرکزی بە مەلا مصطفی ناساند وئەویش دەستی لەنو دەستی هەموان نا و لەنهایتی خوشی‌دا بوکانگای حزبی دیموکرات هاتن و لەسالونی انجمن فەرهەنگی دانیشتن و لە ساتی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان بەبی [ اتقادم‌بزار ] تشریفی بوکانگاهاتو وملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرمو ، لەو وەختەدا محمد افندی خطاب بە حضرتی پیشوا ، خطابیك کە وینەی احساساتی قلبی مەلامصطفی بو لە خصوص خو دەبیناو ذاتی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەمقەومەتەجیە لەریی سەربەستی کوردوستان دا خویندەوە وجنابی پیشواش وەلامی دانەوە و ئەوانی بی‌اندازە بەحکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد ، پاشان حضرتی پیشوا تشریفی بردە سالونی تایبەتی‌خوی ئەنجا مەلا مصطفی بە حضوری‌شرفیاب‌بو و ماوەی دو سات پیکەوە خەریکی گفتو گو بون .

مەلا مصطفی پیاویکی‌سیاسی و زعیمی کوردی بارزانە لەریی سەربەستی کوردستاندا زوری مەینەت کیشاوە . دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی‌ایل و عشیرەتی ویان بە گوناهی آزادیخواهی دەربەدەر ولە نیشتمانی‌خوشەویستیان وەدەرناوە . ذاتی‌نیوبراو بیجگە لەوەی قائدیکی بەرز ، پیاویکی‌زاناو تی‌گەیشتوە متمدن و نیشتمان پەرستە و تەمەنی لەحدودی چل‌پنج‌سال‌دایە .

# پاشبەندی ٩

روژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢٣، لاپەڕەی ٣، ڕۆژی چوارشەممە ١٣٢٤/١٢/١٥- ١٩٤٦/٣/٦.



ژمارە ٢٣ روژنامەی کوردستان

## نطقی محەمەد حسێن دافندی لەروژی هاتنی مەلا مصطفی لە حضوری حضرتی پیشوای کوردستاندا

پیشەوای معظم گەورەبەریزەکانم .

بەناوی کوردی وریا بوەوە لەژیرماوەی بەیرەوی کونی زەبربەدەستی ، بەناوی سەر کردەی شورشی گەل لەبارزان ، شورشی بەرهەلستی سەر گەردانی ، شورشی نەهیشتنی ظام واستبداد ، زروباش پیشکەشی دانشتوانی ئەم کوبونەوەیەدە کەم ، کە آلای بیروزیان لەسیەیەکی نیشتمانی گەورەدابلیند کردەوە بەناوی خوینی پاکی گەلی کوششکەرەانەوە کەلە مەیدانی آزادیدا پیشکەشیان کردوە ، هاوارتان دەکەینی کەئەم بەرەپیروزە - آزادیوسەربەخویی پی بکەینن . بەناوی فرمیسکی چاوی بیوەژنان و آەونالینی هەتیوانەوە هاوارتان دەکەینی کەبەیمانی حقوقی گەل بدەن ، اقتصادیاتی باریزریت ، پشتی فەرهەنگ بگرن بەپەروەردە کردنیکی گیانی دیمو کراتیەوە ، باریز کاری لەدیمو کراتی بفرمون کە کەریکەی پیشخستنی گەل وسەربەخویی نیشتمان وروپشتە بەری وەیەلە گەل کاروانی گەلانی آزادی بەرەو تەواوەتی ومروانی .

بی گومان لەبیر نا کریت کە حکومەتی کوردستانی آزادهیشتا لەبەکەم فوناغیەتی وە کوششی ایوەی پی دەویت ، بوسەر کەوتنی کوردستانی مەزن وزگاربونی یارمەتی گەلیشی پیویستە ئەوبەشانەی نیشتمانی مەزنمان کەلەژیر دەستی بیگانە دان ، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بریوەتە یارمەتی ئەوآلایە کە لەسەرئەم حکومەتەدەشەکیتەوە ، دەیەویت بیتەزیرسیبەریەوە ، لەپیاوەکانی حکومەت دەخوازن کەبراکانیان لەوبیوەندی آسنینەرزگاربکەین کەتیدادەنالینن .

پیشەوای معظم : گەورەکانم .

ئەوسیاسەتە حکیمە جوانەی کەپارتی دیمو کراتی کوردستان لەسەری روپشت وسەربەخویی نیشتمان و آزادی کوردی وەرگرت ، آمادەیە کەبچیت بەهاواری نیشتمانی گەورەوە ، و گەلی کوردسەرتاپارزگاربکا .

لەم کاتەدا ، لەهەمو کانی دلمانەوە وبەڕیدەی راستیمانەوە بەرەو گەورەترین شخصیەتی کورد ، ئەوشخصیەتەی کە گەلی کوردی بەبیری بەهیزی وسەرکردەیەکی حکیمانەوەبەریگای دیموکراتیدا بردو گەیاندیە سفرەی آزادی ، بە کوششیکی عبقری وعزمیکی قایم وەسەرکردەی دیموکرات ، پیشەوای معظمی کوردستان جەنابی قاضی محمد ، خومان پیشکەش دەکەین .

باهەموپیکەوەهاوارکەین بژی سەرکردەی مخلصی کوردستان ، بژی گەلی کوردی پشت بەستبە دیمو کراتی ، بژی پارتی آزادی کوردستان و پارتی گەل بژی پارتی دیمو کرات ، بژی نیشتمانی مەزنمان بەسەربەخویو آزادی ، بژی یەکەتی سوفیاتی مەزن هەتابی گەلانی خوش بەختی آزادی وسەربەخویی .

## پاشبەندی ١٠

روژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٦، لاپەرەی ٣، دوشەممو ٢٧ رەشەمە ١٨ مارس ١٩٤٦ و ژمارەی ٢٧، دوو شەممو ٥ خاکەلیوەی ١٣٢٥، ٢٥ مارسی ١٩٤٦.

لاپەرە ٣ کوردستان

# [زعیم مەلا مصطفی]

## بارزانی

لەژمارە ٢١ روژنامەی کوردستان وەلامی تشریف‌هینان‌وچلونەتی‌واردبونی زعیم‌مەلامصطفی مان‌بەعەرضی‌خویندەوارانی خوشەویست گەیاند ئەوالەژیرەوە هیندی لەچلونەتی مانەوەی ئەم پیاوە لەمهاباد بوآگاداری خوینەدەواران دەنوسین :

روژی جمعە ١٠ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

ئەندامانی حزب‌و اشراف‌و آغایانی هاری مهاباد وروئسای عشایریك بەدوای یەكدا چونە خوی‌ناسینی میوانی خویان . هەر كە كاتی‌نویژی جمعە هات زعیم ملامصطفی لەگەل اندامیکی هەیئەتی مركزی حزب تشریفی بردە مزگەوتی جامعە وفریضەئی خدای مەزنی لەگەل هەمو مسلمانانی شاری مهاباددا لەسەرخو لابردودوایی لەناو قەلەبالغیکی زوردا گەرایەوە یانەی‌فرهنگی، مركزی حزب .

روژی هەممو ١١ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

بەیانی ١١ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤ زعیم ملامصطفی وئەفسەرانی ویەكیك لەئەندامانی هیئەتی مركزی آغای احمدالاهی تشریفیان چووە هیزی كوردستان‌وهەر كە گەیشتنە ئەوی لەلایەن ئەرەولی تایبەتیەوە رسمی‌تعظیمی بوكرا وسەر كردانی هیز بەسەركردەی فرماندەی هیزی مركزی محمد نانەوازادە پیش‌وازی كراویەكە یەكە سەركردەكانی بی‌ناسرا نزیكەی نیو سەعاتیك لەگەل سەركردەكاندا رای‌بوارد ولە دواییدا یەكە یەكە چوەلای سەركردەكان لە جیگای خویاندا وەپیروز بایی‌خوی پیشكەش كردن وداوای لی‌كردن كەهەمو بەگیانیكی پاكی نشتمان پەروەرانەوە بینەسەبری‌نیشتمان‌و پیش خذمەتی پیشەوای معظم، كاتگای هیزی بەجی هیشتە وبەبزوكی حضرتی پیشەوا روی كردە دەبیرستان ولەوی قوتابیەكان هەمو كوبونەوە لەدوای زیارەتی ماموستاكان ورئیس هیئەتی فرهنگ آغای رهبدآغای همزەآغا تشریفی بردەلای شاگردەكان ولیرەدا ئەفسەر عبدالرحمن طبیب‌مفتی چەند آموزگاری وپیروزبایەكی بەناوی زعیم‌ملامصطفی وەپیشكەش كردن لەدوایدا زعیم‌ملا مصطفی روی كردە

**ماوی لەژمارە ٢٧**

---

**ماوەی ژمارە ٢٦**

# زعیم‌مەلامصطفی بارزانی

ادارەی شارەوانی ومأمورانی ئەو ادارەیەش زیارت فرمو هەروەها تشریفی بردە ادارەی دژمانی ولەدوای ئەوە روی كردە مدرسەی گەلاویژ وبەهوی آغای احمد الاهیەوە ماموستابانی ناسین ویەكە یەكە بەپولەكاندا گەرا ولەهەمو پولیك ئەفسەر محمد محمود بەناوی زعیم مەلا مصطفی‌وە اظهاری خوش وەختی وآموزگاری بوشاگردەكان دەكرد:

لەدواییدا تشریفی‌بردە مدرسەی كوردستان دیسان لەگەل ماموستایان خوناسیان كرد وبەناو پولەكاندا گەرا ولەهەر پولیك سرودیك دەخویندرایەوە . اجا زعیم مەلا مصطفی گەرایەوە مركزی حزب .

شەوی یەكشەممو ١٢ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

زعیم مەلا مصطفی تشریفی‌بردە چاپخانەی كوردستان ولەلایەن مدیری چاپخانە آغای قادری مدرسی بەهوی آغای احمد الاهیەوە خوناسینان كرد ولەدواییدا لەلایەن محمد محمودەوە چەند آموزگاریك بەكارگەرانی چاپ كرا وسپاس مدیری چاپخانەی بەناوی زعیم مەلا مصطفی‌وە كرد .

روژی یەكشەممو ١٢ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

بەیانی لەگەل ئەفسەران وآغای احمد الاهیی تشریفی بردە لای رئیسی هیئەتی‌رئیسەی میللی كوردستان جنابی سیدحاجی باباشیخ ولەدوای سەعاتیك گفتوگوی گیانی بەگیانی بەخوشیەوە زعیم ئەوی بەجی هیشت وگەرایەوە مركزی حزب .

روژی دوشەممو ١٣ ـ ١٢ ـ ١٣٢٤

بەیانی دیسان زعیم‌مەلا مصطفی وئەفسەرانی لەگەل آغای كریم احمدین تشریفی بردەادارەی شارداری لەلایەن آغای میرزا غنی خسروی رئیس شارەداریەوە پیش‌وازی كرا ونزیكەی نیوسەعاتیك لەوی رابوارد ولەگەل مأمورانی ئەم ادارەیە معارفەی فرمو ولەدواییدا تشریفی بردەوە مركزی حزب . سەعات ١٠ اوارە دیسان خوی‌و ئەفسەرانی،محمدمحمود، عبدالرحمن طبیب‌مفتی تشریفیان بردە خذمەت پیشەوای‌معظم لەیانەی فرهنگی ومدیەن نزیكەی نیوسەعاتیك گفتوگوی تایبەتیان‌بوو وگەرایەوە جیگای‌خوی .

## پاشبەندی ١١

روژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٦، لاپەرەی ١، سێ شەممو ١٨ پوش پەر ١٣٢٥

# دەنگ و باسی نیو خومان

### چونی وەزیری جەنگ بو جبهە

روژی ١٤ ر ۴ ر ٢٥ سەعاتی ٨ بەیانی جەنابی آغای محمد حسین خانی سیفی قاضی وزیری بەرزی هیز وجەنابی ژنرال مایور مصطفی بارزانی دە گەل عدیەك پیشمەرگە بو جبهە عزیمتیان کرد .

### اعطای پایەی سەروانی

لەنتیجەی فداکاریەك کە آغای محمدی قادری لەشەری ٢۴ ر ٣ ر ٢٥ لەجبهە دە گەل برایانی بارزانی نواند بووی لە لایەن جنابی وزیری هیزەوە بەدرەجەی سەروانی سەربەرز کرا .

## پاشبەندی ١٢

قازی محمد و جمهوری در آینه اسناد

**نامهٔ محمدرشید خان به قاضی محمد**

**١٢ یا ١٣٢٥/٢/١٣**

**موضوع / تقدیر از شجاعت نیروهای بارزانی**

**١- با کمال سربلندی، افتخار و مسرت، عملیات خارق العاده نیروها و افسران بارزانی را بعرض می‌رسانم. هر چند در نامهٔ شماره ١۴۶ مورخ ٢۵/٢/١١ مختصراً اشاره کرده بودم، امّا تشریح آن را برای پیشوای معظم ضروری می‌دانم.**

**٢- روز ١٣٢۵/٢/٩ ساعت ١١ و ١٠ دقیقه پیش از ظهر، دشمن، ناگهان در جبههٔ "سرچشمه" و "سرا" بسوی استحکامات "ملقرنی" که زیر نظر "بکر آقا حویزی" بود، هجوم آورد.**

**دشمن در مسیر "سرا" نیز استحکامات منطقه را که تحت نظارت آقای "میرحاج" بود، هدف قرار داد. مسیر سوم تهاجم دشمن، منطقه فرماندهی آقای "مصطفی خوشناو" بود که کوه "بالوقان" نام دارد. نیروهای بارزانی تحت فرماندهی رهبر** خود،بدون هیچگونه ترس، واهمه یا بی‌نظمی، بمانند یک نیروی نظامی کارآزموده، برنامه‌های دفاعی را بموقع اجرا گذاشته چنان موفق عمل نمودند که قلم از بیان آن عاجز است.

٣- فرماندهان بارزانی، آقایان "میرحاج"، "بکرآقا حویزی"، "مصطفی خوشناو" و جناب آقای "وهاب‌آقا"، ما را سرافراز نمودند. حقیقتاً هر چهار تن شایسته تقدیر هستند و آداب نظامی حکم می‌کند مورد توجه بارگاه معظم جمهوری قرار گرفته از شجاعت آنها قدردانی شود.

بهمین مناسبت خواهشمند است شرح عملیات موفق آنها در پرونده‌های نظامی ایشان، ثبت شود. لازم می‌دانم جنابعالی رسماً از این فرماندهان، تقدیر بعمل آورید.


۴- و معاونان فرماندهان مذکور آقایان "محمدامین میر خان"، "مامندی مسیح"، "ساکو" و "خوشرِوی خلیلی"، کمال میهن پرستی را از خود نشان دادند. تقدیر از این پیشمرگان قهرمان نیز، لازم می‌نماید. لذا درخواست می‌کنم با اعطای درجه به این حماسه سرایان مردانگی، از عملیات آنها تقدیر بعمل آورید.

۵- در این مورد با زعیم محترم، ملامصطفی نیز صحبت کرده‌ام. ایشان نیز با نظر من موافقند.

**فرماندهٔ نیروی بوکان و سرا**

## پاشبەندی ١٣

روژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٩، لاپەرەی ٤، شەممو ٤ جۆزەردان ١٣٢٥، ٢٣ مە ١٩٤٦



# دەنگو و باس

## هیرشی ارتجاع

بەرانبەر رابورتیکی روزی ٢٨ ر ٢ ر ١٣٢٥
گەیشتووە لەبەشی سردەشت هوردوویفرسە
مرتجەکان کەعدەییك بانەیان دەگەل بوون
هیرشیان بوعدەی حسن آغای هەنارە وەزیرو
بەگ و گەورکەکان هیناوە لەنتیجەی دفاعدا
مرتجەکان زور خراپ شکاوون وتلفاتیکی
زوریان داوە : ٣٠ کەس لە بناغه
بەدیل گیراوون دوو آغاو دوو نوکەریان
کوژراوە ١٤ قبضە تفەنگ ٤ قبضە
طباجە ویەك دووربین وشەش ئەسب
بەغنیمت گیراوە وبە شبرزەیی گەرانەوە
دوواوە . بەوەرا دیارە خودا دەگەلمانە
بەکوشن پیروز دەبن .

## پاشبەندی ١٤

قازی محمد و جمهوری در آینه اسناد

اواسط ماه می ۱۹۴۶، حوالی ساعت ۱۲ ظهر یکی از روزها، "صدرقاضی" بهنگام عبور از پست بازرسی، با سختگیری رزمندگان کرد مواجه می‌شود. "صدر" پس از بازدید اتومبیل خود توسط سربازان کرد، می‌گوید: "من "صدرقاضی" برادر پیشوا هستم. اگر مرا می‌شناختید باز هم اتومبیل من را بازرسی می‌کردید؟

– "بله بخاطر دستور اکید فرمانده، ناچار از اطاعت هستیم."

"صدرقاضی" با مسرت تمام از نگهبان سؤال می‌کند: فرمانده شما کیست؟


– "بکر عبدالکریم" قربان

"صدرقاضی" سپس نامه‌ای بدین مضمون برای "بکر عبدالکریم" نوشته توسط یکی از سربازان، برای فرمانده ارسال می‌نماید:

"سربازان کردستان را دیدم. از شادی در پوست خود نمی‌گنجم. باور کنید بیست سال جوانتر شده‌ام. نمی‌دانم چگونه مراتب تشکر خود را بجای آورم. نظم و وظیفه شناسی سربازان کردستان، قابل تقدیر است. میل داشتم از نزدیک شما را زیارت کنم اما چون باید به بوکان و سپس مهاباد سفر کنم مجال چنین کاری نیست. اتومبیل خود را بدنبال شما خواهم فرستاد. ملاقات با جنابعالی بسیار مسرت‌بخش خواهد بود."

# پاشبەندی ١٥

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٢، لاپەڕەی ١ و ٣، سێ شەممو ٨ گەلاوێژ ١٣٢٥



ئەی خوشەویستەکانم وەختی میللەتی کورد
بەختیار دەبێ کەئێمە واز لە منافعی
شخصی بهێنن . . . هەروەکو کاری خومان
جیبەجی دەکەین کاری ملتیش وابخەینەری
کاری شخصی وەپیش کاری عمومی نەخەین .
درستکار ئەو کەسەیە کەپول و ملك و مقامی
منظورنەبی چاتکام وایە کەچی دیکە چاوتان لە
منافعی شخصی نەبی مدرسە لە دیهاتەکان بکەنەوە
بیمارستان درست بکەن یاریدەی هەژاران بدەن
کارخانە بکرن . . . دنیا پێنج و دوروزیکە پول
نیوی انسان باینە تا کابەلکو خذمت بەملت و نیشتمان
ئەستیرەی سەرشانی انسانە . بوخوتان دەزانن کە
ئەمن بو وەرگرتنی حقوقی کورد شەووروز
ووچانم نەداوە وئەو زحمەتەش بەفخر دەزانم تا
یەك روژم لەدنیا مابی دەست لەفداکاری هەل نا گرم
وبەهەمو کەسیکی دەسەلمینم کە کوردشایانی
ژیانە . ودیسان بوخوتان دەزانن کە لەپیشدائیمە
بەهیچ جوریك داوای تجزیەی ایرانمان نە کردوە
... ... ... آزادی خومان و پاراستنی

# پاشبەندی ١٦

لشکر ٤ ارومیه "رکن 2"

شمارەی 1326/1/10-19125 ساعت 8 بامداد

**اطلاعیه**

در اواخر سال 1320- 1941 محمد قاضی، ابولقاسم صدر قاضی و محمد حسین خان سیف قاضی در مهاباد زنجیرەای از مردم فریبی و فعالیتهای ضدامنیتی و آشوب طلبانه را آغاز کردند. کم کم آدمکشیهای خود را گسترش دادند که برخی رویدادهای ناگوار مانند حمله به شهربانی مهاباد و کشتن پنج پاسبان و غارت شهربانی و از بین بردن اسناد آدمکشیهایشان، کشتن محمودیان. بازرگان مهابادی، قاضی زاده، مدیر ادارەی آمار که همەی آنها قربانی زیادەطلبی آنان شدند. همچنین غارت دهات و وقایع دیگر منطقه.

محمد قاضی با همکاری برادرش، به نام صدر قاضی که در ظاهر امر نمایندەی مردم مهاباد در پارلمان ایران بود اما در اصل طراح اصلی نقشەی پلید تجزیەی قسمتی از خاک ایران بود، همچنین سیف قاضی برای رسیدن به مقاصد نامبارک و پلیدشان، روسای همەی ادارات دولتی را از مهاباد اخراج کردند و در روز 24 آذر 1324 پرچم سه رنگ شیروخورشید ایران را از ساختمانهای دولتی پایین کشیدند و پرچمی را نام پرچم کردستان به جای آن برافراشتند. محمد قاضی در روز دوم بهمن خود را رئیس جمهور کردستان نامید و جمعی خیانتکار با سوء پیشینه را به نام وزیر حکومت خودمختار کردستان به کار گماشت که همه از همکاران نزدیک خودش بودند. همچنین گروه مسلحی از مردم مهاباد و بارزانیها تشکیل داد و مقداری اسلحه و مهمات بین عشایر و سکنه توزیع کرد وآنانرا به سقز و بانه و سردشت فرستاد. اینهم رویدادهای خونین فراوانی به وجود آورد. اگرچه قوای دولتی چند بار در کردستان از آنان تقاضای فرمانبرداری کردند سودی نبخشید. همچنین رهبران گرامی دولت در تهران تلاش بسیاری کردند تا آنان را از این افکار نابجا دور کنند، اما سودی نداشت، همان روش خود را ادامه دادند. سکنەی شهرها و ایلات را تحریک میکردند که در مقابل قوای دولتی مقاومت کنند و کتباً هم دستور حمله به سربازان ارتش را صادر میکردند، اما خوشبختانه متوجه افکار پلید آنان گشتند و به آنان گوش ندادند. در نتیجه نیروهای ارتش پیشروی کردند و همەی نقشەی پلید آنانرا خنثی کردند. سرانجام این خیانتکاران دستگیر شدند و به دست عدل سپرده شدند. پروەندەشان به دادگاه نظامی دوران جنگ فرستاده شد و هر سه نفرشان به اعدام به شیوەی دارزدن محکوم شدند. دادگاه تجدید نظر و همچنین اعلیحضرت شاهنشاه حکم را تصویب کردند و در ساعت 6 بامداد روز 10 فروردین حکم اجرا شد.

فرماندەی لشکر 4 و قوای دولتی ایران در کردستان- سرلشکر همایونی

## پاشبەندی ١٧

لە کوردستانی عێراقەوە تا ئەوبەری ڕووباری ئاراس

٥

**گزارشی از تحولات نظامی در فاصلهٔ ٦ تا ١٧ خرداد ١٣٢٦**

**وضعیت و جریان معاودت بارزانی‌ها به کشور شاهنشاهی، مورخه ٢٦/٣/٦**

**(روی نقشه $\frac{١}{٢٥٢٠٠٠}$)**

ساعت /٧ روز ٢۶/٣/۶ به ستاد لشگر در رضائیه اطلاع رسید که ساعت /٢ همان روز عده بارزانی به جرمی آمده /٢٠ سر گوسفند به غارت برده‌اند از امیر قوه عراق نیز اطلاع رسید بارزانی‌ها از عراق به ترکیه فرار کرده ممکن است به خاک ایران بیایند. ساعت /١٣ پسران نوری‌بیگ ورود بارزانی‌ها را به خوشکی شش کیلومتری جنوبی انبه تأیید و ساعت /١۴ اطلاع رسید بارزانی‌ها به سمت خوشکی پیشروی می‌کنند. از مجموع این جریانات معلوم شد بارزانی‌ها از مرز ترکیه و از طریق برده سورچای وارد خاک ایران شده و تعداد آن‌ها در حدود چهارصد نفر

است. بلافاصله سروان عدل ضرابی با رشید بیگ به ستاد احضار و دستور گرفت که با صد نفر تفنگچی به موانا بروند. نامبردگان ساعت /۱۸ همان روز از رضائیه حرکت و ساعت /۲۲ لرنی، ساعت ۵½ صبح گردنه گرده بلیچ اشغال گردید و در همین اوقات ستونی مرکب از دوگردان پیاده (گردان اصفهان و گردان /۲ آذرپاد)، چهاردستگاه ارابه جنگی، یک‌دسته توپخانه، یک دستگاه بیسیم به فرماندهی سرهنگ سردادور تشکیل و مأموریت داده شد که ساعت /۴ روز ۳/۷ برای حرکت آماده باشند.

در ساعت /۱۴ روز ۲۶/۳/۶ یک پرواز اکتشافی از روی ارتفاعات مرزی و آبادی‌های نامبرده اجراء ولی به علت وجود ابر نتیجه اکتشاف منفی بود.

ستون مزبور ساعت /۴ صبح ۲۶/۳/۷ با ۱۸ دستگاه کامیون به سمت لرنی عزیمت تا ساعت ۱۷ و نیم در لرنی مستقر صبح روز ۸ ساعت ۵ به طرف موانا عزیمت در آنجا متمرکز گردیدند مأموریت این ستون دخول سریع به بزسینا به منظور تماس و جلوگیری از بارزانی‌ها برای حرکت به سمت شمال بوده.

ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۷ نوری‌بیگ به تلگرافخانه حاضر و کاغذ ملامصطفی راکه به او نوشته بود و حاکی بود که در بین او ودولت واسطه شود و همچنین کاغذی از ملامصطفی تحت همین عنوان به ستادلشگر رسید که به نامبرده پاسخ داده شد که بدون قید و شرط به رضائیه حرکت و تسلیم شود. ولی چون از کاغذها استنباط گردید که مقصود نامبرده اغفال و اغتنام وقت است به ستون اعزامی مجددا تأکید شد در حرکت به سوی موانا برای اخذ تماس با آن‌ها تسریع نمایند تا بر اثر فشار زودتر بتوان به نتیجه رسید.

آخرین پرواز اکتشافی روز ۲۶/۳/۶ که در اطراف طلوع و انبه به عمل آمده بود حاکی بود که عناصر مشکوکی در نقاط نامبرده دیده شد که به

محض مشاهده هواپیما خود را مخفی کرده و قریب ۱۵ نفر از اشرار روی ارتفاع داخل سنگر مشاهده شده ولی تمرکز اشرار دیده نشده و با وجودی که پرواز هواپیما در اوجِ پَست انجام می‌گرفت برعلیه هواپیما تیراندازی نمی‌کردند.

آخرین اطلاع در ساعت ۲۱ از ستون مزبور حاکی بود که ملامصطفی ساعت ۲۰ روز ۷/ انبه را ترک و به خانه‌کی [خانقاه] رفته و عده[ای] از افراد خود را به نازلوچای فرستاده و با این ترتیب برای لشگر واضح شد که مقصود بارزانی‌ها رفتن به سمت شمال و تشکیل دسته‌بندی با عشایر مختلف شمال و غرب رضائیه می‌باشند.

صبح روز ۲۶/۳/۸ که ستون اعزامی به نام ستون ترگور در موانا متمرکز و اطلاع می‌دهد که ملامصطفی شرحی به‌ستون نوشته که این جانب برای تسلیم آمده‌ام لیکن یکی از افسران و یک نفر از رؤسای عشایر برای واسطه تعیین شود به خوبی واضح بود مقصود ملامصطفی وقت‌گذرانی و طفره و تعلل بوده و مقصد عزیمت به‌شمال را دارند چه تا ساعت ۱۲/ روز ۸/ کلیه بارزانی‌ها از نازلوچای به سمت شمال عبور کردند. اطلاع رسیده در ساعت ۹½ روز مزبور حاکی بود که بارزانی‌ها به سرو و سرویک وارد شدند این اطلاع از طرف ستون ترگور رسیده و به وسیله سرگرد صلح‌جو سرپرست سواران شکاک تأیید و نامبرده اضافه کرده است که بارزانی‌ها خیال دارند از سرویک به هوسین بروند. اطلاعات مزبور به‌ستون‌های متمرکز در ماکو، قره‌ضیاءالدین، خوی، قطور، سیه‌چشمه، شاهپور [و] سرهنگ فولادوند ابلاغ و دستور مراقبت داده شد.

روز ۹ گردان ۲ هنگ بهادر و یک‌دسته توپخانه ۷۵ ساعت ۸ از خوی به سمت دره قطور عزیمت و مأمور شد که باگردان ۳ هنگ ۱۰ متمرکز در قطور در انسداد راههای عبور دره قطور اقدام، ضمناً واحدهای تقویتی

دیگر متعاقباً به آنها رسانده می‌شود. گردان ۲ هنگ ۳۲ از اشنویه احضار ساعت ۱۲ روز ۲۶/۳/۹ به رضائیه وارد و ساعت ۱۶ همان روز به‌شاهپور عزیمت نمودند.* بارزانی‌ها در روز ۹ ارتفاعات گل‌شیخان و کرتش و قریه سرو را اشغال و عده‌ای را نیز به قریه سینا فرستاده است. ضمناً در همین روز با عده تفنگچی به سرپرستی اسعد ارتفاعات گل‌جهان را که برای حفظ عقبه آنها حائز اهمیت بوده است اشغال می‌کنند. در جریان وقایع سه‌روزه پروازهای اکتشافی متوالی صبح و عصر روی منطقه به عمل آمده است ولی اکثراً به علت بدی هوا نتیجه از عمل اکتشاف آنها گرفته نشده است و در هوای خوب نیز چون بارزانی‌ها اغلب راه‌پیمایی‌های خود را شبانه انجام می‌دهند بی‌نهایت در مورد استتار دقت نموده و ورزیدگی کامل دارند هواپیماهای اکتشافی اغلب قادر به تشخیص محل دقیق آنها نبوده. از مجموعه اطلاعاتی که تا ساعت ۲۲/ روز ۲۶/۳/۹ استنباط شده است واضح و آشکار گردید که مقصد بارزانی‌ها عزیمت به مرز شمال و دخول به کوههای ماکو بوده و مکاتباتی که انجام می‌دهند به منظور اغفال و اغتنام وقت است.

بارزانی‌ها روز ۹/ از سرو و بردوک عزیمت و بردوک پایین [را] اشغال و به سمت بر دوک بالا می‌روند. دوساعت در ارتفاع غربی و شمالی قریه آقچه گل بین بارزانی‌ها و شکاک‌ها به‌سرپرستی سرگرد صلح‌جو که در ارتفاع شمالی آقچه گل متمرکز شده بود زدوخورد [صورت گرفت]. اکتشافات هوایی ساعت ½۹ تا ۱۲/ روز ۱۰/ حاکی از فعالیت‌های سوارهای عشایری در ارتفاعات شمال و شمال غربی گنبد بوده ولی اثری از بارزانی‌ها ندیده است.

فرماندهی نیرو در ساعت ۱۸/ روز ۹/ پس از بررسی وضعیت تصمیمی به شرح زیر اتخاذ و پس از عرض به پیشگاه مبارک شاهانه اجرای آن همان موقع آغاز می‌گردد. اینک طرح پیشنهادی و تصویبی

لشگر که از ساعت ۲۴/ روز ۲۶/۳/۹ به وسیله کلیه واحدهای نیرو ابلاغ واجراء شده است.

۱. مسدودکردن راه بارزانی‌ها روی دره خوی ـ قطور ـ مرز به وسیله یک ستون مرکب از چهار گردان پیاده: گردان‌های ۳ هنگ /۱۰، گردان /۲ بهادر، گردان /۲ هنگ /۳۲، گردان /۳ آهن، یک آتشبار /۷۵ کوهستانی، چهار دستگاه ارابه جنگی، یک دستگاه بیسیم.

۲. تعاقب بارزانی‌ها به وسیله ستون ترگور مرکب از گردان‌های اصفهان و /۲ آذرپاد، یک‌دسته توپخانه /۷۵ کوهستانی، دو دستگاه ارابه جنگی، یک دستگاه بیسیم تحت امر سرهنگ سردادور. این دو ستون تحت امر سرتیپ بیگلری معاون لشگر گذارده شده، سرهنگ قزل آیاغ و عناصر لازم برای عهده‌داری ستاد ستون‌های نامبرده تعیین و معرفی گردید.

هنگ سوار فوزیه منهای یک اسواران که با یک آتشبار کوهستانی تقویت گردیده در شاهپور متمرکز و یک دستگاه بیسیم تشکیل احتیاط متحرک را در شاهپور داده و مأموریت یافت ضمن مراقبت‌های عمومی منطقه شاهپور و شکاک‌ها عنداللزوم برای شرکت در عملیات آماده باشند.

۳. ستون ماکو مرکب از گردان‌های /۱ هنگ /۱۲ کرمانشاه و گردان /۲ هنگ /۲۷، یک‌دسته خمپاره اصفهان، یک آتشبار /۷۵ کرمانشاه، یک دستگاه بیسیم تحت فرماندهی سرهنگ مظفری مأموریت داده شد که معابر پلدشت و مرز بازرگان را که قبلاً شناسایی کرده تحت مراقبت قرار دهد.

۴. در سیه‌چشمه یک گردان از هنگ بهادر و یک دستگاه بیسیم، در قره‌ضیاءالدین گردان /۲ هنگ ۱۲ و هنگ سوار کردستان منهای یک اسواران به منظور احتیاط متحرک در خوی متمرکز گردیدند. مجموع

ستون‌های /۳ و /۴ تحت امر سرتیپ زنگنه فرمانده تیپ رضائیه قرار گرفته و سرگرد ستاد بهاروند با عناصر لازم به سمت عهده‌داری ستاد ستون‌ها نیز تعیین شدند.

گردان سرگرد زره‌پوش ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۱۰ باکامیون به خوی اعزام و /۴ ارابه جنگی به‌قطور اعزام گردید. به تمام واحدها و فرماندهان ستون ابلاغ گردید که طرح مزبور از ساعت /۱۲ روز ۲۶/۳/۱۱ به مورد اجراگذارده شود.[1] سرتیپ بیگلری و سرهنگ نیساری روز ۲۶/۳/۱۰ به صوب مأموریت خود عزیمت نموده و سرتیپ زنگنه صبح /۱۱ رضائیه را ترک نموده است.

دستورات تکمیلی بعدی راجع به استقرار در خط قطور اضافه‌کردن گردان سرگرد زره‌پوش به /۳گردان قبلی بوده است. بارزانی‌ها از ساعت /۳ روز ۲۶/۳/۱۲ تا ساعت /۱۴ همان روز در هبلوران متوقف سپس در محور اشنگ و برشخواران حرکت می‌کنند. طلوع آفتاب روز ۱۳ به راویان وارد و در آنجا چند نفر از عناصر محلی [را] که از طرف ستون‌ها برای کسب اطلاع فرستاده شده بود گرفته و تعدادی دواب سواری و خواربار از آبادی‌های مزبور گرفته بین حبش پایین و مَخین حرکت می‌نمایند و متوجه کلت بالا می‌شوند. روز ۲۶/۳/۱۵ بارزانی‌ها به سگ‌من آباد رسیده در این روز چون عده‌های گسترده‌شده از خط قطور هرگاه به تعاقب بارزانی‌ها حرکت می‌کردند بدون نتیجه بود لذا گردان /۲ و /۳ آذرپاد و گردان کسر خدمت هنگ /۹که روز ۱۲ به خوی اعزام شده بود با کامیون به شوت حمل گردید که در آنجا جلو بارزانی‌ها را گرفته تماس حاصل نمایند.

روز ۱۵ خرداد تیمسار فرماندهی نیرو و لشگر ۴ از رضائیه حرکت و همان روز به‌ماکو وارد و سرهنگ ستاد غفاری از اشنویه احضار، نامبرده

---

۱. در حاشیه نوشته شده است: «ملامصطفی متأسفانه صبر نکرد.»

ساعت /۱۸ روز ۲۶/۳/۱۶ به رضائیه وارد و بلافاصله به ماکو حرکت و از همان روز به سمت ستاد عملیاتی در ماکو تعیین گردید.

روز ۱۶ ستون قره ضیاءالدین به‌سمت کوه‌سگار، اسواران و یک‌دسته مسلسل از هنگ سوار کردستان به استقامت فرهادخانی حرکت و [به] ستون سیه‌چشمه دستور [داده] شد عوامل مقدم خود را برای اخذ تماس به جلو اعزام دارد. واحدهای خط قطور وگردان سرگرد زره‌پوش با کامیون به‌ماکو حرکت کرده و گردان /۲ بهادر گردان /۳ آهن تحت امر سرهنگ فولادوند مأمور تعاقب گردیدند. گردان‌های اصفهان، گردان /۲ کرمانشاه گردان /۲ هنگ /۲۷ به‌ساری باشکند و کشمش‌تپه، موسی آقبلاغ، خندور و قزل‌داغ اعزام و نقاط مزبور را اشغال و عوامل مقدم خود را برای اخذ تماس به‌جلو اعزام کردند.

در همین روز سرتیپ زنگنه با فرمانده تیپ بایزید در بازرگان ملاقات و جریان بارزانی‌ها را از نظر اطلاع شرح داد و بارزانی‌ها که روزها در ارتفاعات مخفی و شب‌ها در امتداد خط‌الراس‌ها راه‌پیمایی می‌کردند و به بله‌سور بزرگ و کوچک و سیرپاگل و از آنجا به یکماله سه کیلومتری ناور جنوب شیخ مملو از محال سیه‌چشمه وارد شده‌اند.

سرهنگ زالتاش با ۱۵۰ قبضه تفنگ و تعدادی فشنگ و چند نفر گروهبان جهت مسلح‌کردن طایفه میلان حرکت نمود.

روز /۱۷ بارزانی‌ها شبانه وارد محلی کنار قره‌دره وارد چون احتمال می‌رفت به سمت کره‌لر رفته و بایستی اجباراً از خط بازرگان ماکو ـ خندور ـ قزل‌داغ عبور نمایند ستون‌ها در خط مزبور بدین ترتیب مستقر شدند.

طبق تصمیم متخذه در محل سرهنگ نیساری با دو گردان پیاده، یک‌دسته آتشبار /۷۵، یک اسواران، یک‌دسته مسلسل در کلت بالا در حال تعاقب. سرهنگ لشگری با یک گردان و یک اسواران [و] دو ارابه در

ارتفاعات سگار. یک گردان پیاده یک‌دسته آتشبار /۷۵، دو ارابه در سیه‌چشمه. یک گردان پیاده، دو ارابه جنگی یک‌دسته آتشبار /۷۵ در خط ساری اوجاق و کشمش‌تپه. یک گردان در ارتفاعات سنگر. یک گردان و یک‌دسته آتشبار /۷۵ کوهستانی در خندور، دو گردان پیاده و یک آتشبار /۷۵. یک اسواران. سه ارابه جنگی با سرهنگ سردادور در شوت.

با این تصمیم تدبیر فرماندهی با اتخاذ این آرایش این بود چنانچه قبل از عبور از خط نامبرده بالا تماس حاصل شد آن‌ها را سرکوبی و در غیر اینصورت آن‌ها را در ناحیه کره‌لر محاصره نمایند.

به واسطه دوری منطقه عملیات از رضائیه ستاد عملیاتی که از تاریخ /۱۶ در ماکو تشکیل و احکام و دستورات را مستقیماً به واحدهای نیرو ابلاغ و جریان عملیات را مستقیماً به ستاد ارتش گزارش می‌نمایند.

**رییس ستاد لشگر ۴ آذربایجان ــ سرهنگ ستاد فیوضی**

## پاشبـەندی ١٨

وزارت جنگ
اداره دفتر ... [illegible]
دائره ______
شماره ۴۴۰۲۰-۱۳۰۳ [illegible]

تاریخ ... [illegible] ۱۳۲۶
پیوست ______

تیمسار سپهبد شاه بختی

حسب الامر شاهانه ابلاغ میشود بطوریکه استحضار دارند در تاریخ ۲/۶ بارزانیها بخاک ایران وارد و با مذاکراتی در نقده لشکر۴ برای تعقیب و سرکوبی آنها فقط لشکر توانست در تاریخ ۲/۱۹ با آن اشرار تماس حاصل نماید درصورتیکه مدت ه توقف لشکر برای تعقیب آن عناصر ده برابر مدت اشرار بوده و همه قسم وسائل اتومبیل وغیره در اختیار لشکر بوده درصورتیکه بارزانیها عموما پیاده و فاقد وسیله راه‌پیمائی صحیح بوده اند و حتی اعلیحضرت همایون شاهنشاهی پس از استحضار از جریانات اوامر مبارک صادر فرموده اند که بایستی در ظرف ۴۸ ساعت پایان کار خاتمه داده شود آنهم بهیچوجه صورت عمل بخود نگرفته تا آنکه در تاریخ ۲/۱۹ با اشرار در حوالی [illegible] مصادف و در نتیجه عملیاتیکه لشکر گزارش میدهد ۱ نفر تلفات و ۲۰ نفر زخمی داده شده و بارزانیها هم موفق شده اند با وجود این جریان باز بطرف شمال بروند چون این موضوع از هر لحاظ مهم و قابل توجه است لذا حسب الامر شاهانه مقرر است کمیسیونی تحت ریاست تیمسار [illegible] :

سرلشکر خسروانی — سرتیپ گیلانی — سرتیپ وثوق

در محل تشکیل و دقیقا بکلیه جریانات رسیدگی کرده تعیین شود :

۱) چرا لشکر [illegible] اقدام ننموده ؟
۲) چرا ستونها با وسائلی که در اختیار داشته اند موفق [illegible] نشده اند ؟
۳) قصور در این عملیات مربوط به که بوده ؟
۴) علت عملیات [illegible] بوده و قصور از طرف که بوده ؟

بطوریکه بایستی رسیدگی نموده صریحا تعیین شود قصور در این عملیات از طرف که شده چه این پیش آمد به حیثیت و نظام ارتش در نظر همسایگان و حتی جلوی عشایر [illegible] واحدهای ارتش را کاملا لکه دار نموده است. نتیجه را زودتر اعلام فرمائید که ازشرف عرض پیشگاه ملوکانه بگذرد. —

رئیس ستاد ارتش — سرلشکر رزم آرا

## پاشبەندی ١٩

بروسکەی مستەفا بارزانی بۆ عەبدولکەریم قاسم

پایە بەرز و خۆشەویست زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم قارەمانی شۆڕشە پیرۆزەکەی عێراق

بە ناوی برایانی کوردی کۆچێنراوم لە حکوومەتە سۆشیالیستەکاندا، سڵاوتان لێ دەکەم و پیرۆزبایی شۆڕشی گەلی عێراقی تێکۆشەر دەکەم، کە ئێوە و هاوڕێ قارەمانەکانتان بردتان بە ڕێوە. ئیمپریالیزمی نەفرەتی و پاشایەتیی پیستان لەناوبرد و گەلی عێراقتان بە کورد و عەرەبەوە لە زوڵم و ژێردەستی ڕزگار کرد. بەم کردەوەیەتان لاپەڕەیەکی نەمرتان لە مێژووی گەلی عێراق بە تایبەتی و مێژووی ڕزگاریی دنیادا بە گشتی تۆمار کرد.

بە جاڕدانی کۆماری عێراق، ئامانجێکتان پێکا کە گەلی عێراقی قارەمان لە شۆڕشە بەناوبانگەکەی ١٩٢٠وە بۆی تێ کۆشاوە و ئەم سەرکەوتنە بە دەستی ئێوە هاتە دی. کوردە ئازادەکانی عێراق شان بە شان لەگەڵ برا عەرەبە تێکۆشەرەکانیاندا بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە تێ کۆشاون.

شۆڕشەکانی بارزان پارچەیەکن لە زنجیرە خەباتی گەلی عێراق دژی ئیمپریالیزم و شایەتیی پیس لە نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا. لە ئاکامی ئەم خەباتە سەخت و درێژەدا، لە ڕۆژانێکدا ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەماندا بەهۆی کلک و بەکرێگیراوە ناپاکەکانەوە فەرمانڕەوا بوو، ناچار کراین نیشتمان بەجێ بهێڵین و لە دەرەوە لە خاکی دەوڵەتە سۆشیالیستە ئازادەکاندا درێژە بە تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و کلکەکانی بدەین. ئێمە بڕوای پتەومان هەیە، کە ئیمپریالیزم و کلکەکانی هەر دەبێ ببەزن و لە نیشتمانمان دەربکرێن وەکو لە وڵاتی برا عەرەبەکانمان میسر و سووریا و یەمەن و ئەوانی تر دەرکران و هەڵاتن.

ڕۆژی ١٤ی تەمووز بەرەبەیانێکی ئاوات و تاسەمانی هێنایە دی بۆ هاتنەوە نیشتمانی خۆشەویست و پارێزگاری لە کۆمارە ساوایەکەماندا، سەرمان لە باڵوێزگەی کۆماری عەرەبیی یەکگرتووی برا دا لە کۆمارەکانی ڕۆمانیای گەلی و چیکۆسلۆڤاکیای گەلی لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕابوونی شۆڕشدا تا پاسەپۆرتمان بدرێتێ بۆ گەڕانەوەی نیشتمان. بەڵام تا ئێستا وەڵاممان وەرنەگرتووەتەوە.

بەم داوایەمان ڕوو لە بەڕێزتان دەنێین و تکایە یارمەتیمان بدەن بۆ گەڕانەوە نیشتمانی خۆشەویست و هاوبەشبوونمان لە خزمەتی کۆمارەکەمان وێڕای هاونیشتمانە دڵسۆزەکان.

لە کۆتاییدا، لە خوا دەپاڕێمەوە سەرکەوتوو بن لە پاککردنەوەی وڵات لە کلکەکانی ئیمپریالیزم بە تەواوی و چاککردنەوەی ئەوانەی سەردەمی دوابڕاو لە گەلی عێراقی تێک دابوو، وڵات بەرەو بەرزی و شارستانیەتی ببەن. بۆ خۆتانی بەڕێز و هاوکارە قارەمانەکانتان داخوازی لەشساغی و خۆشیم.

بژی کۆماری عێراقی نەمر. بژی سەرکردەکانی شۆڕشی عێراقی پیرۆز قارەمانان زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم و هاوکارە ئازادەکانی.

بژی برایەتیی کورد و عەرەب لە ژێر سێبەری یەکەتیی عێراقدا.

تکایە ئاگەدار بن من ئێستا لە کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا لە شاری (لیدز)م لەگەڵ هاوکاران میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی[١٨].

ئیمزا

براتان و خزمەتکاری گەلی عێراق

مستەفا بارزانی

پراگ لە ١٩٥٨/٨/٢٩

## پاشبەندی ٢٠

بروسکەی عەبدولکەریم قاسم بۆ مستەفا بارزانی

بە شادییەوە برووسکەی ئێوەمان وەرگرت، ئێمە هەموومان بەخێرهاتنی گەڕانەوەتان دەکەین بۆ عێراقی خۆشەویست. هەموو پێویستییەکمان بەجێ هێناوە بۆ دەرچوونی بووردنتان و ئاسانکردنی گەڕانەوەی خۆتان و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی و ئەو هاونیشتمانییانەی لەگەڵتاندان، سەر لە باڵوێزگەی عەرەبیی یەکگرتوو بدەن لە پراگ -چیکۆسلۆڤاکیا- بۆ سازکردنی گەڕانەوەتان[١٩].

زەعیم روکن
عەبدولکەریم قاسم
سەرۆکی وەزیران
١٩٥٨/٩/٢

## پاشبەندی ٢١

دووەم بروسکەی مستەفا بارزانی بۆ عەبدولکەریم قاسم

بەڕێز سەرکردەی مەزنی گەل زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم

بە ناوی خۆم و بە ناوی هەموو برا کوردە تێکۆشەرەکانەوە، دیسان پیرۆزباییتان لێ دەکەم و پیرۆزبایی لە گەلی عێراق دەکەم بە کورد و عەرەب، بۆ ئەم شۆڕشە. ئەو شۆڕشەی ڕێگەی بۆ گەل کردەوە، کە بەسەر شەقامی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتیدا هەنگاو بنێ.

من و هاوکارەکانم بە ناوی گەلی کوردەوە پەیمانتان دەدەینێ، کە درێژە بە خەبات بدەین بۆ پشتگریی ئەم کۆمارە و پاراستنی بە هاوخەباتی لەگەڵ برا عەرەبەکانی خۆماندا، دژی هەموو هەڵپەیەکی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانی.

من خۆم و هاوکارەکانم بە سەرباز دادەنێم، لە ریزی پێشەوەی تێکۆشەران بۆ پاراستنی کۆمارە ساوایەکەی خۆمان، کۆماری کورد و عەرەب لە ژێر سەرکردایەتیی ئێوەدا.

ئەی زەعیمی بەڕێزی گەل، ئەم دەرفەتە بە هەل دەزانم تا پاکترین سوپاسی خۆم و سوپاسی هاوکارە کۆچێنراوەکانم لە وڵاتە سۆشیالیستەکان بە ئێوە پێشکێش بکەم، کە ڕێگە دراین بگەڕێینەوە بۆ نیشتمانی خۆشەویستمان تا بەشدار بین لە شەرەفی پاراستنی کێشەی گەورەی گەل، کێشەی پاراستنی کۆمار و پێشخستنی.

بژی فەرماندەی ڕزگارکەر عەبدولکەریم قاسم

بژی برایەتیی کورد و عەرەب هەتا هەتایە

بژی کۆماری عێراق کۆماری کورد و عەرەب

مستەفا بارزانی

١٩٥٨/٩/١٠

## پاشبەندی ٢٢

وتاری مستەفا بارزانی لە باخچەی هۆتێل سەمیر ئەمیس لە بەغدا

ڕۆڵە هاونیشتمانییەکانی خۆشەویستم


ئێوە ئاگەدارن کە من و هاوڕێیەکانم ناچار کراین خاکی نیشتمان بەجێ بێڵین لەبەر خەباتی چەکدارانەمان دژی تاخمی فەرمانڕەوایی ڕزیوی سەردەمی دوابڕاو و ئاغا ئیمپریالیزمەکانی ئەوان. بە درێژایی ئەم دوازدە ساڵەی لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و کلکەکانی بەسەرمان برد، ئاواتی ئێمە پێکهاتنی ئەو ئامانجە بوو، کە گەلی عێراق بۆ سەربەخۆیی و ئاشتی دوای کەوتووە.

ئێمە هەر لەگەڵ بیستنی هەواڵەکانی شۆڕشی پیرۆزی عێراق لە یەکەم ڕۆژیدا ویستمان بگەڕێینەوە تا شەرەفی بەشداریی پاراستنی کۆمار بە ئێمە پێ ببڕێ. من لە کاتێکدا سوپاسی پیاوانی شۆڕش دەکەم، کە ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخساندم، لە بەردەمی گەلدا بەڵێنتان دەدەمێ، خۆم و هاوکارەکانم لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەران بین بۆ دەستوەکەری لە کۆماری ساوامان و بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی هەموومان بە کورد و عەرەبەوە یەک ڕیز لە ژێر ڕابەرایەتیی ڕۆڵەی گەل زەعیم عەبدولکەریم قاسمدا ڕاوەستین.

بژی کۆماری عێراق.

بژی برایەتیی کورد و عەرەب[٢٠].

# پاشبەندی ٢٣



بۆ برایێ عەزیز و خۆشەویستم عبدالرحمن علی حسین بناڤی بەڕێز زۆر محترم

السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

عەزیزی مەکتوبا تە بێ تاریخێ ڕەوانەکری ٢-٥-١٩٧٧ من وەرگرت وزۆر پێ کەیفخۆش بوو

چونکو من زانی هون هەمی د ساغو سەلامەتن الحمد لله شوکر بو خودێ مەزن

و چاڤێت هەوەنگو هەمویان بیک بە بیک ماچ دەکەم و سەلامو احترام بو هەمویان

تقدیم دەکەم و من سەلامەتیت هەوەنگو لوان کرین اومێت لدل من و بو مسئلا ما تنا هەوەنگو

پەیدابیت من ئیکا ڤی لازم ناکەت و هەرچی چاک لازمبو دێ خەبەرێ دەمە تە

إنشاء الله و أملا مە بخودێ اوە دێ نە بە نەو ڕحمێ کەت بو مە هەمیان پێکبینت و باذنا

الله دێ پێکدو ببینینە زو والعلم عند الله (ولا حول ولا قوة إلا بالله العلی العظیم)

(ومن یتوکل علی الله فهو حسبه نعم المولی ونعم النصیر) برایێ خوشی لجیاتی مە سەلامان

لی هەمی برادەران بکەت و احترام بو هەمویان تقدیم دەکەم

الخادم برایێ هەوەنگو مصطفی بارزانی

ومنیش زۆر زۆر سلاموا احترام

بو ملا حمزە و ملا حسین و ملا محمدی پێندرۆی

تقدیم دەکەم و ئەحوالی اوان سوآل

دەکەم و یا رب خودێ هاروکار

هەمویان بی و رحمێ خو کرچی بکت بو مە هەمیان

الحمدلله ئەز ئیکا ڤی نوری باشم و باشیا هەوەنگو هەمویان ژ خودێ دخوازم

و ئەز هنگ دێ ب حفظا خودێ دابن ژ دنیادا آمین یارب العالمین.

١٩٧٧-٧-٣



شێخ ئەحمەدی بارزان



شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا



مەلا مستەفا لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، ١٩٤٦/٢/١١،
مەلا حوسێن مجدی لە باسکی چەپی مەلا مستەفا ڕاوەستاوە.



پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان ١٩٤٦




پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان دا
١٩٤٦



ژەنەڕال مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان دا
١٩٤٦



بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا: سەلیم ئەسعەد خۆشەوی لە باسکی ڕاست و
ئەحمەد تۆفیق لە باسکی چەپ.
یاسین مەلا شاکر و سلێمان عارس بێدارونی
لە پشت سەری ئەحمەد تۆفیق.



جەلال تاڵەبانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لە شاخ



ئیدریس بارزانیی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لە شاخ



مەسعود بارزانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لە شاخ



سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان



مەسعود بارزانی سەرۆک کوردستان
کاتی گواستنەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکانی ڕژێمی بەعس



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتی بەڕێکردنی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکانی ڕژێمی بەعس

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.
٢- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.
٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.
٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.
٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.
٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زارەوەی کرمانجی سەروو
٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.
٩- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.
١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.
١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.
١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.
١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.
١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢ – ١٩٤٦/١٢/١٧. وەرگێرانی بە زمانی فارسی
١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.
١٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.
١٧- کورد لە سوید.

## ئەو بەرهەمانەی کە نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس.
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧- بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.